

# خەتی بزماری

هەواڵنامەی کتێب

ENDÊŞE
ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
http://www.endeshe.net
andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com
http://www.facebook.com/Andeshalib
07501026400

هەواڵنامەی کتێب



# خەتی بزماری

قادر عەبدوڵلا

وەرگێڕانی شەفیقی حاجی خدر

هەواڵنامەی کتێب

**زنجیرەکتێبی فیکر و ئەدەب**

**سەرپەرشتیاری زنجیرە**

**سیروان مەحمود**

ناوی کتێب: خەتی بزماری
ناوی نووسەر: قادر عەبدوڵلا
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: شەفیقی حاجی خدر
بابەت: ڕۆمان
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٧
چاپخانە: ئەندێشە
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٠٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (....)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆك

## کتێبی ١

ئەنـوا.................................................................١٧
ئەشـکەوت..........................................................٢٠
قیتارەکـە...............................................................٥١
ژن..........................................................................٧٦
چاڵەکـە...............................................................١٠٠
ئیسـفەهان.........................................................١٢٠
دیسان ژنێک........................................................١٤٤

## کتێبی ٢

## زەمینەیەکی نوێ

زەمینەیەکی نوێ...............................................١٦٣
بارکردن...............................................................١٧٣
ژنێک بە شەپقەیەکەوە...................................١٨٩
موسـەدەق.........................................................٢٠٦
تووتـی...............................................................٢١٧
زەنگۆڵـە.............................................................٢٣٧
لەسـەر پێی خۆ وەستان...................................٢٥٦

هەواڵنامەی کتێب

سێبەرە قورسەکان........................................٢٧١
گردەکانی هۆڵەندا........................................٢٩٠
جەمیلە...................................................٣١٠
مەهدی...................................................٣٢٦
ئەکبەر چیدی نەیدەویست کەڕولاڵ بێ............٣٣٤
ئەو ڕۆژانەی خێرا تێپەڕین...............................٣٤٢
دەماوەند.................................................٣٥٩
کۆتاییی ڕێگاکە..........................................٣٨٣
دارێکی کریسمس لە ڕۆژژمێری ئەکبەردا.........٤٠٣

## کتێبی ٣

## ئەنوا

ڕێگایەکی نوێ.............................................٤٢٧
شوێنپێ...................................................٤٦٣
نووسینی بزماری - ڕۆژژمێری ئاغا ئەکبەر..٤٧٧

هەواڵنامەی کتێب

# چەند دێڕێکی وەرگێڕ

ناوی ڕاستەقینەی ڕۆماننووس حسێن سجادی قائم مقامی فراهانییە و ناوی خوازراوی نووسینیشی قادر عەبدوڵڵایە.

قادر عەبدوڵڵا لە ١٩٥٤/١٢/١٢ لە ئەراک، لە ئێران لەدایک بووە. نووسەر لە خانەوادەیەکی دیندار گەورە بووە. باوکی کابرایەکی کەڕوولاڵ بووە، وەستایەکی مافوورچن بووە. هەر ئەم کەمئەندامییەی باوکی کاری کردۆتە سەر تافی لاوێتیی ئەو، بە شێوەیەک ساڵانێکی ناخۆشی هەبووە. لە ١٩٧٧یشدا خوێندنی سروشتناسی لە زانکۆی تاران تەواو دەکا.

هەر لەو ڕۆژگارەوە دەچێتە ڕیزی گرووپێکی چەپ بە ناوی چریکهای فیدائی خلق و دژی ڕژێمی شا دەوەستێتەوە، دوای ڕووخانی ڕژێم و هاتنی شۆڕشی ئیسلامیش هەر دەبێتە چالاکوانێکی بەرهەڵستکار.

نووسەر هەر لە سەردەمی زانستگەوە نووسینی سیاسییانە بە قاچاخ بڵاو دەکاتەوە، نووسینەکانی لەدۆخی ژێرزەمینیدا ڕەواج پەیدا دەکەن.

یەکەمین داستانی خۆی بە کورد دەست پێ دەکا، بە ناوی *کردها* چە میگویند؟ بڵاو دەکاتەوە. ئیدی لە بڵاوکردنەوەی


هەواڵنامەی کتێب

کتێبەکەی، پرس و چیرۆکی ناوگۆڕینەکەشی دێتە گۆڕێ.

نووسەر وەک لە زۆر چاوپێکەوتنەکانیدا ڕوونی کردۆتەوە، دوو هاوبیری چەپی کوردی دەبن، یەکێکیان بە ناوی قادر لە ڕشتەی پزیشکی و ئەوی دیکەش بە ناوی عەبدولڵا کە ئەندازیاری تەلارسازی لە تاران دەخوێنن. لەبەر بیروباوەڕ و چالاکییەکان، یەکێ لە برادەرەکانی بە دەستی ڕژێمی شا و ئەوی دیکەش بە دەستی ڕژێمی ئایەتوڵلا لەسێدارە دەدرێن. کاتێکیش کتێبەکەی دەنووسێ، هیچ وەشانخانەیەک ئامادە نییە بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی بڵاو بکاتەوە. بۆیە دەبێ ناوێکی خوازراو دابنێ، ئەویش سڵی لێ ناکاتەوە، ناوی یەکەمی هەردوو برادەرەکانی دەکاتە ناو و پاشناوی خۆی، ئیدی لەو کاتەوە واتە لە کاتی لەچاپدانی کتێبەکەی لە ١٩٨٠ەوە ناوی دەبێتە قادر عەبدولڵا.

قادر عەبدولڵا بەناچاری لەبەر کاری سیاسی وڵات جێ دێڵێ و لە ١٩٨٨ لە هۆڵەندا دەگیرسێتەوە. لەوێش ماندوونەناسانە خۆی خەریکی زمانی هۆڵەندی دەکا، تا دەتوانێ نەوەک هەر بڕی پێ بشکێنێ، بەڵکو پێشی بنووسێ، لەدواییشدا شاکاری نایابی وەک ڕۆمانی *خانووەکەی مزگەوتێیی* پێ بنووسێ، کە لە ٢٠٠٧ەوە بە یەکێ لە دەیەمین ڕۆمانە هەرە باشەکانی هۆڵەندا داندراوە.

قادر عەبدولڵا تا ئێستا بیست کتێبی بە زمانی هۆڵەندی نووسیون. کتێبەکانیشی چیرۆک، ڕۆمان و لێکۆڵینەوەی سیاسی بوون. ئەو لە زمان ئەوەندە تواناداری دەبێ، قورئانیش وەر دەگێڕێتە سەر زمانی هۆڵەندی.

لە ڕێگەی کتێبەکانی تا ئێستا لە هۆڵەندا و ئەوروپادا

هەواڵنامەی کتێب

یـازدە جـار پاداشـت کـراوە.

کتێبەکانی قـادر عەبدولـڵا بـە بیسـتوحەوت زمانـی زینـدووی جیهـان وەر گێـڕدراون لەوانـە؛ ئینگلیـزی، ئەڵمانـی، سـوئێدی، فەرەنسی، دانیمارکی، چینی، عیبری، عەرەبی، یۆنانی، تورکی... وا منیش لێرە بەکوردی دەیخەمـە بەردەسـتی خوێنـەری کـورد، هیـوادارم کەلێنـی خـۆی لەسـەر ڕەفـەی ڕۆمـان لـە کتێبخانـەی کوردیدا بگرێ.

نووسـەر ئـەم ڕۆمانـەی لـە سـاڵی ٢٠٠٠دا بـڵاو کردۆتـەوە، ڕۆمانێکـە کـە پاشـخانێکی ژیاننامـە و یادەوریـی خۆشـی تێـدا ڕەنگ دەداتـەوە، هـەر بۆیەشـە لـەو نامەیـەی بۆ منی نـاردووە، بـە کتێبـە خۆشەویسـتەکەی نـاوی دەهێنێ.

ئـەوەی لەبـارەی ئـەم ڕۆمانـەوە بـاس بکـرێ، قاییلنامـەی خـودی نووسـەرەکەیە. لـە ڕاسـتیدا لـە کاتـی وەرگێڕانـی *خانووەکەی مزگەوتـ*ـیـدا هەوڵێکی زۆرم دا، بـەڵام دەسـتم پێـی نەگەیشـت، دواتـر دوای چاپبـوون، بـە سـوپاس و پێزانینـەوە لـە ڕێـی کاک عەلـی کەریمییـەوە توانیـم پەیوەندیـی پێـوە بکـەم و نامـە لەگـەڵ یەکـدا ئاڵوگـۆڕ بکەیـن.

لەنامەی یەکەمیدا ئەمەی خوارەوەی نووسیوە:

*ئازیزم شەفیق،*

*بە وەرگێڕانەکەت دڵخۆشم.*

*شادمانیشـم بـەوەی خانووەکـەی مزگەوتـێ بەکـوردی دەخوێندرێتـەوە.*

*ئاخر باپیرە و باپیرە هـەرە گەورەکانـی هـەردوو کچەکانـم خەڵکـی کوردستانن.*



هەواڵنامەی کتێب

*هەر بۆیەشە کچەکانم وەک ژنە کورد جوانن.*

*زۆر باشە، دەکرێ خەتی بزمارییش وەر بگێڕی. ئەمەیان کتێبە خۆشەویستەکەمە، هەموو دەڵێن کەوا کتێبە هەرە باشەکەمە.*

*من هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.*

*منیش وەرگێڕانەکانت (هەر کاتێک دەستم کەوتن)، دەیخەمە ڕیزی کتێبەکانی کتێبخانەکەم.*

*وەسەلام*

کاتێکیش وەرگێڕانی *خانووەکەی مزگەوتێم* بۆ نارد، لە وەڵامدا وێڕای سوپاس بە شتێکی جوانی وەسف کرد و وێنەکەشی لە تویتەرەکەی خۆی دانا.

هەرچی نامەی دووەمیشی بوو، وەڵامی پرسێکی من بوو، ئاخۆ کامە ناوونیشانی دابنێم، چونکە کاتێ کراوەتە ئینگلیزی ناوونیشانەکەی گۆڕاوە، بۆیە تێبینییەکم بۆ نووسی، لە وەڵامدا سەبارەت بە ناوونیشانەکە سێ بژاردەی خستە بەردەستم:

**یەکەمیان**: ناوەکە هەر وەک خۆی، واتە وەک دەقە هۆڵەندییەکە بمێنێتەوە.

**دووەمیان**: یان وەک وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی لێ بکرێ و ببێتە *ڕۆژژمێری باوکم.*

**سێهەمیشیان**: دەکرێ ببێتە *ڕۆژژمێری ئاغا ئەکبەر* کە شاکەسی نێو ڕۆمانەکەیە.

منیش لە دواجاردا هەر ناوونیشانی یەکەمم دانایەوە.

ئەوەی لە ڕۆمانەکانی قادر عەبدوللا بڕوانێ، دەبینێ



هەواڵنامەی کتێب

مێژووی وڵاتەکەی زۆر بەباشی خستۆتە خزمەتی چیرۆک و ڕۆمانەکانی. هەر بۆ نموونە ئەگەر بە زنجیرە پێیدا بچین، ڕۆمانی *پاشایەکە* باس لە شا نەسرەدین، دواهەمین شای قاجار دەکا، *خەتی بزماری* باس لە سەردەمی ڕەزا شا و کوڕەکەی و خومەینی دەکا، *خانووەکەی مزگەوتێ* باسی کۆتاییی سەردەمی شا و هاتنی ڕژێمی مەلاکان دەکا.

بەڵام ئەوەی ئەم ڕۆمانەی لە ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، تەکنیکە ئاسانەکەیەتی کە لە هەمان کاتیشدا چڕوپڕە. خۆیشی هەر لە سەرەتای بەندی یەکەم ئەو پرسە دێنێتە زمان. ڕووداوە پڕەکانی نێو ڕۆمانەکە بە شێوەیەک لەیەک گرێ دراون، خوێنەر وا لێ دەکا تا کۆتایی بەدوایاندا بچێ و سەرەداوی گرێیەکانی ڕۆمانەکە هەڵبوێژنێتەوە.

وەک ڕایەکی خاکەڕایانەی خۆم، پێم وایە بەدەر لە چێژ و سوودی مێژووی ئەم ڕۆمانە، بۆ ڕۆماننووس و چیرۆکنووس، یادداشتنووسەکان زۆر بایەخدارە، چونکە بە شێوازێکی نایاب ئاشنایان دەکا.

هەق وایە ئاماژەش بەوە بدرێ بەدەر لەو دوو ڕۆمانە، برای وەرگێڕ، سەلاحەدین بایەزیدیش ڕۆمانێکی دیکەی بە ناوی *سەفەری بوتڵە بەتاڵەکان* لە زمانی فەرەنسییەوە کردۆتە کوردی.

بەر لە کۆتاییی ئەم چەند دێڕانەش، دەبێ پێ لەوە بنێم کە کارێکی وا، وەک هەمیشەش لە وەرگێڕانەکانی دیکەدا ڕووبەڕووم بۆتەوە، کارێک نەبووە تەنیا و تەنیا هونەرەکەی بۆ خۆم گەڕابێتەوە، بەڵکو چەند برادەرێکی خۆشەویست لەپاڵ مندا، گەر لە من زیاتریش نەبێ، بەقەد من پێوەی


هەواڵنامەی کتێب

ماندوو بوون، بۆیە پێویستە بە سوپاسەوە ناویان بێنم.

لە سەرەتاوە دەبێ سوپاس و پێزانینم بۆ برای خۆشەویستم، کاک جەلال سۆفی، کە لە هۆڵەنداوە، کۆمەڵە کتێبێکی بەدیاری بۆ ناردم، لەوانە ئەم کتێبەی بەردەستم بوو.

وەک هەر وەرگێڕانێکی دیکە، من کێشەم لەگەڵ دەستخەتەکەم هەیە، بۆیە زەحمەتە یەکێکی دیکە بتوانێ بەئاسانی دەستخەتە ناخۆشەکەم بخوێنێتەوە، کەواتە بەناچاری هەر دەبێ خۆم تایپی بکەم، ئیدی لێرەشدا کۆمەڵێ هەڵەی گەورە و بچووکی تێ دەکەوێ، هەرچەند جارێکیش بەسەریدا بچمەوە، هەندێ هەڵە هەن، چاوم لە ئاستیاندا هەر نابینایانە بەسەریاندا گوزەر دەکا. بۆیە ئەرکی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، دواتر شێوەی زمان، ڕێزمان و ڕێنووس لە ڕێی ئەم برادەرانەی خوارەوە وەک ئێستای لێ هات.

ئەدیب و چیرۆکنووسی ئازیز کاک سابیر ڕەشید هەر لە سەرەتاوە ئەرکی پێداچوونەوە و هەڵەچنی گرتە ئەستۆ. لەبارەی ڕێنووسیشەوە کۆمەڵێ تێبینیی گرنگی پێشکەش کردم.

پاشان کاک لوقمان شلانی وەک هەمیشە بەسەلیقە خوێنەرێکی وردبین، بژارێکی باشی هەڵەی تایپ و دەستنیشانکردنی ئەو وشانەی کە پێویست بوو لە پەراوێز یان لەوشەدان لێک بدرێنەوە.

هەروەها مامۆستا محمد نەبی، چ وەک مامۆستایەکی زمانی کوردی، چ وەک خوێنەرێکی ورد، لەبارەی هەڵەی چاپ، ڕێنووس و هەندێ لایەنی ڕێزمانی، کۆمەکێکی زۆری



هەواڵنامەی کتێب

کـردم و سـەرنجەکانی مایـەی دەوڵەمەندکردنـی وەرگێڕانەکـە بـوون.

لـە کۆتاییشـدا هـەر دەبـێ سـوپاس و پێزانینـم بـۆ کنێـر جەمیلـی هاوسـەر و کاکـە ڕای جگەرگۆشـەکەم بکـەم، چونکـە ئەگـەر ئـەوان لـە دەرفەتپێـدان کۆمەکیـان نەکردبام، بـەو ماوەیـە بـۆم دەر نەدەچـوو.

هەروەهـا لـە کێشـەی ڕێنـووس و هەڵـە و شـێوازی سـتانداردی خۆیـان، هاوڕێیانـی ئەندێشـە بـە ڕۆمانەکـەوە زۆر هیـلاک بـوون.

ئیدی بە هـەوڵ و هیمەتـی ئـەو ئازیزانـە، ئـەم وەرگێڕانـە بەم شـێوە دەکەوێتـە بەردەسـتتان، هیـوادارم لای ئێـوەی بەڕێزیـش جێـی خـۆی بگـرێ.

**ش. ح. خ**

**هەولێر، ٢١-٠٢-٢٠١٧**



هەواڵنامەی کتێب

# کتێبی ١

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ئەنوا

***ئیدی کاروبار بەم جۆرە ڕۆیشت، پیاوەکانی ئەشکەوت لە کۆتاییدا پەنایان بۆ بن ئەنواکە برد. ئەوان گوتیان، "خوایە ڕەحممان پێ بکە."***

***لەو ئەشکەوتەدا ئێمە چاو و گوێی ئەوانمان بۆ چەندین ساڵ داپۆشی.***

***کاتێکیش ڕۆژ هەڵدەهات، پیاوەکان ڕۆژیان وا دەبینی کە لەلای دەستەڕاستی ئەشکەوتەکەوە هەڵدێ.***

***هەر کاتێکیش ڕۆژ ئاوا دەبوو، پیاوەکان ڕۆژەکەیان دەبینی، کە لەلای دەستەچەپی ئەشکەوتەکەوە ئاوا دەبێ.***

***لەوێ لەو نێوانەدا ئەوان خۆیان بینیەوە.***

***ئەوان پێیان وا بوو بێدارن، کەچی نوستبوون.***

***ئێمەش ئەوانمان بەسەر لای چەپ و ڕاستەوە وەر دەگێڕا (...)***

***هەندێک دەڵێن، "ئەوان سێ کەس بوون و چوارەمیشیان ئێشکی لێ دەگرتن."***

***ئەوانی دیکە دەڵێن، "ئەوان پێنج کەس بوون، شەشەمەکەیان ئێشکگریان بوو." خەملاندنێک لە کوێرەڕێدا.***



هەواڵنامەی کتێب

***هەشـن دەڵێـن، "ئـەوان حەفت کـەس بـوون." کـەس نەیدەناسـین.***

***ئێمـە ئەوانمـان بەئـاگا هێنایـەوە، بـۆ ئـەوەی لەنێـو خۆیانـدا لەیـەک بپرسـن.***

***یەکێـک لـەوان پرسـی، "ئێمـە لێـرە ڕۆژێـک یـان نیوەڕۆژێـک ماوینەتـەوە."***

***ئەوانـی دیکـەش گوتیـان، "هـەر خـوا دەزانـێ ئاخـۆ چەنـد لێـرە ماوینەتـەوە. (وا باشـترە) یەکێـک لـە ئێمـە بـە دراوی زیوینـەوە بچێتـە شـار."***

***"دەبـێ وریـا بیـن، خـۆ ئەگـەر ئـەوان بۆیـان دەر بکـەوێ، کـە ئێمـە کێیـن، بەردبارانمـان دەکـەن."***

***دوای گفتوگۆکـردن، یەملیخـا[1] بـە خـۆی و مسـتە دراوێکـی زیویـن لـە ئەشـکەوتێ هاتـە دەر.***

***کاتێکیـش گەیشـتە شـارەکە، تێبینـی ئـەوەی کـرد، هەمـوو شـتێک گـۆڕاوە و زمانەکەشـیان نازانـێ.***

***ئاخـر ئـەوان سـێ سـەد سـاڵ لـە ئەشـکەوتەکە خەوتبـوون و بەخۆشـیان نەیاندەزانـی. پاشـان نـۆ سـاڵی دیکەشـیان هاتـە سـەر.***

ئەمـە قسـەی خـوا بـوو، چیرۆکـی خـوا بـوو. ئەنـوا چیرۆکێکـی نێـو کتێبـە پیرۆزەکـەی ماڵـی ئاغـا ئەکبـەرە.

ئێمـە بـە قسـەکانی ئـەو دەسـتمان پـێ کـرد. ئەمـەش بـەر لـەوەی هەوڵـی شـیکردنەوەی تێبینییـە نهێنییەکانـی ئاغـا ئەکبـەر بدەیـن.

---

1 Jemiliga

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە دوو کەسین چیرۆکەکە دەگێڕینەوە. ئیسماعیل و من. من گێڕەرەوەی هەمەشتزانم. ئیسماعیلیش کوڕی ئاغا ئەکبەرە، کە کەڕولاڵ بوو.

هەرچەندە من هەمەشتزانم، لێ بەداخەوە ناتوانم بەتەواوی ڕۆژژمێری ئەو بخوێنمەوە.

من هەر تەنها بەشێکی چیرۆکەکە دەگێڕمەوە، تا ئەو کاتەی ئیسماعیل گەورە دەبێ. باقییەکەی لێدەگەڕێم ئەو بیگێڕێتەوە. بەڵام لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە، چونکە ئیسماعیلش ناتوانێ دوایین بەشی ڕۆژژمێری باوکی لێک بداتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

# ئەشکەوت

لە ئەمستەردامەوە بە فڕۆکە پێنج سەعاتت پێدەچێ تا دەگەیتە تاران. لەوێشەوە چوار سەعات و نیوی دیکەت بە قیتار پێدەچێ تا دەگەیتە شاخە ئەفسووناوییەکانی شاری زەنجان، کە وەک نهێنییەکی هەرە دێرین سەریان هەڵهێناوە.

زەنجان بەخۆی شارێکی جوان نییە و مێژوویەکی واشی نییە.

لە پاییزاندا ڕەشەبا هەڵدەکا و شاخە پڕبەفرەکانیش دیکۆرێکی ئەبەدی دەنەخشێنن.

شارەکە هیچ تایبەتمەندییەکی نییە، هیچ بەرهەمیشی نییە. ڕووبارە کۆنینەکەی شیرپالا[1] وشکی کردووە، بە شێوەیەک منداڵان دەتوانن لەبنی گۆمەکانیدا وازیی خۆشی خۆیان بکەن. دایکەکانیش هەموو ڕۆژەکەی لەدیار ڕۆڵەکانیان دادەنیشن، نەبادا ببرێنە پەنا و پەسارێک.

تاکە شاعیرێک کە زۆر لەمێژە مردووە، شتێکی پڕواتای لەسەر زەنجان نووسیوە. شیعرەکەشی دەربارەی ئەو بایەیە،

1 Shirpala

هەواڵنامەی کتێب

کە لم لەگەڵ خۆی دێنێ و بە سەروچاوی دانیشتووانی شارەکەی دادەدا:

ئای لەو بایە، وای لەو بایە، ئاخ لەو لمەی نێو چاوانم
ئای دڵم، وای لە دڵم، هەتا نیوی پڕ بووە لە لم
ئاخ چەند لمی لەسەر لێوان بارە
لم لەنێو چاوانمە، ئای خوایە، خۆ لێوە سوورەکانی لەوێیە (....)

ئیدی شیعرەکە بەم جۆرە دەڕوا.

خۆ ئەگەر لە شوێنێک، لە خانوویەکی بازاڕە کۆنەکە ئێوارەیەکی شیعری ڕێک بخرێ، هەر پیرەپیاوەکان کۆ دەبنەوە، کە بەسەر شاخەکاندا هەڵدەڵێن، بەتایبەتیش شیعر بەسەر ئەشکەوتێکی زۆر دێرین هەڵدەڵێن، کە بۆ ڕۆژگاری ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.

جارێکیشیان لە زەنجاندا فیلمێک دەربارەی مەککە لێدرا، لەو فیلمەدا ئەنتۆنی کوین ڕۆڵی تێدا بینیبوو. ئەمەش خۆی ڕووداوێک بوو. هەزاران جووتیار بە ژن و پیاوەوە، کە فریان بەسەر سینەماوە نەبوو، لە شاخەکان بە سواری گوێدرێژەوە بەنێو شار وەر ببوون تا بە مەککە سەرسام بن.

بە سەدان گوێدرێژ لە مەیدانی بازاڕ ڕاگیرابوون. شارەوانیش نەیدەزانی چییان لێ بکا. سێ مانگی ڕەبەق دەرگاکانی سینەماکە بە ڕۆژ و شەو لەسەر گازەرای پشت بوون، لەو کاتەشدا کەرەکان لە پەنا پاردەکانی شارەوانی


هەواڵنامەی کتێب

کا و جۆیان دەخوارد.

هەرچەندە ئەم شارە لەنێو مێژووی نیشتماندا حیسابی بۆ نەدەکرا، لێ گوندەکانی نێو چیاکان گرنگ بوون، چونکە هەمیشە ئەو گوندە بچووکانە ناوی پیاوگەلێکیان دەهێنایە پێشەوە کە چوونە نێو مێژووەوە. لەنێویاندا شاعیرێکی نازدار هەبوو، ئەویش قایمقامی فەراهانی بوو، ئەوەی هەمووان شیعرەکانی ئەویان لەبەر بوو.

لە شیعرێکیدا دەڵێ:

خدایا! راست گویم فتنه از توست
ولی از ترس نتوانم چخیدن
لب و دندان ترکان ختا را
به این خوبی نباید آفریدن (...)

خودایا، ناوێرم بە دەنگێکی بەرز بڵێم،
بەڵام خۆ وایە، کە خۆت هۆکاری کێشەکانی
دەنا تۆ دەمودانی ژنەکانی خوتا[١]
ئەوەندە جوان دروست نەدەکرد.

لەو گوندانەدا ئەو کیژانە لەدایک دەبوون کە جوانترین مافووری ئێرانییان دەچنی. ئەو مافوورانەی دەتتوانی پێیانەوە بفڕی. ناودارترین مافووری فڕیو لەوێوە هاتووە.

ئاغا ئەکبەریش خەڵکی زەنجان نییە، بەڵکو لە یەکێ لەو

١ ژنەکانی خوتا، واتە ژنە جوانەکان، خوتا شوێنێکە لە باکووری چین، کە بە شۆخترین ژنی دنیا بەناوبانگە. (نووسەر)



هەواڵنامەی کتێب

گوندانە لەدایک بووە. ئەو لە گوندی جیریا لەدایک بووە. گوندێک لە بەهاراندا بە خونچەگوڵی داری بادەم دادەپۆشرێ و بە پاییزانیش بە خودی بادەم.

ئاغا ئەکبەر هەر لە زگماکەوە کەڕولاڵ بوو. خێزانەکەی، بەتایبەتی دایکی بە زمانێکی سادەی ئاماژە لەگەڵی دەدوا. زمانێک کە ئەوپەڕی هەر سەد نیشانەیەکی هەبوو. لە ڕاستیدا زمانێک بوو، تەنها لە ماڵەوە، لەنێو ئەندامانی خێزانەکەیدا و کەمێکیش لەنێو شاخەکان، لەنێو دراوسێکانیدا دەیخوارد. بەڵام هێزی ئەو زمانە بەتایبەتی لەنێوان دایکەکە و ئاغا ئەکبەردا بەباشی بەدەر دەکەوت، پاشانیش لەنێوان ئەکبەر و ئیسماعیلدا.

ئاغا ئەکبەر هیچی دەربارەی جیهانە گەورەکە نەدەزانی، تەنها هەندێ شتی کەم نەبێ. ئەوەی دەزانی، ڕۆژ هەڵدێ و گەرمی دەکاتەوە، بەڵام نەیدەزانی ڕۆژ تۆپەڵەئاگرێکی زۆر قەبەیە. نەشیدەزانی بەبێ ڕۆژ ژیان نابێ، هەروەها فرێشی بەسەر ئەوە نەبوو، کە ڕۆژێک دادێ، ڕۆژ هەر وەک چرایەکی نەوتی، کاتێ نەوتی لێ ببڕێ، خامۆش دەبێ و دەکوژێتەوە.

ئەو لەوە نەدەگەیشت، ئاخۆ بۆچی پیاو کە ئێستا گەنجە و خورتە، بەڵام دوایی بەرەبەرە پیر دەبێ. ئەو لەبارەی هێزی ڕەشی نەدەزانی، هیچی دەربارەی ئەرخەمیدیس گوێ لێ نەببوو. ئەو هەستی نەدەکرد کە زمانی فارسی ٣٢ پیتی هەن: ألف باء تاء ثاء جیم حاء خاء دال ذال راء زاء سین شین صاد ضاد طاء ظاء عین غین فاء قاف کاف لام میم نون هاء واو یاء. پێ هیی پارەسوت، خێ هیی خورما، تێ



هەواڵنامەی کتێب

هیی تەلەبی، عەین هیی عیشق...

جیهانی ئەو جیهانی ڕابردوو بوو، هیی ئەو ڕۆژانەی بەسەرچوو بوون، هیی ئەوەی کە فێر ببوو، ئەوەش لەبیری مابوو.

ئەو هەفتە و مانگ و ساڵی نەدەناسی. بۆ نموونە، کەی ئەو بۆ یەکەمین جار شتێکی سەیری لە ئاسمان بینی؟ کات بۆ ئەو هیچ واتایەکی نەبوو.

گوندەکەی ئاغا ئەکبەر دوورەدەست بوو. هیچ شتێکی وای لێ ڕوونەدرا. هیچ نیشانەیەکی جیهانی هاوچەرخی لێ نەدەبیندرا. نە پایسکیل هەبوو نە مەکینەی جلدروو.

ئاغا ئەکبەر منداڵ بوو لەگەڵ برا شوانەکەیدا مەڕیان لە لاپاڵی چیادا دەلەوەڕاند. جارێکیان لەپڕێک کسۆکەکەیان[1] بازی دایە سەر گاشەبەردێک و سەربەرەوژوور وەڕی.

ئەوەش یەکەمین جار بوو، فڕۆکەیەک بەسەر گوندەکەیاندا بفڕێ. لەوانەشە هەر یەکەمین فڕۆکە بێ لە ئاسمانی ئێراندا بینرابێ.

پاشان لەو جۆرە شتە زۆر جار بەسەر ئاسمانی گوندەکەدا دەبیندرا. ئینجا منداڵەکان بەهەڵەداوان دەچوونە سەربانەکان و بە کۆرس گۆرانییان دەگوت:

هۆ، ئەی مەلە ئاسنینە سەیرەکە
دەی دەوەرە خوار، وەرە جارێ دانیشە
لەوێ لەسەر دارە پیرەکەی مەیدانی گوندەکە هەڵنیشەوە.

---

١ کسۆک: سەگ.



هەواڵنامەی کتێب

”ئەوانە چ گۆرانییەک دەڵێن؟“ ئاغا ئەکبەر بە منداڵی وای لەدایکی دەپرسی.

”ئەوان داوا لە باڵندە ئاسنینەکە دەکەن، بەڵکو لەسەر دارەکان هەڵبنیشێتەوە.“

”ئاخر ئەمە نابێ.“

”بەڵێ، ئەوانیش دەزانن. بەڵام خەیاڵیان وا دەڕوا.“

”خەیاڵڕۆیشتن؟ ئەمە چییە؟“

”هەر بیرکردنەوەیەکی ئاساییە. ئەوان لە مێشکیاندا وا دەبینن، باڵندەکە لەسەر دارەکە بنیشێتەوە.“

کاتێکیش دایکی نەیدەزانی چۆن بۆی ڕوون بکاتەوە، ئەویش تێدەگەیی دەبێ واز بێنێ و چیدی پرسیار نەکا و ئەوەی هەیە وەک خۆی وەری بگرێ.

تەمەنی ئاغا ئەکبەر شەش-حەوت ساڵ بوو، کاتێک بینی دایکی بەدزییەوە لەپەنا دارێکەوە دەستی بۆ سوارێک ڕاوەشاند. پیاوێکی خانەدان، تفەنگێکی بە شانەوە بوو.

”ئەوەیان باوکتە.“

”ئەو؟“

”بەڵێ. ئەو باوکتە.“

”بەڵام ئەدی بۆچی ئەو نایەتەوەماڵێ؟“

دایکی بە ئاماژەی دەست تاجێکی لە سەری خۆی نا، سینگیشی هەندێ دەرپەڕاند و پێی گوت، ”ئەو دەسەڵاتدارە، پیاوێکی خانەدانە. زانایەکە. ئەو چەندین کتێبی هەن، خاوەن قەڵەمە. ئەو دەنووسێ.“


هەواڵنامەی کتێب

هاجەر، دایکی ئاغا ئەکبەر وەک کچێکی خزمەتکار لە قەڵای ئەو ئاغایەدا کاری دەکرد، پیاوەکە لەوێدا لەگەڵ ژن و یازدە منداڵەکانی دەژیا. بەڵام کە ئەو بینی هاجەر شتێکی جیاوازە، یەکسەر لەگەڵ خۆیدا بردیە قەڵاکەی چیای لالەزار[1]، کتێبەکان و ژووری لێخوێندنی لەوێ بوو.

هاجەر ئەو کەسە بوو ژووری کارکردنەکەی پاک دەکردەوە، کتێبەکانی دەسڕینەوە، مەرەکەبی نێو مەرەکبدانەکەی خاوێن دەکردەوە. نانی نیوەڕۆژی بۆ ئامادە دەکرد، مشووری تووتنەکەی بۆ دەخوارد. چاکەت و قاتەکەی بۆ دەشوشت و پێڵاوەکەشی بۆ دەسڕیەوە. کاتێکیش پیاوەکە لەماڵ دەر دەچوو، دەستی بۆ شەپقەکەی دەبرد و لغاوی ئەسپەکەی بۆ دەگرت، تا ئەو کاتەی خۆی هەڵدەدایە سەر زینەکەی.

"هاجەر!" ڕۆژێکیان کە لە ژووری کارکردنەکەی خۆی لەسەر مێزەکە خەریکی شتێک بوو دەینووسی، وای بانگی کچەکە کرد.

"بەڵی، خاوەن پایە؟"

"چایەکم بۆ بێنە و دەمەوێ قسەیەکت لەگەڵدا بکەم."

هاجەریش پیاڵە چای لەسەر مەجمەیەکی[2] زیوین بۆ هێنا. (ئەم مەجمەیە هێشتا هەر لە بەردەم زۆپا دارینەکەی ژنی ئاغا ئەکبەر دانراوە.)

---

١ لەبەر لالە و گوڵ و گوڵوک پێی دەگوترێ چیای لالەزار. (نووسەر)

٢ مەجمە: سینی، سفرە، خوانچە.



هەواڵنامەی کتێب

”هاجەر، وەرە دانیشە!“ پیاوەکە وای پێگوت.

ئەویش هات و دانەنیشت، هەر بە پێوە وەستا.

”دەی کورسییەک بێنە و لەسەری دانیشە.“

ئینجا لەسەر ڕۆخی کورسییەک دانیشت.

”هاجەر، پرسیارێکم لێت هەیە. ئایا هیچ پیاوێک لە ژیانتدا هەیە؟“

هاجەر بێدەنگ بوو.

”دەی وەڵامم بدەرەوە. لێم پرسیت ئاخۆ هیچ پیاوێک لە ژیانتدا هەیە؟“

”نەخێر، پایەبەرز.“

”من دەمەوێ وەک ژنێکی سیغە بتهێنم. ئایا تۆش ئەوەت دەوێ؟“

ئەمەش پرسیارێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ هاجەر.

هاجەر وەڵامی دایەوە و وتی، ”پایەبەرز، خۆ من نیم بڕیار بدەم، هەر دەبێ ئەم پرسە لە باوکم بکەی.“

”بەڵێ، بەڵێ، دواتر پرسیار لە باوکت دەکەم. بەڵام دەمەوێ بزانم، ئاخۆ تۆش ئەمەت دەوێ.“

ئەویش بیری لێ کردەوە و سەری بەسەر سینگ و مەمکیدا شۆڕ کردبووەوە. ئینجا ڕوون و ئاشکرا گوتی، ”بەڵێ پایەبەرز، منیش ئەمەم دەوێ.“

ئیدی هەر هەمان ڕۆژ، هەم باوکی هاجەر و هەم مەلای گوندەکە هێنرانە ماڵی ئاغا. مەلاکە سورەتێکی لەنێو کتێبە پیرۆزەکە خوێندەوە، *انکحت و و زوجت* (...) دوای ئەوە ڕای گەیاند کە هاجەر بۆتە ژنی ئاغا هادی محەمەد غەزنەوی خۆراسانی.



هەواڵنامەی کتێب

دوای ئەوە مەلاکە ڕوونی کردەوە، دەکرێ هاجەر دووگیانیش ببێ، بەڵام منداڵەکان ناوی باوکەیەیان هەڵناگرن و نازناوەکەیان پێ نادرێ. سەرباری ئەمەش لە میراتیشدا پشکیان ناکەوێ. لەبەرامبەردا باوکی هاجەر باخێکی داربادەمی پێ درا کە بەروبوومەکەی لەگەڵ هاجەردا بەش بکا. نیوەی بەرهەمەکە بۆ ئەو، نیوەکەی دیکەش بۆ ئەو منداڵانەیە کە هاجەر لە داهاتوودا دەیبێن. کاتێکیش باوکەکە مرد، ئەوا سەرتاپای باخەکە بۆ هاجەر و منداڵەکانی دەمێنێتەوە.

دە خولەک دواتر، هەم باوکی هاجەر و هەم مەلا لە ماڵی کابرا ڕۆیشتن. هاجەر مایەوە.

هاجەریش عەبایەکی شین و کەسکی بەسەر خۆیدا دا، لە دایکیەوە بۆی بەمیرات مابۆوە.

بەیانیی سەرلەزوو هاجەر بەرەو گەرماوی گوند کەوتە ڕێ. بەدزییەوە هەموو مووەکانی جەستەی لێ کردنەوە. سەرپەنجەی پێیەکانیشی لە خەنە گرت و قامکەکانی دەستیشی لە گیراوی سووری ڕووناس[1] گرت، تا گەیشتە

---

١ نووسەر هەر وشەی ڕووناس- Roenasی بەکار هێناوە، لە پەراوێزیشدا لێکی داوەتەوە کە گوڵێکی سووری شاخاوییە و ژنان بۆ سوورکردنی سەری پەنجەیان بەکاری دەهێنن. (باپیری منیش، ڕەوانشاد حاجی خدر گرتکی لە کەسایەتییە دیارەکانی دۆڵی ڕۆست بوو، لە هەمان کاتیشدا وەستایەکی کارامە و بەناوبانگی شکستە بوو، بەدەگمەن شکستە لە بەردەستی ئەو سەقەت دەبوو. ئەویش ڕووناسی بۆ هەڵبەستنەوەی جێشکانەکان بەکار دەهێنا، کە لە گوندی شلان بۆی دەهات. ڕووناسی لەگەڵ سپیایەتیی هێلکە تێکەڵ دەکرد، ئینجا لەو پەلەدارانەی دەدا کە باسک یان قاچی یارۆی شکاوی پێ هەڵدەبەستەوە و بە بەنیش دەیبەست. ئیشی هێلکە و ڕووناس ڕەقکردن و ڕاگرتنی دارەکان بوو، جێگەی گەچی

هەواڵنامەی کتێب

سەر پێستەی قامکەکانی و سوور هەڵگەڕان.

”هاجەر، من ئەمشەو لێرە دەمێنمەوە.“ دەسەڵاتدارەکە وای بانگ کرد.

ئیدی پێخەفەکە لەلایەن هاجەرەوە ئامادە کرا.

ئاغا هادی خۆراسانی لەتەنیشت هاجەر جێی خۆی گرت، هاجەریش باوەشی پێدا کرد.

هاجەر حەفت منداڵی بوو. ئاغا ئەکبەر بچووکترینیان بوو، کەڕولاڵیش دەر چوو.

دایکی هەر زوو، لە مانگی یەکەمەوە خستییە بن چاودێری. بینی منداڵەکەی وەڵامی ناداتەوە. سەرەتا دایکەکە بڕوای نەدەکرد. هەرگیز بەتەنیا جێی نەدەهێشت و لێنەدەگەڕا ئەوانی دیکە بۆ ماوەیەکی درێژ لەلای بمێننەوە. شەش مانگی ڕەبەق بەم جۆرە خۆی ڕاگرت. لە ڕاستیدا هەمووان زانییان، منداڵەکە کەڕولاڵە، بەڵام بۆ کەسیش نەبوو لەو بارەیەوە قسە بکا. لە کۆتاییدا کازم خان[1] برا گەورەی هاجەر بە دەرفەتی زانی خۆی لە پرسەکەیان هەڵبقورتێنێ. کازم خان پیاوێکی سەڵت و ئازاد بوو، هەمیشە بە سواری ئەسپ بەنێو شاخاندا دەگەڕا. ئەو شاعیریش بوو، بەتەنیا لە ماڵەکەی دەژیا، خانووەکەشی لەسەر گردێک هەڵکەوتبوو، بەڵام خۆ هەمیشە ژنێکی هەبوو. گوندییەکان لەبن تیشکی پەنجەرەی ماڵەکەیاندا، هەرجارە ژنێکیان دەبینی.

---

دەگرتەوە. (وەرگێڕ)

١ نووسەر لە پەراوێزدا کازم خانی وا لێک داوەتەوە: کازم ناوی ئیمامێکی پیرۆزە و خانیش واتای خانەدانی دەدا.



هەواڵنامەی کتێب

کەسیش نەیدەزانی ئاخۆ ئەو چی دەکا و بە سواری ئەسپەکەی بۆ کوێ دەڕوا.

لەوە زیاتر شتی لەبارەوە نەدەزانرا، بەڵام گوندەکە پێویستی بەو پیاوە هەبوو، هەموو کاتێکیش ئامادە بوو یارمەتیی هاوگوندییەکانی خۆی بدا. بۆ ئەو ساتە پێویستییانە ئەو دەنگی گوندەکە بوو. کاتێکیش قووڵاییی ڕووبارەکە پڕ دەبوو، دەیکردە لافاو و بەسەر ماڵەکاندا دەڕژا، ئەو بە سواری ئەسپەکەی ئامادە بوو، ڕێگایەکی دەدۆزییەوە بەر بە تەوژمی ئاوەکە بگرێ. کاتیکیش لەپڕێکدا دوو منداڵ مردبان و دایکەکانی دیکەش ترسیان لە ژیانی منداڵەکانیان هەبووایە، یەکسەر بە سواری ئەسپەکەی بە خۆی و پزیشکێکەوە لە گوندەکە بەدەر دەکەوت. بۆ شایی و زەماوەندیش، بۆ زاوا و بوک مایەی شەرەفمەندی بوو، گەر کازم خان بهاتبایە سەر شاییەکەیان.

ئەوێ ڕۆژێ کازم خان بە خۆی و ئەسپەکەی هاتە نێو حەوشەی ماڵی هاجەر. لەپەنای دارەکاندا و لەسەر پشتی ئەسپەکەی بانگی خوشکەکەی کرد، "هاجەر! خوشکەکەم!"

هاجەریش پەنجەرەکەی کردەوە.

"کاکە بەخێر بێی. بۆچی نافەرموویە ژوورەوە؟"

"ئەم شەو بەخۆت و منداڵەکەت وەرنە لای من، دەمەوێ هەندێ قسەت لەگەڵدا بکەم."

هاجەر زانی، ئەو دەیەوێ لەبارەی کوڕەکەی بدوێ، خۆیشی زانی نابێ چیدیکە پرسەکەی لێ بشارێتەوە.

دەوروبەری ڕۆژئاوابوون، هاجەر خۆی کۆ کردەوە و



هەواڵنامەی کتێب

منداڵەکەی لەکۆڵ کرد و بەسەر گردەکەدا هەڵگەڕا و بۆ ماڵەکەی کازم خان ڕۆیشت، ئەو ماڵەی لەلایەن گوندنشینیان، بە ئەو گەوهەرەی کەوتۆتە نێو داربادەمە پیرەکان ناویان دەبرا.

کازم خان تریاکی دەکێشا، ئەمەش بەگشتی مایەی قبوڵکردن بوو، تەنانەت بە نیشانەی شاعیرێکی خانەدان دادەنرا.

ئەو پەنگرەکانی گەشاندبوونەوە، پشکۆیەکی گەرم و هەندێ تریاکی زەردی خاوێنی لەسەر دانابوو، خواردن ئامادە بوو. سەماوەر دەکوڵی.

"هاجەر، فەرموو دانیشە. دەی خۆت خواردنەکە گەرم بکەرەوە. هەندێکیش بدە منداڵەکەت. ئەرێ بەڕاست، ئەو ناوی چییە، ئەکبەر؟ ئاغا ئەکبەر؟"

بەدوودڵی هاجەر منداڵەکەی دایە دەست کاکی.

"ئەرێ تەمەنی بۆتە چەند؟ حەفت، هەشت مانگ؟ دەی تۆ بڕۆ نان بخۆ، دەمەوێ بەتەنیا یاری لەگەڵ بکەم."

هاجەر هەستی بە فشارێکی قورس کرد وەک ئەوەی شتێک کەوتبێتە سەر شانەکانی. نەیدەتوانی نان بخوا، دەستی بە گریانێ کرد.

"نا، نەخێر، پێویست ناکا بگریەی. خۆت وا بەستەزمان مەکە. ئەگەر تۆ ئەو بشاریتەوە، ئەگەر لە شوێنێک گۆشەگیر دای بنێی، ئەوا دەیگەوجێنی. ئەوە شەش-حەفت مانگە ئەو هیچی نەبینیوە، هیچی نەکردووە، هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی لەگەڵ ژینگەی خۆی پەیدا نەکردووە. لە هەموو شوێنێک، لەو چیایانە تووشی منداڵانی کەڕولاڵ دەبم. ئێمە



هەواڵنامەی کتێب

دەبێ بە هەمووان قسەی لەگەڵ بکەین. ئێمە تەنیا زمانێک، زمانی ئاماژەمان پێویستە. ئەوەش دەبێ ئێمە دروستی بکەین. خوشکێ لەو بارەیەوە یارمەتیت دەدەم. لە بەیانییەوە لێگەڕێ با خەڵکی دیکەش کوڕەکەت ببینن. لێگەڕێ با خەڵک لەگەڵی بکەونە پەیوەندی، هەریەکە بە شێوازی خۆی."

پاشان هاجەر کوڕەکەی لەگەڵ خۆی بردە ناندینەکە. لەوێ دیسان فرمێسکی هەڵڕشتنەوە، ئەم جارەیان فرمێسکی دڵکرانەوە.

کەمێک دواتر، کاتێ کازم خان چوو نێرگەلەکەی بکێشێ و بە هۆیەوە هەندێ شاد و بەکەیف بوو، هات و لەلای هاجەر و منداڵەکەی دانیشت.

"هاجەر ، گوێ بگرە. من نازانم بۆچی، بەڵام هەست دەکەم دەبێ کاریگەرییەکم لەسەر ژیانی ئەم منداڵە هەبێ. من ئەم هەستەم بەرامبەر منداڵەکانی دیکەت نییە. بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی ئەوان منداڵی خانەدانێکن. من نامەوێ هیچیشم لەگەڵ ئەواندا هەبێ. بەڵام بەر لەوەی بڕۆی، دەمەوێ یەک-دوو شتی دیکەت پێ بڵێم، ئەو شتانەی بۆ پاشەڕۆژی ئەو منداڵەت گرنگن. ئەو پیاوە خانەدانەش دەبێ بزانێ کە من خاڵی ئەکبەرم."

ڕۆژی پاشتر، هاجەر منداڵەکەی لەگەڵ خۆی بردە قەڵاکە. هەرگیز پێشتر ڕووی نەدابوو، منداڵێکی خۆی نیشانی باوکەکەیان بدا. هاجەر لە دەرگەی ژووری خوێندنی پیاوەکەی دا، ئەکبەری لەباوەش بوو. لێی وەژوور کەوت. کەمێک لەوێ وەستا، ئینجا منداڵەکەی لەسەر مێزەکە دانا و


هەواڵنامەی کتێب

پێـی گـوت، ”ڕۆڵەکـەم کەڕولاڵـە.“
”کەڕولاڵ؟ باشە چیت بۆ بکەم؟“
ماوەیەکی ویست تا هاجەر ڕاستەوڕاست لەنێو چاوەکانی پیاوەکەی ڕوانی.
”دەی تـوو خـوا، لێگـەڕێ بـا منداڵەکـەم نازناوەکـەت هەڵبگـرێ.“
”نازناوی من؟“ پیاوەکە وای پرسی و بێدەنگیش بوو.
”خۆ ئەگەر ئەو، نازناوەکەی تۆی هەڵگرت، ئەوا هەرگیز من ناگەڕێمەوە قەڵاکە.“ هاجەر ئەم قسەشی خستە سەر.
پیاوە خانەدانەکە بێدەنگ ما.
”جارێکیان تۆ گوتت حەزت لە منە، یەک-دوو جاریش گوتت کە ڕێزم دەگری. تۆ پێت گوتم هەمیشە دەتوانم داوای شتت لێ بکەم. هەرگیز داوای وام نەکردووە، چونکە پێویستم پێ نەبوو. ئێستا داوات لێ دەکەم، با کوڕەکەم نازناوەکەت هەڵبگرێ. تەنها نازناوەکەت و بەس. من داوای میرات ناکەم. لێگەڕی با ناوی ئەکبەریش بکەوێتە سەر کاغەز.“
”دەی هەندێ خواردن بدە کوڕەکەت، لێمەگەڕێ بگریێ.“ دوای کەمێک بێدەنگی پیاوەکە وای بە هاجەر گوت. ئینجا هەڵسایە سەر پێ، پەنجەرەکەی کردەوە و بانگی پێشخزمەتێکی کرد.
”بڕۆ بانگی مەلای گوند بکە. دەی هەر ئێستا. من چاوەڕێم.“
زۆری نەخایاند، مەلا هات. هاجەر دەبووایە لە ژوورێکی دیکە چاوەڕێ بووایە. گفتوگۆکەیان لەپشت دەرگای داخراوەوە کرا. مەلاکە چەند ڕستەیەکی لەنێو دەفتەرەکەی


هەواڵنامەی کتێب

خۆیدا نووسی. ئینجا بڕوانامەیەکی ساز کرد، دەبووایە پیاوە خانەدانەکە واژۆی بکا. ئیدی شتەکە بەم جۆرە بوو. پاشان مەلاکە بە سواری ئێسترەکەی گەڕایەوە ماڵی خۆی.

"هاجەر، فەرموو بیگرە. ئەمە ئەو شتە بوو کە دەتەویست. بەڵام یەک شتت لەبیر نەچێ. ئەم کاغەزە لە شوێنێکی باش و قاییم هەڵبگرە و نهێنییەکەش بپارێزە. کاتێک من مردم، دەتوانی باوەڕنامەکە نیشانی خەڵکی بدەی."

هاجەریش کاغەزەکەی لەنێو جلەکانی شاردەوە و ویستی دەستەکانی ماچ بکا.

"هاجەر، پێویست بەمە ناکا. دەی بڕۆ ماڵێ. جاربەجاریش سەرم لێ بدە. من هەمیشە گوتوومە و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە. هەر بەڕاستی کەیفم بە تۆ دێ و هەمیشە دەمەوێ بتبینم."

هاجەر دیسان منداڵەکەی لە سەرپشتی خۆی قاییم کردەوە و لەوێ هاتە دەر. کاتێکیش لە شاخەکان دابەزی، زانی کە منداڵێکی بەکۆڵەوەیە و ناوێکی کۆن و گرنگی هەیە: ئاغا ئەکبەر مەحموود غەزنەوی خۆراسانی.

دیار بوو بەڵگەنامەکە کاغەزێکی بێبایەخ بوو، چونکە کاتێ پیاوە خانەدانەکە مرد، میراتگرەکان، مەلایان کڕی و ناوی ئاغا ئەکبەری لەنێو وەسیەتنامەکەدا ڕەش کردەوە. بەڵام خۆ ئەم کارە هیچ گرفتێک نەبوو، ئاخر هاجەر هیچ چاوی لەسەر میراتەکە نەبوو، بۆ ئەو بەتەنها ناوەکە بەس بوو. باوکەکەی کابرایەکی ناسراو بوو، ڕەگوڕیشەی لەوێ لە قەڵایەکی سەر شاخی لالەزار ڕۆ چووبوو.


هەواڵنامەی کتێب

کاتێکیش ئەکبەر هەراش بوو، بووە پیاو و ژنی هێنا و منداڵی پەیدا بوون. هەرچەندیش ئەو مافوورفرۆشێکی ئاسایی بوو، لێ هەر شانازی بە بەرەبابی خۆی دەکرد. ئەو ئەو کاغەزەی پێ بوو کە ناوە دوورودرێژەکەی لەسەر نووسرابوو.

ئەکبەر زۆر جاران دەربارەی باوکی دەدوا، دەیەویست ئیسماعیلی کوڕی بزانێ، کە باپیرەی چ پیاوێکی مەزن بووە، پیاوێک بە سواری ئەسپ و چەکلەشان بووە.

پیاوە خانەدانەکە لەلایەن ڕوسێکەوە کوژرا. بەڵام کێ بوو؟ کەس نەیدەزانی. سەربازێک بوو؟ ژاندارمێک بوو؟ یاخود دزێکی ڕوس بووە و لە شوێنێک تووشی پیاوەکە بووە و کوشتوویەتی؟

ئەو شاخانەی ئاغا ئەکبەر و بابوباپیرانی لێ دەژیان، لەگەڵ ڕوسیادا هاوسنوور بوون، ئاخر ئەوکات هەر یەکێتیی سۆڤییەت بوو. لای خوارەوەی شوێنەکە هیی ئێران و لای باکووری شاخەکانیش کە هەمیشە بە بەفر داپۆشرابوو، هیی ڕوسەکان بوو.

لێ گەلۆ، ئاخۆ ئەو سەربازە، یان ئەو لەشکرەی ڕوس لەو شاخانە بەدوای چیدا دەگەڕان؟ کەس نەیدەزانی.

ئەوەی لە کردەی کوشتنەکە جێ مابووەوە، چیرۆکێک بوو، بە هۆی ئاغا ئەکبەر بەزیندوویێتی مایەوە.

هەر کاتێکیش ئەوان بەتەنیا لەماڵ بوونایە، ئەکبەر بۆ ئیسماعیلی دەگێڕایەوە و ڕۆڵی ئەسپسواری بۆ دەگێڕا. ئەو بەخۆی دەبووە سەربازێکی ڕوس، بەخۆی کڵاوێکی سەربازیی درێژ کە بەڕوونی بیچمە سوورباوەکەی دیار



هەواڵنامەی کتێب

دەبوو.

ئیسماعیلیش سواری بالیفێک دەبوو، دارێکی لە بەرپشتی خۆی دەنا. ئاغا ئەکبەر چاکەتەی خۆی دادەکەند، کڵاوەکەشی دادەنا و لەپەنا دۆڵابێک خۆی دەشاردەوە. دیار بوو وەک بەردێکی شاخی لالەزاری دانابوو.

ئێستا دەبووایە ئیسماعیل سواری ئەسپەکەی بووبایە. نە زۆر خێرا و نە زۆر هێواش، بەڵکو بە جڵەوڕاگرتن وەک پیاوێکی خانەدان ئەسپەکەی لێ بخوڕیبایە. ئەو بەلای دۆڵابەکەدا ئەسپەکەی لێ خوڕی، ئیدی لەو کاتەدا سەرێک لەپاڵ دۆڵابەکە بەدیار کەوت. سوارچاکەکە دەبووایە مەترێک یان دووان بڕۆیشتبا تا لەپڕ سەربازەکە بەخۆی و کێردێکەوە لەپەناوە بەدەر کەوت. ئەو بەخێرایی بە دوو-سێ هەنگاو بازی دا و کێردەکەی لەپشتی سوارەکە چەقاند، ئەویش بەر بۆوە و مرد.

ئەم چیرۆکە دەکرێ خەیاڵکردە بێ، بەڵام خۆ ئاغا ئەکبەر ئاگای لە مردنی دایکی بوو.

"ئەرێ کاتێ هاجەر مرد، تۆ تەمەنت چەند بوو؟" ئیسماعیل بە ئاماژەوە وای لە ئەکبەر پرسی.

ئاغا ئەکبەریش لە پرسی کات نەدەگەیشت.

"دایکم ئەو کاتەی مرد، ڕەوەباڵندەیەکی ڕەشی سەیر هاتن و لەسەر داربادەمەکان هەڵنیشتنەوە." بە ئاماژە وا وەڵامی دایەوە.

"نەناسراو؟"

"ئاخر هەرگیز پێشتر نەمبینیبوون."

"کاتێک ئەو پۆلە مەلە ڕەشانە هاتن و لەسەر دارەکان



هەواڵنامەی کتێب

نیشتنەوە، تۆ چەند ساڵان بووی؟“ ئیسماعیل بە ئاماژەوە وای لێ پرسییەوە.

”من دەستم سارد بوون و دارەکانیش گەڵایان پێوە نەمابوو و هاجەریش چیدی قسەی لەگەڵ نەدەکردم.“

”نەخێر، من مەبەستمە بزانم تەمەنت چەند بووە؟ تۆ چەند، چەند، چەند ساڵ بووی کە دایکت مرد؟“

”من، ئەکبەر. سەرم دەگەیشتە سینگی هاجەر.“

دواتر کازم خان پێی ڕاگەیاند، ئەکبەر نۆ-دە ساڵی بوو. هاجەر زۆر نەخۆش بوو، لەسەر جێ کەوتبوو. ئەکبەریش لەگەڵی دەچووە بن جێی و خۆی پێوە دەنووساند.

”تۆ دایکت تا مرد توندتوند گرتبووت؟“ ئیسماعیل بە ئاماژەوە وای لێ پرسی.

”ئاها، بەڵێ... بەڵام چۆنت زانی؟“

” خاڵە کازم خان  پێی گوتم.“

”من خۆم دەخشاندە بن پەتۆکان. کاتێ دایکم نەخۆش کەوت، قسەی لەگەڵ دەکردم و دەستی توند دەگرتم. دواتر بینیم قسە ناکا و دەستیشی ناجووڵێنێ. من ترسام، زۆریش ترسام، هەر لەژێر پەتۆکەدا مامەوە نەمدەوێرا بێمە دەر. ئیجا یەکێک گرتمی، دەستێک لە دەرەوەی پەتۆکانەوە هات، ویستی من لا ببا. منیش خۆم توند بە جەستەی هاجەرەوە گیرساند، بەڵام کازم خان پڕی دامێ و منی لە هاجەر کردەوە، ئینجا تێرتێر گریام.“

ڕۆژی پاشتر بەتەمەنترین ژنی خانەوادەکە پەڕۆیەکی سپی بەسەر دەموچاوی هاجەردا دا. پاشان پیاوەکان بەخۆیان و


هەواڵنامەی کتێب

سندوقێکەوە هاتن و هاجەریان لەگەڵ خۆیان بردە گۆڕستان.

دوای  شاردنەوەی مردوو، کازم خان ئەکبەرە بچکۆلانەکەی لەگەڵ خۆدا بردەوە.

"من ویستم  ئەو بزانێ مردن چییە، " دواتر کازم خان وای بە خوشکەزاکەی خۆی گوت. "من بەسواری بردمە ناو شاخان، بەدوای شتێک دەگەڕام کە مردبێ.

"لەنێو بەفردا بەدوای چۆلەکەی مردوو، ڕێوی مردوو یان بەڵکو گورگێکی تۆپیودا گەڕام، بەڵام خۆ لەو ڕۆژە زستانەدا مەلەکان لە جاران تیژتر دەفڕین، گورگەکانیش بەسەر بەردەکاندا هەر بازەبازیان بوو. من وەستام، لەسەر بەردێک دام نیشاند و ئاماژەم بە  گیاوگۆڵی بن بەفرەکە بۆ کرد. 'سەیرکە!' ئەو گیاوگۆلانەش مردوون. بەڵام خۆ ئەوە نموونەیەکی باش نەبوو. من بزنەکێوییەکم بینی کە بەئەستەم لەم بەرد بۆ ئەو بەرد بازی دەدا. دەیبینی؟ ئەم بزنەش لەم ڕۆژانەدا دەمرێ. نەخێر، دیسان ئەمەشیان نموونەیەکی باش نەبوو.

"من حەزم لێ بوو باڵندەیێک لە کاتی فڕینیدا یەکسەر لە بەرپێماندا کەوتبایە خوارەوە، لێ لەو ڕۆژەدا  هیچ مەلێک نەکەوتە خوار.

"دیسان ئەکبەرم سواری پاشکۆی ئەسپەکەم کردەوە و لێمان خوڕیەوە، دوورتر ڕۆیشتین.

"کاتێک چاوم هەڵبڕی، لە دوورەوە قەڵای کابرای خانەدانم بینی. ماڵەکە لەدوای مردنی کابرا چۆڵ ببوو. منیش بەرەو ئەوێ ئەسپەکەم تاو دا.

"لە ڕاستیدا بۆچی؟



هەواڵنامەی کتێب

"خۆشم نەمدەزانی. بیرم کردەوە: بابچین ببینین.

"بەهێواشی ئەسپەکەم بردە پشت خانووەکە. ئاغا ئەکبەر نەیدەزانی من چیم دەوێ. 'دەی برۆ سەر پشتی ئەسپەکە بوەستە،' بە ئاماژە وام پێ گوت، لەوێوە بەسەر دیوارەکەدا هەڵبگەڕێ!

"'بۆچی' بە ئاماژە پێی گوتمەوە.

"ئەو ئەمەی نەدەویست. ئیدی بەخۆم چوومە سەر پشتی ئەسپ و لەوێشەوە بەسەر دیوارەکە کەوتم. درۆکردن.

"'دەی، دەی تۆش وەرە! دەی دەستت بێنە.'

"من ئەوم توند گرت، بۆخۆم هەڵکێشا و هێنامە سەربانی خانووەکە. ئیدی بەم جۆرە بەیەکەوە بەرەو پلیکانەکان خشاین.

"'وا سەیر تەماشا مەکە'، کاتێ گەیشتینە ئەوێ، وام پێ گوت. ئەویش نەیدەویست.

"'باشە ئێمە چی دەکەین؟' بە ئاماژەوە وای پێ گوتم.

"'هیچ شتێک، هەر تەنها سەرێکی بەناودا دەکەین. دەی وەرە. ئەم قەڵایە هیی تۆشە.'

"ئینجا بەئەسپایی لە پەیژەکان دابەزین. تەنانەت ئەو مردنی دایکیشی فەرامۆش کردبوو. بینیم زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو.

"ئاوا بەیەکەوە لەماڵەکە چووینە ژوور. من پێشتر هەرگیز نەچووبوومە ئەو قەڵایە. وام دەزانی دەرگای هەموو شتێکی قفڵ دراوە، بەڵام خۆ هەموو دەرگاکانی لەسەر گازەرای پشت بوون. پێم وا بوو ژوورەکانی بەتاڵ و حەتاڵن، بەڵام وا نەبوو، هەموو شتێک لە جێی خۆیدا بوو. با دەرگاکانی لە



هەواڵنامەی کتێب

حەوشـەوە کردبووەوە و بەفریش تـا نیوەی ڕاڕەوەکە هاتبوو. بەخۆپارێزییـەوە چوومـە ژوورەوە.

"هەمـوو شـتێک لەبـن تۆزوخۆڵـدا بـوو، تەنانـەت مافـوورە ئێرانییەکانیش، یـەک تەبەقـە تۆزیـان لەسـەر کەوتبـوو. کاتێک بـەرەو ئـەوێ دەڕۆیشـتی، جێپێت لەسـەر خۆڵەکـە دیـار دەبـوو. لەجێـی جێپێیـەکان دەتزانـی، ئاخـۆ ئـەوەی چووەتـە نێـو ژوورەکان پیـاوە یـان منـداڵ.

"'دەی ئەکبەر دەستت بێنە. ئەوە دەبینی؟ ئەوە مردووە.'

"مـن لـە ژووری کابـرای ئەوێـدا گـەڕام، چوومـە ژووری کتێبخانـەی خانەدانەکـە. ئەکبـەر بەسەرسـامیەوە سـەیری شـتەکانی کـردن، بەواقوڕماوییەوە سـەیری ڕاگری مۆمدانەکانی کـردن، سـەیری ئاوێنـەکان، هیـی تابلۆکانـی کـردن. 'بـاش تەماشـاکە،' وام پێگـوت، 'سـەیری ئـەو وێنانـە بکـە، ئـەو پیاوانـە بابوباپیرانـی تـۆن. دەی وەرە سـەیرکە، ئـای خوایـە، خوایـە، سـەیری ئـەو هەمـوو کتێبانـە بکـە.'

"مـن هەرگیـز بیـرم بـۆ ئـەوە نەچووبـوو، ئەوەنـدە کتێبـە لـە شـاخی زافـەران ببینـم. 'هـۆ ئەکبـەر، دەی وەرە ئێـرە، سـەیری ئـەم کتێبانـە بکـە، ئەمانـە بـە دەسـت نووسـراون، بـا جـارێ بیخوێنینـەوە:

خدایا راست گویند فتنه از توست
ولی از ترا ناتوانم چخیدن
لب و دندان ترکان ختا را
به این خوبی نانا بیاد افریدن (...)

"مـن دەستنووسـەکەم لـە ڕیزەکـە دەر هێنـا. لەوێـدا شـەجەرەنامەیەکی مۆرکـراو هەبـوو. ‹ئـەرێ نـاوی خـۆت



هەواڵنامەی کتێب

دەبینی؟ ئەو پیاوانە هەریەکەیان کتێبی خۆی هەبووە. تۆش دەتوانی کتێبی خۆت بنووسی. شتێک بۆخۆت. نووسین؟' ئەکبەر بە ئاماژە وای گوت.

"'من فێرت دەکەم' لە چەکمەجەکەدا بەدوای دەفتەرێکی بەتاڵدا گەڕام و دۆزیمەوە. ئەوەتا، ‹دەی بیگرە و بیخەرە بەرکت. دەی ئێستا هەڵسە، وەرە بابڕۆین.'"

بەئەسپایی لە کۆشکەکە هاتنە دەر و کازم خان بەرەو ماڵ لێی خوڕی. سەرەتا دەبێ ئەو هەندێ قەلنەکەی بکێشی و یەک-دوو پیاڵە چای خەستیش بخواتەوە.

"ئەرێ ئەکبەر، لەکوێی، وەرە ئێرە، کلۆشەکرێک هەڵگرە. شەکرێکی نایابە، قومێ لە چایەکە بدە. شەکرێکی نازدارە، لە ڕوسیاوە هاتووە. باشە کوا دەفتەرەکەت؟ دەی وەرە تەنیشتم دانیشە. تریاک شتێکی باش نییە، خەریکە دەلەزرم. بەڵام هەرکاتێک بیکێشم، هۆنراوەی خودایی دادەنێم. دەی دەفتەرەکەت دەر بێنە. شتێکی لێ بنووسە."

"ئاخر من نازانم بنووسم، تەنانەت نازانم بشخوێنمەوە." ئەکبەر بە ئاماژە وای تێگەیاند.

"ئەوە پێویست ناکا، پێویست ناکا بزانی بخوێنیتەوە، بەڵام دەبێ نووسین بزانی. دەی هەرشتێک لەسەر دەفتەرەکەت بنووسە، شەڕەپشیلەیەک بکە. هەرڕۆژە لاپەڕەیەک، دەزانی چی، هەر یەک-دوو ڕستە. دەی بڕۆ، بڕۆ نهۆمی سەرەوە، شتێک لە دەفتەرەکەت یادداشت بکە، پاشان نیشانم بدە."

کاتێکیش کازم خان لە قەلنکێشانەکەی بووەوە، لەدوایدا ئەویش چووە سەرەوە.



هەواڵنامەی کتێب

"ئەکبەر لەکوێی؟ ئەرێ هێشتا هیچت نەنووسیوە؟ دەی قەیناکا. من فێرت دەکەم. ئەو پێخەفە دەبینی. لە ئێستا بەدواوە دەبێتە پێخەفی تۆ. دەی پەنجەرەکە بکەرەوە و سەیری کێوەکان بکە. ئەو دیمەنە قەشەنگە بۆ تۆیە. چەکمەجەی ئەو دۆڵابەی لەنێو دیوارەکەدا گیراوە بکەرەوە. ئەویش بۆ تۆیە. دەکرێ شتەکانتی تێ بکەی. ئەمەش کلیلی هۆدەکەتە.

"ئەگەر هەر لە بەردەم پەنجەرەی ئەم ژوورەدا دابنیشی، نە دەتوانی بنووسی نە بخوێنییەوە،" کازم خان وای دەردەدڵ دەکرد، "چونکە بەم دانیشتنە دەکەویتە بن تەلیسمی سروشت، بن تەلیسمی دیمەنەکە. تۆ دەبێ دەفتەرەکەت دابنێی، قەڵەمەکەت بخەیتە بەرکت و تریاکەکە بێنی، لوولەکی تریاکەکە وردورد بکەی، نێرگەلەکە دابگری، بە شتێک پەنگرەکەی لەسەر دابنێی. دەستی بدەیێ و بیکێشی، بیکێشی و هەر بیکێشیێ، دیسان بیکێشیێ دووکەڵەکەی بە دەموچاودا بکەی و ئینجا تەماشای بکەی.

"سەرەتا پیرە دارە بادەمان دەبینی، ئینجا گوڵەهەنارەکان، بەدوایدا دیمەنی گوڵەکێویلکە زەردەکان و کێڵگەیەک کە بە گوڵ و گوڵوکی تریاکرەنگ داپۆشرابوو. ئیدی دەتبینی چۆن چڵە گوڵە زەردباوەکان لەبناری شاخەدا تێکەڵ بە خۆڵەکەی ببوون. لە ڕووی ئەوێشەوە شاخی زافەران بەرز ببووەوە.

"خۆ ئەگەر بتوانی بەسەر لووتکەی ئەو شاخە بکەوی و لەوێ خۆت بگەیەنیتە شوێنێکی سەخت و لە هەمان کاتیشدا دووربینێکی چاکت پێ بێ بە مەرجێک لەو کاتەدا تەمومژ دای نەگرتبێ، بە هەندێ ئارامگیرییەوە بە دووربینەکە چاو


هەواڵنامەی کتێب

بگێڕی، ئەوا سیمای خانووی سەربازەکانی سوپای سوور لەپشت چیاکەوە دەبیندرێ. ئەوێ سنوورە. گومرگە،“ بەڵام تا ئەو کاتەی ئاغا ئەکبەر لەگەڵ کازم خاندا لەپشت پەنجەرەکە وەستابوو، هێشتا هیچ کەسێک لە گوندنشینان نەگەیشتبوونە سەر تۆقەڵانی شاخی زافەران.

شاخی زافەران، شاخێکی ناسراوی وڵاتەکە بوو. واش نەبوو کە کەس نەگاتە تۆپکەکەی، هەر هیچ نەبێ لەبەر هەڵوەدابوون بۆ بینینی ئەنوا مێژووییبنە بەناوبانگەکەی. ئاخر شاخی زافەران چەمکێکی ئارکیۆلۆژیی جیهانی بوو. ئەنوایەکە لە نێوەڕاستی شاخەکەدا هەڵکەوتبوو. لە شوێنێک بەئاستەم مرۆ دەیگەیشتێ. ئەو شوێنە لە کاتی سەرماوسۆڵەی زستانە سەختەکاندا دەبووە کونەگورگ و لە بەهارانیشدا لێی دەزان و بێچوویان لێ دەنایەوە.

خۆ ئەگەر وەک شاخەوانێکیش بەخۆت و داردەست و پەتەکانتەوە، لە ڕێی نواڵە و ڕازە شاخەکانەوە بگەیتە ئەشکەوتەکە، لە هەموو لایەک هەر مووی گورگ دەبینی، هەر ئێسکوپروسکی بزنەکێوی دەبینی کە گورگان خواردوویانن.

گەر لە بەهارانیش بچیتە ئەوێ، دەرفەتی ئەوە دەبێ دەڵەگورگێک بەخۆی و بێچووەکانی لە دەروازەی ئەشکەوتەکەدا ببینی.

لە شوێنێکی قووڵایی ئەشکەوتەکەشدا، لە تاریکاییی سەر دیواری باشووریدا، دیمەنێکی دڵڕفێن هەیە. شتەکەش دوو هەزار ساڵ کۆنە. نووسینێکی بزماری، لەسەر کەڤرەکە هەڵکەندراوە، ئەویش نە ڕۆژگار، نە با، نە تیشکی ڕۆژ نە باران نایگاتێ. ئەو نووسراوە لەسەر فەرمانی ڕۆژگاری یەکەمین



هەواڵنامەی کتێب

پاشای ئێرانی نووسراوە. نهێنی کۆدی نووسینەکەشی هێشتا نەشکێنراوە.

زۆر جار ئەگەر لەپشت پەنجەرەی ماڵی کازم خاندا بوەستابای، سورایێکت دەبینی، شارەزایەکی خەتی بزماری، پیاوێکی ئینگلیز، فەرەنسییەک یان ئەمەریکاییەک، بە سواری ئێسترەوە بەرەو ئەشکەوتەکە دەڕۆیشتن. دیسان هەوڵێکی نوێ دەدرایەوە، بەڵکو مەتەڵی نووسینی سەر بەردی ئەشکەوتەکە هەڵبێنن.

"دەی وەرە! ئێسترەکە ئامادە بکە." کازم خان بە ئاماژە ئەکبەری تێگەیاند.

"دەچینە کوێ؟"

"دەچینە ئەشکەوتەکە."

"بۆچی؟"

"تا فێرە نووسین بی. فێرە نووسینت دەکەم." کازم خان بە زمانی ئاماژە تێی گەیاند.

ئیدی ئەوان جلی ئەستووریان پۆشی. بەسەر پشتی ئێستری بوخت[1] و بەهێز بەسواری بەرەو شاخی زافەرانیان لێخوڕی. بەڵام خۆ هیچ ڕێگەیەکیشی بۆ نەدەچوو. ئێسترەکان بۆنی خاکەکەیان دەکرد. بە شوێنپێی بزنەکێوییەکاندا هەڵدەگەڕان. ئاوها وردەوردە تا سەر دەکەوتن. دوای سێ-چوار سەعات دەگەیشتنە دەروازەی ئەشکەوتەکە.

"چاوەڕێ کە!" کازم خان ئاماژەی بۆ کرد. " سەرەتا دەبێ گورگەکان ڕاو بنێین."

ئیدی تفەنگی لە گۆلمە گرت و سێ-چوار تەقەی بە

١ بوخت: قەڵەو.



هەواڵنامەی کتێب

هـەواوە نـا. گورگـەکان هەڵاتـن.

ئینجـا لەسـەر پشـتی ئێسـترەکان دابەزیـن، ڕێشـمەکانیان لەدەسـت بـوون و بەنێـو ئەشـکەوتەکەدا ڕۆیشـتنە بنەبانـێ. کازم خـان چرایەکـی نەوتـی هەڵگـرت، بـەم جـۆرە لەبـەر ڕووناکییەکـەدا بەنێو قووڵاییی ئەشـکەوتەکەدا شـۆڕ بوونـەوە و ئێسترەکانیشـیان بـەدوای خۆیانـدا ڕاکێشـان.

"دەی بەدوامدا وەرە."

"باشـە بۆچـی دەچیتـە نێو ئـەو تاریکایییـە؟" ئەکبـەر ئەمـەی بەئاماژە گـوت.

"هەنـدێ حەوسـەڵەت هەبـێ. دەی وەرە. سـەیرکە! لـەوێ! لای ژوورا!" کازم خـان وای پـێ گـوت و چراکـەی دەسـتیشـی بـەرز ڕاگـرت.

"دەیبینی؟"

"چی ببینم؟" ئەکبەریش بە ئاماژەکانی. "هیچ نابینم."

"بوەستە. جارێ با لە دارێک بگەڕێم."

لەنێـو ئەشـکەوتەکەدا لـە دارێـک گـەڕا، بـەڵام هیچـی نەدۆزیـەوە.

"باشە. ئەم ڕێشمەیە توند بگرە."

ئینجـا کازم خـان چووە سـەر پشـتی ئێسـترەکە ڕاوەسـتا و چرایەکەشـی بـە بەرزییـەوە ڕاگـرت.

"ئێسـتا دەیبینـی؟ ئـەو شـتەی سـەر دیوارەکـە، لەنـاو دیوارەکـە. دەی بـڕۆ ئـەوێ بوەسـتە. ئاوهـا باشـتر دەیبینی. دەی بـا جـارێ بێمـە خـوارێ. ئـاگادار بـە. ئایا دەزانـی ئەمـە چییـە؟ نامەیـەک. چیرۆکـی پاشـایەک، پاشـایەکی مـەزن."

"پێشـتر کـەس نەیدەزانـی بخوێنێ و بنووسـێتەوە. کاغەزیش



هەواڵنامەی کتێب

هەر نەبوو. بۆیە پاشاکە وشەکانی لەسەر دیواری ئەم ئەشکەوتەدا هەڵکەندن. هەموو ئەو بێگانانەی بەسەر پشتی ئێسترەوە دێنە ئێرە، دەیانەوێ ئەم نووسینە بخوێننەوە. دەی دە تۆش دەفتەرەکەت دەر بێنە. خامەکەت بە دەستەوە بگرە. دەی وەرە! من ئەو یەکسمە لەپەنا دیوارە بەردینەکەدا ڕادەگرم. بڕۆ سەر پشتی ڕابوەستە. بەڵێ، بڕۆ سەرپشتی یەکسمەکە. دەی زوو! بەباشی خۆت گرت؟ واو، سەیرکە، سەیری ئەوێ بکە، ئەم چرایەش بەرز هەڵواسە. ئاوا باشتر دەبینی. دەی ئێستا تۆماری بکە. جوان سەیری دەقەکە بکە. سەیری هەموو وشە بزمارییەکان بکە و لە دەفتەرەکەتدا بیاننووسەوە. دەی دەست پێ بکە. مەترسە. من ئێسترەکەم توند گرتووە، بەرزەفتم کردووە. دەی تۆش بینووسەوە!"

ئاخۆ ئاغا ئەکبەر لە مەبەستی خاڵی گەیشتبێ یان نا، دەستی بە نووسینەوەی دەقەکە کرد. چاوی لە نووسینە بزمارییەکە کرد و هەوڵی دا، ڕێک هەموو ئەو بیچم و نیشانە و نووسینە بزمارییە لە دەفتەرەکەی خۆیدا بنووسێتەوە، نیگاریان بکێشێتەوە. سەرەنجام سێ لاپەڕەی پێ پڕ کردنەوە.

"تەواو بوو." ئەکبەر وا ئاماژەی کرد.

"زۆر باشە. دەفتەرەکە بخەرە ناو بەرکت. دەی بەوریایی لەسەر پشتی ئێسترەکە دابەزە."

بۆ شەوەکەش، کاتێ کازم خان تریاکەکەی کێشا، ئاماژەی بۆ ئەکبەر کرد بێتە لای. "دەی وەرە ئێرە و بەباشی دانیشە. قەڵەمەکەتم بدەرێ. باش گوێ بگرە. ئێستا تۆ لەبەر نامەکەت نووسییەوە. ئەرێ دەزانی باسی چی دەکا؟"


هەواڵنامەی کتێب

"نەخێر."

"ئەوەی تۆ لەبەرت نووسیوەتەوە، نامەیەکە. شتێک لە کەلکەلەی سەری پاشاکەدا هەبووە. بەلام ئەوەی لەنێو نامەکەی تۆدایە، کەس نازانێ چییە. لەگەڵ ئەوەشدا شتەکە هەیە. ئێستاش تۆ، تۆش دەتوانی نامەیەک بنووسی. لێرە لەسەر لاپەڕەیەکی سپی، لەسەر لاپەریەکی دیکە، لە لایەکی دیکەوە بنووسە. هەرچی لە سەرتدایە، هەرچی لەناو مێشکتدایە، هەر وەک چۆن پاشایەکە هەولی دا بینووسێتەوە، تۆش بینووسەوە."

سالان هاتن و ڕۆیشتن، کاتێکیش ئیسماعیل، کوڕەکەی ئەکبەر گەیشتە تەمەنی شازدە ساڵ و لە شاریش دەژیا، جارێکیان لەنێو شاخان سەری خالە پیرەکەی دا. لێی پرسی، "ئەرێ خالە تۆ بۆچی باوکمت وەک ئەوانی دیکە فێرە خوێندنەوە و نووسینێکی ئاسایی نەکرد؟" ئیسماعیل لەسەر خوانی شێوان وای لە خالی پرسی.

"مەبەستت لەوانی دیکە چییە؟ ئەم ڕۆژانە پێویست دەکا فێرە نووسین و خوێندنەوە بی، بەلام پێشتر، پێویستت پێی نەبوو. بەتایبەتیش لەنێو ئەم شاخانەدا. تەنانەت مەلای گوندیش بەزەحمەت ناوی خۆی پێ دەنووسرا. ئاخر ئەو سەردەم، کێ دەیتوانی کەڕولالێک فێرە خوێندنەوە و نووسین بکا؟ من ئەو پیاوە لێهاتووە نەبووم فێری بکەم. سووک و ئاسان حەوسەلەی وام نەبوو. من کەسێک بووم هەرگیز لە شوێنێک ئۆقرەم نەدەگرت، لە مال نەدەمامەوە. هەمیشە لە گەڕان و سووڕاندا بووم، هەر لەسەر پشتی ئەسپەکەم بووم.



هەواڵنامەی کتێب

”بۆ ئەو جۆرە شتانە، دەبووایە باوکێکی کارامە و دایکێکی بەهێزت هەبووایە. نەخێر من نەمدەویست ئەو فێرە خوێندن و نووسین بکەم. بەڵام هەستم کرد، تێبینیی ئەوەم لا پەیدا بوو، سەری ئاغا ئەکبەر ڕستە ساز دەکا، چیرۆک دەهۆنێتەوە، ئایا لە مەبەستم دەگەی؟“

”ئەو بەهرەیە، ئەو ڕستانەی لەناو مێشکی ئەودا بوون، دەکرا وێرانی بکا، تێکوپێکی بشکێنێ. هەمیشە هەر سەرئێشەی هەبوو، منیش تاکەکەس بووم، دەمزانی سەرچاوەی سەرئێشەکەی لەکوێوە دێ. بۆیە فێرە نووسینی بزمارییم کرد. تەنها نووسینێک، ئیدی ئەو چۆن دەینووسی، چیی دەنووسی، من نەمدەزانی. من تەنیا و تەنیا بەدوای چارەسەرێک دەگەڕام. سەیرکە، تابلۆیە، نووسینە بزمارییەکەی پاشاکە، کە کەس نازانێ بیخوێنێتەوە، لەوانەیە مەتەڵەکە هەرگیز هەڵنەیەت. بەڵام خۆ پاشاکە لەو نێوەدا شتێکی نووسی.

”ئایا من ڕێنوێنییێکی باشی ئەکبەرم کرد یانا نا؟ دەکرێ ڕای خۆت لەو بارەیەوە هەبێ، لێ بڕوام وایە شێوازەکەم سەری گرت. هێشتاش باوکت شت دەنووسێ. نووسینی خەتی بزماریش نووسینێکی جوان و پڕ لە ڕازە. بەم جۆرە زمانی تایبەت بە خۆی دەبێ. زمانی نووسینی خۆت. ئەرێ هیچ جار سەیری دەفتەرە نووسراوەکەی باوکت کردووە؟“

”نەخێر. ئێستا بەڵێ جاربەجار ئەوەی دەینووسێ، دەیبینم.“

”هەوڵت داوە لە چیرۆکی نووسینەکەی بگەی؟“

”نا، نەخێر. ئەمە ناتوانرێ.“



هەواڵنامەی کتێب

"خۆ دەکرێ لێی بپرسی، بەڵکو بیەوێ فێرت بکا."

"ئەدی ئێستا، تۆ دەتوانی بیخوێنیتەوە؟"

"نەخێر، بەڵام دەزانم ئەو لەبارەی چییەوە دەنووسێ. یەک جار. ئای خوایە، ئەرێ ئەمە کەی بوو؟ جارێکیان چوومە ژوورەکەی، ئەو خەریکی نووسین بوو. پێم وایە ئەوکات لە تەمەنی ئێستای تۆدا بوو. بەڵام ئەو لە تۆ بەهێزتر بوو، شانبەرینتر بوو، پرچێکی ڕەشتر، چاوی گەشتر. دەی با وا بێ. بینیم خەریکی نووسین بوو. منیش پێم گوت، 'دەی ئەکبەر نیشانم بدە. پێم بڵێ چیت نووسیوە.'

"ئایا دەزانی، ئەوێ ڕۆژێ زۆرترین پەیوەندیی لەگەڵ بێگانەکاندا هەبوو؟ ئەو کەسانەی دەیانەویست بچنە ئەشکەوتەکە. ئەوان هەوڵیان دەدا لە دەقە هەڵکۆڵدراوەکەی سەر بەردەکە بگەن. پێم وایە ئەو لە شارەزاکان فێرە شتێک ببوو. شتێک دەربارەی تابلۆ بەردینەکە، لەوانەیە جۆرە وەرگێڕانێک فێر بووبێ. 'دەی با ڕوونی بکەینەوە، کە چیت نووسیوە؟' من وام پێ گوت. یەکەم جار ئەو نەیدەویست هیچم پێ بڵێ، شەرمی دەکرد. لێ فشارم بۆ هێنا. من دەمەویست بزانم ئاخۆ ڕێگاکەم سەری گرتووە یان نا.

"ئەوییش نووسینە خەتە بزمارییەکەی خۆی بۆ خوێندمەوە. گوێ بگرە، هێشتا شتێکم لەوەی ئەو نووسیبووی، لەبیر ماوە:

*من، من، من، من کوڕی سوارچاکێکم. سوارچاکی قەڵایەکە. قەڵای سەر شاخەکە. ئەو شاخەی ئەشکەوتێکی تێدایە. لەنێو ئەشکەوتەکەدا نامەیەک هەیە. نامەی پاشایەک. نامەیەک لەسەر بەرد. نامەی سەردەمێک کە قەڵەم نەبووە،*



هەواڵنامەی کتێب

*تەنها چەکوچ و سمبە[1] هەبوو.*

پاشان، کاتێ ئاغا ئەکبەر گەورە بوو، بووە لاو، بووە ڕێپیشاندەر بۆ سەر شاخەکە. ئەو ڕێنماییی پسپۆڕانی نووسینی خەتی بزماری دەکرد. ڕێنوێنی ئەمەریکایی، ئینگلیز، فەرەنسایی، ئاڵمانەکانی بەسەر پشتی ئێسترەوە دەکرد و چرایەکەی بۆ بەرز ڕادەگرتن تا بتوانن وێنەی دەقی نووسراوی تابلۆکە بگرن و چەند کەڕەتیش لەبەری بنووسنەوە.

ئەوەی مەیلی بەلای نووسینە بزمارییەکەوە هەبێ و خۆی خەریکی ئەو جۆرە شتانە بکا، هەمیشە کتێبێک یان زیاتری لەو بارەیەوە لە ماڵدا هەیە. لەنێو ئەو کتێبانەشدا هەمیشە چەند وێنەیەکی دەقی نووسینی خەتە بزمارییەکەی نێو ئەشکەوتی شاخی زافەرانی تێدایە. بەدڵنیاییشەوە لەنێو وێنەکاندا ئاغا ئەکبەری گەنج دەبیندرێ، لە کاتێکدا ئەو لەسەر پشتی ئێسترەکە دەوەستا و بە چراکەی دیمەنی تابلۆی سەر بەردی ئەشکەوتەکەی بۆیان ڕووناک دەکردەوە.

١ سمبە: بزمار



هەواڵنامەی کتێب

# قیتارەکە

خۆ ئەگەر ئێمە هیچ لەبارەی پاشا ڕەزاخانەوە نەزانین،
ئەوا لە ڕۆژژمێری ئاغا ئەکبەر ناگەین.
سەیری پاشخانی چیرۆکەکە دەکەین،
سەیری ئەو وەسفانەی کە لەنێو یادەوەرییەکەیدا نەهاتوون.

چیای زافەران نەوەک هەر بە نووسینی خەتە بزمارییە هەرە دێرینەکەی ئێران بەناوبانگە، بەڵکو بە جوانترین مافوورەکانیش ناودارە. ئێرانی ڕاستەقینە، ئەوروپی یان ئەمەریکاییەک، کە پارچەمافوورێکی زۆر جوانی لەنێو هۆدەی دانیشتندا ڕاخستبێ، لەوانەیە خۆی پەی بەوە نەبا، کە مافوورەکە لە ماڵەکانی چیای زافەرانەوە چنرابێ. خۆ ئەگەر لەسەر مافوورەکەشدا نیگاری مەلێکی جوان و ناوازە بە کلکە سەرنجڕاکێشەکەیەوە لەسەر مافوورەکەدا کێشرابێ، ئەوا بێ سێ و دوو لە زێدەکەی ئاغا ئەکبەرەوە هاتووە.

لە ڕۆژێکی بەهاریدا، لەپڕێکەوە بە سەدان باڵندەی سەیر و ناوازە لەپشتی کێوی زافەرانەوە، کە لە سنووری یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو هاتبوون، دەرکەوتن. لەبەر سەرما



هەواڵنامەی کتێب

مەلـەکان برسـی و تینـوو بـوون. گوندنشـینەکانیش دەیانزانـی، کـەی مەلـەکان دێـن. بەیانیـی سـەرلەزوو، لـە یەکەمیـن ئـەو ڕۆژانـەی دوای ئـەوەی مانگ بەپڕی لەسـەر ملی چەپی دوندی شـاخەکەوە هەڵدێ، ئـەوان بەپۆل دەهاتـن. هـەر بۆیـە ژنـەکان پلیکانەکانیـان بـە دیـواری بانەکانـەوە هەڵنـان.

هەرکاتێکیـش باڵنـدەکان دەر دەکەوتـن، ژنانـی گونـد بـە خۆیـان و جامـی پڕ لـە دان و ئـاوەوە دەچوونـە سـەربانان.

ئەوسـا باڵنده نامۆ و جوانەکانیش پێیان وەر دەکرد، ژن و منداڵانیـش لەپشـت پەنجەرەکانـەوە سـەیری مەلەکانیـان دەکـرد کە بە خۆیان و کلکە درێژ و ڕەنگینەکانیانـەوە لـە سـەربانەکان هەڵفڕهەڵفڕیـان بوو، دان و ئاوی قاپەکانی بەردەمیـان دەخوارد و وەک نیشـانەی سوپاسـگوزاریش سـەریان نـەوی دەکـرد. ئـەوان یـەک-دوو سـەعات پشـوویان دەدا. پاشـان هەڵدەفڕینـەوە و لەسـەر کۆچڕەوی خۆیـان بـەردەوام دەبوون. ژنەکانیش کـە هەمـوو ڕۆژەکـە، بگـرە هەمـوو مانگەکـە، لـەوەش پتـر هەمـوو سـاڵەکە و هەمـوو ژیانیـان لەبـەر مافوورچنیـن بەسـەر دەبـرد، ئـەو ژنانـەی هەرگیـز دەرفەتـی ئەوەیـان بـۆ هەڵنەکەوتبـوو، کێوی زافـەران جێ بێڵن، ئیدی ئـەوان ئـەو باڵنده ڕەنگینانەیان دەکردنـە بابەتـی نەخشـونیگار و لەسـەر مافوورەکانیـان دەیانچنیـن.

هاندەرێکـی دیکـەی مافوورەکانـی ئـەو دەڤـەرە نووسـینە بزمارییەکـە بـوو.

ئـەو ئافرەتـە نەخوێندەوارانـەی گونـدی دامێنی زافـەران، ئـەو زەمانـە نهێنییـەی سـەر تابلـۆی ئەشـکەوتەکەیان بـەکار دەهێنـا، تـا خولیـا و ڕازەکانیـان لەسـەر مافوورەکان بچنن.



هەواڵنامەی کتێب

زۆر جارانیش غەوارەیەک بە خۆی و شەپقەکەیەوە بە سواری ئێسترێکەوە لەسەر مافوورەکەدا بەنەخشێندراوی دەبیندرا، کە بەرەو ئەشکەوتەکە لێ دەخورێ، لەنێو دەستیشیدا پارچەکاغەزێک هەیە، نووسینە بزمارییەکەی لەسەر نووسیوەتەوە.

لێ گەلۆ لە کۆتاییی ساڵەکانی سییەوە، لەناکاویشەوە ژنە مافوورچنەکان شتێکی تەواو جیاوازیان لەسەر مافوورەکانیان چنی. ئاخر لەو دەمدا قیتارێک لەسەر مافووەرەکان پەیدا بوو، قیتارێکی دووکەڵکێش، کە وەک مار بە بەر شاخی زافەراندا هەڵدەکشا.

ئەم ڕۆژانەش فڕۆکە بەسەر ئاسمانی گوندەکەدا دەبینرا، کە پاکەتگەلێک فڕێ دەداتە خوارەوە.

ژنە مافوورچنەکان بێمەبەست قیتاری دووکەڵکێش، کە هێمای گۆڕانی دەسەڵات بوو لەسەر مافوور و ڕایەخەکانیان دەچنی. ڕەزاخان، باوکی دواپاشای ئێران، لەو سەردەمدا هەموو دەسەڵاتێکی لەبن ڕکێفدا بوو. دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ناوەندی. شایەک بە خوێندنێکی کەمەوە، بەڵام بە خولیا و ئاواتێکی زۆر. سەربازێکی ئاسایی بوو، خۆی وەک ژەنەڕاڵێک هەڵنا.

لە ساڵی ١٩٢١دا ئەو کودەتایەکی کرد. بە هۆیەوە کۆتایی بە حوکمڕانی خانەوادەی قاجار هێنا. خۆیشی بە پاشای ئێران دانا. ئەو خۆی بە یەکەمین پاشای شانشینی نوێی پەهلەوی دەستنیشان کرد.

ڕەزاخان دەیەویست شتێکی نوێ لە وڵاتدا دابهێنێ. خوازیار بوو وڵاتە کۆنە پاشکەوتووەکە بە وڵاتێکی نوێی


هەواڵنامەی کتێب

هاوچـەرخ، لەسـەر شـێوەی وڵاتـە ڕۆژئاواییـەکان بگـۆڕێ. کارخانـەی نـوێ، قوتابخانەی هاوچەرخ، چاپەمەنی، نماییشـخانە، پـردە ئاسـنینەکان، ڕێـگای نـوێ، پـاس و تاکسـی بێنێتـە نێـو وڵاتـەوە. هەروەهـا نابـێ وێسـتگەی ڕادیـۆ، ئامێـری ڕادیـۆش فەرامـۆش بکـرێ، کـە بـۆ یەکەمیـن جـار لـە مێـژووی ئێرانـدا دەنگێکی ئەفسووناوی ژنـە گۆرانیبێژێـک ئـەم گۆرانییـەی چڕی:

یواش، یواش، یواش، یواش
اومدم در خونه تون
یک شاخه گول در دستم
سر راهت بنشستم.
به خدا یادت نرود از نظرم (....)

هێواش هێواش، هێواش، هێواش
هاتم بەرقاپی ماڵتان
به چڵەگوڵێک لەدەست
لەسەر ڕێگەتا وەستام
هەر خوداش دەیزانێ
هەرگیز لەیادت ناکەم.

ڕەزاخـان زیاتریشـی دەویسـت، خوازیـار بـوو بـە یـەک جـار ژیانـی ئافرەتـان بگـۆڕێ. ژنـەکان بـە شـەو و ڕۆژێـک دەبووایـە چارشـێوەکانیان فـڕی بدابایـە، مانتۆیـەک بپۆشـن، شـەپقەیەک لەسـەر بنێـن و پێیـەوە بێنـە بـازار.

ئـەو دەیەویسـت هەمـوو ئـەو شـتانە خێـرا ڕوو بـدەن.

هەواڵنامەی کتێب

هەر بۆیە بەتوندی کاردانەوەی لەبەرامبەر هەر دژبەرییەک دەنواند و هیچ لێخۆشبوونێکی بۆ نەبوو. ئەو بوو فەرمانی دا لێوەکانی فەروغی[1] شاعیر بدروونەوە، هەر لەبەر ئەوەی شیعرێکی فەروغی خوێندبووەوە، کە دەربارەی ژنان بوو، گوتبووی ژنان بەبێ چارشێو ناتوانن بڕۆن، چونکە ئەگەر بێچارشێو بن لالا دەچن. زۆر لە ڕۆشنبیران، نووسەران و سەرکردە سیاسییەکان ون کران، کوژران یان لە کونجی زینداندا خزێندران.

ئۆپۆزسیۆن دەیگوت، ڕەزاخان نۆکەرێکی بەردەستی باڵوێزخانەی بەریتانییە لە تاران. گوایە ئەو لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانەوە ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە کە وڵاتەکەی لە بەرژەوەندیی ئەوان هاوچەرخانە لێ بکا. ئاخر ئیمپریالیزم ئەو وەک سەربازێک، وەک شۆفارێک لە دژی یەکێتیی سۆڤییەت بەکار دێنێ.

بەڵام ئاخۆ ئەو بووکەڵۆکەیەکی بەریتانیای مەزن بوو یان نا، خودی ئەو خوازیاری ئەو گۆڕانکارییانە بوو، هەوڵ و تەقەللاشی ئەوە بوو بە شێوازی خۆی ڕەوشەکە لە ڕەگوڕیشەوە بگۆڕێ. خۆیشی سەربازێکی سامناک بوو، هەمووان لە بەرچاوی ئەو وەک مردوو وا بوون.

ڕەزاخان ویستی بەر لەوەی کوڕەکەی بگاتە سەر تەختی پاشایەتی، گرنگترین پرۆژەکانی تەواو بکا.

قیتارەکەش یەکێک لە خولیاکانی ئەو بوو.

لە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵی حوکمڕانی جۆربەجۆری پاشا

1 Farogi



هەواڵنامەی کتێب

ئێرانییەکان، سوڵتان و میرەکان، هەرگیز ئەوە ڕووی نەدابوو، کاربەدەستێکیان بچێتە شاخەکان تا سەرژمێری دانیشتووانەکانی بکا و لە تۆمارێکدا ناویان بنووسێ، بەڵام شا ڕەزاخان وای کرد، ویستی هەموو کەسێک ناسنامەی خۆی هەبێ و بەڵگەنامەکەشی لە باخەڵدا بێ.

لە سەدەکانی ڕابردوودا هەر مەلاکان بوون بەتەنیا لەو دێهاتانەی چیانشینەکاندا دەسەڵات بەدەست بوون و حوکمیان دەگێڕا، لێ هەنووکە ژەندرمەکان کە وێنەیەکی ڕەزاخانیان لەسەر شەپقەکانیان داوە، حوکم دەگێڕن، لە خاوەنشکۆ زیاتر گوێ لە هیچ کەسێکی دیکە ناگرن.

ڕەزا خان دەبوایە لەشکرێکی هەبوایە تا ناوخۆی وڵات بخاتە ژێر ڕکێفەوە. سەربازانی ئەو لەشکرەش ناوی خۆیان و بابوباپیر و تەنانەت شوێنی لەدایکبوونیشیان پێویست بوو بزانن، تا لەسەر کارت و ناسنامەکەیان بدرێ. ئیدی بەم جۆرە بۆ یەکەم جار بوو، کتومت ئەوە دەزانرا ئاخۆ چەند کوڕوکاڵ لە گوندی زافەران دەژین. هەمووشی لە دەفتەرێکی قەبە تۆمار کران و تۆمارەکەش لەلای ژەندرمەدا هەڵگیرا.

لە چاکەی ڕەزاخانەوە بوو، ئاغا ئەکبەریش کارتێکی پێ درا، ناسنامەیەک کە بۆ یەکەمین جار بەفەرمی ناوەکەی لەسەر تۆمار کرابوو.

لەبەر ئەوەی ڕێگای ئاسنین خەونێکی گەورەی ڕەزاخان بوو، فەرمانی دەر کرد بەوەی هەر لە ئەوپەڕی خوارووی وڵاتەوە تا سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، ڕێگای ئاسنین لێ بدەن و بیکەنەوە. بۆ ئەوەی دەقاودەقیش بین، هێڵی


هەواڵنامەی کتێب

ئاسنینەکە بە شێویەک بێ دەنگەکەی بگاتە بەرگوێی یەکێتیی سۆڤییەت. ئەو دەیزانی ڕێگای ئاسنین بۆ ئەوروپییەکان لێ دەدا و دەیکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوەشی دەزانی، ئەوروپییەکان ناتوانن ئەم هێڵی ئاسنینە لەگەڵ خۆیان بەرنەوە. ئیدی هێڵی ئاسنین لە وڵات دەمێنێتەوە.

هێڵی ئاسنین بەنێو بیابان، بەسەر ڕووبارەکان، بەنێو شاخ و بەندەن و دۆڵەکاندا، بەنێو شار و گوندەکاندا دەڕۆیشت، لە کۆتاییشدا گەیشتە گوندی زافەران.

ئەو مارە ئاسنینە درێژە بەسەر شاخەکان هەڵدەگەڕا، بەڵام دەبووایە لە نیوەی ڕێگادا بوەستابایە. ئاخر ئەشکەوتە دێرینەکە، کە نووسینی خەتی بزماری لەسەر لادیواری خوارەوەی ئەشکەوتەکەدا هەڵکەندرابوو، لە شاخەکەدا هەڵکەوتبوو، ئەمەش ڕێگای لە هێڵە ئاسنینەکە دەگرت. قیتاری هاتوو لەو سەرەوە دەهات و دەهات، تا دەگەیشتە لای ئەشکەوتەکە و دەوەستا. بۆ ڕێگاکردنەوەش لە بەردەم هێڵی ئاسنینەکەدا، ئەندازیاران دەترسان نەبادا بە پاڵەپەستۆی دینامیت ئەشکەوتەکە زیانی پێ بگا، یان بەسەریەکدا بڕووخێ.

تابلۆی نووسینی خەتی بزماری، ئەو پاشماوە کولتوورییە دێرینەی بابوباپیران لە بەردەم مەترسیدا بوو. مرۆ دەترسا ئەشکەوتەکە درز ببا. بۆیە ئەندازیاران لە ترسان زەندەقیان چووبوو. بەرپرسی پرۆژەکەش نەیدەزانی چۆن بەسەر ئاستەنگەکەدا زاڵ بێ. نەشیدەوێرا هیچ سەرچڵییەک بکا. ئاخر دەیزانی شا چاوی لێیە، هەر پێی خوار دانابا و پرۆژەکە کورتی هێنابا، ئەوا سەری خۆی لەسەر دادەنا.



هەواڵنامەی کتێب

ئیدی بەترسولەرزەوە بروسکەیەکی بۆ پایتەخت نارد:

*هێڵی ئاسنین زیاتر نارِواتە پێش. تابلۆی نووسینی خەتە بزمارییەکە رێگای گرتووە.*

کاتێکیش شا بروسکەکەی خوێندەوە، دەستبەجێ سواری جێبەکەی بوو، بەرەو ناوچە شاخاوییەکە لێی خورِی. کاتێکیش گەیشتە بناری شاخەکە، بەرپرسی ژەندرمەی گوندەکە هێسترێکی بۆ هێنا. کەچی شا رەتی کردەوە سواری ئێسترەکە ببێ. دەیەویست خۆی بە پێ بەسەر شاخەکەدا هەڵبگەرِێ. سەرلەبەیانییەکی زوو، بەر لەوەی رۆژ بگاتە سەر دوندی شاخەکە، رەزاخان لە دەمی ئەشکەوتەکە بوو. عەبایەکی درێژی سەربازی لەبەردا بوو، تێڵای[١] لە بنهەنگڵدابوو، سەیری کرد خەونەکەی چەند دوور رۆیشتووە.

”ئەرێ چی لە گۆرِێدایە؟“ شا وای لێ پرسین.

”خاوەنشکۆ...“ سەرۆکی پرۆژەکە وا هاتەوە وەڵام، بەڵام ئەوەندە ترسابوو، لەوە زیاتر نەیوێرا هیچ بڵێ.

”دەی بۆم روون بکەوە!“

”ئەو، ئئئئەو هێڵی ئاسنینە دەبێ بێرەدا برِوا. دەشترسم کە... کە... کە...“

”هەنووکە؟“

”من... ئەز... من ویستم مۆڵەتنامەی ئێوەم هەبێ تا... تا ئەو تابلۆ بەردینە... بگوازمەوە؟“

”گواستنەوە؟ هەی ئەندازیاری گەلحۆ، دەمت داخە! بیر لە

١ مەبەست لە تێڵا، ئەو مەترەق، یان کورتەدارەی ئەفسەرانە، کە نیشانەی دەسەڵاتە.



هەواڵنامەی کتێب

چارەسەرێکی دیکە بکەوە!"

"ئێمە... هەموو حیساباتێکمان کردووە، هەموو ئەگەرەکانمان لێک داونەتەوە، بەڵام داینامێت ئەشکەوتەکە تووشی دژوارییەکی زۆر دەکا."

"ڕێگایەکی دیکە ببینەوە!"

"لە هەموو جێگرەوکان[1] کۆڵراوەتەوە. ئەمەیان تاکە ڕێگای پێداچوونی هێڵەکەیە. هەر ڕێگەیەکی دیکە نەکردەیە[2]." یاخود دەبێ ئێمە پێچێکی زۆر گەورە بەدەوری هەموو ئەشکەتەکەدا لێ بدەین، بەڵام..."

"بەڵام، چی؟"

"بەڵام ئەمە زۆر درێژە دەکێشێ..."

"چەند درێژە دەکێشێ؟"

"خاوەنشکۆ، شەش تا حەفت مانگی دیکەی زیاتر دەوێ."

"ئێمە ئەو کاتە درێژەمان لە بەردەستدا نییە. نابێ یەک ڕۆژ، یەک سەعاتێکیش لە نەخشە داڕێژراوەکە درێژتر بخایەنێ. دەی تۆ لە بەرچاوم ون بە! هەی ئەندازیاری دەبەنگ! نەکردەیە، ئەمە تاکە وشەیە کە ئێوە بەکاری دەهێنن؟ شەش-حەفت مانگی دیکە؟ چۆن ئەوە بە مێشکتدا دێ؟"

بەتووڕەیی شا لەنێو تاریکاییی ئەشکەوتەکەدا ون بوو. لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەش کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد لە شوێنی خۆیدا بجووڵێ. زۆریشی نەخایاند تا دیسان شا دەر کەوتەوە. ئەو سەیرێکی خوارەوە، سەیری دەیان

---

١ جێگرەوەکان: ئەڵتەرناتیڤەکان

٢ نەکردە: ئەستەم. مەحال.



هەواڵنامەی کتێب

جووتیار، گەنجانی کرد کە بەسەر شاخەکە کەوتبوون تا جەنابی ڕەزاخان ببینن. کاتێکیش ئەوان ڕەزاخانیان لەنێو ئەشکەوتەکەدا بینی، هاتە دەر لەسەر بەردەکان بازیان دا و دەستیان بە خوێندنەوەی دروشم کرد، "بژی شا، بژی شا، هەر بژی شا!"

شاش تێلاکەی خستەوە بنهەنگڵ و بەهێواشی لە ئەشکەوتەکە هاتە خوار. ژەندرمەکانیش لەسەر ئەو حاڵەتەدا بوون کە جووتیارەکان بنێرنە خوار و لەوێ دەریان بکەن. لەو ساتدا لەبناری شاخەکەدا دەستەپیاوێکی هۆشمەند و ڕیشسپیی گوندەکانی دەوروبەر دەر کەوتن. ئەوان بە جلی ڕازاوەی ئاهەنگئامێزەوە و بە سوراحییەکی پڕ لە ئاو، ئاوێنەیەک و قورئانێک بەرەو پیری شاوە هاتن. کاتێکیش گەیشتنە دوورایی سەد مەترێک لە شاوە، هەرە پیرەکەیان ئاوی بەرەو شا پرژاند و هەموو ئەوانی دیکەش سەریان نەوی کرد.

"سڵاو لە سوڵتانی ئێران!" یەکێ لەپیاوەکان وا بانگی کرد. "سڵاو لە ئێوەی سایەی خواوەند لەسەر زەوی."

ئیدی پیاوەکە دانەویەوە و زەویەکەی ماچ کرد.

"دەی وەرە پێشەوە!" شا وا فەرمانی بەسەردا کرد و بە داردەستەکەی دەستیشی ئاماژەی بەو شوێنە کرد، دەبوو پیاوەکەی لێ بوەستێ.

"دەی پیاوی سەرسپی گوێ بگرە! من پێویستم بە نوێژەکەت نییە. سەری خۆت بەکار بێنە. دەی ڕاوێژێکمان پێ بدە. ئەم ئەندازیارە گەمژەیە چەقیوە و نازانێ چۆن هێڵە ئاسنینەکە بەرەو پێشەوە بەرێ. باشە چۆن بتواندرێ



هەواڵنامەی کتێب

قیتارەکە بەنێو ئەشکەتەکەدا بڕوا، بێئەوەی زیانیشی پێ بگەیەنێ؟"

پیرەمێردەکەش گەڕایەوە لای ئەوانی دیکە و کەوتنە ڕاوێژ بە یەکدی کردن.

ماوەیەکی زۆری پێچوو تا ڕیشسپییەکە گەڕایەوە لای شا.

"دەی بیلێ!"

"لەو هەموو سەدانەی ڕابردوودا، بابوباپیرانمان بە دەستی ڕووتەوە خانووەکانی خۆیان دروست کردووە. هەر بەتەنها بە کوتک و سمبەوە کاریان کردووە. هەرگیز کەسیش زیانی بە شاخەکە نەگەیاندووە. پیاوەکان تەنها کوتکیان لەو شوێنانە داوە کە پێویست بوون. ئەوسا ئەگەر خاوەنشکۆ فەرمان بدا، داوا لە هەموو گەنجانی گوند دەکەم بە خۆیان و کوتکەکانیان خڕ ببنەوە. ئەوان ڕێگەی قیتارەکەی ئێوە بکەنەوە."

ئەوسا نیشانە ئۆخژنێک لەسەر ڕوخساری شا دەر کەوت، بەڵام دەستبەجێش نیشانەکە ون بووەوە.

"نەخێر، ئەمە زۆر درێژە دەکێشی. من ئەو هەموو کاتەم بە دەستەوە نییە. من دەمەوێ بەخێرایی کارەکە تەواو بکرێ."

"گەر خاوەنشکۆ فەرمان بدا. داوا لە هەموو گەنجانی ناوچەی شاخنشینی زافەران دەکەم. خۆ ئەگەر پێویستیش بکا، هەموو پیاوەکانی گوندانی دەوروبەریش دێنین. ئێمە ئەزموونمان هەیە، ئێمە بە شاخەکە بەڵەدین. دەرفەتێک بدە پیاوەکان تا بۆتی بسەلمێنن."

شا بێدەنگ بوو.



هەواڵنامەی کتێب

"بەهێزترین کوتکی وڵاتمان بدەرە دەست."

"ئەوسا؟"

"ئەوسا ئێمە ڕێگاکە دەکەینەوە تا قیتارەکەی ئێوە بەنێویدا بڕوا و بگاتە ئەودیوی شاخەکە."

بۆ ڕۆژئاوا، بانگدەری هەموو گوندەکان چوونە سەربانی مزگەوتەکانیان و بانگیان ڕاهێڵا، ئەڵاهو ئەکبەر. لا ئیلاه ئیلا ئەڵا. بە ناوی خودا، بە ناوی گیانی بابوباپیرانمان. بە ناوی شا ڕەزاخان، پێویستمان بە پیاوانی بەهێزە. خۆ ئەگەر پەرداخە ئاویشت لە دەستدا بێ، مەیخۆرەوە، دایبنێ و بەلەز وەرە مزگەوتێ."

هەموو ئێوارەکە، هەموو شەوەکە هەر کوڕوکاڵ و پیاوی گەنج بوون لە هەموو گوندەکانەوە ڕژانە مزگەوتەکەی گوندی زافەران.

بۆ بەیانییەکەی سەرلەزوو بە سەدان پیاو بەدوای مام مۆتکەکە (پیاوە هۆشمەندەکە) کەوتن و چووونە شوێنی دیدار لەبناری شاخەکەدا. ئاغا ئەکبەریش، کە ئەوسا هەر حەڤدە ساڵان بوو، یەکێک لەو سەدان کەسە بوو. ئەو شای نەدەناسی، هەروەها هیچیشی لەبارەی سەروکاری ڕەزاخان نەدەزانی ئاخۆ خەریکی چییە، ئەو هیچ هەستێکیشی سەبارەت بەو نەخشانە بۆ خزمەتکردنی وڵات نەبوو. ئەویش هەر وەک گوندنشینەکانی دیکە، نەیدەزانی ئاخۆ بۆچی دەسەڵاتداران ئەوەندە بەپەلەن، کە قیتارەکە بە زووترین کات بگەیەننەوە ئەودیوی شاخەکە. ئەو هەر ئەوەندەی دەزانی، دەبێ قیتارێک بێت و بەلای ئەشکەوتەکەدا ڕێ بکا، ئەوانیش بۆ ئەوە لەوێن

هەواڵنامەی کتێب

تا تابلۆی نووسینی خەتە بزمارییەکە ڕزگار بکەن.

ڕەزاخان لە شوێنێکی بەرز ڕاوەستابوو، سەیری حەشاماتی پیاوەکانی دەکرد. گوندییەکان ئەو ئەفسانانەیان دەزانی کە دەربارەی کەسایەتیی شا بڵاو ببوونەوە.

ئەوێ دەمێ ئەو لە شارە بچووکەکان و لە دێهاتەکاندا بە کەسێکی ڕزگارکەر دەناسرا، پیاوێک بە هێز و دەسەڵاتێکی زۆرەوە. کەسێک کە بەهانای هەژارانەوە دێ. کەسێک دەیەوێ ڕوخسارێکی نوێ بە وڵات ببەخشێ.

هەرچی خەڵکی تارانیش بوو، بە جۆرێکی دیکە دەیانناسی. ئاخر ئەو هەموو هێز و زەبروزەنگێکی بەکار دەهێنا، تا نەیارەکانی لەسەر ڕێگای خۆی ڕابماڵێ.

ئەو تریاک، چایە و شەکری لە ماڵی مەلایەکی ڕۆحانیی بەناوبانگ دەر هێنا و سێ هەفتەی ڕەبەق دەستبەسەری کرد. بۆ ئەو سزای مەرگی بۆ مەلاکە دانابوو. ئەو فەرمانی دەر کرد مێزەرەکە لەسەری مەلاکە بکەنەوە. ئینجا لێگەڕا مەلاکە بە سەرکۆتی[1] بەنێو خەڵکدا بڕوا. ئاژانەکانی ڕەزاخان بەدوای ژنە چارشێوبەسەرەکاندا دەڕۆیشتن و چارشێوەکانیان لێ دەگرتن. مەلاکانی شارە پیرۆزەکە کەوتنە باری ڕاپەڕین. ئەوسا ڕەزاخان تۆپێکی لەبەرامبەر مزگەوتە ئاڵتوونییە پیرۆزەکە ڕاگرت و بانگی کردن، "ئەو جرجە ڕەشە لەکوێیە! دەی لە کونێ وەرە دەر!"

جرج؟ جرجێکی ڕەش؟ باشە ئەو مەبەستی کێ بوو؟ ئەو بە سەرکردەی ڕۆحانیی ئیمەی شیعە دەڵێ جرجە

---

١ سەرکۆت: سەرڕووت.



هەواڵنامەی کتێب

ڕەشـەکە. لەپڕیش بـە سـەدان گەنجـی ڕوحانـی بـە خۆیـان و تفەنگەکانیانـەوە لـە سـەربانی مزگەوتـی زێڕیـن دەر کەوتـن.

"ئاگریـان بدەن!" شـا ئـاوا فەرمانـی بەسـەر سـەربازەکانیدا کـرد.

هـەر لەوێـدا بـە دەیـان لـە مـەلاکان کـوژران و دەیانـی دیکەشـیان لـێ برینـدرا کـران. بەشـێکی گومبـەزی مزگەوتـە زێڕینەکـەش خاپـوور کـرا. ئیـدی سـەبارەت بـەو ڕووداوە، جیهانـی ئیسـلامی هێدمـە[1] دای گـرت. دوکانـدارەکان دەرگـەی دوکانەکانیـان داخسـت. بـازاڕ داخـرا. خەڵـک جلی ڕەشـی پۆشـی، بـەڵام شـا هـەر گوێشـی لـێ نەگرتـن.

"ئایا هێشتا زۆریان ماون؟"

نەخێـر، ئیـدی کـەس لەسـەر شـەقام و لەسـەر بانـەکان نەدەبینـدرا. هەمـووان چووبوونـەوە ماڵەکانیـان و قاپییەکانیـان لەسـەر خۆیـان پێـوە دابـوو.

ئاغا ئەکبـەر هیچـی لـەو بەزمورەزمـە نەدەزانـی. ئـەو شـای وەک ئەفسـەرە پلـە باڵاکانـی دیکـە سـەیر دەکـرد. ژەنەڕاڵێـک کـە عەبایەکـی سـەرنجڕاکێشـی لەبەردایـە و دارتێڵایەکیشـی لـە بنهەنگڵدایـە.

پیاوە ڕیشسـپییەکە بەرەو لای شـا ڕۆیشـت، هەندێک چەمایەوە ئینجـا کەوتـە قسـە، "هەمـووان شـانوباڵیان لـێ هەڵکـردووە تـا خەونەکـەی پاشـا بـەدی بێنن."

ڕەزاخانیش هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. سـەیری جووتیارەکانی کـرد. لەسـەر سیمای گومانێکی سـەبارەت بـەوە دەخوێندەوە؛

---

١ هێدمە: شۆک.

هەواڵنامەی کتێب

ئاخۆ ئەمانە دەرەقەتی بەدیهێنانی خەونەکەی دێن و کێشەکە چارەسەر دەکەن.

لەو دەمدا، چەند ترومبێلی سەربازی بارهەڵگر پەیدا بوون. بە مەودایەک لەپشت پیاوەکان ڕایان گرت. دوو ژەنەڕاڵ لە ترومبێلەکان هاتنە خوار، بە دەستێکیان کلێتەی سەریان گرتبوو، بە دەستەکەی دیکەشیان تفەنگەکەیان، خێرا بەرەو لای شا غاریان دا.

"خاوەنشکۆ، هەموو شتێک ئامادەیە!" یەکێ لە ژەنەڕاڵەکان وای بە شا گوت.

"دەی بارەکە داگرن!" شاش وا فەرمانی بەسەردا کردن.

ژەنەڕاڵەکان خێرا گەڕانەوە لای ترومبێلە بارهەڵگرەکانیان.

سەربازەکان ئەڵقەی پشتەوەی ترومبێلە بارهەڵگرەکانیان کردنەوە و سەدان کوتکی ئینگلیزییان فڕێدانە خوار.

"تۆ!" شا وا بانگی ئەو پیاوە ڕیشسپییەی کرد، کە لە بەردەمی وەستابوو.

"ئەوە کوتکەکانن! ئەگەر پیاوەکانت تەمبەڵییان کرد، گوللەیەک بە نێوچاوانتەوە دەنێم!"

ئینجا وەر سووڕایەوە، ڕووی لە ئەندازیارەکە کرد و هاواری بەسەردا کرد. "دەی بەو شێوە لەوێ ڕامەوەستە، دەست پێ بکە!"

شا بەرەو جیبەکەی ڕۆیشتەوە، بەڵام لەپڕێکەوە وەستا، هەر وەک ئەوەی شتێکی لەبیر کردبێ. ئەو دیسان گەڕایەوە سەر ئەو گاشە بەردەی پێشتر لەسەری وەستابوو، بە دارەکەی بنهەنگڵی ئاماژەی بە یەکێ لە ژەنەڕاڵەکان دا. ژەنەڕاڵەکەش بەدەوری خۆی ئاماژەی بە حەفت لە



هەواڵنامەی کتێب

سەربازەکان کرد کە هەر یەکە و کۆڵەپشتێکی پڕاوپڕیان هەڵگرتبوو. سەربازەکانیش جووڵەیان تێ کەوت و بەرەو لای شا ڕۆیشتن. ئەوان کۆڵەپشتەکەیان دانا و لەوێ لە بەردەم شا دایان نا و بە حاڵەتی ئامادەیی ڕاوەستان.

شا فەرمانی کرد، "دەی بیانکەنەوە!"

یەکێ لە سەربازەکان هەگبەکانی کردنەوە. شاش بارستە پارەیەکی کاغەزی نوێ و لۆکی لەنێو هێنایە دەر.

کاتێکیش ڕووی خۆی لە جووتیارەکان کردەوە و بانگی کردن، "کوتک بوەشێنن! ئەم پارەیە بۆ ئێوەیە. هەفتەی داهاتوو دێمەوە!"

"بژی شا!" پیاوەکانیش سێ جاران لەسەر یەک هاواریان کرد، "بژی شا!"

ئینجا شا بەرەو لای جێبەکەی گەڕایەوە.

ئەندازیارەکە ڕابەڕایەتیی ئەو جووتیارانەی دەکرد، کە هەموو ڕۆژێ کوتکیان لەسەر شان بەرەو شوێنی ئیشەکە دەڕۆیشتن. جووتیارەکان لەنێو خۆیاندا نوکتەیان دەکرد. ئەوان ماسوولکەی باسکیان نیشانی یەکدی دەدا و دەیانگوت، ئەوان تەنانەت بەرد و بەندەنی شاخی زافەرانیش لە بنەوە دەر دێنن. نەشیاندەزانی ئاخۆ دوارۆژ چی چاوەڕێیان دەکا.

ساڵانێک دواتر، وێنەیەکی ڕەش و سپی لەسەر دەلاقەی زۆپای ماڵی ئاغا ئەکبەردا دانرابوو، مایەی شانازییپێوەکردن بوو. لە وێنەکەدا ئاغا ئەکبەر کوتکێکی بە دەستی ڕاستەوە و لەنێو قامکی گەورە و شادەشدا سمبەیەکی ئەستووری گرتبوو، هەر دەتگوت ماسییە سوورەیە لە هەوادا ڕای



هەواڵنامەی کتێب

گرتـووە.

ئـەو لـە وێنەکـەدا هەنـدێ بـەلاری وەسـتابوو، هەرچەنـدە وێنەگرەکـە ویستوویەتی زیاتـر کوتـک و سمبەکە نیشـان بدا، بـەڵام ماسـوولکەکانی ئاغـا ئەکبـەری گەنـج ئەوەنـدە توندوبەنـد و خـڕ و ئەسـتوور بـوون، وێنەکـە وای لـێ دەکـردی زیاتـر سـەرنجی ماسـوولکەکان بدەی لـەوەی ئامێرەکانی سەنگتاشـی.

کاتێـک هێشـتا ئیسماعیلی کوڕی ئەکبـەر، بچکۆلانە بوو، ئاغا ئەکبـەر چیرۆکێکی درێژی لەبارەی وێنەکەوە بۆ گێڕایـەوە. لـە ڕاسـتیدا چیرۆکەکـە لەبـارەی ماسـوولکە توندوبەندەکان و پـارە دەخولایـەوە، پارەیەکی زۆر کـە ئـەوکات پەیدای کردبوو.

"دەی وەرە ئێـرە!" باوکەکـە ئامـاژەی بـۆ ڕۆڵەکـەی کـرد. "دەی پێـم بڵـێ! ئـەو پیـاوەی لەنێـو وێنەکـەدا دیـارە کێیـە؟"

ئیـدی باوکەکـە دەسـتی بـە گێڕانـەوەی چیرۆکەکـە دەکـرد، "ئـەرێ دەزانـی، مـن، ئەکبـەر زۆر بەهێـز بـووم. مـن بەتەنهـا توانیـم ئـەو بەردانـەی سـەر ڕێگا بشـکێنم، ئـەرێ دەبینی؟ لـەوێ لەپشـتەوە، نەخێر، ناتوانی بیبینی، وێنەکـە بـاش نییـە، وێنەیەکی کۆنـە. بـەڵام لەپشـتەوە، لەپشـت منـەوە، تـۆ ئێسـتا نایبینی؟ دەی قەینـاکا. ئـەو بـەردە دەبووایـە لا ببرایـە، هەمـوو گاشـەبەردەکان دەبووایـە لا ببرابـان. نەدەبووایـە مـاددەی تەقینـەوە بـەکار بهێنـدرێ. چونکـە تەقینـەوەکان لەبـەر نووسـینی خـەتی بزماریی سـەر ئەشـکەوتەکە بـاش نەبـوون.

"مـن جارێـک لەگـەڵ خـۆم دەتبەمـە نێـو ئەشـکەوتەکە. بـەڵام سـەیرکە... ئایا ئـەو شـتەت هەیـە... کتێبی قوتابخانـەت لەکوێیە؟ ئایـا لـە کتێبەکـە، لـە شـوێنێکی کتێبەکـە، وێنـەی ئەفسـەرێکی



هەواڵنامەی کتێب

پلەباڵات بینیوە، کە عەبایەکی بەسەر شاندا داوە، تاجێکیشی لەسەرە. ئەرێ ئەوت بینیوە؟ باشە وێنەکە لەنێو کتێبەکەتدا نییە؟ حەفت، بەڵێ حەفت لەو کیسانەی پەتاتە پڕاوپڕ بوون، پڕ لە پارە بوون. هەموو پارەکەش بۆ ئێمە بوو، چونکە قیتارێک بەوێدا تێدەپەڕی."

ئەرێ ئیسماعیل لەو شێوە زمانە بەراییەی ئاماژەی باوکی دەگەیشت؟

لێرەدا شتێک ڕوون و ئاشکرا بوو. ئیسماعیلە بچکۆلەکە دەیزانی، ژیانی خۆی لەگەڵ ژیانی باوکی ئاوێتە بووە. دەوروبەرەکەی، دایکی، خاڵەکان، پوورەکان، مەلای مزگەوتی گوندەکە، دەرودراوسێکان، هەمووان ئیسماعیلیان ناچار دەکرد بەتەنیشت باوکیەوە دابنیشێ، بڕوا و بوەستێ. سەیری دەمی باوکی بکا، ئاخر ئەو ئەرکەکەی وا بوو.

پاشان دەکرا خاڵ و پلکەکانی[1]، یان پیرەمێردەکانی گوندی زافەران زانیاریی نەدرکاویان پێ بڵێن. لەوانەش خۆیشی لە کات و ساتی پێویستدا لە کتێبە مێژووییەکاندا یان لەنێو ڕۆمانەکاندا، کە دوای مەرگی شا دەنووسران، شتەکان بگەڕێ و بیاندۆزێتەوە.

زۆر جاریش دەچووە لای کازم خان، خاڵە پیرەی باوکی، دەچوو لەتەنیشتی دادەنیشت و گوێی لە بەش و پاژی نەدرکاوی چیرۆکەکان دەگرت. "بەڵێ، بەڕاستی باوکت بە شان و بازووی خۆی، پیاوێکی بەهێز بوو. من پێم گوت کەوا ڕێگەی قیتارێک بەوێدا دەڕوا. من هەرگیز حەزم لە خانەدان و ژەنەڕاڵەکانی شا نەبووە، بەڵام زۆرم لەبارەی

[1] پلک: پوور



هەواڵنامەی کتێب

ڕەزاخان بیستبوو. ویستم جارێک بیبینم. بەڵام ئەمەم بۆ هەڵنەکەوت.“

”بۆچی نا؟“

”چونکە من نەسەلمێن بووم. بە سواری ئەسپی خۆم ڕۆیشتم، بەڵام خۆ بە سواری ئەسپ نابێ بچییە لای ژاندرمان.“

”بۆچی نا؟“

”چونکە ڕێگەپێدراو نییە. من دەبووایە بە پێ چووبام، لەسەر چۆک لە بەردەم شا وەستابام. نەخێر، من ئەم شتانەم نەدەکرد. بۆیە بە ڕێگەی خۆمدا گەڕامەوە، بەڵام بۆ ڕۆژی پاشتر دیسان دەچوومەوە. دەمەویست سەیری پیاوەکانی شاخی زافەران بکەم، ئاخۆ چی دەکەن.“

”ئەوسا بە پێ ڕۆیشتی یان بە سواری ئەسپ؟“

”نەخێر، کەس منی بە پیادە نەبینیووە. هەر لە دوورەوە سەیری پیاوەکانم دەکرد، کە ڕۆژ و شەو بە شەفتی جیاجیا بەردەکانیان دەشکاندن، ئیدی بەم شێوەیە ڕێگایان بۆ قیتارەکە کردەوە.“

”ئایا پیاوەکان بە خۆیان و کوتکەکانی سەر شانیان توانییان کێشەکە چارەسەر بکەن؟ مەبەستم ئەوەیە، بەم جۆرە و لە کاتی خۆیدا ڕێگاکەیان کردەوە؟“

”ئۆو، نا ، نەخێر. لە ڕاستیدا بەڵێ. سەرەتا کارەکەیان بەباشی دەڕۆیشت. هەموان بەهێزەوە کوتکەکانیان دەوەشاند، ئیدی دەتبینی ڕێگات لە بەردەمدایە. بەڵام لە کات و ساتێکدا و ڕێک لەژێر لادیوارە بەردینەکەی ئەشکەوتەکەدا، تووشی گاشەبەردێکی ڕەق بوونەوە. پیاوەکان شەفت لەدوای


هەواڵنامەی کتێب

شەفت لە گابەردەکەیان دەدا، بەڵام نەیانتوانی بیشکێنن. هەفتەی یەکەم بەباشی تێپەڕی، هەفتەی دووەمیش هەر باش ڕۆیشت، بەڵام دوای ئەوە هێزوشەنگیان لێ بڕا. ئەوان هیلاک و کەنەفت بوون، لاواز بوون، تاقەتیان لەبەردا نەما. تەنانەت نەشتدەناسینەوە. ئەندازیارەکانیش ئەوەندە زراویان لە شا چووبوو، نەیاندەبینی کە پیاوەکان هێزیان لێ بڕاوە. ئیدی تۆقان. ئاخر زۆر نابا شا دێتەوە، کەچی گابەردەکە هەر وەک خۆیەتی و چەقی ڕێگای لێ گرتوون.

"شا پێویست نەبوو پاشخانە خوێندنێکی ڕاستەقینەی هەبێ، هەروەها سەر بە ماڵباتێکیش نەبوو کە کتێبی لێ بخوێندرابنەوە، بەڵام ئەو کەسێکی زیرەک بوو، بەتایبەتیش ئەو کەسانی ئاسایی باش دەناسین. هەر بە نیگایەکی سەرپێیی لە کرێکار، یەکسەر دەیزانی چی لەئارادایە. ئەو سەرۆکی ئەندازیارانی دەر کرد، "دەی بڕۆ جانتاکەت بپێچەوە. تۆ بڕۆ ماڵی خۆت. دەی کرمی کتێب، تۆ کار نازانی، تۆ هەر دەزانی بخوێنیتەوە، بخوێنیتەوە، بخوێنیتەوە."

"پاشان شا فەرمانی کرد دە مەنجەڵێ قەبەقەبە لە سەربازگەکە دەر بهێنن. ئەو تێگەیشت، ئەوان هەر بەتەنها بە نان و پەنیری بزن دەرەقەتی کوتکوەشاندنەکە نایەن، نان و پەنیر خواردنێکی پێویست نییە بۆ پیاوگەلێک کە بە درێژاییی چەندان هەفتە هەر کوتک بوەشێنن. ئیدی دە چێشتلێنەری قەڵەو بە خۆیان و دە مەنجەڵی کەتەوە هاتن. شاش فەرمانی بە چەند سەربازێک کرد، کە پێنج بزنە کێوی بکوژن و بیاندەنە دەستی چێشتلێنەرەکان.

"ئەو ڕۆژە پێویست نەبوو هیچ کەسێکیان کار بکا. تەنها



هەواڵنامەی کتێب

بخۆن و بخۆنەوە، جگەرە بکێشن و پشوو بدەن.
"بۆ شەوەکەی شا سەر ئەندازیارێکی نوێی هێنا. ئەویش نەیدەویست بەر لەوەی قیتارەکە لە ئەشکەوتەکە دەر بچێ، بگەڕێتەوە تاران.
"بەیانیی سەرلەزوو بەر لەوەی ڕۆژ هەڵبێ، شا بەسەر ئەشکەوتەکە کەوت، لە کاتێکدا سەربازێک هەگبەیەکی پڕ لە پارەی لەکۆڵ هەڵدا بوو، بەدوایدا دەڕۆیشت.
پیاوەکانیش بە خۆیان و کوتکەکانی سەرشانیان وەستابوون، چاوەڕێی پلانی شایان دەکرد.
شاش عەباکەی داکەند، دەستی دایە بڕەپارەیەک و لەنێو هەگبەکەی دەر هێنا و لەسەر بەردێک ڕاوەستا. بە دارەکەی دەستی ئاماژەی بەو پیاوانەی بەڕیز وەستا بوون دا.
'تۆ!'
پیاوەکە لە ڕیزەکە هاتە دەرەوە لە شا چووە پێش.
'تۆش!'
'نەخێر، تۆ نا، ئەوی دیکە.'
"کابراکەش هاتە پێش. ئەویش باوکت بوو. هەڵبەتە ئەو گوێی لە شا نەدەبوو، بەڵام ئەوانی دیکە دەستێکیان لێدا، 'تۆ، ئاغا ئەکبەر! دەی بۆ پێشەوە!'
"بەم جۆرە شا یازدە پیاوی خورت و بەهێزی لێ گرتن.
"'گوێ بگرن!' شا وا بانگی کردن. 'بۆ بەیانی نامەوێ ئەم گاشەبەردە لێرە ببینمەوە. هەر کوتکێکی توند لەو گابەردە بدەن، یەک ئەسکەناسی واتان دەدەمێ. دەی کێ یەکەمین کوتک دەوەشێنێ؟'
"بێگومان باوکت لە شا نەدەگەیشت، چیی گوت. بۆیە ئەو


هەواڵنامەی کتێب

یەکەمین کەسیان نەبوو. یەکەمین کەس کوتکێکی بە هەموو هێزی خۆی لە گابەردەکە دا و پارچەیەکی لێ کردەوە. 'ئەوەتا پارەکەی تۆ.' شا وای بە کابرای کوتکوەشێن گوت. 'ئێستاش تۆ!' ئینجا ئاماژەی بە باوکی تۆ دا، ئەوسا تێگەیشت شتەکە دەربارەی چییە. ئەویش ئەوەندە بەهێز کوتکەکەی ڕاوەشاند پارچەبەردێکی گەورە لە گابەردەکە بووەوە. شاش خەندە دای گرت.

"'ئەوەتا، پیاوی گەنج، من دوو ئەسکەناست دەدەمێ. دەی ئەوەی دوای ئەو بابێ!'

کار بەم جۆرە ڕۆیشت. گابەردەکە لە شوێنی خۆی نەما و هەر یازدە پیاوەکانیش بەشەکەتی و هێزلێبڕاوی گەڕانەوە ماڵ. بەڵام بۆ شەوەکەی هەموو خەڵکی گوند زانییان، ڕەزاشا بەدزییەوە پارەی خستۆتە نێو هەگبەی باوکت. هەمووان ئەوەیان باس دەکرد، کە ئاغا ئەکبەر کەنەفت و کەلەلا بووە، خۆی لەسەر قاچەکانی ڕاناگرێ.

"وێنەیەکیش لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو بووەوە، کاری ڕێگای ئاسنینی تێدا سەلمێندرابوو. شا بە داردەستەکەی دەستی، ئاماژە بە باوکت دەکا، کە لەسەر زەوی کەوتبوو. کاتێکیش شا ئاماژەی بۆ کرد، یەکسەر باوکت هەڵسا و پڕی دایە کوتکەکەی.\"'دەی کوتکەکە لەسەر شانت داگرە،' وێنەگرەکە وای بە باوکت گوت. 'یەکێ لەو سمبە ئەستوورانە بگرە. ئاوا، بەم جۆرە زۆر باشە. چیدی مەجووڵێ.' بەڵام ئەو هەر سووڕا، بە شێوەیەک تا ماسوولکەی باسکی باشتر لە وێنەکەدا دیار بێ.

بۆ شەوەکەی هەمووان لە گوندەکە بەمەی ڕووی دا



هەواڵنامەی کتێب

پێکەنین. هەموو خەڵکی گوندی زافەران بەو وێنەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو بووە، شانازییان دەکرد.

"بەم جۆرە ئەو یازدە پیاوە بوونە دەوڵەمەندترین کەسانی شاخی زافەران. ئەوان خانووی نوێیان لە بەرد دروست کرد. هەموو کەسێکیش حەزیان لێ بوو کچێکی خۆیان بدەنە یەکێ لەو یازدە گەنجانە. ئیدی گەنجەکانیش جوانترین کیژی گوندەکەیان هێنا.

بۆ باوکی تۆش، هێشتا نەمانتوانیبوو کچێکی بۆ بدۆزینەوە، هێشتا ژنێکی شایستەمان بۆ دەستنیشان نەکرابوو. ڕەوشەکەش وا ڕۆیشت. زۆر جاریش ژیان وا دەڕوا. هەموو شتێک بەسەر دەچێ. لیستی ژیان پڕیەتی لە شتی ناکاوی ڕەچاونەکراو."

"من زۆر شتی نەرێنیم لەبارەی ڕەزاخان بیستووە، نەخاسمە ڕەخنەی زۆر دەربارەی ڕێگای هێڵی ئاسنین. ئەرێ تۆ چۆنی لێ دەڕوانی؟"

"گەنجۆ گوێ بگرە، من هەر تازە پێم گوتی، هیچ شتێک لەبارەی سیاسەتەوە نازانم. بۆ ئەو جۆرە شتانە، نابێ بێیتە لای من. من هەرگیز ڕۆژنامەم نەخوێندوونەتەوە، بەتایبەتیش ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە. من تەنها کتێبەکانی خۆم دەخوێنمەوە، کتێبە کۆنەکان، شیعر و مێژوو دەخوێنمەوە. سەبارەت بە ڕەخنە، هیچ نازانم. ئەوەی دەیزانم ئەوەیە؛ شاخی زافەران شاخێکی ئاسایی نییە. شاخەکە هەر تەختە بارستاییەکی بەردین نییە. شاخەکە پاشماوەیەکی پیرۆزی ئەم نیشتمانەیە. ڕەگوڕیشەی بابوباپیرانمان لەنێو ئەو گاشەبەردانەدا چەکەرەیان کردووە. شتەکەش هەر پەیوەندی



هەواڵنامەی کتێب

بە ئەشکەوتەکەوە نییە. شتی دیکەش لە شاخەکەدا هەیە. بۆ نموونە چاڵاوە(بیرە) پیرۆزەکە. شاخەکە دەژی، هەناسە دەدا، دەی بڕۆ لای ئەشکەوتەکە و بەبێ دەنگی بوەستە. لەوێدا گوێت لێی دەبێ. دەی بڕۆ لای بیرە پیرۆزەکە بوەستە، لە بەردەم بیرەکەدا کڕنووش بەرە و گوێی لێ بگرە.

"لەوێدا گوێت لە دڵی شاخەکە دەبێ، کە لێ دەدا. لەو کاتیشەوە ئەوان دەستیان کرد بەوەی پیرەشاخە زافەرانەکەی ئێمە بە دینامێت و کوتکی ئینگلیزی بڕووخێنن."

"باشە بۆچی باوکمت بۆ ئەوێ نارد؟"

"من ئەوم نەناردە ئەوێ. من تەنها بۆم ڕوون کردەوە، لەوێ چی لەگۆڕێدایە. وێڕای ئەوەش بەڕاستی ئەو گوێی لە من نەگرت، ئەو سەیری هاوتەمەنەکانی خۆی کرد.

"هەرچەندە ئێستا کاتێ سەیری دواوە دەکەمەوە، دەبینم هەموو شتێ بەباشی ڕۆیشت. یەکەم جار ترسام نەبادا شاخەکە بەرگە نەگرێ و لە شوێنی خۆیدا نەمێنێ. ئێستاش، دوای ئەو هەموو ساڵانە، دەبینم شاخەکە خۆی بووژاوەتەوە. بەرزاییەکە دیسان بە گوڵزار سەوز بۆتەوە بە شێوەیەک گاشەبەردە زیان لێکەوتووکان نابینی. بزنە کێوییەکانیش بەنێو هێڵە ئاسنینەکەدا دەڕۆن. کاریلە و بەرخیان بەسەر هێڵەکەدا باز دەدەن. شاخەکە بە هێڵە ئاسنینەکە قاییل بوو و لەخۆی گرت. لە ڕاستیشدا بە کردەوە شتێکی لێ نابینی.

"کەمێکی دیکە قیتارەکە دێ. ئەو بەهێواشی ڕێ دەکا. ئەوەش شتێکی جوانە، پیرەشاخەکەی زافەرانمان شتێکی نوێی هەیە، شتێکی هاوچەرخانەی بۆ پەیدا بووە. قیتارێک بە



هەواڵنامەی کتێب

واگۆنی  سووورباو، کە بەتەقەتەقەوە بەرەو سەروو دەکشێ.
گەنجۆ، ژیان ئاوا دەڕوا. بەڵێ.“


هەواڵنامەی کتێب

# ژن

ئێمە وا گومان دەبەین، کە ئاغا ئەکبەر لەم بەشەدا
دەربارەی برادەرەکان و هەروەها دەربارەی ژنەکەشی نووسیبێتی.

هەموو باڵندەکان خەریکی چێکردنی هێلانەی خۆیان بوون، تەنیا ئاغا ئەکبەر نەبێ. بۆ ئەو نە خۆشەویستی هەبوو نە ژنیش.

پیاوە بەهێزەکانی دیکە، کە خانووی بەردینیان بۆ خۆیان دروست کردبوو، لانەیان لێ دانا و ژنیان هێنا. منداڵیشیان پەیدا بوون. کەچی هێشتا خانووەکەی ئاغا ئەکبەر هەر چۆڵوهۆڵ بوو.

لەو سەردەمدا تا دەهات ئەو زیاتر و زیاتر هاموشۆی لەگەڵ قەحبەکاندا پەیدا کرد. ئەم ڕەفتارەشی پەیوەندی بە کارەکەیەوە هەبوو، ئاخر ئەو پەیوەندیی بەربڵاوی پەیدا کرد. ئەو دەچووە هەموو لایەک و بەدوای پینەکردن و چاککردنەوەی مافوورە کۆنە گرانبەها دڕاوەکاندا دەگەڕا.



هەواڵنامەی کتێب

کاتێکیش ئاغا ئەکبەر گەیشتە تەمەنی دوازدە ساڵی، کازم خانی خاڵی لەگەڵ خۆی بردییە کێڵگەی یەکێ لە برادەرەکانی خۆی. ئوسە غولام[1] کێڵگەیەکی لە ناوەڕاستی شاخەکان دروست کردبوو. لەوێدا خونجەگوڵ و ڕەگی گوڵ و گوڵووک کە پڕی شاخەکەی زافەران بوون، دەر هێنا و چاکی دەکردن و بۆیەیەکی سروشتی لێ دروست دەکردن. خۆ ئەگەر هەرکەس و لە هەرکوێیەک بەدوای ڕەنگی ڕەسەن و ماک بۆ مافوورەکانی گەڕابووایە، دەبووایە سەری کێڵگەی ئەو پیاوەی دابایە.

لە ڕاستیشدا ئوسە غولام پینکەرێکی مافوورە کۆنەکان بوو. هەمیشەش مافووری گرانبەهای کۆنینە هەبوون کە دەدڕان، ئەوسا ئەگەر شوێنی دڕانەکەی پینە نەکرابایە و چاک نەکرابایەوە، ئەو سەرەداوانەی لێوەی دەر هاتبوون، زیاتر بەدوای یەکدا دادەچوون، لەدواییدا کەڵکی مافوورەکەی دەبڕی. بەڵام خۆ تۆ ئەو جۆرە مافوورە نایابانە هەر لە خۆتەوە نادەیتە دەست هەرکەسێک، چونکە گەر کەسێک، وەستایەک پیشەکەی بەجوانی نەکا، سەری لەو جۆرە پنیانە دەر ناچێ، ئیدی پینەی سەقەت و خراپ لەسەر مافووری کۆنینەی گرانبەها وەک برینێکی نوێی لێ دێ و مافوورەکە ناشیرین و خەسار دەکا. ئوسە غولامیش یەکێ لە باشترین پینەکەرانی وڵات بوو. بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار بەتەمەندا چووبوو، حوکمی بینایی چاوەکانیشی وەک جاران نەمابوون، بۆیە نەیتوانی بەردەوامی بە ئیشەکەی خۆی بدا و وازی لێ هێنا.

---

1 Oessa Golam



هەواڵنامەی کتێب

کازم خانیش دەیزانی خوشکەزاکەی نابێتە جووتیارێکی کارامە. ئاخر ئەو، ئەو کەسە نەبوو بتوانێ بەئاسانی لەگەڵ گاسن و زەویکێڵاندا هەڵبکا، یاخود ئەو کەسە نەبوو، دە یان بیست سەرمەڕ و بزنی بدرێتە دەست و چاویان لێ بکا و ببێتە شوانێکی مشوورخۆر. ئەو دەبووایە کارێکی بە دەست و مێشکی خۆی بکردبایە، کارێک دەست و مێشکی بۆ بەگەڕ بخستبایە. هەر بۆیە کازم خان ئەوی بردە لای وەستا ئوسە غولام.

"ئوسە، سەلامون عەلەیکوم! ئەوە گەنجەکەیە کە بۆم باس کردی. ئەمڕۆ لەگەڵ خۆم هێناومە. دەی ئەکبەر دەستی تۆقە بۆ وەستا ئوسە درێژ بکە."

پیاوە پیرەکەش دەستی بۆ بەرکی برد و پەتێکی دەر هێنا کە چەند سەرداوی لێ بیوونەوە، پێشتر ئەو پەتە داوداوەی لە مافوورێکی کۆنینەی گرانبەها دەر هێنابوو، تومەز پێویستی بە پینەکردن هەبوو. وەستاکە بە ئەکبەری گوت، "ئەوەتا، دەی برۆ ئەو گوڵانە بدۆزەرەوە کە ڕەنگیان لەگەڵ ڕەنگی ئەم داوانە تێک دەکاتەوە!"

بەم جۆرە ئاغا ئەکبەر یەکەمین هەنگاوی کارنامەی پیشەکەی هەڵهێنا، ئەو کارەی تا مردن لێی جیا نەبووەوە.

سێ ساڵان لەسەر یەک، هەموو بەیانییان سەرلەزوو ئەکبەر بۆ کارکردن دەچووە سەر کێڵگەی ئوسە غولام و تا ئێوارە درەنگان دەمایەوە، پاشان کە دنیا بوولێڵ دەبوو دەگەڕایەوە. کاتێکیش ئوسە غولام مرد، ئەکبەر شتێکی زۆر لە پینەکردنی مافوورەکان فێر ببوو، بێگومان لە دروستکردنی



هەواڵنامەی کتێب

بۆیەی سروشتیشدا مەعلان ببوو.

دوای مردنی ئوسە غولام، کەس نەبوو لە پیشەکەیدا جێگەی بگرێتەوە، بەڵام لەو نێوەدا ئەکبەر شارەزاییەکی باشی پەیدا کردبوو، گوندنشینانیش دەستکاری ئەویان بەدڵ بوو. گوندییەکان پێیان باشتر بوو ئاغا ئەکبەر بچێتە ماڵەکانیان و مافوورەکانیان بۆ پینە بکا لەوەی کەسێکی لایدە لە دوورەوە بانگ بکەن و کارەکەیان بۆ بکا. ئیدی بەم ڕەنگە ئەکبەر بە سواری ئەسپەکەی لەم دێ بۆ ئەو دێ بۆ پینەکردن دەڕۆیشت. هەر لەو کاتەشدا بوو، سەروکاری لەگەڵ قەحبەکاندا پەیدا کرد و هاموشۆی کردن.

کازم خان سەبارەت بە دۆزینەوە و لیبژاردنی ژنێک بۆ ئاغا ئەکبەر توندوبەند بوو، ڕێسای مەحکەمی هەبوون. ئەو بەدوای کیژێکی تاکچاو یان بە دوای کچە جووتیارێکی مافوورچندا نەدەگەڕا. نەخێر، ئەو بەدوای کیژێکی خورتی بەهێز دەگەڕا، کە مێشکی خۆی باش بەکار بێنێ، ژنێک بتوانێ کاروباری یەکێکی دیکەش هەڵبسووڕێنێ، ژنێک بزانێ کە منداڵەکانی بۆ کێ دەنێتەوە.

"نەخێر، نابێ هەر ژنێک بێ و بەس،" هەمیشە کازم خان وای بە خزمەکانی دەگوت، "جارێ چاوەڕێ دەکەم. من بۆ ئەو بەدوای ژنێکی باشدا دەگەڕێم. خۆ ئەگەر یەک-دوو ساڵی دیکەش بێ ژن مایەوە، چیی تێدایە، خۆ نامرێ، دنیاش کاول نابێ."

هەرچی خزمەکانیش بوون لەگەڵ کازم خاندا هاوڕا نەبوون. ئەوان دەیانگوت، "کازم خان، خۆ نابێ ئەو لەگەڵ خۆت بەراورد بکەی. تۆ لە هەموو گۆشە و کەناری ئەم


هەواڵنامەی کتێب

دەڤەرەی شاخی زافەراندا ژنت هەیە. هەرچی کوڕەکەیە هیچی نییە. خۆ ئەگەر ژنی بۆ نەهێنی ئەوا لاڕێ دەبێ.“

”بەلای منەوە دەکرێ ئەکبەر ژن بێنێ، بەڵام نابێ ژنێکی کەڕە یان شەلە یاخود پەککەوتە بێنێ.“

لەگەڵ ئەوەشدا خۆ هیچ کچێکی جوان و جاحێڵ، لەشساخ و زیرەک لە گوندەکەی شاخی زافەراندا بۆ ئەکبەر نەبوو، تا بیخوازێ و بیهێنێ.

هەر بۆیە ئەکبەر کوڵی دڵی خۆی بە قەحبەکان هەڵدەڕشت و سوکنایی پێ دەهاتن. ئەوانیش پێیان دەگوت، ”دەی ئەکبەر دەی وەرە ژوور، دەی وەرە سەیرێکی ئەم مافوورە بکە. ئەرێ ناتەوێ بۆمانی پینە بکەی؟ دەی وەرە لام دانیشە. دیارە ماندووی، باسکەکانت ئازاریان هەیە، پشتت دەیەشێ. دەی وەرە ئێرە، وەرە پیاڵە چایەک بخۆرەوە. دەی ئاواش سەیرم مەکە. دەی باشە، کەواتە من دێمە لای تۆ دادەنیشم. دەی دەستت بێنە. گەرم و خۆشە، ها؟“

سەبارەت بە چیرۆکی پەیوەندیی ئاغا ئەکبەر بە قەحبەکان، هەر دەبێ گوێ لە برادەری سەردەمی کوڕوکاڵییەکەی سەید شۆجاع[1] بگری.

سەید شۆجاع کەسێکی نابینا بوو، هەر لە زگماکەوە وا بوو، بەڵام بە گوێسووکی ناسرابوو. هەر وەک سەگ دەنگەکانی لێک جودا دەکردنەوە. کەسیش لەبەر تانەوتەشەری زمانە شڕەکەی ئەو دەر نەدەچوو. پیاوەکانیش زۆر خۆیان لە کاروباری هەڵنەدەقورتاند، چونکە دەیانزانی ئەو گوێی ئەوەندە سووکە هەموو سەربردەیەکیانی بیستووە.

1 Seid Shodja



هەواڵنامەی کتێب

سـەید شـۆجاع هەمـوو قەحبەکانـی شـاخی زافەرانـی بـە ناوی یەکەمـی خۆیاننـەوە دەناسـی. دەشـیزانی چ جۆرە پیاوێک و لـە چ گوندێکـەوە هاتـووە و چۆتـە لای. بـە دەنگـی تەپـەی پـێ پیاوەکانـی دەناسـینەوە، "هـۆ پیاویلکـە[1] تـۆ زۆر بەنەرمـی دەڕۆی، خەریکە بەسـەرم بکەوی و پێم لـێ بنێی، چییە دیسـان چـی بووە؟ هـەم دیسـان بـەو هەرامەیـەی نێو پانتۆڵت کەتنێکت کـردووە؟ دەی وەرە دەسـتت بێنـە، دەسـتت بێنـە و سـڵاوم لـێ بکـە، پێویسـت نـاکا لێم بترسـی. خـۆ مـن نهێنییەکانت بـە کـەس ناڵێم."

کـە شـەویش دادەهـات، شـۆجاع دەچـوو لای دارەپیرەکـە و لەسـەر ڕێ دادەنیشـت. کاتێکیش کیـژان بـە خۆیـان و گۆزەی پڕ لـە ئاو لەسـەر کانـی دەگەڕانـەوە، بەگوێرەی تەپەی پێیەکانیـان دەیناسـینەوە، دەیزانـی کامـە کـچ حـەز لـە کامـە کـوڕ دەکا. ئەوانیـش بەتانـەوە شـۆجاعیان دەدوانـد، "سـەلامون عەلەیکـم. هـۆ زڕپیـاو، دەکـرێ یارمەتیـم بـدەی، دەی ئـەو گۆزەیـەم بـدەری."

کیـژەکان پێـی پێدەکەنیـن و ئەویـش دەیدانـە بـەر نەشـتەری تیروتوانجەکانـی.

"دەی، بـڕۆ وەل بـە!" وا بانگـی دەکـرد، "هێـی کیـژێ، لەگـەڵ تۆمـە، بـە خـۆت و ئـەو سـمتە زلەتـەوە. خـۆ تـۆ نابـێ ئـاوا لەسـەر زەوی دابنیشـی، دەنـا زەویەکـە شـەق دەبـا."

سـەید شـۆجاع پارەی نەبوو، بەڵام خۆ پێویسـتیش نەبوو هەیبـێ، ئاخـر ئەکبـەر پارەی دەدایـێ.

---

[1] پیاویلکە یان پیاوۆکە شێوەی بچووکراوەی پیاوە کە بۆ بچووکردنەوە و توانج تیرتێگرتن بەکار دێ.



هەواڵنامەی کتێب

ئەو کەسانەی حەزیان بە چارەی شۆجاع نەدەکرد و لە دەمی شڕی دەترسان، هەندێ جار تۆڵەیان لێ دەکردەوە، وەبەر تیروتوانجیان دەدا، "هێی، تۆ وەک ئەسپێ وای. تۆ پارەی ئەکبەر دەمژی و هەڵی دەلووشی."

سەید شۆجاعیش ئەوەندە تڕزل بوو، گوێی بەو جۆرە قسانە نەدەدا.

کەسێکی دیکەش هەبوو، کە بە نهێنییەکانی ئەکبەر و شۆجاعی دەزانی، ئەویش جەعفەری جاڵجاڵۆکە بوو.

جەعفەر سەقەت بوو، نەیدەتوانی بڕوا، تەنانەت پشتی خۆیشی پێ ڕاست نەدەکرایەوە. ئەو لەڕولاواز بوو، سەرێکی بچکۆلانەشی هەبوو. کاتێکیش بە باسکە توندوبەند و پێیەکانی لەسەر زەوی دەخشا، وا دەجوولا، بەخۆت نەبوو هەر بیرت لە جاڵجاڵۆکە دەکردەوە. ئاخر ئەو، ئەو نازناوی لە گۆترە بەبەردا نەبڕابوو، لێ ئەوەندە هەبوو، وەنەبێ ناوەکەی هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە وەک جاڵجاڵۆکە دەخشی، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو، وەک جاڵجاڵۆکە بەسەر دارودرەخت دەکەوت. تۆ ئەوت لە شوێنی وادا دەبینی، مرۆڤی ئاسایی نەیدەتوانی بیگاتێ. هەر بەقەڵەمبازێکیش بەسەر لقی دارەپیرەکە دەکەوت و لەوێ خۆی هەڵدەدایە سەر گومبەزی مزگەوتەکە. خۆیشی دەخشاندە پەنا پەنجەرەی گەرماوی ژنان، تا بەڕووتی بیانبینێ.

ئەوەی سەید بە چاوەکانی نەیدەبینی، جەعفەری جاڵجاڵۆکە دەیبینی.

تومەز ئەو برادەری سەید شۆجاع و هەروەها برادەری ئاغا ئەکبەریش بوو. بەم جۆرە ئەوان برادەرایەتییەکی



هەواڵنامەی کتێب

تۆکمەیان پێک هێنا و سێ کوچکەییانە توانیان زۆر شت بەیەکەوە بکەن.

کاتێ دەچوونە لای قەحبەکانیش، هەرسێکیان بەیەکەوە دەچوون، ئەمەش وادە دیداری ئەوان بوو. جەعفەر دەچووە سەر پشتی برادەرە نابیناکەی، ئەویش لە ئاست خۆیەوە پیلی[1] ئاغا ئەکبەری توند دەگرت، بەم جۆرە بەسەر شاخی زافەران دەکەوتن.

ئەکبەر و شۆجاع زۆریان پێویست بە جەعفەر بوو، چونکە ئەو زۆر باش لە قەحبەکانی دەزانی. هەرگیزیش هەرسێکیان دەستبەجێ و یەکسەر نەدەچوونە لای قەحبەکان. سەرەتا دەبووایە جەعفەر هەموو شتێک بخاتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵیان بکا. زۆر کەڕەت جەعفەر پەنجەی شادەی بۆ ئەکبەر درێژ دەکرد و پێی دەگوت، "گوێ بگرە! بەبێ من نەڕۆی! دەنا نەخۆش دەکەوی. پاشان ناتوانی چیدی میز بکەی! ئەوسا ئازارێکی ناقۆڵات بۆ پەیدا دەبێ."

ئیدی کار بەو جۆرە بوو، هەموو کاتێکیش باش دەهاتەوە.

ئێوارەیەکیان کاتێک جەعفەر خۆی خزاندبووە سەربانی ئاودەستەکە، گوێی لە دەنگێکی نامۆ بوو. ئینجا گوێی بە کونی سەربانەکەوە نا تا باشتر گوێی لێ بێ. دەستبەجێ زانیی ئاخۆ ئاغا ئەکبەر چیی لێ قەوماوە. هەر خێراش گەڕایەوە لای سەید شۆجاع و پێی گوت، "هۆ سەید، فریا کەوە!"

"چییە؟ فریای چی بکەوم؟"

"ئەو شێتە لە ئاودەست هەر دەنوزێتەوە."

---

١ پیل: قۆڵ.



هەواڵنامەی کتێب

”ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ کێ دەنوزێتەوە؟
”ئەکبەر، ئەو بەدەست میزکردنەوە دەناڵێنێ.“
ئینجا بەجووتە چوونە پشت قاپی ئاودەستەکە.
”ئێستا گوێت لێیە؟ وا دەگرییێ.“
”بەڵێ، هەی بەنەفرەت بێ، بەڵام کێ ناڵێ ئەو بۆ شتێکی دیکە ناگرییێ.“
”نەخێر! ئاخر تۆ بۆ شتێکی دیکە ناچێتە ئاودەست و بناڵێنێ.“
”ئینجا. با بیر بکەینەوە.“
”کوڕی باش، خۆ ئەو شتە پێویستی بە بیرکردنەوە نییە. شتەکە ڕوون و ئاشکرایە. ئێمە دەبێ سەیری هەرامەی[1] ئەکبەر بکەین. ئەوسا دەمودەست لێی تێدەگەم. ئێمە دەبێ بەزوویی بیگرین و سەیری بکەین.“
ئیدی خۆیان لەپشتی پەردەکە حەشار دا، لەوێ چاوەڕێیان کرد تا ئەکبەر هاتە دەر.
”دەی وەرە ئێرە!“ جەعفەر بەئاماژە وای پێ گوت.
ئێوارە درەنگانێک بوو، بوولێڵ بوو، ئەکبەریش دەستبەجێ تێگەیشت چی لەئارادایە. ویستی لەبەریان هەڵێ. بەڵام جەعفەر زۆرزان بوو، هەر خێرا وەک جاڵجاڵۆکەیەک بازی دا و خۆی گەیاندە ئەکبەر و توند لاقی گرت و ئەکبەریش کەوتە سەر زەوی. سەیدیش خێرا خۆی گەیاندێ ملی ئەکبەری گرت.
”هەی بیژمۆت[2]، هەڵنیێ! لەگەڵمان وەرە.“

١ هەرامە: هین. شتەکە (کێر).
٢ بیژمۆت: زۆڵ. بیژی.


هەواڵنامەی کتێب

بەم جۆرە ئەکبەریان ڕاپێچی خۆکێک[1] کرد.

جەعفەر بانگی شۆجاعی کرد، "دەیٚ توند بیگرە!"

سەید هەر خێرا بازی دا و خۆی گەیاندە یەکێک لە دینگەکان و چرایەکی نەفتی هەڵکرد. پاشان پانتۆڵەکەی ئەکبەری تا سەر پێیان هێنایە خوار و سەیری هەرامەکەی کرد.

"دەی ئەو بیژموتەی بەردە. ئەو نەخۆشە."

بۆ ڕۆژی پاشتر، بەیانیی سەرلەزوو، ئەوان بۆ لای پزیشکێک بەرەو شار بەڕی کەوتن.

دوای یەک-دوو مانگ، کاتیٚ ئاغا ئەکبەر چاک بوویەوە، زۆر جار جەعفەر و سەید دوو بە دوو باسیان دەکرد. ئەکبەریش وردەوردە لێیان دوور دەکەوتەوە، ئەوانیش دەیانزانی بۆ وا دەکا. وەک برادەری ڕاستەقینە هەستیان بەو ئەرکە کرد، بچن و بە خاڵەکەی بڵێن. بۆیە ئێوارەیەکیان جەعفەر دەستی دایە چرایەک و بەکۆڵی شۆجاعەوە بەسەر شاخی زافەران کەوتن.

ئەوان چوونە ماڵی کازم خان.

"ئێوارەتان باش،" سەید شۆجاع وای بە خانەخوێیەکە گوت. "دەتوانین بێینە ژوور؟"

"سەید فەرموون وەرنە ژوور. ئێوە هەمیشە بەخێر بێن. فەرموون دانیشن. پیاڵە چایەک؟"

"نەخێر، سوپاست دەکەین. ئێمە دەبیٚ بەر لەوەی ئاغا

---

[1] خۆک: شوێنی تایبەتی وڵسات، هەرچی بۆ ئەسپە پێی دەگوتریٚ تەویلە.



هەواڵنامەی کتێب

ئەکبەر بگەڕێتەوە، لێرە بڕۆین. لە ڕاستیدا ئێمە هاتووین شتێکت پێ بڵێین. ئێمە باشترین برادەری ئەکبەرین، ناشکرێ هەموو شتێکی هەر بشارینەوە. هاتووین پێت بڵێین ئێمە خەمی ئەومانە."

"چۆن چۆنی؟"

"خۆشت دەزانی هەندێ جار لەگەڵ ئەوەش، کە بە ڕێچکەیدا دەڕۆیین، هەندێ شتی سەیروسەمەرەش هەر ڕوو دەدا. بەڵام هەموو جارێک بەباشی هاتۆتەوە. لێ ئەم جارەیان شتێکی دیکەیە. ئەکبەر زیادلەپێویست ملی لێ ناوە."

"چۆن؟ لە سنووری خۆی دەر چووە، ئاخر ئەو چیی کردووە؟"

"من چاوم نین، بەڵام دوو گوێی باش و سووکم هەن. جەعفەریش بە چاوەکانی باش دەبینێ. لە ڕاستیدا دەکرێ جەعفەر شتەکە باشتر ڕوون بکاتەوە، چونکە بە چاوەکانی خۆی بینیوە."

"دەی جەعفەر بیڵێ. چیت بینیوە؟"

"ئاخر ئەوە چۆن بگوترێ؟ ئەکبەر زۆر جار، لە ڕاستیدا خەریکە بڵێم هەموو شەوێک دەچێتە لای قەحبەیەک و سەرجێیی لەگەڵدا دەکا. من، من پێم وا بێ حەزی لێ دەکا. ڕەنگ بێ ئەوەش زۆر قورس نەبێ. ژنەکەش... جاحێڵە و... و... زۆریش میهرەبانە. هەندێ جار وا بیر دەکەمەوە، ژنەکەش دڵی بۆ ئەکبەر لێ بدا."

"بەڵام بەگوێرەی مەزندەی ئێمە، ئەو سنووری خۆی بەزاندووە، ئەرێ سەید وا نییە؟ ئەمە شتەکەیە. ژنەکەش هیچ کەموکورتییەکی نییە. ژنێکی جوان و جاحێڵ و لەشساخە،



هەواڵنامەی کتێب

بەڵام ئێمە پێمان باش و پێویست بوو، تۆ بەم ڕەوشەی بزانی. سەید وا نییە؟"

"بەڵێ" سەیدیش بەسەلماندنەوە گوتی، "کتومت، ئەمە شتەکە بوو. دەی هەڵسە. بەر لەوەی ئەکبەر بێتەوە، ئێمە دەبێ بڕۆین."

کازم خان زانی کاتی هاتووە و دەبێ شتێک بۆ ئەکبەر بکا، دەنا دواتر کەس قاییل نابێ کیژی خۆی بداتێ.

ئەو دانی بەوەشدا نا، لە هیچ شوێنێک کچێکی گونجاوی بۆ خوشکەزای خۆی نەدۆزیبووەوە. هەر بۆیە ئەو ئیشەکەی بە هەندێ لە ژنانی ماڵباتەکە سپاردبوو.

ژنەکانیش قۆڵ و باسکیان لێ هەڵکردبوو، بەدوای کیژێک بۆ ئەکبەری کەڕولاڵ دەگەڕان. گەڕان و سووڕانەکەی ئەوان زۆری نەبرد تووشی بێئومێدی کردن، چونکە هیچی وایان نەدۆزیبووەوە. هەرچی دەیاندۆزیەوە لەگەڵ خانەوادەکە نەدەگونجا. لەوانەی دۆزیبوویانەوە، کیژێکیان باوکێکی دەرۆزەکەری هەبوو، دووهەمیان خاوەنی چەند برایەکی دز بوو، سێهەمیشیان کچێکی بێمەمک بوو، چوارەمەکەشیان ئەوەندە شەرمن بوو تەنانەت ڕووی خۆیشی نیشان نەدان.

نەخێر، ئافرەتانی خانەوادەکەش لە بارێکدا نەبوون، ژنێک بۆ ئاغا ئەکبەر بدۆزنەوە.

لەو نێوەدا تەنها یەک دەرگەی کراوە هەبوو. ئەویش دەرگای ماڵی زەینەب خاتوون بوو، ئەو پیرەژنە پێناوەی گوندی شاخی زافەران. ئەو هەمیشە دەیزانی، کە چۆن کچان بۆ کوڕان بدۆزێتەوە، هەردەم بە کچانێکی دەزانی کە لەسەر



هەواڵنامەی کتێب

گەیی مێرکردن[١] بوون.

بێ سێ و دوو هەر دەبێ زەینەب بووکێکی باش بۆ ئەکبەر بدۆزیبایەوە. تومەز ئافرەتە پێناوەکە[٢] ئالوودەی تریاک ببوو. خۆ ئەگەر ژنانی ماڵباتەکە لە تریاکە بۆرەی کازم خان بۆ ژنەکە ببەن، هەموو شتێک ڕێک دەکەوێ.

زەینەب خاتوون لە دەرەوەی گوند، لە خانوویەک بەقەدپاڵی شاخەکەدا دەژیا. زۆر جار کوڕوکاڵ، پیاوی زگوردی[٣] دەچوونە لای ژنەکە بەدوای هاوسەرێکدا دەگەڕان.

"زەینەب خاتوون، ئەرێ کچێکی باش بۆ من پێ دەزانی؟ ژنێکی باش کە بتوانی منداڵی لەشساخم بۆ بنێتەوە؟"

"نەخێر، من هیچ کچومچم نین، هیچ ژنێک پێ نازانم، نە باش نە خراپ، نەخێر، هەر هیچم بۆ تۆ پێ پەیدا ناکرێ. من تۆ دەناسم. تۆ لە ژنان دەدەی، من لە ژنە کۆنەکەی تۆوە دەزانم، دەی بڕۆ لێرە، بڕۆ لە دایکی خۆت بپرسە بەڵکو بۆت بەدوای ژنێکدا بگەڕێ."

"دەی با بچینە ژووری. ئەرێ باشە چی دەڵێی، ئەگەر لوولە تریاکێکی خەنەییم بۆ هێنابی؟"

"فەرموون وەرنە ژووری. دەی با جاروبار خەندە لەسەر لێوان ببینین. ڕیشت بتاشە. بە خۆت و ئەو ڕوخسارە نەتراشاوە و ئەو ددانە زەردانە هیچ ژنم بۆ تۆ پێ نادۆزرێتەوە."

---

١ گەیی مێردکردن: کاتی مێردکردن.

٢ نووسەر لێرەدا وشەی ناوبژیکاری بەکار هێناوە، بەڵام بۆ ئێرە وشەی خۆماڵی پێناو کە لەنێو حەیراندا هاتووە (پلکە پێناو) پڕ بە پێستیەتی.

٣ زگوردی: سەڵت. بێژن.



هەواڵنامەی کتێب

هەندێ جار پیرەدایکێک لە قاپیەکەی دەدا و دەیگوت، ”زەینەب خاتوون، من پیر بووم، بەڵام هێشتا هیچ نەوەم پەیدا نەبوونە. لە منەوە یەک چارشێوی باشت دەدەمێ، لەو چارشێوە ڕاستەقینانەی لە مەککەوە هاتوون، ئەگەر شتێک بۆ کوڕەکەم بدۆزیەوە.“

ئەویش دەیگوت، ”خەڵک زۆر بەڵێنم پێ دەدا، بەڵام هەر کاتێ ئەو ژنەی بۆیان دەدۆزمە، دەستیان پێ بگا، دەڕۆن، ون دەبن و من هەر لەبیر دەکەن. دەی بڕۆ جارێ چارشێوەکەت بێنە، ئەوسا ئەو کاتەم دەبێ بیرێکی لێ بکەمەوە. ئاخر ئەو ئیشە زەحمەتە. خۆ ژنان هەر لەخۆڕا مێرد بە کەسێک ناکەن کە ئاو و لیکاویان بۆ لە دەم بێتە خوار. دەترسم هەر ئەم ئێوارەیە بمرم و خەڵکیش بە چارۆکە دڕاوەکەم بمنێژن. دەی بڕۆ چارشێوەکەت بێنە، من چاوەڕوان دەبم.“

بە ناحەزی پیاوەکانیان، ژنانی خانەوادەکەی ئاغا ئەکبەر لوولەکێکی تریاکیان خستە نێو جانتای پیرەژنێکیان، کە پووری ئەکبەر بوو، ئیدی چارۆگیان لە خۆیان دا بەرەو ماڵی زەینەب خاتوون کەوتنە ڕێ.

پیاوەکانیش پێیان وا بوو کارێکی نەگونجاوە بۆ دۆزینەوەی ژنێکی گونجاو بۆ کوڕەکەیان لە دەرگەی ماڵی پیناوێک بدەن. هەڵبەتە ئەوان ژنێکیان دەویست، لە ڕاستیدا ئەوان کوڕێکیان دەویست. ئیسماعیلێک بۆ ئەوەی باری سەرشانی ئەکبەر هەڵبگرێ.

لەبەر ئەوەی پیاوەکان نەیاندەویست ئیسماعیلێک لە قەحبەیەک پەیدا ببێ، دەبووایە پێ لەوە بنێن و مل بدەن تا ژنەکانیان بچنە ماڵی زەینەنب خاتوون و داوایەکی وای لێ



هەواڵنامەی کتێب

بکـەن.

ژنەکانیـش بـە حیلکـەی پێکەنینـەوە لـە قاپـی ماڵـی زەینـەب خاتوونیـان دا.

"بەخێر بێن! فەرموون دانیشن."

هـەر لـە دالانەکـەدا پیرەژنەکـە لوولـە تریاکەکـەی خسـتە مستی زەینـەب خاتـوون و پێـی گـوت، "مـن هیـچ لەمـە نازانـم. ئـەم شـتەیان لـە کازم خانەوەیـە."

پاشـان بەئۆقرەلێبڕانـەوە درێـژەی بـە قسـەکانی خـۆی دا، "زەینـەب خاتـوون، ڕێگامـان بـدە لـە کورتـی ببیڕێنینـەوە. ئێمـە بـەدوای کچێکەوەیـن، کیژێکـی عاقـڵ بـۆ ئەکبەرەکـەی خۆمـان. هەمـوو شتەکە ئەوەیـە. ئایا بـۆ ئێمـە شـتێکی وات لـەلا دەست دەکـەوێ یـان نـا؟"

ژنـەکان لـە بێحەوسـەڵەیی دەمڕاسـتەکەیان پێکەنیـن و خۆشـییان لـە قسـەکانی پـوورە پیرەکـە وەر گـرت.

"ئاخـۆ مـن کچێکـم پـێ شـک دێ؟" زەینـەب خاتوونـی بەئەزمـوون وا وەڵامـی دانـەوە. "مـن دەبـێ لە هەموو شـاخەکەدا بگەڕێـم، بـۆ ئێـوە شـتێک هـەر دەدۆزمـەوە. خـۆ ئەگـەر مـن کیژێک بۆ ئاغا ئەکبـەر نەبینمـەوە ئـەدی بۆ کێـی دەدۆزمـەوە؟ دەی فەرمـوون دانیشـن. دە بـا جـارێ پیاڵـە چایـەک بخۆینـەوە."

زەینـەب خاتـوون سـینییەکی پـڕ لـە پیاڵـە و یـەک چادانـە چایـەی بـۆ هێنـان و لەپێشـی دانـان و ئینجـا گوتـی، "دەی بـا بیر بکەینـەوە. کیژێکـی بـاش، ژنێکـی تێگەیشـتوو. بەڵـێ، مـن بـە یەکێکـی وا دەزانـم. ئـەو زۆر جوانیشـە، بـەڵام..."

پوورەکەی ئەکبەر قسەکەی پێ بڕی.



هەواڵنامەی کتێب

"نا بۆ هیچ بەلامێک!" پوورەکەی ئەکبەر لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیشت. "من نیوەژنێکم ناوێ. من ژنێکی کامڵ و تەواوم بۆ خوشکەزاکەم دەوێ."

"هەلا، هەلا، باشە بۆ ڕێگەم نادەی قسەکەم تەواو بکەم. ئاخ ئەگەر قسە لەسەر ئافرێنراوەکانی خوا بکەین، خوا لێمان تووڕە دەبێ. ئەو ژنەی من مەبەستمە، وەک گوێز ساغ و سەلیمە، جوانە، تەنها یەک لاقی لە ئەوی دیکە کورتترە."

"ئۆو، هەر ئەوەندە، قەیناکا، بە مەرجێک بتوانێ بڕوا." ژنەکان وایان پێ گوتەوە.

"ڕۆیشتن؟ ئاخۆ ئەو دەڕوا؟ ئەو وەک مامز باز دەدا. بەلام باشە، بەلام خۆ من ناتوانم لە خودا بپرسم بۆچی قاچێکی لە ئەوی دیکە کورتتر بۆ دروست کردووە. لەوانەیە بۆ ئەمەش هۆکارێک هەبێ. هەروەها من کیژێکی دیکەش پێ دەزانم، بەلام هەندێک کەڕەیە."

"نەخێر، ئێمە هیچ کەڕەیەکمان بۆ ئەکبەرەکەی خۆمان ناوێ." پوورە پیرەکە وای بە خانەخوێکە گوت.

"خۆ ئەو تەواو کەڕە نییە، هەر هەندێک گوێی گرانە. ئەو زۆر باشە، جوانیشە، متمانەم پێ بکەن. ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە، تۆ بڵێی ئەویان باشتر نەبێ لە ئەوی دیکە. پێم وایە ئاغا ئەکبەر پێویستی بە ژنێک هەیە بتوانێ بەباشی ڕێ بکا و بڕوا، توندوبەند لەسەر قاچەکانی خۆی ڕابوەستێ. خۆ ئەگەر کەڕیش بێ، لە ڕاستیدا نابێتە کێشە. خۆ ئاغا ئەکبەر لەگەڵ ژنەکەی قسان ناکا."

"نەخێر ئەکبەر قسەی لەگەڵ ناکا، بەلام منداڵەکانی قسەی لەگەڵدا دەکەن."


هەواڵنامەی کتێب

"ئای خوایە ئاگات لێم بێ، ئەوە ئەم ئێوارەیە گوێم لە چی دەبێ! ئەرێ چۆن دەتوانن ئاوها قسە بکەن و دەست لە کاروباری خودا وەر بدەن، لە کاتێکدا لەنێو ماڵ و حاڵی خۆتاندا پیاوێکی کەڕولاڵتان هەیە؟ ئاخر خوا لێتان پەست دەبێ. بە گوێی من دەکەن ئەو کێژەی لێ هەڵدەگرن. ئەو ڕوخسارێکی جوانی هەیە، قۆڵەکانی جوانن، گەردنێکی هەیە لە ڕەنگی شیر، دوو سمتی مەحکەم و پێیەکانیشی پانن. دەی ئەو کچەی لێ هەڵگرن. خواش بە لێبژاردنتان کەیفی دێ."

بۆ ڕۆژی پاشتر، ژنەکان چوون بووکە داهاتووەکەی ئاغا ئەکبەر ببینن. کیژەکە لە گوندێکی دیکەی شاخی زافەران دەژیا. سەردانەکە زۆری نەخایاند. زەینەب خاتوون ڕاستبێژ بوو. کیژەکە جوان بوو، بەڵام وا پێدەچوو هەندێ ناساغ بێ.

"نەخۆش؟" پێناوەکە وای لێ پرسین. "ئەمە نابێ. لەوانەیە هەندێ سەرمای بووبێ. ڕەنگە... هۆ ژنینە، خۆ خۆتان دەزانن... نەخێر، نەخۆش نییە. بۆ کاتی زەماوەندێ چاک دەبێتەوە."

بەم قسە خۆشانە زەینەب خاتوون ژنەکانی لەخشتە برد و ئەوانی بە دڵی خۆشەوە ڕەوانەی ماڵەوە کردنەوە.

پاش هەفتەیەک، ئێوارەیەکیان پیاوەکان چوون و بووکەکەیان لە گەرماوی گوندی کیژەکە سوار کرد و هێنایانەوە بۆ گوندەکەی خۆیان. ئاغا ئەکبەریش لەبن قاتەکەی خۆیدا ساغ و بەهێز دیار بوو. سەید شۆجاعی نابینا بووە شاهیدی مارەکردن، ئەو لەسەر پشتی ئەسپێک سوار ببوو، لەپێش ئەویشەوە جەعفەری جاڵجاڵۆکە ڕێشمەی ئەسپەکەی توند گرتبوو. بەم جۆرە ئەوان بەسەر گردەکە

هەواڵنامەی کتێب

کەوتن و بەرەو ماڵەکە ڕۆیشتن، لەوێشەوە ژنان بووک و بارگەکەیان بە حەفت ئێستر بەرەو ئەوان هێنا.

لە دوورەوە هەمووان چاوەڕوان بوون. هەمووان لە مەودایەکەوە سەیریان دەکرد ئاخۆ کەژاوەی بووکێ کەی دەگا.

هەر زوو حەفت ئێسترەکە بەدەر کەوتن. ژنانیش دەستیان بە تلولولێدان کرد، تاقمێکیش دەهۆڵیان کوتا و زوڕنایان ژەنی. ئاغا ئەکبەریش یارمەتیی بووکێی دا لە ئێسترەکەی دابەزێ. ئەو توند باسکی گرتبوو، بەپێی دابونەریت بووکەکەی هێنایە ژوورەوە و دەرگاکەی لەسەر خۆی پێوە دا.

ئەوەی ئەوێ شەوێ، لەوێ لە ژوورەوە قەوما، دەقاودەق کەس نەیدەزانی، جگە لە ژنێک نەبێ، ئەو پیرەژنەی لە شوێنێکی هۆدەی بووک و زاوا خۆی حەشار دابوو تا بەسەر ئەوەدا شاهید بێ، ئاخۆ ئەکبەر بۆتە زاوا و ژنومێردایەتییەکە بۆتە شتێکی ڕاستەقینە یان نا.

ئیدی هەر کە زاوا بووکەکەی بردە ژوورێ، هەمووان لەوێ ڕۆیشتن. پیاوە پیرەکان چوون لەلای یەکدی خڕبوونەوە، جگەرەیان دەکێشا، تا ئەو دەمەی پیرەژنەکە بێتە لایان و پێیان ڕابگەیەنێ، "شتەکە سەری گرت. ئەو شتەکەی کرد."

پیاوەکانیش بەیەکەوە هاواریان کرد، "اللهم صلي على محمد و على آل محمد (...) سڵاو لە محەمەد و لە کەسوکاری محەمەد."

لەبەر ئەوەی ئیسماعیل کوڕی ئاغا ئەکبەر بوو، دەبووایە وردەکاریی چیرۆکەکەی بیستبایە. لەو ماوەیەدا هەندێ



هەواڵنامەی کتێب

پیروکالی خانەوادەکە مردن، لەنێویشاندا کازم خان بوو. جارێکیان کاتێک ئیسماعیل چووە شاخی زافەران، لە پوورە پیرەکەی پرسی بەڵکو بچێتە لای.

تۆ بڵێی ئەوکات تەمەنی ئیسماعیل چەند بووبێ؟ پازدە؟ شازدە؟ لەو دەمدا ئەو زۆر جار سەری زێدی باوکی دەدا. هەموو هاوینەکەی لەوێ بردە سەر، لەوێ لە هاوینەهەواری ئەوان. ئەو زیاتر و زیاتری دەویست لەبارەی ڕابردووی باوکی بزانێ.

”کوڕەکەم، ئیسماعیلەکەم،“ پوورە پیرەکەی بەم قسانە پێشوازی لە ئیسماعیل کرد. ”دەستی خۆتم بدەرێ. دەی گەنجۆ وەرە ژوور، دەی جاحێڵەکەم وەرە ژوور.“

پیرەژنەکە توند دەستی کوڕەکەی گرتبوو بە چاوەکانیشی کە بیناییان تێدا کز ببوو، لێوە ڕامابوو، ئیدی بۆ ئەو کوڕی خوشکەزاکەی ئەو وشانەی خوای خوێندنەوە، ”فتبارک الله احسن الخالقین[1].“ قسەی خوایە، فتبارک الله احسن الخالقین.“ سەیرکە، چ بوونەورێکی جوانم ئافەریدە کردوە و ئەویش مرۆڤە.

ئیسماعیل هەر لەو گۆڕە ڕۆڵەیەکی ماڵباتەکە نەبوو، بەڵکو ئەو، ئەو کوڕە بوو دەمێکی دوورودرێژ بوو خانەوانەکە چاوەڕێی لەدایکبوونیان دەکرد. ئەوان دوعایان بۆ دەکرد، بەڵکو گەورە و لەششاغ بێ، تا ببێتە پاڵپشتێکی باوکی. ئەو

١ سورەتی المومنون ئایەتی ١٤. نووسەر لە پەراوێزیدا وا واتای لێک داوەتەوە“ کاتێ خوا مرۆڤی ئافەریدە کرد، هەر بەخۆی حەزی لە دەستکاری خۆی کردەوە.“ مام هەژاریش لە وەرگێرانەکەی خۆی ئاوای نووسیوە: دەسترەنگینی هەر بۆ خوایە، کە هیچ وەستایەک نایگاتێ.

هەواڵنامەی کتێب

بۆ ماڵباتەکە دیارییەکی یەزدانیی بوو. نۆبەرەی منداڵی باوکی خۆی بوو. کتومت ئەو شتە بوو کە ماڵباتەکە دەیانەویست. هەر دەبێ ئیرادەی خوا بێ.

پوورەکە ئیسماعیلی بردە ژوور.

"بەر لەوەی ماڵئاوایی لە ژیان بکەم، دەبێ شتێکت سەبارەت بە ژنهێنانی باوکت پێ بڵێم. دەی لەگەڵم وەرە، بابچین لەوێ دابنیشین. من مافوورێکم لەوێ لەبن سێبەری ئەو پیرە داربادەمەدا ڕاخستووە."

بە پاڵدانەوە بە قەدی پیرەدارەکەوە، پوورەکە گوتی، "ئیدی کار ئاواها ڕۆیشت. من لوولە تریاکێکی زەردباوم خستە نێو جانتاکەم و لەگەڵ ژنانی دیکەدا بەرەو ماڵی پلکە پیناوێ ڕۆیشتین، بەڵکو کیژێک بۆ بابت ببینیەوە تا بیخوازین. ئەمەشیان هەڵە بوو کردمان. دەبووایە وام نەکردبایە."

"بۆچی نا؟"

"لە ڕاستیدا ئێمە ئەرکی سەرشانی خۆمان بەباشی بەجێ نەهێنا. بۆیە خوا ئێمەی سزا دا."

"سزادان، بۆچی؟"

"چونکە ئێمە ئەومان فەرامۆش کردبوو، خودا خۆی ئاگای لە باوکت بوو. ئێمە دەمانویست هەرچۆنێک بێ، ژنی بۆ بێنین. ئێمە کارێکی وامان کرد، وەک ئەوەی بڕوامان بە خودا نەبێ، وەک ئەوەی بڕوامان پێی نەبێ. وەک ئەوەی خودا وازی لە باوکت هێنابێ. هەر بۆیە ئێمە سزا دراین."

"من لە تۆ تێناگەم."

"ژنان بووکەکەیان بە سواری هێستر لە گوندەکەی



هەواڵنامەی کتێب

ساروخەوە[1] بۆ باوکت گواستەوە. من دەستی بووکەکەم خستە نێو لەپی باوکت و بردمە ژووری نووستنیان. من ئەو ژنە بووم لە شوێنێکی ژوورەکە لەپشت پەردە دەبووایە خۆم حەشار بدەم.“

”لەپشت پەردە؟“

”خەڵک زەمانی پێشتر ئاوایان دەکرد. من دەبووایە بەدزییەوە سەیریان بکەم، ئاخۆ هەموو شتێک باش بە ڕێگای خۆیدا دەڕوا. ئاخۆ کیژەکە... دەی کوڕەکەم، دە لێگەڕێ. ئای دەبووایە ژنێکی دیکە لەجیاتیی من خۆی لەپەنا پەردەکە حەشار دابووایە.

”من گوێم گرت و هەستم کرد شتەکە باش بەڕێوە ناڕوا. نەمزانی ئاخۆ چی لەئارادا بوو، بەڵام هەستێکی پێشوەختەم لەلا گەلاڵە ببوو، کە خوا بەم کارە قاییل نییە.

”بابت لەگەڵ کیژەکە سەرجێیی کرد. ئەو پیاوێکی بەهێز بوو، شانەکانی پانوبەرین بوون. من باش گوێم لەو بوو، بەڵام گوێم لە بووکەکە نەبوو، نە دەجووڵا، نە دەنگێکی لێوە هات، نە هەناسە نە نووزە، نە ناڵە و نرکە، نە ئێش نە هیچ، هەر هیچم گوێ لێ نەبوو.

”بەڵام باشە، خۆ شتەکە ڕووی دا، ئیدی لەپشتی پەردە هاتمە دەر و هاتمە ماڵەکە و ئاماژەیەکم بۆ کازم خان کرد، ’ئیشەکەی کرد.‘

”هەمووان دڵخۆش بوون، هەمووان جگەرەیان دەکێشا و شتیان دەخوارد، ئێمەش حەفت شەو و حەفت ڕۆژ ئاهەنگمان گێڕا. بەڵام خۆ نەماندەزانی، خوا بەم کارە ڕازی نییە، کە

1 Saroeg



هەواڵنامەی کتێب

کردوومانە. ئەمەش هەمووی هەڵەی من بوو.

"وەک بەتەمەنترین ژن دەبووایە بمزانیبایە. دەبووایە چاوم بکردبانایەوە و حەوسەڵەی زیاترم هەبووایە. دەبووایە بە هەمووانم بگوتبایە، ئێمە نابێ پەلە بکەین."

"چۆن؟"

"من پەلەم کرد. ناشزانم بۆچی. بینیم بووکەکە لە شوێنی خۆی ناجووڵێ. خۆ دەبووایە ئەو شتێکی خۆی دەر خستبا. هەر هیچ نەبووایە لەپشت پەردەش دەبووایە خەندەیەکی بووکەکەم بدیتبایە. ئاخر پەردەکەم هەندێ ترازاندبوو، بەڵام هیچ لەوانە ڕووی نەدا. ژنەکە هەر هیچ هیچی نەکرد."

"باشە بۆچی ئەو هەموو شتەم بۆ دەگێڕیتەوە؟ ئەرێ تۆ باسی دایکم دەکەی؟"

"نەخێر گەنجۆ. کەمێ ئارام بگرە. لە شەوی حەفتەمدا دیسان بابت چووە لای ژنەکەی، منیش چوومە ژوورێکی دیکە نووستم. من دەبووایە تا حەفت شەو لەوێ لەنزیکیان بوومایە. من خەوم لێکەوت، بەڵام لە نیوەی شەودا گوێم لە دەنگی تەپەی پێی توند بوو. باوکت هاتە هۆدەکەم. تاریکیش بوو، بۆیە سیماکەیم نەبینی. ئەو شتێکی دەهەژاند، لێی تێنەدەگەیشتم مەبەستی چییە، بەڵام هەستم کرد شتێکی خراپ لەئارادایە. لەنێو پێخەفەکەمدا هەڵسامەوە، باوکت منی بردە بەر حەوشە، بەر ڕووناکایی مانگ. باشە چی لەگۆڕێدا بوو؟ سارد، ئەو وا ئاماژەی کرد. بووکەکە ساردە. منیش خێرا غارم دا، چرایەکەم لەگەڵ خۆم هەڵگرت لەسەر سەری بووکەکە ڕام گرت. بەڵێ ئەو وا بوو، چاوەکانی ساردوسڕ بوون. ئەو مردبوو."



هەواڵنامەی کتێب

”بەڵێ؟“ ئیسماعیل بەواقوڕماویەوە پرسی. ”کەواتە دایکی من ژنی یەکەمی نەبوو؟“

”نەخێر.“

”باشە بۆچی هیچ کەس ئەوەی پێ نەگوتووم؟“

”گەنجۆ، ئەوە نییە وا من پێت دەڵێم. گەر پێشتر پێمان گوتبای هیچ واتای نەدەگەیاند.“

ساڵانێک دواتر، کاتێک ئیسماعیل لە پایتەختەوە بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، بەئاماژە بە باوکی گوت، ”دەی وەرە ئێرە! دەمەوێ شتێکت نیشان بدەم.“ ئیدی ئیسماعیل وێنەی کچێکی شۆخوشەنگی لە جانتاکەی دەر هێنا و دایە دەست ئاغا ئەکبەر.

”ئەوە کێیە؟“ ئەویش بەئاماژە لێی پرسی.

”تۆ نابێ جارێ لەوە زیاتر بلێی،“ ئەو وای پێ گوت، ”لەوانەیە دواتر مارەی بکەم.“

ئاغا ئەکبەر بەوریاییەوە لە وێنەکەی ڕوانی. ئەو بەخەندەوە ئاماژەی بۆ کرد، ”زۆر شۆخوشەنگ دیارە. بەڵام دەبێ زۆر وریا بی! دەبێ باش تەماشای بکەی. گوێ لە سییەکانی بگرە ئاخۆ بەباشی کار دەکەن. ئاخۆ بەباشی هەناسە دەدا. من، من هیچ نابیستم، بەڵام خۆ تۆ دەبیستی، تۆ دوو گوێی باشت هەن. هەناسە وەرگرتن و دانەوە زۆر گرنگە.“

”خەمی ئەوەت نەبێ. من گوێم لێ گرتووە. ئەو بەباشی هەناسە دەدا.“

”ئەدی مەمکەکانی؟ مەمکەکانی ئازاریان هەیە؟“


هەواڵنامەی کتێب

”نەخێر، مەمکەکانیشی باشن، نایابن، ئازاریان نییە.“

”باسکەکانی؟“

”نایابن.“

ئینجا باوکەکەی خەندەیەکی بۆ کرد. ”زۆر باش سەیری زگی بکە.“

ئەو شەوە بۆ یەکەمین جار ئاغا ئەکبەر بە ئاماژەکانی شتێکی سەبارەت بە یەکەمین ژنی بۆ کوڕەکەی گێرایەوە. کە وا بووکەکەی هەموو جەستەی هەر ئازار بوو. نەخۆشییەکی لە قەفەزی سینگ، یان لە مەمکەکان یاخود لە سییەکاندا هەبوو. ئەو هێشتاش بەدروستی نازانێ چی بوو، چی قەوما. ”مەمکەکان دەبێ باش گەرم بن. نابێ سارد بن. نەخێر، نابێ وا بن.“


هەواڵنامەی کتێب

# چاڵەکە

فارسێک  هەمیشە چاوەڕوانی یەکێک دەکا
لە گۆرانییە فارسییەکاندا  هاتووە، یەکێک هەر دێ،
کەسێک کە ڕزگاریان بکا.
ئەوان لەنێو هۆنراوەکانیاندا چاوەڕوانن.
لەنێو چیرۆکەکانیاندا چاوەڕوانن.
بەڵام ئەو کەسەی کە دێ، لەو بەندەدا  لەنێو بیردایە.

ئەگەر بتەوێ بەرەو ئەشکەوت بڕۆی و ڕووت لە ئەشکەوتەکە بێ، ئەوا لەلای دەستەڕاستەوە لووتکەی شاخی زافەران دەبینی و لە دەستەچەپیشەوە زنجیرەیەک چیای زەردی بۆرە دەر دەکەون. لە یەکێ لەو چیایانەدا لە شوێنێکی دەگمەندا شتێک هەیە، کە یەکسەر سەرنجت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. بەتایبەتیش ئەگەر بۆ یەکەمین جار بێ بەسەر شاخی زافەراندا سەر بکەوی، هەرکاتێک سەیری چیاکە بکەی، نیگات لەسەر شوێنەکە لا ناکەوێ.


هەواڵنامەی کتێب

ئەو شوێنە سەیرە تا ڕادەیەک ئەستەمە و هیی دەستپێگەیشتن نییە. لە خوارەوە و لەبەر ڕۆژ هەر دیواری کۆنینەی شاخەکە دەبینی، کە بە هۆی باران، بەفر و بەستەڵەک شێوەیەکی سەیری وەر گرتووە. سەرسام و پیرۆز ئەو وشانەن کە دەکرێ وەسفی شوێنەکەی پێ بکەی. لە بەرپێی ئەو دیوارە ڕازدارەدا بیرێکی سروشتی قوول هەیە، ڕەنگبێ کونێک، درزێک بێ بە هۆی تەقینەوەی گڕکانەوە پەیدا بووبێ.

بۆ بڕوادارانیش ئەو بیرە واتایەکی پیرۆزی هەیە.

لای مسوڵمانە شیعەکان چەند سەدەیەکی دووردرێژە چاوەڕێی فریادڕەسێک (مژدەدەرێک)، چاوەڕێی ئیمامی مەهدی موبارەک دەکەن، چونکە ئەو فریادڕەسە[1]، ئەو ڕزگارکەرە. لێرەدا بڕوای شیعەکان بەتەواوی لە هیی سوننەکان جیاوازە. شیعەکان بڕوایان وایە، دوای موحەمەدی پێغەمبەر، هێشتا دوازدە ئیمامی پیرۆز هەن. دوازدەهەمین جێگرەوەیان، یان بەگوێرەی گێڕانەوەی شیعەکان دوایین چاکەکە[2]، ناوی مەهدی بوو. بۆ ئەوەی دەقاودەقیش بین، مەهدی کوڕی حەسەن عەسکەری بوو.

مەهدی کوڕی حەسەن بوو، حەسەنیش کوڕی تەقی، تەقی کوڕی ڕەزا، ڕەزا کوڕی کازم، کازم کوڕی سادق، سادق کوڕی جەعفەر، جەعفەر کوڕی موسا، موسا کوڕی

١ نووسەر لێرەدا هەر وشە فارسییە – عەرەبییەکەی ناجي (Nadji) بەکار هێناوە.

٢ لێرەدا وەرگێڕانی ئەو وەسفەی دراوەتە پاڵ مەهدی دەقاودەق پیرۆز دەگرێتەوە، بەڵام من چاکم لەجیاتیی پیرۆز، قدیس بەکار هێناوە.



هەواڵنامەی کتێب

باقر، باقر کوڕی حوسێن، حوسێنیش برای حەسەن و حەسەنیش کوڕی عەلی بوو. عەلیش زاوای پێغەمبەر محەمەد بوو.

چواردە سەدە بەر لە ئێستا، موحەمەد پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە ژیان بکا، داوای لە شوێنکەوتووەکانی کرد خڕ ببنەوە. بەم شێوەیە لە کتێبە پیرۆزەکەدا نووسراوە:

*محەمەد چووە سەر پشتی وشترێک ڕاوەستا، کەمەری عەلی زاواکەی گرت و بەرزی کردەوە و بانگی کرد: "ئەوەی منی خۆش دەوێ، دەبێ عەلیشی خۆش بوێ. عەلی گیان، ڕۆحیانەت و جێگرەوەی منە.*[1]"

سونییەکانیش پێیان وایە ئەم چیرۆکە لەلای فارسەکانەوە داهێندراوە. بۆیە هەمیشە هەر شەڕوهەرا لەنێوان عەرەب و فارسەکاندا قەوماوە، هەمیشە هەر شەڕ و کوشتار بووە.

عەلی بەخۆیشی لە کاتی نوێژکردن و لە مزگەوتدا شمشێرێکی لە پشتەوە لێدرا و کوژرا.

حەسەن کوڕی عەلی کە جێگرەوەی باوکیشی بوو، بۆ هەتاهەتایە لە ماڵەوە لەبن چاودێریی دەستبەسەرداگرتندا مایەوە. حوسێن، سێهەمین جێگرەوەش سەری پەلدرا. کەسانێک سەری ئەویان بە دارێکەوە کرد و لە دەروازەی شارەکەدا هەڵیان واسی. باقر، چوارەمین جێنشێن، بە نەخۆشییەکی نەزانراو ژیانی لەدەست دا. موساش نەدەبووایە بە ڕۆژ خۆی دەر بخا، نەدەبووایە بەلای مزگەوتەوە بچێ و بۆشی نەبوو لە هیچ شوێنێک نماییشی خۆی بکا. جەعفەریش

١ لەوانەیە ڕۆماننووس مەبەستی فەرموودەی غەدیر بێ.



هەواڵنامەی کتێب

حوکمی ئەوەی بەسەردا درا، تا لە ژیاندا ماوە قسە نەکات و قولماتی لە دەم نەیەتەدەر. کازمیش گیرا. ڕەزاش بە تریێ تەڕوتازە ژارخواردوو کرا. گۆڕەکەشی لە ئێراندا بۆتە پیرۆزترین مەزارگا.

هەرچی لەبارەی حەسەن، یازدەهەمین جێنشینیشە، زانیارییەکی ئەوتۆ لە بەردەستدا نییە، بەڵام مەهدی دوازدەهەمین، دواجێنشین، دوائیمام لە شەڕێکدا هەڵات و پەنای بۆ ئێران هێنا.

لەو کاتەوە مەهدی شوێنێکی تایبەتی لەنێو دڵ و دەروونی فارسەکاندا بۆخۆی گرت، شوێنی تایبەتی لەنێو باوەڕ و ئەدەبیاتەکەیاندا گرتەوە.

وە نەبیّ ئەمەش لەنێو کتێبە پیرۆزەکە یان لە کتێبێکی دیکەدا نووسرابیّ، بەڵام گوندنشینانی شاخی زافەران پێیان وایە، لەو باوەڕەدان وا بیّ و ئەم چیرۆکەی خوارەوە بۆ منداڵەکانیان دەگێڕنەوە:

*ئەو شەوەی عەرەبەکان ویستیان ئیمامی مەهدی بکوژن، ئەو بۆ وڵاتەکەی ئێمە هات، پەنای بۆ ئەو شوێنە هێنا کە زۆرترین شوێنکەوتووانی ئەوی لیّ بوون.*

*ئەو بۆ داڵدەدان ڕووی لە بەشی هەرە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە کرد. کەواتە ئەو لای ئێمە گیرسایەوە.*

*یەکەم جار بە سواری ئەسپ، پاشان بە سواری ئێستر دواتریش هەر بە پیّ بەسەر شاخەکەمان کەوت و تا خۆی گەیاندە ئەشکەوتەکە. لەوێدا بۆ چەند شەوێک مایەوە.*

*دەی برۆ چرایەکی نەوتی هەڵگرە و برۆ نێو ئەشکەوتەکە،*



هەواڵنامەی کتێب

*لەوێ لە بنەبانی[1]، خۆڵەمێشی ئەو ئاگرە دەبینی، کە ئەو لەو شەوانەی خۆیدا هەڵی کردبوو، هێشتاش خۆڵەمێشەکە هەر ماوە و لەوێیە.*

*ئیمام ویستی بۆ ماوەیەکی درێژتر لەنێو ئەشکەوتەکەدا بمێنێتەوە، بەڵام عەرەبەکان بەدوایەوە بوون، لێی نەگەڕان و شوێنەکەیان دۆزییەوە.*

*ئیدی ئەو پتر بەسەر شاخەکە کەوت، تا گەیشتە لای دیواربەندە سەیرەکە. لەوێدا تێگەیشت، کە ئەو دوایین جێنشینی پێغەمبەرە. ئەو دەبێ بچێتە نێو بیرەکە و لەوێ بمێنێتەوە و چاوەڕێ بکا تا ئەو کاتەی بانگ دەکرێ.*

*لەو کاتەوە تا ئێستا چەند سەدە تێپەڕیون. ئەویش هێشتا هەر لەنێو بیرەکەدا چاوەڕێیە. بیری مەهدی ئیبنول حەسەن ئەلعەسکەری.*

ئیدی بەم جۆرە، ئەو شوێنەی شاخەکە پیرۆز ڕاگیرا.

ساڵانە بە هەزاران حاجی بەسەر پشتی ئێسترەوە بەسەر شاخی زافەران دەکەون. ئەوان تا نیوەی ڕێ دەڕۆن و دەگەنە بەرزاییی ٢٥٠٠ مەتر. ئینجا لەنێو کەڤرەکاندا مافوور و ڕایەخەکانیان ڕادەخەن و دادەنیشن، چایە دەخۆنەوە، خواردن ئامادە دەکەن، تا نیوەشەو، بەڵکو تا بەرەبەیان تا ئەو کاتەی مانگ لەپشتی شاخەکەوە ئاوا دەبێ، بازاڕی گفتوگۆ و باسوخواسەکانیان گەرموگوڕە. ئەوسا هەموویان بێدەنگ دەبن، دەمیان دادەخەن و بەو مات و بێدەنگییە سەیری شوێنە پیرۆزەکە دەکەن.

١ بنەبان: لای سەرەوە.



هەواڵنامەی کتێب

لەپڕیش ڕووناکییەکی پەرجووانە لە دیواربەندی شاخەکە پەیدا دەبێ، ڕووناکییەکە بە ڕووناکیی یەکێک دەچێ کە لەنێو بیرەکەوە بە قەندیلەیەکەوە بێتە دەرەوە. ئەمەش هەر چرکەساتێک دەخایەنێ، پاشان لە بەرچاوان ون دەبێ. ئەوسا هەموویان دەکەونە سەر چۆک و نوێژ دەکەن و دەپاڕێنەوە.

مرۆ بڕوای وایە و بۆ یەکدیش دەگێڕنەوە، گوایە ڕووناکیی چرایەکە هیی ئەوەیە، ئیمامی مەهدی لەبەر چرایەکە کتێبەکەی خۆی دەخوێنێتەوە.

بەڵێ، مژدەدەرەکە لەنێو بیرەکەدا دانیشتووە دەخوێنێتەوە و چاوەڕێی ئەو ڕۆژەش دەکا کە بۆی هەیە بێتە دەر.

لەو شوینەش کە بیرەکەی لێیە، بۆ کەسانێکی ئاسایی مایەی پێڕاگەیشتن نەبوو. هەروەها بۆ بێگانانیش قەدەغە بوو، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بە پەت و قەڵەمی بزمارییەوە ویستویانە بۆ نێو بیرەکەدا شۆڕ ببنەوە.

هەر بۆیەشە گوندنشینان ئەزموونی بزنە کێوییان هەیە، ئیدی بەو توولەڕێ و بزنەڕێیانە لەسەر ئەم گابەرد بۆ ئەو گابەرد باز دەدەن تا بگەنە شوێنەکە. لە گوندی زافەرانیشدا هەر یەک-دوو پیاو دەیانتوانی وا بکەن. یەکێکیش لەوان ئاغا ئەکبەر بوو.

دایکی ئەکبەر زۆر جار باسی چاکە پیرۆزەکەی بۆ کوڕەکەی دەکرد، کاتێک بچووک بوو.

ئەویش دەیپرسی، "هەر بەڕاستی ئەو لەوێ دەژی؟"

"بەڵی، بەڕاستی وایە. خوا لە ئاسمانە و ئیمامیش لەنێو بیرەکەدایە."



هەواڵنامەی کتێب

"ئایا تۆ ئەوت لەوێ بینیوە؟"

"من؟ نەخێر، من ناتوانم سەر بکەومە سەر ئەو شوێنە. بەڵام پیاوانێک هەبوون توانیبوویان بگەنە ئەو شوێنە عاسییە. ئەوان سەیری بیرەکەیان کردبوو، ئیمامەکەشیان لەوێ بینیوە."

"کێ؟ کامە لە پیاوەکان؟"

"ئەو پیاوانەی کە شاڵێکی کەسکیان بەستووە. ئەوانت نەبینیون؟ ئەوان زۆر جار بە پشت قیتییەوە بەنێو گوندەکەدا بەشانازییەوە ڕێ دەکەن."

"ئایا دەکرێ منیش جارێ بۆ بیرەکە هەڵبکشێم؟"

"تۆ دەبێ قاچوقولی بەهێزت هەبن، بەڵام دەبێ زیرەک و ئازاش بی."

ئەکبەر یەک-دوو جار تێکۆشاوە بەسەر شاخەکە هەڵبگەڕێ و خۆی بگەیەنێتە شوێنی بیرەکە، بەڵام هەموو جارێکیش لە نیوەی ڕێگادا گەڕاوەتەوە. بۆ ساتێک ئەو ڕێچکە باریکانە جێگەی بەقا[1] نەبوون، بۆ ئەوەی زاتی ئەوە بکەی هەنگاوێکی دیکەی بۆ هەڵبنێی. ئەوان ئەو توولەڕێیانە بوون، لەوانە بوو هەر یەک جار بتتوانیبا بەسەریاندا بڕۆی، پاشان ڕۆ دەچوو. ئاخر کاتێ باریکەڕێ شوێنەواری نەدەما چۆن دەگەڕایتەوە؟

خۆ ئەگەر بەنیاز بیت بۆ ئەو شوێنە بەرزانە هەڵبکشێی، نابێ هەرگیز بیر لەو شتانە بکەیتەوە، دەنا هەرگیز نایگەیتێ. بەڵام تۆ بڵێی کێ زات بکا، خۆی بگەیەنێتە ئەو شوێنە، کە لەوانەیە قەت نەتوانێ پێیدا بگەڕێتەوە؟

---

١ بەقا: متمانە، بڕوا.



هەواڵنامەی کتێب

ئەمەش نهێنییەکە بوو. خۆ شتەکە هەر پەیوەندی بە قاچی بەهێز و زیرەکایەتییەوە نەبوو، تۆ دەبووایە پێویستیشت پێی هەبووایە، دەبووایە بایی ئەوەندەت تێدا بوایە گیانی خۆت لەسەر لەپی دەست دانابووایە، دەبووایە ژیانی خۆت وەپاش خستبایە، کە ئیدی پێویستت پێ نەبووبایەوە. ئەوسا دەتتوانی بگەیتە بیرەکە.

ئاغا ئەکبەریش گەیشتبووە ئەو ڕادەیە. مەرگی ژنەکەی، ئەوی گەیاندبووە سەر ئەو خاڵە، دەیەویست بچێ و بڕواتە نێو بیرەکە و هەرگیزیش نەگەڕێتەوە. ئەو پێویستی بە ئیمامە پیرۆزەکە هەبوو، ئەو دەبوو لە بەردەم بیرەکەدا چۆک دابدا و بڵێت هێشتا هەر دەترسێ، چیدی زاتی ئەوە ناکا بژیێ.

لەو ساتەش کە خزمان تەرمی بووکە جوانەمەرگەکەیان خستە نێو سندوقێک بەرەو گۆڕستانیان برد، ئەکبەریش بەپێدزیلکە لەپشتەوە بۆی دەر چوو. ئەو ڕۆیشت سەر بکەوێتە سەرشاخەکە، تا ژیانی خۆی لەبیر بکا.

پاشان هەمووان بەدوایدا گەڕان. هەموو گوندنشینانی شاخەکە چاوەڕێیان دەکرد، تۆ بڵێی ئەو بۆ کوێ چووبێ؟

کازم خان بڕیاری دا لە شاخەکان بەدوای ئەکبەردا بگەڕێ. ئەو گومانێکی هەبوو ئاخۆ لەکوێ بێ، بەڵام دەترسا نەبادا نەیتوانیبێ خۆی بگەیەنێتە بیرەکە، بەوەی لەوانەیە کەوتبێ و کەسیش ئاگای لێ نەبێ تا بەهاواریەوە بچێ.

ئیدی ئەو ئێسترەکەی کورتان کرد، دەستی دایە دووربینەکەی و بەسەر شاخەکە کەوت. ئەو گەیشتە ئەو شوێنەی کە ئاژەڵیش نەیدەویست لەوێوە پتر تێپەڕێ، نەیدەوێرا زیاتر بڕوا. لەوێ لەسەر بەردێک وەستا و بە



هەواڵنامەی کتێب

دووربینەکەی سەیری شوێنە پیرۆزەکەی کرد. نەخێر، ئەکبەر لەوێ نەبوو.

ئەو دیسان سەیری کردەوە بەڵکو... کەسێک لەوێ لەسەر چۆک بێ، بەڵکو کەسێک نێوچاوانی گەیاندبێتە سەر خاک. نەخێر، ئەو سەیری ناو بیرەکەشی کرد، ئۆو نەخێر، ئەو لەسەر چۆک دانیشتبوو بە نووسینی خەتی بزمارییەوە خەریک بوو.

"زیرەکانەیە!" کازم خان بە هەموو دەنگەوە پێکەنی. ئەو ئەکبەرە گەیشتۆتە بیرەکە!

باشە چی بۆ ئەو بکا؟ هیچ شتێک، کەس هیچی بۆ ئەو پێ ناکرێ. کازم خان دیسان پێکەنی. شاخەکەش دەنگی دایەوە.

"ئەو گەیشتە بیرەکە،" وا بانگی کرد. "ئەکبەرەکەی من! ئای چەند باشە. ئای چ باشییەکە بۆ ئەو. چ باشییەکە بۆ من. دەی لێگەڕێ با بگریێ! با بنووسێ. هاهاهاها. ئای کە قەلنەکەم پێ نییە. ئای خوایە، گەر هاتبا و تریاکەکەم لەگەڵ خۆم هێنابووایە. ئەوا لێرە، لەسەر لووتکەی ئەو گابەردەدا بەئاسوودەیی بەدەم قەلنکێشانەوە تەماشای ئەوم دەکرد."

باشە ئەکبەر چۆن دەگەڕێتەوە؟ هێی، ئەمە مایەی خەم نییە. ئەوەی بگاتە بیرەکە، دەشتوانێ بگەڕێتەوە. بزنە کێوییە زیرەکەکان هەمیشە دەشگەڕێنەوە.

باشە، دەبووایە کازم خان چیی کردبایە؟ ئەرێ هەر چاوەڕێی ئەو بکا یان بگەڕێتەوە ماڵێ؟

ئەو بە ڕێگای خۆیدا گەڕایەوە، چونکە هۆکاری ڕاستەقینەی هەبوو کەیفخۆش بێ و ئاهەنگ بگێڕی، بچێ و



هەواڵنامەی کتێب

مافووره لوولدراوەکە لێک بکاتەوە ڕای بخا. لەوانەیە ئەمە شیاو نەبێ، چونکە تازە ژنەکەی ئەکبەر گیانی سپاردووە، بەڵام خۆ دەبووایە ماڵباتەکەی ژنەکە بیانگوتبایە، کیژەکەیان نەخۆش بووە. ئێمە ناچین شین بگێڕین، بەڵکو ئاهەنگ دەگێڕین، ئێمە دەبێ یارمەتیی ئەکبەر بدەین تا مردووەکە لەبیر بکا. ئاهەنگ، بەیانیی سەرلەزوو، نەخێر، هەر ئێستا، ئێستا بەو تاریکییە. دەچم بانگی هەمووان دەکەم، ”دەی زوو بن! خێرا بن! هەمووان بچنە سەربان! سڵاو لە خوشکەزاکەم بکەن! ئەو گەیشتە بیرەکە.“

کازم خان ڕێک و ڕاست بەرەو ماڵی خوشکە گەورەکەی لێی خوڕی، ”ئەرێ ئەوە لەکوێیی؟ دەی بڕۆ شاڵێکی کەسک بۆ ئەکبەر بێنە! پیاوەکە! ئەکبەرەکەمان گەیشتە شوێنەکە. ئەو ئێستا لەسەر لێواری بیرەکەدا وەستاوە! ئەوە دووربینەکەیە! دەی پەلە بکە! بڕۆ سەربان! تەماشاکە! ئەو هێشتا هەر لەوێیە!“

کاتێکیش کازم خان خۆی گەیاندە مزگەوتی گوندەکە، هێشتا پیاوەکان ماتەمیان بۆ بووکەکە دانابوو. لەوێ لە ئێسترەکەی هاتەخوار و بەغار وەژوور مزگەوتێ کەوت، ”گەلی پیاوان! هەڵا! هەڵا! تەماشاکەن، شاڵێکی کەسک! ئەوەش دووربینێک! بڕۆنە سەربان بەر لەوەی تاریک دابێ! ئەکبەر گەیشتۆتە سەر بیرەکە!“

لە نیوەشەودا، کاتێ هەمووان دەترسان نەدابا ئەو هەرگیز نەگەڕێتەوە، بیچمێک لە گۆڕەپانی گوندەکە بەدیار کەوت. خۆی بوو، ئەکبەر بوو.

کازم خان شاڵە کەسکەکەی لە کەمەر بەست و گریا.



هەواڵنامەی کتێب

بەر لەوەی هێڵی ئاسنین پەیدا ببێ، ئەو کاتەی باسوخواسی قیتار هەر لە گۆڕێدا نەبوو، دەوروبەری بیرەکە پڕ لە ڕازونیاز بوو. خەڵک دەیانگوت تەنانەت باڵندەکانیش لەوێ بەنەرمی دەفڕن، کە دەشگەنە سەر بیرەکە سەریان نەوی دەکەن.

قیتارەکەش دۆخەکەی سەرلەبەر گۆڕی. جاران کە بیرەکە هێمای شوێنی عاسێ و دەستپیرانەگەیشتن بوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی قیتاردا ئەو بارە وەک خۆی نەما. زەحمەتیشە ئەوە بگوترێ، بە هۆی هێڵی ئاسنین پیرۆزیی شوێنەکە کەم بووەوە یان سووک کرا.

دوو ساڵی یەکەمی گەیشتنی قیتارەکە، کە بەپەنا شاخەکەدا دەڕۆیشت، هێشتا شوێنە پیرۆزەکە دەستی لێ نەدرابوو، کەسیش نەیدەگەیشتێ.

شاخنشینەکان قیتارەکەیان پشتگوێ خست. وەک ئەوەی ئەو شتە نوێباوە هیچ دادی ئەوان نەدا. تومەز ئەوە قیتارەکەی ڕەزاشا بوو تا سەر سنووری سوورەکان دەڕۆیشت، نەوەک قیتارەکەی خۆیان بێ. بەرەبەرەش خەڵکەکە بڕاوی بەو قیتارە ئاسنینە نەدەما کە بەنێو بەردەکان، بە چیای زافەراندا وەک مار گینگڵی دەدا.

ئەوێ دەمێ هێشتا حەشیمەتی حاجییان بەسەر هێڵە ئاسنینەکەدا دەبینران دەپەڕینەوە و ڕووەو بەرزایی بۆ شوێنە پیرۆزەکە هەڵدەکشان.

"سەیرکە! ڕێگایەک! ڕێگایەکی خوایی بۆ ئێمە واڵا کراوەتەوە."



هەواڵنامەی کتێب

"باشە بۆچی بەو بزنەڕێیە سەختانەدا هەڵبگەڕێین، مادام ڕێی ئاسنین هەبێ؟ خۆ بە هۆی ئەو هێڵە ئاسنینە باشتر دەگەیتە بیرەکە و لێی نزیک دەبیەوە."

(لە یادداشتەکانی ئاغا ئەکبەردا هیچی وای تێدا نییە، ئاخۆ ئەویش بە ڕێگای هێڵی ئاسنینەکەدا خۆی گەیاندبێتە لای بیرەکە.)

هەنووکە خەڵک کە ڕێگە پیرۆزە نوێکەی دۆزییەوە، دەیانەویست ئێسترەکانیان وا فێر بکەن بەنێو هێڵی ئاسنیندا بڕوا. بەڵام هێسترەکان دەغەزرین[1]. هێسترەکان لە سنگ و دارەکانی هێڵە ئاسنینەکە دەسڵەمینەوە کە بۆنی ڕۆنیان لێ دەهات، نەیاندەوێرا سمەکانیان بخەنەسەر. هەرچی قۆترە[2] ئێسترە تاقیکراوەکان بوون، هەر بەتەواوی نەدەوێران و لەبەر ڕێگا ئاسنینەکە هەڵدەهاتن.

خەڵکەکە هەوڵی لەگەڵ جوانووی ئێسترەکان دەدا. ئەوێ دەمێ دەتبینی کە جەڵەبکڕ[3] و بازرگانەکان بە درێژاییی ڕۆژ، تەنانەت بە درێژاییی هەفتە هەر خەریکی ئەوە بوون چۆن ئەو بەستەزمانانە لێڕابێنن و فێریان بکەن بەسەر ڕێگای هێڵی ئاسنیندا بڕۆن.

ئیدی نەوەیەکی ئەو یەکسمانە لە ناوچەی شاخی زافەراندا پەیدا بوون، هەرکاتێک لمووزیان بە هەندێ لە ڕۆنی ڕەش چەور دەکرد، لەنێو هێڵە ئاسنینەکەدا دەوەستان. حاجییەکانیش خۆیان هەڵدەدانە سەر پشت، وردەوردە لەگەڵ

١ غەزرین: نەڕۆیشتن، جەنەگرتن، یان ڕەتکردنەوەی ئەوەی بەو ڕێگەیەدا بڕوا، واژەیەکە زیاتر بۆ کەر و ئێستر بەکار دێ.

٢ قۆتر: ئێستری پیر.

٣ جەڵبکڕ: بازرگانی یەکسم و ڕەشەوڵاخ.



هەواڵنامەی کتێب

هێڵـە ئاسـنینەکە بـەرەو شـوێنەکە سـەر دەکەوتـن.

سـەرەتا حاجییـەکان نەیاندەوێـرا بـەم شـێوە سـواری ئێسـترەکان بـن و بچنـە لای بیرەکـە. ئەمـەش زیاتـر پیرەکانـی دەگرتـەوە. بـەڵام خـۆ زۆری نەخایاند، تا پیرەکانیش لە دۆخەکە ڕاهاتـن، ئیـدی بەپێکەنینـەوە خۆیـان هەڵدەدایـە سـەر پشـتی هێسـترەکان و بەنێـو هێڵەکـەدا بـەرەو سـەرەوە هەڵدەکشـان.

ئـەم جارەیـان کـە کارئاسـانییەکە پەیـدا بـوو، هوروژمـی حاجییان دەستی پێ کرد. پیاوان لە هەموو کوچە و کەنارەکانی وڵاتـدا بـە خۆیـان و منداڵـە نەخۆشـەکانیان، ژنـە شـێتەکان، دایک و باوکـە شـەکەت و لاوازەکان بـە کـۆڵ هەڵدەگیران بـۆ شـاخی زافـەران خـۆ بگـرە، هاتین! لەوێش ئێسـتریان بـۆ سەرشـاخەکە بـۆ لای بیـرە پیرۆزەکـە بەکـرێ دەگـرت.

بـەڵام ئـەو دۆخـەش زۆری نەکێشـا. هەمـوو ئێوارانـی هەینـی، کاتێـک لـە ناوەختـەوە ئێسـترە بەسـتەزمانەکان گوێیـان لـە دەنـگ و هۆڕنـە بەسـەدادارەکەی قیتـار دەبـوو، دەترسـان و دەسـڵەمینەوە و تەکانـی وایـان دەدا حاجییەکـەی سـەر پشـتیان فـڕێ دەدا و ئینجا تێیـان دەتەقاند و ڕایـان دەکرد. حاجییەکیـان پێـی شـکا، یەکێکـی دیکـە ملـی ورد بـوو. جارێکیـان سـمی ئێسـترێکیان لەنێـوان هێڵـەکان گیـر بـوو، جارێکـی دیکەشـیان ژنێکـی چارشێوبەسـەر، چارشـێوەکەی لـە دواوەی قیتارێـک ئـاڵاو لـەدوای خـۆی خشـاند.

ئیدی ڕۆژێکیـان یـەک-دوو ترومبێلـی بارهەڵگـر هاتـن بـاری سـنگ و سـیم و تێلـدڕی خۆیـان دابەزانـد. بـە دەیـان کرێـکار لـە شـارەوە هاتـن ئەوێیـان وا تەیمـان کـرد، تەنانـەت ماریـش نەیدەتوانـی بەنێویـدا بخشـێ.


هەواڵنامەی کتێب

بەڵام خۆ خەڵکەکە دەستەوەستان نەوەستان، ڕێگایەکی دیکەیان دۆزییەوە، ڕێگایەکی نوێیان بۆ گەیشتنە بیرە پیرۆزەکە دۆزییەوە. ئەم ڕێگە نوێیەیان بۆ هەموو کەسێک نەبوو، تەنیا کەسانی زیرەک و گەنجە خورتەکان دەیانتوانی پێدا بڕۆن.

پێشتر هەر بەتەنها چەند پیاوێک دەیانتوانی بگەنە ئەوێ، بەڵام ئەم جارەیان ژمارەکان زۆر زیادی کرد. گەنجان هەموو شتێکیان دەکرد تا لە پاداشتدا شاڵە کەسکەکە ببەنەوە. ئەمەش داڕسانێکی[1] زۆر بوو بۆیان. تاقیکردنەوەیەکی گەورە. لەوانەیە مەزنترین تاقیکردنەوەی لە سەنگی مەحەکدانیان بێ لە ژیان.

ئەوان بەرەو بەرزایی بۆ ئەو شوێنە دەڕۆیشتن کە هیچ تێلدڕ و پەرژینی تێوەر نەهێندرابوو. لەوێ لە تاریکاییی شەو لە شوێنێکی بەرز ڕادەوەستان و چاوەڕێی قیتارەکەیان دەکرد، هەرکاتێکیش قیتارەکەیان بە بەردەمدا دەهات، لەپڕ خۆیان فڕێ دەدایە سەربانی قیتارەکە.

ئەم بەشەی خۆهەڵدانەیان زەحمەت نەبوو.  هەموو کەسێک کە بوێر با، دەیتوانی وا بکا. بەڵام دوای یەک چارەکەسەعات ڕۆیشتن، سەختی دەستی پێ دەکرد، دەبووایە قیتارەکە بە پێچێکی تیژدا بڕوا، ئەوەش پنتە دژوار و چارەنووسسازەکە بوو. ئەوەی لەوێ لەسەر پشتی قیتارەکە دانیشتبا، دەبووایە بە هەموو هێزی خۆی غاری دابووایە، بیتوانیبایە باز بداتە سەر گاشەبەردێک.

خۆهەڵدان لە کاتوساتی خۆی، چوست و چەلەنگی لە

1 داڕسان: ئاڵنگار، تحدی.



هەواڵنامەی کتێب

جووڵـە و بوێـری، گرنگترین مـەرج بـوون، تـا کەسـەکە بتوانـێ خـۆی هەڵداتـە سـەر گاشـەبەردە گونجاوەکـە.

خۆ ئەگـەر پێیەکانت زۆر باش نەبان و بەئاسانی جووڵـەت پـێ نەکردبـان، ئـەوا بـۆ ڕۆژی پاشـتر تەرمەکـەت، یان جەستە تێکشـکاوەکەتیان بەسـەر پشـتی ئێسـترێک بـۆ گوندەکـە شـۆڕ دەکـردەوە.

ئـەوەی بیتوانیبـای وەک پڵنـگ بـاز بـدا و سـەر بکـەوێ، یـان وەک بزنەکێوییەکـی ڕاسـتەقینە پێیەکانـی لەسـەر بـەردەکان گیـر بـکا و لـە شـوێنی خـۆی بچەقـێ، دەبووایـە دەمودەست نیشـانەیەکی مانـی خـۆی ڕەوانـە بکردبایـە. هەمـوو گوندنشـینەکانیش بەپەرۆشـەوە لـە سـەربانی خانووەکانیـان چاوەڕێیـان دەکـرد. ئەگـەر کەسـەکە بەختـی هەبووایـە، دەبـووا تیـری ئاگـردار بـە هـەوادا بتەقێنرابـان.

هەرکاتێکیش لەنێو گابەردەکاندا دەستێک هەڵوەشێندرابایە، ئـەوا تیرهاوێژەکە مەشـخەڵەگرێکی بـەرەو ئاسـمان هەڵدەدا.

باقیـی گەشـتەکە ئەوەنـدە نەکـردە[1] نەبـوو. خـۆی دەبووایـە دوای خۆهەڵدانەکـە، هێشـتا بەسـەر حەفت دیـواری چیـای دیکـە کەوتبـای تـا دەگەیشـتیتە لای بیـرە پیرۆزەکـە. لەمەشـدا هەمـوو جارێـک سـەر دەکەوتـن.

بـۆ ڕۆژی پاشـتر، لـە بەیانیـی زووەوە کاتێـک بـۆ خـوارەوە شـۆڕت دەکـردەوە، ئـەوا کیژگـەل و کوڕگـەل و پیرەپیاوانـت بەپیـرەوە دەهاتـن و بەخێرهاتنیـان لـێ دەکـردی. هەمـووان دەیانەویسـت لەباوەشـت بگـرن، دەسـت لـە چاوەکانـت بـدەن، چونکـە تـۆ بیرەکـە و ئـەو ئیمامـە پیـرۆزەی لەنێـو بیرەکـەدا

١ نەکردە: مەحاڵ، مستحیل



هەواڵنامەی کتێب

دانیشـتبوو، سـەرقاڵی خوێندنـەوەی کتێبەکەیەتـی، ببینیـوە.

بـەڵام کار وا درێـژەی نەکێشـا. شـا ڕەزاخـان هـەر وەک دەگوتـرا، ویسـتی پاشـکەوتنی بـاری کشـتوکاڵی وڵات بگـۆڕێ. بەگوێـرەی ڕێنماییـی ئـەو، نەدەبووایـە هیـچ ژنێـک بـە چارشـێوەوە لـە تارانـدا ببینـدرێ. هەیتەکانـی ئـەو، ژنـە چارشێوەبەسـەرەکانیان لەسـەر شـەقام دەگرتن و دەیانخسـتنە پشـتی ترومبێلێـک، ئەوسـا بـڕۆ بـەرەو زینـدان بـاژۆ. ئـەو بـە هـەزاران شـەپقەی لـە پاریسـەوە بـەڕادان دان و هێنایـە نێـو وڵات.

خەونەکـەی ئـەو هێنرایـە دی. هەنووکـە قیتارەکانـی بـە هەرچـوار کەنـاری وڵات جرتوفرتیانـە و دەگەنـە سـەر سـنوورەکانیش. ڕەزاخـان دوودڵ نەبـوو. دەی بـا ئـەو مەلایانـە بـڕۆن و وەل بـن، دەی بـا ئـەو خورافیـات و هەمـوو پیـر و چاکـە پیرۆزەکانـی لێـرە و لـەوێ لەنێـو بیرەکانـدا کتێبەکانیـان دەخوێننـەوە، بـا دەفـن بـن.

بـا ئـەو بیـرەش نەمێنـێ و بـڕوا! دەی خاوێنـی بکەنـەوە و هەڵی بگرن، ئـەو وا فەرمانـی دەر کرد. هەمـوو شـتێک لەگـۆڕێ هەڵگـرن و حاجییەکانیـش بنێرنـەوە ماڵەکانـی خۆیـان.

ئـەرێ کـێ دەیوێـرا وا بـکا؟ کـێ دەیوێـرا توخنـی ئیمامـە پیرۆزەکـەی نێـو بیرەکـە بکـەوێ و دژی بوەسـتێتەوە؟ هیـچ کەسـێک نەیدەوێـرا. ئاخـر هـەر هەوڵێکی بچکۆلانـەت لـە دژی حاجییـەک لـە حاجییەکانی ئیمامـە پیرۆزەکە بدابایـە، ماڵوحاڵـت ئاگـری تێبـەر دەبـوو.

بەگوێـرەی ڕاسـپاردەی شـا، دەبووایـە وا بکرابایـە. نەدەبووایـە هیـچ حاجییـەک بەسـەر شـاخەکە بکەوتابایـە.



هەواڵنامەی کتێب

خەڵک گوێی بەو شتە نەدا. لەسەر ڕەفتاری خۆیان هەر بەردەوام بوون، نەخۆشیان بە کۆڵدا دەدا و بەرەو شوێنێک هەڵدەکشان تا تێیدا نوێژ بکەن و بپاڕێنەوە.

ئەم کارە وا بەردوام بوو تا ڕۆژێکیان، چەند ترومبێلێکی ژەندرمە بە خۆیان و چەکەکانیان پەیدا بوون و بە شاخەکەیان وەر کرد و دەستبەکار بوون.

"دەی بڕۆنەوە ماڵێ!"

کەس گوێی بەو فەرمانەیان نەدا.

"خۆ ئەگەر تەنانەت ئێستریێکیش بەرەو سەرەوە بڕوا، تەقەی لێ دەکەین.. دەی بەرەو ماڵ شۆڕ بکەنەوە!" ژەندرمە وا هاواری بەسەردا کردن.

پیرەمێردێک کەوتە جووڵە. ژەندرمەکەش سێرەی تفەنگەکەی لێ گرت، بەڵام تەقەی بەسەر سەردا کرد.

پیاوەکەش هاواری کرد، "لا ئیلاهە ئیلاڵڵا (لا اله الا الله)."

"لا ئیلاهە ئیلاڵڵا (لا اله الا الله)." بە سەدان حاجی یەکجێ وا کەوتنە هاوار و خەریک بوون هەر هەموویان بەسەر شاخەکە بکەون.

ئەم جارەشیان ژەندرمەکان چەند فیشەکێکیان بەسەریاندا و بە هەوادا تەقاند.

تەقەکە هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕی. ئینجا ژەندرمەکان زاتیان کرد ڕاستەوخۆ تەقە لە ئاپۆرای خەڵکەکە بکەن. دوو پیاو پێکران و کەوتن. ئینجا بەترسەوە ژاندرەمە بەرەو ترومبێلەکەیان کشانەوە. حاجییەکانیش بەدوایاندا ڕایان کرد بەڵکو بیانگرن، بەڵام لێخوڕەکانیان چاپووک بوون، خێرا دەر چوون.



هەواڵنامەی کتێب

بۆ ڕۆژی پاشتر، شارە پیرۆزەکەی قوم هەژا و هاتە سەر خەت. مەلا مەزنەکانیان کە لەنێو زینداندا بوون، فەرمانیان بە مسوڵمانەکان کرد، مان بگرن، دەرگای دوکان و بازاڕ دابخەن.

ڕەزاخان بەتووڕەیی وەڵامی دانەوە.

فەرمانی دەر کرد، "با وەستایەک، بیرە پیرۆزەکەیان دابخا."

کێ دەوێرێ وا بکا؟

کەس.

"کەواتە بەخۆم دەیکەم!" ئەو وای پێ گوتنەوە.

بەیانییێکی سەرلەزوو، دەنگێکی سەیر و نامۆ لە کورتەقیتارێک لە شاخی زافەرانەوە هات. هەمووان دەستبەجێ زانییان شتێک لەئارادایە. پێشتر کەس کورتەقیتارێکی وای نەبینیبوو. هەمووان وەسەر بانی خانووەکانیان کەوتن، تا سەیر بکەن و بزانن ئاخۆ چی دەقەومێ. ئەو قیتارە سەیرە بەهێواشی بەرەو بەرزی دەڕۆیشت، تا لای پێچە ناسراوەکە ڕای گرت، لەو شوێنەی، گەنجان لەسەر پشتی قیتارەکە بازیان دەدایە سەر گاشەبەردەکان. لەوێ ڕەزاخان لە قیتارەکە دابەزی، بەیارمەتیی ئەوانەی لەگەڵیدا بوون بەرەو بیرە پیرۆزەکە ڕۆیشت. پێنج شاخەوانی ڕاهێندراو کە کیسە چیمەنتۆ، پاچ و بێل و سەتڵی پڕئاویان پێ بوو، لەدوای ئەوان لە قیتارەکە دابەزین. شا شاڵە سەربازییانەکەی فڕێ دایە سەر گابەردێک و ڕۆیشت بەخۆی و جزمەکانی لە ڕۆخی بیرەکە ڕاوەستا.



هەواڵنامەی کتێب

ئەم کارەش لەو سێزدە سەدەی ڕابردوودا کەس نەیکردبوو.

"دەی ئەو بەردە گەورەیە بێنن!" وا بانگی کرد. "بیهێننە ئێرە! لەنزیک ئێرەی دابنێن!"

ئەو پێنج شاخەوانەش بەردەکەیان بەرز کردەوە و بە دەستی لەرزۆکەوە لەسەر دەمی بیرەکەیان دانا و دەوروبەریان چیمەنتۆڕێژ کرد.

بەم جۆرە سەری بیرەکە گیرا.

پاشان شا ناوچەکەی بە ناوچەیەکی سەربازی ڕاگەیاند، کە پاوانێکە تەنها بۆ مێگەلی شا کراوەیە.

هەر هەمان ئێوارە یەکسەر بەرەو شارە پیرۆزەکەی قوم ڕۆیشت و لە نیوەی شەو گەیشتە ئەوێ. دوکاندارە مانگرتووەکان لەنێو مزگەوتە ئاڵتوونییەکەدا بوون، لەوێدا لەگەڵ مەلاکان کۆ ببوونەوە، مەلایەکی گەنجیش وتارێکی ئاگراوی دژی شای خوێندەوە. شاش لە دەروازەکە گوێی لێ بوو، فەرمانی دا، "بڕۆن بیگرن."

هەمووان گیران، هەمووان دەستبەسەر کران، تەنیا ئەو مەلایە گەنجە زیرەکە نەبێ، کە ناوی خومەینی بوو. ئەو توانی لە ڕێی سەربانەوە هەڵێ و خۆی قوتار بکا.

لەو شەوەدا تەنانەت ئەهریمەنیش گومانی بۆ ئەوە نەدەچوو، هەمان مەلا و دوای پەنجا ساڵ تەخت و تاجی شایەتیی ڕەزاخان ڕیشەکێش بکا و بیڕووخێنێ.

لەمیانەی جەنگی دووەمی جیهاندا دەبووایە ڕەزاخان وڵات جێ بێڵێ. بڕیارێک کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە درابوو. ئەو هیچ بژاردەیەکی دیکەی نەبوو، ئەو ڕەوانەی قاهیرە کرا

هەواڵنامەی کتێب

و هەر لەوێش مرد.[1]

هەر هەمان حکومەتە ڕۆژئاواییەکان یارمەتیی کوڕەکەی ئەویان دا، بێتە سەر تەخت. (پاشانیش بە شای ئێران ناسرا.)

ئەویّ دەمیّ ئاغا ئەکبەر لە گوندی زافەران دەژیا. یەک-دوو ساڵ بەسەر مردنی بووکەکەیدا تێپەڕیبوو، بەڵام خزمان هێشتا ژنێکی گونجاویان بۆ نەدۆزیبووەوە. ئەو لە هاموشۆی خۆی بۆ لای قەحبە گەنجەکان نەکەوت و لە بەزمورەزمی خۆی بەردەوام بوو. کازم خانیش ئەوەی نەدەویست، کەچی ڕێشی پیّ لیّ نەدەگیرا. دواتر بیرۆکەیەکی بۆ هات، ئاغا ئەکبەر بنێرێتە ئیسفەهان.

١ شیعرەکەی مام هێمن "دە برۆ هەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێگەت بیّ" بۆ هەمان بۆنە گوتراوە. (وەرگێڕ.)



هەواڵنامەی کتێب

# ئیسفەهان

ئێمە لەگەڵ ئەکبەر دەچینە ئیسفەهان.
لەوێ مافوور دەکڕین. لەوە زیاتر هیچی دیکە ناکەین.
هەموو ئێواران دەچینە سەربانی مزگەوتی هەینی دادەنیشین،
سەیری شەو دەکەین.

شاعیری هۆڵەندی پی ئێن ڤان ئایک[1] (١٨٨٧-١٩٥٤) پێی وا بوو ژیان باش و جوانە، چونکە پڕیەتی لە ڕاز و ژان. شیعرێکی ناوداری بە ناوی *باخەوان و مردنەوە* هەیە. خانەدانێکی ئێرانی:

ئەم بەیانییە باخەوانەکەم لە ترسان سپی هەڵگەڕابوو
خێرا هاتەماڵەکەم، "گەورەم، گەورەم، بۆ یەک سات!"
منیش لەوێ گوڵەکانم دەبڕینەوە، چاکم دەکردن
کاتێک ئاوڕم لە پشتەوە دایەوە. لەوێدا مەرگ وەستا بوو
تۆقیم، خێرا پەڕیمەوە دیوەکەی دی
بەڵام هێشتا هەڕەشەی دەستی ئەوم دەبینی
گەورەم، ئەسپەکەت، لێگەڕێ وەک با دەر بچم

1 P.N van Eyck


هەواڵنامەی کتێب

بۆ شەوەکەی گەیشتمە ئیسفەهان! ــ
ئەم دوای نیوەڕۆیە (ڕێگایەکی درێژی بە تیژی بڕی)
من لە کاژستاندا تووشی مەرگ بووم
بۆچی؟ وام لێ پرسی، چونکە ئەو بێدەنگ وەستابوو
"ئەرێ تۆ ئەم بەیانییە زووە هەڕەشەت لە نۆکەرەکەی من کرد؟"
بە خەندەوە وەڵامی دامەوە، ئەوە هەڕەشە نەبوو
لەو شوێنەی باخەوانەکە سەری دەر هێنا، من سەرسام بووم،
کاتێک ئەم بەیانییە هێشتا هەر کاری دەکرد
دەبووایە ئێوارەکەی ئەو لە ئیسفەهان بیهێنمەوە

شیعرێکی هەژێنەر. چیرۆکێکی بزوێنەر. بەوروژاوییەوە ئاغا ئەکبەر لەگەڵ کازم خاندا بە سواری ئەسپ بەرەو وێستگەی قیتار لێیان خوڕی، لەوێشەوە ڕاستەخۆ بۆ ئیسفەهان.

خاڵەکە خوازیار بوو ئەکبەر چەند مانگێک بەڵکو یەک-دوو ساڵ لە گوندی زافەران دوور بکەوێتەوە. ئەو لەگەڵ برادەرێکی لە ئیسفەهان قسەی کردبوو کە ئەکبەری دەنێرێتە لا.

کازم خان دەیویست ئەکبەر لە گۆشەگیرییەکەی گوند دەرباز بکا، بەگوێرەی لێکدانەوەی ئەو، گوند تەنها بۆ کەڕە، نابینا، پیرەژن و پیاوە تریاککێشەکان دەستی دەدا. ئاخر کاتی ئەوە هاتبوو ئەکبەر سەربەخۆ بژیێ و کار بکا و خەڵکی دیکەش بناسێ. بەڵام دەبووایە ئەوی ڕەوانەی کوێ بکردبایە؟


هەواڵنامەی کتێب

تریاککێشان ئالوودەبوونێکی سەختە. ئاخر لە هەرکوێیەک بی، هەر پابەندی بە قەلن، چادانێک، ئاگردانێک تا پشکۆی لەسەر گەش بکەیتەوە، شەکر، پیاڵەی تایبەت و کەوچکێکی خاوێن، مافوورێک، شوێنیکی ئارامی بێدەنگ کە بەسەر داروبار، بەسەر شاخ و دیمەنێکی دڵڕفێندا بڕوانیَ.

هەر بۆیە تریاککێشەکان پێویستییان بە یەکدی بوو. لەگەڵ یەکدا پەیوەندییان هەبوو هاموشۆی یەکدییان دەکرد. لە سەرتاسەری وڵاتدا برادەر و ناسیاویان هەبوون، هەمیشە یەکترییان بەخێر دەهێنا تا بەیەکەوە تریاکەکە بکێشن.

بەتایبەتیش کازم خان زۆر دۆست و برادەری هەبوون. ئەوانیش شاعیر و نەخشەکێشی مافوورەکان بوون. ئەو پیاوانەی پلەوپایەکی باڵایان لەنێو کۆمەڵگەدا هەبوو. یەکێکیش لەوان لە ئیسفەهان دادەنیشت.

قیتارەکە هات و ئاغا ئەکبەریش سوار بوو. ئەمەش یەکەمین گەشتی بوو بە قیتار بیکا. کازم خان هەموو شتێکی بۆ ئامادە کردبوو، ناوونیشان، ناوی کابراکەش لە ئیسفەهان، تەنانەت ناوونیشانی خۆیشی هیی گوندی زافەران و تەلەگراف ئەدرەسی ئەو باشچاوەشەی ژەندرمەخانە، هەموو ئەم ناوونیشانانەی لەنێو بەرکدا ئاخنین.

بۆ یەکەمین جاریش بوو ئەکبەر زێدی خۆی جیَ بێڵی و یەکسەریش ڕوو لە ئیسفەهان بکا، ئیسفەهانیش ئەو شارەی خەڵک بە نیوەی جیهان ناویان دەبرد. ئیسفەهان ئەو شارەیە کە مزگەوتە هەرە دێرینەکانی فارسی تێدایە. چەند سەدەیەک لەمەوبەر وەستایانی تەلارسازی، گومبەزێکی وا نەخشین و



هەواڵنامەی کتێب

ڕەنگین و دڵڕفێنیان بە ڕەنگی شینی ئاسمانی ڕۆ نابوو، داروديواريان بە شێوەیەکی وا ڕەنگین و سەرسوڕهێنەرانە دروست کرد، لەوێدا نەتدەزانی ئاخۆ لەکوێدا وەستاوی.

لەپشت نەخشەی گۆڕەپانی جیهان گۆڕستانێکی دێرینی لێیە، هێشتاش بەردەکێلی گۆڕی سەردەمی ساسانییەکانی لێ ماون. لەنێو ئەو گۆڕستانەدا گۆڕی باخەوانە فارسەکەشی لێیە، ئەو باخەوانەی کە لە شیعرەکەی شاعیری هۆڵەندیدا هاتووە، "لێرەدا باخەوانەکە نێژراوە، ئەو پیاوەی کە لەبەر مەرگ هەڵات."

لەلای گۆڕەکە، لە دوورەوە بە دەستەچەپ دارکاژێکی گەورە دەبینی. کاتێک لەوێ بەنێو گوڵاندا، بەنێو بەردە هەرە کۆنینەکان تێدەپەڕی، دەگەیتە بازاڕ. کۆنترین بازاڕی وڵات و جوانترینی بازاڕی جیهانی ئیسلامیشە. لەوێدا دەتوانی قەشەنگترین مافووری ئێرانی بکڕی. لە هەر دوکانێکی ئەوێدا بە سەدان مافوور بەیەکەوە هەڵپەسێردراون. لەپشت بارستاییی مافوورەکانیش، هەمیشە پەناگای کار و کارخانەکەیانە، زۆر جار وەستای مافوورچن ئیشی تێدا دەکەن. لەوێدا مافوور دروست ناکرێ، بەڵکو پینە دەکرێن و چاک دەکرێنەوە. ئەو مافوورانەی لە بازاڕەکەدا دەفرۆشرێن زۆر گرانبەهان، هەندێ جاریش ئەو جۆرە مافوورە گرانبەهایە کونێکیان تێ دەبێ، یان شوێنێکی دەڕوشێ و زیانی پێ دەکەوێ. بۆیە دەبێ کەسانی شارەزا و بەئەزموون پینەی بکەن، بە داوێکی ڕەنگینی وا کارەکەیان جێبەجێ بکەن، کە هیچی پێوە دیار نەبێ.

لە یەکێک لەو دوکانانەدا، مافوورپینەکەرێکی ناودار ئیشی



هەواڵنامەی کتێب

تێدا دەکرد، ئەویش بەهزاد ئیبن و شەمسوڵا بوو. کابرایەک پەنجەی ئەفسووناوی هەبوون، جێپەنجەی لەسەر پیشەکەی بەباشی دیار بوو. ئەو کەسەش بوو لە وێستگەی قیتارەکەی ئیسفەهاندا چاوەڕێی ئاغا ئەکبەری دەکرد.

دوای سێ سەعات و بیست خولەک، قیتارەکە گەیشتە وێستگەکە.

ئاغا ئەکبەری لێ دابەزی.

"گوێ بگرە،" خاڵەکەی وای پێ گوتبوو. "تۆ بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆی. تۆ لە قیتارەکە دادەبەزی و هەر لەوێ دەمێنییەوە تا پیاوێکی بەتەمەن بە خۆی و چاویلکەیەک و گۆپاڵێکەوە بەدواتدا دێت و لەگەڵ خۆی دەتبات."

هەمو شتێک بەڕەوانی ڕۆیشت، چونکە ساڵانێک دواتر لە ژووری لێدانیشتنی ماڵی ئەکبەردا، لەسەر زۆپا لەنێو دیوارگیراوەکەدا، وێنەیەکی ڕەش و سپی هەبوو، خۆی لەتەنیشت پیاوێکی عەینەکلەچاو بە داردەستێکەوە دیار بوو. خۆ ئەگەر باش سەیری وێنەکەی بکەی، لەسەر دیوارەکە، کە هەندێ ڕەش بۆتەوە و بەزەحمەتیش دەخوێندرێتەوە، نووسراوە: "ئیسفەهان."

ئاغا ئەکبەر ساڵ و نیوێک لە ئیسفەهان مایەوە. بەیانییان زوو تا درەنگانی ئێوارە لە ژوورۆچکەی پشتی دوکانی وەستاکەیدا کاری دەکرد. کاتێکیش دوکانەکە دادەخرا، ئەویش دەگەڕایەوە شوێنەکەی خۆی لە سەربان.

ئیسفەهان بەقووڵی کاری لە ئەکبەر کردبوو. دواتر ئەو زۆر جار باسی ئەو سەردەمەی خۆی و ئیسفەهانی دەکرد.



هەواڵنامەی کتێب

خۆ ئەگەر ئەو لە شوێنێک مافوورێکی ئیسفەهانی ببینیبایە، یەکسەر بە ئاماژەکانی دەیگوت، "سەیرکە، ئەمەیان لە ئیسفەهانەوەڕا هاتووە. ئەرێ قەت لەوێ بووی؟"

ئەو باسی مزگەوتەکانی ئەوێشی دەکرد. هەرکاتێک وێنای مزگەوتی شێخ لوتفوڵای بکردبایە، ئاماژەی بۆ شینایەتیی ئاسمان دەکرد. ئەو پەرستگایەی بە داڕسانەوە بەرامبەر پەرستگاکەی گەردوون وەستابووەوە.

کاتێکیش بیوستبایە سەرسامی خۆی بە گومبەزە هەرە دێرینەکەی مزگەوتی ڕۆژی هەینی دەر ببڕێ، دەستی بۆ بەردە نەقارێکی خانوو دەبرد و بەرزی دەکردەوە لە بەرزاییییەوە دەستی بەر دەدا و بەردەکەش بەر دەبووەوە. بەمەوە دەیەویست بڵێ، بەردەکانی دیواری مزگەوتەکە لە ئاسمان بەر بوونەتە خوار.

کاتێکیش باسی بازاڕی ئەوێی بکردبایە، دەستێکی لەسەر دەم دادەنا و سەرسامانە سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد. مەبەستیشی ئەوە بوو، مافووری ئەفسووناوی ڕاخراون، دەمیش لە حەپەساوییان دەکرێتەوە.

بەڵام ئەو چۆن توانیی ئیسفەهان بە زمانە سادە ئاماژەدارەکەی خۆی دەر بڕێ؟ هەڵبەتە خەڵک لێی تێنەدەگیشتن. ئەو پێویستی بە کوڕێک بوو، ئیسماعیلیش بە وشەکانی خۆی ئاماژەکانی باوکی وا لێ دەکرد، خەڵک تێبگەن.

"ئەرێ تۆ لەوێ چی دیکەت دەکرد؟ مەبەستم ئەوەیە، شەوان کە دەستبەتاڵ دەبووی، ڕۆژانی هەینیش بە چیت بەسەر دەبرد؟ باشە پێم بڵێ لەوێ بەدەر لە مافووڕپینەکردن


هەواڵنامەی کتێب

چـی دیکـەت دەکـرد؟"

"ڕۆژانـی هەینـی دەچوومـە نوێـژ. خەڵکێکـی گەلێـک زۆر لـەوێ کـۆ دەبوونـەوە."

"پاشان؟"

"ئینجا لێبەسـەر بانی مزگەوتـێ دەکەوتـم و سـەیری شـەوم دەکرد."

"دواتر؟"

"دواتر چی؟"

"شەوانی دیکە؟ لە شەوانی دیکەدا چیت دەکرد؟"

"سەیرکردن."

"سـەیرکردنی چـی؟ هەمـوو شـەوێک دەچوویـە سـەربانی مزگەوتـێ و تەماشـای شـەوت دەکـرد؟"

"سـەیرکە، لێـرە لـە سـینگی منـدا، لـەلای دەسـتەچەپەوە. هەسـتم بـە شـتێک دەکـرد. نەشـمدەزانی چییـە، بـەڵام ئـازاری دەدام. نەخێر، ئازار نەبوو. شـتێکی دیکە بوو. هەسـتێک بوو... نازانـم چـۆن دەری بـڕم. حـەزم لێبـوو بگەڕێمـەوە."

لەدواییدا  بۆی هەبوو بگەڕێتەوە ماڵ.

"مـن لـەوێ نەخـۆش بووم. نەمدەتوانـی چیدی مافوورەکان پینـە بکـەم. داوەکانـم بەهەڵـە دەچنیـن. لەجیاتیـی ئـەوەی داوی کەسـک دابنێـم، شـینم دادەنـا. ئەمـەش کارێکی باش نەبوو. ئیدی چوومـە لای پیرەمێردەکـە، نێوچاوانـم خسـتە سـەر پشـتەدەستی ئـەو و گریـام."

پیـاوە پیرەکـەش ئەکبـەری گەیانـدەوە وێسـتگەی قیتـار و ڕێگـەی پـێ دا بگەڕێتـەوە مـاڵ. دوای گەشـتێکی دووورودرێـژ، قیتارەکـە لـە نیـوەی شـەودا و لـە وێسـتگە بچکۆلانەکـەی


هەواڵنامەی کتێب

گوندی زافەراندا وەستا. پشکنەرەکەش ئاگاداری کردەوە، کە گەیشتووە. ئیدی ئەویش لە قیتارەکە دابەزی و بەسەر شاخەکان کەوت و بەتەمای گەڕانەوەی ماڵێ بوو، تا ژیانێکی نوێ دەست پێ بکا.

ئەو دەیویست یەکسەر بگەڕێتەوە ماڵی خۆی، بەڵام لە نیوەی ڕێگەدا ڕایەکەی خۆی گۆڕی و ئاراستەکەی بەرەو لایەکی دیکە با دایەوە. ئەو، ئەو ڕێچکەیەی گرت کە دوای سەعاتیک لە سەرەوهەوراز و نشێو، لەدواییدا گەیشتە بەر دەرکەی قەحبە گەنجەکەی جاران.

لە قاپیەکەی دا، بەڵام ژنەکە دەرگاکەی نەکردەوە. تومەز دەترسا نەوەک پیاوێکی سەرخۆش بێ. دیسان لە دەرگەکەی دایەوە. ئەویش نەیدەویست دەرگەکە بکاتەوە. ئیدی بانگی کرد، "ئئئئائا غاغاغاغا ئئاغغغغاااا."

"ئەکبەر، ئەوە تۆی؟" ژنەکە لەسەرەوە بانگی کرد.  ئینجا دەرگەکەی کردەوە، باوەشی پێدا کرد و بردیە ژوور. ئەو شەو لەوێ مایەوە، ڕۆژی پاشتریش لەوێ بەیەکەوە مانەوە. بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

کاتێک بۆ بەیانییەکەی ئاغا ئەکبەر لە مەیدانی گوندەکەدا وەستابوو، لەبارەی ئیسفەهانەوە قسەی بۆ پیاوانی ئەوێ دەکرد، هەمووان سەیری سەرەپەنجەی ئەویان دەکرد، تومەز ڕەنگی مافوورەکانی ئەوێ لەگەڵ هیی ئەوان جیاواز بوون. ڕەنگی شینی ئیسفەهانی لە ئاسمانەوە وەر گیرابوو، ڕەنگی زەردیش لە بەردە دێرینەکانەوە خوازرابووەوە، ڕەنگی کەسکیش ئەو ڕەنگە کەسکەی گیاوگوڵی شاخی



هەواڵنامەی کتێب

زافـەران نەبـوو.

هەمـووان زانییـان ئـەو تەکنیـک و شـارەزاییی زیاتـری لـە جـاران پەیـدا کـردووە، شـێوازی ئیسـفەهانی وەر گرتـووە.

دوایـی بـە کـردەوەش سـەلماندی. ئیـدی لـە جـاران زیاتـر پێشـوازی لـێ کـرا.

ئـەرێ چـی بکەیـن؟ پارچەخەڵووزێکـی گەشـاوە کەوتۆتـە سـەر مافووورە نازدارەکەمـان. کێشـە نییـە. ئاغـا ئەکبـەر چارەی دەکا، ئەو بە دەست و پەنجەکانی جادوویەکی لێ دەکا و وەک خۆی لـێ دەکاتـەوە.

ئـەرێ مشـکێک مافووورێکـی بارگـەی بووکێـی خـواردووە؟ پێویسـت نـاکا بـۆی بگریـن، لەسـەرخۆ بـە! دەچـم بانگـی ئاغـا ئەکبـەر دەکـەم چاکـی بکاتـەوە.

خەڵـک وا پێشـوازی دەکرد وەک ئـەوەی کەسـێکی خانـەدان بـێ. ئەویـش وەک پیشـەوەرێکی ڕاسـتەقینە، کـە شـانازی بـە کارە دەسـتییەکەی خـۆی بـکا، ڕەفتـاری دەنوانـد. ئـەو جانتـا چەرمینەکـەی لـە ئیسـفەهان لەگـەڵ خۆیـدا هێنابـوو، هەرکاتـێ سـواری ئەسـپەکەی دەبـوو، جانتاکـەی بـە کۆڵـدا دەدا، کاتێکیش بـە پـێ دەڕۆیشـت جانتاکـەی لـە بنهەڵنگدا دادەنـا. کتومـت هـەر وەک چـۆن شەمسـوڵای پیـر دەیکـرد. پشـتی خـۆی ڕاسـت دەکـردەوە و بەئامـاژە دەیگـوت، "مافوورەکـە لەکوێیـە؟"

جارێکیـان ئیسـماعیل لـە کازم خانـی پرسـی، "ئـەرێ بۆچـی باوکمـت فێـری ئـەو پیشـەیە کـرد؟"

"گەنجـۆ سـەیرکە، لـە ڕاسـتیدا مافوورچنیـن پیشـەیەک نییـە لـە ئێمـە بـێ. تەنانـەت ژنانـی ماڵەکەشـمان ئیشـی وا ناکـەن.



هەواڵنامەی کتێب

ئەوە ئیشێکی گوندنشینیە ئاساییەکانە، هیی جووتیارەکانە، کە بە درێژایی زستان هیچیان نییە بیکەن. بەڵام هەر ویستم ئەکبەر فێرە پیشەکە ببێ. هەر زوو زانیشم دەرەقەتی نایەت. ئەو دەبێ پیاوێکی ئازاد بێ، بتوانێ بێت و بڕوا، هەر لە جرتوفرتدا بێ. ئەو پیاوێک نەبوو، ساڵێک، دووان و سیان لەبەر یەک مافوور دابنیشێ و بیچنێ. ئەو شتێکی دەویست هەر یەک-دوو سەعات پێیەوە خەریک بێ، ئینجا بۆی دەر بچێ. بۆیە بیرم لە مافوورپینەکردن بۆ ئەو کردەوە. مافوورچاککردنەوە کارێکی هەراسان نییە، بەڵکو شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە، تۆ بۆ ئەم کارە دەبێ مێشکی خۆت بەکار بێنی. لە ڕاستیدا دەبێ هونەرمەند بی. ئایا لە مەبەستم تێدەگەی؟ منیش دەمزانی، باوکت گیانێکی هونەرمەندانەی هەیە."

"هونەرمەند؟"

"بەڵێ، هونەرمەندێک، هونەرمەندێک... یەکێک، نازانم چۆن دەری ببڕم؟ لەو سەردەمدا باسی ئەو جۆرە شتانە لەئارادا نەبوو. تۆ دەبووایە چووبایە سەر کار، بچنی، بدروی، بکێڵی، نانی خۆت بەدەست بێنی. باشە گەر تۆ لە جێگەی من بووای چیت دەکرد؟ گەنجۆ، پینەکردن باشترین ئیش بوو بۆ ئەو. بە هۆیەوە دەیتوانی بڕواتە هەموو شوێنێک. بەم جۆرە دەیتوانی نانی خۆی پەیدا بکا و وەستایانەش مافوورەکان بچنێ، پنی بکا، بیانبرێتەوە و بۆیەیان بکا و شێوەیەکی جوانیان بداتێ. ئیدی بیروهۆشت بخەرە سەر مافوورەکەی بەردەستت.

باوکت شاعیرێکی نەخوێندەواری کەڕولاڵ بوو. پێشتریش



هەواڵنامەی کتێب

ئەمـەم گوتـووە. ئـەو دەبووایـە بیرۆکەکانـی لـە شـوێنێک کار پـێ بکا و بەتاڵیـان بکاتـەوە، جـا چ لـە دەفتـەری خەتـە بزمارییەکـەی یـان لـەو کونـەی کـە لـە مافوورێـک کـراوە و ئـەو پینـەی دەکـرد. بـەم جـۆرە ئەکبـەر بـە سـواری ئەسـپەکەی، نووسـینەکەی لەنێـو بەرکدا دەنـا و کەلوپەلـی پیشـەکەی لەنێـو کۆڵەپشـتەکەیدا هەڵدەگـرت و لـە گوندێکـەوە بـەرەو گوندێکـی دیکـە دەڕۆیـی.

ئاخـۆ کـەی ئـەو لەنێـو دەفتەرەکەیـدا دەینووسـی؟ کـەس نەیدەزانـی. ئاخـۆ چ شـتێکیشـی دەنووسـی؟ ئـەوەش هـەر بـە جارێـک کـەس نەیدەزانی. دەفتەرەکـەی ببـووە بەشـێک لـە جەسـتە و لێـی جیـا نەدەبـووەوە، هـەر وەک دڵـی کـە خوێنـی پۆمـپ دەدا، بـەڵام خـۆ کەسـیش بـە شـێوەیەکی تایبـەت تێبینـی نەدەکـرد. بـەڵام ئیسـماعیل دەیزانـی، ئاخـۆ باوکـی چ کاتێـک دەنووسـێ. ئـەو شـتێکی دەربـارەی ئـەو شـتانەی لێیـان تێنەگەیشـت دەنووسـی، ئـەو شـتانەی دەنووسـی کـە نەیدەتوانـی بـە زمانـی ئامـاژە دەریـان ببـڕێ. سـەبارەت شـتە پـەی پێنەبراوەکان، شـتە دەستپێنەگەیشـتووەکان، شـتە لێتێنەگەیشـتووەکان کـە بـە یـەک جـار بەسـەریدا باڵکێـش دەبـوون و ئەویـش لەبەرانبەریانـدا دەستەوەسـتان دەبـوو، سـەیری دەکـردن یـان لەبەرانبەریـان دەوەسـتا و بیـری لـێ دەکردنـەوە. بـۆ نموونـە سـەبارەت بـە مـردن، سـەبارەت بـە مانـگ، سـەبارەت بـەو بارانـەی دای دەکـرد، لەبـارەی بیرەکـە و هەڵبەتـە دەربـارەی خۆشەویسـتیش، سـەبارەت ئـەو پێواژۆ[1] وەسـفنەکراوەی دڵ. هەروەهـا سـەبارەت بـەو ڕووداوانـەش کـە بەقووڵـی کاری تـێ دەکـردن و جێپەنجـەی لەسـەر ڕەوتـی ژیانـی ئـەو جـێ دەهێـڵا. یەکـێ لـەو ڕووداوانـەش

---

١ پێواژۆ: پرۆسە



هەواڵنامەی کتێب

ئەو کاتە قەوما، کە بەرەو گوندی ساوجبلاق[1] لێی دەخوڕی.

زۆر جار ئاغا ئەکبەر ئەو چیرۆکەی بۆ ئیسماعیل گێڕابووەوە. کوڕەکەش هەندێ لێی تێدەگەیشت و دەیزانی باسەکە دەربارەی چییە، بەڵام کتومت ئەوەی ڕووی دا بوو، نەیدەتوانی تەواو لێی حاڵی بێ.

کاتێک ئەو دە-دوازدە ساڵان بوو، باوکەکە ئەوی لەگەڵ خۆی برد.

"ئەرێ بۆ کوێ دەچین؟"

"دەی تۆ وەرە،" باوکەکە وا ئاماژەی بۆ کرد. "من برادەرێکم هەیە. دەتوانی چیرۆکەکەت بۆ بگێڕێتەوە. ئەو هەموو شتێکی لەبارەوە دەزانێ."

"مەبەستت کامە چیرۆکە؟"

"ئەو چیرۆکەی دەربارەی سەربازێتی منە. خۆت دەزانی. دەی دە تۆ وەرە، خۆ ئەگەر خێراتر بڕۆی، زووتر دەگەین."

لە ڕاستیدا ئیسماعیل نەیدەویست زیاتر بەسەر شاخەکەدا سەر بکەوێ. دوای ئەوەی بە سەعات و نیوێک گەیشتنە گوندەکە، ئەکبەر بە شێوەیەکی ئاسایی بەرەو قاپی ماڵی برادەرەکەی ڕۆیشت. تازە تاریک داهاتبوو و گوندنشینانیش خەریکی چراهەڵکردن بوون.

"ئەرێ ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟" ئیسماعیل بە جۆرە ناڕازیبوونێکەوە وای لێ پرسی.

"دە تۆ وەرە. ئێمە دەچینە ئەم کێڵگەیە. دەیبینی، لەوێ لەو دوورە چرایەکە داگیرساوە."

ئەو هیچ مەزەندەی ئەوەی نەکردبوو، کە ئەو

1 Sawdjbolag



هەواڵنامەی کتێب

بەشاخهەڵگەڕانەدا ئەوەندە بەقورسی لەسەر ئیسماعیل دەکەوێ، ئاخر کوڕوکاڵێکی شار جیاوازە لە کوڕێک، کە لە گوند گەورە بووبێ.

"دەی وەرە. خەریکە دەگەین."

دوای نیوسەعات سەرەوهەوراز ڕۆیشتن، لە کۆتاییدا گەیشتنە کێڵگەکە، لەوێدا سەگێکی ڕەشی گەورەی بەحەپەحەپ پاسی کێڵگەکەی دەکرد.

جووتیارێک بە خۆی و چرایەکی دەستی لە ماڵ هاتە دەر.

"ئەوە کێیە لەوێ؟"

ئاغا ئەکبەر بە لاڵێتییەکەی خۆی بە هەموو دەنگیەوە هاواری کرد، "ئەکککککک ئەکککەب، ئیسسسسسس، ئیسسسما."

"ئۆو، ئەکبەر ئەوە تۆی. سەلامون عەلەیکوم! ئەرێ گەنجۆ چۆنی؟ دەی فەرموون. دەی سەگ تۆش بڕۆ وەل بە! فەرموون وەرنە ژوور.

"ئیسماعیل. کەواتە تۆ ناوت ئیسماعیلە، کوڕی ئاغا ئەکبەری. ئەڵا! چەند باشە. خۆ دەمزانی ئاغا ئەکبەر کوڕێکی هەیە، بەڵام کوڕێکی وا قۆز، گەنجێکی زیرەک، ڕەچاوی ئەوەم نەکردبوو. دەی گەنجۆ، فەرموو وەرە ژوور. ئای چەند خۆشە، چ شەرەفێکە."

ئینجا بانگی ژنەکەی خۆی کرد، "ئەرێ لەکوێی؟ دەی وەرە تەماشاکە، بزانە کێ هاتووە."

ژنی جووتیارەکەش هاتە ژوور. بەسەرسامییەوە سەیری ئاغا ئەکبەری کرد، کە باسکی لەسەر شانی کوڕەکەی



هەواڵنامەی کتێب

دانابـوو.

”ئـەرێ ئـەوە کوڕەکـەی تۆیـە؟“ ژنەکـە بـە ئامـاژە وای بـە ئاغـا ئەکبـەر گـوت. ”ئـەڵا هـەڵا، ئاخـر کـێ بیـری بـۆ ئـەوە دەچـوو، ئاغـا ئەکبـەر کوڕێکـی وای پەیـدا ببـێ.“

ژنەکە نێوچاوانی ئیسماعیلی ماچ کرد.

”گەنجـۆ بەخێـر بێیـت. ئێمـە هیـچ منداڵمـان نیـن، کەواتـە تـۆ کوڕی ئێمەیت. بەخێر بێیت. ئـەم ماڵـە بچووکەمـان وەک ماڵـی خـۆت دابنـێ. ئێمـە برادەری باوکتیـن. فەرمـوو بـڕۆ ژوور، دەی زیاتـر بـڕۆ، بـڕۆ ئـەوێ لەسـەر مافوورەکـە دانیشـە.“

پاشـان ژنـە جووتیارەکـە بـە خـۆی و مەجمەیـەک کـە سەرپۆشـێکی بەسـەردا درابـوو، لەسـەر سـەری دانابـوو، هاتـەوە ژوور.

لەسـەر نانخـواردن باسـی چیرۆکەکانـی ڕابردوویـان دەکـرد و ئیسـماعیلیش پێویسـت نەبـوو هیـچ وەر بگێـڕێ، چونکە ئەوان بـاش لەیـەک دەگەیشـتن. پاشـان وادەی ئـەوە هـات سـەبارەت بـە چیرۆکـی باوکـی پرسـیار لـە جووتیارەکـە بکـرێ.

”ئـەرێ گەنجـۆ، هێشـتا ئـەو شـتە نازانـی، نـا نەخێـر، ئاخـر چـۆن دەیزانـی کـە مـن هێشـتا نەمگێڕابێتـەوە.“

ئاغـا ئەکبەریـش سـەیری دەمـی جووتیارەکـەی دەکـرد و لەگـەڵ چیرۆکەکـەدا دەڕۆیشـت، هـەر وەک ئـەوەی گوێـی لـە وشـەکان بـێ. ”ئـەرێ ڕەزاخـان، ڕەزا شـا دەناسـی؟ هیـچ شـتێکت لەبـارەی ئـەوەوە بیسـتووە؟ یـان خوێندۆتـەوە؟“

”بەڵـێ. لـە کتێبەکانـی قوتابخانـەدا وێنەیەکـی ڕەش و سـپیی ئـەو هەیـە. پیاوێـک بـە خـۆی و ساقۆیەکـی سـەربازییەوە و تێڵایەکیشـی لـە بنهەنگڵدایـە.“


هەواڵنامەی کتێب

”دەقـاودەق، ئـەڵا لـە منداڵانـی ئـەم زەمانـە. خـۆ هەمـوو شـتێک دەزانن. بەڵـێ، ئـەو باوکی ئـەم شـایەی ئێسـتامان بـوو، لـە ڕۆژگاری ڕەزاخانـدا هێشـتا خزمەتـی سـەربازی بەتۆپـزی[١] دانەمەزرابوو. لێ کاتێک ئـەو بـووە پاشـا، گوتـی دەبێ هەمـوو گەنجانـی وڵات خزمەتـی سـەربازی بکـەن. ئێمـەش ئەوەمـان نەدەویسـت. ئاخـر ئەگـەر ئێمـە چووباینـە سـەربازی، ئـەدی کێ کاری لـە زەوییـەکان بکردبایـە، کێ بیکێڵابـا، کێ تـۆوی کردبـا و بیدووریبایـەوە؟ ئەگـەر ئێمـە دوو سـاڵ دوور کەوتباینـەوە، ئـەوا کۆتاییـی کێڵگەکەمـان دەبـوو. بۆیـە هەرکاتێـک چاومـان بـە ژەندرمەیـەک دەکـەوت، لەبـەری هەڵدەهاتیـن و خۆمـان دەشـاردەوە. خۆمـان لـە سـەربانان یـا لەنێـو کادینەکانـدا دەشـاردەوە.

بـەڵام خـۆ هەندێـک جـار بـە دەیـان ژەندرمـە دەهاتـن و لەنـاکاو بەسـەریاندا دەدایـن و هـەر حاجیلێکیـان بدیتبـا و بکەوتبایـە بەرلەپیـان دەیانبـرد.

ئـەرێ بـڕوا بـەوە دەکـەی؟ ئەوان تۆیان دەگرت، دەیانخسـتیە نێـو ترومبێلـە باربەرەکـەی خۆیـان و دەیانبـردی. ئیـدی لـەو دوو سـاڵانەی داهاتـوودا نەدەگەڕایتـەوە ماڵ. ئای کە ڕەزاخـان چەنـد بـە هێز و زەبر بوو.“

”ژەندرمەکان تۆشیان گرت؟“

”بەڵـێ، گرتـن و کوتـان. ڕۆژێکیـان ترومبێلێـک پەیـدا بـوو. ژەندرمـەکان بەخێراییـی لێـی دابەزیـن. هەمـوو کـوڕوکاڵان تێیـان تەقانـد و هەڵهاتـن. هەریەکێـک خـۆی لـە شـوێنێک لـە سـەربانەکان شـاردەوە، خۆیـان لەنێـو بیرەکانـی ئـاو، لەسـەر

١ بەتۆپزی: بەزۆری.



هەواڵنامەی کتێب

داره بەرزەکان دەشاردەوە، شێتانە هەرشوێنێکت بە زەیندا هاتبایە، خۆت لێی پەنا دەدا. سەروەختایەک هیچ پیاوێک لە گوندەکەدا نەما. جەندەرمەکان دەستیان بە تەقەکردن کرد، تەقەیان بۆ هەوا دەکرد. باوکیشت بە سواری ئەسپێکەوە خەریک بوو مەیدانی گوندەکەی جێ دەهێڵا، تومەز ئەو لە ڕێگادا بوو بچێتە لای مەعمیلێکی."

"ئەدی تۆ ئەو دەمە لەکوێ بووی؟ هەڵبەتە لە شوێنێک خۆت حەشار دابوو؟"

"تۆ کوڕێکی زیرەکی. باش گوێ دەگری. ئەوکات من، من لە سەربانی مزگەوتێ بووم، چاوم لە هەموو شتێک بوو."

ئاغا ئەکبەر ئاهێکی هەڵکێشا.

"ئایا دەزانی؟" جووتیارەکە بەئاماژە وای گوت. "ئەکبەر، هێشتا لەبیرت ماوە؟ ژەندرمەکان تەقەیان بەسەردا کردی و... نەخێر، بێگومان تۆ دەنگی تەقەکانت نەبیست."

"نەخێر من گوێم لە دەنگی تەقەکان نەبوو." ئەکبەریش بە زمانی ئاماژە وای بە ئیسماعیل گوت.

"زۆر باشە، ئەو بەپشتڕاستی بەنێو مەیدانەکەدا لێی خوڕی. ئینجا یەک-دوو ژەندرمەی چەکداری بینین. وەستا و هەر سەیری ئەوانی دەکرد، کاتێکیش بەهێواشی لێی خوڕییەوە، یەکێ لە ژەندرمەکان هاواری کرد، "بوەستە!" بەڵام خۆ ئەکبەر نەیدەبیست. "بوەستە، ئەدی پێم نەگوتی بوەستە!" کەسیش لە مەیدانەکە نەبوو، تا بە ژەندرمەکە بڵێ، ئەکبەر کەڕولاڵە. "بوەستە!" ژەندرمەکە بۆ سێیەمین جار بانگی کردەوە. "ئەگەر نەوەستی، تەقەی کوشتنت لێ دەکەم." ئای خوایە، چ ساتێک بوو. منیش لە سەربانەکە



هەواڵنامەی کتێب

دریێژ ببووم، چاوم لێ بوو."

"پاشان؟"

"زەحمەت بوو، یاخود لە ڕاستیدا هیچ زەحمەت نەبوو. من دەبووایە ئاساییانە هەڵبسمەوە سەرپێ و هاوار بکەم، "نەکەی ڕاوەستە، تەقە نەکەی."

"تۆ وات کرد؟"

"هەڵبەتە. دەستبەجێ هەڵسامەوە و هەردوو دەستم بەرز کردنەوە و هاوارم کرد، "ئەو کەڕەیە. تەقەی لێ مەکە. ئەو کەڕەیە."

"ئینجا؟"

"ئەم جارەیان ژەندرمەکە سێرەی تفەنگی لە من گرت و بانگی کرد، دەی دابەزە!"

"ئەدی باوکی من؟"

"ئەو گوێی لە هیچ نەبوو، نەشیدەزانی چ لەگۆڕدایە، ئەو هەر وەک جاران دەڕۆیشت"

"ژەندرمەکان یەکەم جار دەیانویست منیان چەنگ بکەوێ. 'دەی خۆت فڕێ بدە خوار.' ژەندرمەکە وا بانگی کردم. منیش دەبووایە لە سەربانە بەرزەکە خۆم فڕێ بدەمە خوارێ. ئەرێ مزگەوتەکەی مەیدانەکەت بینیوە؟"

"نەخێر، ئێمە بەوێدا نەهاتین."

"مزگەوتەکە بانێکی بەرزی هەیە. منیش خۆم هەڵدا. گەنجۆ، هێشتاش پاژنەی پێی ڕاستەم هەر دەیەشێ. بەکورتی ژەندرمەکان دەستی منیان بە پەتێک توند بەست و بۆ ناو ترومبێلەکە پاڵیان پێوە نام. ئینجا چوون باوکیشت بێنن، ئاخر بڕوایان نەدەکرد، کە کەڕولاڵە."



هەواڵنامەی کتێب

"بۆ باوەڕیان نەدەکرد؟"

"هەر وا. ئاخر باوکت ئەوەندە بەقیتی لەسەر زینی ئەسپەکە دانیشتبوو، بەبڕوابەخۆبوونەوە دەیهاژۆت. لەو کاتەدا بڕوات نەدەکرد کە کابرایەکی وا، نەتوانی نە ببیستێ و نە قسەش بکا."

"ئینجا باوکی منیشیان دەستگیر کرد؟"

"کتومت. ئەوان ئەسپەکەیان ڕاگرت و باوکی تۆیان دابەزاند و تێروپڕیشیان لێ دا. دەستەکانیان توند بەستن و فڕێیان دایە پشتی ترومبێلەکە وەک من. ئیدی بەم جۆرە من دەبووایە دوو ساڵی خزمەتی سەربازی ڕابکێشم."

"ئەدی باوکی من؟"

"ئەوەش چیرۆکێکی درێژە. دەی با جارێ پیاڵەیەک چای نۆش بکەین."

ژنە جووتیارەکە چایەی بۆ پیاوەکەی خۆی و ئەکبەر و نانێکی گەرمی بەشەکریشی بۆ ئیسماعیل هێنا.

ژنەکە پرسی، "باشە پێشتر ئەمەت نەبیستبوو؟"

"نەخێر، بەم جۆرە نەمبیستبوو. زۆر جار باوکم هەوڵی داوە بۆم بگێڕێتەوە، بەڵام نەمدەزانی، ماجەرای شتەکە بەم شێوەیە تێپەڕیوە."

"من ئەم چیرۆکەم زیاتر لە سەد کەڕەت گوێ لێ بووە. پێشان، باوکت زۆر جار دەهاتە لامان. هەرکاتێکیش بەیەکەوە دادەنیشتن، دیسان باسی ژەندرمە و خزمەتی سەربازییان دەکرد."

جووتیارەکە چایەی خۆی خواردەوە، ئینجا درێژەی بە چیرۆکەکەی خۆی دا.


هەواڵنامەی کتێب

"من سوێندم بۆ ژەندرمەکان خوارد، کە ئەکبەر کەڕولاڵە. بەڵام ئەوان گوێیان لێ نەگرتم. ئەوان ئێمەیان بردە سەربازگەی شار. ئاخر دەزانی، لەو کاتەدا زۆر کەس خۆیان بە کەڕولاڵ دادەنا تا نەبنە سەرباز، زۆریان خۆیان وەک نابینا نیشان دەدا، بەڵام خۆ واش نەبوون. هەندێکی دیکە پەنجەی شایەتمانی خۆیان دەبڕیەوە بۆ ئەوەی نەتوانن پل لە پەلاپیتکەی تفەنگ بئەنگێون و تەقەی پێ بکەن. هەر بۆیە بڕوایان نەکرد، باوکت کەڕولاڵە. ئیدی ئەویان خستە زیندانەوە."

"وەک گیراوێک؟"

"بەڵێ."

"ئەدی بابم چی کرد؟"

"نازانم. بە ڕوانینی من ئەو تێنەگەیشت کە چی لەئارادایە."

"چۆن نەیدەزانی؟ هەر دەبووایە شتێکی لێ تێبگا. باشە نەیدەزانی، خزمەتی سەربازی چییە؟"

"پێم وا بوو نەیدەزانی. منیش بەدەقاودەقی نەمدەزانی خزمەتی سەربازی چییە. من دەترسام، هەموو دەترساین. تەنانەت کیژانی گوندەکەش بۆ ئێمە دەگریان. پێیان وا بوو هەرگیز ناگەڕێینەوە."

"باشە بۆچی ئەو دەبووایە بخرێتە کونجی زیندان؟"

"ئەوان کەڕولاڵەکانیان دەخستە زیندان و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش نانیان نەدەدانێ، تەنانەت قومەئاویشیان پێ ڕەوا نەدەبینین، ئاخر بۆ ئەوەی لە دواییدا دەمی خۆیان بکەنەوە و بپاڕێنەوە، 'ئاو، تکایە قوومەئاوێکمان بدەنێ.'

"من دەترسام ئەکبەر لە تینوێتییان وشک ببێتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

دەبووایـە شـتێک بکـەم.“

”باشـە نەتدەتوانـی بچیـە لای یەکـێ لـە ئەفسـەرەکان، یـان ژەنەڕاڵـی ژەندرمـەکان؟“ ئیسـماعیل وای لـێ پرسـی.

”نەخێـر، دەسـتمان نەدەگەیشـتە ئـەو جـۆرە کەسـانە. هەروەهـا نەمشـدەوێرا وا بکـەم. مـن هەمیشـە هـەر لـە گوندەکەمـدا ژیابـووم، هەرگیـز نەچووبوومـە شـار، هەرگیـز ئەفسـەر و ژەنەراڵـی ژەندرمـەم نەبینیبـوون.

”بـەڵام شـتێکی دیکە قەومـا و دۆخەکەی زۆر خراپتـر کرد. ئـەوان کتێبێـک، کتێبێکیـان لەنێو بەرکـی باوکتدا دۆزیبووەوە.“

”چ جۆرە کتێبێک؟“

”مـن نەمدەزانـی. هەرگیـز نەمدەزانـی، کـە باوکـت کتێبێکـی پـێ بـێ. ئیـدی ژەندرمـەکان کـۆ بوونـەوە، ئەمـە چییـە؟ باشـە ئـەو چـۆن دەسـتی بـەو کتێبـە خەتـە بزمارییـە گەیشـتووە؟“

ئیشـەکە بـۆ ئـەو بەزەحمـەت کـەوت. منیـش بانـگ کرامـە کۆبوونـەوەی ژەندرمـەکان. مەزنـی ژەندرمـەکان لێـی پرسـیم، ”هیـچ لەبـارەی ئـەم کتێبـەوە دەزانـی؟“

”نەخێر، هیچم لێ نەدەزانی.

”سـەیرم کـرد. ئاخـر نەمدەزانـی بخوێنمـەوە، پەڕی کتێبەکـەم هەڵدایـەوە، سـەیرم کـرد ئـەوە کتێبێکی ئاسـایی نییە. نووسـینێکی سـەیر و دەگمەنـە، هـەر وەک ئـەوە وا بـوو هـەزاران بزمـار لەسـەر دەفتەرەکـە دابنێـی و نیگاریـان بکێشـی.

”باوکیشـت هێندرایـە ژوور. ئـەو لاواز ببـوو، لـە برسـان ڕەق هەڵاتبـوو. ’ئـەوە چییە؟‘

’ئەوە هیی منە‘ بەئاماژە وای گوت.

’باشە چۆن دەستت بەو کتێبە گەیشت؟‘



هەواڵنامەی کتێب

‘من تێیدا دەنووسم.’ وای ڕوون کردەوە.

‘تۆ؟ لەم دەفتەرەدا دەنووسی؟’

‘بەڵێ.’

‘سەبارەت بەچی؟’

‘سەبارەت ئەو شتانەی دێنە ناو مێشکم.’ بەئاماژە وای تێگەیاندن.

”پیاوەکان لێی تێنەگیشتن، بڕواشیان پێ نەکرد.“

”ئەدی خۆت؟ بەخۆت بڕوات پێ دەکرد؟“

”من باوکتم دەناسی، بەڵام هەموو جارێک لێی تێنەدەگەیشتم. بۆ ئەوەی ڕاستگۆ بم، منیش دوودڵ بووم. دەترسام نەبادا کتێبەکەی لە بێگانەیەک، کە لەبەر نووسینە بزمارییەکەیان دەنووسییەوە، دزیبێ.“

”خاڵەکەم!“ ئەکبەر بەئاماژە وتی، ”خاڵە پیرەکەم هەموو شتێک دەزانێ. ئەو خۆی منی فێر کرد تا هەرشتێک لەناو مێشکمدا هەبێ لەو دەفتەرەی بنووسم.“

”دەی بۆ پێشەوە، بۆ لای ژەنەراڵ!

”ئیدی ژەندرمەکان ئێمەیان بردە لای ژەنەراڵەکە. ژەندرمەکە کتێبەکەی لەسەر مێزی ئەو دانا.

‘ئەوە چییە؟ نووسینی خەتی بزماری؟’ ژەنەڕاڵەکە وای هاوار کرد. ‘چۆن دەستت بەو کتێبەڕا گەیشت؟’

‘ئەمەم لە بەرکی دەر هێنا.’ ژەندرمەکە وا بەرسڤی دایەوە، ‘خۆی واش دادەنێ کە کەڕولاڵە.’

”ئەم جارەیان هەر خوا بەهانایەوە بێ.

‘هیی منە. ئەمە هیی منە.’ ئاغا ئەکبەر بە ئاماژەکانیەوە. ‘خاڵەکەم، خاڵی من هەموو شتێک دەزانێ. ئەگەر بیر



هەواڵنامەی کتێب

بکەمەوە، لەم دەفتەرەدا دەینووسم.'

"ژەنەڕاڵەکە لێی پرسیم، 'تۆ ئەو باش دەناسی؟'

"بەڵێ. ئەو برادەری منە، ناسیاوێکی منە. ئەو دەستڕەنگینێکە، باشترین پینەچی مافووری دەڤەرەکەمانە. ئەو لەگەڵ ئێمە لە گونددا دەژی.'

'ئایا دەزانی ئەم کتێبەی چۆن پەیدا کردووە؟'

'نەخێر.'

'زۆر چاکە، تۆ دەتوانی بڕۆی.'

"من نەمدەزانی ئەوان لەگەڵ ئەو لە چ پلانێکدان.

"سەعاتێک دواتر بیستم کەسێک هاوار دەکا، ئاغا ئەکبەر. ژەندرمەکان جلەکانیان لەبەر داکەندووە، ئیدی ئەویان لەنێو گۆماوە ساردەکەدا هەڵێناوە."

ئیسماعیل بەسەرسامییەوە سەیری باوکی دەکرد، ئەویش بەدوای چیرۆکەکەدا دەچوو. ئاغا ئەکبەر بەخەندەوە سەری لەقاند.

ژنە جووتیارەکە هاتە لای ئیسماعیل و دەستی لەسەر شانەکانی دانان و گوتی، "هەنووکە بۆ خۆشبەختی ئاغا ئەکبەر کوڕێکی بۆ پشتگیری هەیە."

جووتیارەکەش لەسەر گێڕانەوەی سەربردەکە بەردەوام بوو، "من دڵنیا نەبووم ئاخۆ ئەکبەر ڕاستی گوتبوو، چونکە بڕوام نەدەکرد ئەم جۆرە شتانەی نووسیبێ. لەگەڵ ئەوەشدا من تاکەکەس بوم بتوانێ شتێکی بۆ بکا. بۆ ساتەوەختێک ئیدی خۆم پێ ڕانەگیرا. غارم دایە لای ژەنەراڵەکە، کە لای گۆماوەکە وەستابوو، لە بەرپێیەکانی کڕنووشم برد و پێم



هەواڵنامەی کتێب

گوت، ‹ئاغا ئەکبەر ڕاستی دەڵێ، ئەو پیاوێکی باشە، هەقە ئێوە کازم خانی خاڵی بانگ بکەن.›

ئیسماعیل پرسی، "ئینجا ئەم قسەیە خواردی"

"بەڵی بۆ خۆشبەختی خواردی. ئیدی ئەویان لە گۆماوەکە دەر هێنا، بەتانییەکم تێوەر پێچا و لەگەڵ خۆم هێنایە ژووەوە. ئەرێ ئەکبەر، هێشتا لەبیرت ماوە؟"

ئاغا ئەکبەریش سەری بۆ لەقاند، "بەڵێ. لەبیرمە. هێشتا لەبیرمە."

"دوای سێ ڕۆژ، کازم خان لەگەڵ مەلای گوندی زافەران هاتنە سەربازگەکە. مەلایەکە کتێبە پیرۆزەکەی لەسەر مێزی ژەنەراڵەکە دانا و سوێندی بە قورئانێ خوراد، کە کتێبەکە هەر نامیلکەیەکی پیاوە کەڕولاڵەکەیە لاسایی نووسینی خەتی بزماری کردۆتەوە. هەروەها ئەو یادداشتە نووسینە سەیروسەمەرەیە، کە هیچ واتایەکی نییە، تەنها شەڕەپشیلەیەکە و بەس، ئاغا ئەکبەر بەخۆی لەسەر دەفتەرەکە نیگاری کێشاوە."

سالانێک دواتر، دوای مردنی ئاغا ئەکبەر، لە ڕێی پۆستەوە پاکەتێک گەیشتە دەستی ئیسماعیل.

ئەو، ئەوکات تەمەنی بەقەد تەمەنی باوکی بوو کاتێ چوونە لای جووتیارەکە، ئیدی پاکەتەکەی هەڵپچڕاند. کتێبێک، نووسراوی ڕۆژژمێری ئاغا ئەکبەر.

ئیسماعیل چووە پشت مێزی نووسین دانیشت، لاپەڕەکانی هەڵدانەوە و بیری کردەوە، باشە من چۆن نهێنیی پشت پەردەی ئەم ڕۆژژمێرەیە هەڵدەمەوە؟ چۆن بتوانم ئەم کتێبە


هەواڵنامەی کتێب

بدوێنم؟ چۆن بتوانم بە زمانێکی خوێنراو ئەم یادداشتە وەر بگێڕم؟


هەواڵنامەی کتێب

# دیسان ژنێك

ئێمە زۆر باسی ئیسماعیلمان کرد،
بەڵام ئەو لەم کتێبەدا هێشتا لەدایک نەبووە.
پاش کەمێکی دیکە لەنێو بەفردا تووشی ژنێک دەبین.
کازم خان درێژەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە.

هەندێ جار دەبێ ئاساییانە ئۆقرە بگری، حەوسەڵەت هەبێ. خۆ ئەگەر شتێکت بۆ نەهات و بەخت نەیگرت، دەبێ بۆ ماوەیەک وازی لێ بێنی. ئاوا مەودایەک بە ژیان دەدەی بۆ ئەوەی هەر بەخۆت ڕێچکەیەکی دیکە بدۆزیتەوە.

کازم خان لە سەفەردا بوو. بەفرێکی ئەستووریش باریبوو، نزیکەی مەترێک دەبوو، بە هۆیەوە بۆ ماوەیەکی کاتی نەیتوانی بەرەو ماڵ بێتەوە. ئەو دەبوایە یەک-دوو ڕۆژان چاوەڕێی کردبایە، تا ڕێگاکە دەکرایەوە.

لەو کاتەی ئەو هەر وا دەسووڕایەوە لە تریاککێشێک دەگەڕا کە دەیناسی، ئێوارەیەکیان خۆی لە گوندی خومەین[1] بینییەوە.

---

1 Khomein

هەواڵنامەی کتێب

”ئێوارە باش!“ ئەو ئاوا بانگی پیاوێکی بەتەمەنی کرد، کە ڕێگای بەرماڵەکەی خۆی لە بەفر ڕادەماڵی.

”ئێوارە باش، برای لایدە. دەتوانم یارمەتیت بدەم؟“

”من بەدوای ڕاوکەرەکەدا دەگەڕێم.“

”کامەیان؟ ئاخر هەموو کەسێک لەم دێیەدا ڕاوکەرە.“

”ئەوەی ڕاوی بزنە کێوییەکان دەکا[1].“

”ئاها، بەڵێ، دەزانم مەبەستت کێیە. جاران ئەو بزنەکێوی ڕاو دەکرد، بەڵام پێم وایە هەنووکە نیشانەی پێ لە بزنێکی ماڵێش ناگیرێ و ناپێکێ. لە کۆتاییی ئەم ڕێگەیە، کە تازە خاوێنم کردۆتەوە، پیرە داربەڕوویەک هەیە. لەوێشەوە ڕێچکەی دەستەچەپ دەگری، بەنێو بەفرەکەدا بەسەر گردەکەدا بڕۆ، ئیدی لەوێوە، لە دوورەوە ماڵەکەی ئەو بە دیواری دوورودرێژ دەبینی. لەسەر دەروازەکەش قۆچێکی گەورەی بزنەکێوی هەڵواسراوە. یارۆی ڕاوکەری بزنەکێوی لەو ماڵەدا دەژی.“

کازم خانیش بەنێو بەفرەکەدا هاژۆتی و بەسەر گردەکە کەوت، تا گەیشتە بەردەم ماڵەکە، بەڵام وا دیار بوو کەس لە ماڵ نەبێ. ئیدی لەسەر پشتی ئەسپەکەی بانگی کرد، ”ئەرێ

١ هەرچەندە لێرەدا ڕەنگ بێ جێی خۆی نەبێ، بەڵام خۆم سەر بە بەرەبابێکم پێیان دەگوترێ پیرەباوەیی (پیرەبابی)، کە زێدەکەیان لە گوندی گرتکی دۆڵی ڕوستێی باڵەکایەتی و چەند گوندێکی دیکەی دەڤەرەکە و لە دەوروبەری هەولێریش هەن. لەسەر ڕاسپاردەی باپیرە گەورەیان (پیرەباو-پیرەباب) نەوەک هەر ڕاوی ئاژەڵی کێوی بەتایبەتیش بزنەکێوی، لە کوڕ و نەوەکانی خۆی قەدەغە کردبوو، بەڵکو خواردنی گۆشتی ئەو بەستەزمانانەشی لێ حەرام کردبوون. دیاردەیەکی دەگمەن، ئەوەی مایەی تێبینیشە بەتەمەنەکان، نەوەی پێش من ڕاسپاردەکەیان وەک خۆی جێبەجێ کردبوو.



هەواڵنامەی کتێب

ئێرەماڵی ڕاوکەری بزنەکێوییە؟“

هیچ وەڵامێک نەبوو.

ئەو بە قامچییەکەی لە قاپییەکەی دا. ”هۆ ڕاوکەر، ڕاوکەر! ئەرێ لە ماڵی؟“

”کەمێ بوەستە!“ دەنگی ژنێکی گەنج وا هات. ”یەکەم جار دەبێ بەفرەکە ڕابماڵم.“

ئەو تێنەگەیشت دەنگی ژنەکە لەکوێوەی خانووەکەوە هات.

”سەلام، هۆ یارۆی لایدە!“ ژنەکە وا بانگی کرد.

کازم خان سەیری پشتەوەی خۆی کردەوە.

”لێرەم، من لێرە لە سەربانەوە وەستاوم. دەتەوێ قسە لەگەڵ کێ بکەی؟“

”ئۆو، لەوێ، سڵاو. من بەدوای ڕاوکەرەکەدا دەگەڕێم.“

”ئەو نوستووە.“

”هەر لە ئێستاوە؟“

”بەڵێ،“ ژنەکە وای پێ گوت و لە بەرچاوانیش ون بوو.

تومەز کازم خان شوێنێکی دەویست تریاکی تێدا بکێشێ. وادەی کێشانەکەی هاتبوو، خەریک بوو جەستەی هەندێک بلەرزێ. بۆیە بانگی کردەوە، ”هۆ کیژی گەنج، تۆ لەکوێی؟ گوێ بگرە. من...“

دیسان هیچ وەڵام نەبوو.

”ئەرێ بۆ خاتری خوا تۆ لەوێ چی دەکەی؟“

”بەڕێز، بەفر ڕادەماڵم. ئەگەر وا نەکەم، بانەکە بەسەر ڕاوکەرەکەی تۆدا دەتەپێ.“

”دەی وەرە خوار، من زۆرم پێویستی بە...“



هەواڵنامەی کتێب

"دەزانم زۆر پێویستیت بە چی هەیە،" کیژەکەش لە شوێنی خۆی وا بانگی کردەوە. "بەڵام ئەوەت لێرە دەست ناکەوێ. ئێوارە باش."

"تکات لێ دەکەم ئەو بەئاگا بێنەوە و پێی بڵێ کازم خان لە دەرگەتدا وەستاوە. لێم تێدەگەی؟ بڵێ کازم خان."

"نەخێر، من ئەوە ناکەم. هیچ غەوارەیەک لەم ماڵەدا وەر ناگیرێ. بەڕێز خواحافیزت بێ!"

"ئاخر من کازم خانم."

"خۆ تۆ هەرکەسێک بی، بۆ من هیچ گرنگ نییە. نە تریاک، نە ئاگر و نە قومێک چا. تۆ هیچ لەمانە لە منەوە وەر ناگری. گەشتێکی خۆش!"

"ئای خوایە. ئەوە چ ئافرەتێکە. گوێ بگرە! من دەبێ ئێستا دووکەڵەکە بکێشم، دەنا لێرە لە پەنا قاپیەکەتاندا دەکەوم و دەمرم."

"ئەم قەوانەم زۆر گوێ لێ بووە."

"ئەم جارەیان شتێکی دیکەیە."

"ناوەکەی تۆ بۆ من هیچ زەنگێک لێ نادا، هیچ شتێک ناگەیەنێ. دەکرێ سووک و ئاسان لەبەر دەرگەکەمان بکەوی و بمری. بەڵام دووکەڵکێشان؟ ئەمەیان چیدی لە ماڵەکەمدا ڕوو نادا، چونکە کێ دەبێ ئاگرتان بۆ هەڵکا؟ من. باش گوێت لێمە، من! کێ دەبێ چایەتان بۆ دێم بکا؟ من! تێدەگەی تۆ؟ نەخێر، هیچ کەسی دیکە ئەمە لە دەستی من نابینێ!"

"دەی کەواتە ڕاوکەرەکەم بۆ بانگ بکە!"

"ڕاوکەرەکە مردووە. ئێستا باشە؟

"باشە دەبێ بپاڕێمەوە؟ دەبێ ئەو پیرەمێردە بکەوێتە



هەواڵنامەی کتێب

سەر ئەژنۆ؟ سەیرکە... من خەریکە لەسەر پشتی ئەسپەکەم بەر دەبمەوە...“

ئەمەش هەر دادی نەدا.

ئەو بیری لێ کردەوە و هەوڵ و کۆششێکی دیکەی بۆدا.

”من بەتەواوی لێت تێدەگەم. تۆ لەسەر هەقی، بەڵام من تریاککێشێکی ئاسایی نیم، من لە شاخی زافەراندا ناودارترینیانم. من کتێب دەخوێنمەوە و بە سەدان شیعر لە مێشکمدان. من شیعریش دەهۆنمەوە. خۆ ئەگەر دەرگام لێ بکەیتەوە، بۆ تۆ و بەتایبەت شیعرێک دەهۆنمەوە.“

هیچ کاردانەوەیەک نەبوو.

”ئەرێ بەڕاست تۆ کێی؟“ ئیدی بەپەستییەوە بانگی کرد. ”باشە تۆ ژنە نوێیەکەی ئەوی؟“

”ئەز؟ ژنی ڕاوکەرەکە. ئەوەت چۆن بە مێشکدا هات! ئەم کەڕەتەیان هەر بە یەک جار دەرگاکەت لەسەر ناکەمەوە.“

ئینجا کازم خان ورەی بەر دا و لغاوی ئەسپەکەی سووڕاندەوە، ویستی بە کلکی بارگیردا بدا و بگەڕێتەوە.“هۆ یارۆی لایدە! کەمێک بوەستە.“ کچەکە بانگی کرد و لە سەربانەکە هاتە خوار.

ژنەکە دەرگاکەی کردەوە. کازم خانیش هاتە نێو حەوشەکەیان.

لەو ساتەدا شتێکی بە مێشکدا هات، بەڵکو ئەمە ئەو ژنە بێ، کە بەدوایدا دەگەڕێین. ئەم هزرەشی لە چاوترووکانێک زیاتر لەلا نەمایەوە.

ئینجا لە ئەسپەکە دابەزی. ژنەکە ڕێنوێنی کرد تا ژووری تریاککێشان، لەو شوێنەی کە ڕاوکەرەکە هێشتا قەلنەکەی



هەواڵنامەی کتێب

لە دەست بوو، بەڵام ئاگرەکەی سارد بووووەوە و لەپەناوە خەوی لێ کەوتبوو.

بە دار و چیلکەی داربادەمەوە هەر زوو ژنەکە ئاگری کردەوە. دارە داگیرساوەکانی خاوێن کردنەوە و لەسەر ئاگرەکەی قەلنەکەی دانا، یەک لوولەکی تریاکی بێگەردی لەسەر قاپێک هێنا و بەلەمێکی پڕ لە خورماشی لەپێش دانا. "فەرمووا! ئەمەش بۆ تۆ." ئەمەی گوت و لە ژوورەکە دەر چوو.

کازم خان قسەی بۆ نەدەهات. ئەوق مابوو. ئەو هەر لە تافی گەنجییەوە تریاکی دەکێشا، بەڵام قەت کەس وەک ئەم ژنە تریاکێکی خاوێنی بۆ ئامادە نەکردبوو.

"ئەرێ ناوت چییە؟"

"تینا[1]،" ژنەکە لە ژوورێکی دیکەوە وەڵامی دایەوە.

"چی؟"

"تینا."

"ئەمە ناوێکی فارسییە؟ یان ناوێکی خەڵکی پشت ئەو شاخانە، هیی ڕوسیایە؟"

کچەکەش نەیدەزانی. کازم خان تریاکەکەی دەکێشا و بیری دەکردەوە، بەڕاستی سەر ناگرێ. ئەو بەکەڵکی ئاغا ئەکبەر نایەت.

ئەو دەیکێشا و دووکەڵەکەشی لە دەلاقە دووکەڵکێشەکەوە بۆ هەوای ساردی دەرەوە بەبا دەکرد، "پەککو لەو ژیانە، پەرجوویەکە، خۆی نهێنییەکە و وردەوردە ڕووی هەڵدەماڵرێ،

---

1 Tine


هەواڵنامەی کتێب

لەوانەشـە وا نەبێ، دەکرێ لەمـەدا، مـن شـاش بـم.“
”تینـا،“ ئـەو دیسـان بانگـی کـردەوە، ”ئـەوە لەکوێـی؟ دەی تـا ئێـرە وەرە! شـتێکم بـۆ تـۆ هەیـە.“
کیژەکـەش بـە خـۆی و سـینییەک چایـەی تـازە دێمکـراو هاتـە ژوور و چەنـد کڵـۆ شـەکرێکیشـی لەسـەر لێـواری سـینییەکە دانابـوو.
”ئـەرێ ئەمـە ماڵـی ڕاوکەرەکەیـە یـان بەهەشـتە؟ مـن سـوپاسـت دەکـەم. سـەیرکە، مـن ئەنگوسـتیلەیەکی فەیرۆزیـم بـۆ تـۆ هێنـاوە. مـن هیـچ منداڵـم نیـن، کچـم نییـە، تـۆ کچـی منـی. فەرمـوو، دەی بیخـەرە قامکـت. جـا وەرە لـەلام دانیشـە.“
کیژەکـەش بەئەسـپاییەوە لەتەنیشـت دەفـری پشـکۆئاگرەکان لەبەرامبـەر کازم خانـدا دانیشـت. بەدوودڵیش ئەنگوسـتیلەکە، کە بەردێکـی سـووربـاوی تێـدا بـوو، خسـتە پەنجـەی، حەزیشـی لـێ بـوو کۆتاییەکـەی بزانـێ، ئاخـر دەترسـا نەبـادا پیـاوە پیرەکـە گاڵتـەی پـێ بـکا.
”لـە شـوێنی خـۆت بمێنـەوە. تـۆ کیـژی ڕاوکەرەکـەی، وایـە؟ زۆر چاکـە، دەکـرێ ئێسـتا پرسـیارێکی بێشـەرمانەت لـێ بکـەم؟ ئـەرێ لەگـەڵ باوکـت دەژی یاخـود بـە سـەردان هاتوویتـە لای؟“
دەسـتبەجێ ئـەو نیشـانەی ترسـی لـە چاوەکانـی کیژەکـە خوێندنـەوە. کچەکـە ئەنگوسـتیلەکەی بـۆ فـڕێ دایـەوە و غـاری دایـە دەرێ.
ئینجا ڕاوکەرەکەش لە خەوەکەی بەئاگا هاتەوە.
”ئـۆو، خودایـە، ئـەوە کـێ لێرەیـە؟ چییـە خـەون دەبینـم؟ یاخـود شـتێکی ڕاسـتییە؟“
”تـۆ خـەون دەبینـی،“ کازم خـان وای پـێ گـوت. ”لەڕاسـتیدا

هەواڵنامەی کتێب

منم لە بەهەشت دانیشتووم. کیژەکەت دەرگای لێ کردمەوە. دەی وەرە لەلام دانیشە. ئاگرەکە هەر دەڵێی یاقووتە. ئەو تینایەی تۆ یەک پارچە زێڕە."

"لە خزمەتت داین. مایەی شەرەفمەندیمانە، کازم خان میوان بێ." ڕاوکەرەکەش وای پێ گوتەوە و بانگی کرد، "تینا، دەی خواردنێکی خۆش بۆ ئەم جوامێرە ئامادە بکە."

کازم خان دەستی بۆ جوزدانەکەی برد و بڕەپارەیەکی دەر هێنا و لەبن لێوێ مافووری دانا، ئەو شوێنەی ڕاوکەرەکە لەسەری دانیشتبوو.

"ئاخ، نابێ. تۆ میوانی منی. تۆ لە ماڵی منی بەخێر بێی."

"دەی لێگەڕێ هۆ ڕاوکەر، من سوپاست دەکەم. ئای چ کیژێکی دلۆڤانت هەیە."

"دلۆڤان؟ نەخێر بەڵکو ئەو چقڵی چاومە."

"چقڵی چاو؟"

کازم خان قەلنەکەی دایە دەست. کاتێکیش ڕاوکەرەکە یەک-دوو قومی لێ هەڵمژین و هەندێ کەیفساز بوو، زیاتر لەسەر قسەکەی ڕۆیشت، "ئەو وەک پڵنگێک دەچێتە سەربانەکە و ڕێگە بە کەس نادا لێمان بەژوور کەوێ."

"ئەو لەگەڵ تۆ لەم خانووەدا دەژی؟ یان، مەبەستمە بڵێم ، ئایا مێردی کردووە؟"

"مێردکردن؟ بەڵێ، سێ جارانیش. ئەو کیژەم ڕقی لە پیاوان دەبێتەوە. لەگەڵیدا پێویست ناکا باسی پیاوان بکەی. خۆ ئەگەر وات کرد، دەقیژێنێ ئەوسا هەموو ژنانی دراوسێ بە خۆیان و گەسکەکەکانیان دێنە سەربان و دەست ڕادەوەشێنن. ئەوان پێیان وایە من دەمەوێ کچەکەم


هەواڵنامەی کتێب

بفرۆشمە تریاکخۆرێکی پیر. هۆ تینا، ئەرێ ئەوە لەکوێی؟"

لە کاتێکدا بە ملیاران ئەستێرە لە ئاسماندا دەدرەوەشانەوە، تیناش خواردنێکی خۆش و بەتامی دایە شاعیرە پیرەکە. ژنەکە ڕەفتارێکی یەکجار باشی لەگەڵ میوانەکەدا نواند، بە شێوەیەک خودی ڕاوکەرەکە پێی سەیربوو.

کاتێکیش دیسان باوکی ژنەکە خەوی لێ کەوتەوە، کازم خان بانگی کیژەکەی کرد.

"دەی وەرە دانیشە. دەی وەرە ئێرە، ئەم ئەنگوستیلەیەش هەڵگرە. من دەمەوێ هەندێ قسەت لەگەڵ بکەم. من کێشەیەکم هەیە، لەوانەیە تۆ تاکە کەسێک بی، یارمەتیم بدەی."

"چ جۆرە کێشەیەک؟"

"کیژەکەم، گوێ بگرە. من چەند پرسیارێکت لێ دەکەم. دەکرێ وەڵامیان بدەیتەوە، دەشکرێ وەڵام نەدەیتەوە. من ئەمشەو لێرە دەمێنمەوە و بەیانیش دەڕۆم. کێ دەزانێ؟ بەڵکو بەخت وا بکا سەر بەمماڵەدا بکەمەوە. لەوانەشە تۆ ئەو کەسە بی، کە بەدوایدا دەگەڕێم. من کوڕێکم هەیە، نەخێر خوشکەزایەکم هەیە، گەنجێکە، کوڕێکی بەهێز و کەشخەیە و سەر بە ماڵباتێکی باشیشە، بەڵام گرفتێکمان هەیە."

"ئینجا؟"

"ئەو کەڕولاڵە. هێشتاش ژنێکمان بۆی پێ نەدۆزراوەتەوە. ئێمە بەدوای ژنێکی زیرەکدا دەگەڕێین، ئەرێ لێم تێدەگەی؟"

تا درەنگانێکی شەو ئەوان هەر قسەیان دەکردن.

بۆ بەیانییەکەی، کاتێک ڕۆژ سەر بەفری ڕۆشن کردەوە، هەرچەندە ڕێگاکەش هەر پڕمەترسی بوو، لێ کازم خان


هەواڵنامەی کتێب

ئەسپەکەی زین کردەوە، بەنێو ڕێگا بەفراوییەکەدا بەرەو گوندی زافەران ڕکێفی لێدا.

”ئەری ئەکبەر لەکوێیە؟“

لە ماڵێک دەچووە ماڵێکی دیکە و لە ئەکبەر دەگەڕا، تا لە کۆتاییدا لە ماڵی مەعمیلێکیدا دۆزییەوە.

”دەی وەرە لەگەڵم، هەرچی لە بەردەستتدایە وازی لێ بێنە. خێرا بڕۆ گەرماوەکەی گوندی. هەر زوو قاتە ئیسفەهانیەکەت بپۆشە و کرێمیش لە پرچت بدە. دەی خێراکە، ئەسپە هەرە خورتەکەش زین بکە. هەندێ گوڵە ڕەزە وشککراوەکانیش لەنێو بەرکەکانت دانێ. دەی وەرە! وەرە لەگەڵم با بڕۆین. ئەمەش خەناوکەیەکە. هەرکاتێ دەرگاکەی کردەوە، پشتت ڕاست بکەوە و سەریشت بەرز ڕابگرە! ئینجا ملوانکەکە لە بەرکت دەر بێنە و دەستت بۆی ڕادێرە و خەناوکەکەی[1] پێشکەش بکە.“

بۆ ئێوارەکەی گەیشتنە بەردەرگەی ماڵی ڕاوکەرەکە. کازم خان لە قاپییەکەی دا. تینا دەرگەکەی کردەوە.

”تەماشاکە ، ئەوە لەوێیە،“ کازم خان بە دەنگێکی بڵند وای گوت و ئاماژەی بە ئاغا ئەکبەر دا، کە قاتێکی ڕەشی کەشخەی لەبەردا بوو، لەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە لە تینای دەڕوانی. ئیدی کەسیان نەیاندەزانی چۆن هەنگاوی داهاتوویان بنێن. تەنانەت کەسێکی بەئەزموونی وەک کازم خانیش هیچ قسەی بۆ نەهات، دۆش دامابوو.

”فەرموون وەرنە ژوور،“ تینا وای پێ گوتن. ڕووی

---

١ خەناوکە: ملوانکە



هەواڵنامەی کتێب

خۆیشی کردە ئاغا ئەکبەر و پێی گوت "بەخێر بێی!"
کازم خانیش فرمێسکی لە چاوان هاتنە خوار.

"نایابە. تۆ ژنێکی نایابی. دەی ئەکبەر وەرە، لە ئەسپەکەت دابەزە. هەر وا سەیر مەکە. ئێمە دەچینە ژوورەوە، تینا کچەکەم، سەرەتا دەبێ شتێکت پێ بڵێم. زۆری دیکە نابا دەبیتە بووکی ئێمە و بەیانیشماڵباتەکە دێت و دەتبا. ئێمە تۆ دەبەین و جێگایەکی گەرم و نەرمت دەدەینێ، بەڵام من ئاگادارت دەکەمەوە، چونکە ژیانێکی زەحمەتت لەپێشە، لەوانەشە وا نەبێ، منیش نازانم، بەڵام هەرچۆنێک بێ ژیانەکە ئاسان نابێ. کاتی خۆت وەر بگرە، هێشتا ئازادی، ئەگەر لە بڕیارەکەی خۆت پەژیوان ببیتەوە. بڕۆ لای ئەو دارکاژە و پیاسەیەک بکە و بیری لێ بکەرەوە. من لێرە چاوەڕێت دەکەم."

بەڵام خۆ پێویست نەبوو تینا بچێتە لای دارکاژەکە و پیاسەیەک بۆ بیرلێکردنەوە بکا. ئەو بەرەو لای ئاغا ئەکبەر ڕۆیشت و ئاماژەی بۆ کرد، "فەرموون وەرنە ژوور. کەمێکی دیکە باوکم دێ."

"ئای خودای من، ئای خودای دلۆڤان، چ کاتوساتێکە، ئای چ ژنێکە. ئەرێ هۆ نێچیرڤان لەکوێی؟ مافوورێک ڕایەخە و ئاگرەکەش هەڵبکە."

ڕۆژی پاشتر ئەسپەکان هاتن. ماڵباتەکە زێڕ، زیو، جلوبەرگ، کەلوپەل، کاکڵەگوێز، نان، گۆشت، مەڕ، مریشک و هێلکەیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. هەمووشی بۆ نێچیرڤانەکە. ئەوان چارشێوێکی سپیی گوڵدۆزیان بەسەر سەری تینادا دا و



هەواڵنامەی کتێب

سواری ئەسپیان کرد. پێدەچوو هەموو لەوە بترسن خۆشیی خۆیان دەر ببڕن و هەلهەلە لێ بدەن.

هیچ مەڵێن، ئاسایی بڕۆن، ئەم شتەیان لە چاوان دەخوێندرایەوە. بەڵام مەلاکە کورتە سورەتێکی بە تەرتیل هەر خوێندەوە:

*"الرحمن. علم القران. خلق الانسان. علمه البیان. الشمس و القمر بحسبان. السماء میزان. الحب ریحان.[١]"*

پاشان بووک بۆ ماڵی ئەکبەر گواسترایەوە، "ئێرە ماڵ و مێردی تۆیە."

ئەم جارەیان هیچ ژنێک لەپشت پەردەی ژووری نووستنەکەیان خۆی حەشار نەدا. هەمووان چوونەوە ماڵوحاڵی خۆیان، "تینا شتەکان لێرەن، ئەوە مەنجەڵەکە، نان، پەنیر! ئیدی خۆتان و خوای خۆتان."

ئینجا هەموو شتێک ئاراستەی خۆی وەر گرت.

بەختیش هەر ئەمەی دەویست. ژیان وای دیاری کردبوو. پاشانیش تینا دووگیان بوو.

لە شەوێکی ساردی نۆڤێمبەردا، تینا لەپەنا سۆبەی داران چەند پەتۆیەکی بە خۆیدا دابوون، زۆپاکەش زۆپایەکی تایبەت بوو، بۆ زستانە سەختەکان دروست کرابوو، هیی

---

١ ڕۆماننووس ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی (الرحمن)ی بەپچڕپچڕی نووسیوەتەوە، دەقی ئایەتەکان بەم جۆرەی خوارەوەن:
*(الرحمن. علم القران. خلق الانسان. علمه البیان. الشمس و القمر بحسبان. والنجم و الشجر یسجدان. والسماء رفعها و وضع المیزان. الا تطغوا في المیزان. واقیموا الوزن بالقسط و لا تخسروا المیزان. و الأرض وضعها للانام. فیها فاکهة وا لنخل ذات الاکمام. والحب ذو العصف و الریحان.....)*



هەواڵنامەی کتێب

ئەوە بوو مرۆ لەپاڵیدا لێی ڕاکشێ و بڕازێ. تینا لەو شەوەدا پێیەکی لە ئەکبەر دا و لە خەو بێداری کردەوە. ئەویش زانی، کۆرپەلەکە لە ڕێگایە بێتە دەر، بۆیە لەبن پەتۆ ڕاپەڕی و دەستبەجێ چرا نەوتییەکەی هەڵکرد.

"ژانت هەیە؟"

"خێراکە،" تینا بەئاماژە وای پێ گوت. "بڕۆ مامانەکە بێنە."

ئینجا پیاوانی ماڵباتەکە لەپێش ژنەکانیان بەهاواریانەوە هاتن. یەکێک مشووری سەماوەرە گەورەکەی خوارد. ئەوی دیکە پشکۆکانی گەش کردنەوە، کازم خانیش بە خۆی تریاکە زەردباوەکەی هێنا. کێ دەزانێ؟ بەڵکو کاتوساتی ئاهەنگگێڕان بێ.

کازم خان هیچ گومانی نەبوو، ئاخر ئەو پرسی بە قورئان کردبوو وەڵامەکەشی لە سورەتی مریەم وەر گرتبووەوە:

*"واذكر في الكتاب مريم اذا انتبذت من اهلها مكانا شرقيا..."*

*"کاتێک مریەم لەناو خەڵکەکەی خۆی کێشایەوە و خۆی گەیاندە شوێنە ڕۆژهەڵاتییەکە، خۆی لە بەرچاوی ئەوان لا دا، خوا ڕۆحی خۆی لەسەر بیچمی پیاوێکی شێوە تەواو عەیار ناردە خوار لای ئەو. مریەمیش گوتی، "من پەنا بۆ خودا دەبەم، دەی بڕۆ لێم بگەڕێ و یەخەم بەر بدە. منیش تەنها پەیکێکم و لەلایەن خواوە نێردراوم تا پێت ڕابگەیەنم، کە خوا کوڕێکت پێ دەبەخشێ."*

هەموو پیاوەکان لە ژووری میوان دانیشتبوون، بازنەیەکیان پێک هێنابوو، ئاخر چاوەڕێ بوون. بێدەنگییەکەش ئەوەندە

هەواڵنامەی کتێب

درێـژەی کێشـا تـا پشـکۆی ئاگـری سـەر قەلنەکـە دامرکایـەوە. پیاوەکان سـەیری کازم خانیـان کـرد، ئاخـر ئـەو هەمـوو شـتێکی بـۆ سـاتی لەدایکبوونـی منداڵەکـە ئامـادە کردبـوو، بـۆ ئـەوەی لەگەڵ لەدایکبوونیدا دەست بۆ قەلنەکەی ببا و ئاهەنگ بگێڕێ. هێشـتاش بێدەنگییـە هەڕەشـەئامێزەکە درێـژەی کێشـا، بـەڵام ئـەوکات لەپڕێکـەوە قیـژەی گریانـی منداڵێـک لـە ژوورەکـەی دیکـەوە بـەرز بـووەوە.

بەگوێرەی دابونەریتی ماڵەکە دەبووایە کەس دەنگ نەکا. مامانەکە بەئاماژە پێی گوتن، "کوڕێک."

کازم خـان وا پێکەنـی، ددانـە زێڕەکـەی درەوشـایەوە. دوای کەمێـک بەتەمەنترین ژنـی خانەوادەکـە ئیسـماعیلی لەسـەر دەسـت دانابـوو، هێنایـە ژووری میوانـان. هەمـووان بێدەنـگ بـوون، قڕوقـەپ، چونکـە یەکەمیـن وشـە، یەکەمیـن ڕسـتە کـە بگاتـە مێشـکە پـاک و بێگەردەکـەی منداڵەکـە، دەبـێ شـیعرێک بـێ، کۆپلەشـیعرێکی کۆنـی پڕئـاواز بـێ. کەواتـە نـە مامانەکـە قولماتی لێوە هات نە پووری ئەکبەریش دەنگی کرد، نە هیچ قسـەیەکی سـەرپێیی و ئاسـایی نێوانی ئامادەبووان کـرا، بەڵکو مەیدانەکـە بـۆ یـەک پارچەهەڵبەسـتی حافـز، ئـەو شـاعیرەی مامۆسـتای شـیعری فارسـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت، چـۆڵ کـرا.

لـە کۆتاییـدا کازم خـان دەسـتی بـۆ دیوانەکـەی حافـزی شـیرازی بـرد، چاوەکانـی نوقانـدن و دیوانەکـەی لێـک کـردەوە. لـەوێ لەسـەرەوەی لاپەڕەکـە شـیعرە گونجـاو و دروسـتەکە بـوو، بـۆ ئـەوەی گوێـی منداڵێـک بەئاسـوودەیی پـێ بزرەنگێتـەوە. کازم خـان دەمـی بـردە نزیـک گوێـی ئیسـماعیلی سـاوا و ئیـدی بـەو دەمـەی کـە بۆنـی تریاکـی لـێ دەهـات لـە گوێیـدا ئـەم


هەواڵنامەی کتێب

شیعرەی چرپاند:

بلبلی برگ گلی خوش رنگ در منقار داشت
و اندر آن برگ و نوا خوش نالەهای زار داشت
گفتمش در عین وصل این نالە و فریاد چیست
گفت ما را جلوەی معشوق در این کار داشت[1]

خۆشەویستی، خەم و پەرۆشی یار ئەو وشانە بوون کە یەکەمین جار بە گوێیدا چرپا.

کاتێکیش کازم خان ساواکەی دایە دەست ئاغا ئەکبەر پێی گوت، "ئەوەتا! ئەمە کوڕەکەتە!"

ئینجا ژنان هەلهەلەی خۆشییان لێدا.

دەنگی کازم خان یەکەمین دەنگ بوو، کۆرپەلەکە گوێی لێ بوو. بەڵام پاشان، چەندین ساڵ دواتر، کاتێک ئیسماعیل هەوڵی دەدا ڕۆژژمێری باوکی بخوێنێتەوە، بۆی دەر کەوت، ڕەوشەکە بە شێوەیەکی دیکە ڕۆیشتووە.

ئیسماعیل هەمیشە کێشەی لەگەڵ گوێی چەپەیدا هەبوو. باوکەکەیشی دەیزانی ئازارەکەی لەکوێوە دێ. ئەو لەنێو کتێبەکەی خۆیدا شتێکی دەربارەی مامانەکە، دەربارەی گوێیەکە، دەربارەی دەبەنگی خۆی نووسیبوو، بەڵام ئیسماعیل لێی تێنەدەگەیشت ئاخۆ شتەکە باسی چی دەکا.

---

١ هەرچوار دێرەکە بەکوردی و بە شیعرەوە بڕوانە کتێبی حافز بەکوردی، *تاڤگەی ئەوین*، عومەر ساڵح ساحێبکۆلیل:

بولبولێ بەرگی گوڵێکی ئاڵ و کاڵی بوو لە زار
دەم لەگەڵ یارا لەنێو دەم بوو کەچی گریان و زار
پێم وت ئاخر خۆ بە کامی دڵ گەیشتی، ناڵە چین؟
پێی وتم بۆ حەزرەتی یارە و گڕوی شەوقی یار



هەواڵنامەی کتێب

شتەکەش بەم شێوەی خوارەوە بوو (شتەکە تا ڕادەیەک بەم جۆرە لەنێو ڕۆژژمێرەکەی ئاغا ئەکبەردا هاتبوو):

*من لەنێو پیاوەکاندا دانیشتبووم. نەمدەزانی ئاخۆ منداڵەکە لەدایک بووە. لەپڕێکەوە ددانە زێڕەکەی خاڵ کازم خانم بینی دەدرەوشایەوە. ئینجا تێگەیشتم منداڵەکە لەدایک بووە. کاتێکیش پوورە پیرەکەم منداڵەکەی لەسەر دەستەکانی دانابوو، هاتە ژوور. دەترسام نەبادا کۆرپەلەکەش وەک من کەڕولاڵ دەر چێ، دەمویست بیپشکنم و دڵنیا بم، بەڵکو کەڕە نەبێ. خۆی نەدەبووایە هەرگیز وا بکەم، بەڵام لەپڕێک شتەکەم بۆ هات و لە کۆتاییدا بەلەز چوومە لای پوورەکەم، کۆرپەلەکەم لێ وەر گرت و سەرم بردە بن گوێی لەگەڵی بدوێم. کەچی زراسکەکە[1] قیژاندی و لە ترسانیش شینومۆر هەڵگەڕا. کازم خان بەتووڕەیی منداڵەکەی لێ وەر گرتمەوە و پاڵێکی بە منەوە نا و لەوێ دەری کردم. منیش چوومە پشت پەنجەرەکە وەستام. هەمووان بەتووڕەییەوە سەیریان دەکردم. من لەبن گوێی منداڵێکی تازەلەدایکبوودا هاوارم کردبوو. هەمووان گوتیان، گوێی منداڵەکەت عەیبدار کرد. ئاخر ئەوە گەوجێتی بوو کردم، هەی ئەکبەری گەلحۆ.*

عەیبدار بوو؟ نەخێر، بەڕاستیش وا نەبوو، بەڵام هەموو جارێ کاتێ ئیسماعیل نەخۆش دەکەوت، کاتێک سەری جەنجاڵ دەبوو، کاتێک میزاجی تێک دەچوو، هەموو جارێک کە دەکەوت و هەوڵی دەدا لە کۆتاییدا هەڵبستێتەوە، یەکێک بەبن گوێیدا دەیقیژاند. باوک، هەمیشە لەلای ئەو ئامادە دەبوو.

---

١ زراسک: منداڵی تازەساوا.



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# کتێبی ٢
# زەمینەیەکی نوێ

هەواڵنامەی کتێب

# زەمینەیەکی نوێ

ئیسماعیل دوودڵە،
پێی وایە ناکرێ چیرۆکەکەی باوکی بخاتە سەر کاغەز.
پاش دوودڵییەکی زۆر دەستی دایە قەڵەم.

ئەز دەلالێکی قاوەفرۆشتنم، لە خانووی ژمارە ۳۷ی لاوریرخراخت[1] دەژیم. دابی ئاسایی منیش نییە لەسەر ئەو بابەتانە ڕۆمان بنووسم، ئەمەش ماوەیەکی زۆری خایاند تا بگەمە ئەو ڕادەیەی بە زیادەوە دەست بۆ بارستەکاغەزێک ببەم. ئینجا خوێنەری خۆشەویست، ئەو بەرهەمەی کە لەبەر دەستتە، هەر ئەوەیە، ئەوسا تۆ چ وەک دەلالێکی قاوەفرۆش دەیخوێنیتەوە یان بە هەر شێوەیەکی دیکە. ئەوەش لەبەر ئەوە نییە، کە من هەرگیز شتێکم نووسیبێ بە ڕۆمان بچێ، بەڵکو خۆم حەز ناکەم، ئەم جۆرە شتانە بخوێنمەوە، چونکە من پیاوی کارڕاپەڕاندنم. ساڵانێکە لە خۆم دەپرسمەوە، ئەرێ ئەو جۆرە شتانە خزمەت دەکەن و منیش لەو بێئەدەبییە زۆر سەرم سووڕ دەمێنێ، کە شاعیرێکی ڕۆمانگێڕەوە زاتی

1 Lauriergracht


هەواڵنامەی کتێب

*ئـەوە بکا شـتێکت پـێ بڵـێ، کـە هەرگیـز ڕووی نەدابـێ، یـان زۆر جار نەکرێ ڕوو بدا. یەکێکی وەک منیش - کـە دەڵاڵێکـی قـاوەم و لـە خانـووی ژمـارە ٣٧ی لاوریرخراخـت دەژیـم — لەسـەر بنەمایـەک - بنەمـای کەسـێک کـە قـاوە دەفرۆشـێ - کار بکا، کـە تێیـدا بەشـێکی کـەم لەوانـەی دەوروبـەری دەکەونـە نێـو شـیعر و ڕۆمانـەکان، ئەویـش بـە شـتێکی ئاسـایی وەریان دەگرێ. خۆ ئـەوە هـەر دەڵاڵەکانـی قاوەشـن، پێویسـت نـاکا ناوونیشانەکانیشـیان بزانـن. کەواتـە شـتەکە بـۆ منیـش دروسـتە، کـە ڕۆمـان نەنووسـم، یـان بەهرەیەکـی دیکـەی ساختە ڕایی بکـەم. مـن هەمیشـە تێبینیـی ئـەوەم کـردووە، ئـەو کەسانەی شتەکان بـەم جـۆرە جـێ دەهێڵـن، خـراپ لەسـەریان دەکەوێتـەوە. مـن تەمەنـم سیوسـێ ساڵە، لـە بیسـت ساڵییەوە ئەمـە سـەروکارمە، هێشـتاش وەک کەسـێک بـۆ ئیشـەکەی دۆزرابێتـەوە وا بـێ. ئـای چەنـد ماڵـم بەڕووخـاوی بینیـون! بـە شـێوەیەکی ئاسـاییش، هەرکاتێـک بـەدوای هۆکارەکەیـدا دەڕۆم، ئـەوەم دێتـە پێـش، کـە هـەر دەبـێ ئەمـە بەهەڵـە لێـی کۆڵرابێتـەوە، زۆرینـەی زانیارییەکانیـش هیـی تافـی لاوێتییانـە.*

*منیـش دەڵێـم: ڕاسـتی و تێگەیشـتنێکی دروسـت، بـۆ ئەمـەش شـادمانم. بـۆ نووسـینیش هەڵبەتـە کارێکـی ڕێزپەڕانـەی بـۆ دەکـەم.*

*هەمووی هـەر درۆیە!*

*مـن هیـچ شـتێکم دژی خـودی هۆنـراوە نییـە. بەڵـێ خەڵـک دەیـەوێ وشـەکان لەنێـو بەندەکانـدا دابنـێ، زۆر باشـە! بـەڵام شـتێک مەڵـێ کـە ڕاسـت نەبـێ. ”هـەوا بۆنـدارە، کاتەکەشـی سـەعات چـوارە.“ مـن وای دەبینـم هـەر بەڕاسـتی بۆنوبەرامـە*



هەواڵنامەی کتێب

هەبێ و سەعات چواریش بێ. بەڵام خۆ ئەگەر سەعات یەک چارەکی بۆ سێ بوێ، ئەوا ناتوانم وشەکانم لەنێو هۆنراوەکەدا جێ بکەمەوە. "هەوا بۆندارە و چارەکێکیشی دەوێ بۆ سەعات سێ." شاعیرەکە لە سۆنگەی بۆنوبەرامەی دێڕی یەکەمەوە بەتەواوی سەعاتەکەی بەستۆتەوە. بۆ ئەو هەر دەبێ سەعات چوار، پێنج، دوو، یەک سەعات نیشان بدا، کە هەواکە بۆندار نەبێ. ئینجا ئەو قۆڵی لێ هەڵدەکا! ئاخۆ دەبێ دیسان کاتەکەی بگۆڕێ. کەواتە یەکێک لەوان درۆ دەکا.

هەمووی هەر درۆیە!

ئەمەش چاکە پادداشتکراوەکەیە! پەککوو! من لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە دەڵالی قاوەم – لاوریرخراخت ژمارە ٣٧ – ئیدی بەم جۆرە لەگەڵیدا ژیاوم، بەڵام ئەگەر ڕاستییە خۆشەویستەکە وەر بگێڕم، هەمیشە تووشی کێشەی خراپ دەبم. چاکە پاداشتکراوەکە! ئەمەش شتێک نییە پەیوەندی بە چاکەی وتارێکی کار و پیشەوە هەبێ؟ ئەمەش لە جیهاندا وا نییە و باشیشە ئەوەش کە وا نییە. چونکە قازانجکار لەکوێیە ئەگەر چاکە پاداشت بدرێتەوە؟ ئەرێ ئەدی ئەو هەموو درۆیە ڕیسوایانە بۆ هەمیشە دەکرێن؟

هەمووی هەر درۆیە!

من کەسێکی سەرڕاستم، بەڵام ئاخۆ لێرەدا داوای پاداشت دەکەم؟ هەر لەبەر ئەوەی سەرڕاستیشم، خۆشەویستییەکەم هەر بەڕاستی خۆی دەنوێنێ. ئیدی چاوەڕێم تا ئێوەش بڕواتان پێی بێ، چونکە بۆ نووسینی ئەم کتێبەیە داوای لێبوردنم هەیە. لە ڕاستیدا من دەڵالی قاوەم، دانیشتووی



هەواڵنامەی کتێب

*لاوریرخراخت ژمارە ٣٧. دیسان، خوێنەری بەڕێز، لە خۆشەویستییە نەپساوەکەم بۆ ڕاستی و لە هەوڵ و تەقەللام بۆ کار، هەر تۆ مایەی سوپاسی نووسینەکەمی.*

هۆ خوێنەر! ئەم بڕگەیەی سەرەوەیان لە ماکس هاڤەلار[1] وەر گیراوە. ئەوەی ئەو دەلاڵەی قاوە باسی کردووە، ڕێک لەگەڵ چیرۆکەکەی من یەک دەگرێتەوە. مولتاتولی[2] لەبارەی درۆ شتێکی نووسیوە کە لە لاوریرخراخت ژمارە ٣٧دا ژیاوە. هەمان ئەو (درۆخستۆپلە) بەدەوری خۆی و بەنابەدڵیش چیرۆکی ماکس هاڤەلار دەگێڕێتەوە. ئیدی بەم جۆرە تۆ کتێبێک لەبارەی دەلاڵەکە و دەربارەی ماکس هاڤەلار دەخوێنیتەوە.

لەو ڕۆمانەدا ئەو پاکەتێکی بە واژۆی ماکس هاڤەلار بۆ دێ، هەر بۆیەشە کتێبێکی لەبارەوە دەنووسێ.

منیش، چەند مانگێک لەمەو بەر پاکەتێکم بە پۆست بۆ هات، ئەویش ڕۆژژمێری باوکم بوو. ئاخر قەت نەبووە کتێبێک بنووسم، بەڵام ئێستا هەوڵی نووسینی دەدەم. چونکە حەزم لێیە، دەشتوانم، ئەو ڕۆژژمێرە وا لێ بکەم بخوێندرێتەوە.

"هەمووی هەر درۆیە،" دەلاڵەکەی قاوەفرۆش وا دەڵێ، "هەمووی هەر شێتی و درۆیە."

منیش دانی پێدا دەنێم، بە هەمان شێواز تووشی کار

1 Max Havelar

٢ Multatuli ناوی خوازراوی ئێدوارد دۆوس دێکەر (١٨٢٠-١٨٨٧) نووسەرێکی هۆڵەندی بووە و بە نووسینە ڕەخنەئامێزەکانی ناسراوە، بەتایبەتیش لە ڕۆمانی *ماکس هاڤەلار*دا.



هەواڵنامەی کتێب

بووم. من خۆم دەلاڵ نیم، هەرگیزیش سەروکارم لەگەڵ قاوەدا نەبووە. من ئێستا بێگانەیەکم، یەک-دوو ساڵە لە هۆڵەندا دەژیم.

ناوەکەشم ئیسماعیلە، ئیسماعیل مەحمود غەزنەوی خۆراسانی. من لە خانووی لاوریرخراختی ژمارە ٣٧ ناژیم، بەڵام لە نیوخراختی ژمارە ٢١ لە پۆلدەر[١]، لەو زەوییە تازانەی کە هۆڵەندا لە دەریای ستاندووە، دەژیم.

من لە ژووری هەورەبانەکە، لەپشت مێزی نووسینم دانیشتووم و لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە دەکەم. لێرەدا هەموو شتێک نوێیە، زەویەکەش بۆنی ماسی لێ دێ، دارەکان هێشتا نەمامن، چڵە تازەپێگەیشتووەکانن هێشتا پیر نەبوون، هیچ چیرۆکی کۆنی خۆشەویستی و هیچ شەڕەدەنووک و هەرایەکی دێرینەش لێرەدا بوونی نییە.

بەڵام لە ڕۆژژمێری باوکمدا هەموو شتێک کۆنە، کێوەکان، بیرەکە، ئەشکەوتەکە، نووسینی خەتی بزماری، تەنانەت خودی هێڵی ئاسنینیش کۆنە، هەر بۆیە زات ناکەم قەڵەمم بخەمە سەر کاغەز. پێم وایە لە سەر ئەم زەمینە نوێیەدا هیچ ڕۆمانێک نانووسرێ.

من سەیری بەربەستی دەریا دەکەم و چاو لە ئاوەکەی دەکەم، بەڵێ دەریاکە[٢] کۆنە. ئەمەش هەموو دەریاکە نییە،

---

١ Polder پۆلدەر ناوێکی هۆڵەندییە، بەو زەوییانە دەگوترێ کە پێشتر دەریا بون و وشک کراونەتەوە و ئاوەدانییان لەسەر دروست کردووە، لە ئاستی ڕووی دەریاش نزمترە. وشەیەکی کوردی پڕبەپێستم بۆ نەدەۆزیەوە، بۆیە وەک خۆی لێگەڕام.

**٢ بە هۆڵەندی وشەی Zee بەکار دێ کە لە زێی کوردی دەچی بە مانای ڕووبار و کۆکردنەکەشی هەر زێیە. مایەی تێبینییە وشەگەلێکی**



هەواڵنامەی کتێب

بەڵام هەر بەشێکیەتی، کە هۆڵەندییەکان خستوویتیانە پشت بەربەستەکانیانەوە.

ئەو بەشە دەریایەی ئێرە دەکرێ بەهانامەوە بێ.

شارەکە نوێیە، بەڵام خۆ لە هەموو لایەک پاشماوەی خانووی هەرە دێرین دەبینی، وەک ئەوەی کە پێویستم پێی هەیە.

هۆڵەندا ئەم خاکە، ئەم دیمەنەی داهێناوە، منیش دەتوانم بە نووسینی خەتە بزمارییەکەی باوکم شتێکی نوێ دابهێنم.

چەند شاعیرێکیش لێرە، لەم پۆلدەرەدا دەژین و دەشیانناسم. ئێمە لە مانگێکدا، جارێک بەیەکەوە لە قاوەخانە نوێیەکەدا خڕ دەبینەوە و نووسینەکانمان بۆ یەکدی دەخوێنینەوە.

ئەمەی خوارەوەش چەند پارچەشیعرێکی دیوانی *فێلفۆلاندی* ئاننە مارییە[1]:

له سەرەوەی ئەم دیمەنەدا
با وەک باوکێک هەناسە دەدا
هەندێ جار دەست بۆ شەپۆلەکان ڕادەوەشێنێ و
پشتی دەنگەکانی وڵات دەگرێ...

---

**دیکەش لەگەڵ کوردیدا** هاوواتا و هاودەربڕینن، وەک خێزان، کورت، لێو، خودا...
بەڵام لە کوردیدا زێ بۆ ڕووبار بەکار دێت، بەڵام لە هۆڵەندیدا بۆ دەریا و زەریا بەکار دێت.

١ Annemarie



هەواڵنامەی کتێب

ئەمەشیان چەند دێڕێکی تینەکەن[١]:
خەڵک و ئامێرەکانیان هاتن
لەوێدا بایەک هەڵی کرد
ئەوان گەمە بەهێزەکەیان وازی کرد
ئیدی بووە بەرزاو و نیشتاو[٢]
بندینی زێیەکەش ڕووخسارێکی نوێی وەر گرت...

ئینجا پارچەشیعرێکی مارگرێت[٣]:

نە زمان، نە چیرۆکێکی کۆن هەیە تا بۆی بگەڕێتەوە.
مەودایەک تا چاو حوکم بکا.
نەخشەیەک، کە تیایدا هێڵی ئاسنینی تێدایە،
پردگەلێکی تێدان، کە بێمەبەست لایەکان بەیەکەوە گرێ نادەن.
وشەیەک نییە بڵێ لێرەدا نشینگەیەکی ئاراممان لێ دامەزراندووە.

من چیرۆکەکەم بە زمانی هۆڵەندی دەنووسمەوە، کەواتە بە زمانی ئەو شاعیرەی خوارەوە، بە زمانی ئەو نووسەرانەی کە لە ژیاندا نەماون: ئەو نووسەرە ئەستێرەی پەرجووی خولقاند: ماریکن ڤان نیومێخهێن و کارکل ڤان ماندەر، ئەکلفرێد هێخنسخایدت، ویلیەم ڤان هێلدەگاخرسبێرخ، ئاگاتان ماریوس کوریر، دوبێرکات، ئانتۆنی ڤان دەر وۆردت، کاسپەر ڤان بارێل ئۆتتوێل بارلاوس، دیرک ڕافائێلس کامفیسن و بە زمانی ڤان لویس کۆرپوس و ئێدوارد دۆوس دیکەر.

١ Tineke

٢ بەرزاو و نیشتاو: هەڵستان و داکشانی دەریا، مد و جزر.

3 Margryt



هەواڵنامەی کتێب

بۆیە ئەمە دەکەم، چونکە ئەمە قانونی ئاوارەییە.

وا دەست پێ دەکەم:

هەموو نابینایانی گوندەکە کوڕێکیان هەبوو، ئەری ڕێکەوت بوو؟ من ئەمە نازانم. پێم وایە سروشت وای ڕێک خستبوو.

ئەم کوڕانە چاوی باوکەکانیان بوون. هەر کاتێکیش منداڵەکە هەوڵی خۆی دا گاگۆڵە بکا، باوکە نابینایەکە دەستی چەپەی دەخستە سەرشانی کوڕەکەی تا ڕێنوێنی بکا. ئیدی هەر زوو منداڵەکە تێدەگەیشت، ئەو بۆتە پاڵپشتی باوکی.

کوڕانی کەڕولاڵەکانیش کێشەکەیان سەختر بوو، چونکە ئەوان کاریان بە دەم و زار بوو، ئیشیان بە تێگەیشتن بوو و مێشک و یادەوەریی باوکیان هەبوو. ماڵباتەکە و هەموو گوندنشینان هەوڵیان دەدا ئەو جۆرە منداڵانە زمانی هەراشەکان فێر ببن. تەنانەت خودی مەلای گوندیش کاتێکی دەستبەتاڵی دەڕەخساند و تێدەکۆشا کتێبە پیرۆزەکە فێری ئەو جۆرە منداڵانە بکا. ئاخر ئەوان زۆر پەیوەند و هاموشۆیان لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیان نەبوو، چونکە ئەوان لە بازنەی پیاواندا دەخولانەوە. ئەوان دەبووایە بە ناوی ماڵباتەکەیان هەموو ئەرکێک ڕابپەڕێنن، لە هەموو ئاهەنگ و مردووناشتنیشدا بەشدار ببن.

لە قووڵاییی مێشکی منیشدا منداڵێک گاگۆڵکێ دەکا. دەستێک بەدەر کەوت، لەپشتەوە سەرەکەی گرت و بەوریایی سووڕاندی، یەکەم جار هەندێ بەلای ڕاست ئینجا بۆ سەرەوە بای دا. ئەوسا ئەم وشانە بەفارسی زرینگانەوە:



هەواڵنامەی کتێب

" نگاه کن، نگاه کن. انجا نگاه کن[1] (وریا بە، وریابە، لێرە وریا بە."

منداڵەکە سەر بەرز دەکاتەوە لە دەمی دەڕوانێ، سەیری پیاوەکە دەکا، سەیری باوکی دەکا، کە خەندە دای گرتووە.

هێشتاش دیمەنێک کە لە وێنە ڕەش و سپییەکەی پەناگەی ژێرزەمیندا لە مێشکیدا ماوەتەوە، هەیە. من لەژێر داربادە٥مەکە و لەسەر مافوورەکە لەسەر چۆک دانیشتبووم، هێشتاش هەر بەسەر کتێبێکدا دەنوشتامەوە. دەستێکی پیر لێم بەدەر کەوت و ئاماژەی بە کۆپلەشیعرێک لە هەمان کتێبدا کرد. من نەمبینی ئاخۆ کامە پارچەشیعر بوو. بەڵام دەستبەجێ بۆنی تریاک و ئەو پارچەشیعرە ئەویندارییەی حافز شاعیری سەدەکانی ناوەڕاستم کرد:

گرچە سد رود است از چشمم مدام
زینده رود باغ کاران یاد باد

هەرچەند سەد ڕووباری فرمێسک لە چاومایە
یادی زایەندە ڕود و باغداران لە دڵمایە.

لەوە زیاتر زۆر شتی دیکەم بەبیر نەماوە. بەڵام لەم بەندەی دادێدا گالیسکەیەک ئامادەیە. ئێمە بار دەکەین؛ ئەوکات تەمەنم حەوت-هەشت ساڵ دەبوو، ئەوەم باش لەبیرە. من تینای دایکمم بینی، هێشتا بەرەو ماڵی خاڵە کازم

١ سەیر بکە، سەیر بکە، سەیری ئەوێ بکە. بەڵام لێرەدا چونکە کەسێکی نابینایە، واتای سەیر بکە نادات، بە واتای ئاگادار بە دەدات.



هەواڵنامەی کتێب

خان ڕای دەکرد. گوێم لێی بوو دەیگوت، ”هۆ خاڵە! فریامان بکەوە! ئەکبەر شێت بووە، لێی گۆڕاوە!“

پاشان دەنگی سمی ئەسپی کازم خان گەیشتە بەر حەوشەکەمان.

”لەکوێیە، ئەکبەر لەکوێیە؟“



هەواڵنامەی کتێب

# بارکردن

ئاغا ئەکبەر ویستی  دەمودەست بار بکا.
بۆچی؟ کەس نەیدەزانی.

ژیان لە گوندی زافەران بە ڕێگا ئاساییەکەی خۆیدا دەڕۆیی. تینای دایکم سێ منداڵی دیکە، سێ کیژی دیکەشی بوون. بەم جۆرە ئاغا ئەکبەر بووە خاوەنی چوار منداڵی لەشساخ. منداڵەکان نەوەک هەر گوێیان باش بوو، بەڵکو ئەوان هەم لە دەربڕینی زمانی فارسی و هەم لە زمانی ئاماژەش زۆر مەعلان بوون.

ئەکبەر هەر وەک پێشان زۆر بەباشی، بێماندووبون کاری دەکرد و هەر شتێکیشی دەهاتە دەست، دەیدایە تینا، بەڵام ئەو خۆی لە کاروباری بەخێوکردنی منداڵ و ماڵێ هەڵنەدەقورتاند. ئەو هێشتا هەر زۆر دەهات و دەچوو، جارێکیان لەسەریەک، هەفتەیەک نەهاتەوە ماڵ، هەندێ جاری دیکەش لەو ماوەیە زیاتر لە دەرەوەی ماڵێ بوو.

"ئەرێ ئەکبەر لەکوێیە؟"

"لەسەر کارە."


هەواڵنامەی کتێب

”لەکوێ؟“

”لەودیو شاخەکان.

”ئەو لێرە بایی پێویست مەعمیلی نین، بۆیە بۆ کار دەچێتە ئەودیوی شاخەکان.“

کتومت ئەو بۆ کوێ دەچوو، کەس نەیدەزانی. لەلای کێ دەمایەوە، شەو لەکوێ دەڕازا، ئەمەشیان هەر نەدەزاندرا (لە ڕۆژژمێرەکەیدا هیچ شتی لەو بارەیەوە نەنووسیبوو.)

منیش دروست نەمدەزانی لەو کاتەدا، تینا چی دەکرد و چۆن لەگەڵ ئەکبەردا هەڵی دەکرد. هەروەها ژیانی ئەوانیشم لە سەرەتای مانگە بەراییەکانی ژنومێردایەتییان نەدەزانی. ئاخر تینا هیچی بۆ باس نەدەکردم.

”ئەرێ دایە، چۆن فێرە زمانی ئاماژەکان بووی؟“

”شتەکە هەر لە خۆیەوە هات... من لەوە زیاتر نازانم... لەبیرم چۆتەوە.“

”ئەرێ بۆ تۆ زەحمەت نەبوو، لەپڕ وا پێویست بکا لەگەڵ کابرایەکدا بژی، کە نەیدەتوانی قسە بکا؟“

”ئەمە عەیامێکی دوورودرێژی بەسەرچووە. هیچی دیکەم بەبیر نەماوە.“

تەنانەت سەبارەت بە دایک و باوکی خۆیشی قسەی نەدەکرد. وەک ئەوە وا بوو تینا بێماڵبات بێ، کیژێک بێ، لە کلۆرەدارەوە هاتبێتە دەرەوە. ئەوەی لەبارەوەم دەزانی، لە کازم خانەوە بیستم.

”ئەرێ باوکت ڕاوکەر بوو؟“

”بەڵێ.“

”ئەدی دایکت؟ ئاخر من هیچ شتێک لەبارەی دایکتەوە



هەواڵنامەی کتێب

نازانم.“

”بەخۆیشم نایزانم. من زۆر بچکۆلانە بووم کە ئەو مرد.“

لە ڕاستیدا ئەو، تافی منداڵی، کیژۆکاڵی و ساڵەکانی بەراییی مێردکردنی کڵۆم و گیرابوو. ”هیچ نازانم.“ ئیدی بەم وەڵامە چەقی دەبەست.

منیش پرسیاری دیکەم نەکردن. بەڵام ئێستا، کە لەو پۆلدەرەدا دەژیم، بەسەر بەربەستەکانی ڕاگری ئاوی دەریا پیاسە دەکەم، زۆر جار ئەو پرسیارانەم لێ سەر هەڵدەدەنەوە.

من نامەوێ هەر بە ڕابردووی خۆمدا بگیرسێم، بەڵام خۆ ئەگەر بەخۆت نەتوانی ڕابردوو، پاشخانی خۆت ڕیزبەندی بکەی، بەئاستەم دەتوانی لە ژینگەیەکی نوێدا هەڵبکەی.

بۆیە من بە ناخی ڕۆژژمێری باوکمدا شۆڕ بوومەوە، چونکە ئەوەی ئەو نووسیبووی، مێژووی منیش بوو. کەواتە ئەگەر توانیم هەندێ سەرەداو لە نووسینەکە هەڵبکڕێنم و بە زمانی هۆڵەندی ڕێکی بخەمەوە، ئەوا ئاسانتر دەتوانم لەنێو ئەو ژینگە نوێیەمدا درێژە بە ژیان بدەم.

دوێنێ لە کاتی پیاسەکردنەکەمدا بیرم لە یەکەم چاوپێکەوتنی نێوان کازم خان و تینا کردەوە. لەو دیمەنە کۆپلەیەشدا، کە تینا لە سەربانەکەدا بەفری دەماڵی و کازم خانیش بە سواری ئەسپەکەی لە ڕێگادا بوو بەرەو ماڵی ڕاوکەرەکە دەڕۆیی تا لەگەڵیدا تریاک بکێشێ.

هەنووکە گومان لە ڕاستیی چیرۆکەکە دەکەم. لەوانەیە کازم خان ئەو چیرۆکەی هەڵبەستبێ، چونکە من هیچ شتێک لەو تینایەی باسی کردبوو، لە دایکمدا نەدۆزییەوە.



هەواڵنامەی کتێب

ڕەنگ بێ ئەو هەندێ خوێ و بۆی[1] بە دیدارەکەی لەگەڵ تینادا کردبێ و ئیدی ئەو ژنەی لەنێو خەونیدا بوو، دۆزیبێتیەوە.

بەدڵنیاییەوە تینا بە کەسایەتییە بەهێزەکەی، دایکێکی باش بوو، بەڵام لێبڕاوانەش ئەو تینایە نەبوو، کە لە سەربانەکەدا بەفری دەماڵی.

تەنانەت هەندێ جار نەیدەتوانی چیدی لەگەڵ ئاغا ئەکبەردا هەڵبکا. ئەو بارەی لەسەر شانەکانی بوو ئەوەندە گەورە و قورس بوو، لەژێریدا زەبوون ببوو. من وێنایەکی ڕوونی ئەوێ ڕۆژێم لەلایە.

کازم خان هاتەماڵمان و تیناش دەگریا، "من چیدیکە بەرگە ناگرم. لەگەڵ ئەو پیاوەدا چیدیکە ناتوانم هەڵبکەم." پاشان بەخۆی لە سەری خۆی دەدا. ئەوەندە لە سەری خۆی دەدا تا بێهۆش دەکەوت.

کازم خانیش بە قۆڵەکانی دەیگرت و دەیبردەوە سەرجێ.

"کتێبە پیرۆزەکە." کازم خان بەنەرمییەکەوە وای دەگوت.

منیش یەکسەر کتێبەکەم لە دەلاقەکە دەر دەهێنا و ڕادەستم دەکرد. ئەویش لە بەردەم تینادا کەوتە سەر چۆک و بەنەرمی دەیخوێندەوە:

*"اقرا باسم ربک الذي خلق. خلق الانسان من علق. اقرا و ربک الاکرم. اللذي علم بالقلم...."*

من بەسەر بەربەستەکەی دەریا پیاسەم دەکرد و هێشتا

1 خوێ و بۆ بەشتێکدا کردن: بۆ خۆشکردن و بەتامخستن، هەندێک زێدەڕۆییی پێوەکردن.



هەواڵنامەی کتێب

شتی ئەو سەردەمم بەبیر خۆم دەهێنایەوە.

ئاخر ئەوێ ڕۆژێ، گالیسکەیەکی بار هاتە بەرماڵمان. باوکم ڕێشمەی وڵاخی ڕاکێشەری عارەبانەکەی بە دەستەوە گرتبوو. ئەو لە حەوشەی ماڵەوە هاتە ژوور، هیچی بە تینا نەگوت، بەڵام ئاماژەیەکی بۆ من کرد، "دەی وەرە! تۆ دەبێ یارمەتیم بدەی!"

ئەو، سەری ئەسپەکەی بەر دا و منیش بردمە تەویلەکە. هەر بەخۆی گالیسکەکەی بردە بەردەرگەی خوارێ و هەموو ئێوارەکە هەر پێوەی سەرقاڵ بوو. تیناش نائاسوودە بوو، دەیزانی شتێک ڕوو دەدا، شتێک لەوانەی بەری پێ نەدەگیرا.

تینا بانگی کردم، "ئەرێ بابت چی دەکا؟"

"نازانم چی دەکا. ئەو دەرگای لەسەر خۆ داخستووە."

ئەو تا نیوەی شەو هەر لە ژوورە پاشخانەکەدا مایەوە.

بۆ بەیانیش زوو گوێم لە دەنگەدەنگ بوو، دەنگی شەڕ و دەمەقاڵێ لەنێو ژوورەوە.

تینا وا بانگی دەکرد، "ئەرێ بۆ خاتری خوا ئەوە خەریکی چیت؟"

منیش هەر خێرا لەنێو پێخەفەکەم هەڵسام و لە پەنجەرە سەیرم کرد. باوکم مافوورەکان، پەتۆکان، مەنجەڵ و سوراحی و قاپوقاچاخی لەنێو گالیسکەکەدا بار کردبوو، خەریک بوو دەچوو خوشکەکانیشم لە خەو بەئاگا بێنی.

"ئیسماعیل، یارمەتی! بڕۆ بانگی بکە..." تینا وا هاواری کرد.

منیش بەپەلە چوومە خوارێ، بە پێی خاوسی بەرەو دەرەوە ڕام کرد، بەرەو ماڵی کازم خان هەر هاوارم دەکرد،



هەواڵنامەی کتێب

”دەی خاڵـە، خێراکـە. باوکـم شـێت بـووە.“

لـە پۆلدەرەکـەدا گوێـم لـە دەنگـی تونـدی سـمی ئەسـپەکەی کازم خـان دەبێ، کـە چۆن بەسـەر بەردەکانـی حەوشـەی ماڵەکەمـان کەوت.

”ئەکبەر لەکوێیە؟“ هەر لە دوورەوەڕا وا بانگی کرد.

باوکـم خوشـکەکانمی لەسـەر گالیسـکەکەدا دانابـوون، لەبـەر ئەوەی هێشـتا هەر خەواڵوو بوون، پەتۆیەکی بەسـەردا دابوون. کازم خانیـش خێـرا لـە ئەسـپەکەی دابـەزی بـە داردەسـتەکەی دەسـتی ئامـاژەی بـۆ باوکـم کـرد، ”دەی وەرە ئێـرە!“

ئەویش هەر لای گالیسکەکە وەستا.

”ئەوە خەریکی چیت؟“

ئەو خۆی لە گوورە نەبرد.

”چی لە مێشکتدایە؟“

”بەرەو شار،“ باوکم بە ئاماژەوە.

”ئایا شتەکەت لەگەڵ تینادا باس کردووە؟“

هیچ وەڵامی نەبوو.

”باشە بۆچی لەگەڵیدا باست نەکردووە؟“

هیچ وەڵام نەبوو.

کازم خـان ئامـاژەی بـە کەلوپەلـی نێـو گالیسـکەکە کـرد، ”دەی دایـان بەزێنـەوە، هەموویـان داگـرە!“

تیناش منی بردە ژوورەوە بۆ ئەوەی تەماشایان نەکەم.

”تـۆ، ئاخـر تـۆ چـوار منداڵـت هـەن!“ گوێـم لـە کازم خـان بـوو، بەتووڕەیی وای پێ دەگوت. ”بـەڵام هێشـتا تۆ هـەر کاری



هەواڵنامەی کتێب

گەوجانە دەکەی! دەی هەموو شتێک بگێرەوە شوێنی خۆی! ئەو گالیسکەیەش لەوێ لا ببە!"

من پێم وا بوو، ئیدی ئەو مافوورەکان و پەتۆ و جلەکان هەڵدەگرێ و دەیانهێنێتەوە ژوور، بەڵام خۆ ئەو وای نەکرد.

"دەی هەموو شتێک بگەڕێنەوە شوێنی خۆی، ئەوە نییە وا پێت دەڵێم!"

من لەپشتی پەردەوە سەیرم دەکرد. ئەکبەر ئاماژەی وای کرد، کە ئەو هەر دەبێ بچێتە شار و کەلوپەلەکانیش لە گالیسکەکە داناگرێ.

کازم خانیش دەستەوەستان لەبەرانبەر گالیسکەکە وەستابوو. ئەو داردەستەکەی خستە بنهەنگڵ و بەرەو ئەسپەکەی ڕۆیشت. لغاوی ئەسپەکەی گرت و ئەسپەکەی بەدوای خۆیدا بەرەو دەرگاکە ڕاکێشا.

"وا کازم خان دەڕوا." من وام بە تینا گوت.

تیناش پەنجەرەکەی لا دا و خەمبار دیاربوو.

کازم خان کەمێکی دیکەش بە سەری نزمەوە لەکن دەرگاکەوە وەستا. ئینجا وەر سووڕایەوە و بانگی کرد، "ئیسماعیل!"

منیش بەرەو لای ئەو غارم دا.

"ئەوە ئەسپەکە!" ئەو وای پێ گوتم. "دەی بیبە تەویلەکە. من پیر بووم، باوکت گوێم لێ ناگرێ، ئەو لە دەست من دەر چووە."

منیش ئەسپەکەم بردە تەویلەکە و خێراش گەڕامەوە.

"گوێ بگرە، باوکت دەیەوێ بچێتە شار منیش ناتوانم ڕێی لێ بگرم. من دەچمە لای دایکت، تۆش ئاگات لە باوکت



هەواڵنامەی کتێب

بێ.“

کازم خان بانگی کرد، ”تینا، ئەرێ پیاڵە چایەکت بۆ من هەیە؟“ ئیدی ئەو وەژوور ماڵێ کەوت.

”ئەکبەر هەرچۆنێک بێ، دەیەوێ بار بکا،“ من گوێم لێ بوو وای بە دایکم گوت. ”تۆش نابێ وا لاواز بی. خۆ ناشکرێ هەموو جارێ هەر بگری و هاوار بکەی و بە سەری خۆتدا بکێشی. دەی پیاڵە چایەکم بۆ تێ بکە، گەرووم وشک بووە. ئیسماعیل، بڕۆ بانگی باوکت بکە!“

کازم خان دانیشت. تیناش پیاڵە چایەکی بۆ تێ کرد. منیش باوکم هێنا و لەتەنیشت ئەویشەوە ڕاوەستام.

”دەی لێی بپرسە بۆچی دەیەوێ لە شار بژیێ؟“ کازم خان وای بە من گوت.

”من... ئەکبەر،“ ئەو بەئاماژە، ”من دەمەوێ بچمە... ئەو شوێنەی کە ترومبێلی لێن و...“

”ترومبێل،“ کازم خان بەتووڕەییەوە وا بانگی کرد. ”ترومبێل جادوویان لێ کردووە.“

”هەروەها قوتابخانەش،“ باوکم بەئاماژە، ”قوتابخانەیەک بۆ ئیسماعیل. بۆ کچەکانیش. کیژەکانیش دەبێ بچنە قوتابخانە.“

”قوتابخانە؟“ کازم خان سەرسامانە وەڵامی دایەوە. ئاخر ئەو، ئەو وەڵامەی چاوەڕێ نەدەکرد. ”ترومبێل، قوتابخانە. تۆ دەتەوێ ئەوان بچنە قوتابخانە؟ بچنە شار؟ پیاوێکی کەڕە بە خۆی و چوار منداڵ لە شارێکی نامۆ لەناو ئەو هەموو ترومبێلانەدا؟“

”من کەڕەم،“ باوکم بەئاماژە، ”بەڵام خۆ ئیسماعیل وا



هەواڵنامەی کتێب

نییـە. کیژەکانیـش کـەڕە نیـن. هەروەهـا تینـاش کـەڕە نییـە.“

کازم خان بێدەنگ بوو.

”گوێت لێیـە؟“ ئـەو وای بـە تینـا گـوت. ”خـۆ نابیَ یەکسـەر بۆ ماڵی مـن غـار بدەی. پیاوەکـەت دەیـەویَ منداڵەکانی بنێرێتـە قوتابخانـە. دەی خـۆت وا کلـۆڵ نیشـان مـەدە. پشـتت ڕاسـت بکـەوە! بـڕۆ لەپاڵـی بوەسـتە! بـا ئـەو کـەڕە بـیَ، بـەڵام خـۆ گەمـژە نییـە، ئـەو بیـر دەکاتـەوە. دەی پیاڵـە چایەکـی دیکـەم بـدەریَ، ئاخـر ئەمەیـان سـارد بۆتـەوە.“

ئینجـا ڕووی لـە مـن کـرد، ”دەی لێـی بپرسـە، ئاخـۆ لـەویَ شـتێکی ڕێـک خسـتووە.“

”خانـوو نـا، بـەڵام ژووریـک،“ ئەویـش بەئامـاژە وا وەڵامـی دایـەوە.

”دەی لێـی بپرسـە ئاخـۆ لـە شـاردا چـی دەکا. پێـی بڵـیَ کـە شـار شـتێکی دیکەیـە، لـەویَ ئەکبـەر کـەس ناناسـیَ، لـەویَ ئاسـان نییـە هـەر وا لـە هەمـوو شـوێنێک بەخێـری بێنـن. ئـەو لێـرە لەنێـو شـاخەکاندا ئاغـا ئەکبـەری جادووبـازە، لـەویَ لـە شـار وا نییـە، ئـەو کەڕولاڵێکی مافوورپینەکـەرە. دەبیَ ئـەم شـتە بزانـیَ، ئەمـەی بـاش بـۆی ڕوون بکـەرەوە.“

منیش وام پیَ گوتەوە، شتەکەم بۆ ڕوون کردەوە.

”باشە دەبینین.“ باوکم وای گوت.

”چاکـە. مـن هیچـی دیکـە دژی نیـم. سـەفەرێکی خـۆش. بـەڵام پێشـی بڵـیَ،“ کازم خـان لـە کۆتاییـدا گوتـی، ”مـن پێویسـتم بـە چایـەی دیکـە نییـە. تینـا مـن دەڕۆم.“

منیش تـا لای دارکاژەکـە لەگەڵـی ڕۆیشـتم، ئـەو بیَ ئـەوەی چـاوم لـیَ بـکا قسـەی بـۆ کـردم. کتومتیـش لەبیـرم نەمـاوە



هەواڵنامەی کتێب

ئاخۆ ئەوێ دەمێ چی پێ گوتم، بەڵام ئەم کۆپلەیەم هەر لەبەرە، من بەدوای کازم خاندا ڕۆیشتم، ڕوخسارەکەشم نەدەبینی، تەنها دەستەکانی کە لە پشتەوەی گرتبوون. ئەو داردەستەشم بینی کە توند گرتبووی. ئینجا ڕۆژ هەڵهات و بەسەر تۆقەڵی دارەکە کەوت و شانەکانی کەوت. لەو کاتەدا خۆی سووڕاندەوە، دەستی درێژ کرد و گوتی، ”دەی کوڕەکەم گەشتێکی خۆش.“

باقی کۆپلەکەم لەبیر چۆتەوە. ئینجا گالیکسەکە جووڵا و منیش لەتەنیشت باوکم سوار ببووم. تینا لە پشتەوە بەخەمباری دانیشتبوو، ئەو خوشکە بچکۆلانەکەمی لە کۆشیدا[1] بوو، سێرەی لە دوور گرتبوو. هەردوو خوشکەکانی دیکەشم بەو گەشتە چاوەڕواننەکراوە دڵخۆش بوون و کە گالیسکەکە لە پێچە تیژەکانی چیا سەختەکەدا دەسووڕایەوە هەر حیلکەی پێکەنینیان بوو.

من خەمی تینام بوو، دەترسام لەپڕێکەوە دەست بە گریان بکاتەوە. ئاخر من چیدیکە کوڕی باوکی خۆم نەبووم، بەڵکو وێڕای تەمەنەکەشم ببوومە سەرداری ماڵێ. کازم خان وای پێ گوتبووم. من دەبووایە ئاگام لە تینا و کیژەکانیش ببووایە.

ئەوەش یەکەمین جار بوو، باوکم بەتەواوی بەرپرسارێتیی خێزانەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی. ئیدی ئێمە دەبووایە پشت بە خۆمان ببەستین و منیش هەستم بە قورسایی بەرپرسیارێتیی سەرشانم کرد و هەستم کرد دەستم لە

---

١ کۆش: ئامێز، باوەش.



هەواڵنامەی کتێب

هەوکم[1] نراوە. من دەترسام، بەڵام خۆ نەشدەبووایە کەس ئەو ترسەم لە چاواندا ببینێ.

دوای لێخوڕینێکی سێ سەعاتی، ئێمە وردەوردە شاخەکان، ڕێوییەکان، بزنەکێوییەکان و گوڵەمێلاقە سوورەکانمان لەپشتی خۆمان جێ دەهێڵا و تا دەهات بەرەو تەختایی دەڕۆیشتین، بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشتین، کە پاس و ترومبێلی باربەری بەسەردا تێدەپەڕین.

هێشتا قاوەڵتیی بەیانیمان نەکردبوو، پێنەدەچوو نانی نیوەڕۆشمان دەست بکەوێ.

"دەی لە شوێنێک ڕاگرە،" من بەئاماژە پێم گوت. "پێویستە شتێک بخۆین."

هەموو ماوەی ڕێگای گەشتەکە قسەم لەگەڵ باوکم نەکردبوو، سەیری نێوچاوی یەکیشمان نەکردبوو. من نەمدەزانی ئاخۆ هێشتا لێی تووڕەم یان نا. نەخێر، من لێی تووڕە نەبووم، چونکە خۆ من، خۆم بە کەسکێکی زیاتر لە باوکم دانەدەنا. نازانم چۆنی ڕوون بکەمەوە، ئەرێ من ئەو بووم، یان ئەو من بوو، ئێمە هەردووکمان یەک کەس بووین. نەدەکرا من لێی تووڕە بم. ئەگەر من تووڕە بووبام، ئەوا لەو نەبوو، بەڵکو لە خۆم بوو، چونکە باوکم و من خەریکی هەمان سەرچڵی بووین. ئێمە نەماندەزانی ئاخۆ لە شار چۆن بەسەر دەبەین و دەمێنینەوە، بەڵام دەمانەویست هەوڵێک بدەین. شارەکە ئێمەی بانگ کردبوو، ئێمەش نەدەکرا بڵێین نەخێر نایەین.

ئیدی ئەو گالیسکەکەی وەستاند، لێی دابەزین تا هەندێ

---

١ هەوک: قوڕگ، گەروو.



هەواڵنامەی کتێب

پشـوو بدەیـن.

”دەی وا خەمبارانـە ڕامەمێنـە،“ بەئامـاژە وام پێ گـوت. ”بـڕۆ قسـە لەگـەڵ تینا بکـە، دەنـا دیسـان شـێت دەبێتـەوە.“

ئیـدی دۆخەکـە فشـاری بـۆ هێنـا. ئـەو لەنێـو بوخچـەکان[1] نـان و پەنیـری دەر هێنـا و دایـە دەسـت تینـا. پاشـان دەسـتێکی بەسـەر خوشـکەکەمدا هێنـا کـە لـە کۆشـی دایکیـدا بـوو. بینیـم دەسـتی گەیشـتە سـینگ و مەمکـی تینـاش.

ئینجـا سـوار بووینـەوە درێژەمـان بـە ڕۆیشـتنەکە دا. سـەعاتێکی دیکـە گەیشـتینە قـەراغ شـارەکە. بـە پێچەوانـەی ڕەچاوکردنـی مـن، لـەوێ نـە ترومبێـل هەبـوو نـە قوتابخانـەش. لـەوێ لـە دوورەوە سـێ ئەپارتمـان هەبـوون. بابـم بـەرەو ئـەوێ لێـی خـوڕی و لەبەرانبـەر هـەرە ناشـیرینەکەیان ڕاوەسـتا. پێدەچـوو هیـچ ژوورێکمـان لـە شـارەکەدا چەنـگ نەکەوتبـێ، ئیـدی دەبووایـە لـە مەیدانـی پیشەسـازیی قەراغـی شـارەکەدا بژیابایـن.

هێشـتاش ئـەوێ مایـەی وروژان بـوو، چونکـە ئێمـە پێشـتر هەرگیـز خانوویەکـی چـوار نهۆمیمـان نەبینیبـوو.

ئێمـە کەلوپەلەکانمـان هەڵگـرت و بردمانـە هۆدەیەکـی گـەورە لـە بەرزتریـن نهۆمـی خانووەکـەدا بـوو، عەمبارێکـی تاریکیشـی هەبـوو. لـە پەنجەرەکانـەوە شـاخەکانیت دەبینـی، شـاخی زافەرانیـش کـە دوندەکـەی لەنێـو شـاخەکاندا ملـی هەڵکشـابوو. لـە دەستەڕاستیشـەوە دەبووایـە شـارەکەی لێبـا، بـەڵام خـۆ تێبینیـی هیچشـت نەدەکـرد.

---

١ بوخچـە: پارچەقوماشـێک کەلوپەلـی لەنێـو دەکـرێ و پاشـان هەرچـوار لای بـۆ یـەک دەهێنرێتـەوە و دەبەسـترێ وەک کیسـە، گوێنـی لـێ دێ.

هەواڵنامەی کتێب

تیناش مافوورەکەی لێک کردەوە و هیربارى[1] ناندنینی لە کۆگاکە ئاخنی. ئینجا چوو شتێک لێ بنێ و بیری لێ بکاتەوە. سووپێکی بۆ دروست کردین، خواردنی نەریتییانیەی گوندی زافەران.

"ئێمە دەیبینین،" تینا وای گوت و دەفرێکی سووپی لەپێش دانام. هەموو ڕۆژەکەش قولماتی لەدەم نەهاتبووە دەر.

بەم ڕستۆکەیە لە شارەکەدا ژیانمان دەستی پێ کرد.

بۆ بەیانیی زوو، باوکم لە ماڵ دەر چوو، چووە سەر ئیشەکەی خۆی. مافوورفرۆشێک لە بازاڕ کارێکی بۆ دۆزیبووەوە.

"چ جۆرە کارێک؟" من وام لێ پرسی (لە ڕاستیدا تینا دەیەویست بزانێ).

"هێشتا نازانم. ئەوێ دوکانێکی گەورەیە. سەردارەکە زۆر دەوڵەمەندە. گالیسکەکەشم هەر لەو وەر گرتبوو. من دەڕۆم، نازانم... لەوانەیە ژمارە لە مافوورەکان بدرووم."

"ژمارەلێدروویین،" تینا بە هەناسە هەڵکێشانەوە وای گوت.

"بۆچی ژمارەی لێ دەدروون؟" منیش بەئاماژە لێم پرسی.

"نایزانم. لەوێ لە دوکانەکەدا خەڵکێکی زۆر ژمارە لە مافوورەکان دەدروون. پاشان مافوورەکان لە ترومبێلەکان بار دەکەن و بە قیتار دەیانگوازنەوە. قیتاریش دەیانبا... من نایزانم... بۆ دوور... زۆر دوور."

"ئای خوایە، تکایە لەبن باڵی خۆتمان بگرە،" تینا وای گوت. "ئاغا ئەکبەر، جادووگەرەکە بۆتە ژمارەدروو." ئیدی چووە کۆگاکە و دەرگای لەسەر خۆی گاڵە دا.

---

١ هیربار: قاپوقاچاخ.



هەواڵنامەی کتێب

هەفتەیەک دواتر، من چوومە قوتابخانە، ئەم کارەش هاوکارێکی باوکم ڕێکی خستبوو. قوتابخانەکەش پێنج-شەش کیلۆمەتر لێمان دوور بوو، لە دیوەکەی دیکەی شارەکە بوو. لەبەر ئەوەی پاسی بۆ نەدەچوو، دەبووایە وەکو باقیی منداڵان بە پێ بیکوتمەوە.

کاتێکیش قوتابخانە تەواو دەبوو، دەگەڕامە ماڵ، چونکە خەمی تینام بوو. ئاخر کازم خان گوتی؛ دەبێ چاودێری تینا بکەم. من دەمزانی، دەعبایەک، گورگێک چۆتە کەوڵیەوە.

دوای نیوەڕۆیەکیان کە لە قوتابخانە گەڕامەوە، بینیم خوشکەکانم هەر لەگەڵ یەک وازی دەکەن. تینا لەوێ نەبوو. نەمزانی بۆچی لەوێ نییە، بەڵام دەمودەست هەستم کرد گورگێک لە ماڵەکەماندا هەیە.

"تینا لەکوێیە؟" وام لێ پرسین.

ئەوانیش نەیاندەزانی. دەرگای عەمبارەکەم کردەوە و لە تاریکییەکە لێم ڕوانی، تینا لەوێ دیار نەبوو. بەپەلە غارم دایە لای دراوسێکان.

"سڵاو، ئەرێ تینا لەلای ئێوەیە؟"

نەخێر، لەوێش نەبوو، ئاخر خۆ هاموشۆی زۆری لەگەڵ دراوسێکان پەیدا نەکردبوو. خێرا گەڕامەوە و دیسان چوومەوە ژووری کۆگا تاریکەکە. لەوێ لەبەر تاریکییەکە وەستام سەیرم کرد، بەڵام لە هیچ شوێنێک نەمدۆزیەوە. گوێم هەڵخستن، شتێکم بەرگوێ کەوت، دەنگی ئەو بوو.

بەڵام خۆ ئەوەی گوێم لێ بوو تینا نەبوو. من چاوم لە چاوی تروسکاییی گورگێک لە سووچێکی کۆگاکە کرد. خوایە یارمەتیم بدە! من دەستەوەستان بووم. خۆ ئەگەر



هەواڵنامەی کتێب

هێشتا هەر لە گوند بووایـن، ئـەوا دەمودەست بـە سـواری ئەسپ غـارم دەدایـە لای کازم خـان، "دەی خێرا وەرە! گورگەکە گەڕایـەوە."

بـەڵام خـۆ ئێمـە لـە دێ نەبوویـن، لێـرە کازم خانـی لـێ نییـە. هەنگاوێک بۆ دواوە گەڕامـەوە، هـەر وەک جاری پێشـوو، کازم خـان چـی کـرد، منیش هەمـان ڕەفتـارم دووبـارە کـردەوە.

بەنەرمـی بانگـم کـرد، "قورئانەکـەم بـۆ بێنـن!" خوشـکەکەم دەسـتبەجێ کتێبەکـەی لـە دەڵاقەکـە هێنـا و دایـە دەسـتم.

لـە دەرگـەی کۆگاکە کەوتمـە سـەرئەژنۆ و ڕووم لـە دەعباکە کرد، بەرگی کتێبەکـەم ماچ کرد، چاوەکانم نوقاندن و لاپەڕەکەم لێک کـردەوە. ئینجا کەوتمە خوێندنەوەی سـورەتەکە:

*والضحی، و الضحی.*

*و اللیل اذا ضحی.*

*والیـل مـا ودعـک، ودعـک، ودعـک، ربـک، ربـک، ضحـی، ضحـی.*

*والاخرة خیر لک ضحی، ربک الله ربک، ضحی ربک.*[1]

---

١ لە دەقەکـەدا ئایەتەکـە بـە پچڕپچڕە و بـە ڕێنووسـی هۆڵەندی وا هاتـووە: دەقەکـەی ئایەتەکانـی سـورەتی الضحـی: وَالضُّحَىٰ (١) وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ (٢) مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ (٣) وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ (٤) وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ (٥) أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَىٰ (٦) وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَىٰ (٧) وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَىٰ (٨) فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ (٩) وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ (١٠) وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ (١١).



هەواڵنامەی کتێب

*سوێند دەخۆم، من سوێند بە شەو دەخۆم*
*بەو ساتەی کە شەو باوەشی بۆ ئەستێرەکە دەکاتەوە*
*ئەو ئەستێرە زۆر دوورە کە بەهێواشی هەڵدێ.*
*من سوێند دەخۆم، سوێند بە ڕۆژ دەخۆم، بە شەبەنگی ڕۆژ،*
*بەو ساتەی کە ڕۆژە ونبووەکە دەگەڕێتەوە.*
*من سوێند دەخۆم، سوێند دەخۆم کە جێت ناهێڵم،*
*کە من دەستت توند دەگرم.*

من دەمخوێندەوە و بەنەرمیش هەنگاوێکم بۆ پێشەوە هەڵێنا. بەدەم ئایەتخوێندنەوە هەنگاوێکی دیکەشم بۆ پێشەوە هەڵێنا. لەگەڵ خوێندنەوەکەدا دەستم بۆی درێژ کرد و لەو کاتەی هێشتا هەر دەمخوێندەوە، بینیم تیشکی چاوە گورگییەکانی دامرکایەوە. لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بووم، ئەوسا بینیم دەستی تینا لە تاریکییەکەدا بەدوای دەستی مندا دەگەڕێ. "دەی تینا وەرە!" وام چرپاند. "با بچین نان بخۆین." لە کۆتاییدا بەزەحمەت لەگەڵم هات و چووینە ژووری دانیشتنەکە.

من لەپشت پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە دەکەم، دەبینم کە گورگەکە لە پۆلدەرە هۆڵەندییەکەدا بەسەر بەرزاییی بەربەستی دەریاکە تێی تەقاندووە.

دەی تا ئەو کاتەی ئەو ڕێگاکەی بەرەو تینا نادۆزێتەوە، لێی بگەڕێ با بڕوا، با لە بەرچاوان ون بێ، با لە زەوییە نوێکەدا بزر ببێ.



هەواڵنامەی کتێب

# ژنێك بە شەپقەیەكەوە

خۆ ئەوە پاس و قوتابخانە نەبوون،
ئەكبەریان سەرسام كردبوو،
بەڵكو شتێكی دیكە بوو.

دیسان لە ژووری هەورەبانەكە دانیشتم، گەرمیش بوو، ئەوەندە گەرم بوو خەریک بوو زیاتر بەرگە نەگرم. خوێندمەوە، یان نەخێر، خۆ ناكرێ شتەكە ناوی خوێندنەوەی لێ بنێی، بە قەڵەم داریكەوە لەگەڵ وشەكان، لەگەڵ ڕستۆكەكانی نووسینی خەتە بزمارییەكە ڕۆیشتم. پاشان وەك ئەوەی لێیان تێبگەم خستمە نێو كۆمپیوتەرەكەمەوە. ئەمەش كردەیەكی قورس بوو، چونكە دەبووایە چیرۆكەكەم لەسەر بیرۆكە نەخوێندراو و ناڕوونەكانی یەكێكی دیكە ڕۆ بنێم. زۆر جار ماوەیەكی ئەوەندە درێژ خۆمم پێوە ماندوو دەكرد، تا سەرئێشە دەیگرتم و چیدیكەم پێ نەدەكرا.

هەورەبانەكە ژووری لێخوێندنی من بوو، بە كردەوەش هەموو ڕۆژەكە هەر لەوێ بووم. كیژۆڵەكەم دەچووە


هەواڵنامەی کتێب

قوتابخانە و ژنەکەشم لە شاری لەیلاستاد[1] کاری دەکرد. خۆ ئەگەر لە ماڵیش بووایە، بۆ نیوەی ڕۆژێک دەچوومە دەرسی خوێندنی ئەدەبیاتی هۆڵەندی لە زانکۆی ئوتریێخت[2].

زۆر جار ژانەسەرم هەبوو، چونکە نەمدەزانی چۆن لەگەڵ چیرۆکەکە بۆ پێشەوە بڕۆم. یەک-دوو جار وام لێ هات بوەستم و چیدیکە کاتی خۆمی پێ نەکوژم و وازی لێ بێنم، بەڵام لەدواییدا هەر لەسەری بەردەوام بووم.

گوێم لە منداڵان بوو لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا پێدەکەنین و دەیانقیژاند، "مەکە، وا مەکە." منیش چوومە بەرپەنجەرە. مامۆستاکە ئاوی بە قوتابییەکان دادەکرد، ئەوانیش بەدەوری خۆیان ئاویان پێدا کردەوە، تەڕتەڕ بوو. ئیدی غاری دا، پێدەکەنی و پێڵاوەکانی داکەندن. منداڵەکانیش بەدواییدا غاریان دا، ئەو هەڵدەهات و پێدەکەنی و بلوزەکەشی داکەند.

کەشەکە گەرم داهاتبوو، هەمووان لەبن سێبەری سەیوانەکانی بەرخۆر و دارەکانی باخەکەدا دانیشتبوون. لە هەموو لایەکەوە هەر کەرەڤانە بوون، تومەز سەرەتای پشوو بوو.

من ئەمساڵ بۆ پشووی هاوینە نەچوومە هیچ شوێنێک. پێم باشتر بوو پشووی هاوینەم لەگەڵ کتێبەکەدا بەسەر بەرم، بەر لەوەی وەرزی نوێی خوێندن دەست پێ بکاتەوە. ئاخر دەبووایە چیرۆکەکە وا لێ بکەم، شێوەیەک بەخۆیەوە بگرێ. ژن و کیژەکەم بەسەردان بۆ یەک-دوو هەفتە چوونە

1 Lelystad
2 Utrecht

هەواڵنامەی کتێب

لای برادەرەکانیان لە ئاڵمان.

هەرچەندە هیچکەس لەو گەرمایەدا وا ناکا، لێ من دەر چوومە دەر و هەندێک بە پێ غارم دا. دەی جاریێ واز لە کۆمپیوتەر، واز لە ڕۆژژمێرەکەی ئاغا ئەکبەر بێنە.

من توند و خێرا دەڕۆیشتم، لەبەر چیرۆکەکە هەڵدەهاتم، بەڵام لە ڕاستیدا بۆی دەچووم. من توند بەسەر ڕێچکەیەکدا دەڕۆیشتم، جاری جاران بندینی دەریا بوو. پاشان گەڕامەوە لای بەربەستەکەی دەریا. لە دوورەوە بەلەمی چارۆگەدار ڕاگیرابوون، تا ئەوسەری بەربەستەکە غارم دا. دڵۆپە ئارەقەم لە پشتەسەر هاتنە خوار و ژانەسەرەکەشم نەما. ئیدی زانیم چیرۆکەکەم چۆن درێژە پێ بدەم.

لەسەر قەنەفەکە دانیشتم و سەیری هەواڵەکانم کرد. شازادە کلاوس، مێردی شاژنی هۆڵەندا، لە نمایشێکی ڕێکپۆشیدا وتاری دەدا. لەپڕ و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بۆینباخەکەی خۆی لەمل داکەند و فڕێی دا. کامێراکەش ئەو گرتەیەی بە شێوەیەکی هێواش نیشان دا. سەرەتا بۆینباخەکە بەرز بووەوە و سووڕا، پاشان بەهێواشی کەوتە سەر ناوکەوی[١] هۆڵەکە.

شازادە کلاوس لەسەر هەق بوو، ئاخر ڕۆژگاری بۆینباخ بەسەر چووە. دەکرێ لە دۆلابی جلاندا بیبینی. هەمیشە داشکان هەر هەیە، هەمیشەش بە نیوەی نرخەکەی، پاشانیش بە نیوی نیوە، لە کۆتاییشدا خۆ دەتوانی بە یەک خلدن[٢]

١ ناوکەو: زەمینە، ئەرزییەی خانوو.

٢ خلدن پارەیەکی هۆڵەندی بەر لە هاتنەکایەی یۆرۆ بوو.



هەواڵنامەی کتێب

بۆینباخێکی ئاوریشمینی کەسکی جوان بکڕی.

یەک-دوو مانگ پێشتر، من یەکێکم بۆ ئاهەنگی خوێندکاران کڕی، بۆینباخەکەم بەست و چوومە زانکۆ. کاتێکیش گەیشتمە هۆڵەکە، دەستم لەسەر گرێی بۆینباخەکەم دانا و یەکسەر چوومە ئاودەستێ. ئاخر هەمووان جلی ئاساییان لەبەر بوو، هەر بەتەنیا تیشێرت و کابۆیەک، من لەنێویاندا تاقانە بووم کە قاتم لەبەردا بوو، بۆینباخیشم لەمل بەستبوو.

ئەوەش یەکەمین جار بوو، وەک کەسێکی هەراش (باڵق) بۆینباخ ببەستم، بەڵام بۆ جاری دووەم بە دزییەوە دام کەند و خستمە نێو جانتاکەم. یەکەمین جاریش لە تافی منداڵیمدا بوو، لەو کاتەی تازە ماڵمان بار کردبوو، بۆینباخم بەست.

بۆ ئێوارەکەی باوکم بە خۆی و دوو بۆینباخ گەڕایەوە ماڵێ. بۆینباخە بچکۆلە کەسکەکەیان بۆ من و سووربباوە گەورەکەشیان بۆ خۆی بوو.

ئەو هیی منی لەمل بەستم و بەخۆشی چووە لای ئاوێنەکە وەستا، تا هیی خۆیشی ببەستێ.

"ئەرێ بۆچی ئێمە ئەو بۆینباخانە ببەستین؟" بەئاماژە وام لێ پرسی.

"دەمەوێ لەگەڵ خۆم بتبەمە شار."

"باشە، بۆچی بە بۆینباخەوە؟"

"لە شارەکەدا هەموو پیاوان بۆینباخیان بەستووە." بەئاماژە وا وەڵامی دامەوە.

ئەوکات تینا لەماڵ نەبوو، ئەو لەگەڵ خوشکەکەمدا



هەواڵنامەی کتێب

چووبووە سەردانی خزمێک، کە تازە بەرەو شار باری کردبوو. خۆی دەبووایە تیناش بە پرسی بۆینباخەکانی نەزانیبایە. ئاخر هەر لەسەر لانکەوە ئەوەم بەگوێدا درا، کە نهێنییەکانی باوکم نەدرکێنم.

بە پێ بەرەو شار، بەرەو ناوجەرگی شار، یا زیاتر بڵێ بەرەو جادە پڕداروبارەکە. بەرەو شەقامی کۆڕنیش، کە هەرگیز پێشتر گوێم لێ نەببوو، ڕۆیشتین. ئەوێ مەیدانێکی چوارگۆشە بوو، گڵۆپی ڕەنگینی لێ پێکرابوو. لەوێدا پیاوان پیاسەیان دەکرد. هەروەها ژنانیش، بەڵام بەبێ چارشێو. هەموو شتێک لەوێ جیاواز بوو، پیاوەکان، ترومبێلەکان، کوڕوکاڵ، کە بارستەڕۆژنامەیەکیان لە بنهەنگڵدا بوو هەر هاواریان دەکرد، "دوایین هەواڵ. تازەترین و دواهەمین هەواڵ."

پیاوان لەلای گرامافۆنەکان دەوەستان، کە قەوانیان دەفرۆشتن، لەوێ لە هەموو لایەکەوە گوێت لە دەنگی ئەفسووناوی خاتوونە گۆرانیبێژە فارسەکە دەبوو.

تۆ بڵێی ئەو خانمە گۆرانیبێژە کێ بووبێ؟ ئەرێ کامە گۆرانی لەم ئێوارەیەدا لەسەر قەوانەکە لێ درابێ؟ دەقی گۆرانییەکەم ئێستا لەبیر نەماوە، بە داخەوەش هاوولاتێکی خۆم لێرە شک نابەم، تا لێی بپرسم. من چاوەکانم نوقاندن و گوێکانیشم سووک کردن. نەخێر، گوێم لە هیچ دەقێک نییە. هیچ وشەیەکم بەبیردا نایەت. بەڵێ ئاوازێکی کۆن، *بارادام، بارادام، بارادم، بارادام*... کە ئەم گۆرانییەی لەگەڵدا دێ:


هەواڵنامەی کتێب

به راهی دیدم برگ خزان
افتاده از بیداد زمان
ای برگ پایزه
از من تو چرا بگزیری

لەسەر ڕێگا گەڵایەکی هەڵوەریوم دی
لە بێدادی زەمانە کەوتووە
ئەی گەڵای پاییزی
بۆچی لە من هەڵدێی

لەوێدا کاکڵەگوێزی تازە و دۆندرمەیان دەفرۆشت و پیاوانیش بە بۆینباخەوە بوون. خەریکە بڵێم زۆربەیان ڕۆژنامەیەکیان لە بنهەنگڵ دانابوو، لەبن دارگڵۆپەکان وەستابوون و دەیانخوێندنەوە. باوکە خۆشەویستەکەشم کە پیتێکی پێ نەدەخوێندرایەوە، لەپڕێکدا ڕۆژنامەیەکی قەدکراوی لەبن جلەکانی هێنایە دەر و خستیە بنهەنگڵ و وەک ئەوانی دیکە بەرەو لای دارگڵۆپێک، بە جادە پڕداروبارەکەدا ڕۆیشت. منیش بەدوایدا چووم، تاسەمەند بووم بزانم نەخشەی چییە و چی دەکا، بەڵام ئەو هیچ شتێکی نائاسایی نەکرد. ئەو کورتەپیاسەیەکی بەدەوری گۆڕەپانەکەدا کرد. پاشان چووە بەر دارستونی گڵۆپەکە وەستا. ڕۆژنامەکەی لێک کردەوە، لەبەر تیشکی گڵۆپەکەدا ڕای گرت وەک ئەوەی بیخوێنێتەوە. پێم وا بوو ئەو شێت بووە. ئاخر کازم خان هەقی بوو بڵێ، ئەو شێتە. ئەو سەرلێشێواوە.


هەواڵنامەی کتێب

دواتر، ڕۆژنامەکەی خستەوە بنهەنگڵ و کورتەپیاسەیەکی دیکەی کرد.

ئاخر ئەوکات چۆن بزانم، باوکە خۆشەویستەکەم تا بنگوێیان کەوتۆتە نێو داوی دڵدارییەوە.

ئەو ژنانەی ئێمە دەماننناسین جیاواز بوون لەوانەی لەم شەقامەدا پیاسەیان دەکرد. من هەمیشە ئافرەتانم بە کاری خۆیانەوە بینیون، ژنان مافووریان دەچنی، خواردنیان ئامادە دەکرد، نوێژیان دەکرد، منداڵیان دەبوو، دەگریان، نەخۆش دەکەوتن، ژنان گورگێک لە کەوڵیان جێی گرتبوو. هەنووکەش ژنان بە پێڵاوی پاژنەبەرزەوە دەبینم پیاسە دەکەن.

بۆ ساتێک ژنێکی گەنجی شەپقەلەسەر پەیدا بوو. ئەو لە شەقامێکی لاوەکییەوە لە جادە سەرەکییە پڕداروبارەکەوە هات. چاوەکانی باوکم گەشانەوە. باوکم بەرەو ڕووی ژنەکە چوو، ئاماژەی بە شتێک کرد و بە ڕۆژنامەکەی دەستی نیشانەی بە من دا، "کوڕەکەم. ئەو دەتوانی قسە بکا، هەروەها گوێشی لە شتان بێ و ڕۆژنامەش بخوێنێتەوە."

"هۆو لەو کوڕە قۆزە! ئەرێ ناوت چییە؟" ژنەکە لەو کاتەی هەندێک بۆ پێشەوە داهاتەوە، وای پرسی.

"ئیسماعیل." منیش بەئەسپاییەوە وەڵامم دایەوە.

هەر بەڕاست تۆ بڵێی باوکم زانیبێتی خۆشەویستی چییە؟ ئەرێ ئەو هەستی بە خۆشەویستبوون دەکرد؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم، ئەو لەو بارەدا بوو بزانێ، کە پێی ناوەتە جیهانیی خۆشەویستییەوە؟ ئاخر زۆر پەرۆش بوون بۆ کەسێکی دیکە، ئەو دەتوانێ دەری ببڕێ؟ لەلای بمێنێتەوە،



هەواڵنامەی کتێب

دەستەکانی توند بگرێ، بۆنی بکا، ئەوی هەبێ؟

هەر دەبێ جارێک تۆ لەو بارەیەوە خوێندبێتتەوە، گوێت لێ بووبێ، یان لەبارەیەوە قسەت کردبێ، دەنا نازانی ئاخۆ بەخۆت سەرقاڵی چیت.

لە ئێراندا کتێبێک دەربارەی گەشتەکانی مەلا نەسرەدین هەیە. بۆ ئەوەی واتای ژیان تێبگا، مەلا نەسرەدین بەپێی خۆی بە جیهاندا گەڕاوە. لە دەروازەی هەمەدانیشدا ئاپۆرایەکی خەڵکی، پیاوان، ژنان، منداڵان، وشتران، کەران، ئێستران، بزن و مەڕیشیان دەبینێ، هەر هەموویان بەدوای گەنجێکدا غار دەدەن. گەنجەکەش دەگریێ، سەما دەکا و منگەمنگێکی لێوە دێ و کەس لێی تێناگا. ئیدی خۆی بە زەویدا دەدا و کۆتایی بە بەزمەکە دێ. پاشان دیسان دەست بە گریان دەکاتەوە، پێدەکەنێ و هەڵدێ، دیسان خۆی بە زەویدا دەدا و خۆڵ بەسەری خۆیدا دەکا.

مەلا نەسرەدینیش پیرەپیاوێک ڕادەگرێ و لێی دەپرسێ، ”ئەرێ برادەر، پێم ناڵێی ئەو گەنجە چییەتی؟“

”خۆشەویستی وا شێتوهاری کردووە. هەمووان هاتوون تا خۆشەویستی بناسن.“

هەموو ئێواران لەگەڵ باوکم دەچوومە جادە پڕداروبارەکە، لەو شوێنەی کە زۆری نەدەبرد ژنەکە پەیدا دەبوو. ئیدی ئێمە هەرسێکمان لە تاریکیدا لەسەر تەختەبەندێک دادەنیشتین. من لەنێوانیاندا دادەنیشتم و قسەکانی ئەوانم بۆ یەکدی وەر دەگێڕا.

ئەرێ ئەو ژنە کێ بوو؟ چۆن یەکدییان ناسی؟ من نەمدەزانی.



هەواڵنامەی کتێب

باوکە بەستەزمانەکەم لە کاتی کارکردندا هۆشی لەلای خۆی نەمابوو. ژمارەی هەڵەی لە مافوورەکان دەدوورین، بەمە پاشاگەردانێکی لە کۆگاکە و لە ژمێریاریدا نایەوە. ڕۆژێکیان هاوکارێکی هاتە ماڵمان و تینای ئاگادار کردەوە، "من نازانم چی لەئارادا هەیە، بەڵام ئەگەر کار وا بڕوا، لەسەر ئیش دەر دەکرێ."

کارەکەش هەر وا ڕۆیشت و لەسەر ئیشەکەی دەر کرا.

ئەو لە ماڵیش هەر نادیار بوو، دەچووە پشت پەنجەرەکە دەوەستا یان دەچووە کونجێکی ئارام لە ڕۆژژمێرەکەی نێو بەرکی دەینووسی. تینا ئاگاداری کەسوکارەکەی کردەوە، "تکایە یارمەتی! ئەکبەر کەوت!"

لە ڕاستیدا لە ئێران پێویست ناکا بە خۆت دڵداریت کردبێ. ئاخر لە هەموو لایەکەوە لە چیرۆکی ئێرانیدا، لە ئەفسانە و تەنانەت لە کتێبە پیرۆزەکەشدا باس هەر باسی خۆشەویستییە. تیناش هەر وەک فارسێک، دەبێ بە چیرۆکی شێخ و تەرسا[1] بەڵەد بووبێ.

جەنابی شێخ، پیری سۆفییەکان لەگەڵ هەزاران لە شوێنکەوتووانی بەرەو مەککە بەڕێ دەکەون. ئەوان چەند مانگێک بەڕێوە دەبن. لە یەکێ لە شارە بیانییەکاندا و لە بازاڕدا تووشی تەرسا[2]، کچە جوان و شۆخوشەنگەکە دەبێ و دەمودەست دەکەوێتە داوی عەشقی. ئاخر لەوە خراپتر چییە، لە ڕێی چوونە مەککە تووشی داوی دڵداری لەگەڵ تەرسایەک ببێ! هەر لەوێوە شێخ مەککە جێ دێڵێ و بە پێی

1 Sjeeg, Tarsa

٢ تەرسا کێژێکی کریستیانی. نووسەر.



هەواڵنامەی کتێب

پەتی بەدوای کیژەکەدا دەگەڕێ.
"شێخەکە کەوت!" ئیدی لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا دەنگی دایەوە.

باوکم و من دیسان بۆینباخەکانمان بەستنەوە، لەگەڵ ژنەکەدا لەسەر تەختەبەندی شەقامە داروبارەکەدا دانیشتینەوە. پاشان یەکسەر لە دوورەوە دوو ئەسپی خۆمانەمان ناسیینەوە. بەڵام ناکرێ ڕاست بێ؟ ئاخر چۆن دەبێ ئەو ئەسپانەی کە لە گوندی زافەراندا جێمان هێشتبوون، ئێستا لەم جادەیەدا لێ بخورێن؟ پاشان گالیسکەی خۆمانمان ناسییەوە، ئینجا گوێم لە دەنگی پوورە گەورەکەم بوو، هەروەها گوێم لە پوورێکی دیکەم بوو کە لەگەڵ پیاوەکاندا هاتبوو.
ئەسپەکان هەندێک لە دووری ئێمەوە لەبن دارگلۆپێک وەستان.
پوورە گەورەکەم لە گالیسکەکە دابەزی و یەکسەر بەرەو لای باوکم هات. دەستی بەرز کردەوە و بە بۆینباخەکەی ملی گرتی، لەدوای خۆی ڕاکێشا تا بردیە لای گالیسکەکە.
پوورەکانی دیکەم باوکمیان توند گرت و پیاوەکانیش بۆینباخەکەیان لەبەر داکەند و فڕێیان دایە سەر شەقامەکە. ئەم جارەیان پوورە گەورەکەم بۆ من هات، بە گوێی ڕاستە گرتمی، منی بۆ لای گالیسکەکە ڕاکێشا. "هەی بەنەفرەت بی! هەی بە نەفرەت بی کوڕە! وای باش ئاگات لە باوکت بوو!"
ئینجا ئەسپەکان کەوتنە جووڵە.
گوێم لێ بوو باوکم دەگریا. من بەباشی ئەوم نەدەبینی. ئەو لەپشت پوورم خۆی گرمۆڵە کردبوو و دەموچاویشی بە


هەواڵنامەی کتێب

هەردوو دەست گرتبوو.

سەیرم کرد ئافرەتەکە هێشتا هەر لە شوێنی خۆی مابووەوە. ئینجا لەبەر دارگلۆپەکە هەڵسا و شەپقەکەی توند بە دەست گرتبوو وەک ئەوەی بۆمان ڕابوەشێنێ، لەو کاتەیشدا تەماشای ئێمەی کردبوو.

بۆ ڕۆژی پاشتر پوورەکانم و پیاوەکانیان هەموو کەلوپەلەکەی ماڵەکەمانیان بار کرد و ئێمەیان بۆ شارێکی دیکە، بۆ زەنجان گواستەوە. من نازانم چۆن، بەڵام هەموو شتێک ڕێک خرابوو، ئێمە چووینە نێو خانوویەک و باوکیشم لە کارخانەیەکی ڕستن و چنین کاری بۆ پەیدا کرا.

ئەو دەبووایە هەموو ڕۆژەکەی بەبەردەم ئامێرە ڕایەخچنەکاندا بڕوا، تا ئەو داو و پەتانەی لێکبوونەتەوە و پچڕاون بەیەکەوەیان گرێ بداتەوە، نەدەبووایە یەک چرکەش جێیان بێڵێ.

ئیدی من باوکم بە ڕۆژی ڕووناک لە ماڵ نەدەبینی، چونکە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن لە ماڵ دەر دەچوو، کە دەهاتیشەوە ڕۆژ ئاوا دەبوو. تیناش خواردنی بۆ ئامادە دەکرد و لەپێشی دادەنا. ئەویش بەبێدەنگی خواردنەکەی دەخوارد، کەمێکی دیکە دەمایەوە، کیژەکەی لەباوەش دەگرت، پیاڵەچایەکی دیکەی دەخواردەوە، ئینجا دەچووە سەرجێیەکەی خۆی و لێ دەکەوتە خەوێ.

ئەو هەمیشە هەر دەنووست، ڕەفتاری ئەو ڕۆژانەیم هەر لەبیر ماوە.

من دەزانم، هەندێ جار خۆی بە داکەندنی جلەکانی کاریش ماندوو نەدەکرد، ئاخر خۆ ئەو نەیدەویست بخەوێ، بەڵکو



هەواڵنامەی کتێب

هەر وا کەمێک لی ڕابکشێ، پشوو بدا، بەڵام زۆری نەدەبرد خەوی لێ دەکەوت، ئیدی ئێمەش بێدارمان نەدەکردەوە.

"دەی پەتۆیەک بە باوکتدا بدە." ئەم ڕستەیەی تینام ئەوەندە گوێ لێ بوو، بۆیە لەبەرم کردبوو. من دەمزانی دەبووایە پەتۆیەکی بەسەردا بدەم، بەڵام هەرگیز ئەو کارەشم لە خۆمەوە نەدەکرد. ئەو کاتە وام دەکرد، کە تینا داوای لێ دەکردم. ڕەنگ بێ هەر لەبەر ئەوەش بێ، تا ڕۆژی ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، ئەو وشانەی تینام هەر لەبەرن.

ئافرەتێکی شەپقەلەسەر بۆیە لە ژیانی باوکم پەیدابوو، تا بیکاتە دوو بەش. ئەو قۆناغێکی لە ژیان داخست و پەڕەیەکی نوێی پێ هەڵدایەوە. لەوە زیاتر ئەو هیچی لە ئێمە نەویست و ئێمەش هیچمان لێ نەبیستەوە. ئەو هات و ئەرکەکەی خۆی بەجێ هێنا و ڕۆیشت.

جاران هەمیشە ئاغا ئەکبەر ئەو وەستایە باشەی مافوور، بە پشتڕاستییەوە لەسەر پشتی ئەسپەکەی لەم گوند بۆ ئەو گوند بەنەرمەغار دەڕۆیشت. پرچێکی ڕەش و ڕیزە ددانەکەشی لە تاریکییدا بریقەیان دەهات. پاشان قژی ماشوبرنجی بوو، نەخۆشیش دیار بوو. دەبووایە کاریش بکا، کار بکا و برەنجێ و هەر برەنجێ.

پەڕەکانی ڕۆژژمێرەکەی هەڵدەدەمەوە، بەو هیوایەی هەندێ زانیاری دەربارەی ئەو سەردەمە بدۆزمەوە. لاپەڕەکانی ڕۆژژمێرەکەی ژمارەبەندی نەکراون، من بە قەڵەمدار لە سووچێکی دەفتەرەکەدا ژمارەیان بۆ دادەنێم. لە لاپەڕە ١٣٤دا یەک-دوو بیچمۆکە دەبینم. پێم وا بێ ئەوە نیشانەی مانگە،


هەواڵنامەی کتێب

مانگێکی تازە، چارەکەمانگ، نیوەمانگ سێچارەک مانگ، و مانگی پڕ، لەپڕێکیشدا مانگێکی تاریک و مانگێکی سوور.

لە سەرەتای قۆناغی یەکەمی ژیانیدا، خوویەکی دیاریکراوی هەبوو و پاراستیشی. ئاخر ئەو لە هەرکوێیەک با، چووبایە هەرشوێنێک، کە مانگ پڕ دەبوو، دەگەڕایەوە ماڵ. بە شەویش کاتێک هەمووان دەڕازان، پلیکانەکەی بە دیواری خانووەکە هەڵدەنا و لێوەی سەربانەکە دەکەوت. ئەو دەچووە سەربانە گومەبەزاوییەکە دادەنیشت و سەیری مانگی دەکرد و شتێکی دەخوێندەوە.

خوێندنەوە؟

ئەرێ ئەو چیی دەخوێندەوە، کاتێ ئاوازی هیچ هۆنراوەیەکی نەدەناسی؟ خۆ ئەگەر ئەو هیچ بەندێکی شاعیرە عاشقەکەی سەدەکانی ناوەڕاست بابا تاهیر[1]ی نەزانیبێ، یاخود ئەو هەرگیز شیعرەکانی ئەو پیرەناودارەی سۆفیانی نەبیستبێ؟

ئەو هەیڤە پڕە، لە ئیسفەهان لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە. ئاخر ئاسمانی ئیسفەهان پڕئەستێرە بوو. مانگیش وەک چرایەکی یەزدانی بەسەر ئاسمانی مزگەوتە ئەفسووناوییەکەوە هەڵدێ.

ئەگەر لە شەوێکی مانگەشەودا لە مەیدانی نەخشەی جیهانی ئیسفەهاندا بوەستی، دەستەکان درێژ بکەی، دەکرێ مانگ بگری. شاعیرە فارسە کۆنەکان هەمیشە لە شیعرەکانی خۆیاندا وایان کردووە.

١ سەبارەت بە باتاهیری هەمەدانی ڕۆماننووس لە پاشکۆی کتێبەکدا ئەو تێبینییەی نووسیوە و باباتاهیری بە فارس داناوە، ”بابا تاهیر، شاعیرێکی فارس کە هەموو کەسێک لە ئێران چوارینەکانی ئەویان سەبارەت بە خۆشەویستی و مردن لەبەرە.“



هەواڵنامەی کتێب

ئاغـا ئەکبەریـش بـە ئاسـمانی ئـەوێ سەرسـام بـوو، لـە شـەوە تەنیاییەکانیـدا، بەدزییـەوە بـە سـەربانی مزگەوتـی ڕۆژی هەینـی دەکـەوت. ئـەو دەچـووە ئـەوێ دادەنیشـت، پشـتی بـە بانـی گومبەزەکـە دەدا، دەسـتەکانی لـە ئەژنـۆ وەر دێنـا و بـەم جـۆرە سـەیری شـەوی دەکـرد. شـەو ئـەوی بـە شـتێکی پەیپێنەبـراو، بـە خـودا و بـە خۆشـەویستی دەبەسـتەوە. بەڵکـو مـن ئـەو ڕەوشـە بـەو دوو دێـڕە شـیعرێکی کۆنـی درێـژ وێنـا بکـەم:

از نیستان تا مرا ببریده‌اند
در نفیرم مرد و زن نالیدند
سینه خواهم شرحه‌شرحه از فراق
تا بگویم شرح درد اشتیاق...[1]

هەمـوو فارسـێک ئـەم شـیعرەی لەبـەرە، یـان هـەر بـەلای کەمییـەوە هـەر جووتەیـەک کـە تووشـی داوی عەشـق بووبێ، ئـەم پارچەیـە بـە ئـاوازەوە دەخوێنێتـەوە.

هەرچەنـدە ئاغـا ئەکبـەر هەرگیـز ئـەم پارچەشـیعرەی گـوێ لـێ نەبیـوو، ئـەو ئـەم بەنـدەی دەخوێنـدەوە.

---

١ ئـەم پارچەشـیعرە سـەرەتای شـیعرە دوورودرێژەکـەی مەولانـای بەلخـی ڕۆمییـە کـە بـە مەسـنەویی مەعنـەوی بەناوبانگـە. وەرگێڕانەکەشـی بەگوێـرەی کتێبـی *مەسـنەویی مەعنـەوی*، عەبدوسـەلام مودەڕیسـی:
من لە نەیستان بووم و بڕیانم لەبن
من کە گریام، بۆم دەگریان پیاو و ژن
لەت دەکەم سینەم لەبەر دەردی فیراق
تا بەیان کەم شەرحی دەردی ئیشتیاق


هەواڵنامەی کتێب

شیعرەکەش لەبارەی قامیشێکە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەنێو قامیشستانی خۆیدا بووە. کەسێک قامیشەکەی بڕیوەتەوە و نایەکی لێ دروست کردووە. هەر بۆیەش نایەکە سکاڵای خۆی دەهێنێتە زمان:

لەو کاتەی مرۆڤ منی لە قامیشەڵانەکە بڕیەوە،

هەمووان خەمی خۆیان پێم دەژەنن، ئەوان حەزیان لە منە،

منیش بەخۆم بەدوای دڵێکدا دەگەڕێم کە لە پەرۆشییان داهێزراوە،

ئەو پەرۆشی و تاسەمەندییەم لەگەڵدا بەش بکا.

جارێکیان ئامێرێکی فیلمپەخشکردنم وەر گرت. بۆ شەوەکەی کە هەیڤ بە پڕی لە تاقی ئاسمانەوە بوو، لەو کاتەی باوکم دەستی دایە پلیکانەکە و بە دیواری هەڵبنێ تا لێی وەسەر بانەکە بکەوێ، من بەتوندی باسکیم گرت، "دەی جارێ وەرە! دەمەوێ شتێکت نیشان بدەم!"

ئەو نەیدەویست لەگەڵم بێت. دەیەویست بچێتە سەربان و بەدیار مانگەکەی دابنیشێ.

"گوێ بگرە، پێویست ناکا بچیتە سەربان. من مانگێکم بۆ تۆ لە ژووری دانیشتن داناوە."

ئەو لە شتەکە نەگەیشت.

"مانگەکە،" بەئاماژە پێم گوت. "من مانگم خستۆتە نێو ئامێرێکەوە. بۆ تۆ وام کردووە. دەی وەرە سەیری بکە."

ئەو بزە دای گرت، ئەوە خەندە ناسراوەکەی ئەو بوو، کاتێ لە مەبەستەکانم نەدەگەیشت. ئیدی کورسییەکم بۆ دانا


هەواڵنامەی کتێب

و پەردەکەشم دادایەوە.

"فەرموو دانیشە!" ئاماژە بۆ کرد و گڵۆپەکەشم کوژاندەوە.

بە دوودڵییەوە دانیشت و  هەر سەیری خامە سپییەکەی کرد.

منیش ئامێرەکەم داگیرساند. سەرەتا چەند وشەیەکی ئینگلیزی لەسەر خامە سپییەکە پەیدا بوون، پاشان هەیڤێکی چەند شەوە. هێشتا هیچ کاردانەوەم لەسەر ڕوخساری باوکم نەبینی، هێشتا هەر تەماشای دەکرد. وردەوردە چارەکی هەیڤەکە دەر کەوت، پاشان بووە نیومانگ. دوای ئەوەش مانگ بەپڕی لەسەر شاشە خامەکە بەدەر کەوت. ئەو تەماشای دەکرد و لە منیش دەگەڕا، کە لەپشتی ئامێری پەخشەکە وەستابووم.

ئەمە مانگەکەی ئیسفەهان نەبوو، بەڵکو هیی ئەمەریکا بوو، لە شوێنێکی ئەوەندە دوور بوو، لەو ئاسمانە شینە دوورەدەستەدا وەستابوو. دوای ئەوە ئەپۆلۆی دووەم لەسەر شاشەکە پەیدا بوو.

ئەرێ باوکم لە پەیوەندی نێوان ئەپۆلۆ و مانگ دەگەیشت؟

پاش چەند خولەکێک، ئەپۆلۆ لەسەر مانگەکەدا نیشتەوە، ئەوە بوو بۆ یەکەمین جار مرۆڤ پێی نایە سەرمانگ. من ئامێرەکەم کوژاندەوە. مانگەکەش ون بوو. باوکم کە هەردوو دەستی  لەسەر قاچی دانابوون لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو. هەر وەک ئەوە دیار بوو نوێژ بکا، منیش چرایەکەم هەڵنەکردەوە، لێ گەڕام هەندێکی دیکە بەو ڕەوشە بڕوا. هەر تەماشام دەکرد، سەیری باوکە خۆشەویستە پیرەکەی



هەواڵنامەی کتێب

خۆمـم دەکـرد. هـەر بەتەنیـا تارماییيەکـەم بینـی، بـەڵام پرچـە بۆزەکـەی لـە تاریکییەکـەدا دەبریقایـەوە.



هەواڵنامەی کتێب

# موسەددەق

سەبارەت بە قۆناغێکی گرنگی مێژووی نیشتمان،
ئاغا ئەکبەر هیچی نەنووسیوە.
ئەم زانیارییانەم لە کەسێکی دیکە وەر گرتن.

دوێنێ لاپەڕەکانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبەم هەڵدانەوە. بینیم قۆناغێکی گرنگ لە ژیانی سیاسیی وڵاتەکەم ونە.

شتێکی حاشاهەڵنەگر بوو، ئاغا ئەکبەر سیاسەتی نەدەزانی، هەروەها هیچیشی لەبارەی ئەو قۆناغەدا نەنووسیوە.

پێشم خۆشە لەم کتێبەمدا دەربارەی سیاسەت نەدوێم، بەڵام هەندێ جار ئەو باسانە هەر دەبێ بکرێن، هیی ئەوە نین بەلاوە بنرێن. دەبێ باسی گرنگترین ڕووداو بکەم. چونکە گۆڕانگارییە مەزنەکانی ژیانی ئەکبەر شتێک نین جگە لە لێکەوتەی گۆڕانکارییە دیارکراوەکانی ئەو سەردەمەی ئەجێندای وڵاتەکە.

بۆ نموونە بارکردنی دایبابم[1] بۆ شارەکە، سووک و ئاسان لێکەوتەیەکی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانە بوو:

---

١ دایباب: باوا، دایک و باوک بەیەکەوە.



هەواڵنامەی کتێب

ئەمەریکاییەکان یارمەتیی شایە گەنجەکەیان دا بێتە سەرتەخت.

من هەر دەبێ شتێک دەربارەی موسەددەق باس بکەم، بەڵام دەبێ ئەو زانیارییە مێژووییە پێویستانە لەکوێوە هەڵبهێنجم؟

لە کتێبەکانی زانکۆدا سەرچاوەی زۆروزەوەند هەن، بەڵام خۆ من نامەوێ رێک وەک مێژوونووسێکی ڕاستەقینە بۆ شتەکان بچم، چونکە ئەوکات زۆر لە بازنەی ڕۆژژمێرەکەی باوکم دەر دەچم. پێم باشترە لەگەڵ یەک-دوو نموونەی سادە و ئاسان وێنەیەکی ڕوونی سەردەمەکە و موسەددەق بکێشم. بەڵام چۆن؟

بیرۆکەیەکم بۆ هات. زەنگ بۆ ئیگۆر[1] لێ بدەم.

"ئیگۆر، بەیانیت باش، لەگەڵ ئیسماعیل قسە دەکەی."

"بەیانیت باش ئیسماعیل. بەم بەیانییە زووە چۆن یارمەتیت بدەم؟"

"زوو؟ خۆ هێشتا هێندە زوو نییە. خۆ تۆ بەردەوام لە شەش و نیودا هەڵساوی. ناکرێ هێشتا هەر لەنێو پێخەفدا بی؟"

"گەر هەر وەک جاران بێ، نەخێر، بەڵام گەنجۆ ئەمڕۆ بەڵێ. زەوقم نەبوو. لەوانەیە هەر بەڕاستی پیر بووبم. ئەمڕۆ نە ڕۆژنامە نە قەڵەم و نە کاغەز هەیە. دەی بڵێ، چیت لە من دەوێ؟"

"شتێکی تایبەتم ناوێ. هەر پرسیارێکە و بەس، پێویستیش ناکا ڕاستەوخۆ وەڵام بدەیتەوە، من دوایی سەرێکت دەدەم.

---

1 Igor



هەواڵنامەی کتێب

دەمەوێ شتێک دەربارەی موسەددەق بزانم.“

”موسەددەق؟ ئەوە چییە؟ ئەرێ دیسان بۆ خاتری خوا، موسەددەق کێیە؟“

”نەخێر، موسەددەق. خۆ هەر دەبێ جارێکیان دەربارەی ئەوت خوێندبێتەوە، سەبارەت بە سەرۆکوەزیری ئێران، دوای ڕووخانی ڕەزا شا پەهلەوی...“

ئیگۆر برادەرێکی منە، ڕۆژنامەنووسێکی پیرە. پێشتر ئەو لە ئەمستەردام دەژیا، لە خانوویەکی کۆنینەی سەر کەناڵە ئاوەکە (خراخت). بەڵام خۆ ئەوێ شوێنێکی تایبەتی وا نەبوو، تەنانەت بۆ کتێبێکی دیکە، یان بۆ دیمەنێکی یاریکردن دەست بدا. کاتێک خانەنشین کرا، دوای یەک-دوو ساڵ دوودڵی، خانووە بچکۆلانەکەی خۆی فرۆشت و بۆ ناوچەی پۆلدەر باری کرد.

من بۆ یەکەمین جار لەو ڕۆژەی باری کرد، بینیم. ڕۆژێکی گەرم بوو، منیش غارم دەدا. هەر لە دوای گۆڕستانەکە، خانوویەک بەتەنها لەبەرامبەر بەربەستی دەریاکە هەبوو. خانوویەکی جوان بوو، دەیڕوانیە سەر دیمەنە قەشەنگەکەی دەریا، بەڵام بۆ ماوەیەک خانووەکە چۆڵ بوو. هەنووکە دەبینم ترومبێلێکی بار لەوێ وەستاوە. پیرەمێردێک بە خۆی و شەپقەکەی ئاماژە بۆ کرێکارەکان دەکا، کە کارتۆنە پڕکتێبەکان لەکوێ دابنێن.

”بەوریاییەوە، هێی پیاو ئاگادار بە... ئەم کارتۆنەدا نەخشەکانی منی تێدان!“

ئینجا لەپڕێکدا خەریک بوو هاوار بکا، ”یارمەتی، هۆ



هەواڵنامەی کتێب

خـوادی مـن... ئـەوان هەمـوو کتێبەکانیـان لـێ  وێـران کـردم.“
منیـش وەسـتام و سـەیرم کـرد. شـتێکی دڵڕفێـن بـوو، پیرەمێردێـک بـە شـەپقەیەک و ئـەو هەمـوو کتێبانـە.
”ئـەرێ بۆ لـەوێ وا تەماشـا دەکـەی؟“ پیاوەکە بانگی کـردم. ”دەی یارمەتییـان بـدە! دەی یەکێـک لـەو کارتۆنانـە هەڵگـرە! پشـیلەکەم ئـازاد بکـە!“
منیـش بـۆی چـووم و یارمەتیـی دابەزاندنـی شـتەکانم دان، کارتۆنێکـی گـەورەم هەڵگـرت، کـە حەفـت پشـیلەی تێدا بـوون، هەمووشـیان لـە یـەک کاتـدا دەیانمیاواند. ئیـدی لـەوێ ڕۆژێـوە بووینـە بـرادەر.
ئیگـۆر بەتەنهـا لەگـەڵ حەفـت پشـیلەکانی دەژی. ئـەو نزیکـەی پەنجـا سـاڵی ڕەبـەق، لەسـەریەک، هەمـوو بەیانییـان بـە مقەسـەکەی - هەمیشـەش هەمـان مقەسـە کۆنەکـە- پارچەپێویستییەکانی ڕۆژنامەکانـی  دەبڕی و هەڵدەگرت، هـەر بۆیـە بـە سـەدان  وتـار و نەخشـەی لـە ئەرشـیفی خۆیدا هەیـە.
بێگومـان هـەر دەبـێ شـتێکی سـەبارەت بـە موسـەددەقەوە هەبـێ، بـەڵام پرسـیارەکە ئەوەیـە، ئاخـۆ  دەکرێ نەخشـەکە لـە ئەرشـیفەکەیدا بدۆزرێتـەوە.

مـن بـەرەو ماڵـی ئـەو ڕۆیشـتم. ئـەو هەرگیـز بەخـۆی نەدەهاتـە خـوار، تـا دەرگاکـەت لـێ بکاتـەوە. ئـەو سـەرەتا لـە پەنجەرەکـە تەماشـا دەکا، ئینجـا پەتێکـی درێـژ ڕادەکێشـێ.
”بەڕێـز، خـۆ دەکـرێ ئەسانسـۆرێکی کارەبایـی بکـڕی، زۆریش لـەم پەتـە درێژەی تۆ باشـترە.“ هەمـوو جارێـک کـە لـە پەیـژەکان سـەر دەکەوتـم وام پـێ دەگـوت.


هەواڵنامەی کتێب

"دەی دەمت داخە! گەنجۆ، فەرموو وەرە ژوور!"

ئیدی هەر چوویتە ژوور، یەکسەر حەفت پشیلەکان دێنە لات، دێنە سەر پێ و باسکت، و خۆیانت لێ دەخشێنن.

"ئەرێ ئەوە چییە، نەخۆشی؟ هەر بەڕاست لەناو جێگادا کەوتووی یان..."

"ئەو کەسەی پەنجا ساڵ لەسەریەک هەموو ڕۆژێ سەعات شەش و نیوی بەیانی لە خەو هەڵبستێ، ئاخر لە سەعات شەش و نیو لەنێو پێخەفەکەی هەڵدەستێ تا بمرێ. دەی وەرە ژوور، من نە ناساغم و نە لەناو جێشدا پاڵم داوەتەوە. من پیر بووم، سەری دێر... بەڵام ئاها... خۆ تۆ دەتویست لەبارەی موسەددەقەوە شت بزانی. ئەرێ بۆچی لەپڕێکدا موسەددەق؟"

من دەمویست بۆی ڕوون بکەمەوە، بۆچی ئەو زانیارییانەم پێویستن، بەڵام هەر وەک جاران ئەو درێژەی بە قسەکان دا. من هێشتا باسی ڕۆژژمێرەکەم بۆ نەکردبوو. دەبووایە بۆم باس بکردبایە، بەڵام هێشتا زاتم نەدەکرد.

"دەزانی چی،" ئەو گوتی، "من زوو هۆگری ڕۆژنامەکان بووم، ئەوکات تەمەنم دە ساڵێک دەبوو، شتێکم دەربارەی دەوڵەتمەدارێکی گریاوی وڵاتەکەت خوێندەوە کە لە سەرتەخت لا درابوو. پێدەچی تۆ لە من باشتر بزانی، بەڵام ئەوەی من لەبارەیەوە دەزانم، ئەو خوازیار بوو کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی خۆماڵی بکا، ئەوکات ئەم ڕامانە بۆ من زۆر مایەی لێتێگەیشتن بوو.

"دەی گەنجۆ، قاوە بۆخۆت تێ بکە، لەوێدا کوپێکی جوانم لەسەر مێزەکە داناوە، کوپێکی ڕۆژهەڵاتییانە، پێم


هەواڵنامەی کتێب

وا بێ جارێکیان لە ڕۆمێل مارکێتدا[1] کڕیومە، نەخێر، لە ڕۆژی شاژندا لە ئەمستردام کڕیومە. لەو کوپەدا تامی قاوە جیاوازترە.

"ئەو پیاوە، ئەو موسەددەقە... من زۆر شتی لەسەر نازانم، هەرچەندە من نەخشەیەکم هەیە، بەڵام خۆ پێم نادۆزرێتەوە، لەو باوەڕەدام، شا دژی ئەو بووبێ و ئیدی خستبێتیە کونجی زیندانەوە. من نازانم ئاخۆ ئەو هەمیشە هەر گریاوە یان نا، لەوانەیە جارێکیان گریا بێ، ئەو کاتەش بووە کە تەلەڤزیۆن نەبووە، بەڵام بەر لەوەی فیلمێک دەست پێ بکا، سینەماکان گۆڤارێکیان دەر دەکرد کە پڕی هەواڵ بوو. ئەو گریانەی موسەددەقم بە سووکایەتی زانی. لە کۆتاییدا هەست و سۆزی دەوڵەتمەدارێک بەم شێوەیە بۆ خەڵک ڕابگەیەندرێ.

"ئێمە ساڵێکی دوورودرێژ سەروەزیرێکی ڕێزلێگیراومان هەبوو، ناوەکەیشی درییس[2] بوو، بەڵام هەرگیز نەتدەبینی پێبکەنێ، خۆشی دەر ببڕێ، چ جای بگریێ. لەوانەیە لە ماڵەوە جارێک وای کردبێ، بەڵام لەوێ هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو. لە هۆڵەندا بۆ پیاو شتێکی ئاسایی نییە هەست و سۆزی خۆی دەر ببڕێ، دەبێ ڕێ لە فرمێسکەکانت بگری. دەیبینی؟ تامی شتەکە جیاوازە. دەی کێکێکیش هەڵبگرە، پاکەتی کێکەکان لەوێ دانراوە، لەکوێ... ئای لەبیرم نەماوە. ڕەنگ بێ لەوێ لەپشت نەخشەکانم دانابێ. من لەوێ لەبەر

١ ڕۆمێل مارکێت، هەرزانبازاڕ، هەندێ جار هەفتانەیە، هەندێ جاریش بە بۆنەیەک لە بۆنە نیشتمانییەکانی وڵات دەکرێتەوە، بەشی هەرە زۆریش شتەکان هیی دەستی دووەمن و زۆریش هەرزانن.

2 Drees



هەواڵنامەی کتێب

پشیلەکانم شاردبووەوە. ئەوان پاکەتەکە بە شێوەیەکی دیکە دەگرن، یاری لەگەڵدا دەکەن و هەموو کێکەکان پارچەپارچە دەکەن، ئەو ناوە دەشێوێنن.

"گریان، بەڵێ لە کاتی مردووناشتندا دەکرێ بۆ ساتێک بگری. من هەرکاتێک گریانم بێ، دەگرییم. ئاخۆ من ئەمەم لە دایکم یان لە موسەددەق وەر گرتووە، ناتوانم بڵێم دەی یەک، دوو، سێ،... شا لێگەڕا موسەددەق بژیێ، ئای چ میهرەبانییەک بوو. ئەوکات من شام پێ هیچ نەبوو. ئەمەش هەر لەبەر ئەوە بوو، چونکە دۆستی شازادە بێرنارد بوو، خۆ ئەو دەناسی؟ مێردی شاژنەکەی پێشوو، باوکی بیاتریکس. ئەوەی بەتایبەت لە شازادە بێرنارد ناسراو بوو، دۆست و برادەری هەڵەی هەبوون. کەواتە شا یەکێک لە شاشییەکان بوو و موسەددەقیش پیاوی باش بوو. ئەرێ پاکەتی کێکەکان لەکوێیە؟"

ئیگۆر زیاتری لەبارەی موسەددەق نەدەزانی، لێ ئاماژەی بۆ شتێک بۆ کردم، کە دەکرێ کرۆکی باسەکەمی لێ ببینمەوە.

یەک-دوو سەعات لەسەر ئەژنۆ دانیشتم، نەخشە ئەرشیفکراوەکانی ئەوم هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکردن. ئەمەی خوارەوەم دۆزییەوە،

موسەددەق: لە ١٩٢١-١٩٢٥ بەدوای یەکدا وەزیری دارایی و کاروباری دەرەوە بووە. لە ١٩٤٤دا، لە پەرلەمان هەڵبژێردرا. لە ١٩٥٠دا، بەرەی نیشتمانی پێک هێنا، لە ١٩٥١دا، بووە سەرۆوەزیر و کۆمپانیای ئەنگلۆ-ئێرانی خۆماڵی کرد، لەسەر ئەمەش کێشەی لەگەڵ بەریتانیای مەزن پەیدا


هەواڵنامەی کتێب

بـوو. لـە ١٩٥٢دا، دەبووایـە دەسـت لـەکار بکێشـێتەوە، بـەڵام دوای سـێ مانگـی بـاری ڕاپەڕیـوی وڵات، ئـەوی خسـتەوە سـەر کورسـیی دەسـەڵات. موسـەددەق دەسـەڵاتەکانی شـا – کوڕەکـەی ڕەزاخـان–ی سـنووردار کـرد، زیاتـر و زیاتریـش لەلایـەن باڵـە چەپەکانـەوە پشـتگیری لـێ دەکـرا. دەبووایـە شـاش وڵات جـێ بێڵـێ و هەڵبـێ[١]، بـەڵام بـە پاڵپشـتی وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەڕێندرایەوە و حکومەتی نیشتمانی ڕووخـا و موسـەددەقیش گیـرا.

کاتێکیـش چەرچـل بیسـتی کـە موسـەددەق حوکمـی دەستبەسـەریی ماڵـەوەی بـۆ هەتاهەتایـە بـۆ دەر چـووە، پێکەکـەی هەڵـدا و گوتـی، "ئـەو شـێت بـوو... پیاوێکـی دژوار بـوو."

لـە ڕاستیشـدا هەرگیـز موسـەددەق دژوار نەبوو، ئـەو مایەی شـانازیی ئێمـە بوو.

ئینجـا بـە هـەزاران لـە لایەنگرانـی ئـەو گیـران، زۆریشـیان لەسـێدارە دران و بـە سـەدانییان لـە وڵات هەڵاتـن. زۆرینـەی ئاوارەکانیـش ئەندامانـی باڵـی چەپـی سـەر بـە ڕوسـیا بـوون، پارتـی وڵات بـوون. ئاخـر پارتەکـە دژی شـا و بەڕەهاییشـەوە دژی هاتنـی ئەمەریکییـەکان بـوو.

ئـەوان ئەوەنـدە لایەنگرییـان هەبـوون، پێیـان وا بـوو بـە ماوەیەکـی کـەم دەسـەڵات دەگرنـە دەسـت. ئـەوان خۆشـیان بە موسـەددەق زۆر خۆشـحاڵ نەبوون، وایـان دانابوو موسـەددەق

١ هـەر ئـەو ڕووداوەیـە وا لـە شـاعیری گـەورەی کـورد مـام هێمـن دەکا ئـەو شـیعرەی بڵـێ:
دە بڕۆ هەی شای خائین، بەغدا نیوەی ڕێگەت بێ.
وەرگێڕ.



هەواڵنامەی کتێب

زۆر لەبەر ئیمپریالیزم دادەنوێنێ، سازشیان بۆ دەکا. هەر بۆیە لە کاتی خۆی و لەگەڵ گەڕانەوەی شادا پشتیان نەگرت. ئینجا کە موسەددەق کەوت، پارتەکەی ئەوانیش (چەپەکانیش) لە بەریەک هەڵوەشا. بەشێک لە لایەنگرانیان لەسێدارە دران، بەشێکی دیکەشیان خۆیان شاردەوە و لە وڵات هەڵهاتن.

لایەنگرانی پارتەکە بەرەو شاخی زافەران هەڵاتن، هیوایان وا بوو لەوێوە بگەنە سەر سنووری یەکێتیی سۆڤیەت. بەڵام ئەوەندەش ئاسان نەبوو. ئاخر ژەندرمە بە جیپی ئەمەریکییەوە لەم شاخەوە بۆ ئەو شاخ بەدوایانەوە بوون. ئیدی ڕاکردووەکان برسی و بێهیوا پەنایان بۆ گوندنشینان دەهێنا.

پێدەچوو هەرگیز باوکم شتێک لەبارەی کۆمۆنیزم تێنەگەیشتبێ، بەڵام بەو کەسانەشی دەزانی، کە هەڵهاتبوون.

جارێکیان کە لەگەڵ ئەودا بەرەو گوندی زافەران دەڕۆیشتین، بۆ ئێوارەکەی منی گەیاندە لای باخی داربادەمەکان. پارچەنانێکی خستە ناولەپم، خێراش لەنێو داران خۆی نەوی کرد و لەپشت قەدی دارێکەوە خۆی شاردەوە.

"ئەرێ ئەوە خەریکی چی؟"

"دەی وەرە، نانەکەم بدەرێ." بەئاماژە وای پێ گوتمەوە.

"ئەوە باسی چی دەکەی؟"

ئەو پارچەنانەکەی لێ وەر گرتم و خێرا بەرەو ئاراستەی شاخەکان ڕۆیی.

"پێشان،" بەئاماژە تێی گەیاندم، "پیاوگەلێکی زۆر بە



هەواڵنامەی کتێب

تاریکی خۆیان بەنێو باخەکەی منەوە کرد. منیش نانم پێ دان. ئینجا بەرەو چیاکان هەڵکشان.“

ساڵێکیش دوای دەستگیرکردنی موسەددەق، دەنگی قیتارە دوورودرێژەکە لەنێو شاخەکاندا دەهات، قیتارەکە ڕێک لە گوندی زافەران وەستا. ئەمەش شتێک بوو پێشتر هەرگیز ڕووی نەدابوو.

”ئەرێ چیمان بۆ دێ؟“

شەکر، کلۆشەکری ئەمەریکایی. ئەوەش ئەو فەردە شەکرانە بوون کە بەئینگلیزی لەسەریان نوسرابوو: sugar.

قەند، ئەو وشە کۆنە فارسییە، دەبووایە جێگەی خۆی بۆ وشەی شەکر چۆڵ بکردبایە. لە هەمان کاتیشدا ئەمە یەکەمین وشەی ئینگلیزی بوو گەیشتبێتە شاخی زافەران. بەدوای ئەویشدا وشەیەکی دیکەش هات: (جگەرە). ئیدی بەم جۆرە وردەوردە هەموو دابونەریتێکی (قەلن) لەبەین چوو.

وشەی باوی کەدخودا[1]، کوێخا نەما و وشەی بەخشدار[2] جێگەی گرتەوە.

ڕۆژێکیان بەخشدار بە یاوەری مەلای گوندەکە و بە ئامادەبوونی هەموو ڕیشسپییانی گوندەکە لەسەر بەرزاییەک وەستا، تا وێنەی شا لەسەر دیواری مزگەوتەکەدا هەڵبواسێ.

ئیدی کار بەم جۆرە ڕێک خرا، کوڕی ڕەزاخان بووە شای ئێران.

ئێمە لە قوتابخانەدا هیچ لەبارەی موسەددقەوە فێر نەکراین.

---

1 Kadgoda
2 bagshdar



هەواڵنامەی کتێب

هەموو شتێک هەر دەربارەی شا بوو. ئێمە فێر بووین ئەوە بزانین، کە ئەو کوڕی ڕەزاخان بووە، ئەویش بەدەوری خۆیەوە کوڕی شایەکەی پێشووتر بووە، بەم جۆرە ئێمە بۆ ٢٥٠٠ ساڵی مێژوو دەگەڕاینەوە، تا دەگەیشتینە سەر کوروش[1]. ئەو یەکەمین پاشای فارسەکان بوو، کە چیرۆکەکەی بە خەتی بزماری لەسەر دیواری ئەشکەوتی شاخی زافەرانی لەسەر هەڵکەندراوە: *من ناوم کوروشە. من شای شایەکانم.*

1 Cyrus

هەواڵنامەی کتێب

# تووتی

شا کوڕێکی پەیدا بوو.
تووتییەکی پیریش  لەسەر دارەکە کەوتە خوار و مرد.
هەردوو ڕووداوەکان لە بۆتەی ئەم کتێبەدا گۆڕانکارییان لەگەڵ خۆیاندا هێنا.

هەندێ جار بیر دەکەمەوە، هەستی خۆبەتاوانبارزانینیش وام لێ دەکا ئەم کتێبە بنووسم. هەستی خۆبەخەتابارزانینی ڕۆڵەیەک، کە ئەرکی سەرشانی خۆی بەتەواوی ڕایی نەکرد، کەسێک لە نیوەی ڕێگادا هەڵهات و باوکی خۆی لەو گۆڕە جێ هێڵا. هەر بۆیە ئەو زۆر جار دێتە ناو خەونەکانم. ئەو سەیرم ناکا، ڕووی خۆی لا دەدا و سەیری نێوچاوەکانم ناکا.

ئێستاش ئەو مردووە و منیش ناتوانم کات بگێڕمەوە و خۆمی لەگەڵدا چاک بکەمەوە. هیوادارم لێم خۆش بووبێ، گەردنی ئازاد کردبم، بۆ جاری داهاتووش بێتەوە خەونم و سەیرم بکا.

بە پلەی یەکەم ئەم کتێبە بۆ ئەو دەنووسم، ئینجا بۆ ئەوەی بۆ خۆشم ڕوون و ئاشکرای بکەم، کە هەڵهاتنەکەم


هەواڵنامەی کتێب

هەر دەبوو ببێ، ئەم کارەیان لە دەسەڵاتی منەوە نەبوو، ئاخر من دەسەڵاتم بەسەر بارودۆخەکەدا نەما، دەبێ ئەوەش بڵێم، ئەویش هۆیەک بوو وای لێ کردم لە وڵات بار بکەم و جێی بێڵم.

من ناتوانم ئەوە ڕوون بکەمەوە. لەبەر ئەوەی من کوڕی ئاغا ئەکبەرم، هەنووکە لەسەر ئەم کورسییە دانیشتووم و لەگەڵ ئەم زمانە سەروسەودام پەیدا کردووە.

هەرچەندە زۆر جاران من باوکم بۆ مەبەستی تایبەتی خۆم بەکار هێناوە، بەڵام هەمیشە هەر لە خزمەتیدا بووم.

هەر بۆ نموونە، ئێستا کە ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە، هیچ شتێک ناکەم، بەدەر لە شکاندنی کۆدەکانی کتێبەکەی، هەوڵ دەدەم هەر هیچ نەبێ وای لێ بکەم بخوێندرێتەوە. من سکاڵای لەدەست ناکەم، بەڵکو وەک بەختی خۆم پێی قایلم. بژاردەم لەدەستدا نییە، هەر دەبێ ئەم چیرۆکە بگێڕمەوە.

کوڕەکەی ڕەزاخان یەک-دوو جار ژنی هێنا. لە کۆتاییدا شا، کوڕێک، جێنشینێکی پەیدا بوو. خەونەکەی ئەو بەدی هات.

من ئەوکات دە-یازدە ساڵان بووم و شازادەی جێنشینیش سێ-چوار ساڵ دەبوو. لە شارە گەورەکاندا، لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئەو لە هەموو قوتابخانەکان ئاهەنگ دەگێڕدرا. بەڵام لە شارە دیندارەکەی ئێمەدا، هیچ شتێکی وات بەدی نەدەکرد. لە قوتابخانەکانی تاراندا کیژان بە پێی پەتی سەمایان دەکرد. ئەوان گۆرانییان دەگوت و مۆزیشیان دەبەخشییەوە. هەرچی لەلای ئێمە و دەوروبەرەکەشمان بوو، هێشتا وێنەکەیشمان نەبینیبوو.


هەواڵنامەی کتێب

ئەرشیفی دەوڵەت لە تاران وێنەی ڕۆژنامەی ئەو کاتی هەڵگرتووە، کە چەند وێنەی کچانی تارانی تێدایە، لەسەر پەلکە مۆزدا دەخزن. هەروەها وێنەیەکی ڕەش و سپییش هەیە، شابانۆ لەگەڵ شازادەی جێنشیندا بە پێ دەڕوا، دەچێتە سەردانی یەکێک لەو کیژانەی لە نەخۆشخانەدا کەوتبوو.

سەرۆکی شارەوانیی شارەکەمان هەموو هەوڵێکی خۆی دا، بەڵکو ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی شازادەی جێنشین بسازێنێ. ئەو فەرمانی بە قوتابخانەکەمان کرد، کە قوتابخانەیەکی لاپەڕگەی شار و پشتگوێخراو بوو، لەساڵیادەکەدا ئاهەنگ بگێڕن. بەڕێوبەرایەتیش دەرفەتەکەی قۆستەوە، بەڵکو پلەیەک لەباری فەرمانبەرایەتییان هەڵبکشێن، چونکە خۆ هەر سەرۆکی شارەوانییەکە بەتەنیا نەدەهاتە ئاهەنگەکە، بەڵکو میوانی گرنگیشی لەگەڵدا بوون.

هەموو شتێک بەباشی ڕێک خرا، تەنانەت بەڕێوبەرایەتییەکە داوایان لە کیژێکی تارانیش کرد بێت و بە پێخواسییەوە لە بەردەم سەرۆکی شارەوانیدا سەما بکا.

"ئیسماعیل!" دوای نیوەڕۆیەکیان بەڕێوەبەرەکە دەستێکی لە سەرشان دانام. "دەی وەرە لام! دەمەوێ هەندێ قسەت لەگەڵ بکەم."

ئاساییانە هیچ قوتابییەک نەدەبووایە بچێتە نووسینگەکەی ئەو، بەڵام کە من چووم، پارچەکێکێکی پێشکەش کردم و لێشگەڕا مۆزێکی بچووکیش ببینم. پاشان قسەی لەبارەی شا و لەبارەی شانشینی فارسی کرد و ئەوسا هاتەسەر شا کوروشی شاهەنشا. پاشان باسی جیهانی کرد، کە هەنگاوێکی گەورەی بۆ نوێبوونەوە ناوە و کۆمەڵگاش



هەواڵنامەی کتێب

گۆڕاوە. هەمووان بەرەوپێشەوە ڕۆیشتوون، تەنیا خەڵکی ئەم شارە دەبەنگە نەبێ، کە دەستی بە ڕیشی مەلاکانیانەوە گرتووە. هەنووکەش، سەرۆکی شارەوانی بە خۆی و میوانێکی گرنگەوە دێتە قوتابخانەکەمان، دەبێ من یارمەتیی بەڕێوەبەرەکە بدەم.

"من؟ یارمەتی؟"

"بەڵێ، ئیسماعیل، تۆ دەبێ یارمەتیم بدەی."

من ئێستا بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە، لە شەرمان ڕووم بە هەردوو دەستەکانم دەگرم. باشە بۆچی من؟ بۆچی منیان هەڵبژارد؟

بەڕێوەبەرەکە سەری لێ هێنامە پێش و گوتی، گوایە من لە باقیی قوتابییەکانی دیکە جیاوازم. من زۆر کتێبم خوێندوونەتەوە، من زۆر زیاتر لەبارەی جیهانەوە دەزانم و ئەوانی دیکە نایزانن. ئەوانی دیکە تەنیا کوڕوکاڵی جووتیارانن، هیچ لە نوێگەریی وڵات تێناگەن. پاشان یەک-دوو شتی دیکەشی پێ گوتم، کە دەبێ هەر لەنێوان من و ئەودا بەنهێنی بمێنێتەوە.

پێویست نەبوو من شتێکی نائاسایی بکەم، دەبووایە هەر ئەوەندە نیشان بدەم، کە منیش هەر وەک قوتابییەکی تارانی، پێشکەوتووم و ئەوەندەی کوڕێکی پاریسی نوێخوازم.

ڕۆژی ئاهەنگەکەش هات، سەرۆکی شارەوانی ڕێنوێنی میوانە بەناوبانگەکەی کرد و لە ڕیزی پێشەوە کە تایبەت بوو بە میوانانی شەرەف، دانیشتن. منیش لەپشتەوە سەیری ئەو "میوانە گرنگە" و سەیری نێو هۆڵەکەم دەکرد. من لەودیو



هەواڵنامەی کتێب

پەردەوە وەستابووم، ئیدی زۆری دیکە نابا دەبینە مایەی سەرسامیی سەرۆکی شارەوانی و هەموو قوتابییەکان و سەما دەکەین و نیشانیان دەدەین ئێمەش هاوچەرخ و نوێخوازین. ئەوەش ئەو کارە بوو، کە هیچ کەسێک لە ماڵباتەکەمدا، هەر لە ئادەمەوە تا ئیسماعیل، هەرگیز نەیانکردبوو.

زۆری پێناچێ من باڵەکانم لە هەوادا لێک دەکەمەوە، سمتم با دەدەم، زگم فوو دەدەم، خۆم دەنوشتێنمەوە، ئینجا ڕێک پشتم قیت دەکەمەوە، ڕێک وەک ئەوەی کە بەڕێوەبەرەکە منی فێر کربوو.

نۆرەی من هات، بەڵام لەپڕێکدا بەڕێوەبەرەکە بە خۆی و دەستەیەک جلی کچانە و بارۆکەیەکی پرچ لێم پەیدا بوو، "دەی بیانکە بەر!"

تەنها هەر خودا و بەڕەیوبەر لەپێشدا دەیانزانی، ئاخر پێشتر باس لە شتی وا نەکرابوو. هەروەها باسی جلی کیژانە و بارۆکەش لە قوتووی عەتاریشدا نەبوو. مەبەستەکەش هەر ئەوە بوو، گوایە من وەک کوڕێکی پاریسییانە سەما بکەم. ئەمەش هەر زوو کێشەی لێ کەوتەوە، بووە مایەی هەرایەکی گەورە لە شارە دیندارەکەدا.

"دەی خێرا! پانتۆڵەکەت داکەنە!" بەڕێوبەرەکە وا هاواری کرد.

"چی؟"

"ئەوەیان بکەرە بەرت!"

بەڕێوەبەرەکە نەیدەوێرا ئەم کەتنە بە قوتابییەکی دیکە بکا. ئەو دەیزانی گەر وا بکا، ماڵباتی قوتابییەکە دەیکوژن. ئەو منی لێ هەڵبژاردبوو، چونکە پێی وا بوو کەمئەندامێتیی



هەواڵنامەی کتێب

باوکم نابێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەو.

منیش پڕکێشییەکی توندم کرد، بەڵام بەڕێوەبەرەکە توند گرتمی و پانتۆڵەکەی لەبەرم داکەند. تەنوورەیەکی کورتی لەپێ کردم، بارۆکەکەی لەسەر نام، لێوەکانی سوور کردم و بۆ سەر سەکۆکە پاڵی پێوە نام.

موزیکژەنەکانیش دەستبەجێ بەتوندی موزیکەکەی خۆیان لێ دا.

من هەر وا ڕەق لەسەر تەختەی شانۆ مامەوە.

"دەی سەما بکە!" بەڕێوبەرەکە لەپشتی پەردەکەوە وا هاواری کرد.

منیش سەیری خەڵکەکەم کرد. قوتابییەکان سەرسام بوون، بەڵام کەس نەیناسیمەوە. سەرۆکی شارەوانیش بەپێکەنینیەوە چەپڵەی لێ دا. ئیدی موزیکژەنەکان توندتریان کرد.

"سەما بکە!" بەڕێوەبەرەکە هەر هاواری دەکرد.

منیش دەستم پێ کرد.

ئێستاش ئارەقە لە نێوچاوانم دێتە خوار. من لە پەنجەرەوە سەیری دەریا دەکەم، تەماشای دەریا داخراوەکە دەکەم، کە بە شەپۆلە توندەکانی لە بەربەستەکە دەدا.

تەنوورە کورتەکەم هەڵکشا و دەرپێ لۆکەییە سپییەکەم لەبنەوە بەدەر کەوت. هەمووان پێکەنین، هەمووان فیکەیان لێ دا، هەمووان پەنجەیان خستە نێو دەم و فیتوویان لێ دا و سەرۆکی شارەوانیش ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو.

لەپڕێکیشدا بینیم باوکم بەرەو سەکۆکە دەهات و پۆلیسیش بەدوایەوە بوو، تا ڕێی لێ بگرن. هەرچەندە ئەو


هەواڵنامەی کتێب

نەخۆشیش بوو، بەڵام پاڵی پێوە نان و خۆی گەیاندە سەر سەکۆ. ئەو منی گرت، خستمیە سەر شانەکانی و لەسەر سەکۆکە هێنامیە خوار. هەیتەکان باوکی منیان گرت و لێیان دا، بە قۆنداغە تفەنگ زۆریان تێ سرەواند.

لەبەر رێزی باوکم، باقییەکەی ئەم چیرۆکە ناگێڕمەوە. تەنها ئەوەندە نەبێ، منیش هەڵسام، بە پێی پەتی و بە یەک تاک لێوی سوورکراوەوە لەپشت دەرکەی پزیشک وەستابووم، پزیشکەکە بە خۆی و یاریدەدرەکەی سەری باوکمیان دەدرووویەوە.

بەسەر چوو، هەموو شتێک بەسەر چوو. شانشینی فارسی نەما، پاشاش نەما. ئەرێ شازادە جێنشینەکەی لەکوێیە؟

ئێوارەیەکیان ئەو لەنێو هەواڵەکاندا، لە ناشتنی شازادە دایانادا لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن بەدەر کەوت. ئاخر کەسی ناوداری زۆر لە ئەستێرەکانی هۆلیوود، گۆرانیبێژان، سیاسەتوانان و شازادەی کوڕ و کچیشی لێبوون.

بە دەیان کامێرای بی بی سی دانرابوون، هەموو میوانەکان دەبینران. ئیدی کامێراکە زوومەکەی خستە سەر پیاوێکی گەنجی تێکسمڕاو، کە وەک سەربازێکی دێرین سەری بەرز کردەوە سەیری زوومەکەی کرد. ئەرێ ئەوە کێیە؟ من ئەو کەسەم لەکوێ بینیوە؟

خۆ ئەویش هەر وەک من هەڵهاتبوو.

هەرگیز لەوە زیاتر شتەکە جێسەرنجی من نەبوو. ئەمڕۆش یادەروەرییەکانم لێ ژینەوە.



هەواڵنامەی کتێب

ئەرێ ئەو ڕۆژە باوکم لە قوتابخانە چی دەکرد؟ ئەو یەکسەر لەکوێوە پەیدا بوو؟ ئەرێ چۆن بەوەی زانی کە ئیسماعیل کەوتۆتە نێو داو؟ ئەمە هەمووە هەر ڕێکەوت بوو؟

هەر دەبێ ڕێکەوت بووبێ، ئاخر ئەو بە هۆی پرچە ساختەکەوە منی نەدەناسییەوە. هەر دەبێ یەکێک ئاگاداری کردبێتەوە. باشە، بەڵام دەبێ کێ بێ بە نیازی بەڕێوەبەرەکەی زانیبێ؟

دەرگەوانەکە، لەوانەیە ئەو دەرگەوانە پیرە بەدینە بووبێ، ئەو خێرا بووە، یەکسەر غاری داوەتە ماڵی ئێمە.

"ئەڵا! دەی خێراکە!"

هەر بەڕێکەوتیش ئەوکات باوکم لە ماڵەوە بووە. نەخێر شتەکە بەڕێکەوت نەبوو، ئەوێ دەمێ ئەو نەخۆش بوو، ئەوەندە نەخۆش بوو، هەندێ جار بە هەفتە لەناو جێگەدا دەمایەوە.

ئەو ڕۆژە هەم لە ژیانی من، هەم لە تەواوی ژیانی باوکیشمدا ڕۆژێکی وەرچەرخان بوو. ئیدی کوڕوکاڵانی دەوروبەرمان بۆ چەندین ساڵ لێنەگەڕان بۆ خۆمان ئاسوودە بین. ئەوان تەنانەت لە خەونیش دەبوونە مۆتەکە و شەولەبان و ڕاویان دەنام. منیش بەهەناسەبڕکێوە هەڵدەهاتم، بەڵام هەر دەگەیشتنە سەر سەرم و ئەوەندەیان تێ هەڵدەدام تا لە خوێندا سوور هەڵدەگەڕام. من نەمدەتوانی بەرگریش لە خۆم بکەم، چونکە دەبووایە دۆخینەکەم توند بگرم، دەنا دوولینگەکەم[١] لە پێ دەهاتە خوار. ئەوان دەیانویست لاقە ڕووتەکانم ببینن. خۆ ئەگەر لە ڕێگەدا تووشی باوکم بهاتبان،

١ دوولینگە: پانتۆڵ، شلوار.



هەواڵنامەی کتێب

ئاماژەیان بۆ جێبرینی سەریان دەکرد و قاییشی پشتیان شل دەکردەوە. ئەویش هەوڵی دەدا بیانگاتێ و ئەوانیش بەردیان تێ دەگرت.

ئەم دیمەنانە هیی نمایش و سەیرکردن نین. من ناتوانم لەبارەیانەوە بنووسم.

ساڵانێکی دوورودرێژ بوون، لە گەڕانەوەمان بۆ ماڵ، پێچە بەدەورەیەکی درێژمان دەبڕی، هەر بۆ ئەوەی تووشی ئەو کوڕوکاڵانە نەبینەوە. ئەو ساڵانەی سووکایەتیی بۆ من و بۆ باوکم، بۆ شا و شازادەی جێنشین، ساڵانی دەستکەوت و زێڕین بوون. هەمان شازادەی جێنشین، هەنووکە لە تاراوگەدا دەژی، هەردووکیشمان باوکمان نەماوە.

ئەو و باوکەکەی ساڵانی دواتر تووشی ڕیسوایی هاتن، بەو قۆناغەشەوە کە کوڕەکەی نەیتوانی جێگۆڕێکیش بۆ باوکی بدۆزێتەوە و تێیدا ئارام بگرێ.

لە کۆتاییدا ئەو جێگۆڕێکی لە وڵاتی میسر بۆ باوکی دۆزییەوە.

منیش شتەکەم بۆ بەختی خۆم جێ هێڵا. کاتێکیش قوتابخانەم تەواو دەبوو، غارم دەدایەوە ماڵێ، پەناگەم لەلای کتێبەکان، لەلای ڕۆمانە ڕۆژئاواییەکاندا دەدۆزییەوە.

من نازانم ئەو کەسە کێ بوو کتێبێکی تەنک و دڕاوی لە ماڵەکەی ئێمە جێ هێشتبوو. لەوانەیە باوکم ئەو کتێبەی لە شوێنێک دۆزیبێتەوە و لەگەڵ خۆی هێنابێتیەوە ماڵێ. هەرچۆنێک بێ ئەمەش خۆی لەخۆیدا دۆزینەوەیەک بوو. ئەو نامیلکەیە لە هەموو کتێبەکانی دیکە جیاواز بوو. ئەرێ



هەواڵنامەی کتێب

بەڕاستی کتێبەکە باسی چی دەکرد؟ خۆ من هەر وەک بڵێی یەک، دوو، سێ، نازانم. بەڵام ئەگەر پیاسەیەک بکەم و بۆ ڕابردووش بگەڕێمەوە، هەر دەبێ بیدۆزمەوە.

من کتێبفرۆشێکی بچکۆلانەم لە گەڕەکی خۆمان دۆزییەوە، پیرەپیاوێک لەتەنیشت ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە لەلای دۆڵابێکی پڕ لە کتێبی لێکۆڵینەوەی سواوی پۆلیسی دانیشتبوو. هەرجارێک یەک-دوو کتێبم لێ وەر دەگرتن و لەبن لێوی پەتۆکەم دەشاردنەوە. ڕۆژێکیان پێم وا بوو من هەموو کتێبەکانی ئەم جیهانەم خوێندوونەتەوە، چونکە ئەو پیاوە ئیدی هیچ کتێبێکی بۆ من لەلا نەمابوو.

باوکیشم لەگەڵ خۆی کتێبی بۆ دەهێنامەوەماڵەوە.

"ئەوەتا! ئەمەیان بۆ تۆ!" وای ئاماژە بۆ دەکردم.

منیش لێم وەر دەگرتن، لاپەڕەکانیانم هەڵدەدانەوە و لەنێو دۆڵابی کتێبەکانم دادەنان. ئەوان بەڕاستی کتێبی خوێندنەوە نەبوون، بۆ نموونە کتێبێکی کۆن دەربارەی لۆکە و داوەکان کە لە شوێنێکی کارکردنیدا دۆزیبوویەوە. یاخود کتێبێک بوو کە پڕ لە خشتە و ژمارە بوو.

لە بەراییدا کێشە نەبوو، ئەو هەر کتێبێکی دەهێنا، منیش دەمئاخنینە نێو دۆڵابەکە، بەڵام دواتر ئەو دەیپرسی، ئاخۆ من کتێبەکانم خوێندوونەتەوە، "نەخێر، هێشتا نا، دواتر دەیانخوێنمەوە." منیش وام پێ دەگوتەوە.

جارێکیان، کاتێک کتێبێکی قەبارە ئەستووری کارخانەی لەگەڵ خۆ هێنابووەوە، ویستی بزانێ ئاخۆ دەربارەی چییە. "ژمارە" منیش بەئاماژە وام تێگەیاند. "لەبارەی یەک، دوو، سێ، چوارە. دەربارەی گۆشە و بازنەکانە."



هەواڵنامەی کتێب

”کەواتە ئەمەیان بۆ تۆ باشە“ ئەو وای گوت.

”بەڵێ، سوپاس.“ منیش وام پێ گوتەوە و خستمە نێو دۆڵابی کتێبەکانمەوە.

هەندێ جار دەهاتە لام، لە مەودایەک لەتەنیشتم دادەنیشت. هیچی نەدەگوت، هیچیشی نەدەکرد، هەر بەکڕی لە شوێنی خۆی سەیری دەکردم. کتێب و خوێندنەوەی کتێب هۆشیان بردبوو. ئەو دەیەویست بزانێ ئاخۆ چ ژیانێکە، ئەگەر وا کڕوبێدەنگ دابنیشێ یان پاڵ بداتەوە و کتێبێک بخوێنێتەوە.

ئێستاش کە لە دەفتەرەکەی ئەو ورد دەبمەوە، دەبینم ژیانی ئەو چەند قۆناغی لەیەکجیاوازی بەخۆوە بینیوە. ئێمە گەیشتووینەتە قۆناغی کتێب، کە نزیکەی دوو ساڵ درێژەی کێشا.

”ئەرێ چۆن دەستت بەو کتێبانە ڕادەگا؟“ جارێکیان وام لێ پرسی.

”دەیانکڕم.“

”پێویست ناکا وا بکەی. خۆ نابێ هەر وا لە گۆترە کتێب بکڕی. ئەگەر کتێبێکم پێویست بوو، بەخۆم دەچم دەیهێنم.“

ئەو گوێی لێ نەگرتم و هێشتا هەر کتێبی دەکڕین. ئێوارەیەکیان تینا ئەوەندە گریا، تا لەهۆش خۆی چوو.

”هەنووکە ڕازیت؟“ بەتووڕەییەوە پێم گوت، ”باشە بۆچی گوێ ناگری؟“ ئەمە دادی نەدا.

لەو نێوەشدا کوڕوکاڵانی گەڕەکەمان یارییەکی دیکەیان دۆزیبووەوە. هەرکاتێک باوکی منیان دەبینی، کە بە خۆی و یەک-دوو کتێب لە بنهەنگڵدا یان لەنێو بەرکی چاکەتەکەیدا بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، بەدوایدا دەخشان و دەستیان



هەواڵنامەی کتێب

بۆ کتێبەکان دەبرد و لێیان دەدزی و هەڵدەهاتن. ئەویش بەدوایاندا غاری دەدا و لێیان دەپاڕایەوە، بەڵکو کتێبەکانی بدەنەوە، بەڵام ئەو بیژمۆتانە کتێبەکەیان لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی دیکە هەڵدەدا.

خاڵی وەرچەرخان ئەو کاتە بوو، کاتێ بە دوولنگەیەکی دڕاو و بارستەکتێبێکی قوڕاوییەوە، دیار بوو لێی کەوتبوونە نێو قوڕاوەوە، گەڕابۆوە ماڵێ.

"ئەمە چییە؟" من بەتووڕەیییەوە پێم گوت.

"هیچ نییە. ئەو کوڕوکاڵانەی سەر شەقامەکە،" وای ئاماژە بۆ کردم و خەندەیەکیشی کرد.

"من هیچی دیکە کتێبم ناوێن." وام بەسەردا قیژاند.

"نەخێر؟ هیچ کتێبێک؟"

بەتووڕەیییەوە کتێبێکم لە بنهەنگڵی دەر هێنا و تا هێزم تێدا بوو فڕێم دایە نێو ئاگر.

"کتێبم ناوێ! تێگەیشتی! هیچ کتێبێک!"

دواتر ئەم کارەم بە ناشاییستە و ناشیرین دانا. ئەرێ من ئەو ساڵە تەمەنم چەند بوو، دوازدە، سێزدە؟ بەڵام سەبارەت بە هەستکردنم شانزە-حەڤدە ساڵان بووم. چونکە لە ماوەی ئەو دوو ساڵانەدا لەچاو هاوتەمەنەکانمدا گەورەتر بووم.

خۆ من لەمەش خراپترم کرد. باوکم دانەوییەوە تا کتێبەکە لەسەر زەوی هەڵبگرێتەوە، بەڵام هیچ دەرفەتم پێ نەدا، باقیی کتێبەکانم گرتن و لەسەر بانەکە فڕێم دانە خوار.
"کۆتاییی هات!" هاوارم کرد. "دەی بڕۆ! بڕۆ خوارەوە!"

باوکم هیچی نەگوت، ئەو چووە ژوورەوە و لێ کەوتە


هەواڵنامەی کتێب

خەو. (ئای ئەوەی کە کردم چەند ناقۆڵا و ناشایستە بوو.)

بۆ شەوەکەی دەبووایە بگریابام، لێ نەمتوانی واش بکەم. باشە چی بکەم تا بارەکە ڕاست بکەمەوە، باشە چی بۆ بکەم؟

ئەو شتە فشاری بۆ هێنام ئاخۆ بۆچی کتێبەکانی بۆ کڕیوم. ئیدی دەستم دایە چرانەوتییەکە و لە خەوەکەی بێدارم کردەوە.

”دەی وەرە!“ وام ئاماژە بۆ کرد.

”بۆ کوێ؟“

”بۆ سەربان!“

یەکەم جار وای زانی ئاخۆ مانگ پڕە و خۆیشی لەبیری چۆتەوە. ئەو سەیری ئاسمانی کرد، نەخێر مانگ تازە ساوا بوو.

من ئیسماعیلەکەی ئەو بووم، دەبووایە گوێم لێ بگرێ، کەواتە لە کۆتاییدا هات و دوام کەوت.

”دەی تۆش! سەر بکەوە!“

بەدوودڵی باوکم بەسەر بانەکە کەوت.

ئینجا چرانەوتییەکەم دایە دەست و هەموو ئەو کتێبانەی لەوێ کەوتبوون هەڵم گرتنەوە.

”دەی وەرە ئێرە، چراکە لە شوێنێک دانێ،“ ئاماژەم بۆ کرد و چووم لەپەنا دووکەڵکێشەکەی زۆپاکە دانیشتم.

”دەی کتێبێک هەڵگرە. با پێکەوە بیخوێنینەوە.“

ئەویش دەستی دایە کتێبێک و هاتە تەنیشتمەوە دانیشت.

ئەو نەیدەزانی مەبەستم چییە. من بەخۆیشم کتومت نەمدەزانی چیم دەوێ.



هەواڵنامەی کتێب

ئەو دەستی دایە  ئەستوورترین کتێب و دایە من. ئەویش کتێبی گوڵستانی شاعیری سەدەکانی ناوەڕاست سەعدی بوو. کتێبەکەش نموونەی جوانی زمانی فارسی بوو. دەکرێ هێز و توانای زمانەکەمان لەنێو هەقایەتەکانی[١] کتێبەکەدا بدۆزیتەوە.

ئاخر شتێکی نەکردە بوو، ئەو دەقە شیعرییە دەوڵەمەندانەی مامۆستایەکی وەک سەعدی بە زمانێکی سادەی ئاماژە بۆ باوکم بگێڕمەوە. دەبووایە سەرکەوتووش بوومایە، ئاخر ئێمە بەتەواوی لە یەکدی دەگەیشتین. ئەوەی ئەو دەیگوت، دەمودەست لێی تێدەگەیشتم، ئەوەی منیش دەمگوت، ڕاستەوخۆ پەی پێ دەبرد. من لەسەروبەندی ئەو بارەدا بووم، جیهانە گەورەکە بە چەند ئاماژەیەکی کەمەوە وەر بگێڕم. ئێمە هەر بەتەنیا بە ئاماژەکان قسەمان نەدەکرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە چاو، بە لێو، بە ڕەفتارمان و سەرباری ئەوەش ئێمە لەلایەن خواکەی باوکم، خوای کەڕولاڵان کۆمەک دەکراین.

من پەڕەی کتێبەکەم هەڵدەدانەوە و بەدوای هەقایەتێکدا دەگەڕام.

”چی... ئەرێ ئەمە چ کتێبێکە؟“ لە کاتێکدا من بەدوای هەقایەتێکدا دەگەڕام ئەو بەئاماژە وای پێ گوتم. منیش ئەمەم بە نیشانەیەکی ئاشتبوونەوە لەقەڵەم دا.

”ئەرێ چۆنی بڵێم؟ سەیرکە، ئەمە کتێبێکە... کتێبێکی...“

”ئەمەشیان لە ئاسمانەوە هاتووە؟“ ئەو وای گوت.

”نەخێر، خۆ ئەمەیان کتێبێکی پیرۆز نییە، ئەمەیان شتێکی

١ نووسەر هەر وشەی هەقایەتی بە ڕێنووسی هۆڵەندی (hekajat) بەکار هێناوە، منیش دەستکاریم نەکرد.


هەواڵنامەی کتێب

دیکەیە. ئەمە دەربارەی... دەربارەی... گەنجێتییە. دەربارەی... پیری. سەبارەت بە پاشاکان. سەبارەت بە دڵ، خۆشەویستی، مەرگ و... بەڵێ ئەوین، ماچەکان، لەئامێزگرتن، دەستلێدان، تەماشاکردن، یان... ئێرە ئەم هەقایەتە، ئەم کورتە چیرۆکە دەربارەی هەزارپێیە.“

”دەربارەی چی؟“

”هەزارپێ، گیانلەبەرەکە، زیندەوەرێک کە چەندین پێی هەن و دەخشێ، بوەستە، دەی چراکە نزیکتر بکەرەوە.“

بە دارێک وێنەی هەزارپێیەکم لەسەر زەویەکە بۆ کرد و بە پەنجەکانیشم جووڵەیەکی خێرام پێدا.

”تەماشاکە، من لەسەرخۆ دەیخوێنمەوە، تۆش دەبێ وشەکان لەسەر لێوی من ببینی، پاشان شی دەکەمەوە، باش سەرنج بدە:

”دەست و پا بریدەای هزارپایی بکشت (...) یەکێک دەست و پێی بڕابوون، لە هەزارپێیەکی دا و کوشتی (...) تێدەگەی؟“

”تۆ گوتت ئەو پیاوەی بێ دەست و قاچ بوو...“ ئەکبەر وای ئاماژە کرد.

”ڕاست دەکەی، دەست و قاچیان لێ کردبوونەوە. هەر خوا کارسازە. هەزار پێی وا دروست کردووە لە توانایدا نەبێ لەبەر کەسێک هەڵبێ، کە نە دەست و نە قاچی هەبن، ئاخر ئەگەر کاتی مردنی هات، تەواو.[١]“ لێرەدا کارەکە سەخت بوو. من ناتوانم درێژە بە ڕوونکردنەوەی بدەم، چونکە منیش بەتەواوی لێی تێناگەم. باقییەکەی دەبێ بەخۆت درک پێ

١ نووسەر لە پەراوێزی ئەم دێڕەدا ئەمەی نووسیوە: ”ئەم وەرگێڕانە هیی من نییە، منیش لە وەرگێڕانێکی هۆڵەندی وەرم گرتووە.“



هەواڵنامەی کتێب

بکەی.“

”ئاخر ئەو، کە نە دەست و نە قاچی هەن چۆن زیندەوەرەکە دەکوژێ؟“ باوکم بەئاماژە وای درکاند.

”کتومت، خۆ هەر دەبێ بەلای کەمییەوە دەستێکت هەبێ، یان قاچێک، یان شتێک بۆ ئەوەی پێی لێ بدەی. تۆ لێی تێناگەی، هەروەها منیش، بەڵام پیاوەکە ئەوەشی هەر کرد. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەشە جوان بێ. چیرۆکەکە سەبارەت بە مردنە و خۆ ئەگەر مردنیش هات، کەس لەبەری دەر ناچێ. کاتی زیندەوەرە هەزارپێکە هاتبوو، دەبووایە بمردبا، نەدەبووا پتر ژیابا، ئەگەر ئەمەش ڕێگەپێدراو نەبووایە، ئەوا خودی پیاوەکە لێی نەدەدا. ئەرێ تۆ بیر لە شتێکی دیکە دەکەیتەوە؟“

باوکم بێدەنگ بوو. ئینجا خەندە گرتی. ”زیرەکە،“ پەنجەیەکی بۆ سەری خۆی برد. ”نووسەرەکە بیری لە شتێکی باش کردۆتەوە. ئەرێ دەتوانی چیرۆکێکی دیکە بخوێنیتەوە؟“

”یەکێکی دیکە؟“

من بەخۆیشم نازانم بۆچی لەو کاتەدا چیرۆکێکی ناسراوی کۆنینەی فارسیم بیر کەوتەوە. پێم وا بوو ئەمەش هەر هیی سەعدی بوو، بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر بەنێو هەقایەتەکانیدا گەڕام، بەڵام نەمدۆزیەوە، پێدەچوو هیی نووسەرێکی دیکە بێ.

”ئەرێ لە چی دەگەڕێی؟“ باوکم ئاماژەی بۆ کردم.

”بەدوای چیرۆکێک سەبارەت بە تووتییەک.“

”تووتییەک؟“



هەواڵنامەی کتێب

”بەڵێ، مەلێکی ڕەنگینی جوان کە دەنووکێکی کووڕی هەبوو، قسەشی دەکرد، بەبەغایەک.“

”مەلێک؟ قسەکردن؟“

”نەخێر، قسەکردنێکی ڕاستەقینە نا، باڵندەکەیە، چی پێ دەڵێی لاساییت دەکاتەوە، بەڵام من چیرۆکەکە نابینمەوە، دەی قەیناکا، لە قوتابخانەوە فێری بووم، چیرۆکەکەم لەبەرە.

”هەبوو نەبوو، زۆر لەمێژ بوو، دەرمانفرۆشێکی گیایی فارس هەبوو، لەماڵەوە تووتییەکی هیندی لەنێو قەفەسدا ڕاگرتبوو. بەڵێ، باڵندەکە لە هیندەوە هاتبوو، لە وڵاتێکی زۆر دوور، زۆرزۆر دوور. ئەم باڵندەیە غەریبی ماڵەوەی کرد، بەردەوام هەر دەگریا و گۆرانی دەگوت، ’ماڵێ، ماڵێ، ماڵێ، ماڵێ.‘

”ڕۆژێکیان، کاتێک بازرگانەکە دیسان بۆ کاروباری شتکڕین ویستی ڕوو لە هیندستان بکاتەوە، سەرەتا چووە لای تووتییەکە و لێی پرسی، ئاخۆ هیچ پەیامێکی بۆ تووتییەکانی هیندستان هەیە. ’نەخێر، هیچ شتێکی تایبەتیم نییە،‘ تووتییەکە وای پێ گوت، ’بەڵام سڵاوی منیان لێ بکە و پێیان بڵێ، من زۆر غەریبییان دەکەم.‘

لە دارستانەکانی هیندستاندا بازرگانەکە بەبەغایەکی لەسەر دارێک بینی. ’هۆ مەلی جوان، بەبەغاکەی من سڵاوی بۆ تۆ هەیە،‘ بازرگانەکە وا بانگی تووتییەکەی سەر دارێی کرد. ’ئەو زۆر غەریبیتان دەکا.‘

دەمودەست تووتییەکە لەسەر دارەکە کەوتە خوار و مرد.“

”مرد؟“ باوکم وای ئاماژە دا.



هەواڵنامەی کتێب

”کەمێک بوەستە. کاتێکیش بازرگانەکە لە گەشتەکەی گەڕایەوە، تووتییەکەی خۆی لێی پرسی بەڵکو پەیامێکی لە تووتییەکانی هیندستان بۆ هێنابێ. ’نەخێر، هیچ پەیامێک لەئارادا نییە،‘ بازرگانەکە وای وەڵامی تووتییەکە دایەوە، ’بەڵێ، خۆ قسەم لەگەڵ تووتییەک کرد، بەڵام کاتێ سڵاوی تۆم پێ ڕاگەیاند و گوتم کە وا تۆ زۆرزۆر غەریبییان دەکەی، لەسەر دارەکە بەر بووەوە و مرد.‘

’مرد؟‘ تووتییەکە وای گوت و ئەویش مرد.“

”ئەویش؟“ باوکم بەسەرسوڕمانەوە وای گوت

”بەڵێ، تووتی کابرای بازرگان لەناو قەفەز بەر بووە و مرد.“

”ئاخر ئەمە چۆن ڕووی دا؟“

”دەی بوەستە. پیاوەکە بە هەردوو دەست لە سەری خۆی دا، ’ئاخ، تووتییەکەم، داخ تووتییەکەم، خۆ نەدەبووایە پێی بڵێم،‘ بەڵام خۆ هیچی پێ نەدەکرا، تووتییەکەی مردبوو. ئیدی ئەو تووتییە مردووەکەی هەڵگرت و دووری فڕێ دا. ئینجا دەستبەجێ تووتییەکە جووڵەی تێ کەوت و دوور فڕی.

”’ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟‘ بازرگانەکە وا هاواری کردە تووتییەکە. ’بەرەو ماڵ، بۆ ماڵێ، بۆ ماڵێ دەڕۆمەوە.‘ تووتییەکەش وای وەڵام دایەوە.“

باوکم بەحەپەساوی سەیری کردم، سەرەتا هیچی نەگوت، پاشان بە دەنگ پێکەنی و گوتی، ”زیرەکە، هەردوو تووتییەکان زیرەک بوون. جوانە، چیرۆکێکی جوانە.“

ئێمە هێشتا بۆ ماوەیەکی دیکەش لە سەربان ماینەوە.



هەواڵنامەی کتێب

من پەڕەکانی کتێبەکانم هەڵدەدانەوە و ئەویش لەتەنیشت من دانیشتبوو، نوقمی بیر و دالغەکانی خۆی بوو.

"ئەرێ دەزانی، ئەو مەکینەیە،" یەک جار گوتی، "مەکینە دروومانەکانی کارخانەکەم هەمیشە لە سەری مندان. کاتێک کە دەشنووم هەر دەنگیان دێ. من... من نازانم، بەڵام دەمەوێ ئەو ئیشەم... ئەرێ دەزانی، مێشکم ئازارم دەدا، ئازارێکی کوشندەم هەیە."

ئەمەش یەکەم جار بوو، لەلای من دەردەدڵ لەدەست کارەکەی بکا. من لە چاوەکانی ئەو، ئەوەم بەدی کرد، ئەوەی گوتی، هەر سکاڵایەکی سادە نەبوو، بەڵکو هاوارێک بوو بۆ بەهاناوەچوون.

"گەرووم هەمیشە ئەستوور دەبێ، ئەمەش ئازارم دەدا،" ئەو وای گوت، "هەندێ جار لەپڕێکدا ئارەقە دەکەم، خواخوای هەوامە بێتە ناو سینگم. من... من نامەوێ چیدیکە بچمەوە ئەو کارگەیە، بەڵام خۆ ئەمەش ناکرێ، من چوار منداڵم هەن."

سەیری ڕوخسارە لاوازەکەیم کرد، "چۆن بتوانم یارمەتیت بدەم؟"

"ئەو داوانەی لەنێو ددانەکانی ئەو مەکینانە دەپچڕێن،" ئەو لەسەر قسەکەی خۆی وا ڕۆیشت، "من باش ئاگام لێیانە، من سەیر دەکەم، بەڵام لەوە زیاتر نابینم. ئینجا سەرکارەکە دێ و سەرکۆنەم دەکا، دەڵێ ئەکبەر گەمژەیە. چۆن دەبینی؟ باشە من دەبێ چی بکەم؟"

ئەو پرسیارێکی ڕوون و ئاشکرای لێ کردم و منیش، ئیسماعیل، دەبووایە وەڵامێکی بدەمەوە. خۆ ئەگەر یارمەتیم



هەواڵنامەی کتێب

نەدابووایە، کێ بەهانای هاتبا؟ ئەرکی من نەبوو بیر لە تینا و خوشکەکانم بکەمەوە، بەڵکو بیر لەو بکەمەوە. من بۆیە لەدایک ببووم تا خزمەتی ئەو بکەم. دەبووایە ڕزگاری بکەم. شتەکەشم لەپڕەوە زانی.

"تۆ دەبێ بمری." وام ئاماژە بۆ کرد.

"چی؟"

"بمری. هەر وەک تووتییەکە بکەوی."

ئەو شتەکەی بۆ قووت نەدرا.

"بەڵام، مەبەستت چییە؟ چۆن؟ من دەبێ لەکوێ بکەومە خوار؟"

"لە نێوانی مەکینەی درووومانەکان. ئاوا لەپڕێک بکەوە. خۆت درێژ بکە و بمرە."

ڕۆژی پاشتر، پێنج لە کرێکارەکانی کارخانەکە تەرمی باوکمیان هێنایەوە ماڵێ. ئەوان ئەویان لەسەر پێخەفی مردن درێژ کرد و بەخۆشیان گەڕانەوە.

ئینجا دەستبەجێ چاوەکانی لێک کردنەوە، دەستی دایەوە کەلوپەلی پینەکردنەکەی جاران و بەرەو چیاکان هەڵهات.

منیش پەرۆش بووم ئاخۆ بەرەو کوێ ڕۆیشت.



هەواڵنامەی کتێب

# زەنگۆڵە

کەمێکی دیکە باسیماریانا دەکەین.
هەروەها لەگەڵ زەنگۆڵەش یەکدی دەناسین.
لە قاپی ماڵی دکتۆر پور بەهلوولیش دەدەین.

سەبارەت بەوەی باوکم بۆ کوێ چوو، لەنێو شاخەکاندا چی دەکرد و لە ماوەی ئەو دوو مانگانەدا لەلای کێ دەمایەوە، دواتر باسی دەکەم، چونکە نامەوێ فانتازییەکەم هەر وا بە بادا بدەم. هەر بۆیە هەوڵ دەدەم خۆم بە ڕووداوە سەلمێنراوەکان سنووردار بکەم. شتێک کە بەخۆم بینیوومە یان بیستوومە و لەنێو تۆمارەکانیشدا نووسراوەتەوە. لەم بەندەدا بەدوای باوکم ناکەوم کە چووە نێو شاخان، لێ دەگەڕێم جارێ بۆخۆی بڕوا، لێی دەگەڕێم چی دەکا بیکا، لەلای کێش دەمێنێتەوە و دەڕازێ با وا بکا، لێی دەگەڕێم کەمێک بێتەوە سەرخۆی، چونکە هێشتا قۆناغێکی سەختی ژیانی لەپێش ماوە. کەواتە جارێ لەو دەگەڕێم، هەراسانی ناکەم، تا ئەو دەگەڕێتەوە من شتێکی دیکە دەگێڕمەوە.


هەواڵنامەی کتێب

هاوین تێپەڕی، بەڵام چەند ڕۆژێک دواتر، لەپڕ دنیا زۆر گەرم داهاتەوە. نزیکەی دە کیلۆمەتر لە دووری ماڵی ئێمەوە ئەستێڵکێک[1] هەبوو. ئیدی من دەستم دەدایە پایسکلەکەم بڕۆ باژۆ بۆ سەر ئەستێڵکەکە و مەلەم تێدا دەکرد و لە کەشی خامۆشیی ئەوێشدا دەمنووسی.

هاوینی پار زۆر جار دەچوومە ئەوێ. یەکەم جار مەلەیەکم دەکرد، پاشان هەندێک دەگەڕام، دواتر تەختەبەڕەکەم ڕادەخست و لەسەری دەمنووسی.

یەکەم جار لەگەڵماریانا هاتم. دوو ساڵ پێشتر لە قاوەخانەیەکی کلتووریدا یەکدیمان ناسی. ئەو لە ئەمستەردام دەژیا، ئەوکات بۆ ماوەیەک ئاگای لە ماڵی برادەرێکی خۆی بوو، کە بۆ پشوو ڕۆیشتبوو. پێشتر جارێکیان لە ئێوارەیەکی شیعرخوێندنەوە لە قاوەخانەکەدا بینیبووم، بەڵام ئەوکات نەمدەزانی ئاخۆ ئەو بەتایبەت بۆ ئەو ئێوارەشیعرییانە هاتۆتە پۆلدەر یان نا. ئەو بەردەوام شیعری شاعیرە ناودارە کۆچکردووەکانی دەخوێندەوە. لە چاکەی ئەوەوە مامۆستا ناسراوە شاعیرەکانی هۆڵەندیم ناسین، بەتایبەت یەکێکی وەک جەی سی بلوم[2] لە ڕێی ئەم پارچەشیعرەی خوارەوە بۆم دەر کەوت چ شاعیرێکە.

لە یادەوەریدا
پۆقژەکان دەکەونە جۆگەلە زەردەکان

---

[1] ئەستێڵک: گۆم، گۆل. بەڵام ئەوەندە هەیە گۆم لە ڕووباردا دەبێ، هەرچی ئەستێڵکە، مەرج نییە هیی ڕووبار بێ.

[2] J.C.Bloem



هەواڵنامەی کتێب

دیسان پاییز دێتەوە، کەژی پاییز
لەسەر زەویش، دڵە تاریکەکان دەپاڕێنەوە
لە ژیانیشدا، ئەو هیچی دیکە نابینێ

ئەرێ ئەو چۆن خۆش ویسترا؟ ئەو شەقامە تاریکانە
ئەو کەشە تەم و کلۆڵە،
کەی ئێوارە داهات و تێپەڕی؟
شۆستە تەڕ و سەیر هەڵدەگەڕێ

ئەو بۆ شتە خامۆشەکان لەدایک بوو،
کە بە هۆیەوە ئێمە دەژین - بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ نا -
کە بەو هۆیە ئێمە لە گۆرانەییەکانماندا دەیجۆشێنین،
تا لەنێو گۆرانییەکدا نوقم دەبین.

ئەوکاتیش وەک ئێستا پاییز بوو: پاییز گەڕایەوە
بەڵام دوای ڕۆژ کورت بوون، دڵەکان نا؛
ئێمە وەستاین، لە نەوسی ئادەمییدا ترساین،
لەو ژوورە تەنگەنەفەسەی، کە ئەو تێیدا بوو.
بۆ هەمیشە ئەوە لەگەڵمدا بوو:
ئای لەو مردنە بێدەنگەی زیاتر لە خەو؛
ئای کە ڕۆژانە چ پەرجوویەک بوو، ژیان،
هەر هەڵسانەوە و بووژانەوەیەک.

من دیسان خۆم لە بەهرەکەدا دەبینمەوە
ئەو وەرزەی کە بڵقی کەوتووی تێدایە


هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر تیشکی ڕۆژ هەر بەرزاوێکی ڕامالّی
بیرۆکەیەک: ئەرێ من چەندی دی لەبەر هەتاودا دەژیم؟

ئەرێ چی لەو کەموکورتییەدا ماوە،
کە هیی ژیان بێ؟ ئەرێ ئیرەیی بە چی دیکە ببەم؟
بۆ من و من پاییزێکە، ناکرێ نامرێ:
ڕۆژ، تەم و خامۆشی، هەرگیز هەرگیز

من لەبەر غەریبیی باوکم ئەم شیعرەم لە کتێبەکەمدا تۆمار کرد، چونکە ماریانا ڕای گەیاند، (جەی سی بلومی) شاعیر خۆی هیی غەریبیکردن بوو، خۆی شیعرەکەی بە شتێکی تەواونەکراوی خودایی وەسف کردبوو.

ماریانا بەخۆیشی شیعری دەنووسین، من ئەوەم تا ئەو ئێوارەیەی بەتەنیا چوومە قاوەخانەکە، نەمزانی. هەرچەندە ئێوارەکە ئێوارەیەکی شیعریانە نەبوو، لێ ئەو لەسەر مێزێک دانیشتبوو شتێکی دەخواردەوە. دیار بوو هاوتەمەنیش بووین، پێشتریش دووبەدوو قسەمان بەیەکەوە نەکردبوو.

"زۆر باشە، سەیرکە، ئەوە کێ هات!" ئەو بە شێوەیەکی دۆستانە وای گوت. ئیدی بەم جۆرە کەوتینە قسە و لەم ئێوارەیەوە بووینە برادەر. من نازانم ئاخۆ وشەی "برادەر" شایستەیە یان نا، بەڵام باشە، ڕۆژێکیان پێی گوتم، دەریاچەیەک پێ دەزانێ، بەڵکو بمەوێ لەگەڵی بچمە ئەوێ.

من مەلەم نەدەزانی، بەڵام ماریانا پێی گوتم دەکرێ فێری ببم.

"پێویستە بەخۆت فێری ببی!" ئەو ئەمەی بەجەختکردنێکەوە


هەواڵنامەی کتێب

پێ گوتم.

منیش لەگەڵ ئەودا ڕۆیشتم. دەریاچەکە لە شوێنێکی ئارام هەڵکەوتبوو، کەسیشی لێ نەبوو، هەر من و خۆی بووین.

هەفتەیەکی ڕەبەق، ڕۆژانە بە پایسکل دەچووینە ئەوێ و ماریانا فێرە مەلەوانیکردنی دەکردم. لە دوایین ڕۆژیشدا ئەو چووە ناوەڕاستی ئەستێڵکەکە و وەستا، هەردوو باسکی لێک کردنەوە پڕ بە دەمیش بانگی کرد، "دەی وەرە!"

منیش مەلەم کرد، بە شێوەیەکی وا لەگەڵ ئاوەکەدا جەنگام تا خۆم گەیاندێ.

من ئەوم توند گرت. ئەویش منی توند گرت.

من تەختەبەرەکەم لەژێر دارەکەی نزیک گۆمەکە دانا و دەستم بە نووسین کرد. بەڵام خۆ ڕۆژێکی گەرمی شێدار بوو. پێم وا بوو: جارێ مەلەیەک بکەم باشە. دیسان خۆم بەناو ئاوەکەدا دا. زۆر جار کە بەتەنیا بام، وام دەکرد. جارێکیان پێنج کەڕەت لەسەریەک مەلەم کرد. ئەم کەڕەتەیان بەهێواشی مەلەم دەکرد، بەڵام هێشتا سەد مەترێک نەڕۆیشتبووم، لەپڕ هەستم کرد چیدیکە ناتوانم. بەترسەوە خۆم سووڕاندەوە، هەوڵم دا بگەڕێمەوە. هەرچۆنێک بێ بەوپەڕی هێزی هەم بوو مەلەم کرد، هەستم کرد ناپەڕمەوە. ترس بینەقاقای گرتبووم. هاوارم کرد، داوای فریادڕەسیم کرد، خۆ هەر جارێکی دیکە وا بووبا، ئەوا کۆتاییم پێ دەهات. شەپەشەپم لە ئاو دەهێنا، کەچی نغرۆ دەبووم. کاتێکیش پێم کەوتنە سەر بندینی گۆلەکە، دیسان توند بازم دا، جارێکی دیکە توند پێم لێ دایەوە، ئینجا توانیم بە پێ بوەستم.



هەواڵنامەی کتێب

لەسەر تەختەبەڕەکە نوشتامەوە، سەرم لەسەر زەوی دانا و گریام. نەشمدەزانی بۆچی و بۆ کێ دەگرییێم.

ئەوسا کەلوپەلەکانم کۆ کردنەوە، دەفتەرەکەم هەڵگرتەوە و پایسکلەکەم بەرەو ماڵێ لێخوڕییەوە.

ئاسایییانە من کەسێکی بەهێز بووم و وا زوو نەدەترسام، بەڵام ئەم کەڕەتەیان، یەکەمین جارم بوو لە قووڵاییی ناخمەوە هەست بە ترس بکەم. ئەرێ ئەمە لە چاوی ڕۆژژمێرەکە بوو، کە بە هۆڵەندی لەوێ، لە ژووری خوێندنی سەرەوە بنووسم؟ سەختیی ئەو چەند مانگەی ڕابردوو منی کەنەفت کردبوو. بەبێ پشوودان، بە ڕۆژ و شەو تێدەکۆشام بۆ ئەوەی شێوەیەک بە کتێبەکە بدەم، ڕووی خوێندنەوەی هەبێ. هەر دەبێ ئەوە هۆکارەکە بێ. ترس، خاڵە لاوازەکەی منی گرت. ئیدی قەت بەلای گۆلەکەوە ناچمەوە و خۆم ناخەمە نێو ئاوەکەوە، یان هەرچۆنێک بێ بە هەردوو پێیەکانم لەسەری دەوەستم تا لە کتێبەکە دەبمەوە.

لەو ڕۆژەی کە ماریانا لە نێوەڕاستی گۆلەکەدا بوو، منیش خۆم گەیاندێ و توند گرتم، دوای ئەوەی جلەکانمان لەبەر کردنەوە، کتێبێکی دامێ. دیوانە شیعری *جەی. سلاوەرهۆف*[1].

"ئەوە باوەڕنامەی مەلەکردنتە،" ئەو وای پێ گوتم.

ناوونیشانی یەکێک لە شیعرەکان ئەمە بوو: *زەنگوڵۆکە منداڵەکەم*.

---

1 J.Slauerhoff



هەواڵنامەی کتێب

نزیکەی چل ساڵی، کچێکم پەیدا بوو،
ناوێکم بۆ ئەو داهێنا: زەنگۆڵە.
ساڵێک دەبێ هاتۆتە سەر دنیا،
دەتوانێ دابنیشێ، بەڵام قسان ناکا.

شیعرەکە لەمەی سەروو درێژترە، بەڵام من هەر تەنیا ئەو چوار نیوەدێڕانەم لێ گرتن.

ڕێکەوت بوو، یان لە ڕاستیدا وا نەبوو، ئێمە نازناوی زەنگۆڵەمان[1] لە خوشکە بچکۆلەکەمان نا، بە هۆڵەندیش دەبێتە، Goudklokje-خاودکلۆکیە.

لە فارسیدا زەنگۆڵە ناوی کچان نییە، ناوە ڕاستەقینەکەی مەحبووبە[2] بوو.

باوکم هەمیشە دەترسا نەبادا منداڵەکانی بەکەڕولاڵی لەدایک ببن. ئەوەندە دەترسا، لە کاتی لەدایکبوونی دوو کچەکانی یەکەمی نەیویست لەماڵیش بێ.

من کاتی لەدایکبوونی خوشکە هەرە بچکۆلانەکەمم باش لەبیرە. لەتەنیشت باوکم وەستابووم، مامانەکە کۆرپەلەکەی لە باوەشی باوکم دانا. ئەویش کۆرپەلەکەی بە دەستێک تا سینگی بەرز کردەوە و بە دەستەکەی دیکە زەنگۆڵەیەکی لە بەرکی دوولینگەکەی دەر هێنا، ئینجا بەنەرمی زەنگۆڵەکەی لە بنگوێدا شەقاند. کۆرپەلەکە چاوەکانی کردنەوە و تەماشای کرد.

"بینیت؟" بەئاماژە، ئیدی لە خۆشییاندا دەگەشایەوە. "خۆ

1 Zangoele
2 Mahboebe


هەواڵنامەی کتێب

بینیت؟ ئەو دەبیستێ، ئەو کەڕە نییە.“

ئەوکاتەش زەنگۆڵەکەی دایە دەستی من و گوتی، ”دەی تۆش جارێک لێی بدە!“ منیش بەنەرمی زەنگۆڵەکەم ڕاوەشاند تا خوشکۆڵەکەم چاوەکاکانی کردنەوە و تەماشای کردم.

”بینیت؟“ دیسان باوکم ئاماژەی بۆ کردمەوە و بەدەنگ پێکەنی، بە دەنگێکی وا بەرز پێکەنی کۆرپەلەکەی گریاند.

بەم جۆرە کۆرپەلەکە بووە هیی ئێمە، هیی من و هیی باوکم. بەم جۆرەش لە ڕێی ئاماژەکانی باوکم ناوی زەنگۆڵەی بەسەردا بڕا.

لە زمانەکەی ئەودا، ئێمە هەموومان ناوێکی دیکەمان هەبوو، لەگەڵ گۆڕانگاریی گەورەش لە ژیانماندا، ناوەکانی ئێمەی دەگۆڕی. بۆ نموونە، یەکەم جار من ناوم، ”هیی من“ بوو.

خۆ ئەگەر دەستی ڕاستی لەسەر لای چەپی سینگی دانابا، هەمووان دەیانزانی مەبەستی ئیسماعیلە. دواتر ناوی منی گۆڕی و کردییە ”ئەو کوڕەی لەژێر پەتۆدا دەخشێ و دەخوێنێتەوە.“ لە سەردەمی خوێندنیشمدا ناوی منی نابوو ”ئەو پیاوەی چاویلکەی هەیە“. پاش دوو ساڵان بوومە ”ئەو پیاوەی لە هیچ کوێیەک نادۆزرێتەوە.“ دوای ئەوەش لەوانەیە بووبمە ”ئەو پیاوەی ڕۆیشت،“ بەڵام ناوی زەنگۆڵەی هەرگیز نەگۆڕی، ئەو هەمیشە هەر ناوی زەنگۆڵە بوو.

لە سەرەتاوە خوشکەکەم شتێکی دیکە بوو، دەمودەست بووە کیژی باوکم. هەروەها ئەویش بۆ ئەوە لەدایک بوو، تا ئازاری باوکم سووک بکا. سروشت یان خواوەندە باشەکەی خەڵکانی کەڕولاڵەکان، ئاوا دەکا.



هەواڵنامەی کتێب

کاتێکیش خوشکەکەم هێشتا هەر ساوا بوو، خێرا و بەشادییەوە خۆی دەخزاند و تا بەرقاپیی ماڵ دەڕۆیشت، تا گوێیان لە دەنگی نەرمیی پێیەکانی دەبوو. ئەمەش دیارییەکی خودایی بوو بۆ باوکم.

پاشان کاتێ باوکم بە هیلاکی لە کارخانە دەگەڕایەوە، شانەکانی دەشێلان. کە نەخۆشیش دەکەوت سووپی بۆ لێ دەنا. ساڵانێک دواتر خوشکەکەم باوکمی لەگەڵ خۆی بردە تاران، چونکە لەوێ دەیخوێند، بردی تا شارەکەی نیشان بدا. (من خۆیشم بەڵێنم پێ دابوو بیبەم و تارانی پێ نیشان بدەم، بەڵام نەمتوانی بەڵێنەکەم بەدی بێنم.) خوشکەکەم کامێرایەکی لەگەڵ خۆ بردبوو، بۆ هەرشوێنێک چووبا وێنەی دەگرت. وێنەیەکی جوانی لەپاڵ پەیکەرەکەی شا ڕەزاخان بۆ گرتبوو. ئەو دەستی خستبووە سەرشانی باوکم و داوای لە ڕێبوارێکیش گرتبوو، بەڵکو وێنەیان بگرێ. پاشان لەگەڵ خۆی بردبوویە فڕۆکەخانەکە و نیشانی دابوو ئاخۆ چۆن فڕۆکەکان دەفڕن. بۆ ئێوارەکەش بردبوویە سینەما، کە زنجیرەفیلمی *چارلی چاپلنی* نماییش دەکرا.

زەنگۆڵە دڵخۆشی و ژانەگەورەکەی ئێمە بوو.

پاشان بە شێوەیەکی سروشتی شیرازەی خێزانەکەمان پچڕا. زەنگۆڵە و من لای باوکمان دەگرت و هەردوو خوشکەکانی دیکەشم لای دایکمان. ئەوان هەر بەڕاستی لەگەڵ تینادا دەگونجان. زەنگۆڵە نەدەگونجا. بۆچی نا؟ کتومت نایزانم، بەڵام لەوانەیە لە دووتوێی چیرۆکەکەدا ڕوون ببێتەوە. سەبارەت بە یەک شت هیچ گومانێک لەئارادا نەبوو: زەنگۆڵە کچەکەی باوکی من بوو.



هەواڵنامەی کتێب

هەنووکە دەزانین زەنگۆڵە کێیە، ئیدی دەگەڕێمەوە سەر ئەو ڕۆژگارەی، تا بزانم باوکم لەکوێیە.

یەکەم جار کە لە شاخەکان گەڕایەوە، نەمناسییەوە. ئاخر ئەو پیاوە نەمابوو، کە لە بەندەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا لەسەرم نوسیبوو. ئەو پیر و بچووک ببووەوە.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، کاتێ لە قاپیی ماڵەکەمان درا. کاتێک گلۆپی ڕاڕەوەکەم هەڵکرد و دەرگەکەم کردەوە، هێدمە گرتمی. ئەو نەخۆش دیار بوو، وەک ئەوە وا بوو کە هیچ ددانی لەنێو دەمدا نەمابن. ئەو سەیری کردم، دیسان هاواری فریادڕەسی بوو. منیش گرتم و چوومە بنباڵی و هێنامە بەر ڕۆشنایی.

"دەی دەمت لێک بکەرەوە." من وام پێ گوت.

ئەویش زاری خۆی لێک کردەوە. هەموو ددان و کەڵبەکانی خراپ ببوون، هەموویان ڕەش و شکابوون. باشە ئەرێ بۆچی پێشتر نەمبینیبوو؟

"ئازار،" ئاماژە بۆ کردم. "هەمیشە هەر ئازار."

چاوەکانی فرمێسکیان تێ زا. لە کۆتاییدا یەکێک بینی و یەکێک سەرنجی ئەوەی دا، کە لەبەر ئازار دەناڵێنێ. منیش دەبووایە بێمەوە سەرخۆم، دەبووایە دیسان بمزانیبایە من کێم و ئەرکەکەشم لەم ماڵەدا چییە. منیش دەستێکم لە پرچە بۆزەکەی دا و بەئاماژە گوتم، "من کارەکە ڕێک دەخەم. هەموو شتێک باش دەبێتەوە. مشووری ئەوەت بۆ دەخۆم ئازارەکەت نەمێنێ."



هەواڵنامەی کتێب

من سەرم نەوی کردەوە. ئای خوای گەورە، ئەویش سەری نەوی کرد، سوپاسی منی پێ کرد.

بۆ چاککردنەوەی ددانەکانی پارەوپوولمان نەبوو، بەڵام خۆ پارە گرنگ نەبوو. شتەکە پەیوەندیی بەوە هەبوو، دەبووایە لەدەست ئازارەکە قوتاری بکەم.

لەو سەردەمدا پزیشکی ددان لە شارەکەماندا نۆرینگەیان هەبوو. نەخۆشخانەش هەبوو، بەڵام هەر دەوڵەمەندەکان، یان ئەوانەی توانای پارەدانیان هەبوو، دەیانتوانی خۆیان بگەیەننە لایان، چونکە خۆگەیاندنە لای دکتۆری ددان لە نەخۆشخانە بەلایەک بوو بۆخۆی. خۆی دەبووایە هەر لە بەرەبەیانەوە، کە هێشتا هەر تاریک بوو، لە ڕیزی نۆرەگرتن وەستابای. هەندێکیان تەنانەت پەتۆشیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، هەر شەو دادەهات لەوێ لێی پاڵ دەکەوتن و نۆرەیان دەگرت، بۆ ئەوەی بۆ بەیانییەکەی، لە یەکەمەکانی ڕیزی نۆرەگرتن بن.

نۆرەی دکتۆری ددان درێژترین ڕیز بوو. هەندێ جار دەبووایە سێ شەو لەسەریەک نەخەوێ، هەر بۆ ئەوەی بگەیتە دەرگای نۆرینگەکە. سەرباری ئەو دەردەش، پزیشکەکە هیچی نەدەکرد، جگە لەوەی ددانە خراپەکە یان کەڵبە بۆگەنەکە دەر بێنێ و پاشان یەک-دوو حەبی ئازارشکێنت بداتێ و ڕەوانەی ماڵێت بکاتەوە. تۆ مافی ئەوەت نەبوو داوای چارەسەری زیاتر بکەی. من پیرەمێردم دەبینین لەبەر ژانی ددانەکانیان دەگریان.

باشە لەو جیهانە دڕندانەیەدا چۆن بتوانم یارمەتیی باوکم بدەم؟


هەواڵنامەی کتێب

سپێدەیەکیان بەر لە کاتی قوتابخانەم، چوومە شار و بەدوای پزیشکی ددانـدا گەڕام. سێ پزیشک لە شاردا هەبوون، بەڵام هەرسێکیان داخرابوون، تومەز سەعات دە دەکرانەوە. لەسەر جامی پەنجەرەی پزیشکی یەکەمدا کاغەزێک هەڵواسرابوو، تیایدا هاتبوو، تا دوو مانگی دادێ هیچ وادەدیداری دیکەی نوێ وەر ناگرێ و هیچ نەخۆشێکی نوێ نابینێ. پزیشکەکەی دووهەمیشیان نۆرینگەیەکی ئەوەندە کەشخە و لوکسەی هەبوو، تابلۆیەکی گەورەی لەسەر دەرگەکە دابوو: نوێترین تەکنیک لەخزمەت ددانئێشانتدایە.

خۆی دەبووایە بە تەلەفۆن دیدارێک لەگەڵ نۆڕینگەکەیان ساز بدرابایە. وێڕای ئەوەش، هێشتا نەوەک هەر تەلەفۆنم نەبوو، بەڵکو دەستیشم پێی نەکەوتبوو.

کاتێکیش ئەو دوو نۆرینگەیەم بینین، یەکسەر زانیم ئەو پزشکانە هەرگیز بواری بینینی باوکم بەو دەموددانە هەراسانە نادەن و لێناگەڕێن پێ بنێتە نۆرینگەکەشیان. کەواتە بەدوای پزیشکی سێیەمدا گەڕام، ئەویش نۆرینگەیەکی لە ماڵی خۆیدا دانابوو، لە دەرەوەی مەڵبەندی شاریش هەڵکەوتبوو. لەسەر تەختەیەک، تابلۆیەکی ئاسایی نووسرابوو: پور بەهلوول. پزیشکی ددان. دووشەممان تا پێنجشەممان، ١٥،٠٠ تا ١٩،٠٠.

منیش پارەم نەبوو، ئاخر کوڕی نەخۆشێکی نائاسایی بووم. کەواتە ئەم تابلۆیە و ئەم کاتبەندییە دەستنیشانکراوە بۆ من نەبوو. پێدەچوو هێشتا پزیشکەکە لەناو جێی خەویدا بێ، یان لەسەر مێزی نانی بەیانی بێ و ڕۆژنامەیەک بخوێنێتەوە. دوو جار لەسەریەک لە قاپیی ماڵەکەیانم دا. هیچ کاردانەوەیەک پەیدا نەبوو، کەڕەتێکی دیکەش لێم دایەوە. ئەم



هەواڵنامەی کتێب

جارەیان پیرەمێردێک، باخەوانەکەی بە خۆی مەسینەیەک بە دەستەوە، قاپییەکەی کردەوە.

"خێرە، چی لەگۆڕێدایە؟ بۆ وا توند لە قاپی دەدی؟"

"بەیانیت باش. دەمەوێ قسە لەگەڵ دکتۆردا بکەم."

"قسەکردن؟ چۆن؟ وەختی قسە لەگەڵ دکتۆر هێشتا نەهاتووە، سەعات سێ دەست پێ دەکا."

"من ئەمە دەزانم، بەڵام دەمەوێ ئێستا قسەی لەگەڵ بکەم."

"باشە دەتەوێ دەربارەی چی قسەی لەگەڵدا بکەی؟"

"ئاخر دەمەوێ ڕاستەوخۆ بە ئەو بڵێم."

کابراکەش سەیری کردم، هەندێ بیری لێ کردەوە، ئینجا گوتی، "لێرە بوەستە. دەچم بزانم چی دەڵێ."

منیش هەموو کاتەکە لەوێ لە بەردەم نۆرینگەکەدا وەستام، تا پیاوێکی لاجانگ بۆز بە خۆی و قەڵنێک لە دەمدا دیسان دەرگاکەی کردەوە.

"بەیانیت باش پیاوی گەنج. پێم وا بێ، داوای منت کردبوو؟"

"بەیانیت باش دکتۆر. من ویستم سەبارەت بە باوکم لەگەڵت بدوێم."

"باوکت. باوکت چییەتی؟"

"ددانەکانی. کەڵبەکانی."

"خۆ ئەگەر شتەکە لەبارەی ددان و کەڵبە بێ، ئەوا دوای سەعات سێ بەردەست دەبم،" ئەم قسەیەی بەقەلنکێشانەوە کرد.

"نەخێر، شتەکە پەیوەندی بە ددان و کەڵبەکانەوە نییە.



هەواڵنامەی کتێب

شتەکە پەیوەندی بە منەوە هەیە.“

”بەڵام دەربارەی ددان و کەڵبەکانی باوکیشتە.“

”نەخێر، هەر ئەوە بەتەنیا نییە، بەڵکو شتەکە دەربارەی ئێش و... دەربارەی... خۆت دەیزانی، من بەڵێنم پێ داوە کارێکی وا بکەم ئازارەکەی نەهێڵم.“

”پاشان؟ دەی بەردەوام بە، زیاتر قسە بکە.“

”ئێستا، من دەبێ ئازارەکەی سووک بکەم، ئەمەش... دکتۆر ئەمە بوو.“

پزیشکەکە بەقەلنکێشانەوە سەیری کردم.

”ناوت؟“

”ئیسماعیل.“

”پاشناوت؟“

”مەحموود غەزنەوی خۆراسانی.“

”دەی لەگەڵم وەرە ژوورەوە.“

منیش بەدوای ئەودا بەنێو باخە گوڵەڕەز و پاتۆنیا[1] و دارسێوەکاندا کە هەموو سێوی سووریان پێدا شۆڕ ببوونەوە ڕۆیشتم. چوومە هۆڵێک، کە پەنجەرەی بەرزی تێدا بوون.

”دوو پیاڵە چایە،“ وای بانگ کرد.

لە کتێبخانەکەیدا کە دۆلابی پڕکتێبی تێدا بوون، ئاماژەی بە کورسییەک بۆ کردم، ”فەرموو لەوێ دانیشە.“

ئینجا کچە پێشخزمەتچییەک چایەکەی بۆ هێناین.

”دەی چیرۆکەکەم بۆ بگێڕەوە! لەبارەی باوکت. ئەو چی دەکا؟“

”ئەو مافوور پینە دەکا.“

---

1 petunia



هەواڵنامەی کتێب

"لەکوێ؟"

"لـە هەمـوو شـوێنێک. دوکانـی خـۆی نییـە. بـە بـەردەم ماڵاندا دەڕوا و بانگ دەکا، فاراشـی فاراشـی[1]. ئەوسـا هەمـووان تێدەگـەن کـە پینەکـەری مافوورەکانـە."

"باشە بۆچی فاراشی فاراشی؟"

"ئاخـر، ئـەو کەڕولاڵـە، ئـەو شـتێک دەڵـێ نزیـک بـێ لـە فـەرش."

"ئاهـا، بەڵـێ، تێگەیشـتم. ئینجا پێـم وا بێ ئـەو ئێسـتا ئازاری دەموددانـی هەیە."

"هەرچـی لەنێـو دەمیدایـە بۆگەنـی کـردووە. لەتـاو ئازارەکـە پیریـش بـووە."

ئـەو دەنکەشـخارتەیەکی داگیرسـاند، لـە سـەری قەلنەکـەی نزیـک کـردەوە، مژێکـی لـە دووکەڵەکـە دا و هەڵـی مـژێ، پاشـان دەری دایـەوە. ئینجـا لـە چەکمەجـەی مێزەکـەی بـەدوای شـتێکدا گـەڕا.

"مـن تێدەگـەم، دەبـێ کەمێکـی دیکـە بچێتـە قوتابخانـە. ئـەوە چەنـد حەبێکـی ئازارشـکێنە. سـبەی ئێوارەکـەی باوکـت بێنـە نۆرینگەکـەم. لـەوێ زیاتـر قسـەی لەسـەر دەکەیـن."

"سوپاست دەکەم دکتۆر."

"پێویست ناکا سوپاسم بکەی."

لە کۆتاییدا هەڵستام.

"ئەرێ جاربەجار کتێبانیش دەخوێنیتەوە؟"

"بەڵێ، دکتۆر."

"زۆر باشە، سبەی ئێوارەکەی دەتبینمەوە."

---

1 Farashi , farashi



هەواڵنامەی کتێب

باخەوانەکە ڕێگای چوونەدەرەوەی نیشان دام. ئۆو، خۆ دەبووایە شتێکی دیکەم بە دکتۆر گوتبا، وام بە باخەوانەکە گوت و گەڕامەوە.

"دکتۆر! ئەگەر زەحمەت نەبێ..."

"بەڵێ."

"من دەبێ ئەوەش بڵێم کە ناتوانم پارەکەی بدەم. مەبەستمە بڵێم، ڕۆژێک پارەکەت بەدڵنیاییەوە دەدەمەوە، دەبووایە دەمودەست وام پێ بگوتبای، بەڵام کە گەیشتمە نێو کتێبخانەکەت، لەبیرم چوو."

"دەی کاتەکەت درەنگە. خێرا بڕۆ قوتابخانەکەت. سبەی ئێوارە قسەی زیاتری لەسەر دەکەین."

ساڵێک دواتر دکتۆر پور بەهلوول گیرا. لەو دواییانە لە کاتی شۆڕشدا ئازاد کرا. ئەو یەکێک لە کەسە گرنگەکانی بزووتنەوەی گەریلای چەپڕەو و ژێرزەمینی بوو، بەڵام تا گرتنی ئەرکەکانی تەنانەت بۆ ئەندامانی پارتەکەی خۆیشی هەر بەنهێنی بوو.

نزیکەی هەموو بزووتنەوەی ژێرزەمینی لەلایەن دەزگای پۆلیسی نهێنیی شاوە ڕاوەدوو نرا و گیران. پور بەهلوولیش پیشەکەی وەک دەمامکێک بەکار هێنا، بەم جۆرە توانی یەک-دوو ساڵان درێژە بە کارەکانی بدا. من هیچم لەو بارەیەوە نەدەزانی، ساڵانێک دواتر شتەکەم بۆ دەر کەوت، ئەو کاتەی بەخۆیشم ئەندامێکی کارای هەمان پارت بووم.

لە ماوەی سێ مانگدا دکتۆر پور بەهلوول هەموو کەڵبە و ددانەکانی باوکمی یەک لەدوای یەک کێشا. بە دەمی بەتاڵ



هەواڵنامەی کتێب

و پرچی ماشوبرنجییەوە ئەو هەر بەڕاستی پیر ببوو. دوای دوو مانگ دەبووایە بگەڕابایەنەوە لای دکتۆر. دکتۆر بە خۆی و دوو شەویلگە بەرینکانی سەیری دەم و پووکی باوکمی کرد و پشکنی. ئینجا چەند تێبینییەکی لای خۆی نووسی.

من پێشتر تاقمە ددانێکی دەستکردی یەکێکم بینیبوو، بەڵام هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەچووبوو، دکتۆر تاقمێکی وا بۆ باوکم دروست بکا. پێم وا بوو باقیی ژیانەکەی بێ ددان دەمێنێتەوە و هەر دەبێ سووپ هەڵقوڕێنێ.

دوای دوو هەفتە دیسان گەڕاینەوە لای نۆرینگەی پزیشکی ددان. باوکیشم چووە سەر کورسیی چارەسەرکردن.

"دەی دەمت لێک بکەوە." دکتۆرەکە وا ئاماژەی بۆ کرد.

ئەویش وای کرد.

"چاوەکانیشت دابخە."

چاوەکانیشی داخستن.

پزیشکەکە تاقمە ددانێکی شەویلگەی خواروو و سەرووی لەنێو پاکەتێک دەر هێنان، بێئەوەی شتێکیشم پێ بڵێ، بەئەسپایی تاقمەکەی خستە نێو دەمی باوکم. ئینجا دەستێکی لە شانی دا، "دەی سەیری ئاوێنەکە بکە!"

لەجیاتیی باوکم، خۆم سەیری ئاوێنەکەم کرد. خۆ ئەوە دەمی من بوو کە ددانی نوێی سپی ڕەنگیان دەدانەوە. ئەوە ئەو نەبوو، بەڵام من بووم، ئەوەندە سەرسامانە لە ئاوێنەکەوە سەیری دەمی خۆم کرد، شتێکی نوێ بوو، شتێکی مۆدێرنی تێدا بوو. ئەوە شتێکی گەنجانی بوو، کە لە ڕوخسارە گەورەکەی من نەدەوەشایەوە.



هەواڵنامەی کتێب

بـە هۆیـەوە باوکـم توانـی دیسـان نـان بخـوا، ئیدی وردەوردە هاتـەوە سـەرخۆی. تـۆ لـە سـیمایەکەیدا دەتبینـی کـە دەیـەوێ هێشـتا بـژی.

ئـەو یەکەمیـن پیـاوی چیانشـین بـوو بـە خـۆی و تاقمـی ددانـەوە. لـە هاوینیشـدا، کاتێـک لەگـەڵ ئـەو بـۆ پشـووەکە سـەردانی گونـدی زافەرانمـان کـرد، دەبووایـە هـەر زوو سەردەسـتەی ڕابکێشـم، چونکـە دەگەیشـتە هـەر گوندنشـینێک، تاقمەکـەی دەمـی دەر دەهێنـا و نیشـانی دەدان کـە ئـەو بەهێـز و لەشسـاغە. ئامـۆژگاری هەموانـی دەکـرد تاقمـی ددانـی دەسـتکرد بـەڕادان بـدەن.

هەنـدێ جـار دەبووایـە بەتونـدی ئـاگاداری بکەمـەوە، "دەی دە بەسـیەتی. ڕەفتـاری بـاش بنوێنـە. تـۆ باوکـی سـێ کیـژی، تاقمەکـەت بخـەرەوە نێـو دەمـت، دەنـا خەڵـک وا دەزانـێ شـێت بـووی."

ئەمـەش دادی نـەدا، ئـەو بەدزییـەوە کارەکـەی، ڕەفتارەکـەی خـۆی هـەر دەنوانـد.

مـن لـە دکتـۆر پـور بەهلوولـەوە حیسـابی ٣٠٠٠ تمەنـم پـێ گەیشـت. ئـەم بڕەپارەیـەش بـۆ مـن یەکجـار زۆر بـوو، هەرگیـز پێـم نـەدەدرا، چونکـە باوکـم ڕۆژانـە هـەر سـێ تمەنـی داهـات بـوو.

"تـۆ دەبـێ ئـەم حیسـابە تـا دواتمەنـی بـدەی." پزیشـکەکە بـوو وای گـوت.

"دەزانم، بەڵام دکتۆر...."

هەمـوو شـتێک ڕێـک خـراوە، ئەو بۆ من وادەدیدارێکی لەگەڵ



هەواڵنامەی کتێب

دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی شارەکە ڕێک خستبوو. ئەگەر من بمویستبایە، دەکرا دوو ئێواران لە هەفتەدا بۆ ماوەی سێ سەعات لە ڕۆژنامەکەدا کار بکەم. نامەکانی خوێنەران ڕێک بخەم، ڕاستیان بکەمەوە و بۆ ڕۆژنامە ئامادەیان بکەم. نیوەی داهاتەکەشم دەکرێ بۆ خۆمی هەڵبگرم و باقیی نیوەکەی دیکەش بۆ حیسابی پزیشکەکە بڕوا.

خۆی دەبووایە چەندین ساڵ کار بکەم، تا هەموو پارەکەی بدەمەوە، بەڵام دیار بوو ڕەوتەکە ڕوویەکی دیکەی وەر گرت. کاتێک دوای ساڵێک، بە خۆم و کتێبێکی بنهەنگڵمەوە بەرەو ماڵی پزیشکەکە چووم، بینیم لە هەموو لایەک پۆلیس سەرتاپای شەقامەڕێکانیان گرتبوو. سێ پۆلیسی چەکدار لە سەربانی ماڵەکەیان چاودێرییان دەکرد. پۆلیس خەڵکەکەی خستبووە بن چاودێری و لێنەدەگەڕان هیچ کەسێ بە شەقامەکەدا بێت و بڕوا. منیش لەوێ چاوەڕێم کرد.

نیوسەعات دواتر، سێ پۆلیس پزیشکەکەیان لە ماڵەکەی دەر هێنا. ئەو قەلنێکی لە دەمدا بوو، دەیکێشا. کاتێکیش پۆلیس ئەویان بۆ نێو ترومبێلەکە پاڵ پێوە نا، ئەو ڕەتی کردەوە، پشتی خۆی ڕاست کردەوە، دیسان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، سەیری ئاپۆرەکەی دەوروبەری کرد و خۆی چووە نێو ترومبێلەکە و دانیشت.

ئینجا سواری ترومبێلەکە بوو، پاشان بزر بوو.



هەواڵنامەی کتێب

# لەسەر پێی خۆ وەستان

ئێمە یەک-دوو ساڵ باز دەدەین،
ئەو ساڵانەی کە تینا[١] کاری دەکرد و
زۆر جارانیش ئەکبەر دەڕۆیشت و لە ماڵ نەدەمایەوە.
یەکەم جار ڕووسپیکردنەوەی شەرەفی هانا[٢].

من لە خۆمم دەپرسی، تۆ بڵێی کاتێ باوکم دەچووە شاخەکان، لەلای کێ مابێتەوە. دەمزانی کەسێک هەیە و ئەویش دەیزانی کە دەزانم، بەڵام ئەمەش هەر بەنهێنی لەنێوانمان مایەوە. هەنووکەش کە ڕۆژانە بە ڕۆژژمێرەکەی خەریکم، یەکەم جارە ناوی ئەو ژنە بێ. ئەویش هەر بەڕاستی سەرقاڵی کردم. بە داخەوە هیچ وێنەیەکی ئەو ژنەم لەلا نییە، بۆ ئەوەی بمزانییایە ئاخۆ ڕەنگ و ڕوخساری چۆن بووە. ناشزانم ئاخۆ لە ژیاندا ماوە یان نا، بەڵام گومان دەبەم مابێ. بە ڕای من، خۆ ئەگەر ڕازێکت هەبێ و بتەوێ بە یەکێکی دیکەی بڵێی، ئەوا ڕاستەوخۆ نامری. پێم وایە ئەو

١ تینا کەلوپەلی کارخانەی ڕستن و چنینی چاک دەکردنەوە، خۆی پێوە خەریک دەکرد، تا لە دەست گورگەکە قوتاری بێ. (پەراوێزی نووسەر).
2 Hanne


هەواڵنامەی کتێب

ئافرەتـە هـەر دەمێنـێ، تـا ڕۆژێـک دێ یەکـدی دەبینیـن.

لـەو کـڕ و خامۆشـییەی پۆلـدەرەدا، دەمـەوێ نـاوی ژنەکـە بـە دەنگـی بـەرز بڵێمـەوە و هـاوار بکـەم، بـەڵام خـۆ ئـەوەش ناکـرێ، چونکـە مـن نایناسـم. پێشـتر شـتێکم دەربـارەی کەسـێکی گونـدی زافـەران بیسـتبوو، کیژی ئاوارەیەکـی ڕوسـی بـوو، لـە دوایـن گونـدی شـاخەکان، لەسـەر سـنووری یەکێتیـی سـۆڤیەتی پێشـوودا دەژیـا. هەرچەنـدە مـن ئـەو ژنـەم نەدەناسـی و هەرگیزیـش نەمدیتبـوو، لـێ وادەدیدارێکـی ڕانەگەیەنـراوم لەگەڵـدا هەبـوو.

ئاخـر ئـەو زۆری بـۆ ئێمـە کـرد. زۆر جـار پاکەتـی نهێنـی بـۆ دەگەیاندینـە ئەودیـوی سـنوور. ئـەو چەنـد کەسـێکی گرنگـی پارتەکەمانـی حەشـار دا و بـە شـەویش ڕەوانـەی ئەودیـوی دەکـردن.

خـۆم تێدەگـەم، ئـەو ئـەم کارانـەی بـۆ باوکـم دەکـردن، بـەڵام ئێسـتا مـن لـە دووری ئـەو ڕووداوانـەم، هەسـت دەکـەم، تێبینـی دەکـەم، ئەویـش هەنـدێ لێـم دوور کەوتۆتـەوە، لـە کـوڕی ئـەو پیـاوە دوور کەوتۆتـەوە کـە خۆشـی دەویسـت.

زۆر جاریـش بیـر دەکەمـەوە، کـە هـەر ئـەو بـوو زەنگۆڵـەی ڕزگار کـرد.

ئـەرێ ئـەو بـوو کـە ڕۆژژمێـری باوکمـی بـۆ مـن ڕەوانـە کـرد؟ لەسـەر زەرفـی پۆستەکە نـاو و ناونیشـانی نێرەرەکـەی تێـدا نەبـوو. هەروەهـا هیـچ نامەیەشـی لەگەڵـدا نەبـوو، تەنانـەت وشـەیەکیش.

ئەرێ ئەو ژنە ناوی چییە؟

خـۆ ئەگـەر ئـەو ژنـە هـەر لەنێـو یادەوەریـی مـن هەبـێ، لـە


هەواڵنامەی کتێب

ڕاستیدا دەکرێ ناوێکی لێ بنێم. بەڵام چ ناوێک؟ ناوێکی فارسی؟ ناوێکی ڕوسی. نەخێر، خۆ ئەو پێشتر ناوێکی بە فارسی یان بە ڕوسی هەر هەبووە. بۆ نموونە هانا. پلکە هانا. ئەم ئێوارەیە بەتاریکی دەچمە سەر بەربەستی ئاوەکە دەوەستم و ڕوو لە دەریا دەکەم و بە دەنگی بەرز ناوەکەی دەبەم. هانـــــــــــا! پوورە هانـــــــــــا!

هەر دەبێ وا بکەم، دەنا چیرۆکەکە گیر دەخوا و لەبەریەک هەڵدەوەشێ. گەر وا نەبێ، ئەم کتێبە هێزی خۆی لەدەست دەدا. ئەمەش شتەکە بوو، لەوە زیاتر شتێکم نییە لەبارەی هاناوە بیڵێم.

ئێستاش لەگەڵ باوکم دەچمە گەرماوەکە.

جارێکیان، دوای ئەوەی باوکم، پاش ماوەیەکی باش لە مانەوەی لە چیاکان گەڕایەوە، لەبەر تیناش نەدەبوو سەر بە ژووی دانیشتنەوە بکا. ئەو کەلوپەلی شووشتنی دامێ و گوتی، ”بڕۆ خاوێنوباوێن بشۆ!“

تۆ بڵێی دایکم بە پرسی هانای زانیبووبێ؟ هەر دەبێ وا بێ، بەڵام لەبەرانبەر ئێمەشدا هیچ شتێکی وای نەدرکاند.

لەبەر ئەوەی ئەو نەدەبووایە بێتەوە ژوور، بۆ هەمیشە هەر دوای ڕۆژئاوابوون بە درەنگەوە دەهاتەوە، بە شێوەیەک بەیەکەوە دەچووینە گەرماوەکە. منیش ئەوم لەگەڵ خۆم دەبردە بەر دووشەکە، چونکە لەبەر تینا دەبووایە باش چاودێری بکەم، نەبادا نەخۆشییەکی لە کێوەکانەوە لەگەڵ خۆی هێنابێتەوە ماڵەوە.

”دەی ناو ڕانەکانت جوان بشۆ!“ ئاماژەی وام بۆ کرد.



هەواڵنامەی کتێب

ئەویش وای کرد.

”دەی خۆت بسووڕێنەوە.“

خۆی سووڕاند و منیش سەیری پێستەکەیم کرد، نەبادا پۆرگ و پیفکەی لەسەر پێستەوە پەیدا بووبن.

”سەرت بەرز کەرەوە!“

وای دەکرد و منیش دەمپشکنی.

”زۆر چاکە، هەموو شتێک تەواوە، هەموو شتێک خاوێنە.“

ئینجا پشتەماڵێکم لە پشتی وەر دەگرت و بەیەکەوە دەچووینە شوێنی نوێژکردن.

بەیەکەوە لەگەڵ ئەوانی دیکە ڕوومان لە مەککە دەکرد و نوێژمان دەکرد. کاتێکیش لێ دەبووینەوە، وەر دەسووڕاینەوە، تا بەگوێرەی دابونەریت سڵاو لە ئەوەی تەنیشتمان بکەین. من هەمیشە لەپشت باوکم دادەنیشتم، هەرکاتێکیش خۆی وەر دەسووڕاندەوە، دەستی تۆقەی بۆ درێژ دەکردم. منیش دەستیم دەگوشی و دەمگوت، ” لەشت ساغ.“

بەڵام لە دوایین جاردا، کاتێ وەر سووڕایەوە، تا سڵاوم لێ بکا، من لەوێ دانەنیشتبووم. لەتەنیشت دینگەی گەرماوەکە دانیشتبووم سەیری نوێژکەرانم دەکرد.

”ئەرێ بۆچی نوێژ ناکەی؟“ بەئاماژە وای پێ گوتم.

ئەوەش یەکەمین جارم نەبوو کە نوێژ نەکەم، ماوەیەکی زۆر بوو لە نوێژکردن وەستابووم. لە نوێژوەستناکەشم دوای دیدارەکەم لەگەڵ دکتۆر پور بەهلوولەوە بوو. ئەویش نوێژی نەدەکرد. ئەوێ ڕۆژێ لە گەرماوەکەدا هیچ وەڵامی باوکم نەدایەوە.



هەواڵنامەی کتێب

”ئەرێ بۆ نوێژ ناکەی؟“ کاتێک گەیشتینەوە ماڵێ، لێی پرسیمەوە. منیش پێم گوت، ”دواتر بۆت ڕوون دەکەمەوە.“ حەزیشم لێ بوو سەبارەت بە خودا لەگەڵ یەکێک بکەومە گفتوگۆ. لەو کتێبانەی لە دکتۆر پور بەهلوولم وەرگرتن، زۆر شت فێر ببووم.

ئێوارە درەنگ باوکم هاتە ژوورەکەم، هیچی نەگوت، بەڵام هێشتا پرسیارەکەیم لەنێو چاوەکانی بە بریسکاوەیی بەدی دەکرد.

”ئەرێ پێویست نییە بخەوی؟“ بەئاماژە وای پێم گوت.

”نەخێر، خەوم لێ ناکەوێ.“ وا وەڵامم دایەوە.

ئەو سەیری کتێبە نوێیەکانی کردم، ئەو کتێبانەی لە غیابی ئەودا دەمخوێندنەوە. یەک-دوو کتێبی دکتۆر پور بەهلوولیش لەنێو کتێبەکانی خۆمدا هەبوون. ئەو بە پەنجەکانی بەلایدا ڕۆیشت، وەک ئەوەی ناوونیشانی سەر بەرگەکانیان بخوێنێتەوە.

”دەی فەرموو دانیشە.“ بەئاماژە وام پێ گوت.

ئەویش لەسەر مافوورەکە هەر لەسەر ئەژنۆ دانیشت، منیش لەبەرانبەر ئەودا جێی خۆم کردەوە.

”تۆ لێت پرسیم ئاخۆ بۆچی نوێژ ناکەی،“ من وام پێ گوت، ”بەڵام دەی یەکەم جار تۆ پێم بڵێ، ئاخۆ تۆ بۆچی نوێژ دەکەی.“

”ئەوە چی دەڵێی؟“

”لێت دەپرسم: بۆچی تۆ نوێژ دەکەی؟ بۆچی کڕنووش دەبەی؟ بۆچی بەخۆت سەری خۆت دەخەیتە سەر زەوی؟“

”ئاسمانەکە؟ ئەوەی لە ئاسمانە؟“


هەواڵنامەی کتێب

"پیرۆزەکە." بەئاماژە وای پێ گوتم.

"کامە پیرۆز؟ دەی پێم بڵێ چ پیرۆزێک؟"

بزە دای گرت، هیچ وەڵامی پێ نەبوو، دەستەکانی لەسەر ئەژنۆکانی دانان. وا دیار بوو کۆتاییی دەمەتەقێکەمان بێ، بەڵام لە هیکەوە دەستی بە هێرشبردن کرد، "ئەو کتێبە پیرۆزەی کە لە ئاسمانەوە هاتووە. ئەو کەسە پیرۆزە مەزنەی لە ئاسمان دەژیێ، ئەو بۆ ئێمەی نووسیوەتەوە. کەواتە شتێکی پیرۆز لە هەوادا هەیە."

منیش سەرم با دا، "قورئان لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە، ئەو کتێبێکە. کتێبێکی باشیشە، بەڵام خۆ ئەو هیچ پەیوەندی بە ئاسمانەوە نییە."

"بەڵێ، پەیوەندیی پێوە هەیە، من خۆم لە کازم خانم بیستووە. هەروەها لە تۆش، کوڕەکەم، ئەی ئەو کوڕەی دەخزێتە بن پەتۆ و دەخوێنێتەوە. هەر بەخۆیشت بەرگی کتێبەکەت ماچ کرد، تۆش بەر لەوەی بیخوێنیتەوە دەستنوێژت هەڵگرت[1]."

"تۆ ڕاست دەکەی. منیش سەرم گەیاندۆتە سەر زەوی و کڕنووشم بردووە، بەڵام خۆ ئەگەر یەک جار ئەم کتێبانە بخوێنیتەوە، شتی دیکە فێر دەبی، ئەو شتانەی... دەی کەمێک بوەستە، دەی با لە بەراییەوە دەست پێ بکەین."

لە کۆتاییدا هاتمەوە سەرخۆم و بەدوای کتێبک گەڕام، کە دەربارەی گەردوون و پێگە و شوێنی ئەستێرەکان بوو. "سەیری ئێرە بکە. ئایا دەکرێ بڵێی کە ئەو شتانە

١ لێرەدا ڕۆماننووس ڕێک وای نووسیوە "بەر لە خوێندنەوەی دەستەکانت شوشتن." بەڵام دیارە مەبەست دەستونوێژ هەڵگرتنە.



هەواڵنامەی کتێب

دەبـارەی  چیـن؟“

نەخێـر، هەڵبەتـە ئـەو نەیدەزانیـن، ئـەو لـە هێڵـی کاکێشـان، لـە ڕێگایـەک، لـە ڕێچکەیـەک لـە شـەودا نەبێ، زیاتـر شـتێکی دیکـەی نـەدەدی.

”دەی وەرە تەماشاکە!“

پەنجەرەکـەم کـردەوە. شـەو تاریکسـتان بـوو، بـە ملیـارد ئەستێرەش و ڕێگای کاکێشـان لە هەموو کاتێک ڕۆشنتر دیار دەکران.

”ئەمە شتەکەیە.“ وام ئاماژە بۆ کرد.

دەمویست پێی بڵێم، کە لـە سـەرەتاوە هیچ شتێک نەبووە، ئیدی لەپڕێکدا شتەکە تەقییەوە، ئینجا هەموو شتێک هەڵقولا، ڕێگای خـۆی گـرت، هـەر وەک ئـەو ڕێـگای کاکێشـانەی کـە لـە ئەوەنـدە یـەک جـار زۆر ژمـارەی ئەسـتێرە پێـک هاتـووە، هەمیشـەش هـەر هەڵدەقووڵێن. من تێکۆشـام و هەوڵم دا ئەوەی فێری ببـووم، بـە زمانـی ئامـاژە لـەو بگەیەنم. بەرەنجامەکەش ئـەوە بـوو، ئـەو بەکرِوماتـی هـەر سـەیری دەکـرد، ئـەرێ تـۆ بڵێی ئەو باسـی چـی بکا؟

بـە شـێوەیەک کـە تـا ڕادەیـەک بێئومێدانـە بـوو، بابەتەکـەم گۆڕی و لەپڕێکدا ئـەوم بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر سەرسام کـرد، ”ئـەرێ دەزانـی کـە زەوی دەجووڵـێ؟“

”چی؟“

”کـە وا تـۆ، مـن و ماڵەکەشـمان بـەدەوری ڕۆژدا دەخولێینـەوە؟“

منیش ئامـاژەم بـە ئەسـتێرەکان کـرد، هەمـوو ئەسـتێرەکانم لـە دەسـتی چەپـەم خـڕ کردنـەوە، ڕووبـاری شـارەکەش



هەواڵنامەی کتێب

و چیاکانیشم خستە سەر، پاشان هەموویم بە هەردوو دەستەکانم تێکهەڵشێلا و گوشیم و تۆپێکی پەستێنراوی نوێم لێ دروست کرد و بە دەستی ڕاستم گرتم. ئەوەیانم لە بەرچاوی ئەو ڕاگرت، وام لێ کرد بە یەک جار بتەقێتەوە، "بووم... ئەستێرە، ئەستێرە، هێشتاش هەر ئەستێرە ئینجا ڕۆژ، دوایی زەوی ئەوسا خەڵک و پاشان باوکم دواتریش من... ئەریێ لە مەستەکەم دەگەی؟"

نەخێر، ئەو لێی تێنەگەیشت. هەروەها منیش تێنەگەیشتم.

نەخشەیەکی جیهانم دەر هێنا و هەوڵم دا تێی بگەیەنم کە ئێمە لەکوێی گۆی زەویدا وەستاوین.

"ئێرە، ئێمە لێرە، لەم شوێنەی سەرزەوی و زەویش لەم شوێنەی گەردوونەوەیە... سەیرکە، من نیگاری زەوی، ڕۆژ دەکێشم. ئێمەش، تۆ و من لێرەوە وەستاوین، بەڵام ئێمە ڕۆژ، نابینین. ڕووناکی نییە. شەوە."

من زۆر دوور ڕۆیشتبووم، زۆرزۆر دوور، هەندێکیش سەرم لە خۆم تێک دابوو تا ئەو ڕادەیەی هیچ هێڵێکم پێ لەنێو ئەو بیردۆزانە و "نوێژنەکردنەکەی" خۆم پێ نەکێشرا. ئیدی وەستام.

"دەی کاتەکە زۆر درەنگە، بڕۆ بخەوە." وام ئاماژە بۆ کرد.

ئەویش ڕۆیشت.

دواتر زۆر جار سەرنجم دەدا ئەو هێشتا هەر پێیەوە خەریک بوو. هەندێ جار، کاتێ میزاجی تەواو بوو، بەزەوق دەبوو، لەگەڵ زەنگۆڵەدا گاڵتەیەکی دەکرد. ئەو ئەستێرەکانی لە هەوادا دەگرت، هەمووی بەیەکەوە دەشێلا، ئینجا دەستی


هەواڵنامەی کتێب

بۆ بن کەپووی دەبرد و لەپڕ دەیگوت، بووووم. پاشان زۆر بەتوندی پێدەکەنی. جارێکی دیکەشیان بینیم، لەگەڵ کۆمەڵەپیرەمێردێک وەستابوو، پێی لە زەوی دەدا و دەیگوت، "ئەم زەوییە خڕە. زەوی دەسووڕێ. ئێمە، تۆ، من بەدەوری ڕۆژدا دەخولێینەوە. ئیسماعیلیش چیدی نوێژان ناکا."

دیسان بۆ یەک جاری دیکە باوکم گەشتێکی دوورودرێژی کرد، بەڵام گەڕایەوە، ئەوکات من تەمەنم هەژدە ساڵان بوو و ویستم ماڵەکەم جێ بێڵم.

ئاخر کۆمەڵگە لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەی ڕابردوو بەتەواوی گۆڕابوو. شا بەتوندی لە سەرتەخت دانیشتبوو و تا ڕادەیەک هەموو سەرەداوەکانی لە دەستی خۆیدا بوون.

نرخی نەوتی خاویش بەرز ببووەوە و ئەمەریکاش یارمەتی دەدا تا ببێتە ژەندرمەی هەرێمەکە. هیچیش لە ئۆپۆزسیۆن نەمابۆوە و باری ئابووریش پەرەی دەسەند، دەرفەتی کاری زیاتر و کرێ و مز هەڵکشابوو.

هەموو شتێک گۆڕابوو. تەنانەت خودی وەرزەکانیش ببوونە کژ و وەرزی دیکە. زستانەکان چیدیکە وەک جاران سارد نەبوون. لەوانەیە ئەمەش بە هۆی ئەوە بووبێ، کە ئێمە زۆپایەکی گەورە و باشمان پەیدا کردبوو، خواردنی باشترمان دەخوارد، گۆشتی زۆر، میوەی زۆر و سەوزەی زیاترمان دەخوارد.

تیناش پێویست نەبوو داو و گلۆڵەبەنەکان چاک بکاتەوە، باوکم بایی پێویستی بەدەست دەکەوت.

شارە کۆنینەکەشمان، کە جاران لەبن دەستی مەلاکاندا بوو، هەنووکە لەنێویان ئەو ئەمەریکیانەی کە پالاوگەیەکی



هەواڵنامەی کتێب

نوێیان لەوێ دروست دەکرد، ئاڵمانەکان کە دەیانویست هێڵی ئاسنینەکەمان نۆژەن بکەنەوە، هۆڵەندییەکانی کە کەنال و جۆگەی ئاویان بۆ لێدەداین و ڕوسەکانیش کە خەریکی کارخانەی گەورەی تراکتۆردروستکردن بوون، دابەش ببوو.

بۆ یەکەم جار ئێمە دەرگە دارە کۆنەکەی ماڵمان، بە یەکێکی ئاسنین گۆڕییەوە. ناو ژوورەکانیشمان کردە کاشی زەردباو، تیناش بەو گۆڕانکارییانە خۆشحاڵ بوو.

ئاخر ئەگەر کچەکان باوکێکی کەڕولاڵیان هەبێ و دەرگای پێشەوەی ماڵەوەشیان ناشیرین بێ، چ کوڕێک دێتە خوازبێنیی کچەکانیان؟

ئێوارەیەکی ساردی پاییز بوو کاتێ قۆڵی باوکم گرت و پێم گوت، "دەی لەگەڵم دێی؟ دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم."

بای پاییزە خۆڵ و لمی دەپرژاندە دەموچاومان. دەبووایە شوێنێک ببینینەوە شتێکی گەرمی تێدا بخۆینەوە. چووینە چایخانەکەی گەڕەکەکەمان. ماخۆیەکە[1] مێزەکەی ڕاست کردەوە و گوتی، "ئەرێ ئیسماعیل چۆنە؟ ئەرێ باوک و کوڕ لە چایخانەکەم لە چی دەگەڕێن؟ کاری گرنگ؟"

"بای پاییزە ئێمەی بۆ ئێرە هێناوە."

"بەخێر بێن. تۆ باشترین کوڕی گەڕەکەکەمانی. خۆ ئەگەر کچێکم هەبووایە، دەمویست ببوومایە خەزوورت. تۆ باش ئاگات لە باوک و خوشکەکانتە. لەم ڕۆژانەدا کوڕوکاڵ هیچ ڕێزی دایبابیان ناگرن، تۆ کوڕێکی باشی. خواردنەوەی یەکەمتان لەسەر من، فەرموون، ئەوەتا خورمای تەڕوتازە

---

١ ماخۆ: خاوەن.



هەواڵنامەی کتێب

بۆ ئێوە.“

”خورمای تازە لەو سەرمایەدا؟“

”بەڵێ، ئەدی من چی دەڵێم. خۆ دەیبینی. تۆ شتێکی دیکەی، تۆ باش گوێ دەگری. ئەو کوڕانەی ئەم زەمانە گوێ لە کەس ناگرن، دەی هەندێک بەرەو لای زۆپاکە بڕۆ، ئەوێ گەرم و خۆشە. خوا چاکەت بداتەوە، ئاخر تۆ ڕێزی دایک و باوکت دەگری.“

ئەوەش یەکەمین جارم بوو کە پێ بنێمە ئەو چایخانەیە، هەر بۆیە لەوانەیە باوکم تێگەیشتبێ، هەر دەبێ من شتێکی گرنگم هەبێ، لەگەڵی باس بکەم.

”ئەرێ دەزانی،“ بەئاماژە تێم گەیاند، ”من قوتابخانەکەم تەواو کرد. من چیدیکە ناچمە...“

”چیدی ناچییە قوتابخانە؟“

”من تەواوم کرد. چیدی پێویست ناکا، بەڵام دیسان دەچمە شوێنێکی دیکە بۆ خوێندن. مەبەستم ئەوەیە، من لێرە دەڕۆم.“

ئەو ڕێکوڕەوان قیت بووەوە.

”دەڕۆی؟ بۆچی دەڕۆی؟ دەچیە کوێ؟“

”دەڕۆم جۆرە کتێبی دیکە دەخوێنم.“

”باشە ئەو جۆرە کتێبانە لە شارەکەی ئێمە دەست ناکەون؟“

”شتەکە تەنها پەیوەندیی بە کتێبەکانەوە نییە، من دەبێ بچمە خوێندنگەیەکی دیکە، دەبێ بچمە زانکۆ، خوێندنگەیەکی گەورە لە پایتەخت، کە پاشای تێدا دەژی.“

”ئاوها، قوتابخانەیەکی گەورە لە شارەکەی شا، بەڵام من



هەواڵنامەی کتێب

لەوە تێناگەم، تۆ لەوێ چ جۆرە کتێبێک دەخوێنی."
"ئەو جۆرە کتێبانەن، بۆ نموونە دەربارەی ڕووناکین."
"ڕووناکی؟"
"لەبارەی شەو، لەبارەی هەوا، لەبارەی فڕۆکەکان. لەبارەی..."
"هەوا؟ فڕۆکە؟"
"بەڵێ، هەوا زۆر گرینگە. ئەگەر ئاسمان نەبێ، کەواتە هیچ فڕۆکەیەک نافڕێ."

باوکم بەقووڵی بیری لێ کردەوە. هەرچەندە ئەو نەیدەزانی زانکۆ چییە، هەروەها لەوەش تێنەدەگەیشت کە ئێمە بەبێ هەوا دەمرین، نەشیدەزانی ئاخۆ تاران کەوتۆتە کوێ، لێشی تێنەدەگەیشت کە من دەمەوێ چ جۆرە خوێندنێک بخوێنم، لێ تێدەگەیشت کە گۆڕانکارییەکی گەورە بەڕێوەیە. لە کۆتاییدا پشتی بە تەختەبەندەکە دایەوە.

"ئەوە چییە؟ خۆ ناچم بمرم، من دەگەڕێمەوە. خوێندنەکە بۆ من بەسوودە، بۆ تۆ و بۆ تیناش باشە."
"باشە بۆ ماوەی چەند لەوێ دەمێنیەوە؟"
"پێنج تا شەش ساڵ، کتومت نازانم چەند، بەڵام دەمنادەمیش دێمەوە ماڵ."

چایچییەکە دوو چای نوێی لەپێش دانایەوە.
"ئەو دەڕوا." وا ئاماژەی بۆ کابرایەکە کرد.
"دەڕوا؟ بۆ کوێ؟" خاوەنی چایخانەکەش وای لێ پرسی.
"من لە زانکۆی تاران وەر گیراوم."
"زانکۆی تاران؟" چایچییەکە بەدڵخۆشیەوە وای پرسی.


هەواڵنامەی کتێب

"بەڵێ، بەڵام ئەوە بۆ من زۆر سەختە، کەماڵباتەکەم لێرە لەدوای خۆم جێ بێڵم."

"ئەرێ ئەوە گوێم لە چی دەبێ؟ زەحمەت؟ جێهێشتن. هەڵبەتە دەبێ بڕۆی. خودای باوکت گەورەیە."

"ئەرێ دەزانی، ئەو دەچێ لەسەر ڕۆژ دەخوێنێ،" باوکم بەئاماژە بە کابرای گوت. "کتێبە قەبارە ئەستوورەکان دەربارەی هەوا دەخوێنێ، چونکە هەوا زۆر گرینگە، خۆ ئەگەر هەوا نەبێ، ئەوا دەمری، ئەو وا دەڵێ."

"ئەوە باوکت چی دەڵێ؟"

"ئاها، هیچ، هیچ شتێکی نائاسایی ناڵێ، ئەو... باسی ئاراستەی خوێندنەکەی من دەکا."

باوکم بە زمانی ئاماژەکانی زیاتری لەسەر ڕۆیشت، "ئەرێ ئەوەت دەزانی، کە سەرەتا هیچ شتێک لەگوڕێدا نەبوو، ئینجا لەپڕێکدا تەقییەوە ئەوسا ئەستێرەکان کڵپەیان سەند؟ ئەرێ ئەوەت دەزانی؟ منیش نەمدەزانی، بەڵام ئیسماعیل هەمووی دەزانێ. ئەو زۆر گرنگە، ئەو دەچێتە شارەکەی شا و درێژە بە خوێندنەکەی دەدا."

خاوەنی چایخانەکەش پرسی، "ئەرێ ئەو باسی چی دەکا؟"

منیش پێکەنیم، "ئاها، نەخێر، هیچ شتێکی وا نییە، ئەو دەڵێ، کەوا من دەچم سروشتناسی دەخوێنم."

ئێمە چایەکەی خۆمان خواردەوە و هەندێکی دیکەش دانیشتین. هێشتا شتێکی دیکەی سەرسامکەرانەم بۆ باوکم پێ بوو.

"من دەمەوێ داوات لێ بکەم، چیدیکە ماڵ جێ نەهێڵی."



هەواڵنامەی کتێب

"چی؟"

"چیدی نەچییە شاخەکان، چیدی ماڵێ جێ نەهێڵی."

"نەخێر؟ بۆچی نا"

"سەیرکە، ئەگەر من بڕۆم، خۆ دەبێ پیاوێک لە ماڵ بمێنێتەوە."

"بەڵام، من... من دەبێ. من ناتوانم."

"من دوکانێک، دوکانۆکەیەکت بۆ دادەنێم."

"دوکانێک؟ بۆ من؟"

"بەڵێ، دوکانۆکەیەک، شوێنێک، ئیدی پێویست نەکا چیدیکە دەربەدەر بی، لە دوکانەکەت بمێنەوە و خەڵک ئەگەر پێویستیان بەو شتانەی لەلای تۆ هەبێ، دێنە لات لێت دەکڕن."

ئەم شتەش لەو ڕاستییەی کە زەوی بەدەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە، بۆ ئەو زیاتر مایەی هێدمەگرتن بوو.

"چ جۆرە دوکانێک؟ ئاخر بەبێ تۆ من ناتوانم."

"دەی ئاسوودە بە، زەنگۆڵە یارمەتیت دەدا."

"زەنگۆڵە؟"

"بەڵێ، من لەگەڵ ئەویش قسەم کردووە. ئەو هەر دوای قوتابخانە ڕاستەوخۆ دێتە لای تۆ."

باقیی شتەکە ڕێک خرا. بەڕێوەبەری ئەو ڕۆژنامەیەی کارم تێدا دەکرد، یارمەتیی دام قەرزێکی بارمتەکراو بەدەست بێنم، لە ڕێی ناسیاوێکی ئەو کە لە شارەوانیدا کاری دەکرد، مۆڵەتی کردنەوەی دوکانێکم لە گەڕەکی خۆمان پێ درا.

هەنووکە باوکم پشتی بە دیواردا داوە، بڕوای نەدەکرد، هەموو شتێک وا ڕێک بخرێ. لە سەرێکەوە ئەو تا ئەوپەڕی


هەواڵنامەی کتێب

شادمان بوو، بەڵام لە سەرێکی دیکەشەوە، ئەو نهێنییەکی هەبوو، دەبووایە بڕۆیشتبایە.

"زۆر چاکە، هەندێ جار، دەکرێ یەک-دوو ڕۆژ بڕۆی."

مانگێک دواتر، باوکم، تینا و خوشکەکانم دوکانەکەیان کردەوە. زەنگۆڵەش ڕاستەوخۆ دوای قوتابخانە دەچووە دوکانەکە و لەپشت دەخیلەکە دەوەستا. زەنگۆڵە بە پارەی خۆی ئاوێنەیەکی بۆ باوکم کڕیبوو. ئێمە هەموومان جلی نوێمان پۆشی. خۆم قاتێکی نوێم لەبەر کرد کە لەگەڵ تینادا بۆ زانکۆ کڕیبوومان.

دوکانەکە کرایەوە. خەونەکەی هاتە دی، ئیدی ئاغا ئەکبەر لەنێو دوکانەکەی خۆیدایە.



هەواڵنامەی کتێب

# سێیەرە قورسەکان

ئیسماعیل لە تاران بووە ئەندامێکی کارا لە بزوتنەوەی ژێرزەمینیدا.
پەیوەندیکردنیشی بە باوکی شتێکی نەکردە[1] بوو.
ئەکبەر دەبووایە لەسەر قاچی خۆی بوەستێ.
یان بە پێچەوانەوە، دەبووایە ئیسماعیل لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێ.

لێرە لەو پۆلدەرەی لێی دەژیم، مایەی سەرسامیمە کە شتگەلێک ڕوو دەدەن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕۆژژمێرەکەی باوکمەوە هەیە.

هەر بۆ نموونەش، شازادە ویلیەم ئەلێکساندەرم بەهاناوە هات.

شازادەی هۆڵەندی لە تەلەڤزیۆنەوە دیدارێکی لەگەڵدا ساز درا، کە بە دیدارێکی گرنگی ژیانی دانرا. ٣,١ ملیۆن هۆڵەندی سەیریان دەکرد. شازادە دەیویست بیسەلمێنی کە بۆتە پیاو، لە دایکی خۆی، کە شاژنە سەربەخۆیی خۆی وەر گرتووە. ئەو ویستی هۆڵەندییەکان بهێنێتە قەناعەت، کە ئامادەیە بۆ

١ نەکردە: ئەستەم ، مەحاڵ.


هەواڵنامەی کتێب

ئەرکەکانی سەرشانی، تا بە ئەرکە ڕاستەقینەکان ڕابپەڕموێ.

لە کاتی قسەکاندا بنلێوی دەلەرزی و تۆش ئەوەت بۆ دەر دەکەوت، کە سەربەخۆیەتی لە کارڕاپەڕاندا شتێکی وا ئاسان نییە.

بۆیە ئەو، ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەلالای خۆی دا، تا بە ئامادەبوونی نزیکەی سێ ملیۆن بینەر، بتوانێ لەژێر سایەی دایکیدا بە کارەکانی خۆی ڕاببێ.

ئەو لەسەر ئەوە ڕژدبوو، کەسایەتیی خۆی هەیە و بەدڵنیاییشەوە ئەو وەک جاران منداڵی دایکی نییە.

"ئایا دایکت گرنگترین ڕاوێژکارتە؟" پێشکەشکاری تەلەڤزیۆنەکە وای لێ پرسی.

"بەڵێ، چونکە ئەو لە پێگەیەکدایە، لەدواییدا من لێی وەر دەگرمەوە."

"باشە تۆ دەتەوێ چ خەسڵەتێک لە دایکت وەر بگریەوە؟"

"من. من ویلیەم ئەلێکساندەرم. من خۆمم. هیچ خەسڵەتێکی دایکم وەر ناگرمەوە. خۆ خەسڵەت وەر ناگیرێتەوە..."

هەرچەندە شازادەکە دەیویست ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە دایکی لێدەکران، بە کورتی وەڵامیان بداتەوە و بابداتەوە سەر بابەتێکی دیکە، کەچی دیدارسازەکە پرسیار لەسەر پرسیاری سەبارەت بە دایکی لێ دەکرد.

ئەوەی من لەو قسەکردنانەدا بەدڵم بوو، بەند نەبوو بە خودی دیدارەکە، بەڵکو بە دیوی پشتەوەی دیدارەکەوە پەیوەست بوو. لەو دیدارە دووروودرێژەدا، بەئاستەم گوێم لێ بوو باسی باوکی بێتە گۆڕێ، تەنانەت بۆ جارێکیش ناوی باوکی پڕبەدەم و بەتەواوی نەهاتە سەر زار. شتەکە وەک



هەواڵنامەی کتێب

ئـەوە وا بـوو، باوکـی هـەر سـەر بـە خێزانـی شـاهانە نەبێ، بەڵکو ئـەو تارمایـی، سـێبەرێک بێ.

مـن زۆر جار شـاژنم لـە دیداری تەلەڤزیۆنـدا بینیوە، و زیاتریش لـە ڕادیـۆدا گوێـم لـێ بـووە. تەنانـەت زۆر لـەو وشـانەی ئـەو دەیگوتـن لەبـەرم کـردوون.

"ئەندامانـی ئەنجوومەنـی دەوڵـەت، لـە کۆتاییی ئەم سـەدەیەدا دەکـرێ هاوسـەنگییەک پەیـدا ببـێ. لـە هۆڵەنداشـدا زۆر شـتی بـاش کـراون. زۆر کـەس دەسـتی لـەو کارە چاکانـەدا هەبـووە. بـە دەرککـردن بـە هێزەکەمـان و بـە چـاوی کـراوەوە لەسـەر خاڵـە لاوازەکانمـان متمانـە بـە ئاییندە پەیـدا دەبێ. لـەو سـەدە نوێیەشـدا، ئـەوە پێویسـتە کـە بـە کۆمـەڵ لەبـارەی چۆنایەتیـی جڤـات و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی وەبەرهێنـان بکەیـن. خـۆ لـە کۆتاییشـدا هـەر دەبێ میری بگرەوبـەردە لەسـەر کۆمەڵگایەکی زینـدوودا بـکا. حکومەتیـش دەیـەوێ لەگـەڵ ئێـوە، لەگـەڵ حکومەتەکانـی دیکـە و تـەواوی هاوولاتـان تێبکۆشـێ. لـە دڵـەوەش ئاواتەخـوازم، ئێـوە بەرپرسـیارێتیی سـەرشـانتان بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە جێبەجـێ بکـەن، بـەو متمانەیـەی کـە زۆر کـەس لەگـەڵ مـن هیـوای هۆشـمەندیتان بـۆ دەخـوازن و دوعاتـان بـۆ دەکـەن."

هەرچـی لەبـارەی مێردەکـەی شـاژن، شـازادە کلاوەسـەوە هەیـە، مـن هیـچ وتەیەکم لەبـەر نییـە. یادەوەریـم لەبـارەی ئـەو بەتاڵـە.

مـن ئـەوم لـە تەلەڤزیۆنـدا بینیـوە، ئەویـش لـەو کاتـەی لـە نماییشـی جلی شیکپۆشـیدا وتارێکی دا. هەرچەندە بەسـەرنجەوە



هەواڵنامەی کتێب

گوێم لێ ڕاگرت، بەس هیچم لێ نەبیست، یان ئەوەتا باشم گوێ لێ بووە، بەڵام وشەکانی نەگەیشتنە گوێچکەی من، وشەکانی نەپەڕینە گوێچکەم، وەک ئەوەی هیچ وشەی بەکار نەهێنابێ، هەر بەئاماژە دوابێ.

من هەردەم ئەوم بە باوکێک دەناسی کە هەمیشە نائامادەیە، پیاوێک هەر سەیر دەکا، چاودێرە. ئێستاش ئەو کەوتە قسەکردن، ئەمەش لەو نەدەهات.

من ئەو پیاوەم بەدڵە. کاتێکیش بۆ نموونە لە ڕۆژی شاژندا، خێزانی شاهانە لەسەر تەلەڤزیۆن دەبینرێ، من سەیری پیاوەکە، سەیری باوکەکە دەکەم، کە دەستەکانی لەپشتەوە داناون و بەسەنگینی لەپشت کوڕەکەیەوە دەڕوا.

من شاژنیشم بەدڵە، هەر لەو کاتەی کە شانی دەگاتە هیی مێردەکەی و بەپشتقیتی لەتەنیشتیدا دەڕوا. خۆ ئەگەر شاژنەکە تووڕە بێ ئەوا بە هەردوو دەستەکانی لە سەری دەدا و دەقیژێنێ، "تۆ بەربەستێکی سەر ڕێگامی. بمرە، بمرە، بمرە." ئەوسا منیش ڕقم لێی دەبێتەوە.

تیناش جارێکیان ئەمەی لەگەڵ باوکمدا کرد. بیستم تینا دەگریا، ئیدی خێرا چوومە ژوور و بینیم بە هەردوو دەستەکانی سەری باوکمی گرتووە و لێی دەدا و هاوار دەکا، "بمرە، بمرە، بمرە!"

لەپڕێکیشدا نیگای کەوتە سەر من، ئیدی باسکەکانی لە هەوادا مانەوە.

پاشان لە زەنگۆڵەم بیست، تینا زۆر جاری دیکەش وای کردووە.



هەواڵنامەی کتێب

”خۆ من بە چاوەکانی خۆم بینی.“ زەنگۆڵە بوو لە تەلەفۆن بەگریانەوە وای پێ گوتم.

من هەمیشە لە تینا دەبوورم. ئاخر ئەو زۆری بۆ باوکم کرد. هەر هیچ نەبێ ژیانێکی جێگیری بۆ ڕەخساند. ئەو زۆر جار لە ڕابردوودا و پاشانیش وای نیشان دەدا، کە کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە.

شازادە ولیام ئەلێکساندەر ئەو شتەی لە دیدارە تەلەڤزیۆنییەکەدا نەگوت، بەڵام من ئەوەم بینی کە ئەو بە ڕوون و ئاشکرا لەبەر ئەو سێبەرە قورسەی دایکی دەیناڵاند. من خۆیشم بەدەست سێبەری قورسی باوکمەوە ناڵاندوومە. خۆ تۆ هەرگیز لەبن سایەی ئەو جۆرە کەسانە دەر ناچی، تەنانەت ئەگەر بشمرن، هەر دەر ناچی.

لە کاتێکدا کە ئەوان بمرن، ڕەوشەکە سەختتر دەبێ، ئاخر ئەوان لە جاران بەخوڕتر دێنەوە مەیدان. تەنانەت ئەوان باڵ بەسەر خەونەکانیشتدا دەکێشن.

هەرچەندە باوکم مردووە، لێ سێبەرەکەی بەسەر کۆمپیوتەرەکەمەوەیە. لە ژووری خوێندنەکەم، بڕیارم دا مەودایەک لە باوکم دوور بکەومەوە، بەڵام بۆم نەچووە سەر، بە ڕێگایەکی دیکە دیسان پەیوەندیمان ساز درایەوە، ئەم جارەیان لە جاران توندوتۆڵتر بوو.

کاتێکیش لە ماڵ دەر چووم، پێم وا بوو باوکم ئەو کەسە دەبێ، دەتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ. بەڵام هەر بەخۆم دەرکم بەوە کرد، خۆیشم بەتەنیا ناتوانم بیبەمە سەر. من پێوستم بە باری باوکم هەبوو گەر وا نەبا، هاوسەنگییەکەم



هەواڵنامەی کتێب

لەنگ دەبوو. هەموو شتێکم کرد تا وەک کوڕێکی بەهێز دەر بچم، بەڵام من ئەو کەسە نەبووم.

باوکم ببووە خاڵە لاواز و بەهێزەکەی من. بەبەراورد لەگەڵ خوێندکارەکانی دیکەدا، من پیاوێکی بەئەزموون بووم، بۆیە هەر زوو لەنێو حیزبەکەدا گەورە بووم. لە لایەکی دیکەشەوە، تێبینیی ئەوەم کرد، خەمی خێزانەکەی خۆم دەخۆم. ئەمەش لە بەرەوپێشەوەچوون، دەیتۆقاندم.

لە کۆتاییی ساڵی سێیەمی خوێندنەکەمدا، سەرپەرشتیارەکەم پێی گوتم، دەبێ پەیوەندی لەگەڵ ماڵەوە بپچڕێنم. تا ئەوکات ناوبەناو سەردانی ماڵەوەم دەکرد، لەمەودوا نەدەبووایە تەلەفۆنیشیان بۆ بکەم.

خەبەرێکم بۆ هات دەبێ دەست لە خوێندنەکەشم هەڵبگرم، چونکە خەڵک پێشبینیی شۆڕشێکی دەکرد و دەبووایە ئێمەش خۆمان بۆ ئامادە کردبایە.

من هەستێکی بەهێزی خۆبەتاوانباردانانم هەبوو، پێم وا بوو دەستبەرداری ماڵباتەکەم بوومە. من لەچاو مشوورخواردنی ئەوان متمانەم بە خۆم نەما. ئیدی نەمدەتوانی هیچ بکەم، بۆیە دەبووایە لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەمدا بدوابام.

بەر لەوەی تەکانی زیاتر بدەم، دەمەوێ شتێک لەبارەی بزوتنەوەی بەرەنگاریی ئەو سەردەم باس بکەم. ئاخر ئەو شتە خەونی هەموو خوێندکارێکی فارس (ئێرانی) بوو، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە زانکۆی تاراندا بخوێنێ، بەڵام پەندەکە دەیگوت، "وا تۆ بۆی دەچی، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن لێی دەر دەچی."



هەواڵنامەی کتێب

لـە خاکـی زانکـۆدا ڕەگوڕیشـەی بزوتنـەوەی ژێرزەمینـی گەریلایـی دژی شـا چەکەرەیـان کـرد و سـەریان هەڵـدا. ئـەم بزووتنەوەیـە سـێ دروشـمی گرینگـی هەبـوو: بـا شـا بڕوخـێ! نـان بـۆ هەمـووان! هـەر بـژی ئـازادی!

"یـان مـردن یـان ئـازادی،" ئـەو دروشـمە بـوو کـە بـە خەتـی سـوور و درشـت لـە ڕۆژنامەکـەی ژێرزەمینـدا بـە مانشـێت نووسـرابوو. کاتێکیـش مـن دەسـتم بـە خوێنـدن کـرد، شـەقامەکانی تـاران ببوونـە مەیدانـی دەیـان جـار تەقەلێککردنـی نێـوان ئەندامـە چەکدارەکانـی حـزب و پۆلیسـی نهێنیـی شـا. هـەر جارێکیـش حەشـارگەی ژێرزەمینـی ئەندامـەکان ئاشـکرا دەبـوو. پۆلیـس بـە خـۆی و کۆپتـەر و تانکەکانـی دەهـات ئـەو کەسـانە بگـرێ، بـەڵام خـۆ ئەمـەش شـتێکی نەکـردە بـوو، ئاخـر ئەوانیـش تـا دوافیشـەک دەجەنـگان. ویـڕای ئەمـەش، هەمـوو کات سـەرکردەکان حەبێکـی بکوژیـان لەنـاو دەمـدا بـوو. هەرکاتێـک پۆلیـس ویسـتبای بیانگـرن، یەکسـەر حەبەکەیـان قـووت دەدا. هەرکاتێکیـش یەکێـک لـە ئێمـە لـە تەقەکردنەکانـدا سـەری تێـدا چووبایـە، لەنێـو زانکـۆدا توندوتیـژی بەرپـا دەبـوو.

منیش لەو کاتە پڕهەرایەدا نەخۆش کەوتم.

لـە یەکێـک لـە چایخانەکانـی گەڕەکێکـی قـەراغ شـاردا، وادەدیدارێکـم لەگـەڵ سەرپەرشـتیارەکەم دانـا. سـەرەتا مـن باسـی باوکمـم کـرد، "مـن ناتوانـم پەیوەندییەکانـم لەگـەڵ خێزانەکەمـدا بپچڕێنـم، هـەر دەبـێ پەیوەنـدی لەگـەڵ باوکـم بپارێـزم. ئاخـر ئـەوە زۆر پێویسـتە، بەقـەد ئـەوان بـۆ منیـش پێویسـتە، دەنـا مـن ناتوانـم بەکارایـی لەنێـو حیزبـدا ڕۆڵـی خـۆم


هەواڵنامەی کتێب

ببینم.“

ڕێگای ئەوە نەدەدرا. ئاخر سەرچڵییەکە زۆر گەورە بوو بەوەی پۆلیسی نهێنی من لە ماڵەوە بگرێ و بەمەش حیزبەکە دەکەوتە بەر مەترسی.

ئەوێ ڕۆژێ شتێکم بۆ هات. من گوتم، ”باوکم، دوکانەکەی، کەمئەندامێتییەکەی، پەیوەندییەکانی گوندنشینە شاخاوییەکان و... من دەتوانم ئەو، نازانم چۆنی ڕوون بکەمەوە؟ ئاخر ئەگەری زۆر بۆ حیزب هەن، مەبەستم ئەوەیە، دوکانەکەی ئەو، ناسیاوەکانی لە شاخەکاندا... لەوانەیە من کارێکی زۆر گرنگم بۆ حیزب لەوێ پێ بکرێ.“

ئاخاوتنەکەمان ئاراستەیەکی دیکەی بە خۆیەوە وەر گرت، سەرپەرشتیارەکەم زۆری لەسەر نەڕۆیشت، من دەبووایە گوێم لە بەڕێوبەرایەتیی حیزبەکە بیایەوە.

یەک دوو هەفتە دوای ئەوە، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وتووێژێکی پڕمتمانەم لەگەڵ هومایۆندا[1] ساز دا. ئەو یەکێک لە سەرکردە ئەفسانەیییەکانی بزوتنەوەی بەرەنگارییەکە بوو. دوای وتووێژێک سەبارەت بە باوکم، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەو لە ناوچە گوندنشینییەکانی سەر سنوور و ئاشنایەتیی بە ڕێگا شاخاوییەکان، مۆڵەتم پێ درا ساڵێ یەک جار بەدزییەوە سەردانی باوکم بکەم. لە هەمان کاتیشدا دەبووایە من ئەو بۆ ”حاڵەتێک ئەگەر پێویستمان پێی هەبێ“ ئامادە بکەم. ئەرێ ئەمە واتای چی دەگەیاند، هیچکاممان نەماندەزانی. سەرکردایەتیی حیزبەکە هەر ئەوەندەی دەزانی کە پیاوێکی کەڕولاڵ، کابرایەکی متمانەداریان لە خزمەتدا

1 Homajoen



هەواڵنامەی کتێب

هەیـە، ئامادەیـە هەمـوو شـتێک بـۆ کوڕەکـەی خـۆی بـکا.

ئیـدی دەمتوانـی بەدزییـەوە سـەردانێکی باوکـم بکـەم، دەمێکـی زۆر بـوو نەمبینیبـوو.

بارودۆخـی باوکـم بـاش بـوو، بەتایبەتیـش کاروبـاری دوکانەکـەی. بڕیـاری کردنـەوەی دوکانێـک بـۆ ئـەو، بڕیاڕێکـی نایـاب بـوو. زەنگۆڵـە لـە ڕێـی برادەرێکیـەوە زۆپایەکـی دەسـتی دووی لـە دوکانەکـە دانابـوو. ئیـدی هەمـوو سـاڵەکە باوکـم وەک پیرەمێردێـک، چیلکـەداری خـڕ دەکردنـەوە. ئەمـەش تینـای دەهـری[١] کردبـوو. هـەر جارێکیـش زەنگـم بـۆ ماڵـێ لـێ دەدا، تینـا دادەدادی بـوو، "کوڕەکـەم، مـن لەبـەر باوکـت شـەرم لـە خـۆم دەکەمـەوە. ئـەو بـەدەر لـە کاری گەمژانـە، شـتێکی دیکـە نـاکا. هەرجارێـک دەیبینـم، بارسـتەدارێکی وشـکی لـە کـۆڵ نـاوە. ئـەو لێـی بەسـەر دارودرەختـەکان دەکـەوێ، چیلکـەداری وشـکیان لـێ دەکاتـەوە. هەرکاتێـک لـە شـار تووشـی بێـم، دەبـێ سـەری خـۆم لـە شـەرمان نـەوی بکـەم."

منیش هەرکاتێـک دەمهێنایە بەرچـاوم کـە چـۆن لێـی بەسـەر درەختـەکان دەکـەوێ و دار و چیلکـەی وشـکبوو بـۆ زۆپاکـەی لـێ دەکاتـەوە، پێدەکەنیـم.

تینـاش بەتووڕەییيـەوە وەڵامـی دەدامـەوە، "بـۆ پێناکەنـی. ئاخـر خـۆت لێـرە نـی، لەگـەڵ ئـەودا نـی، تـۆ نایبینـی چـی دەکا، مـن ئـەو کەسـەم، هەرکاتێـک وای دەبینـم، وەک مـۆم لەتـاوی شـەرمەزارییان دەتوێمـەوە. تـۆ ڕۆیشـتی، ئیـدی هەمـوو ئـەو شـتانە هیـچ پەیوەندییـان بـە تـۆوە نەمـاوە. مـن دایکـم، مـن سـێ

١ دەهری: زۆر تووڕە.



هەواڵنامەی کتێب

کیژم لەماڵەوە هەن، من دەبێ...“

”تینا، خۆ تۆ باش دەیناسی، پێویست ناکا ئەم شتانە بەو قورسییە لە خۆت بار بکەی. خۆت دەزانی ئێمە ناتوانین بیگۆڕین.“

”بۆچی نا؟ دیارە تۆ ناتەوێ، ئەمەش هەر خەتای تۆیە، چونکە تۆ بەرەڵڵات کرد. ئەو گوێ لە تۆ دەگرێ، بەڵام کوڕم، خۆ لە گوڵ کاڵتر هیچی پێ ناڵێی! دەی، بۆ خاتری خوا جارێک وەرەوە ماڵ. بە خەڵکی نیشان بدە، کە ئێمە، کە کیژەکانم بەتەنیا هەر باوکێکی کەڕەیان نییە، بەڵکو برایەکی خوێندەواریشیان هەیە. دەی، گوێم لێ بگرە! جارێک وەرەوە! ئاخر ئەمە بۆ ئاییندەی خوشکەکانت گرنگە!“

لەمەدا تینا لەسەر هەق بوو. تێبینیی ئەوەم کرد، باوکم هەندێ بۆ دواوە گەڕاوەتەوە. ئێستا ئەو زۆر کاری گەمژانە دەکا، یان نەخێر، ناکرێ ناوی لێ بنێم گەمژە، بەڵام خۆ من هیچ وشەیەکی دیکەی بۆ شک نابەم. ئاخر چۆن بتوانم فێری بکەم، بەسەر درەختەکان نەکەوێ و چیلکەداری وشکیان لێ نەکاتەوە. ئاخر خۆ ناکرێ بەردەوام لەگەڵیدا بم و هەر بۆی ڕاست بکەمەوە.

ئیدی ئەو بەیەکجار وای لێ هاتووە، دەشبێ بەم جۆرە پەسەندی بکەین. تیناش ئەمەی پێ نەدەکرا.

هەرچەندە ئەو لە سەرەتاوە ئەوەندە پڕجۆش نەبوو، دواتر بۆم دەر کەوت، زۆر بە دوکانەکەی سەر بەرزە. بۆ هەرشوێنێک چووبایە، کلیلکەی لەنێو گیرفانی دوولینگەکەی دەر دەهێنا و نیشانی هەمووانی دەدا، ”سەیرکە، ئەمە کلیلی دوکانەکەمە. ئیسماعیل داویەتیە من. ئەو لە شارەکەی



هەواڵنامەی کتێب

شـادا دەخوێنـی. ئـەو لەبـارەی فڕۆکـە دەخوێنـێ. خـۆ ئەگـەر هەرکەسـێک دەسـتی بخاتـە سـەر دەم و لووتـی بگـرێ، ئـەوا دەمـرێ، چونکـە هـەوا زۆر گرنگـە."

دوکانەکـە ببـووە فریادڕەسـی ئـەو. ئـەو چیدیکـە پەڕاگەنـدە نەدەبوو، بۆ ئـەوی کڕیارێک بدۆزێتـەوە، چیدی بەنێو کوچـە و کۆڵانەکانـی شـاردا نەدەگـەڕا. هەروەهـا لـە زستانانیشـدا ئەگـەر ئیشـی نەبووایە، پێویسـت نەبـوو لـە ماڵ بمێنێتـەوە. ئـەو دەچـوو وەک جـاران لـە دوکانەکـەی خـۆی دادەنیشـت. هـەر بۆیەشـە چیلکـەداری خـڕ دەکردنـەوە، ئەمـەش هەسـتی متمانەیـی و سـەلامەتی لا پەیـدا دەکـرد.

ئـەو تـا درەنگانێکـی شـەو لـە دوکانەکـەدا دەمایـەوە، چونکـە کـێ چـووزانـێ کـەی کڕیارێـک دێ، یاخـود لەوانەیـە لەنـاکاو ئیسـماعیل بێتـەوە.

لەسـەر ڕێگاکەمـدا کـە بـەرەو دوکانەکەی ئەو چـووم، هەندێ دارم بۆ کڕیـن و لەگـەڵ خـۆم بـردن. بەفـرە بەسـتووەکەی ژێـر پێـم، لـە کاتـی ڕێڕۆیشـتنـدا هـەر کرتەکرتـی دەهـات. گەڕەکەکـە بێدەنـگ و خامـۆش بـوو، هیـچ چرایـەک لەپشـتی پـەردەی ماڵـەکان دانەدەگیرسـا، پەردەکانیـش دادرابوونـەوە، هەموویـان لـە حەفـت خـەوان ڕاسـت ڕاچووبـوون، تەنێ لوولەزۆپـای باوکم نەبێ، هێشـتا هـەر دووکەڵـی لـێ بڵنـد دەبـوو.

چرایەکـی کـزی زەردیـش لەپشـت پەنجـەرە بچووکەکـەی دیـار بـوو. بەئەسـپایی وەژوور کەوتـم. ئـەو لەسـەر مافـوور لەتەنیشـت زۆپاکـە، خـۆی گرمۆڵـە کردبـوو، سـەیری کتێبێکـی دەکـرد کـە لەسـەر مێزەکـەی بەردەمـی بـوو.

"ئای خوایە، تۆ بڵێی چی بخوێنێتەوە؟"



هەواڵنامەی کتێب

ڕەفتارەکەی لە ڕەفتاری زانایەک دەچوو، نا نەخێر، ڕەفتارەکەی ڕەفتاری مەلایەک بوو، کە لە مزگەوتێ کتێبێک بخوێنێتەوە. نەخێر، ئەوەش نەبوو، لەوانەیە ڕەفتارەکەی زیاتر لە هیی کرێکارێک چووبایە، ڕەفتاری مافوورچنێک کە کتێبی نەدەخوێندەوە، بەڵکو ویستوویەتی مافوورەکە پینە بکا. لەسەر مێزە بچکۆلانەکەی، یەک-دوو مافووری لوولدراوی مەعمیلەکانی دانرابوون و لەسەر دیوارەکەشدا وێنەیەکی گەورەی لەچوارچێوەگیراوی شا، بە جلی سەربازی هەڵواسرابوو.

من ڕاچڵەکیم، باشە بۆچی وێنەی دیکتاتۆرەکەی لە دوکانەکەیدا هەڵواسیوە؟ لێی تووڕە بووم، بەڵام دەمودەست بیرم کردەوە، لەوانەیە بەم شێوەیە باشتر بێ.

بەنەرمی قاپییەکەم کردەوە، کیلۆنەکە زیرینگەیەکی وشکی لێوە هات. بیرم کردەوە، گەر من بوومایە لەجیاتیی ئەو، یەک-دوو دڵۆپ ڕۆنم لێ دەدا. ئەویش سەری خۆی بەرز کردەوە، تەماشای منی کرد، بەڵام نەیناسیمەوە. منیش کڵاوەکەم لە سەر کردەوە. ئیدی خەندە شەرمنییەکەی لەسەر لێو پەیدا بوو.

"ئەوە سمێڵیشت پەیدا بووە، خۆ من نەمناسیتەوە." بەئاماژە وای پێ گوتم و لە کۆتاییدا هەڵسا.

سەرەتا پێم وا بوو دێت و لەباوەشم دەگرێ، بەڵام واشی نەکرد. ئەو لە شوێنی خۆی هەر سەیری دەکردم، سەیری کڵاوەکە، هیی چاویلکەکە، سەیری سمێڵەکانی دەکردم. دەستم بۆ درێژ کرد، "ئەرێ پیاو، باشە بۆچی تۆقەم لەگەڵدا ناکەی؟ ئەوەتا، لەگەڵ خۆمدا باوەشەدارێکیشم بۆ هێناوی."


هەواڵنامەی کتێب

ئـەو هەندێک بەشـەرمەزارییەوە ئاماژەی بـەو چیلکـەدارە وشـکانەی دا، کـە لەپەنـا دیوارەکـە دای نابـوون، ئینجـا بەئەسـپایی بەپیرمـەوە هـات و دەسـتی گوشـیم. دەسـتی دایـە ئـەو بارسـتەکۆلکە دارانـەی لەگـەڵ خۆمـم هێنابـوون، بەڕێزەوە لێی وەر گرتـم و لەپەنـا دیوارەکـە دای نـان، هەرگیزیـش دەسـتی لـێ نـەدان.

"ئـەرێ بـۆ وا سـەیرم دەکـەی؟" بەئامـاژە وام پـێ گـوت. "چایەکـم نادەیتـێ؟"

"ئـۆۆو، بەڵـێ، فەرمـوو دانیشـە،" ئامـاژەی بـە مافوورەکـە کـرد، بـەڵام هـەر زوو ڕاسـتی کـردەوە، "نەخێر، لەوێ دامەنیشـە، کەمـێ بوەسـتە." کورسـییەکی بـۆ هێنـام. "دەی لەسـەر ئەمـە دابنیشـە."

ئـەو پێـی وا بـوو مـن بوومەتـە پیـاو، پیاوێـک بـە شـەپقەیەکەوە. منیـش کورسـییەکەم گەڕانـدەوە و لەسـەر زەوی لەبەرانبـەر زۆپاکـەی دانیشـتم. ئینجـا پیاڵەچایەکـی دامـێ و هـەر وەک چایچیـی چایخانـەش لەپشـت سـەرم وەسـتا. "ئـەرێ بۆچـی دانانیشـی؟"

ئەویـش دانیشـت، بـەڵام هەندێـک لـە دوورەوە و دەسـتەکانی لەسـەر چـۆک وەرێ نـان. ئـەو وای حـەز دەکـرد، بۆیـە منیـش لـەو بارەیـەوە زیاتـرم نەگـوت.

"دەی بـۆم بگێـڕەوە، ئاخـۆ چۆنـی؟" بەئامـاژە وام پـێ گـوت. "ئـەرێ دوکانەکـەت بەدڵـە؟"

"باشـە، بـە دڵمـە، سوپاسـت دەکـەم." وای وەڵام دامـەوە و سـەری خۆیشـی بـۆ پێشـەوە بـرد و نەویکـرد.

"ئەدی تینا چۆنە؟"



هەواڵنامەی کتێب

"ئەویش باشە. سوپاس."

منیش ئاماژەم بە وێنە لەچوارچێوەگیراوەکەی شا کرد و گوتم، "تۆ وێنەیەکی شات لە دوکانەکەتدا هەڵواسیوە!"

ئەو بە تێبینییەکەی من گەشایەوە، ویستی شتێک بڵێ، شتێک ڕوون بکاتەوە، لێ لەمە زیاتر هیچی نەکرد، هەر بەڕێزەوە لەسەر چیچکان دانیشتبوو. پاش کەمە بێدەنگییەک بەئەسپاییەوە ئاماژەی کرد، "ئەرێ تۆ چۆنی؟ هەموو شتێک باشە؟"

"بەڵێ، باشە. سوپاست دەکەم."

"ئەرێ بەڕاست لەکوێ بووی؟" ئەو زیاتر لەسەری ڕۆیشت، "بۆچی چیدی نەگەڕایەوە ماڵ؟ بۆچی زەنگت بۆ لێ نەداین؟ زەنگۆڵە هەر چاوەڕێی تەلەفۆنی تۆی دەکرد. ئەویش گەورە بووە. دەیەوێ بتبینێ. داوای کردووە بتبینێ.

"من تێدەگەم. تۆ کاتت لە بەردەستدا نییە. تۆ دەبێ زۆر کتێب بخوێنیتەوە، بەڵام جاروباریش تەلەفۆن بکە."

"چاکە. لەمەوپاش وا دەکەم، بەڵام دەبێ بزانی، هەموو شتێک زەحمەت بووە."

"چی زەحمەت بووە؟ کتێبەکان؟"

"نەخێر، کتێبەکان نا. بەڵێ، کتێبەکان. ئەوانیش زەحمەت بوون. ئەو وێنەیەی بە دیوارەکەت هەڵواسیوە، ئەرێ هەر بۆ نموونە، تۆ دەزانی ئەوە کێیە؟"

ئەویش بەشانازییەوە بە زمانی ئاماژەکەیەوە، "ئەو کوڕی ڕەزاخانە. خۆ تۆش دەیناسی، ئەو کەسێکی گرنگە. تاجێکی زێڕینی لەسەر سەرە. ئەو ئەسپ و چەکی زۆرزۆری هەن. دەمانچەیەکیشی بە قەدەوەیە. ئەو کەسێکی گرنگە. هەموو


هەواڵنامەی کتێب

مافوورفرۆشەکانی ئەم شارە وێنەکەیان لە دوکانەکانی خۆیان هەڵواسیوە. منیش هەر وام کرد، وێنەکەم کڕی، نەخێر نەمکڕی، یەکێک لە شارەوانییەوە بۆی هێنام و منیش لە چوارچێوەم گرت. جوانە، تۆش لات جوان نییە؟"

من کاردانەوەم نەنواند.

ئەو هێشتا حەزی لێ بوو دەربارەی وێنەکە بدوێ، بەڵام لە هیکەوە هەستی کرد، من شتێکم دژی وێنەکە هەیە، کە لە دوکانەکەی هەڵی واسیوە. بۆیە قسەکەی باشتر لێ کرد و پێی گوتم، "دەڵێی وێنەکەت پێ شتێکی باش نییە؟"

"بەڵێ، نەخێر، من شتی دیکەم مەبەستە."

"بەڵام خۆ هەموو مافوورفرۆشەکان حەزیان لێیە،" ئەو بەئاماژە و بەئەسپاییەوە، "ئاخر وێنەکەی شا لە هەموو دوکانێکدا هەیە. ئەو خۆ پیاوی باشە."

"من بە شێوەیەکی دیکە لێی دەڕوانم." بەئاماژە وام پێ گوت.

"چۆن، بە شێوەیەکی دیکە؟"

"من حەز بە چارەی ناکەم."

"نا، بۆچی نا؟"

"ئەو کەسێکی چاک نییە. ئەو هیچ باش نییە."

ئەو ئاماژەی بە وێنە هەڵواسراوەکە کرد و ویستی شتێک بڵێ. بەڵام هیچیشی نەگوت و دەستەکانی هێشتا هەر لەسەر ئەژنۆ دانابوون.

"ئاخر شتەکە بۆ شیکردنەوە هەندێ ئاڵۆزە،" من وام پێ گوت. "باشە با نموونەیەکت بۆ بێنمەوە. ئەرێ ئەو پۆلیسانەی کاتی خۆی بەو تیلایانەی دەستیان لە قوتابخانەکە



هەواڵنامەی کتێب

لـە سـەریان دای، لەبیـرت مـاوە؟"

"بەڵێ... هێشتا هەر لەبیرم ماوە."

"ئـەوان هەیتەکانـی شـا بـوون. لـە تارانیـش، لـەو زانکۆیـەی مـن لێـی دەخوێنـم، زۆر لـەو پۆلیسـانەی لێـن. ئـەوان لـە خوێنـدکارەکان دەدەن، دەیانگـرن و دەیانخەنـە کونجـی زیندانـەوە. ئـەوان دەیانـەوێ منیـش بگـرن."

"تۆش بگرن؟ بۆچی؟ چییت کردووە؟"

"هیـچ، خـۆ بـەلای کەمییـەوە هیچـی نائاسـاییم نەکـردووە. بەگوێرەی ئـەوان بێ، نابێ مـن هەندێ جۆرە کتێـب بخوێنمەوە. نابێ هەندێک شت بڵێم. من لەبـەر ئـەو پۆلیسـانە دەبێ ڕێز لـە شـا بگرم، بـەڵام مـن حـەزم بـە چـارەی شـا نییـە. ئیدی ئـەوان بەدوامـدا دەگەڕێن، دەیانـەوێ بمگرن. بۆیـە ناتوانـم بگەڕێمـەوە ماڵی."

"ئۆو." من ئەم نیشانەیەم لە ئاماژەکەی خوێندەوە.

"ئایـا دەزانـی لـەوەش پۆلکتـر[1] چییـە؟ ئـەو هەیتانـەی تـاران جلی فەرمییـان لەبـەردا نییـە. جلوبەرگی ئـەوان هـەر وەک هیـی من و تـۆ وایـە. تـۆ نازانـی ئاخـۆ کێ هەیتەیـە و کێ هـەو نییـە. منیـش ئـەو کڵاوە لـە سـەر دەکـەم بـۆ ئـەوەی نەناسـرێمەوە. هـەر بۆیەشـە ئـەو چاویلکـە لـە چـاو دەکـەم و سمێڵیشـم بـەر داوەتـەوە."

"باشـە ئەگـەر ئـەو هەمـوو هەیتەیـە لـەوێ هەبـن، ئـەدی چۆن ئـەو کتێبانـە دەربارەی ڕووناکـی و هـەوا دەخوێنیتـەوە؟"

ویسـتم پێـی بڵێـم، لـەم سـاتەمدا هیـچ کتێبێـک دەربـارەی ڕووناکـی و هـەوا ناخوێنمـەوە، بـەڵام هیچیشـم نەگـوت. خـۆ

١ پۆلکتر: بەدتر، خراپتر.



هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر وام بگوتبا ئەوا هەر ئازارم بۆ زیاد دەکرد.

"دەمەوێ شتێکی دیکەشت پێ بڵێم. ئەرێ هێشتا دکتۆر پور بەهلوولت بەبیر ماوە؟ ددانسازەکە."

"بەڵێ، بەبیرم ماوە، دکتۆرەکە..."

"ئایا دەزانێ کێ ئەوی گرتووە؟ شایەکە، هەیتەکانی شا. ئەو هێشتا هەر لە زیندانە. هەموو ددانەکانی لە زیندانلدا رزیون. تێدەگەی چی دەڵێم؟ هەموو پیاوە گرنگەکان... هەموو ئەو پیاوانەی دەخوێننەوە... هەر وەک ئەو دکتۆرە، هەموویان رقیان لە شایە."

ئەرێ دەکرێ ئەو شتە سەختانە بۆی بە نموونەی سادەوئاسان روون بکەمەوە؟ ئەرێ ئەوە مایەی راستگۆیی بوو کە بۆچوونەکانم فێری ئەو کردن؟ ئەرێ نەدەبوو شتەکانم وەک خۆی بۆ ئەو لێکەرابووایە و بۆچوونی ئەوم سەبارەت بە جیهان بە شێوەیەکی ئاسایی وەر بگرتایە؟

هەنووکەش کە بەو مەودا دوورە لەو ساڵانە دەڕوانم، هەندێ جار هەندێک لێی پەشیمانم، هەندێ جاریش نا. ئێستاش ناکرێ شتێکی دیکە بێ، خۆ نەدەکرا بیروبۆچوونی خەڵکی دیکەی فێر بکەم. ئێمە دەبووایە یەک شێوە پێک بهێنین، دەبووایە یەک ئایدیۆلۆژیمان هەبووایە. دەبووایە لە خۆمی نزیک بکەمەوە، لە راستیی نزیک بکەمەوە ئەو راستییەی فێری ببووم، دەنا بە پێچەوانەوە ئەو لەنێوان ئەوەی هەبوو، لەگەڵ بیروبۆچوونی کورەکەیدا سەرگەردان و حەیران دەبوو. وا دابنێ من گیرابام، هەیتەکان لەپڕ و لە نیوەی شەودا لە دەرگەی ئەویان دابایە، لێی وەژوور کەوتبان



هەواڵنامەی کتێب

و بە هۆی چالاکییەکانی منەوە هەموو شتێکیان بپشکنیبا و ئەویش ئاگای لە حەشتەبای[1] خوای نەبووبا.

من پێم وا بوو ئەرکێکی سەرشانمە، بۆی ڕوون بکەمەوە کە ڕەوشەکە چۆن دەگوزەرێ. لەبەر ئەوەی خێزانەکەم، دەرودرواسێ، ئاشنایان و تەنانەت سروشتیش، منی وەک ڕێنوێنێک لێ گرتبوو، واشی گەورە کردبووم، ئیدی بژارێکی دیکەم نەبوو، هەر دەبووایە بە شێوازی خۆم ڕێنوێنیم بکردبایە.

دەی با بە یەک جار ڕوون ببێتەوە، هەر هیچ نەبێ با بە خۆم بگوترێ، خۆ ئەگەر من باوکێکی دیکەم هەبووایە، لەوانەیە پەیوەندیم لەگەڵ ئەو بزوتنەوەیە پەیدا نەکردبووایە، یان بەو شێوە، تیایدا قووڵ نەبووبامایەوە. ئاخر کوڕی باوکێکی وەها، گەورەی دەکردم، ڕێنوێنیی دەکردم، منی بەو ئاراستەیەدا دەبرد. ئێستاش هەمووی وای لێ هات. ئێمە دەبووایە هەنگاوەکانمان لەگەڵ یەکدی بهاوێژین. ئەو دەبووایە لەنزیک منەوە وەستابایە، کەواتە لەپاڵ ئەو بزووتنەوە چەپەوە بووایە، کە من تێیدا کارا بووم. ئێستاش دەبووایە پێی بڵێم کە ئێمە - هاوڕێکانم و من - ئەومان بۆ کارەکانمان پێویست دەبێ.

"برادەرەکانم و من شامان ناوێ،" بەئاماژە وام پێ گوت. "ئەو دەبێ بڕوا."

سەرەتا لێم تێنەگەیشت باسی چی دەکەم، هەر بەکڕی سەیری دەکردم. لەپڕێکدا پەی بە شتەکە برد. ئیدی دەستەکانی بەنەرمی لەرزین.

---

١ حەشتەبا: هیچ شتێک.



هەواڵنامەی کتێب

”چۆن بڕوا؟ مەبەستت چییە؟“
”هەر وا، بڕوا! شا با بڕوا!“
”بەڵام، ئەو دەمانچەیەکی بە کەمەرەوە وەیە.“
منیش بیرم لێ کردەوە. بیکەم؟ نەیکەم؟
من دوودڵ بووم، بەڵام لە کۆتاییدا دەستی ڕاستەم خستە بن چاکەتەکەم دەمانچەکەم دەر هێنا و نیشانم دا.


هەواڵنامەی کتێب

# گردەکانی هۆڵەندا

ئێمە سەردانی لویس[1] دەکەین.
ئیسماعیل نایناسێ، بەڵام خۆ گرفت نییە.
لەماڵەکەی لویسدا ژنێکی گەنج هەیە.
بەخت وایە ئیسماعیل ببینێ.

لم و تەپۆلکەکان باش دەناسم، بەڵام تۆ بڵێی گردەکانی هۆڵەندا چۆن بن، نەمدەزانی. ئەرێ مرۆ چۆن دەتوانی لەسەر تەپۆڵکە لمینەکان پیاسە بکا، من لەمە نەدەگەیشتم.
سەیرێکی فەرهەنگم کرد:

گرد: ناوە، کۆیەکەی دەبێتە گردەکان. گردی لمین، لە ڕێی بایەوە پێک دێ. لەنێویاندا ئەو ڕیزە زورگانەی لەسەر دەریا هەڵکەوتوون: ١- گردەکانی ئێرە زۆر بەرز و بەرینن؛ لەسەر لووتکەی گردە بەرزەکان؛ ٢- هەموو گردەکان؛ لە گردەکانەوە ڕێچکەیەک هەیە، لەسەر گردەکان پیاسە دەکرێ، گردی بە داروبار؛ ٣- درەختێکی شەپقەدار (ئامۆفیلا ئارێنایا)

1 Louis

هەواڵنامەی کتێب

بڕینی گرد. (لە *فەرهەنگی ڤان دالــەوە*[1])

نامەیەکم لە ڕێبوارێکەوە پێگەیشت، بەدڵنیاییەوە هیی لویس بوو، پیاوێک کە لەنێو قیتاردا تووشی هاتبووم.

ئێوارەیەکی درەنگوەخت بوو، منیش بەو قیتارە، کە تا ڕادەیەک چۆڵیش بوو، لە زانکۆوە بەرەو ماڵ دەگەڕامەوە. خۆم خزاندە نێو ڤاگۆنێک کە لەدوای دواوەی قیتارەکە بوو، لە کابینەیەکی چوار کەسیدا دانیشتم. بەماندوویی دانیشتم و چاوەکانم لەسەریەک دانان، بەڵکو هەندێک چاوەکانم گەرم بکەم[2].

ئەرێ چەندی خایاند؟ نەمدەزانی. لەپڕێکیشدا بیستم یەکێک بانگ دەکا، "سڵاو!"

منیش چاوەکانم کردنەوە سەیری دەوروبەری خۆمم کرد. هێشتاش لە شوێنەکە بەدەر لە پیاوەکە کەسی لێ دانەنیشتبوو. نەشمزانی، ئاخۆ بانگ کرا، یاخود هەر وا شتێکم هاتە بەرگوێ.

"ئەرێ دەکرێ بێیتە لای من دابنیشی؟ من لێرە بەتەنیام." پیاوەکە وای پێ گوتم. منیش بۆ لای ئەو چووم. پێم وا بوو ئەو هێندە پیر نییە، تا بە داردەست بڕوا، بەڵام خۆ داردەستێکی پێ بوو.

"ئەرێ خەڵکی کوێی؟"

"خەڵکی وڵاتی فارس (پێرشیا[3])... ئێران." وام پێ گوتەوە.

"منیش هەر وام زانی خەڵکی ئەوێی." بەدڵخۆشییەوە

---

[1] Vamn dale: فەرهەنگی فەرمی و زمانی ستانداردی هۆڵەندییە.

[2] چاوگەرمکردن: سەرخەوشکاندن. کورتەخەو، گورگەخەو.

3 Perzie



هەواڵنامەی کتێب

وەڵامی دامەوە، ”هەر بۆیەش بانگم کردی. هەندێ جار من ئێرانییەکان لە ڕەفتارەکانیان دەناسمەوە. ساڵانێکی دوورودرێژ وەک پزیشکێک لە ئێران ژیاوم.“

”ئۆو، چەند خۆشە!“ کاردانەوەی من وا بوو.

ئیدی لەتەنیشتی دانیشتم.

”من ناوم لویسە، دەکرێ بە ناوی یەکەممانەوە یەکدی بدوێنین؟“

هەر یەکسەر کەوتینە قسەوباسێکی گەرمی دۆستانە. ئەو دەربارەی مانەوەی کاتی خۆی لە پارێزگای خوارووی ئێران، لەو شوێنەی بە نەوتی خاو دەوڵەمەندە دوا. ئەو لە سەرەتای شۆڕشەکەوە لەوێ بووە، پاشان دەبووایە لەبەر باڵوێزخانەکەی، بەنابەدڵی خۆی، لەگەڵ هۆڵەندییەکانی دیکە، ئێران جێ بێڵێ.

ئێمە هەر وەک هەموو ئاخاوتنە ڕێکەوتەکانی دیکە، دەربارەی ئەوە دواین کە چۆن هاتوومەتە هۆڵەندا و ئێستا من چی دەکەم و هۆڵەندام پێ چۆنە.

گفتوگۆکەمان یەک سەعاتی بچکۆلەی خایاند. ئەو ناوونیشانی منی لای خۆی تۆمار کرد. من دەبووایە لەوێدا داببەزم، ئەویش دەبووایە زیاتر بڕوا و شەو لای برادەیکی بمێنێتەوە.

یەک-دوو هەفتە دواتر، نامەیەکی ئەوم پێگەیشت. تا نامەکەم نەخوێندەوە، نەمدەزانی لە کێوە هاتووە. لەژێر نامەکشیدا ئەو وەرگێڕانە هۆڵەندییەی چوارینەیەکی شاعیری سەدەکانی ناوەڕاستی فارس، عومەری خەیامی نووسیبوو:



هەواڵنامەی کتێب

ئێمە خۆ لە سایەی بیچمێکی سەرشانۆ زیاتر نین،
هەندێ جار بیچمین، هەندێ جاریش نا
بەدەوری  تیشکی ڕۆژدا دەسووڕێینەوە،
لە نیوەشەویشدا لەلایەن کردگاری گەمەکە دەنێردرێن

لەبیرمە ئەو  زۆری پێ خۆش بوو، کە من ئەدەبیاتی هۆڵەندیم  دەخوێند.

ئەو پێی ڕاگەیاندم، کە ئەدەبیاتی فارسی زۆر پێ دلڕفێن بوو. لە ماوەی ژیانی لە ئێراندا، زۆری دەربارەی ئەدەبیاتی ئێمە نەدەزانی. تەنها دوای ئەوەی گەڕایەوە هۆڵەندا، بەدوای کتێبی فارسیدا گەڕا، کە وەر گێڕدرابوونە سەر زمانی هۆڵەندی.

ئەو بۆمی نووسیبوو، پێزانینی هەیە گەر بێت و جارێکی دیکە یەکدی ببینین، ئیدی بانگهێشتی کردم، کە سەردانی بکەم.

سەرەتا من بانگهێشتنەکەیم بەهەند وەر نەگرت. ئاخر خۆ هاموشۆم لەگەڵ هۆڵەندییەکان هەبوو، ئیگۆرم دەناسی، شاعیر و هونەرمەندەکانی دەوروبەری خۆم دەناسین، پەیوەندیم لەگەڵ یەک-دوو مامۆستای زانکۆ هەبوو، بەڵام ئەمەیان یەکەم جار بوو کابرایەکی غەریبە بانگهێشتی ماڵی خۆیم بکا. ئەو لە ئاخنێت ئان زێی[1] دەژیا. منیش سەیری نەخشەی هۆڵەندام کرد. خۆ زۆریش لە ئێمە دوور نەبوو. بەڵام هێشتا بیرم لێ کردەوە: نەخێر، من ناچم، ئاخر لەوانەیە ئەو هەموو ئێوارەکە هەر باسی یادەوەریی خۆی لە ئێران

1 Agnet aan zee



هەواڵنامەی کتێب

بکا، هیچ میزاجی ئەوەشم نەبوو.

لێ یەک دێڕ لە نامەکەی منی تاسەمەند کرد، "لێرە گردی زۆر جوان هەن، جوانترین گردەکانی هۆڵەندان. دەکرێ بەسەر ئەو گردانەدا خۆشترین پیاسە بکەی. بەدڵنیاییەوە پێت خۆش دەبێ. هیوادارم بەپیر دەنگمەوە بێیت."

منیش پێم وا بوو بەڵکو سەردانەکەم بەدڵ بێ. بەتایبەتیش "ئاخنێت ڤان دە زێی" هەندێک ڕازداریانە دێتە بەرگوێ.

بیرم کردەوە، خۆ دەکرێ ڕۆژێک بۆی دەر بچم. لەوێ دەریاش ببینم. سەبارەت بە گردەکانی هۆڵەندا، بۆ یەکەمین جار و لە ماوەی لێکدانەوەی پەخشاندا، بیستم و خوێندمەوە. لە کۆلیژدا پارچەدەقێکی فریدریک ڤان ئێدەنمان[1] لە کتێبە کلاسیکییەکەی خۆی بە ناوی *یوحەننای* بچکۆلەوە خوێندەوە:

*پەککو! دەکرێ من لێرە بەو ڕێیەدا بفڕم، زۆر دوور بڕۆم، بەرەو گردەکان، بەرەو دەریا!*

*بەیانییەکەی هەمووان بەخۆشحاڵییەوە، لە کاتێکدا جارێک بەر لەوەی بگەڕێنەوە، بەرەو ماڵی ئەو بەرەو لای باوکی، بەڵکو یەک جاری دیکە باخەکە و گردەکان ببینن.*

ئیدی زەنگم بۆ لویس لێدا. لە ڕێگادا "گوڵستان" دیوانە وەر گێڕاوەکەی مامۆستای شیعری فارسی، سەعدیم کڕی و لەگەڵ خۆمم برد. من لە مامۆستای پەخشانی کۆلیژەکەم بیست، کە تازە وەرگێڕانێکی باشی دیوانەکە چاپ و بڵاو بۆتەوە.

سواری پاسەکە بووم، هەر بەڕاستی ڕۆژێکم بۆ

1 Frederik van Eden



هەواڵنامەی کتێب

سەردانەکە تەرخان کرد. سەرەتا بۆ لەیلاستاد[١]، ئینجا بەرەو ئێنکهاوزن[٢]، لەوێش بۆ ئەلکمار[٣] و لە کۆتایشدا بەنێو بێرخندا[٤] بۆ ئاخنێت ئان زێی.

ئەرێ تۆ بڵێی ئاخنێت واتای چی بگەیەنێ؟ ئاخنێت کێ بوو؟ یان تۆ بڵێی ئاخنێت هەر هەبووبێ؟ لێکدانی ئاخنێت ئان دە زێی (ئاخنێتی زێ) پێم شتێکی جوان بوو. منیش کەڵکەڵەی خەیاڵم کەوتە سەر ئەوەی ژنێک لەسەر لێوار وەستابێ و بەبێدەنگی سەیری دەریا بکا.

ئاخنێت بەندەرەشارۆچکە بوو، گوندێک کە جیاواز بوو لە گوندەکانی هۆڵەندا، یان شارۆچکەیەک، کە کڵێسایەک و گۆڕەپانێکی هەبوو. ئاخنێت ئان زێی بە شوێنێکی گەشتیاری دەچوو، بەڵام ئارام و خامۆشیش بوو. لەوانەیە لە هاویندا ئێرە قەرەباڵغ بووبێ. هەرچەندە کەشوهەوا سارد بوو، کەچی پڕ لە گەشتیاری ئاڵمان بوو. دوای گەڕانێکی یەک چارەکەسەعاتی، لە دوورەوە تەپۆڵکەیەکی تەنیام بینی، نەخێر، لەوێدا پووشی زۆر، پووشی زەردی لێ شین ببوو. بایە ساردەکەش شەپۆلەکانی دەریای زیاتر دەکردن و بە پووشەکەی دادەدا، بەمەش دیمەنەکە قەشەنگتر دەبوو. ئەم جۆرە گردانەم بە گیای وشکەوە، قەت نەبینیبوو. هەر

1 Lleylastad
2 Enkhuizen
3 Alkmar
٤ Bergen: جێگەی سەرنجە بێرخن واتای شاخەکان دەدا. لە وڵاتی هۆڵەندا کە کێوی تێدا نییە، کەچی ناوی چەند جێیەک بێرخن -شاخەکانە وەک بێرخن، سێ بێرخن ، حەفت بێرخن... هتد.


هەواڵنامەی کتێب

دەبێ ئەوانە گردەکانی *یوحەننای* بچکۆ*لە*کە بن. من وەستام و بەبێدەنگی تەماشای ئەو دیمەنە سەرنجڕاکێشەم دەکرد. گردەکان، گرد و هەر گرد، هەر وەک زورگ، زورگ و هەر زورگ، بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانی، بەرەو چی بەرز بوونەتەوە و چ شتێکیش لەودیودایە.

"ئەرێ ، جوانە." گوێم لە پیاوێک بوو لە پشتەوەڕا گوتی.

منیش ئاوڕێکم لێی دایەوە.

"دوای نیوەڕۆت باش،" لەپشت جامی پەنجەرەوەکەوە وا بانگی کردم، "ئەرێ دەمناسییەوە؟"

"یەکەم جار نەخێر، بەڵام ئێستا بەڵێ."

"لەوێ بوەستە تا قاپییەکە دەکەمەوە."

هەندێکی خایاند تا دەرگاکە بکاتەوە. ئەو ویستبووی بە پێ بەپیرمەوە بێ، بەڵام نەیتوانی.

چەند هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا، لێ لالا چوو، هەر خەریک بوو بکەوێ، من بەلەز بەرەو ڕووی غارم دا و گرتم، توند قۆڵم گرت.

"سوپاست دەکەم،" بەدڵخۆشییەوە وای پێ گوتم، "وات زانی دەکەوم، بەڵام خۆ من ناکەوم."

من قۆڵی چەپەم دایە تا قورسایی خۆی بخاتە سەر. ئەویش لەپی دەستەڕاستی لەسەر دانا، "پیاو، تۆ شانی توندوبەندت هەیە. دەی فەرموو بۆ ژوورەوە. زۆر خۆش بوو کە هاتی."

گەمژە بووم، کە لەنێو قیتارەکە تێبینیم نەکرد، ئەو پیاوێکی کەمئەندامە. هەوڵێکی واشم نەدا سەرنجی وا بوروژێنم، کە دەیزانم. ئاخر من هەر زوو کەوتمە بن



هەواڵنامەی کتێب

باندۆری کەسایەتییەکەی. کاتێکیش لە ماڵەکەی چووینە ژوور، ئەو شانی منی بەر دا و تێکۆشا بە هێز و توانای خۆی ڕێ بکا. منیش پێم وا بوو ئەو دەکەوێ، سەری خۆی لە دیوارەکە دەدا. نەخێر، ئەو نەکەوت. ئەو دەستی بە کورسی، بە دۆلابی کتێبان گرت و بۆ پێشەوە دەڕۆیشت.

"خۆ ئەگەر پێت وا بێ، من دەچم و قاوەت بۆ ئامادە دەکەم، ئەوا سەرچیخ چووی. ڕۆیشتنم پێ دەکرێ، بەڵام ڕۆیشتن بە کوپێ قاوەوە بۆ من مەیسەر نابێ. دەی خۆت بڕۆ ناندینەکە و قاوە بۆ خۆت بێنە. لێرە منیش بۆت تێ دەکەم، من خۆم چای گیایی دەخۆمەوە."

کاتێکیش چوومە ناندینەکەی، هەستم کرد، من ئەو پیاوە نەناسراوەم، تا ڕادەیەکی زۆر کەوتە بەر دڵ.

ئاخر خۆ من لە ماڵەکەی ئەو غەوارە نەبووم. مۆبیلیاتەکەی، کورسییەکانی، زۆپاکە و دۆلابی کتێبەکانی هەموویان جێی متمانە بوون. منیش قاوەکەی خۆم و چایەکەی ئەوم بردن و لە ژوورەکەی ئەوم دانان. خۆم بەو هاتنەم دڵشاد بووم.

"وای لەو دیمەنە. ئێوە لە شوێنێکی جواندا دەژین." بەدەم گوتنی ئەم وشانەوە ئاماژەم بە دیوی دەرەوەی پەنجەرەکە بەرەو گردەکان کرد.

"ئاساییانە بڵێ (تۆ). پێویست ناکا بە (ئێوە) ناوم بێنی.[١]"

"دەبێ لەسەری ڕابێم."

"بەڵێ، دیمەنێکی جوانە." ئەویش گوتی، "بەڵام ژنەکەم

١ لە زمانی هۆڵەندیدا دوو وشە بۆ تۆ هەیە، یەکیان je واتە تۆی ئاساییە، ئەوی دیکەشیان U ئەویش هەر تۆیە، بەلام بۆ ڕێز و بۆ گەورە و بۆ فەرمییبوون بەکار دەهێنرێ. لە کوردیدا دەکرێ تۆی یەکەم هەر تۆ بی، تۆی دووهەمیش ئێوە بێ.



هەواڵنامەی کتێب

لێیـان بێـزار بـووە. بیسـتوپێنج سـاڵی ڕەبـەق سـەیری ئـەو گردانـەی کـرد. چیـدی نایـەوێ بیانبینـێ.“

”ئەدی خۆت؟“

”ئـەز؟ مـن هەمیشـە هـەر بـە جوانیـان دەبینـم. مـن خـۆم نەخشـەیەکم هەیـە. بـۆ چەنـد سـاڵێکی دیکـە بەتـەواوی لـە پەلوپۆ دەکەوم، ناتوانم چیدی بە پێ بڕۆم. ئەوسا دەبێ بۆ هەمیشـە هـەر لەنێو جێدا بکەوم. لە ماوەیەکی کورتدا هەندێ دەسـتکاری ماڵەکـەم دەکـەم. لـە سـەرەوە کـە هەورەبانەکەیـە، ژوورێکی بۆ زیاد دەکـەم. ژوورێـک بـە پەنجـەرەی گـەورەوە. پێخەفەکـەم لـەلای پەنجەرەکـە دادەنێـم، بـۆ ئـەوەی گردەکانـم بـاش لـێ دیـار بـن. بـە داخـەوە ناتوانـم دەریاکـە ببینـم، بـەڵام ئەمـە گرفـت نییـە. خـۆ ناکـرێ هەمـوو شـتێکت هـەر هەبـێ.“

دوای ئەمـە بۆ ماوەیەک باسـی ئێران و دەوڵەتمان کرد، باسـی کولتـووری ئێرانـی و ئەدەبیاتـی فارسـیمان کـرد، لێـم پرسـی ئاخۆ دەکرێ نهۆمـی یەکەمـی ماڵەکەیـم نیشـان بـدا.

”نەخێر کاکە، من نـا. بەخۆت بڕۆ. من ناتوانم بەسـەر هیچ دارێک بکەوم.“

”گەر حەز بکەی من یارمەتیت دەدەم.“

بە زەحمەتێکی زۆر بەرەو نهۆمی سـەرەوە ڕۆیشـتین. دیار بـوو ئـەو زۆر شـادمان بـوو، ”خەریکـە بـاوەڕ نەکـەم. ئـەرێ دواجـار کـەی بـوو هاتمـە ئێـرە؟ لەبیـرم نەمـاوە... سـاڵانێکە، سـاڵانێکی درێـژ بـوو، مـن لێـرەوە سـەیری گردەکانـم دەکـرد.“

”ئەرێ منداڵت هەن؟“ وام لێ پرسی. ”بەڵکو کوڕێک؟“

”نەخێر، هیچ کوڕم نین. تەنها کیژێکم هەیە.“



هەواڵنامەی کتێب

"پەیوەندیت باشە لەگەڵی؟"

"بەڵێ، بۆ؟"

"کاتێ تۆ نەخۆش کەوتی و ئیدی... نەتتوانی بڕۆی، تەمەنی ئەو چەند بوو؟"

"شتەکە بەرەبەرە ڕووی دا، ئەو هێشتا منداڵ بوو. کتومت دەتەوێ چی بزانی؟"

منیش باسی باوکمم بۆ کرد. پێم گوت، وەک منداڵێک هەمیشە هەستم بەو ئەرکە دەکرد، دەبووایە لەنزیک باوکم بووبام، هەمیشە لەو شوێنە بام کە ئەو لێی بوو، تا یارمەتی بدەم. بەکورتی، من لەگەڵ ئەودا دەجووڵام.

"کچکەم هەمیشە کۆمەکی کردووم. هەر لەبەر ئەوەشە شانەکانی پتەو و بەهێزن، بەتایبەتیش شانی چەپی، باش و بەهێز و ماسوولکەدارە. ئەو هەمیشە بۆم ڕاوەستابوو، لە خزمەتمدا بوو. ئێستاش هەموو ئێوارەیەک سەرم لێ دەدا."

لە کاتێکدا ئەو دەستی بە دیوارەکە گرتبوو، نیشانەی بە گردەکان دا و گوتی، "تەماشاکە. بیستویەک گرد لەولاوە، لەودیو بیستودووهەمینیانەوە دەریا هەیە، بەڵام لەمێژ ساڵە نەگەیشتوومەتە ئەوێ و نەمبینیوە. پێشان هەموو ئێواران، کە تاریک دادەهات بەسەر گردەکان دەچوومە قەراغ دەریا، بەڵام لەو کاتەی نەخۆش کەوتووم، هێز و زاتم نەبووە بەسەر تەپۆڵکەکاندا هەڵبگەڕێم. ئەوەش وەک خەونێکی لێ هاتووە، هەرگیز بەدی نایەت."

"چی بۆتە خەون؟"

"جارێکی دیکە بە پێ بچمە ئەوێ و سەیری دەریاکە بکەم."



هەواڵنامەی کتێب

"هەموو کات دەتوانی وا بکەی، دەکرێ ڕێچکەیەکی دیکە بگریتە بەر، بە داردەستێک، وردەوردە بەرەو دەریا بڕۆی. یاخود دەکرێ لە کیژەکەت داوا بکەی."

"من ئەمەم ناوێ. دەمەوێ بەنێو گردەکاندا بڕۆم. هەر وەک جاری جاران لە تاریکاییدا بچمە سەر هەوراز و شۆڕیش ببمەوە. بەڵام خۆ ئەوە قەیدی ناکا. هەندێ جار ناتوانی ئیشە هەرە سادە و ئاساییەکانیش بەجێ بگەیەنی."

خەونەکەی ئەو سەرقاڵی کردم. شتێکی جوان لەنێو خەونەکەیدا هەبوو. شتێک کە منی بۆ خۆی ڕاکێشا و هەستم پێی کرد. ئەو دەریایە بۆ منیش وەک شتێکی دەستپێنەگەیشتووی وا بوو.

ئەو وای لێ پرسیم. "ئەرێ بۆچی وا بێدەنگی؟"

"بیر لەو دەریایە دەکەمەوە. بیر لە دەریاکەی تۆ، کە کەوتۆتە پشت ئەو زوورگانە. بە داخەوە بۆ تۆ، کە دواتر دەچیتە ناوجێگە و ناتوانی دەریاکە ببینی. ئاخر دەریاکە تامێکی دیکە دەداتە مانەوەی ئێرەت."

"ئای چەند جوانت هێنایە سەر زمان!"

کورسییەکم لە بەردەم پەنجەرەکە دانا و بە پێ چوومە سەری.

"پێم وایە دەریاکە دەبینم،" وام پێ گوت. "هەر بەڕاستیش وایە. من شتێک دەبینم، وەک پەردەیەکی شین دەجووڵێتەوە. خۆ ئەگەر پێخەفەکەت دوو مەتر بەرز بکەیتەوە، ئەوا دەریاکە دێتە نێو هۆدەکەت."

"شێت... کەسێک هەرگیز نەهاتۆتە سەر ئەو بیرۆکەیە، کورسییەک بێنێ و لەسەری بوەستێ."



هەواڵنامەی کتێب

"حەز دەکەی بێیتە سەر کورسییەکە بوەستی؟"

"کاکە، ڕەفتاری ئاساییانە بنوێنە."

"باشە، جاران چ کاتێک بەسەر گردەکاندا بەرەو دەریا دەڕۆیشتی؟"

"ئەوە ماوەیەکی یەکجار لەمێژە، هیچم لەبیرم نەماوە. زۆر جار کە تاریک دادەهات، دەڕۆیشتم."

"دەکرێ ئەم ئێوارەیە هەوڵێکی بۆ بدەین؟"

"چی؟"

"بەیەکەوە بەسەر گردەکاندا بەرەو دەریا بڕۆین، هەرکاتێک تاریک داهات وا دەکەین."

"ئەرێ ئەوە تۆ شێت بووی." لویس بەخەندەوە وای پێ گوتم.

"خۆ شێت نیم. من دەزانم چ پێویستە. ئەرێ چەند گردن؟ من زۆر ڕاهێنانم کردووە."

"ڕاهێنان؟ چ جۆرە ڕاهێنانێک؟"

"ئەمەیان چیرۆکێکی درێژە. جاران من ئەندامێکی کارای بزوتنەوەیەکی نهێنی بووم. بەردەوام دەچووینە شاخەکان. ئەوەی شۆڕشگێرانی کوبا لە بەرچاوی خۆیان دانابوو، کردبوومانە سەرمەشقمان، ئێمەش دەمانویست هەر وەک کاسترۆ ڕۆژێکیان بە خۆمان و هەزاران لایەنگرەوە لە شاخەکانەوە دابەزینە نێو شارەکان و شا ڕاو بنێین. ئێمە بەتوندی بۆ ئەو ڕۆژەی کە دەهات، مەشقمان کردبوو. ئێمە فێر بووین چۆن جەنگاوەرێکی بریندار یان کوژراو لە چیاکاندا دابەزێنین و بیگەیەنینە شارەکان، بەڵام دەرفەتی ئەوەمان بۆ هەڵنەکەوت، مەشقەکانمان بەکار بێنین. متمانەم



هەواڵنامەی کتێب

پێ بکە. من بەباشی ئەوەم پێ دەکرێ لەگەڵ کەسێک، کە نەتوانێ بەباشی لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێ، بەسەر گردەکان بکەوم و داشبیەزم."

ئەو هیچی نەگوت، سەرەتا هەر تەماشای کردم، پاشان سەیری گردەکانی کرد.

"لە چووندا بە پێ دەڕۆین. لە گەڕانەوەشماندا بیر لە شتێکی دیکە دەکەینەوە."

لە ئێوارەکەدا کە با شەپۆلەکانی دەریای لە پووشەکە دەدا، لویس باسکی چەپی خستە سەر شانی ڕاستەم و بەم جۆرە گەشتەکەمان ڕووەو دەریا دەستی پێ کرد. ئەو هێشتا زاتی نەدەکرد. ماسوولکە نەخۆش و نووستووەکان نەیاندەویست هاوکار بن. من شوێنەکەم گۆڕی، شانەکەی دیکەم دایە بەر، بەڵام ئەمەش هەر دادی نەدا.

بە هەناسەساردییەکەوە گوتی، "دەیبینی. کارەکە سەر ناگرێ."

من یارمەتیم دا تا قۆڵی چەپی ئەو بکەوێتە سەر شانم، ئینجا کەمێ قورسایی خستە سەر من و هاوسەنگ بوو. وەک ئەوەی هاوڕێکەت پێی ڕاستەی لەدەست دابێ و هێشتا توانای هەبێ بە پێی چەپە بڕوا.

منیش وام پێ گوتەوە، "ئێستا دەبێ سەر بگرێ."

ئەمەش نەچووە سەر. بیرم هاتەوە کە چی فێر ببووم. هەر دەبێ لویس باوەڕی بە فریادڕەسیی من هەبێ. دەبێ یارمەتیی بدەم تا هەر بیر لە برینەکەی خۆی نەکاتەوە، بەڵێ دەبووایە بگەیەندرابایەتە شار، نەدەبووا بیر لە مەودا



هەواڵنامەی کتێب

دوورەکە بکاتـەوە، بەڵـێ بیر لـەو دیکتاتـۆرە بکاتـەوە کـە ڕاوی دەنـێ.

”لویس، من چیرۆکێکم هەیە.“ من وام پێ گوت.

”لەبارەی چی؟“

”من بە کتێبێکەوە خەریکم.“

”چۆن خەریکبوونێک؟“

”کتێبێک، ڕۆمانێک بە زمانی هۆڵەندی دەنووسم.“

”بەهۆڵەندی؟ دڵگیرە. دەربارەی چییە؟“

”لەبـارەی باوکمـە. بۆتـی ڕوون دەکەمـەوە. باوکـم لـە ژیانیدا ڕۆژژمێرێکـی هەبـوو. هەنـدێ جـار چەنـد ڕسـتەیەک، هەنـدێ جاریـش بڕگەیـەک، جـاری واش هەبـووە لاپەرەیەکـی پـڕ کردۆتـەوە، بـەڵام کتێبەکـە شـتێکی نامۆیـە.“

”بۆچی نامۆیە؟“

”چونکە ناتوانم بیخوێنمەوە.“

”بۆچی ناتوانی بیخوێنیتەوە؟“

”چونکـە ئـەو بـە زمانێکـی وای نەنووسـیوە بخوێندرێتـەوە، ئـەو بـە خەتێکی بزماری نووسـیوە. من دەیخوێنمەوە، مەبەسـتم ئەوەیـە، سـەیری دەکـەم، تێدەکۆشـم هەرجارەی پارچەیەکـی لێ وەر بگێـڕم، نەخێـر، وەرگێـڕان وشـەیەکی دروسـت نییـە، هـەوڵ دەدەم ڕۆژژمێرەکـەی وا لـێ بکـەم بخوێنرێتـەوە و ئەمـەش بـە هۆڵەنـدی دەکـەم.“

”والێکـردن بخوێندرێتــەوە، ئاخــر ئەگــەر بەخــۆت نەیزانــی بیخوێنیتــەوە، چــۆن دەبــێ؟“

”ئەگەر تەواوم کرد، نیشانتی دەدەم بیخوێنیتەوە.“

بەدەم قسەکردنەوە گەیشتینە گردی سێیەم.



هەواڵنامەی کتێب

تاریک داهاتبوو، بەڵام لە چاوەکانی ئەو گەشبینیم بەدی کرد.

تا گەیشتینە گردی حەفتەم، ئەوەم پێ ڕاگەیاند، تا ئێستا لەگەڵ کتێبەکە گەیشتوومەتە کوێ.

"دەی با کەمێک دانیشین." لویس وای دەر بڕی.

بارانیش خەریک بوو نمنم دەباری.

"تۆ یەک-دوو جار گوتت، داخی ئەوە دەخۆی هەندێ جار باوکی خۆت بەخراپی بەکار هێناوە،" لویس لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو، "من تێناگەم تۆ باسی چی دەکەی، بەڵام پێم وایە گەر منیش لە شوێنی تۆ بام، هەر هەمان شتم دەکرد. ئەرێ بەڕاست، ئەو، ئەو شتەی دەکرد کە لێت داوا دەکرد؟"

"بەڵێ، ئەوەش کتومت ئەم شتەیە، ئێستا ئازارم دەدا."

بەرەبەرە وام کرد لویس لەسەر پێی خۆی بوەستێ، لەبریی ئەوەی لەسەر لاشانی من بێ. من ویستم هەست بەو ڕێگایەی بن پێی خۆی بکا. لەوانەیە ئەمەش شتێکی هۆشمەندانە نەبووبێ. ئاخر بەم کارە ماسوولکە نەخۆشەکانی خراپتر دەبوون، بەڵام خۆ من تەنها بیرم لە خەونەکەی ئەو دەکردەوە. لەپڕێکیشدا درکم بەوە کرد، ئەو شتەی لەگەڵ باوکم کردبوو، وا خەریکم لەگەڵ لویسیشی دەکەم.

خۆ نەدەبووایە ئەو بەو کارە ناچار بکەم، نەدەبووایە لەبریی ئەو بیر بکەمەوە. بۆیە دیسان گرتمەوە و وام لێ کرد پاڵ بداتەوە من.

ئێستاش ڕەوشەکە باشتر دەڕۆیشت و منیش درێژەم بە چیرۆکەکەم دا.



هەواڵنامەی کتێب

"لویس، تۆ لە ئێران کارت کردووە. خۆت دەزانی، ئێمە زیاتر لە دوو هەزار کیلۆمەتر سنوورمان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتی جاراندا هەبوو. ئەو ناوچەیەش بەتوندی کەوتبووە بن چاودێرییەوە. هیچکەس لە ئێمە نەیدەوێرا لەو ناوەدا خۆی نیشان بدا. هەر لەوێ ببینرابای، یەکسەر دەگیرای. بەڵام باوکم لەو بارەیەوە کێشەی نەبوو. هەمووان دەیانناسی. ژەندرمە وازیان لێ دەهێنا بە کەیفی خۆی بێت و بڕوا. ئەو وەک بزنەکێوی ئازاد بوو، بۆ هەرکوێیەک بیویستبا، دەچوو. ئێمەش دەمانزانی کە شۆڕشێک بەڕێوەیە و وامان دانابوو لە ماوەی تەنها ساڵێکدا شا لەناو بچێ. ئێمە پەیوەندیی زۆرمان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبوو، بەڵام پەیوەندییەکان لە ڕێی ئەورووپا، لە ڕێی ئاڵمانی ڕۆژهەڵات، بە ڕێگایەکی درێژدا دەڕۆیشتن. ئێمە پێویستمان بە ڕێگایەکی خێرا بوو. هەندێ جار حزبەکە دەیویست شتێک بۆ یەکێتیی سۆڤیەت بنێرێ و دەمودەستیش وەڵامەکەی وەر بگرێتەوە. ئێمە کەسێکمان پێویست بوو بگاتە سنوورەکە. کەسێکی وەک باوکم."

"ئەویش بە مەترسییەکەی دەزانی؟ بۆ نموونە بەوەی گەر گیرابا، ئەوا سزای مردنی بەسەردا دەسەپا؟"

"نەخێر، بەڕاستی نەیدەزانی. من مەترسییەکەم بۆ ڕوون کردبووەوە، بەوەی لەوانەیە بگیرێ، بەڵام ئەو لە مەترسییەکە نەدەگەیشت."

"باشە ئەو چی بۆ تۆ، بۆ ئێوە کرد؟"

"من نایزانم. نەدەبووایە بمزانیبایە. دەبووایە شتێکی بدەمێ و باش بۆی ڕوون بکەمەوە، کە بیگەیەنێتە دەستی کێ. بەڵگەنامە نهێنییەکانم لەنێو بەرکی هەگبە ڕەشەکەی دادەنا.



هەواڵنامەی کتێب

ئەویش هەگبەکەی بەکۆڵدا دەدا و لێی دەدا و دەڕۆیشت. لەسەر سنووریش، یەکێک چاوەڕێی دەکرد، ئەویش هەگبەیەکی ڕەشی پێ بوو. لەوێدا هەگبەکانیان دەگۆڕینەوە."

"دەی بڵێ، شتێکی ناقۆڵا."

"منیش هەر وای دەبینم. زۆر ناقۆڵا."

"باشە ئەوەت دەهێنایە پێشچاوی خۆت، گەر هاتبا و بە شتەکانەوە گیرابا؟"

"بەڵێ. تۆ مەترسییەکەت دەبینی، بەڵام ئەوەندە لەگەڵیدا خەریک بووی... مەبەستم ئەوەیە، لە ڕاستیدا نابینا ببووی. خەونەکە تۆی کوێر کردبوو. مێشکت بە شێوەیەکی دیکە کەوتبووە گەڕ، بۆیە شتەکانت بە شێوەیەکی دیکە دەبینی. ڕاستیت پێ بڵێم، پێم وا بوو لەوانەیە ئەو بگیرێ. ئیدی ئەشکەنجە بدرێ بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ کێ لە پشتیەوەیە، بەڵام دەمزانی هاوکاری جەللادەکانی ناکا. ئاخر پێم گوتبوو، نابێ هەرگیز باسی پەیوەندییەکانی بکا. هەر ئەمە دووپات بکاتەوە: من هیچی لێ نازانم، هیچی لێ نازانم، هیچ نا، ئەوانە هەر ئەو ئاماژانە بوون، دەبووایە بەکاری هێنابان."

"هەر بۆیە تا ئەو مەودایە زۆرە ڕۆیشتی... گوێت لێمە؟"

"چی؟"

"دەریاکە. ئێمە نیوەی ڕێگەمان بڕیوە. لێرەوە بەڕوونی گوێم لە دەنگی دەریایە، پێدەچێ نائاسوودە بێ."

منیش هەناسەم ڕاگرت، تا گوێم لە دەنگی دەریا بێ. بەڵام خۆ باران بەسەر دەنگی شەپۆلەکان زاڵتر بوو.

بایەکەش تا دەهات زیاتر و زیاتر بەسەر پووشەکەدا



هەواڵنامەی کتێب

هەڵی دەکرد. پیاوێکی تەڕبوو لێمان وەردەر کەوت، پاشان لە بەرچاوان ون بوو.

ئەم جارەیان لویس سەری قسەی وەر گرتەوە، "باشە چۆن بوو لەو هەموو جارانەدا و لەو شوێنە پڕچاودێرییەدا، باوکت نەگیرا؟"

"ئەری قەت گوێت لە مەهدی، لە دوازدەهەمین ئیمام بووە؟"

"نەخێر."

"خۆ ئەگەر لە ئێران ژیابای، هەر دەبێ شتت لەبارەی ئەوەوە بیستبێ. ئەو بیچمێکی فریادڕەسە. خەڵک بڕوای وایە، لەنێو بیرێکدایە لە گوندی زافەران، خۆی شاردۆتەوە، ئیدی کە ئەو هاتە دەر جیهان لە کوێرەوەری ڕزگار دەکا. ئەرێ ئەو چاڵە، هیچ زەنگێکت بۆ لێ نادا؟"

"لەڕاستیدا نەخێر."

"خۆ تۆ لە پارێزگای باشووری وڵاتدا کارت کردووە. لەوێدا خەڵک ئەوەندە زۆر دیندار نییە. ئەو چاڵە پیرۆزە لە شوێنێکی دوورەدەستی شاخی زافەران، لە زێدەکەی باوکمە. بۆ باوکم ئەو بیرە، چەقی بازنەی گەردوون بوو. جۆرێک لە هێمایەکی یەزدانی لەسەر گۆی زەوی بوو. من دیندار نیم، هەروەها بڕوام بە خورافاتیش نییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە بڕوابوونی ئەو بە ئیمامی مەهدی، یارمەتیی داوە."

لویس بە دەنگی بەرزەوە پێکەنی.

"بە چی پێدەکەنی؟"

"نەخێر، بە هیچ، دەی لێی بگەڕێ."


هەواڵنامەی کتێب

ئێستا گوێم لە دەریایە. دەستی لویس لەسەر شانم دەلەرزێ.

"خۆ ئەگەر دوو گردی دیکە ببڕین، دەکرێ دەریا ببینین." ئەو وای پێ گوتم.

"ئەرێ هێشتا پێت دەکرێ خۆت ڕابگری؟"

"من، بەڵێ. هەر دەبێ تۆ لەو نێوەدا لەبەر قورساییيەکەی من ماندوو بووبی."

"بەڵێ من ماندووم، بەڵام ئەگەر بگەینە دەریا، ئەوا کاتە لەدەستچووەکەم بۆ دەگەڕێتەوە."

"کامە کاتی لەدەستچوو؟"

"ئەو هەموو مانگانە، ئەو ساڵانەی کە لەگەڵ هاوڕێکانمدا لە شاخەکانی نیشتماندا مەشقمان لەسەر دەستبەسەرداگرتنی شاردا دەکرد."

"ئەو کاتە لەدەستچووە، هەمووان هەیانە. ئەمە کاتی لەدەستچوو نییە، ئەوە خۆی بەشێکە لە ئەزموونی ژیان."

ئەو لە هیکەوە بانگی کرد، "دەریاکە! ئەرێ تۆش دەیبینی؟"

من لەو تاریکییەدا دەریام پێ جیا نەدەکرایەوە. هێشتاش دەریا، دەریای لویس بوو، هیی من نەبوو.

من ئەوم توند گرتبوو لێی گەڕام بەبێدەگی سەیری دەریا بکا. تێبینیم کرد چیدی خۆی لەسەر قاچەکانی ڕاناگرێ.

"هێشتا چوار گرد ماون،" لویس وای گوت. "من پێم دەکرێ!"

پووشەکە تەڕ ببوو، منیش دەترسام نەبادا بخلیسکێم. چیدی گوێم لە دەنگی دەریا نەبووەوە. لە دوایین گردەکەدا پێم گوت، "من چیدی هەست بە پێیەکانم ناکەم."



هەواڵنامەی کتێب

”لەوانەیە وا باشتر بێ کەمێک دابنیشین، هەندێک پشوو بدەین.“ من بووم وام گوت.

ئیدی یەک چارەکەسەعات دانیشتین. ئینجا لە کۆتاییدا بنباڵم گرت و هەڵمساندەوە.

لویسیش گوتی، ”ئێستاش هەر دەبێ سەر بگرێ.“

من دەریام نەدەناسی، بەڵام بە بیابان بەڵەد بووم.

لمی تەڕ و شێدار هیی لویس بوو. لمی وشکهەڵگەڕاویش هیی من. دەریاکە، گردەکان، پووشوپەڵاش و باران هیی ئەو بوون، بەڵام شەوەکە هیی من.

”خۆ ئەگەر لە کتێبەکەم بوومەوە،“ بە لویسم گوت، ”چیدی لە خزمەت باوکمدا نامێنمەوە. ئەوسا بۆخۆم دەژیم.“

لەو ساتەدا گوێم لە دەنگی ژنێک بوو بەو تاریکییە لەپشت گردەکانەوە بانگی دەکرد، ”باوکە! باوکە!“

”من لێرەم.“ لویسیش بەجۆشەوە وای وەڵام دایەوە.

لە کۆتاگردەکەدا و لەبەر تیشکی مانگدا، لەپڕ سیمای ژنێکی گەنج بە خۆی شەپقەیەکەوە لێمان وەدەر کەوت.

”ئەرێ باوکە، چۆن گەیشتویتە ئێرە؟“

منیش سەیرێکی ژنەکەم کرد. بای لێ دەهات و ئەویش شەپقەکەی توند گرتبوو.

باران بەسەر کڵاوەکەیدا دادەباری، ئینجا لەبەر لویس دانووشتایەوە.

گوێم لێ بوو ژنەکە گریا. لویسیش ئاماژەی بۆ من کرد. لە کۆتاییدا بەخۆی هاتەوە.

بایەکە توند هەڵی دەکرد. ئەویش شەپقەکەی توند گرتبوو، سەیری دەریای دەکرد، سەیری ئەو شوێنەی کرد، کە من لێی وەستابووم.



هەواڵنامەی کتێب

# جەمیلە

له دووتوێی ئەم چیرۆکەدا جەمیلە دێتە پێشەوە.
هەنوانێک بۆ جەمیلە.

یەکێک لـە ئەرکـە گرنگەکانـی حیـزب، کـە بـە مـن سـپێردرا، دۆزینـەوەی هەنوانێـک[1] بـوو بـۆ جەمیلـە.

ئەمـەش بەرپرسـیاریەتییەکی گـەورە بـوو. خـۆ ئەگـەر هەڵەیـەک ڕووی دابـا، ئـەوا هەرگیـز پێـم ڕاسـت نەدەکرایـەوە. ئەگـەر هاتبـا و مـن لـە بارێکدا نەبووبـام هەنوانێکـی سـەلامەت بـۆ جەمیلـە ببینمـەوە، ئـەوا کارەسـاتێک بەسـەر خێزانەکـەم و حیزبەکەشـمدا دەهـات.

جەمیلـە، ئـەو خەباتـکارە ئەفسـانەیە بـوو، کـە بـە چەنـدان کاری پاڵەوانانـە ناسـراو بـوو، کەسـێک بـوو بەقـەد زێڕ گرانبەها بـوو. بەختەکەشـی کەوتبـووە بـن دەسـتەکانی مـن. دەبووایـە حەشـارگەیەکی سـەلامەتی بـۆ پەیـدا بکـەم، بـە شـێوەیەک هەرگیـز دەسـتەکانی دەزگای پۆلیسـی نهێنیـی شـا نەیگاتـێ.

کـەس بیری بۆ ئـەوە نەدەچوو، حیـزب لـەوەدا سـەرکەوتوو

[1] هەنوان: شوێنێک بۆ حەوانەوە. پەناگەیەک.



هەواڵنامەی کتێب

بێ، بتوانێ لە زیندانی ئەوین[1]، ئەو زیندانە دڵڕەقەی شادا، ئەم چالاکییە بکا و جەمیلە دەر بهێنێ. هێشتاش کەس نازانێ چۆن کیژەکە لەو دۆزەخەی ئەوێ ڕای کرد. خەڵک گومانی بۆ ئەوە دەچوو، ئەفسەرێک، کە زۆر بەدزی پەیوەندیی بە حیزبەکەوە هەبوو، هاوکاری هەڵهاتنەکەی لە زیندان کردبێ.

بۆ گرتنەکەشی، جەمیلە تووشی شەڕەتەقەیەک بوو، تێیدا حەفت لە ئەندامە گرنگەکانی حیزبەکە سەریان تێدا چووبوو. جەمیلە بەر نەکەوت و شەڕی خۆی هەر دەکرد. تاران بەوروژاوییەوە چاوەڕوانی بەختی جەمیلەی دەکرد. ئەویش تا دوافیشەک مایەوە و شەڕی کرد. لە کۆتاییشدا حەبە کوشندەکەی قووت دا. بەڵام هەیتەکانی دەزگای نهێنی دەمودەست بە هەلیکۆپتەر گواستیانەوە نەخۆشخانەیەکی سەربازی و لێنەگەڕان حەبەکە کاری خۆی بکا و لە مردن ڕزگاریان کرد. ئەو دەمە شا شەوانە بەخەندەوە لەسەر شاشەکانی تەلەڤزیۆن دەر دەکەوت. وای نمایش دەکرد دەزگای نهێنیی ئەو، بزووتنەوەی چەپگەرا لە ڕەگوڕیشەوە دەر دەهێنن، ئیدی نە هیچ ئەندام، نە هیچ لایەنگریان زاتی ئەوە نەکەن لە پێستی خۆیاندا بجووڵێنەوە.

هەنووکەش جەمیلە هەڵهاتووە. بەو کردە ڕزگارکارییەش بزوتنەوەکە نیشانی دا، حیزبەکە لە جاران بەهێزترە.

ئەوسا بە گوێمدا درا کە دیدارێکم لەگەڵ هومایۆندا هەیە. (ئەو دوای شۆڕش گیرا و بە فەرمانی خودی خومەینیش لەسێدارە درا.)

---

1 Awin



هەواڵنامەی کتێب

هومایۆن لە ژێرزەمینی کارخانەیەکی جامسازیدا چاوەڕوانم بوو. پێی ڕاگەیاندم، جەمیلە لە زیندانی ئەویندا ڕزگار کراوە. وێڕای بایەخی ڕزگارکردنەکەی، ئەو بەهێمنی دەدوا، خۆی بە شێوەیەک جڵەو کردبوو، وەک ئەوەی باس لە شتێکی ئاسایی بکا. ئەمەش یارمەتیی منی دا تا وروژاوییەکەم جڵەو بکەم. "ئەم شتە هەر لەنێوانی من و تۆدا دەمێنێتەوە." ئەو وای پێ گوتم، "لەنێوانی تۆ و مندا. چالاکییەکە تا ئێستا سەرکەوتوو بووە، بەڵام هێشتا تەواو نەبووە. هێشتا ئێمە ئەومان ئاشکرا نەکردووە. پۆلیسیش لەو بارەیەوە هیچی نەگوتووە. ئێمە دەمانەوێ جەمیلە ئاودیوی دەرەوەی وڵات بکەین، بەڵام تا ئەوەمان پێ دەکرێ، پێویستە هەفتەیەک یان زیاتر لە شوێنێکی سەلامەتدا دای بنێین. هەر زووش ئەوەمان دەوێ. باشە ڕات چییە سەبارەت بە دوکانەکەی باوکت؟"

بەم داوایە من گرێیەکم لە مل پەیدا بوو. هەستم کرد من لەسەر خاڵێکی وەرچەرخانی ژیانمدا وەستاوم. ئاخر بزوتنەوەکە یارمەتیی منی پێویست بوو. منیش دەبووایە بەشێک لە مێژووی بەرگرییەکەدا دەستنیشان بکەم. من دەمزانی ڕاکردنەکە نهێنی و تەلیسمانە بوو، دەکرێ مرۆ دوای ئەوە وەک چیرۆکێکی ئەفسانەیی بۆ نەوەی دوای خۆی بگێڕێتەوە. منیش دەمەویست ئەو چیرۆکە تەلیسماوییانە بەردەوام بن. بەڵام گەر هاتبا و هەڵەیەک ڕووی دابا، ئەگەر پۆلیس کیژەکەی لە دوکانی باوکم دەر هێنابا، ئیدی هەموو شتێک تەواو دەبوو، من، کیژەکە و باوکم تەفروتونا دەبووین.

من لەوە تێگەیشتم، کە قانونی چیرۆکە تەلیسماوییەکان

هەواڵنامەی کتێب

جیاوازن لەگەڵ ڕێسا و قانونی ڕۆژانەی ژیان. دەبوایە خێرا بیر بکەمەوە، دەمودەست وەڵام بدەمەوە و دەردەستیش بجووڵێم.

"زۆر باشە،" من وام گوت، "من ڕێکی دەخەم."

بۆ شەوەکەی دەوروبەری سەعات نۆ، ترومبێلەکەم لە گەراجێکی چۆڵی دەرەوەی تاران بە ئاراستەی ئیسفەهان ڕاگرت، لەوێ سواری ترومبێلێکی ڤانی سووری کرێ بووم، کە ڕاگیرابوو. پاشان لێم خوڕی.

دڵم ئەوەندە توند لێی دەدا، بە جۆرێک گوێم لێی دەبووەوە. تا نەمدەتوانی تیشکۆی بیریشم کۆ بکەمەوە. هەرگیز وەک ئەوکات نەترساوم. دەنگی هۆڕنی ترومبێلێکی باربەر منی ڕاچڵەکاند. ئیدی هاوسەنگییەکەم پەیدا کردەوە و لەوە تێگەیشتم کە ترومبێلێکی کرێم پێیە، لە پشتەوە چەند مافوورێکم بار کردووە جەمیلەش لەپشت مافوورەکان خۆی حەشار داوە.

جەمیلە ناوێکی خوازراو بوو، کەسیش نەیدەزانی ئاخۆ سەروسیمای چۆنە. لە ماوەی شۆڕشەکەشدا ژیاننامەی خۆی چاپ و بڵاو کردەوە. لە زیندانیدا ئەو ئەشکەنجە درابوو، لاقەش کرابوو، هەر بۆ ئەوەی تێکی بشکێنن و ناپاکی لە هاوڕێکانی بکا. بەڵام ئەو هەموو جارێک هەر هاواری دەکرد، "خۆت و شایەکەت بەنەفرەت بن."

تا دە خولەکی ڕابردوو، ئەو ژنێکی تەلیسماویی بوو. لێ هەنووکە، لەڕێی ئاوێنەی ترومبێلەکەدا دەمبینی و دەمتوانی قسەشی لەگەڵدا بکەم.


هەواڵنامەی کتێب

"سڵاو هاوڕێ." کاتێک لە ئاوێنەکەوە سەیرم کرد، بەنەرمی وام پێ گوت. ئەویش هیچ وەڵامی نەدایەوە.

"هاوڕێ! جێگەکەت باشە؟" من بە دەنگێکی بەرزتر وام پێ گوتەوە.

هیچ وەڵام نەبوو. وای بۆچووم کە خەوی لێ کەوتبێ. بۆیە منیش بێدەنگ بووم و بەکرێی ترومبێلەکەم لێ خوڕی.

من پێشتر قسەم لەگەڵ باوکم کردبوو، تا سەعات دوازدە دەبووایە لە دوکانەکەی مابایەوە، لە سەعات دوازدەی ڕێک، دەبووایە گڵۆپەکانی بکوژاندبایەوە و بەرەو ماڵ گەڕابایەوە.

بە شێوەیەکی ئاسایی دوکانەکان هەر تا سەعات نۆی شەو دەکرانەوە، بەڵام ئەو هەمیشە تا درەنگانی شەو لە دوکانەکەی دەمایەوە، ئەمەش لەلای هەمووان ڕوون بوو، پێیان شتێکی ئاسایی بوو. لە دوکانەکەی ئەودا حەشارگەیەک[1] هەبوو. ئەوێش بۆ جەمیلە شوێنێکی سەلامەت بوو. حەشارگەکە کلاوڕۆژنەیەکی تێدا بوو دەیڕوانییە سەر ڕووبارەکە و چیاکان. بۆ کاتی پێویستیش دەکرا لە ڕێی پەنجەرەکەوە هەڵبێ و خۆی دەرباز بکا.

"هاوڕێ! ئەرێ گوێت لێمە؟" دیسان وا بانگم کردەوە. لە ئاوێنەکەمەوە بینیم کە وا لەنێو مافوورەکاندا دەجووڵێ، بەڵام گوێشم لە هیچ نەبوو.

سەعات دوازدەی شەو چارەکێکی دەویست، من گەیشتمە شارەکە، پێنج بۆ دوازدەش بینیم هێشتا چرای دوکانەکەی باوکم داگیرساوە. منیش ترومبێلەکەم ڕاگرت، لایتەکانم

١ حەشارگە: پاشخان، پەنا، عەمبار



هەواڵنامەی کتێب

کوژاندنەوە و چرپاندم، "ئێمە گەیشتین. جارێ هەر لە شوێنی خۆت بمێنەوە، دەچم و دەگەڕێمەوە لات."

ئیدی بەرەو دوکانەکە ڕۆیشتم. باوکم لەپاڵ زۆپاکە خەوی لێ کەوتبوو. بەنەرمی دەستم لە شانی دا. بەسڵەمینەوە بەئاگا هاتەوە و لەدواییشدا هەڵسا.

"لە شوێنی خۆت دانیشەوە،" بە ئاماژەیەکی خێرا پێم گوت. "من دەمەوێ شتێکی گرنگت پێ بڵێم. شتێکی زۆرزۆر گرنگ. من کەسێکم لەگەڵدایە. ژنێکی گەنجە. ئێمە دەبێ شوێنێکی بۆ دابین بکەین، شوێنێکی مانەوە بۆ ماوەی نزیکەی هەفتەیەک، دە ڕۆژ. باش گوێ بگرە، نابێ کەسیش پێی بزانێ. خۆ ئەگەر پۆلیس پێی بزانی، ئەوا دەگیرێ، ئەگەر گیراش، دەیکوژن. لە مەبەستەکەم دەگەی؟"

نەخێر، باشە چۆن ئەو لەو نیوەشەوە، بتوانێ بەو ئاماژە کورتانە لە چیرۆکێکی وا درێژ بگا؟

"ئەو کێیە؟" بەئاماژە وای پرسی.

"برادەرێک. پێم وایە ئەو شتێکی ..."

دوودڵ بووم لەوەی پێی بڵێم کە دەمانچەیەکی پێیە. بەڵام هەر واشم پێ نەگوت. "باشە من دەبێ چی بۆ بکەم؟" بەئاماژە وای لێ پرسیم.

"دەمەوێ لە دوکانەکەت بیشاریتەوە."

"لەنێو دوکانەکە؟ چۆن؟ لەکوێ؟"

"لە پەنایەکە، لە پاشخان."

"ئەوە نابێ، ئەوێ هەمووی تێکەڵوپێکەڵە و..."

"تۆ چرایەکی نەوتی و کتێبێکی بدەرێ. ڕۆژنامەی بۆ بکڕە... یان نەخێر، ڕۆژنامە نا، ئەوە پێویست ناکا. نابێ



هەواڵنامەی کتێب

کەس پێی بزانێ.“

”باشە ئەگەر ویستی بچێتە سەر ئاو؟“

”سەتڵێکی بدەرێ.“

”بۆ ژنێک؟ سەتڵی بدرێتێ؟ نەخێر، ئەمە نابێ.“

من ڕێگایەکی هەرە ئاسانم دیاری کردبوو: دوکانەکەی باوکم. بەڵام خۆ بژاردەی دیکەش لە بەردەستدا نەبوو، حیزبەکە هیچ دەرفەتی نەدا تا باش بیری لێ بکرێتەوە. مرۆ خوازیار بوو دەمودەست ئەو لە تاران ببردرێتە دەر. سەرباری ئەوەش، من شوێنی باشترم پێ نەدەزانی.

”ئەوە ژنێکی ئاسایی نییە.“ من وام بە باوکم گوت. ”ئاسوودە بە سەتڵێکی بدەرێ. ئەو ڕۆشنبیرە. دەی وا سەیرم مەکە. کتێبێکی بدەرێ، ئینجا هەموو شتێک باش دێتەوە.“

”ئەو لەکوێیە؟“

”لەنێو ترومبێلەکەدایە. دەی چراکە بکوژێنەوە. هەر ئێستا دەیهێنمە ژوور. داری زیادە بخەرە ناو زۆپاکە، نەخێر، نابێت وا بکەی. نابێ لوولە زۆپاکەت دووکەڵی زیاتری لێ هەڵبستێ.“

ئەویش چراکەی کوژاندەوە و منیش چووم بیهێنم. ساتەکە ساتێکی وروژێنەر و لە هەمان کاتیشدا بەترسولەرز بوو.

دەرگای پشتەوەی ڤانەکەم کردەوە. دەستەکانم دەلەرزین. ئەوەش بیرۆکەیەکی منداڵانە بوو، بەڵام پێم وا بوو ئەو ئێستا بە خۆی و دەمانچەکەی خۆی لەنێو ترومبێلەکە باز دەدا و دەڵێ، ”هاوڕێ، من دەبێ بچمە کوێ؟“

بەڵام خۆ ئەوە ڕووی نەدا.

من بەسرتەوە پێم گوت، ”دەکرێ دابەزی؟“



هەواڵنامەی کتێب

ئەویش لە شوێنی خۆی نەبزووت.

"ئەرێ گوێت لێمە؟"

ئەویش ئاهێکی هەڵکێشا. لە ترسان من مافوورێکی لوولدراوم لا دا. ئەو هێشتا هەر نەهاتە دەر. من لەنێو ترومبێلەکە خۆم شۆڕ کردەوە دەستم لەسەر نێوچاوانی دانا، نێوچاوانێکی گەرم و ئارەقاوی.

"هاوڕێ. چەند دەبێ نەساغی؟"

"باش دەبمەوە." ئەویش وای پێ گوتمەوە.

هەمیشە پێم وا بوو، جەمیلە ژنێکی کەڵەگەتی بەژندرێژە، بەڵام خۆ ئەو لاواز و وردیلە بوو. چاکەتەکەی خۆمم بەسەر شانەکانیدا دان، لەکۆڵم کرد و هێنامە دوکانەکە، لەوێ باوکم لەپشت پەنجەرە وەستابوو. ئەویش خێرا خۆی نەوی کرد و یارمەتیی دام و بردمانە ژوور.

بەیەکەوە بەتاریکی بردمانە لای زۆپاکە و لەسەر مافوورەکەمان درێژ کرد. باوکم دەستبەجێ چوو پەرداخە ئاوێکی بۆ هێنا.

لەبەر ڕووناکیی ئاگری زۆپاکەدا، جەمیلە چاوەکانی کردنەوە، سەیری باوکمی کرد، کە جامە ئاوێکی بۆ هێنا بوو.

"ئەوە باوکمە." من وام پێ گوت. "ئەو کەڕولاڵە."

"من دەزانم."جەمیلەش وای وەڵام دامەوە و چاوەکانی لەسەریەک دانانەوە.

بەنەرمی هەندێکم هەژاند، "هاوڕێ تۆ باشی؟"

"تەنها ماندووم." بە سرتەیەکەوە وا وەڵامی دامەوە.

"بچم حەبت بۆ بێنم؟" باوکم ئاماژەیەکی وای کرد.



هەواڵنامەی کتێب

”وا باشترە جارێ کەمێکی دیکە چاوەڕێ بکەین.“

ئێستاش کە ئەو نەخۆشە، هەموو شتەکە گۆڕا. خۆ نەدەکرا هەر وا بەتەمای باوکمی جێ بێڵم.

”دەی تۆ بڕۆ ماڵەوە. من لێرە دەمێنمەوە. بەیانی بەدزییەوە هەندێ شیر لەگەڵ خۆت بێنە.“

باوکم هیچ بژاری دیکەی نەبوو، دەبووایە گوێی لێ بگرتبامایە. ئیدی لە دیوی دەرەوە، دەرگەی دوکانەکەی قفڵ دا و ڕۆیشت. لە پەنجەرەکەوە سەیرم کرد. ئەو پیر، لاواز و بچکۆلە ببوو.

من لەگەڵ جەمیلەدا مامەوە، دەشترسام نەبادا چاک نەبێتەوە و وا پێویست بکا بیگەیەنمە نەخۆشخانە و هەموو شت ئاشکرا بێ و لەدەست بچێ.

دەبووایە لەو بیرۆکە نەرێیییانە قوتارم ببووایە. خۆ ئەگەر هەموو شتێک بە منەوە بەند بووبێ، ئەوا یەک ئەرکم لەپێشدا بوو: حەوسەڵەم هەبێ و چاوەڕوان بم.

ئیدی منیش بەو تاریکییە چوومە پەناگەکەی و هەوڵم دا لەو تیشکە کزەی مانگەوە شتەکانی باوکم کۆ بکەمەوە، بە لایەکیانەوە بنێم و شوێنێک بۆ جەمیلە والا بکەم.

کاتێکیش لەو کارەم بوومەوە، دوودڵییەکەم ڕەوییەوە. بڕوام بەوە هات، دوکانەکەی باوکم باشترین پەناگەیە بۆ ژنەکە. دەبووایە بۆ ماوەیەک ئاسوودە لێی دابنیشم پشوو بدەم، چوومە تەنیشت جەمیلە دانیشتم و توند دەستم گرت.

بۆ بەیانی ڕۆژهەڵاتن گوێم لە دەنگی بانگدەری مزگەوتەکە بوو:



هەواڵنامەی کتێب

الله اکبر، الله اکبر.
اشهد ان لا اله الا الله.
حی علی الصلاة(...)
خوا گەورەیە... خوا گەورەیە
دەی خێرا وەرنە نوێژێ.

پاشان گوێم لە دەنگی پێی هاموشۆکەرانی مزگەوت بوو. لەدواییدا منیش هەڵسام، بەئەسپاییەوە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرێم کرد. هەر وەک هەمیشە پیاوان لە ژنان جودا بووببونەوە و بەو تاریکییە بەرەو مزگەوت دەڕۆیشتن. من گەڕامەوە لای جەمیلە و دەستم لەسەر نێوچاوانی دانا. تایەکەی دابەزیبوو.

"ئەرێ ئێستا باشتری؟"

سەری لەقاند. گوێم لە باوکیشم بوو کۆخەیەکی کرد. قفڵی دەرگاکەی کردەوە و هاتە ژوور. جانتایەکی گەورەی لۆکەی لە پشتی هەڵدابوو.

"کەس منی نەبینی." لەبەر تیشکی مانگ ئاماژەی کرد.

"ئەرێ باشتر بووە؟"

"بەڵێ."

"ئەوەتا، پەتۆ، سەرینێک، شیر، هەندێ حەب." ئاماژەی بۆ کردمەوە. "من دەڕۆمە مزگەوتێ."

"ئەوم بردۆتە پەناگەکە بخەوێ. هەندێک باشتر بووە، بەڵام تا ئێوارەش لەلای دەمێنمەوە. دەرگەکە لە دیوی ژوورەوە دادەخەم. کاتێ لە نوێژ بوویتەوە هاتیتەوە، ئەوا هەر وەک جاران بڕۆرەوە شوێنی خۆت و سەر کاروباری


هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژانـەت. بەیانیی ئێوارە کاتێ چاک بـووەوە، منیش دەڕۆمەوە. تـۆش پێویسـت نـاکا خەمـی لـێ بخـۆی. ئـەو ژنێکـی بەهێـزە."

بەرەبـەرەی دوای نیـوەڕۆ جەمیلـە چاوەکانـی کردنـەوە. توانیـم هەنـدێ قسـەی لەگەڵـدا بکـەم. پێـم گـوت هێشـتا ڕۆژێکـی دیکـە لـەلای دەمێنمـەوە. بـەڵام ئـەو پێـی وا بـوو دەتوانـم بگەڕێمـەوە.

بـۆ شـەوەکەی مـن بەختـی ئـەوم دایـە دەسـتی باوکـم و گەڕامـەوە.

لـە تارانیـش دەمودەسـت حیـزب هەڵاتنـی جەمیلـەی ئاشـکرا کـرد. ئیـدی بڵاونامـە و پۆسـتەر لـە هەمـوو لایـەک بـڵاو کرانـەوە. خەڵـک ئـەوەی وەک سـەرکەوتنێکی گـەورە بەسـەر شـادا لەقەڵـەم دا.

لایەنگرانـی حیـزب بـە شـەو، تابلۆیەکـی گەورەیـان لەسـەر تـەلاری زانکـۆی تـاران هەڵواسـی. لەوێـدا نووسـرابوو:جەمیلە وەک خواوەندەژنێـک بـە خـۆی و چەکـی شـانی بەهێـزە.

پۆلیسـیش کەوتنـە خۆیـان، گـەڕان و پشـکنینیان دەسـت پـێ کـرد، بەڵکـو بیگرنـەوە. هەمـووان بـۆ هەواڵـی داهاتـوو هەناسـەیان ڕاگرتبـوو.

ئـەوکات مـن وەک کرێکارێکـی کارخانـەی بۆریسـازی، کارم دەکـرد. ئاساییانە دەچومـە سـەر کار. هـەر وەک شـێتێک کارم دەکرد، بـەو هیوایـەی هەرچی زووە کاتەکە خێرا بەسـەر بچێ و بەردەوامیـش سـەیری دەزگا تەلەفۆنـە گەورەکانـی سـەر دیـواری کارخانەکـەم دەکـرد. خـۆ ئەگـەر زەنگـی تەلەفۆنەکە لـێ درابـا، دڵـم بەتونـدی لێـی دەدا.

هەواڵنامەی کتێب

لە ڕۆژی سێیەم، نزیکەی سەعات سێی دوای نیوەڕۆ، لە کاتی پشووی قاوەخواردنەوەدا، زەنگی تەلەفۆنەکە لێدرا. منیش خێرا غارم دایە لای تەلەفۆنەکە.

"هەلۆ؟"

"من غەزنەویم. دەکرێ قسە لەگەڵ..."

دەستبەجێ دەنگی زەنگۆڵەم ناسییەوە.

"بەڵێ خۆمم. ئەرێ ئێوە چۆنن؟"

"باشین. باوکە ئەو ژمارە تەلەفۆنەی تۆی داومەتێ. دەیەوێ خێرا بتبینێ."

"سوپاس. خێرا دێم."

لێ نەگەڕام زیاتر قسە بکا، دەترسام نەبادا پۆلیسی نهێنی چاودێری لەسەر تەلەفۆنەکە دانابێ.

من ژمارەی تەلەفۆنەکەم لەسەر پارچەکاغەزێک نووسیبوو و دابوومە باوکم، "ئەگەر زۆر پێویستت بە من هەبوو، ئەم پارچەکاغەزە بدەرە زەنگۆڵە. تەنها زەنگۆڵە و پێشی دەڵێی لە ڕێی دەزگایەکی تەلەفۆن زەنگم بۆ لێ بدا."

ئیدی خێرا گەڕامەوە. خۆ هەر دەبێ شتێک بەسەر جەمیلەدا هاتبێ.

بۆ ماوەی نیوسەعات لە دەرەوەی شاردا وەستام، تا تاریک داهات، ئینجا بەرەو دوکانەکە لێم خوڕی. باوکم چاوەڕوان نەبوو بەو زووە بگەمە سەری. کە منی بینی دەستبەجێ هەڵسا و دەرگەکەی کردەوە، پاشان لە دیوی ناوەوە قفڵی دایەوە.

"چی لەگۆڕێدایە؟" بەئاماژە لێم پرسی.

"ئەو باش بوو، بەڵام دوێنێ دوای نیوەڕۆ دیسان



هەواڵنامەی کتێب

نێوچاوانی گەرم داهاتەوە و لەو کاتەوە هیچ ناخوا. هەناسە دەدا، بەڵام چاوەکانی ناکاتەوە.“

منیش چوومە پەناگەکە، لەبەر تیشکی مۆم سەیری جەمیلەم کرد، لەبن پەتۆکاندا ئارەقەی دەر دابوو. لە بەردەمی چەمامەوە بە پەنجە لێدانی دڵیم لە بازندی دەستی گرت، ”هاوڕێ! گوێت لە منە؟“

ئەو گوێی لە من نەبوو.

”ئێمە دەبێ بیگەیەنینە نەخۆشخانە.“ باوکم بەئاماژە وای پێ گوتم، ”دەنا دەمرێ.“

منیش هیچ وەڵامم نەبوو.

”ئەو دوێنێ بەخەندە بوو،“ باوکم زیاتر لەسەری ڕۆیشت. ”من سووپم لەسەر زۆپاکە بۆ دروست کرد. توند دەستی گرتم، ئینجا کاتێک من بە کەوچک سووپەکەم بە دەمدا کرد، یەکسەر خەوی لێکەوت. تۆ هەر دەبێ بیگەیەنیتە نەخۆشخانە.“

”ئاخر ئەوە ناکرێ.“ منیش بەئاماژە وام پێ گوت.

ئەو کەوتە بارێکی تۆقانەوە، ”ئەو ساردە. خەریکە دەمرێ. من ئەوە دەزانم. دایکیشم یەکەم جار گەرم داهات، پاشان یەکسەر سارد بووەوە و مرد. تۆ دەبێ دەستبەجێ بیگەیەنیە بەردەستی پزیشک.“

ئەوەش یەکەم جار بوو، من بەو پەشۆکاوییە ببینم.

”ژنەکەی یەکەمیشم یەکەم جار گەرم بوو، زۆر گەرم، پاشان لەپڕ سارد بووەوە.“

”ئارام بگرە! بێدەنگ بە!“ وام ئاماژە بۆ کرد.

بەڵام ئەو هەداداني نەمابوو، ”تۆ دەبێ هەر ئێستا



هەواڵنامەی کتێب

بیگەیەنیتـە نەخۆشـخانە.“

منیش بەستەزمانانە لەوێ وەستابووم.

”دەی بـا بیبەینـەوە ماڵـی خۆمـان.“ لەپڕ باوکـم وای ئامـاژە بـۆ کـردم.

”چی؟“

”من لەگەڵ خۆمی دەبەم و پزیشکێکیشی بۆ بانگ دەکەم.“

”ئاخر ئەوە نابێ.“

”بۆچی نابێ؟“

”من ناتوانم ڕوونی بکەمەوە.“

”قسە لەگەڵ تینادا بکە.“ وای ئاماژە بۆ کردم.

”لەگەڵ تینا؟“

”بەڵێ، بۆچی نا.“

ئێسـتاش کـە نـاوی تینـا هـات، دەبووایـە نهێنییەکـەم بـۆ ئەویـش بدرکاندبایـە. ئیـدی هەمـوو دەرگاکانـی جیهانـم لەسـەر داخـران، مـن دەمتوانـی تەنهـا لـە قاپیـی تینـا بـدەم.

”چاکە،“ بەئاماژە وام پێ گوت. ”دەی بڕۆ بیهێنە.“

من نەمدەزانـی، ئاخـۆ تینـا چ کاردانەوەیەکـی دەبـێ، بـەڵام تـا ڕادەیـەک بـڕوام بـەوە هەبـوو، کـە شـتەکەی ببیسـتبایە لەهـۆش خـۆی دەچـوو. ئاخـر هەمیشـە هەوڵـی دەدا خوشـکەکانم لـە چالاکیـی سیاسـەت دوور بخاتـەوە. ئـەو دەیویسـت، کیژەکانـی بەختەوەرانـە شـوو بکـەن و بەبـێ کێشـە ماڵـە باوانیـان جـێ بێڵن، منداڵیـان لـێ وەپاش بکـەوێ و ماڵـی خۆیـان هەبـێ و ئاسـوودە بژیـن. ئێسـتاش مـن و جەمیلـە لـە بەردەرگـەی وەسـتاوین.

تینـا یەکسـەر تێگەیشـت کـە بارێکـی نـاکاوە. ئێمـە نزیکـەی



هەواڵنامەی کتێب

ساڵێک بوو یەکدیمان نەبینیبوو. پێم وا بوو دەستبەجێ دەکەوێتە سەرکۆنەکردنم: لەکوێ بووی؟ باشە بۆچی ئێمەت لەبیر کردووە؟ کەچی واشی نەکرد. پێم وا بوو باوەشم بۆ دەکاتەوە و لەئامێزم دەگرێ و بانگ دەکا: "کورِم، تۆ گۆڕاوی." بەڵام ئەمەشی نەکرد. ئەو هاتە ژوورە تاریکەکە و سەیری کردم. سەرەتا نەیناسیمەوە. ئینجا سەیری جەمیلەی کرد، کە لەسەر زەوی درێژ کرابوو. بەکورتی بۆم باس کرد کە چی لەئارادایە. دەمودەستیش تێگەیشت.

ئەو بێدەنگ بوو. ئینجا دیوەکەی دیکەی خۆی بینی. ژنێکی لاواز نەبوو، ئەو، ئەو تینایە بوو کە لە کازم خانم گوێ لێ ببوو، ئەو ژنەی لەسەر بانەکەی بە چارچۆپ[1] بەفری ڕادەماڵی و نەشیدەویست دەرگا لە کازم خان بکاتەوە. ئیدی بووە مایەی سەرسامییەکی زۆرم، تینا بۆ جەمیلە دانەوییەوە دەستی توند گرت و دەستی لە زگی دا. ئینجا دەستی دایە مۆم و سەیری بنزگی کرد.

"من دەیبەمەوە ماڵێ. دەچم پزیشکێکی بۆ بانگ دەکەم."

"تینا،" من پێم گوت. "ئەو لە زیندانەوە ڕای کردووە."

"لەگەڵ ئەوەشدا، هەر دەبێ بچێتە لای دکتۆر."

"تۆ ڕاست دەکەی، بەڵام ئەگەر پۆلیس، نا نەخێر، مەبەستمە بڵێم، زۆر چاکە، خۆ کەس نایناسێ. دەکرێ تۆ ئاساییانە وەک..."

"من لەگەڵ خۆمی دەبەم و دەڵێم خوشکەزامە و لە گوندی زافەرانەوە هاتووە."

ئەو کێشە ئاڵۆزە لای تینا بە شێوەیەکی زۆر ئاسان

---

١ بەفرماڵ، شەپالۆخ.



هەواڵنامەی کتێب

چارەسەر کرا. جەمیلە نەخۆشە. کەواتە دەبێ پزیشکێک ببینێ و بیپشکنێ.

تینا چارشێویێکی بەسەر سەری جەمیلەدا دا و ئاماژەی بۆ باوکم کرد، ”دەی لە پشتی خۆتی بکە!“

من یارمەتیی جەمیلەم دا تا بیخەمە سەرشانی باوکم.

”دەی وەرە!“ تینا وای ئاماژە پێ کرد.

تینا نێوچاوانی منی ماچ کرد، ”خەم مەخۆ. هەموو شتێک باش دەبێ!“

من لەوێ وەستام تا تاریک داهات. لەوە زیاترم پێ نەدەکرا.



هەواڵنامەی کتێب

# مەهدی

پیاوە خوێنەرەکە لەنێو بیرەکە دێتە دەرەوە و
تیناش دەگریێ.
لەوانەیە لەگەڵ دیندارەکان بچینە شارە پیرۆزەکە،
لەوێ دەچینە ئەو مزگەوتانەی کە گومبەزی زێڕینیان هەیە.

جەمیلە نزیکەی مانگێک لە ماڵەکەی ئێمەدا مایەوە. بۆ ئەوەی دەقاودەق بین، سیوچوار ڕۆژ مایەوە. لە شەوی بیستوپێنجەمیندا، تینا ئەوی بەرەو مزگەوتی شارەکە ڕێنوێنی کرد، لەوێشەوە تاکسییەک لەبن دارە پیرەکەدا چاوەڕێی دەکرد تا لەگەڵ خۆیدا بیبا.

تینا زۆر باش چاوی لە جەمیلە بوو. لە یادداشتنامەکەیدا، جەمیلە مانەوەی ئەو ڕۆژانەی لە ماڵی ئێمەدا بە قۆناغێکی زۆر خۆش و سەلامەت، لە ژیانی خۆی دانابوو. لەبەر باری ئاساییشیش لەنێو کتێبەکەیدا، ناوەکانی نەهێنابوون، تەنها ناوی تینای هێنا بوو. "وەک ئەرکێک لەسەرمە زۆر ناو هەیە بیڵێم، سوپاسی زۆران بکەم، بەڵام خۆ تۆ تێدەگەی ئەمەش لەبەر باری ئاساییشی خۆیان ناکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا،


هەواڵنامەی کتێب

لەبارەی تەنها کەسێکەوە ناتوانم بێدەنگ بم: من سوپاسی پووره تینای مەرد و ڕەند دەکەم.“

جەمیلە دڵی تینای بردبوو، یادگاریی خۆشی لەلا جێ هێشتبوو. تیناش هەمیشە هەر باسی جەمیلەی دەکرد، بەلای ئەو، تەواو لە باقیی ژنەکانی دیکەوە جیاواز بوو. تینا زۆر باش ئاگای لێ بوو، خستبوویە بن باڵی خۆیەوە، خواردنی خۆشخۆشی بۆ لێدەنا، هەر بۆ ئەوەی بەڵکو هەندێک گۆشتی پێ بگرێ و بێتەوە سەر خۆی. ”جەمیلەش گۆرانی دەگوت، لە باخچەکەماندا هەڵدەپەڕی، شتێک بوو لە کەسێکی وەک ئەو چاوەڕێ نەدەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم شتەی باش لێ دەهات.“ تینا دواتر وای دەگێڕایەوە، ”کوڕم، ئەو هەندێ جار پرسیاریشی دەکردن...“

”چ جۆره پرسیارێک؟“

”لەبارەی ئەو وڵاتە، ئەو دوورگەیە. شتێک کوب یان کووب بوو.“

”مەبەستت کوبایە؟“

”کوبا. جەمیلە لێی پرسیم ئاخۆ دەزانم کوبا کەوتۆتە کوێ؟ قەتوقەت[1] گوێم لێ نەببوو. ئینجا ئەو باسی ژیانی خەڵکی ئەوێی بۆ کردم. لەوێ هەمووان لەشساخ و تەندروستن، لەوێ داودەرمان بەخۆڕاییە، شیر بۆ منداڵان، بۆ پیروپەککەوتان، هەر هەمووشی بەبێ پارەیە. ئەو باسی ئەوەی بۆ کردم، لەوێ ژنان مافی زۆروزەوەندیان هەیە. خۆ ئەگەر ژنێک حەزی لە چارەی مێردەکەی نەمابایە و نەیویستبایە، ئەوا بەئاسانی دەیتوانی لە ماڵێی وەدەر بنێ.

١ قەتوقەت: هەرگیزاوهەرگیز.



هەواڵنامەی کتێب

ئەو پێی گوتم، زۆربەی زۆری شوفێری پاسەکانی وڵات هەر ژنن. تەنانەت ئەوان لۆریش لێدەخوڕن. ئەو هەمیشە باسی پیاوێکی دیکەشی دەکرد، ئەریٚ دیسان، ناوەکەی چی بوو؟ ئەو پیاوەی هەمیشە چرووتێکی بەسەر لێو و چەکێکشیٚ بە شانەوە بوو."

"کاسترۆ؟"

"ئەو نا، ئەوی دیکە، کە شەپقەیەکی لاریشی لەسەر دەنا."

"مەبەستت گیڤارایە."

"کتومت. جەمیلە لەو ئێوارانەی لای ئێمە مایەوە، شتی باوەڕنەکراوی لەبارەی ئەو پیاوەوە بۆ دەگێڕامەوە، ئەو چۆن شەڕی کردووە، چۆن هەر جارێکیش تەنگاو دەبوو، بۆی دەر دەچوو. هەندیٚ جار باسی نوکتەی دەرباری (شا)ش دەکرد. گوایە سابوونی ئاودەستەکەی لە زێڕە، هەموو جاریٚ کە دەچووە ئاودەست توند کونەلووتی دەگرت، چونکە بڕوای نەدەکرد کە ئەوەندە پاشەڵی پیسە و ئەو بۆنەی لێوە دیٚ. ئای ئەو ڕۆژ و شەوانە چ کاتێکی خۆش بوون. جەمیلە بەباشیش لەگەڵ باوکت ڕەفتاری دەنواند.

"باوکت وێنە کۆنەکانی نیشان دەدان. وێنەکانی لەگەڵ ڕەزاخان بە خۆی و ئەو کوتکەی لەسەر شانی بوو، کە لەتەنیشت گاشەبەردەکە وەستابوو، ئیدی بۆ جەمیلە ئەو چیرۆکانەی لەبارەی نووسینی خەتی بزماری دەگێڕانەوە، دەربارەی ئەو سەردەمەی، گوندنشینان بە خۆیان و کوتکەکانیان بەردی سەر ڕێگای قیتارەکەیان دەشکاندن، باس دەکرد.

"جەمیلە لە ئاماژەکانی باوکت نەدەگەیشت، بەڵام بە

هەواڵنامەی کتێب

حەوسەڵەشەوە گوێی لێ دەگرت. زۆر جاران ئەویش هەوڵی دەدا بەئاماژە لەگەڵی بدوێ، بەڵام بۆی نەدەچووە سەر، ئیدی بە ئێمە نەبوو، بەتوندی لە قاقای پێکەنینمان دەدا.“

چیرۆکەکەی تینا، یادەوەرییەکانی سەبارەت بە جەمیلە، کۆتاییان نەدەهات.

دوای هاتنی مەلا ڕۆحانییەکانیش، ئەو بەتەواوی بە شێوەیەکی دیکە لە مانەوەی جەمیلەی دەڕوانی. پێی وا بوو، جەمیلە ژیانی کیژەکانی وێران کردووە.

تۆ بڵێی ئەو لەم باسەدا هەق بووبێ، ئاخر زەنگۆڵە جەمیلەی کردبووە پێشەنگێک بۆ خۆی. ئەو بۆ سیوچوار شەو ژوورەکەی لەگەڵ جەمیلەدا بەش کردبوو. ئەم ماوەش بۆ ژیانی ئەو چارەنووسساز بوو.

بەر لە شۆڕش، تینا چاوەڕوانی زۆری هەبوو، خەونی بەوە دەبینی، بەڵکو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دوو پیاوی باشی ئاسایی بێن و داوای دەستی کچەکانی لێ بکەن و بیانخوازن. زەنگۆڵەیان لەم ڕەوشەدا ڕیزپەڕ[1] بوو. تینا پێی نەکرا زەنگۆڵە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

تینا هەمیشە هەر پەرۆش و تاسەمەندی ژیانێکی ئارام و ئاسوودە بوو، ئەمما هەرگیز ئەم ئاواتەی بۆ نەهاتە دی. هەنووکەش خەونی دەدی، بەڵکو ببێتە داپیرە، نەوەکانی لە کۆشی خۆی دابنێ و چیرۆک و سەربردەیان بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام ئەوەی لە جەمیلە دەبینی، کە کارێکی وا دەکا ئەو خەونانەی هەرگیز بەدی نەیەن.

١ ڕیزپەڕ: شاز



هەواڵنامەی کتێب

ئیدی کار بەو شێوەیە ڕۆیشت، دوو پیاو کە تینا چاوەڕوانی دەکردن، پەیدا بوون. ئەوان داوای کیژەکانیان لێ کرد، بەڵام خۆ کیژەکانیش ئەو پیاوانەیان نەدەویستن. ئەوان حەزیان لە جۆرە پیاوێکی دیکە بوو. ئیدی تینا لەبەریان گریا.

"کەواتە ئێوە چیتان دەوێ؟ ئێوە چاوەڕێی کێ دەکەن؟ چاوەڕێی کاسترۆیەک؟ چاوەڕێی گیڤارا دەکەن؟ چاوەڕێی پیاوێک دەکەن بە خۆی و چرووتەکەی و شەپقەکەیەوە؟ ئای خوایە، بەهانامەوە وەرە، من شایستەی ئەو بەزمورەزمە نیم."

دوای ئەوەی شۆڕشەکە دەستی پێ کرد، ئەو پیاوانە هاتن، کە کیژەکان چاوەڕوانیان بوون. لێ ئەوان نە کاسترۆ و نە گیڤاراش بوون، بەڵام پۆستەری گیڤارایان لە ژووری نووستنیان، لەسەر سەریان هەڵواسیبوو. ئەوان جگەرەیان نەدەکێشا، چرووتیش گرانبەها بوو، بەڵام ناوبەناو جگەرەکەیان لەنێو لێوەکان دەگرت و باسی شۆڕشەکەیان دەکرد.

ئەو دوو کیژەی تینا خۆیان لە زیندان نەبینییەوە، بەڵام خۆ مێردەکانیان لەلایەن دەزگای نهێنیی دەسەڵاتی نوێ، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە چاودێری دەکران، پاشان گیران و خرانەوە کونجی زیندانەوە. ساڵانێک دواتر، کە ئازاد کران، ئەو دوو پیاوە چ لەبارەی جەستەییەوە چ لەبارەی دەروونییەوە تێکوپێک شکابوون. ساڵانێکی زۆری خایاند تا کەمێک وەک خۆیان لێ هاتەوە، تا جارێکی دیکە بتوانن ئاساییانە ڕەفتار بنوێنن.



هەواڵنامەی کتێب

شۆڕشـەکە بەرپا ببـوو، گـەل دژی شـا هەڵسـابوو. بـەڵام ئـەوان لـە گۆشـەیەکەوە پەیـدا بـوون، کـە کـەس چاوەڕوانـی نەدەکـرد.

کاتێکیـش، ئێوارەیەکیـان لـە دوکانەکـەی باوکـم بـووم، پێـی گوتـم، "پیـاوە خوێنەرەکـە ڕۆیشـت!"

"مەبەستت چییە؟"

"ئەو ئیمامەی لەنێو بیرەکەدا بوو و کتێبی دەخوێندەوە."

"ڕۆیشت؟ چۆن ڕۆیشت؟"

پێدەچـێ باشـتر بـێ ڕوونـی بکەمـەوە. شـیعەکان نزیکـەی چـواردە سـەدەیە چاوەڕێـی مەهـدی دەکـەن، چاوەڕێـی ئـەو فریادڕەسـە دەکـەن لـە بیرەکـە بێتـە دەر و جیهـان لـەو کوێرەوەرییـەی تێیدایـە، دەر بێنـێ.

بـەڵام ڕەزاخـان پەهلـەوی، سـەری بیرەکـەی چیمەنتۆڕێـژ کردبـوو. ئـەو خوازیـار بـوو وڵاتەکـە هاوچەرخانـە لـێ بـکا و لـە هەمـان کاتیشـدا وانەیـەک بداتـە مـەلا ڕۆحانییـە گـەورەکان و تەمبێیـان بـکا.

بەڵام خۆ مەلایەکانیش بێدەنگ و دەستەوەستان نەمانەوە، ئەوان تا دەهات توندتر دژی شانشینی پەهلەوی وەستانەوە. باوکیشم باسی شانشینی مەهدی دەکرد.

"ئـەو بـەردەی لەسـەر دەمـی بیرەکـە دانرابـوو، شـکێنرا." باوکـم بەئامـاژە وای پـێ گوتـم. "چاڵەکـە کرایـەوە. ئیمامەکـەش لـەوێ ڕۆیشـت."

چاڵەکـە لـە شـوێنێکی سـتراتیژی سـەربازییانە هەڵکەوتبوو، بۆیـە شـتێکی ڕێکـەوت نەبـوو، یەکـێ لـە دینـدارە شـێتەکان



هەواڵنامەی کتێب

سەری بیرەکەی هەڵدابێتەوە. هەر دەبێ شتێکی گرنگ لەئارادا هەبێ. ئیدی جاڕدانی جەنگی مەلایەکان بێ دژی دەسەڵاتەکانی شا.

"ئەرێ دەزانی ئاخۆ کێ بەردی سەری بیرەکەی شکاند؟"

"ئەڵڵا(خودا)،" باوکم ئاماژەی بۆ ئاسمان کرد. "ئیمامەکە. ئەو دەیەوێ هەموو شتێ چاک بکاتەوە. من جێپێیەکانی ئەوم بینین."

"چیت بینی؟"

"من لە گوندی زافەران بووم. لەگەڵ گوندنشینان بەسەر شاخەکە کەوتم. ئەوسا بە چاوەکانی خۆم جێپێی ڕووتی ئیمامم لەسەر گاشەبەردەکە بینی."

"جێپێ لەسەر بەردەکە دیاربوو؟"

"بەڵێ، تۆ دەتبینی، ئەو لەنێو چاڵەکەدا هاتۆتە دەر و لەو ناوچەکە ڕۆیشتووە. گوندنشینەکانیش کڕنووشیان دەبرد و جێپێیەکەیان ماچ دەکرد. من بەخۆیشم جێپێیەکەم ڕامووسی. بۆنێکی خۆشی لێ دەهات."

ئیمامەکە بەر درابوو. لەبریی باڵی بزوتنەوەی چەپ، ئەو بەسەر شارەکانیدا دا و دیکتاتۆری لەم شار بۆ ئەو شار ڕاو دەنا. ئەو هاتە دەر بۆ ئەوەی بەهانای هەژارانەوە بێ، پشتی لاواز و زەبوونەکان بگرێ، نەخۆشەکان چاک بکاتەوە و دڵنەواییی ئەو دایکانە بداتەوە کە کۆستیان کەوتبوو، منداڵیان لەدەست دابوو.

"خەڵک دەگریا،" باوکم زیاتر لەسەری ڕۆیشت. "خەڵک پێدەکەنی. خەڵک کتێبە پیرۆزەکەی لەسەر سەر دانابوو. ئەوان لەبناری شاخەکەدا خڕ بوونەوە بەرەو ئاراستەی



هەواڵنامەی کتێب

مەککەوە ڕاوەستان. ئینجا پۆل پۆل بەدوای شوێنپێی ئیمامەکەدا ڕۆیشتن.“

”شوێنەوارەکە بەرەو کوێ دەیبردن؟“

”بەرەو ئەو شارەی کە مزگەوتە گەورەکەی لێیە، ئەو مزگەوتەی گومبەزێکی زێڕینی هەیە. ئەو شارەی، کە هەموو ئافرەتان چارشێوی ڕەشیان بە خۆیاندا داوە و زۆر مەلای ڕۆحانیشی لێ دەژین.“

مەبەستی ئەو، شاری قوم بوو.

کەواتە فریادڕەسەکە چۆتە قوم. ئەو چووە قوم، ڤاتیکانی شیعەکان. ئیدی دەستبەجێ منیش بەرەو تاران لێم خوڕی.



هەواڵنامەی کتێب

# ئەکبەر چیدی نەیدەویست کەڕولاڵ بێ

دیسان حاجییەکان  بەرەو بیرە پیرۆزەکە دەڕۆن.
ئێمەش لەگەڵیاندا دەڕۆین.

لەو دەمەی شارە پیرۆزەکەی قوم شێوا بوو، دیندارەکانیش لە هەموو سووچێکی وڵاتەوە پۆل پۆل ڕوویان تێ دەکرد، تارانیش بە شێوازی خۆی بە شۆڕشکردنەوە خەریک بوو. ئەو پارتانەش کە بۆ چەندین دەیە بوو قەدەغە کرابوون، دیسان کەوتنەوە جووڵە و تەکان و دەنگیان بیسترا. لە هەموو لایەکەوە هەر بڵاونامە و پۆستەر دەبیندرا، کە لە تاریکەشەودا بڵاو دەکرانەوە و بە دار و دیوارەکانەوە هەڵدەواسران.

زیندانییە سیاسییەکانیش زانییان شۆڕش بەرپا بووە. ئەوانیش بەکۆمەڵ مانیان لە خواردن گرت.

لە شاری قوم ڕەوشەکە لەدەست دەر چوو بوو. هەرکاتێکیش تاریک دادەهات، ئیدی قانون و ڕێساکانی شا نەیدەخوارد، بەڵکو هەر قانونی مەلا ڕۆحانییەکان لەگۆڕێدا



هەواڵنامەی کتێب

بوون. هیچ پۆلیسێکیش زاتی ئەوەی نەدەکرد بە شەو بێتە دەر و ڕووی خۆی نیشان بدا. لە شارەکانی دیکەشدا خەڵک دەنگی بەرز کردەوە.

هەرچی گوندەکەی زافەرانیش بوو، چیرۆکی تایبەتی خۆی هەبوو. نابینا، کەڕە، کەڕولاڵەکان و پەککەوتووەکانی هەموو لایەک لە ڕێگادا بوون بەرەو شاخی زافەران دەڕۆیشتن. ئەوان دەچوونە سەر شاخەکە، تا نێوچاوانی خۆیان لە جێپێی ئیمامی مەهدی هەڵبسوون و بپاڕێنەوە، بەڵکو لە دەرد و بەلاکانیان ڕزگاریان ببێ.

لەبەر ئەوەی خەڵک نەدەگەیشتە سەر بیرە پیرۆزەکە، بۆیە مەلای شاخی زافەران گلکۆیەکی ناچاریی لە داوێنی شاخەکە دروست کردبوو. ئینجا نەخۆشەکان، کەڕە، لاڵ، کەمئەندام، کوێر و هەموو ئەوانەی گرفتی لەشساغیان هەبوو، خۆیان بە پەتێکی سەر گلکۆکە دەبەستەوە و بیست تا سی مەتر لەولای گلکۆکە لەسەر زەوی دەکەوتن. ئەوان بڕیاریان دابوو ڕۆژووەکەیان نەشکێنن تا ئیمامیان لێ پەیدا دەبێ و لە دەرد و بەلا چاکیان دەکاتەوە.

هەر بەڕاستی ئەوێ پڕحەشامات و جەنجاڵی بوو. جەنجاڵییەک بوو نەبێتەوە. کەڕەکان لەتەنیشت یەکەوە بوون و دەگریان، نابیناکانیش بەتەک یەکەوە خۆیان بە زەوی گیرساندبوو، دەپاڕانەوە. نەخۆشەکان بێ پچڕان دەنووزانەوە و مەنگۆلەکانیش بەنێو ئەو خەڵکە بە شینوشەپۆرەدا دەسووڕانەوە.

مەلای شاخی زافەرانیش بە بڵندگۆوە، بە دەنگێکی بەرزەوە بانگی دیندارەکانی دەکرد، کە لە دڵەوە، لەناخی



هەواڵنامەی کتێب

دڵیانەوە، بە دەنگی بەرزەوە بپاڕێنەوە، بەڵکو بە زووترین کات ئیمامە پیرۆزەکە دەر بکەوێ.

لەگەڵ زەنگۆڵەدا، لەنێو کەڕوڵاڵەکاندا بەدوای باوکمدا دەگەڕام. نەمدەزانی ئاخۆ ئەویش بەرەو شاخی زافەران ڕۆیشتووە. زەنگۆڵە بۆی باس کردم، کەوا لەپڕێکدا باوکمان دیار نەما و ڕۆیشت. بۆ گەڕان بەدوای ئەو، ئیدی خۆمان لەنێو ئاپۆرای حاجیانی ئەوێدا بینییەوە.

"من دەیبینم، ئەو لەوێ ڕاکشاوە!" زەنگۆڵە وا بانگی کردم.

بە چاوی نووقاوەوە باوکم لەسەر زەوی کەوتبوو. پەتێکی درێژی لە پێی ڕاستەی خۆی گرێ دابوو، کە سەرێکی لە گڵکۆکە بەسترابووە، پەتەکەش لەو سەدان پەتانە بوو، بە شوورەی گڵکۆکە گرێ درابوو.

ئەو لاواز ببوو، ڕدێنیشی هاتبوو، وەک کەسێکی پیر دیار بوو. چوومە لای دانیشتم و بازندی دەستیم گرت. ئەویش چاوەکانی هەڵێنان، بە بینینی من لەوێ سەرسام بوو.

"ئێوە لێرە چی دەکەن؟" وا ئاماژەی بۆ کردم.

"ئەدی، تۆ لێرە چی دەکەی؟"

لەبەر ئەوەی بۆ ماوەی هەفتەیەک بوو، هیچی نەخواردبوو، بەدەگمەنیش ئاوی خواردبووەوە، چەند پۆرگێکی ناشیرین لەسەر لێوەکانی پەیدا ببوون. مەلایەکەش هاتە ئەوێ و دەستەسڕێکی تەڕی لەسەر تەوێڵی باوکم دانا و گوتی، "ئەی پیاوی بەستەزمان، زۆری پێ ناچێ، ئیمامی مەهدی دێت و


هەواڵنامەی کتێب

لێتان دەفرێسمیٚ[1]!"

ئینجا مەلایەکە بەرەو کەسێکی دیکە ڕۆیشت.

"دەی هەڵسەوە!" وام پێ گوت. "با بڕۆینەوە ماڵێ!" دەمەویست لە هەڵسانەوەدا یارمەتیی بدەم.

بەڵام خۆ ئەو ڕەتی کردەوە دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکەم.

"ئاخر خەریکە وشک هەڵدەگەڕێی،" من وام پێ گوت. "دەی زەنگۆڵە یارمەتیم بدە، بیخەرە سەر پشتم."

هەر بەڕاستیش ئەو نەیدەویست لەگەڵمان بێتەوە. خۆ ئەو هەرگیز بەو شێوەیە دژی من نەجووڵابووەوە.

"ئاخر من ئەوەندە کتێبەم لەگەڵ ئەودا خوێندوونەتەوە،" وام بە زەنگۆڵە گوت. "سەبارەت بە گەردوون، لەبارەی زەوی، لەبارەی مانگ، لەبارەی خەڵک، کەچی ئێستا هەر وەک نەخوێندەوارێک، هەر وەک کەڕولاڵێکی پیر لێرە خۆی بە زەویدا داوە. تەنانەت نایەوێ هەر سەیریشم بکا."

زەنگۆڵەش دەستێکی بەسەر نێوچاوانیدا هێنا، بە دەستەسڕێک لێوەکانی تەڕ کردن و بەنەرمیش هەژاندی، "دەی باوکە، لەگەڵمان وەرە. دەی با بچینەوە ماڵێ. کە بەم جۆرە لاوازە دەتبینم، دڵم ژان دەکا. دەی چاوەکانت بکەرەوە."

ئەویش چاوەکانی کردنەوە.

"تیناش بۆت دەگریێ،" زەنگۆڵە بەئاماژە وای پێ گوت. "دەی چەند ڕۆژێک بگەڕێوە ماڵ، ئەوسا هەرکاتێک ویستت دەتوانی بگەڕێتەوە ئێرە. کاتێ باشتر بووی بگەڕێوە ئێرە."

---

[1] لێفرێسمین: واتە موبارەکبادیکردن، مووفەڕککردن، واتە پیاوچاکێک دوعا بۆ کەسێکی سادە دەکا.



هەواڵنامەی کتێب

ئینجا بەرگریی دیکەی نەکرد.

"دەی تۆ پێڵاوەکانی هەڵبگرە،" وام بە خوشکەکەم گوت. ئینجا بەئەسپاییییەوە هەڵم گرت و لەسەر پشتی خۆم دانا و بەرەو ترومبێلەکەم برد، کە یەک-دوو کیلۆمەترێک لە دووری ئەوێوە ڕام گرتبوو.

کە گەیشتمە لای ترومبێلەکە، لەسەر کورسیی پشتەوە درێژم کرد و بەرەو شارەکە لێم خوڕی.

ئێستاش شۆڕشەکە بەرپا بووە، ناوبەناو سەردانی خێزانەکەم دەکردەوە. هەر بۆیە ئەوم گەیاندەوە ماڵ.

کاتێ گەیشتین، تینا دەمودەست بەدەم ئامادەکردنی سووپێک، بۆڵەبۆڵێکیشی لێوە هات، "من لەگەڵ ئەو پیاوەدا لە کوێرەوەری زیاتر هیچی دیکەم تووش نەهاتووە. ئەرێ باشە ئەو چی لە ئیمامە پیرۆزەکە دەویست؟ ویستوویەتی فێرە قسەکردن بێ؟ خۆ من ئێستا لەو بارەی (کە کەڕولاڵە) ڕۆژێک بەئارامی لەگەڵیدا بەسەرم نەبردووە، ئای خوای من، بمپارێزە، خۆ ئەگەر هاتبا و قسەی کردبان، چی دەقەوما."

"دەی دایکە بەسیەتی،" زەنگۆڵەش بەرپەچی دایەوە. "خۆ ناکرێ بەم جۆرە باسی باوکم بکەی."

"بۆچی نا؟ باشە کە پیاوێکی نیوەمردووی کەڕولاڵم بۆ بێتەوە ماڵ، چی بڵێم؟"

"دایکە، بەسیەتی، دەنا..."

"دەنا چی؟ خۆ تۆش بێخەتا نی. خۆ ئەگەر پێویست بکا، بە دەنگی بەرزیش بە ڕووی تۆ هەڵدەشاخێم. تۆ ژیانی منت تێک دا. ئێستا کە براکەشت لێرەیە، دەمەوێ هەندێ



هەواڵنامەی کتێب

شت ڕوون بکەمەوە. ئیسماعیل، من چیدیکە لەو خوشکەت تێناگەم."

"دایکە،" زەنگۆڵە وا وەڵامی دایەوە. "باشە کاتێ کە ئیسماعیل لێرەیە، دەردەست تۆ ڕەفتارێکی دیکە دەنوێنی؟"

"من شتێکی دیکە ناکەم و ڕەفتاری دیکە نانوێنم، ڕێک ئێستا وەختیەتی بیڵێم، بەر لەوەی ئەو بڕوا. لەو ڕۆژەی کە جەمیلە پێی نایە ئەم ماڵەوە، زەنگۆڵە بووە بە..."

"باشە، ئەمە چ پەیوەندییەکی بە جەمیلەوە هەیە؟" زەنگۆڵە وا بەرپەچی دایەوە.

"... دەی وازم لێ بێنە. من ئەوەم گوت کە پێویست بوو بگوترێ."

منیش هەستم کرد وەک ئەوەی بێگانەیەک بم. دەبووایە باوەش بە تینادا بکەم پێی بڵێم، "تینا تۆ ڕاست دەکەی. بەڵام خۆ پێویست ناکا چیدی بترسی، چونکە ساڵە سەختەکان بەسەر چوون. من لەمەبەدوا زووزوو دێمەوە ماڵ. هەموو شتێک ڕێکوپێک دەبێتەوە."

کەچی واشم نەکرد. نەمتوانی وا بکەم، تێبینیی ئەوەم کرد، هەندێ دڵڕەق بووبم.

"تینا،" من وا بانگم کرد، "دەی سووپێک بدەرە باوکە. پاشان قسان دەکەین."

من یەک-دوو کەوچک سووپم بە دەمی باوکمەوە کرد، لەو کاتەشدا زەنگۆڵە بە دەستەسڕێک دەمی باوکمی دەسڕی.

"باوکە، تۆ شێت بووی،" بەئاماژە وام پێ گوت. "باشە بۆچی لە بەردەم گڵکۆکەدا بەڕۆژوو بووی؟"

ئەو هیچی نەگوت، تەنیا خەندەیەک هاتە سەر لێوەکانی.



هەواڵنامەی کتێب

بۆ شـەوەکەی مـن لـە مـاڵ مامـەوە، ئـەوەش بـۆ چەندیـن ساڵ بـوو، یەکـەم شـەوم بـوو کـە لـە ماڵـێ بنووم. هەسـتێکی سـەیرم لا پەیدا بـوو. هەسـتم بـە خـۆم دەکـرد غەوارەیـەک بـم. هـەردوو خوشـکەکانی دیکـەم هێشـتا مێردیـان نەکردبـوو. ئـەوان زیاتـر منیـان وەک باوکـی ماڵـەوە دادەنـا لـەوەی کاکیـان بـم، بۆیـە ئـەوان وەک زەنگۆڵـە ئازادانـە زاتیـان نەدەکـرد بێنـە لام دانیشـن. ئەمـەش کاتـی پێویسـت بـوو، بـەڵام خـۆ ئێمـەش ئـەو کاتـە پێویسـتەمان بـۆ دەسـتەبەر نەبـوو.

ئـەو ڕیشـە بـۆزەی باوکـم ئـەوەی بـۆ ئاشـکرا کـردم، شۆڕشـەکە دەیویسـت ئـەو لـە مـن بسـەنێ.

بۆ ڕۆژی پاشـتر قسـەم لەگەڵیدا کرد. تێکۆشـام ئەوەی بۆ ڕوون بکەمـەوە، کـە ئیمامـە پیرۆزەکـە هـەر بوونـی نییـە. بـەڵام هەسـتم کـرد، ڕوونکردنەوەکـەم هیـچ کاریگـەری بەسـەرەوە پەیـدا نەکـرد.

باوکم پێـی ڕاگەیاندم، جارێکیـان، لـەو کاتـەی ژنـی یەکەمـی مردبـوو، ئیمامـە پیرۆزەکـەی بـە چاوەکانـی خـۆی لەنێو بیرەکەدا بینیبـوو. هەروەهـا ئەوەشـی گـوت، گوایـە هـەر پیـرێ نابینایەکـی بینیبـوو، دەمودەسـت چـاک ببـووەوە، "پیاوەکـە کاتـێ نووسـت، کوێـر بـوو، بـەڵام بـۆ بەیانییەکـەی کـە بەئـاگا هاتـەوە، دەیتوانـی ببینـێ. ئیمامەکـە هاتبـووە خەونـی و چاکـی کردبـووەوە."

نەخێـر، باوکـم نەیدەویسـت چیـدی هـەر بەکەڕوالڵـی بمێنێتـەوە. ئـەو خوازیـار بـوو بتوانـێ بخوێنێتـەوە.

"چاکـە، مـن فێـرە خوێندنـەوەت دەکـەم،" مـن وام پـێ گـوت. "هـەر بەتەنهـا سـاڵێک، تەنیـا نیوسـاڵ لەسـەرم بوەسـتە، ئەوسـا دەگەڕێمـەوە ماڵـێ، ئینجـا هـەر بەڕاسـتی فێـرە خوێندنـەوە و



هەواڵنامەی کتێب

نووسینت دەکەم. من بەڵێنت پێ دەدەم.“

قسەکانم چیدی کاریان نەدەکرد. ئاخر شوێنپێی ئیمامەکە جادووی لێ کردبوو.

یەک-دوو ڕۆژ دواتر، باوکم دەستی دایەوە گۆپاڵەکەی و ڕۆیشت، چوو بەدوای ئیمامی مەهدیدا بگەڕێ.


هەواڵنامەی کتێب

## ئەو ڕۆژانەی خێرا تێپەڕین

ئێمە لەگەڵ خومەینیدا
بەسەر کێوی زافەراندا دەفڕین.

هەمیشە ویستوومانە وڵاتەکەمان بکەینە بەهەشت. ئەمما نەماندەزانی، یان لەوانەیە نەمانویستبێ بزانین، هێشتا وڵاتەکە، هێشتا خەڵکەکە، هێشتا خودی خۆمان بۆ ئەم شتە ئامادە نەبووین. ئێمە پەلەمان بوو، ئۆقرەمان لەبەر بڕابوو، ویستمان بەپێش مێژوو بکەوین، لەپێشی بڕۆین. بەڵام خۆ ئەوەش نەکرا. لە ڕاستیدا ئێمە لە مەلاکان زیاتر شایستەی شتێکی دیکە نەبووین. ڕووداوەکانی ئەو سەدوپەنجا ساڵەی ڕابردووی وڵاتەکەم، ئەوەیان ڕوون کردەوە، کە مەلاکان بە ڕێگاوەن. مێژوو خومەینی هێنایە پێشەوە. شا دەبووایە بڕوا. لەسەر ڕووپەری یەکەمی گرنگترین ڕۆژنامەی نیشتمانی، بە خەتێکی درشت نووسرابوو: *خومەینی هات*.

لە جیهانی ڕۆژنامەگەرییدا هەرگیز کەس پیتێکی وا درشتی بەکار نەهێنابوو. منیش ڕۆژنامەکەم لەسەر مێزی کاری باوکم لێک کردەوە. ئەویش دەمودەست زانی شتێکی


هەواڵنامەی کتێب

گرنـگ لەگۆڕێدایـە.

من پێم گوت، ”شا ڕۆیشت.“

”ڕۆیشت؟“

نەخشـەیەکم دەر هێنـا، ”ئـەو چـووە میسـر، لەوێشـەوە بەرەو باهامـا ئینجـا بـۆ ئەمەریکا.“

میسر؟ باهاما؟ ئەمەریکا؟ ئەو لێی تێنەگەیشت.

کێشــەکەی ئــەو لــەوەدا بــوو، هیــچ پەیوەندییەکــی لەنێــوان ئــەو ڕووداوانــە و ڕۆیشــتنی شــادا نەدەبینــی.

”ئەو جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە.“

”بۆچی نا؟“

باوکم ئـەوەی لـە بەرچـاو نەگرتبـوو، لـەو کاتـەی ئـەو جێپێـی ئیمامـە پیرۆزەکـەی هەڵگرتبـوو، لـە ڕاسـتیدا ئـەو خەریکـی ئـەوە بـوو، شـا ڕاو بنێ.

”ئێستا خومەینی لەسەر تەخت و تاجی شادا دانیشتووە.“

ئەویش بەسەرسامییەوە سەیری کردم.

”بـۆ چـی وا سـەیرم دەکـەی؟ خـۆت، هـەر خـۆت ویسـتت شـا بـڕوا و خومەینـی بێتـە جێگای؟“

”من؟ من هیچم نەکردووە.“

”چـۆن هیچـت نەکـردووە؟ تـۆ وێنەکـەی شـات لـە دوکانەکـە لا داوە، لەجیاتیـی ئـەو، وێنـەی خومەینیـت بـە دیوارەکـەدا هەڵواسـیوە. ڕۆژانـە لەگـەڵ هـەزاران کـەس خۆپیشـاندان دەکـەی. دەی جارێـک لـە ئاوێنـەدا سـەیری سەروسـیمای خـۆت بکـە. تەنانـەت ڕیشـێکی وەک ئەویشـت بـەر داوەتـەوە.“

”وەک هیی کێ؟“

”ڕیشـەکەت ئەوەنـدە درێـژ و بـۆز بـووە، وەک هیـی خومەینی


هەواڵنامەی کتێب

لێ هاتووە.“

ئەویش سەیرێکی ئاوێنەی کرد و دەستێکی بە ڕیشیدا هێنا. وەک ئەوە وا بوو شتێکی نامۆی بۆ دەر بکەوێ.

”ئەرێ پێشتر خومەینی لەکوێ بوو؟“ ئاماژەیەکی وای کرد.

ئەمەش زەحمەت بوو بە زمانی ئاماژە شی بکرێتەوە. من دەبووایە یەکەم جار مێژووی سەد ساڵەی وڵاتەکەم باس بکەم، ئەوسا بێمە سەر خومەینی.

”چیرۆکێکی زەحمەتە،“ وام پێ گوتەوە. ”شا بەر لە پازدە ساڵ، خومەینی لە وڵات بەدەر نابوو، ئەو دەبووایە لە دووری نیشتیماندا بژی. ئەوان (شا و خومەینی) دوژمنی یەکدی بوون. ئێستاش ئەو گەڕاوەتەوە و شا وڵاتی جێ هێشتووە.“

شتێکی ئاڵۆز بوو. من ئاماژەم بە هەواڵەکەی ڕۆژنامە دا، ”لێرەدا نووسراوە، خومەینی دوای سێ ڕۆژی دیکە بەرەو شاخی زافەران دەفڕێ، سەردانی چالاوەکە دەکا.“

”بۆچی لای بیرەکە؟“

”ئەو دێت تا سڵاو لە ئیمامە پیرۆزەکە بکا.“

”ئاخر بیرەکە بەتاڵە، ئیمامەکە ڕۆیشتووە.“

ئەمەشیان نەمدەتوانی ڕوونی بکەمەوە. بۆیە گوتم، ”بیرەکە بەتاڵ نییە. ئیمامەکە بۆی گەڕاوەتەوە. ئەو دیسان هاتۆتەوە و کتێبەکەی خۆی دەخوێنێتەوە.“

هەلیکۆپتەرێکی گەورە بەسەر سەری ئاپۆرای خەڵکەکە، کە بەسەر کێوی زافەراندا سەر دەکەوتن، فڕی. بە هەزاران کەس بە یەکجار بانگیان دەکرد، ”لا الە الا اللە! لا الە الا اللە!“



هەواڵنامەی کتێب

وەک وەڵامدانەوەیەک کۆپتەرەکە سووڕێکی بەسەردا لێدایەوە.

"(*سلام بر خومینی!*) سڵاو لە خومەینی!" هەمووان بەیەکەوە هاواریان کرد.

باوکیشم تێهەڵکێشی ئەو حەشاماتە بوو، تا دەهات زیاتر بەسەر شاخەکەدا هەڵدەکشا. دەیەویست تا بۆی بکرێ نزیکی بیرەکە بکەوێتەوە. منیش بەدوایدا چووم، ئەویش لە شوێنە عاسێ و سەختییەکاندا یارمەتیی دام تا سەر بکەوم.

منیش زۆر لەژێر باندۆری کەشەکەدا بووم. بەخۆشم ئەوەم لە خۆم چاوەڕێ نەدەکرد. ئەو ڕێڕۆیشتنە دیندارییە جادووی لێ کردبووم. هەرچەندە کاتێ ئاپۆراکە دروشمیان دەدا و هاواریان دەکرد، من بێدەنگ بووم، کەچی منیش لەنێو سەرمدا هەر وەک ئاپۆراکە بانگم دەکرد، "لا الە الا اللە!"

هەنووکەش خومەینی بەسەر سەرماندا فڕی. ئەوم بینی لەتەنیشت فڕۆکەوانەکە دانیشتبوو. دەستی ڕاوەشاند. فرمێسک لە چاوەکانم داباری. دەمودەست ڕووم وەر گێڕا، بۆ ئەوەی باوکم نەمبینێ. بەجۆشەوە بەدوای باوکم بۆ سەرووتر هەڵکشام. دەمویست لەو کاتەی خومەینی لە کۆپتەرەکە دادەبەزێ و یەکەم هەنگاوی بەرەو بیرەکە هەڵدەنێ، بیبینم ئاخۆ چۆن لە بەردەم بیرە پیرۆزەکەدا دەچەمێتەوە.

دەمزانی ئەمەیان ساتێکی بایەخداری مێژووی نیشتمانەکەمە. کۆپتەرەکە بەسەر بیرەکەدا هەوڵی دەدا لەنێو بەردەکاندا لە شوێنێک هەڵبنیشێتەوە. دیار بوو هەڵنیشتنەوەکەی شتێکی ئاسان نەبوو. فڕۆکەوانەکە سێ جار هەوڵی دا، بەڵام نەیدەوێرا تەواو لار بێتەوە. بۆ جاری



هەواڵنامەی کتێب

چوارەم نیوەبازنەیەکی لێدا بە شێوەیەک نیشتەوە، کە کلکی فڕۆکەکە بەرەو ڕووی حەشاماتەکە بێ. ئیدی بە هەزاران لە خەڵکەکە تەقینەوە، "*خوش آمد، خوش آمد! یار امام خوش آمد!* بەخێر بێ، بەخێر بێ، یاری ئیمام بەخێر بێ!"

ئینجا حەفت لە شاخەوانە ڕیشدارەکان بە خۆیان و پەتەکانیان گەیشتنە لای کۆپتەرەکە تا یارمەتیی پیاوە پیرەکە بدەن و بیگەیەننە لای بیرەکە، بەڵام خومەینی یارمەتیی ئەوانی ڕەت کردەوە. لەبەر ڕێزلێنانان لە ئیمام، ویستی بە هێز و شەنگی خۆی، بەرەو بیرەکە بە پێ بڕوا.

بەڵام چۆن؟

دەبووایە شاخەوانەکان ڕێچکەیەک بەرەو خوار بدۆزنەوە. ئاخر ئەو چۆن بە خۆی و ئەو نەعلە نوێیانەی، دەتوانێ بەسەر بەردەکاندا بڕوا؟ شتێکی پەیپێنەبراو بوو.

شاخەوانەکان پێچێکی گەورەیان هەڵبژارد. هەر حەفتیان چوونە پێش خومەینی، تا یاوەریی بکەن و پێبەپێ لەگەڵی بۆ خوارەوە بڕۆن. بیست خولەکی ڕەبەقی پێ چوو، تا بە ڕێگە پێچەدارەکە و لەدواییدا پێیان بگاتە سەر لێواری بیرە پیرۆزەکە. بۆ چاوتروکانێک ئەو ساتمەیەکی بۆ پێشەوە برد، مرۆ وای دەزانی هەر ئێستا دەکەوێتە نێو چاڵاوەکە، بەڵام خۆ هیچیش نەقەوما. بۆ مایەی سەرسامیی هەمووان، لە دواساتدا توانی خۆی بگرێ و نەکەوێ. ئیدی ئاپۆراکەش کەوتە هاوارکردن: "صلی الله علی محمد یار امام خوش آمد، یاری ئیمام بەخێر بێ!"

ئەویش مێزەرە ڕەشەکەی سەری ڕاست کردەوە، لۆچەکانی عەباکەی چاک کردنەوە، پشتی قیت کردەوە -



هەواڵنامەی کتێب

شتەکە وا پێدەچوو، هەر وەک ئەوەی دیدارێکی لەگەڵ خوادا هەبێ - و بە لەخۆڕادیتنەوە بەرەو سەر بیرە پیرۆزەکە ڕۆیشت. من وام ڕەچاو دەکرد، ڕاستەوخۆ سەیری نێو بیرەکە بکا. بەڵام ئەو لەسەر لا بۆ دەستەچەپ وەر سووڕا و ڕووی خۆی لە مەککە کرد. ماوەیەک وا مایەوە - دیار بوو شتێکی دەخوێندەوە - پاشان هەندێ بەزەحمەت کڕنووشی برد و نێوچاوانی گەیاندە سەر زەوی.

ئەوەی ئەو کردی، ڕەفتارێکی بارگاویی سیاسییانە بوو، لە هەمان کاتیشدا سەربردەیەکی ئەفسووناوی بوو، لە بەرچاوی ئێمە و هەمووواندا ڕووی دا. ئەو کەسەی هەقایەتی *هەزار و یەک شەوەی* شەهرەزادی خوێندبێتەوە، تێدەگا من باسی چی دەکەم.

جارێکیشان ڕەزاخان، پاشاکە لەسەر ڕۆخی بیرەکە وەستابوو، تا سەرەکەی چیمەنتۆڕێژ بکا. ئێستاش خومەینی لەسەر هەمان شوێن وەستاوە. ئیدی شانشین لەبەین نەما و ڕژێمی مەلاکان هات.

خومەینی ڕووی خۆی ڕاست کردەوە. لەنێو بەرکیدا بەدوای چاویلکەکەی گەڕا، بەڵام خۆ ئەو چاویلکە ڕاستەکە نەبوو. بۆیە بەرکی دیکەشی گەڕا، هەر نەیدۆزیەوە. دیار بوو لە شوێنێک جێی هێشتبوو.

ئینجا خومەینی عەینەکە ناڕاستەکەی لەچاو کرد. چاوێکی لێ کرد تا بزانێ ئاخۆ دەتوانێ بەو عەینەکەوە شتێک بخوێنێتەوە. نەخێر، هەر هیچی پێ نەدەخوێندرایەوە. ئیدی لە چاوەکانی کردەوە، خستییەوە نێو بەرکەکەی. بەئەسپایی



هەواڵنامەی کتێب

هەنگاوی بەرەو بیرەکە هاوێشت، لە بەردەمیدا دانەوییەوە و بەسەرنجەوە سەیری دورِ[1] بیرەکەی کرد.

پێدەچوو ئەو هێشتا هیچ نەبینێ، چونکە هەر زوو هەڵسایەوە. کاتێکیش جارێکی دیکە بۆ پێشەوە نوشتایەوە. ڕەفتارەکەی وای دەنواند، بەدوای ئیمامەکەدا نەگەڕێ، بەڵام خۆ هەر نەیدۆزییەوە، یان تۆ بڵێی وا بێ؟

سێ جار بە سەر سڵاوێکی لە ئیمامە پیرۆزەکەی نێو بیرەکە کرد، ئینجا لەگەڵ بیرەکە کەوتە قسەکردن. بێدەنگیش باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشابوو. هەمووان زانییان، ئەو ڕاوێژ بە ئیمامی مەهدی دەکا، پرسیاری ئەوەی لێ دەکا کە دەبێ چۆن وڵاتەکە بەڕێوە ببا.

ئەرێ چەند درێژەی کێشا؟ من ئەوە نازانم.

ئەرێ ئەو چی بە ئیمامەکەی نێو بیرەکە گوت؟ ئەوەش هەر نازانم. هەرچۆنێک بێ، ئەو ئەم وشانەی خوارەوەی گۆ کردن، "ئەلسەلام عەلەیکە ئەی مەهدی ئیبن حەسەن، ئیبن تەقی، ئیبن کازم، ئیبن موسا، ئیبن جەعفەر، ئیبن باقر، ئیبن حوسەین، ئیبن عەلی، ئیبن ئەبی تالیب."

دوای ماوەیەکی کەم، ئاماژەی بۆ یارمەتیدان کرد. ئیدی هەرحەفت شاخەوانەکان خێرا خۆیان گەیاندێ، خومەینییان بەرز کردەوە و گەڕاندیانەوە لای کۆپتەرەکە. ئاپۆرای خەڵکیش هەر هاواری دەکرد: "خدایا! خدایا! خومەینی را نیگەهدار!، خودیا ! خودیا! ئاگات لە خومەینی بێ!"

ئیدی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی نیشتمانەکەمدا سەری

١ دورِ: ناو نێو.



هەواڵنامەی کتێب

هەڵدا.

پەکوو، کات چەند خێرا تێدەپەڕێ. کاتێک هێشتا بچکۆلانە بووم و ڕێنوێنیی باوکمم دەکرد، وا پێدەچوو کات لە جێی خۆی نەجووڵێ. ئەوکات ڕۆژ هەر ئاوا نەدەبوو، شەویش هەر لێگەڕێ. کەچی ئێستا دەبینم ڕۆژ خێرا، بروسکەئاسا دێن و دەڕۆن.

من ئێستا لێرەم، لە پۆلدەرەکەم و لەپشت جامی پەنجەرەوە سەیری دەرەوە دەکەم. هەست دەکەم چیدی کات ناجووڵێ، هەر دەبێ بۆ هەتاهەتایە لێرە لەپشت مێزی کۆمپیوتەرەکەم دابنیشم. ئەزموونم بەهانامەوە هات. بەختەوەرم بەوەی دەزانم، هەموو شتێک کۆتایی دێ.

لەو نێوەدا خومەینیش ڕۆیشت، ئەو مرد، هەر وەک ئەوەی هەر نەبووبێ. شەوێکیان ئەو عەباکەی بەسەر سەری خۆیدا دا، خەوی لێکەوت، ئیدی هەر ئەو خەوە و هەڵنەسایەوە.

ڕۆژگاری ئیمامەکەی نێو بیرەکەش بەسەر چوو. پیاوە پیرۆزەکە ون بوو. بیرەکەش بەتاڵ. کۆترە کێویلکەکان دەچنە نێو بیرەکە، تا هێلانەی خۆیان لەوێ دروست بکەن و هێلکەی تێدا بکەن و فەرخە هەڵبێنن. مارە ژاراوییەکانیش لەپشت گاشەبەردەکان بەحەوسەڵەوە چاوەڕوانن. هەرکاتێک مەلەکان فڕین و لەنێو بیرەکەدا نەمان، بۆیان دەخشێن و هێلکەکانیان دەخۆن. کاتێکیش باڵندەکان دەگەڕێنەوە، دەبینن هەوارەکەیان خاڵییە، ئیدی لەسەر بیرەکە دەگرییێن.

ئەمەشیان هەر تێپەڕی.


هەواڵنامەی کتێب

پاشان زستان دێ و بەفر بەبێ بڕانەوە بەسەر تۆقەڵانی شاخی زافەران دادەکا. بۆ ماوەیەک بیرەکە بە چینێکی ئەستوور لە بەفر دادەپۆشرێ، کاتێکیش بەهار دێ و بەفرەکە دەتاوێتەوە، چاڵەکە پڕئاو دەبێ. ئەوسا نۆرەی بزنە کێوییەکان دێ تا لە ترسان بتۆقێن. ئەوان کاریلەکانیان هەمیشە لە بەرچاو دەبێ، بەسەر کارەکان لەدەورەی بیرەکە دوور دەخەنەوە. ئاخر دەترسن نەبادا یەکێکیان بکەوێتە نێو بیرەکە.

خۆ یەکێتیی سۆڤیەتیش نەما. ئێستا کە لەسەر شاخی زافەرانەوە دەوەستی و بە دووربین سەیری سەرسنوور دەکەی، هیچ ئاڵایەکی سوور و هیچ گومرگێک و هیچ ژەندرمەیەکی دیکە لە دیوەکەی دیکەی شاخەکەدا نابینی. هیچی لەوێ نەماوە. هەموویان ڕۆیشتوون. هەروەها منیش ڕۆیشتم.

من لێرە دانیشتووم، بەڵام تۆ بڵێی ئیمامەکە لەکوێ بێ؟ لەوانەیە ئەویش هەر لێرە لە پۆلدەرێکی هۆڵەندادا بێ.

زۆر جار لە دوورەوە کەسێک بە خۆی و سەگەکەی لەسەر بەنداوی ئاوەکەدا دەبینم. بەرەوڕووی دەڕۆم، بەڵام خۆ هەرگیز نایگەمێ، تەنانەت ئەگەر غاریش بدەم. دەی لێی دەگەڕێم بەخۆی و سەگەکەی بابڕۆن. ئاخر خۆ هەردووکمان ئەو پۆلدەرەمان پێویستە.

بە جیاوازی باقیی بەشەکانی جیهان، لێرە لەو پۆلەدەردا ئارامی هەیە. بەڵام هەرکاتێک تەلەڤزیۆنت پێ کرد، سەرنج دەدەی، ئەو هێوریییە لەژێر هەڕەشەدایە.

جاربەجار سەدام حوسێن لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەر



هەواڵنامەی کتێب

دەکەوێ، دوای ئەو سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش دێتە سەر تەلەڤزیۆن و چەند قسەیەکی توندی پێ دەڵێ. هەمووان دەستبەجێ ئەوە دەزانن، کە ئێمە لەژێر ڕکێفی خومەینی جەنگێکی هەشت ساڵەمان لەگەڵ عێراق، وڵاتەکەی دراوسێدا هەبوو. لە هەردوو لاوە بە هەزاران کەس سەریان تێداچوو، بە هەزارانیش بریندار کران. ئاخر ئەوە شەڕێک بوو لەپێناوی هیچ. تەنیا و تەنیا گەمژەیی و کەڕەپی[١] هەردوو سەرکردە شێتەکان بوو. پاشان سەدام پەلاماری کوێتیشی دا. لەوێوە ئەمەریکا لێی هاتە دەست و وەستاندی. بەڵام ئەو هێشتا هەر بەرەو دەرەوە دەکشا.

من باسی سەدام ناکەم، بەڵام دەمەوێ ئەو بە جۆرێک بەکار بێنم، تا ڕۆژژمێرەکەی باوکم زیاتر وەر بگێرم.

کاتێک خومەینی بووە سەرکردەی بێمشتومڕی وڵات، پارتەکەی ئێمە نەیدەزانی، ئاخۆ چ جۆرە هەڵسوکەوتێک پێویستە لەگەڵیدا بکا. ئێمە بڕوامان پێی نەبوو، قەناعەتمان بەوە هاتبوو، ئەو ڕێگە بە کۆمەڵە و دەستە چەپەکانیش نادا بجووڵێنەوە. دەمانزانی ئەو لە کاتێکی لەباردا پارتەکەمان قەدەغە دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا خوازیار بووین ماوەیەک هەوای ئازادی هەڵمژین، بۆیە ئێمەش نیوەئاشکرابوونی قانونییانەمان هەڵبژارد. پارتەکەمان نووسینگەیەکی خۆی لە تاران کردەوە، چەند سەرکردەیەک بەئاشکرا بەڕێوەیان

١ کەڕەپ: نەسەلمێن، عیناد. "زەردەشت بەو کەسانەی نەهاتنە سەر دینەکەی دەیگوت کەڕەپ" بڕوانە مامۆستا مەسعود محمد، زاراوەسازی پێوانە ل١٧١.



هەواڵنامەی کتێب

دەبرد. لە هەمان کاتیشدا بزوتنەوەکە، باڵە هەرە گرنگەکەی هێشتا هەر لەباری ژێرزەمینیدا ساز دەدا.

یەکێ لە باڵەکانیش چاپەمەنی و شوێنی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی حیزب بوو. لەو کاتەدا منیش لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بووم.

دەقاودەق ڕۆژەکەی نازانم، بەڵام لەو ڕۆژەدا بوو کە خوشکە گەورەکەم بەشوو دەدرا، منیش دەبووایە بۆ زەماوەندەکە بەرەو شارەکەمان لێبخوڕم. دەوروبەری سەعات یەک بوو، لەپڕ یەک-دوو فڕۆکە لە ئاسمانی ناوەندی شاردا پەیدا بوون و دەنگ و ژاوەژاوێکی زۆریان پەیدا کرد. ئەوان ئەوەندە بەنزمی دەفڕین، هەمووان دەستیان بە گوێی خۆیانەوە نا و دەستبەجێ خۆیان بەسەر زەویدا دا.

سەدام فڕۆکەخانەی تارانی بۆمبباران کرد. جەنگ بەرپا بوو. منیش نەچوومە زەماوەندی شووکردنی خوشکەکەم، بەڵکو خێرا بەرەو لای ڕۆژنامەکەمان بام دایەوە.

شەوێکیان فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق ماڵەکانی ئێمەیان بەر بۆمبا دا و بۆ شەوی دواتریش ئێمەش هیی ئەوانمان بۆمبباران کردەوە.

لە ساڵی دووەم یان سێهەمی شەڕەکەدا، سەرلەئێوارەیەکیان زەنگی تەلەفۆن لێدرا. زەنگۆڵە زەنگەکەی لێدا.

”براکەم ، گوێ بگرە. ڕەوشی تینا باش نییە.“

”چی قەوماوە؟“

”بەر بۆمببایەک کەوتووە“

”پێی کەوتووە؟“



هەواڵنامەی کتێب

”نا، بەڕاستی نەیپێکاوە، بەڵام...“
”کەی ئەمە ڕووی دا؟“
”هەفتەی ڕابردوو، لەو کاتەی فڕۆکە عێراقییەکان هاتنەوە سەرمان. پێم وایە باشتر دەبێ گەر سەرێکمان لێ بدەیتەوە.“

ئای کە چ گەمژەیی بوو بۆ من. خۆی دەبووایە من تەلەفۆنم بۆ بکردبان. خۆم دەمزانی شارەکە بۆمبباران کراوە. ئاخر بەخۆم هەواڵەکەم لە ڕۆژنامەکە دابەزاندبوو. لەوێ چەند کەسیش کوژرابوون، بەڵام خۆ ئەو فڕۆکە شەڕکەرانە ناوچەی پیشەسازیی شارەکەیان بۆمبباران کردبوو، ئەوەش لە ماڵەکەی ئێمەوە زۆر دوور بوو. ئەدی باشە چۆن تینای بەر کەوتبوو؟

بە نیوەی شەو گەیشتمە شارەکەمان. لە هەموو لایەک هەر تاریکی بوو. هەموو چراکان کوژابوونەوە. پایسکیلسوارێک کە بەتیژی بەنێو شارەکەدا تێدەپەڕی، بانگی کردم، ”ئەمشەو سەدام شارەکە بۆمبباران دەکا. ئەم دوای نیوەڕۆیە لە ڕادیۆدا جاڕی داوە.“

هەمووان بەرەو شاخەکان ڕایان کردبوو. باشە من چۆن دەتوانم لەوێ خانەوادەکەمان بدۆزمەوە؟ دوو لایتی پێشەوەی ترومبێلەکەم کوژاندنەوە و بەوریاییەوە بەو تاریکییە بەرەو ماڵەوە لێم خوڕی، بەو هیوایەی ئەوان هێشتا پەیامێکیان لە ماڵ بۆ جێ هێشتبم. کاتێکیش گەیشتمە گەڕەکەکەمان و ویستم ترومبێلەکەم ڕابگرم، یەکێک لەبن دارەکانەوە بەرەوڕوومەوە هات.

خۆ ئەوە باوکم بوو. لە تاریکیدا نەماندەتوانی بەئاماژە


هەواڵنامەی کتێب

لەیەک بگەین. ئەو هاتە نێو ترومبێلەکە دانیشت و بەئاماژە گوتی، "دەی باژۆ! ئێمە دەبێ لێرە بڕۆین."

"ئەدی تینا لەکوێیە؟"

"بەکوڵ ئەوم گەیاندە شاخەکان،" من وا لە ئاماژەکەی ئەو گەیشتم.

منیش لێم خوڕی. هەر یەکسەر بۆ شاخەکان، کە گەیشتمە ئەوێ، لەپاڵ بەردێک ترومبێلەکەم ڕاگرت. گڵۆپەکانی نێو ترومبێلەکەم هەڵکردن و بەئاماژە پێم گوت، "چی بەسەر تینادا هاتووە؟"

"تینا لەلای مەرزی[1] بوو، ئاخر خوشکەکەت دووگیانە،" بەئاماژە پێی گوتم، "ئەوان لەنێو خانووەکەیان دانیشتبوون. لەپڕێکدا فڕۆکەیەک بە سەربانی ماڵەکەیاندا فڕیبوو، ئیدی بۆمبەکانی داباراندبوون."

"لەکوێ، بەسەر خانووەکەدا؟"

"نەخێر، لەوێ لەنزیکیانەوە کارخانەیەکی تراکتۆر هەیە، بەڵام دیواری ماڵی خوشکەکەت بەرگەی نەگرتووە. تیناش پێی وا بووە بۆمبەکە بەسەر سەری ئەواندا کەوتووە، ئیدی خوشکەکەتی بۆ دەرەوە ڕاکێشاوە و خۆی بەسەردا داوە تا بیپارێزێ. کاتێکیش فڕۆکەکە ڕۆیشتووە، لەدواییدا خوشکەکەت هەڵساوەتەوە، بەڵام تینا نا."

"باشە ئەو بریندار بوو؟"

"نەخێر، بەڵێ، قۆڵی ڕاستەی خوێنی لێ دەڕژا. بەڵام خۆ ئەو جارێکی دیکە چاوەکانی هەر نەکردنەوە. ئیدی خەڵک ئەویان گەیاندە نەخۆشخانە. منیش لەگەڵیدا چووم، لەوێ

1 Marzy


هەواڵنامەی کتێب

بینیم لەسەر جێ ڕاکشابوو. ئەم جارە چاوەکانی کردنەوە، بەڵام خۆ نەیدەناسیمەوە. لە نەخۆشخانەکەدا ئەویان لە چوارپایەکەدا توند بەستبووەوە.“

”بۆچی؟“

”پزیشکەکە گوتی، ئەگەر نەیبەستنەوە، هاتوهاوار دەکا و لە سەری خۆیشی دەدا. ئەو دەرزییەکی لێدا. تینا شتی سەیرسەیر دەکا. پێم وایە هەمووی بە هۆی فڕۆکەکەوەیە. پزیشکەکە هەموو ڕۆژێ دەرزییەکی لێدەدا تا ئارام بێتەوە و بخەوێ.

”پێنج ڕۆژان لەسەریەک من دەچوومە نەخۆشخانەکە. لەوێ لەتەنیشت ئەو لەسەر کورسییەک دادەنیشتم. لەپڕێکدا بینیم هەمووان ئەوێیان چۆڵ کرد. تیناش چاوەکانی کردنەوە و دەستی بە هاتوهاوار کردەوە. منیش نەمزانی چی لەئارادایە. ئینجا قاییشەکانم کردەوە. تینام بەکۆڵدا دا و ڕام کرد، ویستم لە ژووری نەخۆشخانەکە بێمە دەر.

”لە داڵانەکەدا تووشی پزیشکەکە هاتم. کاتێکیش ئەو تینای بەو حاڵەتی قیژەوە لەسەر پشتی من بینی، دەمودەست دەرزییەکی لێدا.

”‘باشە ئێستا من چی بکەم؟’ بەئاماژە وام بە پزیشکەکە گوت. ‘لەگەڵ خۆتی بەرەوە ماڵەوە،’ ئەو وای پێ گوتم و دەستەحەبێکیشی دامێ.

لە دەرەوەش هەمووان هەڵاتبوون. منیش تینا بەکۆڵمەوە، بەرەو ماڵ گەڕامەوە.“

”پاشان؟“

”هێشتاش تێناگەم. ئاخر برینەکەی سارێژ بۆتەوە،



هەواڵنامەی کتێب

لێ ئەو هێشتا بێدار نەبۆتەوە. تینا لاواز بووە. پێم وایە هەمووی لەبن سەری فڕۆکەکەوەیە، ئەرێ تۆش هەر وای لێ تێناگەی؟"

ئیدی ترومبێلەکەم ڕاستەڕێ کرد، لێم خوڕی تا گەیشتمە لای تەویلەی ئەو جووتیارەی کە خێزانەکەی من بۆ ماوەیەکی کاتی هەنوانێکیان لەوێ دەست کەوتبوو. کاتێکیش ترومبێلەکەم لە بەردەم ماڵەکەدا ڕاگرت، زەنگۆڵە هاتە دەر.

"تۆ ئێمەت دۆزییەوە،" بەدڵخۆشییەوە بانگی کردم، لە کاتێکدا چرایەکی نەوتی بە دەستەوە بوو. منیش خوشکەکەم ماچ کرد و لەگەڵیدا چوومە ژوور.

لەبەر ڕووناکیی قەندیلەکەدا، خەریک بوو تینا نەناسمەوە. سەیری برینەکەیم کرد. برینەکە سارێژ بووەوە. منیش تێنەگەیشتم بۆچی ئەو نەخۆش کەوتووە. تۆ بڵێی بۆمبەکان ژاراوی بووبن؟

"ئەوە دەرمانەکانیەتی،" باوکم وای ئاماژە بۆ کردم. ئەو دەستەیەکی نیوپڕی حەبی دایە دەستم.

منیش سەیری حەبەکانم کردن.

"ئەمانە ڤالیۆمی بەهێزن. باشە چەند حەبی دەدەیێ؟"

"هەر ڕۆژێ چوار-پێنج حەبی دەدەینێ." بەئاماژە وای پێ ڕاگەیاندم.

هەر دەبێ ئەو حەبانە لاوازیان کردبێ؟

"ئەم حەبانە لە پاکەتەکەی خۆیاندا هەڵبگرە. چیدی ئەو حەبانەی نادەینێ."

"ئەمانە باش نین؟"

"من ئەوە نازانم. دەی وەرە، یارمەتیم بدە تا بیگەیەنینە



هەواڵنامەی کتێب

ناو ترومبێلەکە.“

”بیبەینەوە نەخۆشخانەکە؟“

”بەرەو گوندی زافەران. ئێمە دەبێ بیبەینە شوێنێکی ئارام. دوور بێ لە فڕۆکە. من چەند ڕۆژێک لەلای ئێوە دەمێنمەوە، پاشان لەگەڵ خۆمی دەبەمە تاران.“

کە گەیشتینە گوندی زافەران، تازە خەریک بوو ڕۆژ هەڵبێ. ئێمە چووینە خانووی هاوینەهەوارەکەمان، ئەو خانووەی کاتی خۆی باوکم لە سەردەمی ڕەزاخاندا بنیاتی نابوو. لەو ساڵانەی ڕابردوودا من بۆی نەگەڕابوومەوە، بەڵام تینا و خوشکەکانم هاوینیان تێدا بەسەر دەبرد.

”دەی زەنگۆڵە دەکرێ سووپێک بۆ تینا ئامادە بکەی، منیش چا دێم دەکەم. دەی باوکە تۆش، دەکرێ بچی نانی گەرم و نوێ بێنی؟ من زۆرم برسییە. زەنگۆڵە تۆش برسیت نییە؟“

زەنگۆڵەی خوشکم، باشترین، جوانترین، خۆشەویسترین خوشکی سەر ئەم زەمینە، وای کرد بە جووڵە شادمانییەکەی هیوا، خۆشی و تەندروستی بگەڕێتەوە هەوارەکەمان. ئەو دەستی دایە سەبەتەیەک و لەگەڵ باوکم ڕۆیشت هەندێ سەوزە بێنن.

تیناش وەک مردوویەک لەنێو جێگادا کەوتبوو. بەڵام هەستی من، زەوقی زەنگۆڵە تروسکایی چاوەکانی باوکم و تەنانەت ئەو مەلانەی لە پاشخان لەسەر دارەکان دەیانخوێند، وایان لێ کرد تینا چاوەکانی هەڵبێنێتەوە. چیدیکەش لە قیژە نەداتەوە، بەهێواشی سەیری ئێمە بکا.

ئەوسا کەروێشکێکی سپی پەیدا بوو. ئێمە کەروێشکی



هەواڵنامەی کتێب

سپیمان نەبینیبوو، بەڵام هەنووکە یەکێکیان لە بەردەم قاپیی ماڵەوەمان پەیدا بوو، بەخۆشییەوە بازی دا و پاشان لە بەرچاوان بزر بوو.

من لەو باوەڕەدا بووم، زۆری دیکە نابا هەموو شتەکان باش دەبنەوە.

بۆ ڕۆژی پاشتر، کاتێک زۆپاکە کڵپەکڵپی داگیرسانی بوو، سووپەکەش ئامادە بوو، باوکم ئاماژەی کرد، "سەیرکە! تینا دەیەوێ چاوەکانی بکاتەوە."

من لەوێ پێنج ڕۆژان مامەوە. ئەو ڕۆژانەی بۆنی سووپ، شیر، نانی گەرم و داری داگیرساویان لێدەهات.

ئێمە یارمەتیی تینامان دا و بەسەر تەپۆلکەکانیش پیاسەمان کرد، ئەو شوێنەی کە دەبوو بە بازدانە سەیرەکانی کەروێشکە سپییەکە پێبکەنین.

گەلی برادەرینە، خۆ ئەو ڕۆژانەش هەر کۆتاییان هات.



هەواڵنامەی کتێب

# دەماوەند

دەی با بە سەربانی نیشتیمان بکەوین،
لەوێشەوە خۆمان بشۆین.

شەوێکیان بە دەیان فڕۆکەی شەڕکەری عێراقی پەیدا بوون و لەسەر ئاسمانی تاران بەدەر کەوتن. ئەوان بۆ ئەوەندە جارە شارەکەیان دایە بەر بۆمبان. ئەمەشیان لەوەتەی شەڕ بەرپا ببوو، چڕترین بۆمباباران بوو.

بەردەوامیش ڕادیۆی بەغدا هۆشداری دەدا، کە فڕۆکە جەنگییەکانیان دەگەنە سەر ئاسمانی تاران و بەر بۆمبانی دەدەن. تەنانەت بێژەرەکەی ڕادیۆ ئامۆژگاری خەڵکەکەی دەکرد، بەڵکو شارەکە جێ بێڵن. ئیدی دوازدە ملیۆن کەس کەوتنە غارەغاری هەڵاتن. هەندێ جاریش دوای ئەو هۆشدارییانە، فڕۆکەکان دەهاتن، هەندێ جاریش نەدەهاتن. زۆر جار سەدام حوسێن هەر هەمان یاری دووبارە دەکردەوە. ئیدی خەڵکەکە نەیاندەزانی، ئاخۆ شارەکە جێ بێڵن یان تێیدا بمێننەوە.

خۆ ئەگەر دەستی منداڵەکانت گرتبا و ڕات کردبایە، ئەوا


هەواڵنامەی کتێب

فڕۆکـەکان ئـەو ڕۆژە نەدەهاتـن، لـێ ئەگـەر لـە ماڵدا مابایـەوە، ئـەوا بەغـدا شـارەکەی بۆمبابـاران دەکـرد. ئەمـەش جەنگێکـی دەروونـی بـوو، خـۆ ئەگـەر فڕۆکـەکان هاتبانـەوە، شـەوەکە دەبـووە دۆزەخ. ئـەوان بەنزمـی و دەنـگ و هاژەهاژێکـی یەکجار زۆرەوە بەسـەر گەڕەکەکانـدا دەفڕیـن. لەبـەر ئـەو جـۆرە فڕینەدا، خانـووەکان دەهـەژان، تابلـۆ و نیـگارە هەڵواسـراوەکانی دیـوار دەکەوتنـە خـوار، مەنجەڵەکانـی سـەریەکی نانديـن دەزرینگانـەوە، پشـیلەش لەسـەر جـێ هەڵدەبـەزی، منداڵەکەشـت دەسـتی بـە گریـان دەکـرد، ئاخـر گوێـت لـە دەنگـی بەردانـەوەی بۆمبـا و تەقـەی دژەفڕۆکـەکان دەبـوو. پاشـان گوێـت لـە هـۆڕن و فیکەیـەک دەبـوو، گوایـە هێرشـی فڕۆکـەکان کۆتاییـی هاتـووە، ئەوسـا دەنگـی ترومبێلـی فریـادڕەس و ئاگرکوژێنـەوەش دەیانزیڕانـد. ئیـدی خێـرا مـرۆ دەر دەپەڕییـە دەرەوە، تـا بزانـی ئاخـۆ کامـە مـاڵ بـەر بۆمبـا کەوتـووە.

بـەڵام ئـەوێ شـەوێ، ئـەو شـەوەی کـە بـە دەیـان فڕۆکـە بەیەکجـار هاتنـە سـەر ئاسـمانی تـاران و دايانـە بـەر بۆمبـا و لـە ئەنجامـدا بـە سـەدان کـوژراو و برینـداری لـێ کەوتـەوە، خومەینـی ڕەوشـەکەی بـە شـێوەیەکی بەدئاسـا قۆسـتەوە. هـەر ئـەوێ شـەوێ فەرمانـی بـە دەزگای هەواڵگریـی نهێنیـی خـۆی دا، هەمـوو سـەرکردە ناڕازییـە چەپـەکان دەسـتگیر بـکا. ئـەو دەزگا هەواڵگرییـە نهێنییـەش، سـاڵانێک بـوو خەریکـی کۆکردنـەوەی زانیـاری لەسـەر جیـۆرێـی نهێنـی و ژێرزەمینـی نەيارانـی بـوو، تـا لەسـەر نەخشـە دیارییـان بـکا. هێشـتا فڕۆکـەی شـەڕکەری عێراقـی تـەواو ئاسـمانی تارانیـان جـێ نەهێشـتبوو، کـە هەمـوو



هەواڵنامەی کتێب

سەرکردە دیار و گرنگەکانی پارتەکەیان دەستگیر کردن.

کاتێکیش بۆ بەیانییەکەی ویستم بەرەو بارەگای دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بڕۆم، لەسەر جادە تووشی هاوکارێکم بوومەوە، ”ئێمە دەبێ هەر ئێستا لێرە بڕۆین. ئاخر زۆرینەی سەرکردەکان گیراون.“

ئەمەش واتای کۆتاییهاتنی حزبەکەی دەگەیاند. ئیدی دەمودەست بەرەو ماڵی خۆمان گەڕامەوە، تا سافای[1] ژنم ئاگادار بکەمەوە. سافاش نیلوفەر، کیژە بچکۆلەکەمانی هەڵگرت و ڕووی لە کرماشان کرد و چووە لای داپیرەی. ئینجا منیش هەموو ئەو بەڵگەنامانەی لە ماڵ هەمبوون، لەناوم بردن. دوای ئەوە لە چاوەڕوانیی زیاتر هیچی دیکەم لەدەست نەدەهات.

تا ئێستا ئەوەندە باسی ژنەکەم، باسی سافام نەکردووە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، نامەوێ لە ڕۆژژمێرەکەی باوکم لا بدەم. دەنا گەر وا بێ، ئەوا بەر لە زەنگۆڵە، دەبووایە لەبارەی ژیانی خوشکەکانی دیکەم و بەختە مەرگەساتبارییەکەی مێردەکانیشیان بنووسم.

من سافام لە زانکۆ ناسی. ئەویش لایەنگری حیزب بوو، بەڵام نەببووە ئەندام. ئەویش بەدوای پەیوەندیکردندا نەدەگەڕا. خۆ ئەگەر لەوێ تووشی یەکدی نەبووباین، لەوانە بوو ژیانێکی ئاساییانەی بەسەر بردبایە. بە هۆی منەوە نەبووایە، ئەویش تووشی هەموو ئەو چالاکی و دەردەسەرییە نەدەهات.

---

1 Safa



هەواڵنامەی کتێب

تا شۆڕشەکە بەرپا بوو، ئێمە بەنهێنی یەکدیمان دەبینی. دەشمانزانی، هەموو دیدارێکمان دوایینیان دەبێ. پاشان ئاسانتر یەکمان دەبینی، ئینجا زاتی ئەوەشمان کرد دەربارەی پاشەڕۆژیش گفتوگۆ بکەین.

یەک ڕۆژ دوای ڕووخانی شا، ژوانێکم لەگەڵ سافادا هەبوو. لەوێدا داوای دەستیم کرد.

لە بۆنەی مارەکردنەکەشماندا، بەدەر لە فەرمانبەری باری شارستانی و دوو لە برادەران، کە وەک شاهید ئامادە بوون، کەس لەوێ نەبوو. لەو سەردەمە مێژووییینە جەنجاڵەدا، هیچ شتێکمان لە زەماوەندی بووکگواستنەوە نەدەچوو. بۆ شەوەکەش لەگەڵ یەک-دوو هاوڕێ تا نیوەی شەو بەیەکەوە لە قاوەخانەیەکدا دانیشتین، ئیدی بەم جۆرە ئاهەنگی ژنومێردایەتیمان گێڕا.

سێ هەفتەش دوای ئەو بەرواره، سافام لەگەڵ خۆم بردە ماڵی باوانم.

"ئەمە ژنمە."

"بەڵێ؟ تینا وا بانگی کرد. "ئای ژنێکی چەند جوانە."

خوشکەکانیشم، کە بەو دیدارە چاوەڕواننەکراوە حەپەسان، سافایان لەباوەش گرت. باوکیشم هەر لە دووەرەوە سەیری دەکرد. ئەو هەندێک لە پرسەکە ئاگادار بوو. ئاخر پێشتر وێنەیەکی سافام بۆ ناردبوو. تەندروستیی باش، ئەو شتە بۆ پرسی ژن و ژنخوازی لای ئەو گرنگ بوو. ئیدی ئەو هەر لە تەوقی سەر تا بەری پێ لێییەوە ڕاما.

دیار بوو سافا نەوەک هەر ساغ و سەلیم بوو، بەڵکو بە جۆش و خۆتێکەڵیش بوو. منیش وام لە چاوەکانی باوکم



هەواڵنامەی کتێب

خوێندەوە، پەسندی کردبوو. ئینجا سافا بەرەو باوکم ڕۆیشت و باوشێکی پێدا کرد. لەبەر ئەوەی گوێبیستی مەرگی ژنی یەکەمیشی ببوو، بۆیە دەستی باوکمی گرت و بە ڕوومەتی خۆیەوە نا. پێشی گوت، "خۆ دەبینی، لەشساغم."

ئەدی دواتر؟ نازانم ئاخۆ باوکم دوایی چۆن لەبارەی ئەو یەکدیدیتنەیان نووسیوە.

سافا جارێکیان بۆ ماوەی هەفتەیەک لەگەڵ ماڵباتەکەمدا ڕۆیشتنە گوندی زافەران. بیستم لەوێ کاتێکی زۆر خۆشیان بەسەر بردبوو، لەوێ بە ماوەیەکی خێرا توانی زمانی ئاماژەکان فێر ببێ و هەموو ئێوارەیەکیش تا درەنگانی شەو لەگەڵ باوکم سەبارەت بە جیهان دەمەتەقێیان بوو.

"لەبارەی جیهانەوە؟" من وام لێ پرسی.

"بەڵێ. زۆریش پێدەکەنین، من دەبووایە زۆر پێبکەنم."

"بۆچی؟"

"ئاخر چی بڵێم. من ئاماژەی هەڵەم بەکار دەهێنا، ئیدی هەمووان لەبەر پێکەنین شینومۆر دەبوونەوە."

بارودۆخەکە بواری ئەوەی نەدا جارێکی دیکە ڕوو بکەمەوە ماڵی باوانم.

کاتێکیش سافا دووگیان بوو، جارێکیان زەنگۆڵەی بانگهێشتی ماڵەوە کرد. بەڵام لەبەر هۆکاری سەلامەتی، دەبووایە بۆ چەندەمین جار لەم خانوو بۆ خانووێکی دیکە بار بکەین، ئیدی نەمتوانی چیدیکە دەستم بە ئەوان بگاتەوە.

دوای دەستگیرکردنی سەرکردەکانی حیزبیش، قۆناغێکی ڕەش و تاریکمان بەسەردا هات. سافا و کیژۆڵەکەمان دەبووایە چەند هەفتەیەک لە کرماشان بەسەر ببەن.



هەواڵنامەی کتێب

بەڵام ڕەوشەکە ئاراستەیەکی دیکەی وەر گرت. ئەو هەفتانە بوونە یەک-دوو ساڵ. کاتێکیش لە کۆتاییدا گەڕانەوە، هەموو شتێک گۆڕابوو.

سافا دەبووایە بەتەواوی ڕوو بکاتە ناوونیشانێکی دیکە، کە هەمووی بۆ ئەو نوێ بوو. هەر لە کلیلی دەرگاوە تا ئاوێنە، کەوچک، ناوکەو[1] و بنمیچی خانووەکە. تەنانەت ئەو خاکەی بەسەریشدا ڕەت دەبوو، بۆ ئەو نوێ بوو.

فڕۆکەیەکی K.L.M[2] لە فڕۆکەخانە نیشتەوە و منیش بە دەسکەگوڵە تولێپێکی پرتەقاڵیی هۆڵەندی پێشوازییم لێ کردن. دوای گەیشتنمان لە وێستگەی قیتارەوە تاکسییەکم گرت، "بەیارمەتیت، بمانگەیەنە نیوخراخت ژمارە ٢١."

دەی با بگەڕێینەوە تاران.

یەک هەفتە دوای دەستگیرکردنی سەرکردەکانی حیزب، هێشتا نەماندەزانی ئاخۆ حیزب چەند زیانی لێ کەوتووە، ئاخۆ چۆن دەتوانین لەگەڵ ڕەوتی بزوتنەوەکەمان بەرەوپێشەوە بڕۆین.

لەو کاتەی دانیشتبووین چاوەڕێمان دەکرد، دەزگای هەواڵگریی نهێنی بە شەو و ڕۆژ خەریکی تێکشکاندنی سەرکردەکان بوو. جەللادەکان هەموو شێوازێکی ئەشکەنجەدانیان بەکار هێنا، بۆ ئەوەی گیراوەکان ناچار بکەن کڕنووش بۆ مەلاکان ببەن. گیراوەکانیش لەچاو زیندانیی تەنیاییدا دانران. جەللادەکان لێنەدەگەڕان نە بخەون و نە دابنیشن. ئەوان دەبووایە پێنج ڕۆژ و شەو لەسەریەک

---

١ ناوکەو: ئەرزیەی خانوو.

٢ کۆمپانیای ئاسمانی شانشینی هۆڵەندا



هەواڵنامەی کتێب

هەر بە پێوە بوەستن. هەرکاتێکیش لە خەو ڕادەچوون، یەک سەتڵە ئاوی سارد و تەزیویان بە سەروچاویاندا دەکردن. لێنەدەگەڕان بەدەر لە یەک جامە سووپ هیچی دیکە بچێتە دەمیان، ئەمەشیان هەر بۆ ئەوە بوو تا لە ژیاندا بمێنن. ئەوان نەدەبووایە بچنە سەرئاویش، دەبووایە گوو و میزیش هەر بە پێوە لەنێو پانتڵۆنەکانی خۆیاندا بکەن. بۆ ئەوەی لەوەش خراپتریان بەسەر بێنن، کاسێتە نەوارێکیان لەسەر سەر پێ کردبوون. نەوارەکە بەردەوام دوانەکانی خومەینی لێدەدایەوە. جەلادەکان بەو شێوەیە لەسەر بەدڕەفتارەکانیان دەڕۆیشتن، بۆ ئەوەی سەرکردەکان ئامادە بن، بچنە بەردەم تەلەڤزیۆن چۆک دابدەن و بڵێن گوایە ئەوان شۆفاری[1] ڕوسیان. پاشان دەبووایە داوای لێبوردنیش بکەن.

ڕژێم دەیویست وا نیشانی ئۆپۆزسیۆن بدا، ئاخۆ سەروسەودا لەگەڵ کێ دەکەن.

دیسان دکتۆر بەهلوول یەکێ لە سەرکردە گیراوەکان بوو. ئەو لە سەردەمی شادا بۆ چەندین ساڵ لە زینداندا بوو، دیسان لەلایەن ئیمامەوە گیرایەوە. ئەو دەبووایە لە بەردەم مەلاکاندا چۆک دابدا و پڕبەدەم بڵێ، "لا الە الا اللە(...)، من تۆبەم کرد و گەڕامەوە و دیسان بوومەتەوە کەسێکی دیندار."

دەبووایە نیشانی ملیۆنان خەڵکی بدەن، گوایە ئەو هیچ بایەخێکی نییە، ئەو تا ئێستا هەر مرۆڤیش نەبووە، بەڵکو وڵساتێک[2] بووە و ئێستا دەبێتەوە ئادەمیزاد، ئەویش ئەگەر

---

١ شۆفار: سیخوڕ، جاسووس.
٢ وڵسات: ئاژەڵ.



هەواڵنامەی کتێب

مەلا پایەبەرزەکان لێخۆشبوونی بۆ دەر بکەن.

من بەتەنیا لەماڵەوە بووم، ئەو ئێوارەیە تەلەڤزیۆنم کردەوە تا سەیری بکەم. ئیدی پیرەپیاوێک لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەر کەوت. پیاوێکی نەخۆش بە ڕەنگوڕوویەکی ژاکاوەوە. ناسیمەوە، نا، دەیناسمەوە و نایناسمەوە. یەک-دوو چرکە هیچی لە دەم دەر نەچوو. خۆی دەبووایە نمایشەکە چووبایە قووڵاییی ناختەوە. دوای ئەو بێدەنگییە قورسە، دەنگێکی خەفەکراو ڕای گەیاند، دکتۆر پور بەهلوولی شۆفار، کەمێکی دیکە دوای هەواڵەکان، دەربارەی تاوانەکەی خۆی دەدوێ.

هەرچەندە هەواڵەکان زۆریان نەخایاند، بەڵام خۆ ئەو جارەیان درێژترین ماوەی دەنگوباس بوو، کە بینیبێتم. لە کۆتاییشدا دکتۆرەکە لەسەر شاشە بەدیار کەوت. من بڕوام بە چاوەکانی خۆم نەدەکرد. ئەو پیرە ددانسازەی جاران نەمابوو، مردبوو، ئەهریمەن چووبووە بن کەوڵ و بیلبیلەی چاوەکانی. ئەو ڕای گەیاند، شۆفار بووە و ناپاکی لە وڵاتەکەی کردووە. گوتی لە ئێستاوە لایەنگرێکی بێ لاموجیمی[١] خومەنییە، خومەنیش سایەی خودایە لەسەر زەوی. پاشان تفی لە ڕابردووی خۆی کرد، تفی لە حیزبەکەی خۆی کرد، تفی لە هاوڕێکان کرد و لە بەردەم مەلا پایەبەرزەکانی زیندانەکەدا کڕنوشی برد. ئینجا هەر وەک منداڵ لەپڕمەی گریانی دا.

حیزبیش هەر وەک گوڵدانێک بکەوێتە سەرزەوی وردوخاش بوو. بە سەدان هاوڕێ گیران، زۆریشیان لەسێدارە دران، بە

١ بێ لاموجیم: بێمشتومڕ، بێ سێودوو.



هەواڵنامەی کتێب

سەدانیش بەرەو سنوورەکان هەڵاتن، بەڵکو دەربازیان ببێ.

لە سەردەمی دەسەڵاتی شادا، دەکرا پشت بە کۆمەکی خەڵکەکە ببەستی، دەتتوانی لەلای کەسانی نەناسراویشەوە بەدوای پەناداان بگەڕێی. بەڵام لە کاتی ڕژێمی مەلاکاندا ئەمەشیان بووە شتێکی نەکردە[1].

شا هەموو ڕەفتارێکی بە ناوی خۆی دەکرد، هەرچی مەلاکانیش بوون، بە ناوی خودا حوکمڕانییان دەکرد. خومەینی بەخۆی هاتە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن و گوتی، "مەملەکەتی خودا لەژێر هەڕەشەدایە. ئەو کارێکی بە لایەنگرەکانی ڕاسپارد تا دەرودراوسێکانیان بخەنە ژێر چاودێرییەوە.

"وڵاتەکەت، نیشتیمانەکەت دەستبەجێ لێت سەندرایەوە. چیدی زاتت نەدەکرد کە هەبی. هەستت دەکرد هەمووان لەپشت پەردەکانەوە چاودێریت بەسەردا دەکەن، وەکو سێبەر لەدوات دەخشێن."

دوای شۆڕشەکە ویستم ئەو سەربەستییەم بەکار بهێنم، بەڵکو لەگەڵ باوکمدا گەشتێک بکەین. بەیەکەوە سواری قیتار بووین بەرەو بەشی هەرە خوارەوەی وڵات، بۆ لای کێڵگە نەوتییەکان، ئەو شوێنەی گاز بەرز بۆتەوە و گڕ دەگرێ، زەمینیش بە هۆی نەوتەوە ڕەش هەڵگەراوە. ئەرێ ئەوە دەبینی؟ بۆنی دەکەی؟ لەبن پێیەکانی ئێمەدا، لەبنماندا زۆرزۆر نەوت هەیە.

پاشان ویستم تانکەرە زەبەلاحەکانی نیشان بدەم، کە

---

١ نەکردە: مەحاڵ. ئەستەم.



هەواڵنامەی کتێب

نەوت بۆ دەرەوەی وڵات دەگوازنەوە، بەڵام ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕێک نەکەوت. ئەو هەمیشە بەسەرسامییەوە سەیری گڕە فڕنییەکەی ماڵمانی دەکرد، بەڵام هەرگیز نەیدەزانی ئاخۆ گازەکەی لەکوێوە دێ.

من دەمویست بۆ یەک جار لەگەڵ ئەودا سەفەرێکی بیابانی فارسی بکەم، لەوێ لمەکەی لەبەر ڕۆژدا وەک زێڕ دەدرەوشێتەوە. لەوێ دەمویست سواری دوو حوشتر ببین و تێی بتەقێنین و بڕۆین و لەوێش لە گوندێکی نزیکدا نان لەگەڵ خەڵکەکەیدا بخۆین. شیری حوشتر بە نانی ڕەق بخۆین. چەند دەنکە خورمایەک لەگەڵ جامە ئاوێک کە لەناو بیرەکانی جەرگەی زەوییەوە دەر دەهێندرێ، بخۆینەوە.

پاشان حەزم لێ بوو بەیەکەوە لەوێ لە شوێنێک لە سەربانی یەکێ لە چایخانەکانیدا بڕازێین، ئەو شوێنەی، کە ئاسمان بە ملیار ئەستێرەوە جمەی دێ، بەیەکەوە لەگەڵ ئەو پیاوە فەرامۆشنەکراوەدا پەتۆیەک بەسەر خۆماندا هەڵکێشین.

لەمەشیاندا هەر بەخت یار نەبوو.

هەندێ غەریبی ئازادیم کردبوو، تا ئەو ببەمە ئیسفەهان و بچینە نێو ئەو مزگەوتانەی، کە دەیناسین و هەمیشەش هەر باسی دەکردن. دەمویست ئەو لەگەڵ خۆم ببەمە مزگەوتە دێرینەکەی لوتفوڵا، هەرچەندە من نوێژم نەدەکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوێ لەپاڵ ئەو ڕادەوەستام، لەگەڵ ئەو، بۆ ئەو نوێژم دەکرد.

بەڵام ئەوەی من لە کانگای دڵمەوە دەمویست، ئەوە بوو لەگەڵ ئەودا بەسەر شاخی دەماوەند بکەوم.


هەواڵنامەی کتێب

دەماوەند بەرزترین و زەحمەترین شاخی ئێرانە بۆ بەسەردا هەڵگەڕان. مرۆ ئەو شاخەی بە بانی وڵاتەکە دادەنێ. ڕێک ئەوەم لەبەر نییە ئاخۆ شاخەکە ٥٦٧٨ مەتر یان ٥٨٧٦ مەتر بەرزە. ئەم شاخە خەسڵەتێکی نەوازەی هەیە، لە دیوێکیەوە هەمیشە بە چینە بەفرێک داپۆشراوە، دیوەکەی دیکەشی هەمیشە هەر گەرمە. خۆ ئەگەر بە یەک جاریش سەر کەوتی، لووتکەکەی بە شێوەی دەفرێکی قەبە دەبینی، دەفرێکی گەورەی گەرم. ئەویش زاری گڕکانێکی دێرینە بووە، لە زەمانی خۆیدا تەقیوەتەوە. خۆ گەر گوێچکەشت بە زەوییەکەوە بنێی، هەست دەکەی هێشتا گڕکانەکە نێڵەی دێ.

لە زستاندا زۆر مەترسییە بەسەر شاخەکە بکەوی، بەهار باشترین کاتە بۆ ئەم کارە. ئەوسا جۆگەلە ئاوەکان دەبینی دەڕژێن و هێشتاش بەفرەکە نەتواوەتەوە. ئیدی لە هەموو لایەکەوە شاخەوانان دەبینی بەئەسپایی بەسەر شاخەکەدا هەڵدەگەڕێن. کاتێکیش لە بارستەقەبە سەهۆڵەکە دەر دەچی، ئەوان دەست بە گۆرانی سۆز و خۆشەویستی دەکەن، "تو *گفتی گول دراید مو بیایم. گولی عالم در امد کی میای* (...)" "تۆ گوتت ئەو کاتە دێم کە یەکەم گوڵ بپشکوێ. هەموو گوڵەکان پشکوتوون، ئەدی تۆ کەی دێی؟"

کاتێکیش دکتۆر بەهلوول لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەر کەوت، زانیم چی چاوەڕوانم دەکا. ئەرێ منیش دەگیرێم؟ منیش دەکەومە کونجی زیندان؟ منیش دەکەومە سەر دەست و پێ، بۆ لێخۆشبوون دەپاڕێمەوە؟ نەمدەزانی دژوارییەکە تا چ ڕادەیەکە. لێ یەک شتم باش دەزانی، دەمویست لە



هەواڵنامەی کتێب

وڵاتەکە ڕابکەم. لەوانە بوو پێویست بووبا ئێمە لەو کاتە تەنگانەدا سەرکردایەتیی حیزبەکەمان کردبایە.

بەڵام یەکەم جار دەبووایە لەماڵەکەم دەر بچم. یەک-دوو ڕۆژ خۆم بشارمەوە تا نەکەومە بەردەستی دەزگای هەواڵگریی نهێنی. ئەوسا بگەڕێمەوە بزانم ئاخۆ چی لە حیزبەکە ماوەتەوە. دوای ئەوە بەدوای ئەو هاوڕێیانەمدا بگەڕێم کە دەربازیان بووە و ئیدی بەیەکەوە ئەو شتەی مایەی ڕزگارکردن بوو ڕزگاری بکەین. کەواتە جارێ بڕۆ، بەڵام بۆ کوێ؟

لەپڕێکدا وەڵامەکەم زانی. بۆ دەماوەند.

هەرچەندە کژەکەش زستانێکی سەخت بوو، لێ هێشتا دەرفەتێکی کەم مابوو، تا خەونەکەم بەدی بێنم. منیش چوومە ژێرزەمینەکەمان، کەلوپەلی شاخەوانی و جووتەپێڵاوێک و جلی شاخەوانیم بۆ باوکم دەست دایێ.

"لەگەڵم دێی؟" من بەم پرسیارە لە دوکانەکەیدا سەرسامم کرد.

"بۆ کوێ؟"

"بەرەو بەرزترین کێوی وڵات."

"ئێستا؟"

"سەیرکە، من یەک-دوو ڕۆژ دەستبەتاڵم و سافاش چۆتە لای داپیرەی، پێم وا بوو بەڵکو ئێمە بەیەکەوە..."

"باشە دەبێ چی بە تینا بڵێم؟"

"پێی بڵێ، کە یەک-دوو ڕۆژ لەگەڵ من دەر دەچی."

ئەرێ باوکم بۆ گەشتێکی وا زۆر پیر نەبوو؟ لەگەڵ ئەو



هەواڵنامەی کتێب

هەموو ئەزموونەشیدا، هیچی لەبارەی تەکنیکی شاخەوانی نەدەزانی. ئایا ئەوە نابەرپرسیاریتی نەبوو؟ ئایا ئەو بەرگەی ئەو بەرزییەی دەماوەند دەگری؟ باشە، دواتر دەیبینین. من نامەوێ لەسەر ئەو شتانە بوەستم. لەوانەیە ئێمە نەگەینە دوندی کێوەکە، بەڵام خۆ ئەوە قەیدی نییە. من دەمویست لەگەڵ ئەودا بم و بڕایەوە، کێ دەزانێ ئەمە بۆ دواجار نەبوو. ئاخر ئەگەرێک هەبوو من بگیرێم. کەواتە ئەو دەرفەتە هەق نییە لەکیس بچێ. هەر بژی ئەو ئازادییە نادڵنیاییە. خۆ ئەگەر ئەو لەوێ لە چەند شوێنێکی بەرزی کێوەکە زیاتر تاقەتی هەڵکشانی نەبێ و نەتوانێ سەر بکەوێ، ئەوا بە ڕێگەی خۆماندا دەگەڕێینەوە.

ئینجا دەکرێ بە سواری قیتارەوە، کێڵگە نەوتییەکانی باشوور ببینین. یان بە سواری حوشتر لە بیابانەوە بەرەو دەشتی لووت (کەویر لوت) سەرگەردان بین. دەی، دەیبینین، کاتێک ئێمە بەرەو ئاراستەی دەماوەند دەڕۆیشتین، وام بیر دەکردەوە.

کاتێکیش هەموو شەوەکەی هەر بە ڕێگاوە بووین، بۆ بەرەبەیان، بەر لە گزنگی بەیان، گەیشتینە چایخانەی سافارس، لەو شوێنەی کە شاخەوانەکانی لێ گرد دەبوونەوە، بەیەکەوە نانی بەیانییان دەخوارد، پاشان پۆل پۆل بەسەر شاخەکەدا ملیان دەنا.

پێشتر، سێ جار بەسەر شاخی دەماوەندا هەڵگەڕابووم، بەڵام هەرگیز لە زستاندا نەبوو. دەشترسام نەبادا چایخانەکە داخرابێ و تووشی هیچ شاخەوانێکی دیکە نەبینەوە.

بەڵام هەر لە دوورەوە چرای چایخانەی سافارس



هەواڵنامەی کتێب

هەڵکرابوو، منیش هیوام بۆ پەیدا بوو. باوکم هەر کڕومات بوو. ئاخر هەر لەخۆڕا بەسەر شاخ هەڵگەران، هیچ واتایەکی نەدەگەیاند.

تۆ هەر دەبێ ئامانجێکت هەبێ. بۆیە بەسەر کێوێکدا هەڵدەگەڕێی، تا بچیتە شوێنێکی دیکە. بۆیە بەسەر شاخێکدا دەکەوی، بەڵکو کەسێک لەوێدا ببینی. یان بۆیە بەسەر شاخەکەدا هەڵدەگەڕێی و پاشان بۆ نێو گوندێک شۆڕ دەبیتەوە، چونکە ژنێک چاوەڕێت دەکا. باشە ئەرێ ئێمە لەو سەهۆڵبەندانەدا چیمان دەکرد؟

بە باوکم گوت، دەمانەوێ بگەینە لووتکەی کێوەکە، "بەڵام خۆ کێوەکە کێوێکی سەخت بوو. ئەرێ پێشتر بە پەت و گوریس بەسەر کێوەکەدا سەر کەوتی؟"

"یەک جار،" باوکم وا وەڵامی دامەوە. " خۆ تۆ منت فێر کرد."

ئەو ڕاستی دەکرد، من لەبیرم نەمابوو. لە ماوەی خوێندکاریمدا، بەیەکەوە هەوڵمان دا بەسەر دیوە سەختەکەی کێوی زافەراندا سەر بکەوین.

بەر لەوەی دەرگەی چایخانەکە بکەمەوە، گوێم لە هەرای خواردنەوەی بەدمەستی بوو. بۆ مایەی سەرسامیم چایخانەکە وەک ڕۆژێکی ئاسایی بەهاری بێ، هەر جمەی دەهات، "دە فەرموو بۆ ژوورەوە." بە ئۆخژنێکەوە وام ئاماژە بۆ باوکم کرد، "دەی لەسەر کورسییەک دابنیشە." بەڵام خۆ هیچ شوێنێکی بەتاڵ نەمابۆوە.

ئەرێ ئەو هەموو خەڵکە چییە؟ ئەوە چۆن بوو بەو زستانە سەخت و شومە، حەزیان لێ بووە بەسەر کێوەکەدا



هەواڵنامەی کتێب

هەڵبگەڕێن؟ تۆ بڵێی هەموو ئەوانە ئەندامی بزوتنەوەکەمان بن، کە ویستوویانە هەر بەڕاستی یەک-دوو ڕۆژ خۆیان لە دەستی بارودۆخەکە قوتار بکەن؟

بەڵێ، ئەوێ ئەوەندە خۆش بوو، کە هەم جەنگ و هەم مەلاکانیشت فەرامۆش دەکرد. هەر وەک ئەوە وا بوو چاو بتروکێنی، ئینجا کە هەڵت هێنایەوە، وات دەزانی لە وڵاتێکی دیکە گیرساویتەوە.

چایخانەکە هەر بۆنی چای تازە دێمکراو، نانی گەرم و قەسپ و خورمای تەڕوتازەی لێ دەهات.

بە شێوەیەکی ئاسایی، خەڵک پۆل پۆل، دەستەدەستە بەسەر شاخەکەدا هەڵدەگەڕان، کەس بەتەنیا شاخەوانیی نەدەکرد. خۆ ئەگەر بەتەنیا بوای، ئەوا لە چایخانەکەدا بەدوای دەستەیەک دەگەڕای، کە بەبێ دوودڵی باوەشیان بۆ دەکردیەوە و وەریان دەگرتی.

من کۆڵەپشتم دانا و خۆمم پێ ناساندن. کارێکی وام کرد هەمووان بزانن، لەگەڵ باوکم دەمەوێ بەسەر شاخەکەدا هەڵبگەڕێم، ئاخۆ چ پۆلێکی ئەزموونداری هەیە ئێمە دەگرێتە خۆی، چونکە باوکم کەسێکی کەڕولاڵە.

ئەو چایخانە گەرمە، لەو زستانە بەستەڵەکەدا مایەی تاسان و سەرسامی بوو. ئەو دڵخۆش و ڕەزامەند بوو. هەمووان بەرەو لای ئەو ڕۆیشتن، تۆقەیان لەگەڵدا کرد و هیوای بەهێزی و ماندوونەبوونیان لە شاخەوانیەکەدا بۆ خواست. ئەویش وای زانی، ئەو هەمو کوڕ و کچە گەنجانە، برادەری منن.

هەر یەکسەریش دەستەیەک دوو کورسی بۆ بەتاڵ کردین



هەواڵنامەی کتێب

و جێگـەی بـۆ کردینـەوە، باوکـم چـوو لەسـەر کورسـییەک دانیشـت و منیـش چـووم  بەرچایـی بێنـم کـە بریتـی بـوو لـە: هێلکـەوڕۆن، خورمـا، نقیشـکی ڕاسـتەقینە، نانـی تـازە و گـەرم، چا و شـەکر. هەمـوو ئـەو شـتانەی بۆ گەشـتێکی وا  پێویسـتمان پێـی هەبـوو.

بـەر لـەوەی ڕۆژ هەڵبـێ، لـە خـەو هەڵسـاین، پـۆل پـۆل و بـە جیـا چایخانەکەمـان جـێ هێشـت. بـە مەودایـەک لـەدوای یـەک دەڕۆیشـتین. هەمـووان ئەوەیـان دەزانـی لـە سـەرما پێویسـتیمان بەیـەک دەبـێ.

بەپێـی نەریـت، شـاخەوانەکان لـە بەرزاییـی هـەزار مەتـر و لـە تاریکاییدا لەتەنیشـت یـەک دەوەسـتان، تـا بەسـەرسـامییەوە سـەیری هەڵهاتنـی خـۆر بکـەن. باوکیشـم لەتـەک مـن وەسـتابوو. لـەوەش تێنەدەگەیشـت  بۆچـی ئێمـە وا وەسـتاین و چاومـان بڕیوەتـە دووری ئاسـمان.

لەپڕێکیشـدا ڕۆژ  لـەو تاریکییـەدا یەکەمین شـەبەنگە تیشـکی خـۆی هاویشـت. خامۆشـی باڵکێـش بـوو، کاتێـک دووەمیـن شـەبەنگە تیشـکی ڕۆژ، پاشـان سـێیەم و ئینجـا هەمـوو تۆپڵەشـەبەنگی خـۆر دەر کـەوت. ڕۆژ بـە مەشـخەڵەوە هـەر وەک تاجێکـی زێڕیـن لەپشـت دونـدی کێـوی دەماوەنـدەوە سـەری دەر هێنا. باوکم بەسەرسـامییەوە، یەکەم جار سـەیری منـی کـرد، ئینجـا تەماشـای ڕۆژەکـەی کـرد، ئەوسـا سـەیری کێوەکـەی کرد، کـە هـەر ئێسـتا پـەردەی لەسـەر ئـەو بارسـتاییە بەفـرە زۆرەی دای پۆشـیبوو هەڵـدا.

کاتێکیـش کێـوی دەماوەنـد ئـەو جوانییـە هەرهەبـووەی



هەواڵنامەی کتێب

نیشانی ئێمە دا، گۆرانییە ناودارەکەمان گوتەوە:

”هۆ دەماوەند! هۆ پایەبەرز!
تۆ، ئەی شانازیی دێرینەی ئێران، دەی ئێمەش وەک خۆت بەهێز بکە.
هێزی خۆتمان پێ ببەخشە.
دەستمان بگرە، تا لە کاتە سەختەکاندا نەچەمێینەوە،
هەر وەک خۆت کە هەرگیز کڕنووشت نەبردووە.
فێری ئەوەمان بکە باوەڕمان بە خۆمان بێ،
بەو شێوازەی خۆت باوەڕت بە خۆت هەیە.
تۆ هیوای!
دەماوەند، تۆ خۆت شانازی.“

پێویستە هەموو کەسێک کێوی دەماوەند تاقی بکاتەوە، خۆی بەسەر شاخەکە بکەوێ. ئەو ڕێچکانەی بە قەدپاڵی بەفرە هەمیشەییەکەدا دەڕۆن، ئەو سەرما تایبەتەی لە گوێزینگی پێت دەدا، ئەو بۆن و ڕەنگەی لە دەمی گڕکانە دێرینەکەدا دێتە دەر، پێویستە بەخۆت ئەو بەفرە ئەستوورە بۆن بکەی، بیبینی و لەگەڵیدا بژیی.

ئێمە بەبێدەنگی زیاتر سەر کەوتین. بە چەند وچانێک ئەگەری ئەوە هەیە تا دەگاتە دوای نیوەڕۆ بگەیتە بەرزاییی هەزار و حەفت سەد مەتر. شەوەکەش لەوێ بەسەر دەبەین بۆ ئەو بەشە سەختەی ماوە، خۆ ئامادە بکەین.

بەر لەوەی بگەینە ئەو بەرزاییەی هەزار و حەفت سەد


هەواڵنامەی کتێب

مەترە، دەبووایە بە تەمشو و پەتەکانەوە یەک-دوو دیواری سەختی کێوەکە ببڕین و بەسەر بکەوین. بەختەوەر بووین کە لەگەڵ دەستەیەکی بەئەزموونندا بووین. ئەوان مشووری باوکمیان خوارد، بە شێوەیەک هەر من نەبم خەمی بخۆم. ئەوان بەحەوسەڵەوە کۆمەکییان کرد.

ئەویش وەک نێرییەکێوییەکی پیر سەر دەکەوت. شاخەوانەکانیش پێی پێدەکەنین. ئەوان چێژیان لەو شێوازە کۆنینەی سەرکەوتنی ئەو وەر دەگرت. کاتێکیش گەیشتینە سەرەوە، ئیدی ئەو چیدی منەتی بە من نەمابوو. تەنانەت کاتی ئەوەشی نەبوو بێت و لەتەکما دابنیشێ. هەمووان دەیانویست بچێتە پۆلەکەی ئەوان تا بەیەکەوە، کە بازنەیان بەدەوری ئاگردا بەستبوو، قسەی لەگەڵدا بکەن.

"ئیسماعیل، پێویستمان بە وەرگێڕێک هەیە. ئەرێ دێیت لەلامان دابنیشی؟" یەکێک وا بانگی کرد.

منیش هەستم دەکرد باش نیم. ئەم جارەیان ئەو بەرزاییە گێژی کردبووم. بەخۆم حەزم دەکرد بنووم. بەڵام خۆ نەدەکرا ئەو ملیۆن دوڕ و گەوهەرەی بە ئاسمان هەڵواسراون، لێ بکەمەوە و بیانخەمە نێو کۆڵەپشتەکەم. وێڕای ئەوەش دەمویست لەو خامۆشییەدا بیر بکەمەوە ئاخۆ هەنگاوی داهاتووم چی بێ، ئاخر هەنووکە حیزبەکەمان لەبەریەک هەڵوەشاوە، باشە ئەگەر من بەو زووانە بگەڕێمەوە تاران، چی ڕوو دەدا؟ حیزبەکە بێسەر ببوو، بەڵام خۆ ئێمە هێشتا مابووین. ئێمە دۆڕاندمان، ئەمما خۆ لەنێو نەچووین. یەکەم جار هەڵکشان بەرەو دوندی دەماوەند.

شەوەکە شەوێکی کورت و سەرما بوو. هەمووان بەر



هەواڵنامەی کتێب

لە خۆرهەڵاتن کیسەخەوەکەیان پێچایەوە. من نەمدەتوانی نە بخۆم و نە بخۆمەوە، جەستەم ڕەتی دەکردەوە.

بەو تاریکییە پۆل پۆل خەریکی بەسەرکەوتنی زیاتر بووین. منیش خەمی باوکم بوو. ئاخر چەند بەرزتر سەر دەکەوتین، ئەوەندە هەوا کەم دەبووەوە. تا وای لێ هات هەستم کرد ئەو زیاتر ناتوانێ هەڵبکشێ، تۆ بڵێی من ئەو بگەڕێنمەوە ئەو بەرزاییەی کە خێوەتی داودەرمانمان لێ هەڵدابوو.

چارەنووس بڕیاری شتێکی دیکەی دا. دوای ماوەیەکی کەم، بەخۆیشم هەستم کرد، هێزوتینی ئەوەم تێدا نەماوە باش سەر بکەوم. ئیدی من لەو بارەدا نەمام، تا ئاگام لەو بێ.

"ئەری دەکرێ یەکێکتان چاوی لە باوکم بێ؟" بەزەحمەتێکەوە وا بانگم کردن.

"حاڵی باوکت زۆر باشە،" گوێم لە وەڵامی ڕێنوێنەکەی پۆلەکە بوو وای پێ گوتمەوە. "بیر لە خۆت بکەرەوە."

لە شوێنێکیش لەو بەرزییە، هیچ شتێکم لە مێشکدا نەما.

باوکم، حیزبەکە، بزوتنەوەکە، مەلاکان، هیچیان نەمان. جاری پێشتر سەرشاخکەوتنەکە باش بەڕێوە چوو، بەڵام ئێستا هەست دەکەم زۆر لاوازم. بەردەوام هەر سەیری کوتەکی جێپێی ڕێبوارەکەی پێشخۆم دەکەم و تەقەللای ئەوەمە بەدوایدا بڕۆم.

ساتێکی واشم بۆ هات، خۆم لەسەر قاچەکانم ڕانەگرم. بەڵام لە ناخەوەش کەسێک هەر هانی دەدام نەکەوم، نابێ


هەواڵنامەی کتێب

ئەو جێکوتەکەی پێش خۆم ون بکەم. دەی بڕۆ، بەردەوام بە، هەر بڕۆ و هەر بڕۆ.

کێوی دەماوەند منی گرتبوو، ئەو بووە شتێکی کەتە و زل، منیش مشکێک، مشکێکی زەبوون بووم لە دەستی ئەودا. ئەرێ تۆ بڵێی چەندی دیکە پێویست بێ بڕۆم؟ دەبێ چەند هەنگاوی دیکە بهاوێژم؟ نەمدەزانی. جیهان لە شوێنی خۆی سڕ بوو، منیش دەبووایە سەر بکەوم، هەر سەرشاخ بکەوم. دەی هەنگاوێکی دیکە، یەکێکی دیکەش، دەی هێشتا تەکانێکی دیکەش.

لە هیکەوە شتەکان وەستان. بۆ ماوەیەک گوێم لە هیچ نەبوو، پاشان تەنها بردەبردێک، وشەئاهەنگێکم گوێ لێ بوون.

ئاخر زۆریم لە خۆم کرد، تا لەدواییدا تێگەیشتم کە خەڵک گۆرانییەک دەڵێن. من بۆنەکەیم ناسییەوە، بۆنێکی ناسراو، گڕکانە کۆنەکە، لەو کاتەی من کەڕ بووم، دنیاش تاریک بوو، هەر هەمووی ڕەش و تاریک. من کەوتم.

کاتێکیش پێم نایە سەر دەفری دەمی گڕکانە کۆنینەکە، بێهۆش کەوتم. شاخەوانە بەئەزموونەکان دەمودەست پێیان زانی و بەهانامەوە هاتن. ماوەیەکی خایاند تا توانیم چاوەکانم بکەمەوە و لەوە تێبگەم کە لەکوێم. لە کۆتاییدا یەکێک یارمەتیی دام، هاتبووە بن باڵم. باوکم بوو.

پاڵم بە گاشەبەردێک دابووەوە، ئەوانی دیکە ئاڵایان لەسەر هەڵدەدا و وێنەیان دەگرت. وێنەیەکی ئەو کاتەم لێرە پێیە، وێنەکەم لەنێو دۆڵابی کتێبەکان داناوە. بەڵام خۆ تۆ ناتوانی ئەوە ببینی، کە وا لە بەرزیی ٥٨٧٦ مەتردا ئێمە


هەواڵنامەی کتێب

وەستاوین. وێنەکە وا دەچێ، هەر وەک ئەوەی ئێمە لەوێ بووینەتە بەرد. لێ باوکم بەشانازییەوە دەڕوانێ و منیش چاوەکانم داخستبوون.

خۆ ئەگەر سەیری وێنەکە بکەی و چیرۆکی پشت وێنەکەش بزانی، شتێکی سەرنجڕاکێش دەبینی. لەو کاتەی من زۆر نەخۆش دیار بووم، باوکم لە خۆشییان دەگەشایەوە. لەوێ لەپاڵ گاشەبەردەکەدا هەوڵم دا چاوەکانم بکەمەوە، بەکراوەیی ڕایان بگرم و تەماشای باوکم بکەم، کە لووتکەی کێوەکە جادووی لێ کردبوو.

ئەو، بەسەرسامییەوە سەیری ئەو شتە شینە جووڵەدارەی دووری دەکرد، منیش ئەو هێز و گوڕەم تێدا نەمابوو، تا بۆی ڕوون بکەمەوە، ئەوە دەریاچە قەزوینە، ئەو دەریاچەی لەنێوانی ئێمە و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو هەڵکەوتووە. ئەو بە شریتە کەسکە تۆخە تارماییەکەی ئاسۆ سەرسام بوو. نەشیدەزانی، ئەوە دارستانە هەرە گەورەکەی ئێران بوو.

یەک-دوو جار هەوڵم دا بەئاماژە تێی بگەیەنم، کە دەبێ سەیری ئەودیوی بەردەکەش بکا، سەیری ئەو ڕیزە شاخانەش بکا، کە تا ئەوپەڕی دنیا دەڕۆیشتن. بەڵام نەشمتوانی وا بکەم. دیسان خەوم لێ کەتەوە و جیهان کڕومات بوو.

ئەوان دەبووایە خێرا من لەسەر شاخەکە بهێننە خوارەوە، دەنا لەوانە بوو هەرگیز بەئاگا نەهاتبامایەوە.

چاوەکانم کردنەوە، لەسەر زەوی درێژ کرابووم. لە کۆتاییدا یەکێک یارمەتیی دام. ئەوان منیان گەیاندبووە چادری داودەرمان، بەڵام فریادڕەسی لەوە زیاتری پێویست نەبوو. هەر هەوای سروشتی بەس بوو. دیسان جەستەم



هەواڵنامەی کتێب

ئاسایی بووەوە.

لە بەرزاییی چوار هەزار مەتردا، دیسان هێز و تینم هاتەوە بەر. باوکم لەتەنیشتم دەڕۆیشت و ئاگای لێم بوو.

"ئەرێ سەرەوە چۆن بوو؟" بەئاماژە وام لێ پرسی.

ئەویش پێکەنی. من وام دەزانی ئەو خەمی منیەتی. لە ناوقەد توند گرتم و نێوچاوانم ماچ کرد و بەئاماژە پێم گوت، "ئەگەر هەموو شتێک لەگەڵم بەباشی بێتەوە. زۆری پێ ناچێ وەک جاران بەگورجی دەڕۆم."

"ئای لەو باوکە،" هەمووان وایان گوت، "ئێمە بە یاوەریتان خۆشحاڵ بووین."

ئێمە دەبووایە هاتباینە خوارەوە، نەوەک سەرمامان ببێ. هەر لە دوێنێ بەیانییەوە هیچم نەخواردبوو، بۆیە وزەم تێدا نەمابوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو توانای خۆم بەکار هێنا، تا لەسەر پێ بوەستم. دوای نزیکەی پێنج سەعات گەیشتینە کۆلیتیە شوانێک، هەمیشە لەوێدا چای تازەدێمکراو ئامادە بوو، لەوێ هەرکەسێک بە کەمێک پارەوە نانی تازە، شیر و نقیشکی دەست دەکەوت.

زۆریشی نەدەبرد دیسان بە پێ دەکەوتینەوە ڕێ، ئەوان هێشتا سەعاتێکی دیکە لە چایخانەی سافارس بۆ حەسانەوە دەمانەوە و لەوێشەوە بەرەو ماڵ دەبوونەوە. منیش ئەو هێزەم تێدا نەمابوو زیاتر ترومبێل لێبخورم.

لەنێو شاخەوانەکان هەرگیز وازت لێ ناهێنن جێ بمێنی، بۆیە ئەوان هەموو شتێکیان ڕێک خستووە. من دەبووایە لەگەڵ باوکم شەوەکە لەلای شوانەکەدا مابایینەوە، تا ئەو



هەواڵنامەی کتێب

کاتـەی هێـز و تینـم بەتـەواوی بـۆ دەگەڕایـەوە.

لـەوێ یەکدیمـان لەباوەش گـرت. هەمـووان تۆقەیـان لەگـەڵ باوکمـدا کـرد، دواوێنەشـمان گـرت.

شــەومانەوە لــەلای پیرەشــوانەکەدا، شــەوێکی لەبیرنەکـراو بـوو. وەک ئـەوە وا بـوو، باوکـم بزانـێ، کـە هەرگیـز وەک ئـەو شــەوە ناحەسـێمەوە و پشـوو نـادەم.

شـوانەکە شـەوەکەی بـە هەمـوو ئاماژەکانـی جیهـان قسـەی لەگـەڵ باوکمـدا دەکـرد. ئـەو ڕووی لـە مـن کـرد و گوتـی، ”مـن دەزانـم چـۆن هێـز و توانـات بـۆ دەگەڕێتـەوە. تـۆ دەبـێ زوو گەرماوێـک بکـەی. هەروەهـا دەبـێ باوکیشـت هـەر وا بـکا.“

”لێرە؟ گەرماو؟“

”لێرە گەرماوێکی ئەفسووناویم هەیە. لە ڕاستیدا گەرماوەکە تەنیـا بـۆ شـوانە، بـەڵام تـۆ گەنجێکی باشـی، تـۆ ڕێـزی باوکـت لەلایە. دەی وەرە، دەماوەند ئـەوەت پـێ دەداتـەوە کە لێـی وەر گرتووی.“

دوای چارەگێـک بەنێـو بەسـتەڵەک بـە پـێ ڕۆیشـتن، شـوانەکە قەندیلەکـەی[1] بـەرز ڕاگرتبـوو، ”دەی بـەم دیـوەدا، لێرەوە.“

ئێمـەش بـەدوای ئـەو بەنێـو بەردەکانـدا هەڵکشـاین. لەبـەر تیشـکی کـزی قەندیلەکـەدا هێشـتا سـەد مەترێکـی دیکـە بەنێـو ئەشـکەوتەکەدا ڕۆیشـتین. مـن بۆنـی گڕکانـە کۆنەکـەم کـرد.

”کەمێ بوەستن!“ شوانەکە وای پێ گوتین.

ئەوسا ئەو قەندیلەکەی لە شوێنێکی بەرز دانا.

---

١ لەڕاسـتیدا ڕۆماننـووس چـرای نەفتـی بـەکار هێنـاوە، مـن قەندیلـەم نووسـیوە، بۆیـە فانۆسـم نەنووسـی، چونکـە فانـۆس بـە زمانەکانـی دیکـەش هەیـە، گـەر مەبەسـتی فانـۆس بووایـە بـەکاری دەهێنـا.



هەواڵنامەی کتێب

”دەی وەرن سەیر بکەن!“

منیش هەنگاوێکی دیکەم هاوێشت و سەرم بەرەو پێشەوە داگرت. ئەستێڵکێکم بینی، گەرماوێکی سروشتی هەڵمی لێ هەڵدەستا.

”دەی دەستت بخەرە ناوی!“ شوانەکە وای پێ گوتم.

منیش دەستم خستە نێو ئاوەکە.

”گەرمە... گەرم. گەرم و خۆشە.“

”دەی گەرماوێکی خۆش بکە. دوای سەعاتێکی دیکە بەدواتاندا دێمەوە.“

شوانەکە ڕۆیشت. شەوقە زەردەکەی قەندیلەکە ڕەنگێکی ئەفسووناوی بە ئەشکەوتەکە دەبەخشی. باوکم یارمەتیی دام تا بچمە نێو گەرماوەکە، ئینجا ئەویش بەئەسپایی خۆی خزاندە نێو ئاوەکە.“

من دەمویست تا کۆتاییی ماوەکە هەر لەنێو ئاوەکەدا بمێنمەوە.


هەواڵنامەی کتێب

# کۆتاییی ڕێگاکە

ئیسماعیل نەیدەزانی ڕێگاکە بەرەو کوێ دەیبا.

شاعیری هۆڵەندی ڕ.هـ. ڤان دە هۆفداکەر[1] کاتێ باسی شاخەکان دەکا، ڕاست دەکا. هەرچەندە ئێستا من لە پۆلدەردا دەژیم، دەزانم کە منی خۆمم، منی ئێمەم لەوێ لە شاخەکان، تەنانەت ئەگەر بەڕێکەوتیش بێ، وەک ئەوانی دیکە جێ هێشتووە.

لەو ڕەفتارەدا، وەک ئەوەی لێرە هەیە،
لەوانەیە بە ڕەفتارێک بچێ،
لەوانەشە هەر وا بمێنێتەوە، بەڵام

لە کاتێکدا ئەوان بەرەو ئێمە هەڵدەکشێن
هەر وەک گیانی نووستووی زەوی شۆڕ دەبنەوە،

بەفری قەدپاڵەکان دەڕوا و

1 R.H. van de Hoofdakker



هەواڵنامەی کتێب

دیسان بەفرێکی نوێ دای دەپۆشێ
ئەوەش هەر وەک ئەوە وایە، خۆمان لەنێو
مێگەلەدا جێ بێڵین (...)

دەماوەند بووە یادەوەری، یەکێک لە خەونەکانم بەدی هات و منیش هەستم بەباشی کرد.

گەشتەکە کۆمەکی ئەوەی کردم، هزرەکانم ڕیزبەند بکەمەوە. من شتەکەم بۆ کاتی خۆی جێ هێڵا، نیشتمانم هەڵبژارد. لەگەڵ باوکم بەرەو تاران لێمان خوڕییەوە. لەوێ ئەوم گەیاندەوە لای وێستگەی پاسەکان و بلیتێکم بۆ بڕی و پێم گوت، "سەیرکە، ئەم پاسە دەچێتە شارەکەی خۆمان. لەسەر ڕێگا نابێ تۆ داببەزی. شوفێرەکە دەزانێ لەکوێ دات ببەزێنێ. ئێمە تا ماوەیەکی زۆر یەکدی نابینین. گەشتێکی خۆش، سڵاویشم بە ماڵەوە بگەیەنە."

"دەمنادەمێک زەنگمان بۆ لێ دەدەی؟" ئاماژەی وای بۆ کردم.

"جارێ نا."

"باشە سەری دوکانەکەش نادەیتەوە؟"

"نەخێر."

ئەوسا تێگەیشت بۆچی، لەپڕێکدا ویستم لەگەڵ ئەو بۆ کێوی دەماوەند بچم، ئەو بە شێوەیەک سەیری کردم، وەک ئەوەی دوادیدارمان بێ. منیش قسەکەی خۆمم خواردەوە، "ئێستا نازانم، بەڵکو جارێک سەرت لێ بدەمەوە."

ئیدی باوەشم پێدا کرد و پاشان پاسەکە کەوتە جووڵە.



هەواڵنامەی کتێب

پاش دوو ڕۆژ، بەگوێرەی دیدارەکەم، دەبووایە سەرپەرشتیارەکەم بدیتبایەوە. تۆ بڵێی ئەویش گیرابێ؟ ئەرێ دەبێ ڕای کردبێ؟ خواخوام بوو لە وادەکەدا بێ.

ئێمە کۆدێکی نهێنیمان هەبوو. دەبووایە لە هەفتەی یەک جار بە بەردەم قوتابخانەیەکی دیاریکراودا لێبخوڕم و سەیری دیواری حەوشەکەی بکەم، کە قوتابییان خەریکی ڕەنگکردنی کاغەزەکانی خۆیان بوون. خۆ ئەگەر لە شوێنێک لەو دیوارەدا وشەی "سەلام"م بینی، ئەمە واتای ئەوەی دەگەیاند، هەموو شتێک باشە و لە جێی خۆیەتی، ئینجا دەکرێ لە وادەی دیداری داهاتوودا و لە شوێنی دیاریکراودا بیبینم. خۆ ئەگەر وشەکەشم نەدۆزییەوە، دەبێ بەدوای دیواری قوتابخانەیەکی دیکەدا بگەڕێم. خۆ ئەگەر لەوێشدا هیچم نەبینی، ئەوا واتای مەترسی دەگەیاند. ئەوسا دەبووایە دەمودەست خۆم بشارمەوە و دوای دوو ڕۆژ بچمە شوێنێکی دیکە تا کەسێکی نوێ بدۆزمەوە.

بەختەوەرانە وشەی سەلام لەسەر دیوارەکە نووسرابوو. سەلام، لە یەک کاتدا سڵاو، هیوا و تەندروستیی باشیش دەگەیەنێ.

ئێمە یەکدی لەباوەش دەگرین، "سەلام هاوڕێ! سەلام!" ئەوەش وەک ئەوە وایە، دوای بومەلەرزەیەک، تۆ برادەرەکەت بەساغی لەبن داروپەردووی وێرانەدا ببینی.

لە چایخانەکدا چیرۆکەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە. حیزب تازە فەوتابوو. لە ڕابەرایەتییەکەی کەس دەرباز نەببوو. کۆمیتەیەکی نیشتیمانیمان نەمابوو. کۆمیتەیەکی ناوەندیی بچکۆلانە پێک هێنرابوو. دەبووایە بەوپەڕی نهێنی


هەواڵنامەی کتێب

کاروبارەکانمـان ڕایـی بکەیـن. مەبەسـتیش ئـەوە بـوو نیشـانی مەلاکانـی بدەیـن، هێشـتا بزوتنەوەکەمـان لـە ژیانـدا مـاوە.

ڕۆژی پاشـتر ئەرکی نوێم ئاشکرا کرا. حیزب هیچ چاپەمەنی نەمابـوو. مـن دەبووایـە ڕۆژنامـەی زمانحاڵـی حیـزب بـە شـێوەیەکی بچکۆلەتـر بـڵاو بکەمـەوە. ئـەوەش دەبووایـە هـەر بەتەنیـا خـۆم بیکـەم.

ڕێکخسـتن؟ هیـچ شـتێک نەبوو تـا ڕێـک بخرێ. ئێمـە تەنیا دەزگا سـتێنسـلە کۆنەکەمـان هەبـوو، ئەویـش لـە شـوێنێک لەقـەراغ شـار لـە عەمبـاری خـوردەی ترومبێلـە تێکشـکاوەکان شـاردرابووەوە.

دەبووایـە دەزگاکـە بهێنمـەوە، چاکی بکەمـەوە و بیخەمـەوە گەڕ.

باشە دەبێ ئەو شتە لەکوێ دابنێم؟

لـە مـاڵ، لـە خانووەکـەی خـۆم. دەبووایـە سـافا و کیـژە بچکۆلانەکـەم وەک ڕووپـۆش بـەکار بهێنـم.

هەڵبەتـە ئـەم کارەش مایـەی هۆشـیاری نەبـوو، ئـەوان لـە دۆخـی سـتێنسـلەکە تێـوە بگلێنـم، بـەڵام خـۆ ڕەتکردنـەوەی شـتەکەش دادی نـەدەدا. بەرپەچدانـەوەش بـە هەمـان شـێوە. باشـە بەرپەچـی کێ بدەمـەوە؟ گلەیی لـە کێ بکـەم؟ هـەر لـە خـۆم؟

دەبووایـە هەفتانـە ڕۆژنامەکـە بـە تیـراژی سـێ هـەزار دانـە چـاپ بکـەم و بیدەمـە دەسـتی ئـەو سەرپەرشـتیارە نوێیـەم. بـە شـێوەیەکی ئاسـایی ئـەم شـتەش نەکـردە بـوو، بـەڵام خـۆ بارودۆخەکـەش هـەر ئـاوا بـوو. ئێمـە دەمانویسـت بـە دەسـت و


هەواڵنامەی کتێب

مستی ڕووتەوە دژی مەلاکان بوەستینەوە.

بەڵام خۆ ئەوەش، کارە هەرە سەختەکەی ئەو دەمە نەبوو. جەنگاوەران لە کاتی تەنگانەدا داوای زۆر بەرزیان لە خۆیان دەکرد. کارە هەرە زەحمەتەکەش ئەوە بوو، من بەو دەزگا کۆنینە لە ماڵەکەی خۆمدا دەستبەکار بم. باشە چۆن ئەو دەزگا قورسە بگەیەنمە نهۆمی چوارەم و کەسیش نەیبینێ؟ خۆ لە هەر ئانوساتێکدا ڕەچاوی ئەوە دەکرێ یەکێک لە ئاکنجییەکان بێتە دەر و بپرسێ، "ئەرێ ئەوە چییە؟"

ئەو دەزگا ستێنسلەش تەقەتەقی زۆری دەکرد. ئەوەی زۆریش سەرقاڵی کردم و لەبەرانبەریدا دۆش دامام، ئەوە بوو، بەو زووانە ژن و کیژەکەم دەگەڕانەوە، باشە ئەوکات دەبووایە چۆنیان تێبگەیەنم.

دەستبەجێ شەڕێکی نێوخۆییم دەست پێ کرد. خۆی دەبووایە شتێک هەڵبژێرم، یان باشتر وایە بڵێم کە هیچ بژاردەم لە بەردەمدا نەبوو. من لایەنی بزووتنەوەکەم بەسەر خێزانەکەمدا هەڵبژارد.

دوودڵییەکەی خۆم خستە ئەملاوە. زەنگم بۆ ژنەکەم لێدا و پێم گوت، ئێمە دەبێ بۆ ماوەیەکی درێژتر یەکدی نەبینینەوە.

هەمیشە ژنان منیان سەرسام کردووە. وام دەزانی، ئێستا ژنەکەم شتێکم پێ دەڵێتەوە، قسەیەک دەکا بەوەی ئەو داوایەی من ڕەت بکاتەوە، بڵێ من هەر دەمەوێ بێمەوە و منیش نەدەبووایە هەموو شت و هەموو کەسێک بە خەونە شێتەکانم خەریک بکەم. ئیدی بڵێ، "من دێمەوە. من دەمەوێ بێمەوە ماڵێ."



هەواڵنامەی کتێب

بەڵام ئەو وای نەگوت. هەستم کرد ژنەکەم دەگرییێ، بۆ کێ؟ بۆ خۆی؟ بۆ منداڵەکەمان؟ ئاخر ئەو مافی ژیانێکی ئاساییانەی هەبوو. دەمزانی ئەو بۆ منیش دەگرییێ، چونکە ئەو تاقانە شایەتی سەر خەونەکانم بوو.

ژنەکەم ئافرەتێکی ئاسایی بوو، حەزی لە ژیان بوو، دەیویست بەئارامی بژی، بەڵام نەمتوانی ئەو ئارامییەی بۆی دابین بکەم.

بەڵێ، پاشان توانیم، ئەو کاتەی هێنامە هۆڵەندا، بەڵام بۆ ئەوەش دەبووایە نرخێکی گران بدا. ئیدی نەدەبووایە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نیشتمان.

لە شار دەر چووم، ڕۆیشتم تا دەزگای ستینسلەکە بێنمەوە. دوای سەعاتێک گەیشتمە شوێنێکە، کە کۆنە بۆدی ترومبێلی لێبوون، لەوێ خەڵکم دەبینی بەدوای هەندێ کەلوپەلی ترومبێل دەگەڕان. پێویستیشی نەدەکرد لە کەس بپرسم، دەبووایە تا کۆتایی شوێنەکە و تا عەمبارەکە لێم خوڕیبا. لەوێ قاپییەکەم کردەوە، ژوورەوە تاریک بوو. دەنکەشخارتەیەکم داگیرساند و چراکەم هەڵکرد.

دەزگای چاپەکە لە سووچێک کەوتبوو، کەوتبووە ژێر چینە تۆزێکی ئەستوور و ڕۆنی مەکینە. دەزگاکەم لە پەتۆیەکی کۆنینە وەر پێچا، کە لەگەڵ خۆم بردبوو. شتەکە بۆ من بەتەنیا زۆر قورس بوو. بەدوای خۆمدا تا لای ترومبێلەکە، ڕام کێشا.

ئەرێ ئێمە خەریکی چی بووین؟ ئەوەی من کردم، ئەوەی ئێمە کردمان، هیچ پەیوەندی بە بەرگرییەوە نەبوو، بەڵکو



هەواڵنامەی کتێب

ئەوە کردەیەکی خۆکوژی بوو. دەکرا لە هەر ئانوساتێکدا پۆلیسی دەزگای هەواڵگریی نهێنی دەر بکەون و بەسەرتا بقیژێنن، دەستەکانت بەرز بکەرەوە!

من دەبووایە بیر لە دۆنکیشۆت بکەمەوە، ئاخر ئەو بە شمشێرەکەی لەگەڵ پانکەی سوڕێنەری ئاشی با دەجەنگا. منیش لێرە لەگەڵ دەزگای چاپکردن.

لای ترومبێلەکەم داوای یارمەتیم لە گەنجێک کرد، کە بەوێدا تێدەپەڕی.

ئیدی بە هەردووکمان دەزگاکەمان لە پشتەوەی ترومبێلەکە بار کرد. ئەوسا دەرگای ترومبێلەکەم داخست و بە پێ تا لای چایخانەکەی ڕۆیشتم، کە کەمێ لە دووری گوندەکە هەڵکەوتبوو. ئاخر بە ڕۆژی ڕووناک نەدەبووایە دەزگاکە بهێنمەوە ماڵێ.

ئێوارە درەنگ، کاتێ هەموو دراوسێکان چووبوونەوە ماڵی خۆیان، ئەو شتە قورسەم لە پشتی خۆم هەڵدا و هەنگاو بە هەنگاو بۆ ئەپارتمانەکەی خۆمان سەر کەوتم. سەرچڵیم کرد. دەشترسام نەبادا لەو کاتەدا یەک لە دەرگاکان بکرێتەوە. بەڵام کەس هەستی پێ نەکردم.

لە ژووری خەوتندا، دەزگاکەم بەنەرمی لەسەر پێخەفەکەم دانا. کاتێکیش لەدواییدا ویستم بێمەوە سەرخۆم، بەختم یاوەر نەبوو. ئاخر نەمدەتوانی بجووڵێم، دەبووایە یەک چارەکەسەعات بەپشتکووڕی لەسەر چیچکان بمێنمەوە تا ئازاری پشتم نەمێنێ.

هەمیشە پشتئێشەم هەر هەبووە. خۆ ئەگەر هەندێ


هەواڵنامەی کتێب

جار پتر لە جاران لەپشت مێزی کۆمپیوتەرەکەم بمێنمەوە، دواتر بمەوێ هەڵبستمەوە، یەکسەر هەست بە ئازارەکەی دەکەمەوە. یەکەم جار دەبێ هەندێک بەپشتکووڕی بڕۆم، تا وردەوردە پشتم قیت دەبێتەوە.

لەوێ ئامێرەکەم خستە نێو دۆڵابی جلەکان و هەوڵم دا لە دەنگەدەنگ دای ببڕێنم، بەتایبەتی لەو کاتانەی کارم پێ دەکرد، تا دەنگەکەی نەگاتە دەرەوە. کەچی ئەمە سەری نەگرت. ئامێرەکە دۆڵابەکەی دەهەژاند، دەیبرد و دەیهێنا و دەنگەکەشی لە ژوورەکەدا سەدای دەدایەوە.

کارەکەش وا بەڕێوە نەدەڕۆیشت. ئاخر ئامێرەکە بۆ ئەوە دروست نەکرابوو، ئەو تیراژە زۆرەی ڕۆژنامەی پێ چاپ بکرێ. دەزگاکە بۆ قوتابخانەی دێهات باش دەستی دەدا، کە هەفتانە هەر بیست تا سی کاغەزی پێ چاپ بکرێ.

لە کاتی کارکردنیشیدا، هەر کاغەزی لەبەر ددانەکانی دەمایەوە، مەرەکەبەکەی دزەی دەکرد و دەڕژا و ئەو ناوەی پیس دەکرد. هەتا شتێکی نوێم پێ چاپ دەکرد، ئەو خراپ دەبوو.

دەبوو بەرگەی ئەو هەموو شتەش بگرم، بەڵام بەرگەی ژاوەژاوەکەیم پێ نەدەگیرا. ئاخر دەنگێکی وای لێ دەکەوتەوە، خەڵک پرسیاری وای بۆ دروست دەبوو، "ئەری ئەو پیاوە خەریکی چییە؟"

ئاخر تا کەی دەبوو گەسکی کارەبا یان ڕادیۆم پێ کردبا، تا ڕێ لە دەرچوونی دەنگی دەزگاکە بۆ دەرەوە بگرم؟ چەند سەد لاپەڕەیەکم چاپ کردن، ئینجا سەرێکی دەرەوەم دا، تا بزانم ئاخۆ دراوسێکانم هیچ سەرنجی منیان



هەواڵنامەی کتێب

داوە. هەموو ڕۆژێ، سەرلەنوێ دەبووایە لەپشت پەردەوە خۆم دابنووسێنم[1]، ئاخۆ کەی پیاوەکەی دراوسێم لە ماڵەکەی دەڕواتە دەر، یاخود کەی ژنە دروسێکەی دیکەم بە خۆی و دوو منداڵەکانی سەردانی ڕۆژانەی بۆ لای دایکی دەکا و ئەپارتمانەکەی جێ دێڵێ. هەرکاتێکیش ئەوان دەڕۆییشتن، خێرا دەچوومە لای دۆڵابەکە و دەستم بە چاپکردن دەکردەوە، بۆ ئەوەی بە کارە دواخراوەکەم ڕابگەم.

ئێمە بەئەنقەست هاموشۆی دراوسێکانمان نەدەکرد، بەڵام خۆ دەکرێ دراوسێکان بیانپرسیبایە ئەرێ گەلۆ ژنی ئەو کابرایە چی بەسەر هاتووە، "ئەرێ ئەو پیاوەی دراوسێمان چی دەکا، ئەو زۆر جار هەر بەتەنیا لە ماڵەوەیە."

بە ڕۆژ پەردەکەم دادەدایەوە، لێنەدەگەڕام کەس بزانێ ئاخۆ من لە ماڵەوەم. هەندێک جار بۆ ماوەی یەک-دوو ڕۆژ دەرگام هەر نەدەکردەوە و نەدەچوومە دەر.

هەرکاتێکیش بمزانیبایە کە دراوسێکانم لە ماڵ دەر چوونە، دەزگاکەم بە کارەبا کار پێ دەکرد و شەوانەش بە دەست کارم دەکرد. ئەوسا گڵۆپی شەوانەم هەڵدەکرد و تا بەرەبەیانێکی زوو کارم دەکرد. پاشان ئەو ڕۆژنامە چاپکراوەم دەدایە کەسی پەیوەندیدار و شتێکی نوێم لێ وەر دەگرت.

گەڕان بەدوای کاغەز و مەرەکەبی نوێش، هەر کارێکی دژوار بوو. ئاخر بە هۆی جەنگەکەوە لە هیچ شوێنێک کاغەزت دەست نەدەکەوت. مەلاکان دەستیان بەسەر کاغەز

١ خۆدانووساندن: خۆحەشاردان لەپشت شتێک بەنیازی چاودێریکردن بەسەر کەسێکدا.



هەواڵنامەی کتێب

و مەرەکەبدا گرتبوو. تۆ هەر پێت دەکرا لە دوکانەکەی مزگەوتێ و بە قاییلنامەی مەلای گەڕەکەکە و لەژێر سەرپەرشتیی چەند پیاوێکی ڕیشداردا پەیدایان بکەی. لەو دوکانەدا خەڵک سەودای بە کەلوپەلە پێویستییەکانی وەک: برنج، شەکر، چاو ڕۆنیشەوە دەکرد.

منیش بەدزییەوە کاغەز و مەرەکەبم لە بازاڕی ڕەش دەکڕی، لەو شوێنەی هەندێ جار بە دە قیمەت لە بازاڕی ئاساییدا دەستت دەکەوت.

کارەکەم لە دوو مانگی سەرەتادا لەگەڵ پیرە ستێنسلەکەدا باش ڕۆیشت، توانیم ڕۆژنامۆکەکەم[١] لە کاتی خۆیدا دەر بچوێنم. بەڵام وردەوردە ترس کەوتە دڵم. خراپ دەنووستم. کاتێک دەڕازام خەونی ناخۆشم دەبینین، کە بێداریش دەبوومەوە، ژانەسەر بەری نەدەدام.

ئێمە لە دژی مەلاکان سەرمان بە دیواری ڕەقدا دەدا، هەر بۆ ئەوەی ئەوان بزانن، کە ماوین و لێشیان ناترسین. لێ گەلۆ، من دەترسام، ترسەکەش لەبەر ئەوە نەبوو، ئەوان بێن و بمکوژن، بەڵکو لەوە دەترسام بمگرن و تێکوپێکم بشکێنن، بمڕووخێنن. ئاخر ئامادە بوون بۆ کەوتنەسەرچۆک، زۆر دژوار بوو.

ڕاستی ئەوەی بۆ دەر خستم، کە بەرگریەکەمان دادی نەدا. چیدی بڕوام بەو شتەی دەمکرد، نەما. ئەمەش دەیترساندم.

لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر کارەکەم بەردەوام بووم. بەڵام

١ خوێنەری بەڕێز، نووسەر بە شێوەی بچووکردنەوە نووسیویەتی، هەر بۆ زانیاریشت، لە زمانی هۆڵەندیدا ئەو دوو پیتە پاشگرە je ئامرازی گچکەکردنەوە و خۆشویستنە، زۆریش بەکار دێ.



هەواڵنامەی کتێب

ڕاستیی شتەکان لەوە بێبەزەیی تر بوو، لەوەی دام نابوو. هەرکاتێکیش لە دەرگەی ماڵەوە دەر دەچووم، لە دڵی خۆمەوە دەمخواست، جارێکی دیکە نەگەڕێمەوە، سەر بەو ماڵەمدا نەکەمەوە. ئەوەشم بە هێند هەڵنەدەگرت، گەر هاتبا و بە ترومبێلەکەم ڕووداوێکم لێ قەومابا و بە هۆیەوە کەوتبامایە نەخۆشخانە، چیم دەکرد.

هەموو هەوڵێکی خۆم بەکار هێنا، ڕۆژنامۆکەکەم ئامادە کرد، هەموو جارێکیش لە کاتی خۆی ڕادەستم دەکرد. بەڵام ئێوارەیەکیان وەستام، هەر وەک وەستانی دەزگای ستێنسلەکە، لە کار وەستام. هیچی دیکەم پێ نەکرا.

کێشەکەم لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەمدا باس کرد. ئەویش لێی تێنەگەیشت. من وا هەستم کرد، وا سەیری من دەکا، لەبەر ئەوەی ئێستا ڕەوشەکە دژوارتر بووە، بۆیە لەوانەیە من هەولّی ڕزگارکردنی خۆم بدەم.

منیش پێم ڕاگەیاند، ئەو شێوازە بەرگرییەمان داد نادا، ئێمە دەبووایە بەوە قاییل بین، کە لەبەرانبەر مەلاکاندا دۆڕاوین. باشتر وا بوو ئێمە هێز و توانامان بۆ داهاتوو هەڵگرتبا.

من هەر بەخۆم نموونەیەکی باش بووم. بڕوام بە حیزب هەبوو، ئامادەش بووم خۆمی لەپێناودا بەخت بکەم. بەڵام خۆ ئەوە دادی نەدەدا.

ئەویش ڕاوێژەکەی منی لەگەڵ خۆی بۆ لای کۆمیتەی ناوەندی حیزب برد.

دوای هەفتەیەک گوێم لە شتە چاوەڕواننەکراوەکە بوو. کۆمیتەکە لەگەڵ من هاوهەڵوێست نەبوو. خۆ ئەگەر من


هەواڵنامەی کتێب

نەمویستبا چیدی کار بکەم، دەکرا بوەستم، ئەوسا دەبوومە ئەندامێکی ناکارا، چیدی پەیوەندیم لەگەڵ حیزبەکە نەدەما.

هیچ پەیوەندی نەدەما؟ نەخێر، منیش ئەمەم نەدەویست، ئاخر نەمدەتوانی ژیانێکی سەلامەت هەڵبژێرم، لە کاتێکدا هاوڕێکانم هێشتا هەر دژی مەلاکان دەجەنگان. ئاخر چۆن شەوان من لەگەڵ ژن و منداڵەکەم لەسەر خوانی ئێواران دانیشتبام، لە کاتێکدا مەلایەک لەسەر تەلەڤزیۆن بیشیڕاندبا، "پۆلیس دوادوژمنی خودای گرت. لە حەشارگەی خۆیاندا ستێنسلێک و...."

کاتەکە بۆ ئەوە وەدرەنگ کەوتبوو کە وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی بژیابام. هاوڕێکانم لەسەر هەق بوون، ئێمە دەبووایە بە مەلاکان بڵێین نەخێر، کە گەلیان ناچار دەکرد بکەوێتە سەر ئەژنۆ. تەنانەت خۆ ئەگەر کەسیش دەنگی نەبیستباین، پاشتر هەر دەیانبیست.

هەنووکە من دەستبەرداری بیرۆکەکەم بووم، هەستم کرد باشترم. دیسان دەستبەکار بوومەوە.

مانگ و نیوێک دواتر، کاتێک من بۆ ئەوەندە جارە، دەچوومە شوێنی وادەداریکراوەکەمان بۆ ئەوەی ڕۆژنامۆکە چاپکراوەکەی ڕادەست بکەم، ئەو لەوێ ئامادە نەبوو. ئەو دەبووایە لەپاڵ دەزگای تەلەفۆنەکە لەپشت بازاڕەکەی تاران وەستابا، لەو شوێنەی، دوکاندارەکان ترومبێلەکانیان بار دەکرد و باریان دادەبەزاند.

هەرکاتێ من ئەوم لەوێ بدیبایە، ترومبێلەکەم لە جێی بارهەڵگرێک ڕادەگرت. پاشان لە ترومبێلەکەم دادەبەزیم،



هەواڵنامەی کتێب

کارێکی وام دەکرد هەر وەک ئەوەی دوکاندار بم و دەرگای جانتاکان بکەمەوە. ئەویش بە عارەبانەیەک دەهات و دەرزەنی شتەکانی دەبرد.

ئێستاش ئەو لەوێ نەوەستاوە. من خولێکم لێ داوە، چاوێکم لە شوێنی وەستانی ترومبێلەکان کرد، نەخێر، هەر بەڕاستی ئەو لەوێش نەبوو.

خۆ هەر دوێنێ بوو، هەموو شت وەک خۆی بوو. وشەی سەلام لەسەر دیواری قوتابخانەکە بوو. خۆ ئەگەر شتێک قەومابایە، دەبووایە دوێنێ دوای نیوەڕۆ ڕووی دابووبایە.

هێشتاش ڕەوشەکە نەبووبووە هۆکاری تۆقین، من دەبووایە یەک سەعات دواتر، سەرلەنوێ سەردانی شوێنەکە بکەمەوە. ئەوسا ئەگەر هەر نەهاتبایە، دیارە شتێک لەئاردا بوو.

من ترومبێلەکەم ڕاگرت و چوومە چایخانەکە لێی دانیشتم. کات دەکشا. لەوێ دەر چووم، پیاسەیەکم لەلای پارکەکە کرد، بەڵام نەمتوانی لە چارەکەسەعاتێک پتر بمێنمەوە. ئیدی سەرم بە بازاڕە جەنجاڵەکەدا کرد، هەولم دا خۆم بە بینینی جامخانەی زێڕینگرەکانەوە خەریک بکەم، بەڵام میلی کاتژمێرەکەم نەیدەویست هەر لە جێی خۆی بجوولێ. چوومە چایخانەیەکی دیکە و دانیشتم، دیسان یەک-دوو پیاڵە چام خواردنەوە و ڕۆژنامە کۆنەکان، کە لەوێ لەسەر مێزەکە کەوتبوون، خوێندنەوە.

لە کۆتاییدا کاتەکەی هات، چایخانەکەم جێ هێشت، سواری ترومبێلەکەم بوومەوە، بە بەردەم دەزگای تەلەفۆنەکەدا ڕەت بووم، سەیرم کرد ئاخۆ ئەو لەوێ وەستاوە یان نا. نەخێر،


هەواڵنامەی کتێب

دیسان لەوێ نەبوو. هەندێک دوورتر لێم خوڕی، گەڕامەوە بۆ ئەوەی شوێنەکە بۆ دووەمین کەڕەت  چاو لێ بکەمەوە. کەس لەوێ نەبوو.

ئیدی دەبووایە دەستبەجێ شوێنەکە جێ بێڵم و ڕوو بکەمە ئەو شوێنەی کە وادەدیداری ناچاریمان لێ دانابوو. خۆ ئەگەر نەگیرابێ، هەر دەبێ لەوێ بێ.

ترومبێلەکەم لێخوڕی، لەشار دەر چووم، بەرەو قاوەڵتیخانەیەک. لەوێ دەبووایە لەپشت جامەکە دانیشتبێ. ئەگەر هەر بمبینێ، دێتە دەر و لەگەڵم سواری ترومبێلەکە دەبێ. ئیدی بەهێواشی بە بەردەم قاوەڵتیخانەکەدا دەڕۆم. کەس لەپشت جامی پەنجەرەکەوە دیار نییە. من ڕۆیشتم، زیاترم لێخوڕی، جارێکی دیکە گەڕامەوە و سەیرم کردەوە.

ترس؟ لەو کاتەدا ترس نەبوو. بەڵام هەستێکی سەیرم لا پەیدا بوو، هەستێکی تێکەڵ، هەستی کەسێک کە هەست بە قورساییەکی زۆری سەر پشتی بکا. قورساییەکە لا کەوت، بەڵام  هێشتا پشتی ئەو ڕاست نەدەبووەوە.

من ترسام، بەڵام هێشتا ترسەکە هیی ئەوە نەبوو تەواو باڵکێش بێ، شتێک هەبوو لە جێی خۆیدا نەبوو. یان دەبێ پۆلیس بەدوایدا گەڕابێ یاخود کەوتبێتە بەردەست و گیرابێ.

ئەدی ئێستا؟

دەمودەست لەوێ دەر چووم، چونکە ئەگەر پۆلیس یەکێ بگرێ، ئەوا دەیبەنە ژووری ئەشکەنجەدان، ئەوەندە لێی دەدەن، ئازار و ئەشکەنجەی دەدەن تا ناوی ئەو کەسانەی دەیانناسێ لە دەمی دەر دێنن.

لێ هێشتا تروسکاییەک لە هیوا مابۆوە. من دەبووایە



هەواڵنامەی کتێب

تا بەیانی چاوەڕێ بم، ئەوسا بۆ دواوادەدیدار بچمە لای هاوڕێیەکی دیکە، لەوێش ئافرەتێک کە نەمدەناسی، دێت و جارێکی دیکە پەیوەندییەکانم لەگەڵ کەسی پەیوەندیدار گرێ دەداتەوە.

هەر بۆ خۆپارێزی، دەبووایە شەوەکەی نەگەڕێمەوە ماڵەوە. ترومبێلەکەم لە گەراجێک ڕاگرت و شەوەکەی خۆم بە هوتێلکدا کرد. خۆ ئەگەر بۆ بەیانییەکەی ئەو کەسە پەیوەندیدارە نەیەت، واتای ئەوە دەگەیەنێ کۆتاییی ڕێگاکەیە.

وادەدیدارەکەش لە ناوجەرگەی شار لەلای قوتابخانەیەکی باخچەی ساوایاندا بوو، لە سەعات یازدە و نیودا، دەبووایە ترومبێلێک لە بەردەم دەرگاکە بوەستێ، ژنێکیش لەپشت سووکانەکەدا دانیشتبێ ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە بێ بیخوێنێتەوە. ئەگەر من ئەو جۆرە ترومبێلەم ببینیبایە، دەبووایە ترومبێلەکەی خۆم هەندێک لە دووری ئەوەوە ڕابگرم، ئەوسا هەندێک بە پێ بگەڕێمەوە، ئیدی هەر وەک دایبابەکانی دیکە لەسەر شۆستەکە بوەستم، تا ئەو کاتەی دەرگای باخچەی ساوایان دەکرێتەوە و منداڵەکانی خۆیان دەبەنەوە. من دەبووایە هەر لەوێ بمێنمەوە و ئەم پرسیارە بکەم، "ئەرێ خانم هەر بەڕێکەوت تۆش چاوەڕێی یەکێک دەکەی؟"

خۆ ئەگەر ژنەکە وا وەڵامی دایەوە، "بەڵێ، منیش هەر بەڕێکەوت چاوەڕێی یەکێک دەکەم." ئیدی دەبوو لەگەڵ ئەو سوار ببم و ئەویش سویچی لە ترومبێلەکەی با دەدا و لێی دەخوڕی.

من بەرەو لای قوتابخانەکە لێم خوڕی. یەک-دوو



هەواڵنامەی کتێب

ترومبێل لەوێ ڕاگیرابوون، لە یەکێکیاندا ژنێک لەپشت سووکانەکەدا دانیشتبوو، بەڵام ڕۆژنامەی نەدەخوێندەوە. منیش ترومبێلەکەم هەندێ لە دوور ڕاگرت و بە پێ بەرەو لای قوتابخانەکە ڕۆیشتم، تا گەیشتمە ئەو جێیەی کە دایبابەکان چاوەڕێی منداڵەکانیان دەکرد. ئەو ژنەی نێو ترومبێلەکە زیاتر لە دایکێک و کابانی ماڵەوە دەچوو لەوەی بە سیاسەتەوە خەریک بێ. پێم وا بوو ئەمەیان ژنەکە نەبوو. یان تۆ بڵێی ئەو بێ؟ لەوانەیە ئەوکات ڕۆژنامەکە دەر بێنێ، کاتێ هەمووان دەڕۆن. دەرگای قوتابخانەکە کرایەوە و دایبابەکانیش وەژوور کەوتن. من حەپەسام، ئاخر بینیم خانمەکە لە ترومبێلەکە هاتە خوار و وەک هەموو دایبابێک چووە نێو قوتابخانەکە. پێنج خولەک دواتر، هیچ ترومبێلێک لەو ناوە نەما.

هێشتاش پێنج خولەکێک چاوەڕێ بووم، ئیبجا دەرگەوانەکە دەرگە ئاسنینەکەی قوتابخانەکەی داخستەوە.

من نەمدەویست بڕوا بکەم، بەڵام خۆ کار لە کار ترازابوو. مەلاکان توانییان لە قوڵەی قافمان هەڵکێشن.

منیش لە کۆتاییی ڕێگاکە وەستام.

لێرەوە نەمدەزانی هەنگاوی دیکەم چۆن دەبێ.

تۆ بڵێی کەوتبمە داوەوە؟ تۆ بڵێی پۆلیسەکان منیان خستبێتە ژێر چاودێرییەوە؟ ئایا ئەوان بەدوای مندا هاتوون تا ئەوانی دیکەش بە هۆی منەوە بگرن؟

خۆ ئەگەر من کەوتبمە داوەکە یان نا، دەبووایە شتێک بکەم، سەرەتا دەبووایە زۆر بەخێرایی ئەو شتەی لەناو


هەواڵنامەی کتێب

سندوقدا دام ناوە، لێی دەرباز بم. پاشان بزانم ئاخۆ چی بکەم.

خێرا خۆم گەیاندە لای ترومبێلەکە و تیژ لێم خوڕی. شتێکی سەیر بوو. هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەبوو پۆلیس بەدوامەوە بێ، بەڵام لەپڕێک ترسەکەم ڕەویەوە. من هەر دەبووایە بیر لە ناواخنی سندوقی ترومبێلەکەم بکەمەوە، ئاخۆ چۆن لەدەستیان قوتار بم.

پاشان دەبووایە دەزگای ستێنسلەکەش لە ماڵەکەم دەر بهێنم و دووری بخەمەوە. سەیری ئاوێنەکەم کرد، ئاخۆ هیچ ترومبێلێکم بەدواوەیە یان نا، بە چەند شەقامی لاوەکیدا ڕۆیشتم و گەڕامەوە، بۆ ئەوەی چاودێریی ئەوە بکەم، ئاخۆ هیچ ترومبێلێک شوێنم هەڵناگرێ. کەس بەدوامەوە نەبوو. ئیدی چوومە سەر ڕێگای خێرا، بەوپەڕی خێراییەوە ڕاستەوڕاست لێم خوڕی. ئەوسا هەر لە گۆترە لادانەڕێیەکم گرتە بەر، تا کۆتاییەکەی ڕۆیشتم. نەخێر هیچ ترومبێلێکم بەدواوە نەبوو. دەمتوانی بەسەلامەتی ڕۆژنامەکان لەکۆڵ خۆم بکەمەوە، بەڵام چۆن؟ بیانهاوێژمە نێو کۆنتینەرێک؟ خۆ ئەوەم پێ نەدەکرا. ئەوەی من بە دژوارییەوە کارم بۆ دەکرد، نەدەبووایە فڕێ بدرابایە نێو زبڵدانێک.

لەوێ لەسەر ڕێگام، پردێکم بینی. ڕووبارێک لەوێ هەبوو، شوێنێکی زۆر جوان بۆ ڕۆژنامەکە. لەبن پردەکەدا ڕام گرت و وەستام تا چۆڵ بێ. ئینجا سندوقەکەم هەڵدایەوە، دەرزەنی بارستەی ڕۆژنامەکەم گرت و فڕێم دایە نێو ڕووبارەکە.

ماوەیەک وەستام سەیری بارستەی کاغەزەکانم کرد. ئەوان بەهێواشی سەرئاو دەکەوتن. تۆ بڵێی ڕووبارەکە


هەواڵنامەی کتێب

بەرەو کوێیان ببا؟ بەرەو دەریاچەیەکی گەورە لەلای شارە پیرۆزەکەی قوم.

کات وەک زێڕ بەنرخ بوو. ڕاستەوخۆ گەڕامەوە ماڵەوە. خۆ ئەگەر دوێنێ سەرپەرشتیارەکەم گیرابێ، ئەوا کاتێکی وام لە بەردەستدا نەماوە. تەنیا پاڵەوانە مەزنەکان دەتوانن یەک-دوو ڕۆژ لە ژووری ئەشکەنجەدانی مەلاکان خۆیان بگرن و هیچ نەدرکێنن. هەندێکیان هەر لە ژووری ئەشکەنجەداندا سەر دەنێنەوە، چونکە ئەوان نەیانویستووە هیچ ناوێک بهێنن.

شتەکە ڕوون و ئاشکرا بوو: خۆت کۆ بکەرەوە و بۆی دەر بچۆ.

یەکەم جار دەبووایە دەزگای ستێنسلەکە لەکۆڵ بکەمەوە، ئینجا ترومبێلەکە.

لە دەوروبەری ماڵەکەمدا هیچ شتێکی گومانلێکراو بەدی نەدەکرا. هیچ ترومبێلێکی نامۆ لەوێ نەبوو.

ترومبێلەکەم ڕاگرت، کەمێک لە دەرگا وەستام، پاشان بەپەلە خۆم بە ژووردا کرد. ئاخر ئەوەش زۆر سەخت بوو، کە دەستبەرداری دەزگای چاپکردنەکە ببم. هەموو بەڵگەنامە و باقیی کەلوپەلەکانم خستنە تەلیسێکەوە و بردمنە نێو ترومبێلەکە. سندوقی ترومبێلەکەم بەکراوەیی هێشتەوە و وەسەر نهۆمی ماڵەکەم کەوتمەوە.

دەرگای دۆڵابەکەم کردەوە، ئامێرەکەم ڕاکێشایە دەر، پەتۆیەکم تێوەر گرت بۆ سەر پێخەکەم لار کردەوە.

خۆ ئەگەر لەسەر پێخەفەکەمەوە بیخەمە سەر پشتم، ئەوا



هەواڵنامەی کتێب

لە کۆتاییدا لەبنی هەڵنەدەستامەوە. دەترسام نەوەک کوورِ ببمەوە و پشتئێشەشم تووش بێتەوە و لەبەر ئازارەکەی لە جووڵە بکەوم. دەبوو چارەیەک بدۆزمەوە.

ئینجا مێزەکەم گواستەوە نزیک پێخەفەکە، چوومە سەر پێخەفەکە وەستام و ئامێرەکەم خستە سەر مێزەکە. ئێستا دەبێ بتوانم هەڵی بگرم.

بەڵێ، لە شوێنێک خوێندبوومەوە کە دایکێکی فەرەنسی، کاتێک منداڵەکەی کەوتبووە ژێر تایەی ترومبێلێک، ترومبێلە بارهەڵگرەکەی بەرز کردبووەوە تا منداڵەکەی لەبن تایەدا بێتە دەر. منیش خۆم شۆڕ کردەوە و ئامێرەکەم خستە سەر پشتم. بەزەحمەتییەکەوە لە دەرگاکە دەر چوم، پاشان بۆ سەر پەیژەکان. ئەوەشم هیچ بەلاوە گرنگ نەبوو ئاخۆ کەس دەمبینێ یان نا. دەستێکم لە ئامێرەکە گرتبوو دەستێکیش لە پاڵپشتی پەیژەکان، ئیدی بەهێواشی لە پەیژەکان هاتمە خوار.

قاپیی یەکێ لە ئەپارتمانەکان کرایەوە. دەنگی پێی پیاوانەم بیست. جێی ترس نەبوو.

"ئەرێ دراوسێکەم ئەوە خەریکی چیت؟"

"وەک دەیبینی، هەڵگرتن." منیش بەحەوسەڵەوە وام پێ گوت.

"ئەم شتە چییە؟"

"ئاخ، بەیارمەتیت، دەکرێ یارمەتیم بدەی. دەنا دواتر من ناتوانم برۆم."

من لەسەر پەیژەیەک وەستام و ئامێرەکەم دانا.

"خۆ دەکرا بانگم بکەی تا یارمەتیت بدەم." پیاوەکە وای پێ گوتمەوە.



هەواڵنامەی کتێب

"نەمدەویست سەخڵەتت بکەم، هەروەها نەشمدەزانی ئاخۆ لە ماڵەوەی یان نا."

ئیدی بەیەکەوە  ئامێرەکەمان هەڵگرت و هێنامانە خوار.

"پەککو چەند قورسە،" وای دەردەدڵ کرد. "ئەرێ بۆ خاتری خوا ئەو شتە قورسە چییە؟"

"شتی بێکەڵک، هەمووی هەر بێکەڵک." هەوڵم دا بە شێوەیەکی ئاساییانە وای پێ بڵێم. "دوو شتن..." من وا لەسەر قسەکەم ڕۆیشتم. "نازانم چیت پێ بڵێم، ئارەزوو، چاککردنەوە، دەزگای کۆنینە. خۆ تۆ ئێستا زانیت چییە. ژیان زۆر سەخت بووە، هەر دەبێ شتێک پەیدا بکەی. بەڵام لەو ئەپارتمانەدا، جێگە تەنگە، خۆشت دەزانی مەبەستم چییە... سوپاس بۆ یارمەتییەکەت. ئەمە سندوقی ترومبێلەکەمە دام نەخستووە. دیسان، زۆر سوپاس."

ئیدی ئێمە ئامێرەکەمان لە سندوقەکەدا دانا. دراوسێکەم گەڕایەوە سەر و منیش سندوقەکەم دادایەوە، تێم تەقاند و ڕۆیشتم.



هەواڵنامەی کتێب

# دارێکی کریسمس لە ڕۆژژمێری ئەکبەردا

ساقۆکەی من ببە، لەپشت شاخەکان سەرمایە.

کاتێک بە یارمەتیی دراوسێکەم دەزگای ستێنسلەکەم خستە پشتی ترومبێلەکەم و لە ماڵەکەمم دوور خستەوە، لە نووسین وەستام. هاتمە دەر و چوومە مەیدانی گەڕەکەکەمان. لەوێ ئەوەم بۆ هات کە دوادیسێمبەرە، دوادیسێمبەری سەدەکە.

جووتیارێکم بینی لە مەیدانەکەدا داری کریسمسەکان لەسەریەک دادەنێ و منداڵەکانیش بە مۆڵەتی دایکەکانیان بۆیان هەبوو هەڵبژێرن. دوکانەکان جامخانەکانیان ڕازاندبووەوە. لە سەرەتادا هەر ئەوەم بەدی کرد. ئەمساڵ کریسمسەکەی بۆ من، بۆ ئێمە لە ساڵەکانی دیکە جیاوازتر بوو. وەک ئەوە وا بوو، یەکەمین کریسمس بێ لە هۆڵەندادا بەسەرم بردبێ. ئەرێ بۆچی ئەو ئاهەنگە، ساڵانی ڕابردووی بەم جۆرە بیر هێنامەوە؟

منیش دارێکم کڕی، نەمامێکی ڕەنگسەوزی کاڵم کڕی. بە شێوەیەکی ئاسایی، ژنەکەم ئەو کاروبارانەی ڕێک دەخست.



هەواڵنامەی کتێب

ئەرێ چۆن بوو، کە من نەوەک هەر بەتەنیا کریسمسم بینی، بەڵکو هەر بەو بۆنەیەوە دارێکیشم کڕی؟

کاتێکیش دارەکەم هێناوە ماڵێ، ژنەکەم بەسەرسووڕمانەوە بانگی کرد، "سەیرکە، ئیسماعیل دارێکی کریسمسی کڕیوە."

تۆ بڵێی ئەمە ڕێکەوت بووبێ؟

لەوانەیە وا بێ، چونکە لە کۆتاییەکانی ڕۆژژمێرەکە بووم و ئیدی لێبوونەوەش بۆ من ئۆخژنێک بوو. هەنووکە کتێبەکەی ئاغا ئەکبەر خەریکە شێوەی خۆی بە زمانی هۆڵەندی وەر دەگرێ، منیش دەمویست دارێکی کریسمسم هەبێ. دارێکی ڕازاوە بە تیشکی ڕەنگین، کە بە هەندێ شتۆکەی وەک: فریشتۆکە، دڵۆکە و یەک-دوو زەنگوڵۆکەش ڕازابێتەوە.

لە هەفتەکانی ڕابردوودا، ئەوەندە ماندوو بووم، پێویستم بەوە هەبوو بۆی دەر بچم. ساڵانی پێشوو، بە شێوەیەکی ئاساییانە دەستمان دەدایە هەگبەکانمان یەکسەر بۆ ئاڵمان، بەلژیک، ئینگلستان یان سوێد تێمان تەقاند و دەچووینە سەردانی ناسیاوەکانمان. ئەمساڵ ویستم هەر لە هۆڵەندا بمێنمەوە. بۆ گەڕان بەدوای هاوینەهەوارێک لە پشووی هاویندا، سەرمان بە زۆر نووسینگەی گەشتیاریدا گێرا، بەڵام لە هەموو شوێنێک مرۆ هەستی بە شتێکی هەندێ نامۆ دەکرد. ئەدی ئێستا؟

جاران لە سەردەمی زانکۆ، لە کاتی خوێندنی ڕشتەی سروشتناسیمدا، زۆر کتێبی بیرکاریم دەخوێندنەوە. بەگوێرەی ئامارەکان، هەمیشە خانوویەکی چۆڵ لەنێو ئەو هەموو



هەواڵنامەی کتێب

خانووە گیراوانە هەر دەبێ هەبێ.

بەڵێ، خۆ خانوویەکی لەو جۆرەشمان دۆزییەوە. یەکێک گرێبەستی خانووی هاوینەهەوارەکەی هەڵوەشاندبووەوە. خانووەکە هەم گران و هەم گەورەش بوو. خۆشبەختانە ژنەکەم ئەو جۆرە گرفتانەی باش چارەسەر دەکردن. دەمودەست زەنگی بۆ دەستەخوشکەکەی لێدا، کە ئەویش حەزی نەدەکرد لە ماڵ بمێنێتەوە، لە کاتی پشووی سەری ساڵدا، دەیویست بچێتە شوێنێک. ئیدی هەموو شتێک ڕێک خرا.

کاتێکیش ئێمە بۆ ئەوێ ڕۆیشتین، ڕۆژژمێری باوکم لەگەڵ خۆم برد، بەو هیوایەی بتوانم باقیی چیرۆکەکەی بنووسم.

هەوارەکەمان لە فریزلاند بوو، لەوێ لە شوێنێک لەنێوان دراختن[1] و لیواردندا[2] بوو. کاتێکیش گەیشتینە ئەوێ، تەمومژێکی چڕ پەیدابوو، بە شێوەیەک هیچمان نەدەبینی، نەمانتوانی دەوروبەری هەوارەکەشمان ببینین. هەموو دوای نیوەڕۆ و ئێوارەکەشی تەنیا چیمەنی سیسمان بینی.

منیش بیرۆکەیەکی باش بوو بەلامەوە کە سەری ساڵی نوێ لەگەڵ دەستەخوشکی ژنەکەم بەسەر بەرم. ئیدی هەر زوو تامی ئاهەنگی لێ هات. دەستمان بە ڕازاندنەوەی خانووەکە کرد. پێویست نەبوو داری کریسمس لەگەڵ خۆمان بەرین، چونکە پێشتر دارێکی وای لێ هەبوو. هەرکاتێکیش مشووری بازارکردنم خواردبا، ژنەکان یارمەتییان دەدام،

1 Drachten
2 Leeuwarden



هەواڵنامەی کتێب

دواتـر شـتی دیکـە پێویسـت نەبـوو. بـەم جـۆرە دەکـرا چەنـد ڕۆژێـک بۆخـۆم کار بکـەم. منیش دەمویسـت بـەر لـەوەی سـەدە نوێیەکـە دابـێ، لـە تەواوکردنـی کتێبەکـە ببمـەوە.

ژنەکەم بانگی کردم، "ئەرێ لەکوێ بووی؟"

"لێرە، لەسەرەوە."

"دێیت لەگەڵ ئێمە قاوەیەک بخۆیتەوە؟"

منیش دابەزیمە خوار.

مـن گوتـم، "لەسـەرەوە، لەپشـت پەنجەرەکـەوە کەمێـک سـەیری دەرێـم کـرد. ئـەم خانـووە لەنێـو هەوردایـە. خـۆ بـەدەر لـە تـەم هیچـی دی نابینـی، هیچـی دیکـە نابینـی. پێـم وا بـێ پێویسـت نـاکا لێـرە بمێنینـەوە، تـا تەمومژەکـە دەڕەوێتـەوە. ئـەرێ پـاش کەمێکـی دیکـە چـی بکەیـن؟"

"هێشـتا نازانیـن چـی بکەیـن." ژنەکـەم وا وەڵامـی دامـەوە. "خـۆ ئەگـەر جانتاکانمـان پێچایـەوە، لەوانەیـە لەگـەڵ منداڵـەکان سـەرێکی شـارەکە بدەیـن، تـۆش لەگەڵمـان دێـی، یـان..."

"نەخێـر، مـن لێـرە دەمێنمـەوە. لـە ڕێبەریـی ئـەم هـەوارەدا نووسـراوە، دوای ڕۆیشـتنی پێنـج تـا شـەش کیلۆمەتـر بـە پـێ، چایخانـەی گونـدی لێیـە. پێـم باشـترە سـەرێکی ئـەوێ بـدەم."

ئەوانیش بڕیاریان دا بە پاس بچنە شاری لێیواردن.

پێـڵاوی تایبـەت بـە ڕۆیشـتنی دوورمـەودام کـردە پێـم، دەسـتم دایـە دەفتەرەکـە و بـەرەو چایخانـەی گوندەکـە کەوتمـە ڕێ.

هەرچەنـدە بـەو ڕێگایـەدا ڕۆیشـتم، کـە لـە ڕێبەرنامەکـەدا هاتبـوو، کەچـی گەیشـتمە سـەر ڕووبارێـک، یـان تـۆ بڵێـی دەریاچەیـەک بووبـێ، ئیـدی لەوێـوە ڕێـگای پەڕینـەوە نەبـوو.


هەواڵنامەی کتێب

لەنێو تەمەکەدا بەلەمێکی سەوڵدار بەدەر کەوت. پیاوێکی ڕیشدار هێدی هێدی بەلەمەکەی دەبردە لەنگەرگا.

"دەی سوار بە." ئەو بە زاراوەیەکی قورس وا بانگی کردم.

"سوار ببم؟ باشە بەلەمەکە بۆ کوێ دەچێ؟"

"دەچێتە ئەودیوی ئاوەکە."

"بەڵام خۆ من دەمویست بچمە چایخانەکە."

"دەی سوار بە!" کابرا وای پێ گوتمەوە.

منیش سوار بووم.

بە کابرام گوت، "پێم وا بوو من پێنج-شەش کیلۆمەتر دەڕۆم، ئەوسا دەگەمە چایخانەکە."

"ئەمەش دەکرێ." ئەو وای پێ گوتمەوە، "بەڵام لێرەوە نا. دەبووایە بە ڕێگایەکی دیکەدا ڕۆیشتبای."

دوای چەند خولەکێک لە لێخوڕینی بەلەمەکە، گەیشتینە ئەوبەری ئاوەکە. بەلەمەوانەکە بەنێو تەمەکەدا ئاماژەی کرد، "چایخانەکە لەوێدایە، ئەو خاڵە چرابەخشانەی ئەوێ ئەوە."

ئەوێ گوندێکی ئارام بوو، هەردوو ڕیزە خانووی بچکۆلەی کۆنینە بوون. لە نێوەڕاستی گوندەکەدا لە مەیدانۆکەکەدا، چایخانەیەکی کۆنینەی هۆڵەندی دیار بوو کە تابلۆیەکی گەورەی هاینیکنی[1] بەسەرەوە بوو. لە پەنجەرە بچووکەکەیەوە سەیرێکی ناوەوەم کرد، ئاخۆ کەسی لێیە یان نا. لەپشت بارەکە پیاوێکی پیر وەستا بوو، لەو زیاتر کەسی دیکە دیار نەبوو.

"ئەرێ قاوەخانەکە کراوەتەوە؟" هەر کاتێ پێم وەژوور

١ هاینیکن بیرەیەکی هۆڵەندییە.



هەواڵنامەی کتێب

نـا، وام بانگـی کابـرای پشـت باڕەکـە کـرد.

”بەڵێ، فەرموو وەرە ژوورا!“ کابراش وا وەڵامی دامەوە.

منیـش وەژوور کەوتـم، لـە قوژبنێـک[1] جێـم گـرت و لێـی دانیشـتم، بـە شـێوەیەک کـە دەرەوەم لـێ دیـار بـێ.

”دەکرێ قاوەیەکم بدەیتێ؟“

قاوەخانەکـە کڕوبێدەنـگ بـوو، شـوێنێ ئـەوە بـوو تێیـدا بنووسـرێ.

”ئـەرێ بـۆ نـاو قاوەکـەت چیـت دەوێ؟“ کابـرای پشـت باڕەکـە وای بانـگ کردمـەوە.

”ڕەش، نەخێر، زەحمەت نەبێ کەمێک شیری تێ بکە.“

ترومبێلەکـەم لێخـوڕی، ئامێـری ستێنسلەکەشـی لەنێـو نێـو سـندووقەکەیدا بـوو. ئـەرێ چـۆن ئامێـری وا لەنێـو شـارێکی جەنجاڵـی وەک تـاران فـڕێ بـدەم و لەکـۆڵ خـۆمـی بکەمـەوە؟

خۆ ئەگـەر مەترسیم لەسـەر بووبا، لـە ڕاستیدا نەدەبووایـە بـە ترومبێلەکـەی خـۆم بەنێـو خەڵکیدا و وا ڕاشکاوانە بـڕۆم.

دەمەویسـت هەموو شـتێک بەباشـی کۆتایی پێ بێنم. ئەویش نـەک وەک کەسـێکی ترسـنۆک، بەڵکو وەک جەنگاوەرێـک کـە تـا دواقۆناغـی ڕێگاکـە دەڕوا. ڕاوەسـتان لـە شـوێنێک و دانانـی شـتەکە لەسـەر شۆسـتەیەک و لەوێشـەوە بۆی دەر بچـم، ئەمـە لـە کەسـێک نەدەوەشـایەوە کـە بیویسـتبا بجەنگێ. بێ دوودڵـی ئامێری ستێنسـلەکە هـەر دەگەیشـتەوە دەسـتی پۆلیس. ئەوسـا دوو لێکەوتـەی بـۆ دروسـت دەبـوون. یەکەمیـان ئـەوە بـوو، دەسـتبەجێ بـەدوای پەنجەمۆرەکەیـدا دەگـەڕان. دووهەمیشـیان

---

١ قوژبنێک: سووچێک، گۆشەیەک.



هەواڵنامەی کتێب

پۆلیسێکی نهێنی، هەرکاتێک دەزگاکەی لەسەر شۆستەکە بدۆزیبایەوە، یەکسەر دەگەیشتە بەرەنجامێک: ئەوان لە ترسان هەترەشیان چووە، لەبەر ترس و تۆقین هەموو شتێکیان فڕێ داوە و هەڵاتوون.

منیش هەستێکی تێکەڵوپێکەڵم هەبوو. لە قووڵاییی دڵمەوە دڵخۆش بووم بەوەی لە دەست ئامێرەکە ڕزگارم بووە، لە هەمان کاتیشدا نەمدەویست واز لە ئامێرەکە بێنم. شتەکە وەک ئەوە وا بوو، ژیانم بە ئامێری تایین بەسترابێتەوە. تا ئەو کاتەی ئامێرەکە هەر لەنێو سندوقی ترومبێلەکەمدا بێ، ئەو دەبێتە لەنگەرگرێک[1] بۆ من. خۆ ئەگەر زوو لەکۆڵ خۆم بکردبایەوە، ئەوا هیچ پەیوەستییەک لەنێوانمان نەدەما. ئەوسا من لەپڕێکدا دەبوومە هیچ، دەبوومە شتێکی زیادە.

فڕێدانی ئامێرەکە، شتێک بوو من نەمدەکرد.

کێ ناڵێ دواتر یەکێک پێویستی پێی نەدەبووەوە. بەڵکو هەر خۆمان دوای ماوەیەکی دیکە پێویستمان پێی ببایەوە. دەکرا ئامێرەکە ببەمەوە شوێنی خوردەی ترومبێلەکان، ئەو شوێنەی کە لێیەوە هێنام، بەڵام بۆ ئەم کارەم دەبووایە بەلەز بووبام.

کات نزیکەی سەعات شەش دەبوو، منیش نەمدەزانی ئەو شوێنەی کەلوپەلی لەبەریەکهەڵوەشاوەی ترومبێلەکان تا سەعات چەند بەکراوەیی دەمێنێتەوە. لەو کاتەی من بەرەو ئەوێ لێم دەخوڕی، شتێکم بۆ هات لەوێ بیڵێم. یان باشتر

١ لەنگەرگر: مەبەست ئەو کۆلکە ئاسنە گەورەیە (بەزۆری لە شێوەی سێگۆشە و قولاپدایە) بەلەمەکان لە کاتی لەنگەرگرتیان فڕێی دەدەنە نێو ئاوەکە تا لەنگەر بگرن و نەجوولێن.


هەواڵنامەی کتێب

وا بـوو هیـچ نەڵێـم، هـەر بەتەنیـا ئامێرەکـە دابگـرم بـەدوای خۆمدا تـا ئەوێی ڕابکێشـم و لەسـەر زەویەکە لەپەنا دیوارەکە دای بنێـم، هـەر وەک چـۆن پێشـتر لەوێـم دەر هێنابـوو. دەی دەبـوو ئـەوکات بڕیـار بـدەم.

دوای نزیکەی سـەعاتێک، گەیشـتمە بەردەم شـوێنەکە. هێشـتا لە نووسینگەکەدا چرایەک دادەگیرا. منیش ترومبێلەکـەم لـەوێ لـە شـوێنێک ڕاگـرت و چـووم بەسـەر تامانەکـەی شـوێنی خـوردەی ترومبێلەکـە سـەیر بکـەم. دەرگاکـەی قفڵ درابـوو.

"ئـەرێ کەسـێکی لـێ مـاوە؟" مـن وام بانـگ کـرد. پێنەدەچوو کەسـی لێبـێ.

سـەیرێکم کـرد ئاخـۆ دەتوانـم بگەمـە پشـتی کۆگاکـە. دەنـا دەبووایـە ئامێرەکـە لـەوێ لەسـەر دیـواری حەوشـەکە دابنێـم و جێـی بێڵـم.

لـەو کاتـەدا چـرای نووسـینگەکە کوژایـەوە. منیـش چـاوەڕێ بـووم، یەکێـک لەپشـت بۆدییـە شـڕوشـەقەکان پەیـدا بـوو. نەمدەبینـی ئاخـۆ، کابـرا یـارۆی دەرگەوانەکەیـە یـان کارمەندێکـی نووسـینگەکەیە. کاتێکیـش لێـم نزیکتـر کەوتـەوە، پیاوێکـی پیـرم بینـی، کڵاوێکـی جووتیاریانـەی لەسـەر بـوو، دیـار بـوو دەرگەوانەکـە بـوو.

"ئێـوارە بـاش." مـن وا بانگـم کـرد.

"ئێـوارەت بـاش،" ئەویـش بـە شـێوەزاری ئەفغانـی وەڵامـی دامـەوە. دیـار بـوو ئاوارەیەکـی ئەفغانـی بـوو، لـەم سـاڵانەی دوایـی لەگـەڵ هـەزاران کـەس ئاودیـوی نێـو سـنووری وڵاتەکەمـان ببـوون.



هەواڵنامەی کتێب

"ئەریّ لە کەسێک دەگەڕێی؟"

"نەخێر، چەند مانگێک پێش ئێستا ئامێرێکی ستێنسلم لێرە لە کۆگاکەی ئەویّ دەر هێنا. من نازانم ئاخۆ تۆ لێی ئاگاداری یان نا..."

"نەخێر."

"گرفت نییە. من چیدی پێویستم بە ئامێرەکە نەماوە، بۆیە ئێستا هێناومەتەوە، بەڵام دەبینم شوێنەکە داخراوە. شتەکەشم لەناو ترومبێلەکەمدایە، منیش لە دوورەوە هاتووم. بۆ منیش زەحمەتە، ئەم شتە قورسە جارێکی دی بگەڕێنمەوە. دەکریّ بیخەمە کۆگاکە؟ ئەگەر بکریّ لەویّ دای بنێم، زۆر مەمنووت دەبم،"

کابراش بیری لیّ کردەوە.

"ئامێرەکەت لە کیّ وەر گرتبوو؟"

"شتەکەم لە ڕێی ئەم و ئەوەوە پیّ گەیشت. من هەر ئەوەندەم لەسەر بوو لە کۆگاکە بیهێنمە دەر و بیبەم. ئەوە ئامێرێکی کۆنی لەکارکەوتووە، لە ڕاستیدا بۆ ئەوەیە تا لەبەریەک هەڵبوەشێندریّ. هەر بۆیەش هێناومەتەوە."

"زۆر چاکە، بڕۆ بیهێنە. بەڵام ناکریّ بیبەیتە کۆگاکە، ئەویّ تاریکە. هەر لێرە لە شوێنێک دای بنیّ، بەیانی خۆم دەیبەمە نێو کۆگاکە."

"زۆر سوپاست دەکەم."

ئینجا دەستبەجیّ سندوقی ترومبێلەکەم هەڵدایەوە، ئامێرەکەم ڕاکێشایە دەر، بە هەندیّ زەحمەتی هەر لەویّ لەسەر زەوییەکە دام نا. پاشان بە پەتۆیەکەوە ڕام کێشایە پەنا دیوارەکە و جێم هێشت.



هەواڵنامەی کتێب

"ئـەرێ قاوەیەکـی دیکـەت دەوێ؟" کابـرای پشـت باڕەکـە وای لـێ پرسـیم.

"بەڵێ، بە یارمەتیت. قاوەکەت بەتامە."

"ئەرێ ڕۆژژمێرێکی پشووت پێیە؟"

"نەخێر، بەڵێ، جۆرە ڕۆژژمێرێک."

"تۆ خێرا دەنووسی. لەمێژە لە هۆڵەندا دەژی؟"

"بەڵـێ، خێـرا دەنووسـم، بـەڵام لـە نووسـینەکەمدا زۆر هەڵـە هەیـە، کاتـێ گەڕامـەوە ماڵـێ، بەسـەریاندا دەچمـەوە و دەبـێ هەمـوو هەڵـەکان ڕاسـت بکەمـەوە."

"تـۆ بەباشـیش هۆڵەنـدی قسـە دەکـەی، ئـەرێ خەڵکـی کوێـی؟"

"ئێران، (پێرشیا)."

"ئـاوا! سـەیرکە، مـن لەسـەر هەمـوو مێزەکانـم بەرگێکـی ئێرانیـم دانـاوە، بەرگـی دەسـتکردی ئێرانـی، بـەڵام جوانیشـن، کەشـەکەی، ڕەنگەکانـی جوانـن. دەی چیدیکـە سـەخڵەتت ناکـەم. هـەر دەبـێ لەگـەڵ خاوخێزانـت هاتبێتـە ئـەو هـەوارەی ئـەوێ."

"بەڵێ بە خاوخێزانەوە هاتووم."

تەمەکـە ڕەوییـەوە. گوندنشـینەکان بـە جلـی ئاهەنگـەوە ڕژانـە سـەر شـەقامەکان. پۆلێـک لـە بەتەمەنـەکان، لـە تەمەنـی باوکمـدا بـوون، هاتنـە نێـو قاوەخانەکـە. سـڵاویان لـە کابـرای پشـت باڕەکـە کـرد، پاشـان بـە دەنگـی بـەرزەوە بـە شـێوەزاری ناوچەکـە لەگـەڵ یـەک دوان. لەگـەڵ هاتنـی ئـەوان، قاوەکـە تـام و بۆیەکـی دیکـەی وەر گـرت.

کابـرای پشـت باڕەکـە قاوەیەکـی نوێـی بـۆ مـن دانـا و گوتـی،

هەواڵنامەی کتێب

"پێم وا بێ، ناتوانی چیدیکە بەم هەرایە بنووسی..."
"قەیدی نییە باش دەبێ."

هەنووکە لەکۆڵ ئامێری چاپەکە بوومەتەوە، دەبووایە بەگوێرەی وادەکە ترومبێلەکە لە شوێنێک ڕابگرم و بەخۆشم بۆی دەر بچم.

لە ڕاستیدا بەئاسانی ئەو جۆرە وادە دادەنێی، کەچی لە بواری جێبەجێکردندا، هەست دەکەی هەرگیز هیی جێبەجێکردن نییە.

هەر دەبوو واش بایە، دەنا ئەوانی دیکەشم دەخستنە بەر مەترسی. من زۆر زانیاریم لەسەر حیزب هەبوو، زۆر لە هاوڕێیانم دەناسین و دەشمزانی لەکوێ دەژین. خۆ ئەگەر پۆلیس بیگرتبام، دەکرا هەموو زانیارییەک، یەک بەدوای یەکم لێوە دەر بێنن. کەواتە جێگەی دوودڵی نەبوو. بەڵێن بەڵێنە. دەبوو وازم لە ترومبێلەکەشم هێنابایە.

وا دابنێ، چیدی ترومبێلەکەم نەبووبایە. باشە پاشتر چیم بکردبایە؟ ئایا دیداری داهاتوو چۆن دەبوو؟

بە تاریکی لێم خوڕی. بیرم کردەوە، خۆ دەتوانم ترومبێلەکە لەپشت خانوویماڵی باوکم ڕابگرم. نەخێر، ئەوێ نا. ئاخر ئەو دواتر بە مانگ لەوێ دەوەستا و ئەوێش شوێنێکی گونجاو نەبوو. باشە لەپشت دوکانەکە ڕای بگرم؟ لەوێ پارچەزەوییەکی چۆڵ هەبوو، کەسیش بەوێدا تێنەدەپەڕی. خۆ شتێکی زۆر ئاساییش بوو، ئەگەر ترومبێلێک بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ ڕابگیری. لە کاتی جەنگەکەدا شتێکی ئاسایی بوو، خەڵک ترومبێلە تێکشکاوەکەیان، کە پارچەی


هەواڵنامەی کتێب

یەدەگیان پێ پەیدا نەدەبوو، بۆ ماوەیەکی درێژ لە بەردەم ماڵیاندا، ڕادەگرت.

ئیدی ترومبێلەکەم سووڕاندەوە، ڕێگای شارەکەی خۆمانمان گرتە بەر. لە نیوەی شەو دەگەیشتمە ئەوێ، ئەو کاتەش زۆر لەبار بوو، چونکە باوکم دەمێک بوو گەڕابووەوە ماڵ و شەقامەکانیش بەتەواوی چۆڵ دەبوون.

کاتێ گەیشتمە شارەکە، نزیکەی چارەکی دەویست بۆ یەکی نیوەی شەو. بۆ گەڕەکەکەی خۆمان لێم خوڕی. سەگێک لەسەر گوفەکەکە بوو لمۆزی لە خاشاکەکە وەر دەدا. کاتێک گوێی لە دەنگی ترومبێل بوو، لە تاریکاییەکەدا ون بوو. من گەیشتمە لای ماڵی باوانم. پەردەکان دادرابوونەوە، بەڵام هێشتا چرا هەر هەڵ بوو. تۆ بڵێی هێشتا هەر بەئاگا بن؟ سەروسەکوتی تینا لەسەر پەردەکە بەدەر کەوت. ئەو هێشتا بێدار بوو، ئەرێ دەبێ چی قەومابێ؟ هەستێکی وام لا پەیدابوو، خۆم بە ژووردا بکەم. بەڵام خۆ خانووەکە بۆ من ناوچەیەکی قەدەغەکراو بوو. ئەوەی لەپشت پەرەدەکان ڕووی دەدا، هیچ پەیوەندی بە منەوە نەبوو. لێ پێم وا بوو، لەوانەیە پەیوەندی بە منەوە هەبێ، ئیدی وام لێ هات، وەژوور بکەوم و هەر وەک جاران سڵاو لە هەموویان بکەم و ئینجا لێ بدەم و بڕۆم.

ترومبێلەکەم ڕاگرت و ویستم داببەزم، بەڵام ئەم جارەیان بیچمی باوکم هاتە سەر پەردەکە. ئەو باسکەکانی بۆ هەوا بەرز کردنەوە و ون بوو.

پێویست نەبوو لەوە زیاتر بزانم ئاخۆ چی لەئارادایە.



هەواڵنامەی کتێب

دەبووایە بڕۆیشتبام، چونکە بۆ شتێکی دیکە هاتبووم. ئیدی سلفم لە ترومبێلەکەم دایەوە بەرەو دوکانەکە لێم خوڕی.

لەوە ڕاهاتبووم چرای دوکانەکەی باوکم هەڵکرابێ. ئەم جارەیان وا نەبوو، دنیا تاریک بوو. بە جۆرە خێراییەک بە بەردەم دوکانەکەدا ڕۆیشتم و بەرەو لای دەستەڕاست بام دایەوە، بۆ پاشخانەکە ڕۆیشتم. ترومبێلەکەم وەستاند و کوژاندمەوە، دەشترسام نەبادا کەسێکی ئەو ناوەم بەئاگا هێنابێ. لە ترومبێلەکە دابەزیم، هەوڵم دا بە پاڵدان ترومبێلەکەم ببەمە ئەو شوێنەی دەمویست. بە زەحمەتێکی زۆرەوە توانیم بیگەیەنمە بن دارە پیرەکە. لەهیکەوە لە پەنجەرەیەکی بچکۆلانەوە لەو ژوورە پەناگەیەی کاتی خۆی جەمیلەی لێ بوو، چرایەک هەڵبوو.

پێم وا بوو کە سەرچیخ چووبم، ئەوە هەرشتێک بێ هاتبێتە پێشچاوم، دەنا نە چرا بوو نە هیچ، نە شوێنەکەش کەسی لێ بوو.

هەموو بەڵگەنامەکانی ترومبێلەکەم دەر هێنان و دەرگاکانیشم قفڵ دان. باشە ئێستا چی لەو بەڵگەنامانە و چی لە سویچەکە بکەم؟ پێدەچوو بۆ ماوەیەکی درێژ پێویستم پێیان نەبێ. لەوانەشە هەر پێویستم پێیان نەمێنێ. سویچەکەم خستە نێو کاغەز و بەڵگەنامەکانی ترومبێلەکە بەرەو دیوارەکەی لای حەشارگەکەی دوکانەکە ڕۆیشتم، بەڵکو لە درزی چوارچێوەی پەنجەرەکە فڕێیان بدەمە ژوورەوە.

بەیانیش کاتێک باوکم ترومبێلەکە لەپشت دوکانەکە دەبینێ، گومان دەکا کە شەوەکەی چی ڕووی دابێ، خۆ دەکرێ سویچ و کاغەزەکان لە پەناگەکە ببینێتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

دەکرا بەئاسانی کاغەزەکان لە درزی چوارچێوەی پەنجەرەکەوە، فڕێ بدەمە ژوورەوە، بەڵام سویچکە نەدەکرا. لەبەر ئەوەی چوارچێوەکە کۆن بوو، بە نووکی سویچەکەم پارچەپارچە دارم لێکردنەوە، تا درزەکەم بەقەدەر سویچەکە لێ کرد و تێم فڕێ دا. کاتێکیش سویچەکە کەوتە دیوی ژوورەوە، سیمایەکم لەنێو پەناگەکە بینی جووڵایەوە. بەر لەوەی شتێک ڕوو بدا، بەسرتەیەکەوە گوتم، "ئارام بە. هیچ لەگۆڕێ نییە. هیچ لەگۆڕێ نییە."

تۆ بڵێی ئەو کێ بووبێ؟ زەنگۆڵە بێ؟ برادەرێکی ئەو بێ؟ دەبێ باوکم ئاگادار بێ؟ من هیچی لێ تێنەگەیشتم و پێویستیش نەبوو هیچی لێ بزانم. من کەسێکی نامۆ بووم و دەبووایە زوو ون ببم، لە دوکانەکە دوور بکەومەوە.

ئاخر ماڵی خۆمم جێ هێڵا بوو، ئامێری ستێنسلەکەم و ترومبێلەکەشم لەکۆڵ خۆم کردبووەوە. هەنووکە خۆم ماوم. هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەچووبوو بگەمە ئەو ڕادەیە. نەشدەبووایە بە ئاراستەی ناوجەرگەی شارەکەدا بڕۆم، ئەگەر وام کردبا، زۆری نەدەبرد لەلایەن پۆلیسێکەوە ڕادەگیرام. دەبووایە لە شارەکە دەر بچم.

دوای سەعاتێک بە پێ ڕۆیشتن، شارەکەم لەدوای خۆم جێ هێڵا. شاخەکان دەر کەوتن و لووتکە بەبەفرداپۆشراوەکەی زافەران بەدیار کەوت. هەستم کرد وەک سێوێک وام، کە لە لقەکەی خۆی بەر بۆتەوە. کەسیش نەیدەتوانی جارێکی دیکە ئەو سێوە بۆ دارەکە بگەڕێنێتەوە. دەبووایە ڕێگا شاخاوییەکە هەڵبژێرم، ئەو ڕێگەیەی بەرەو ئەودیوی شاخی زافەران


هەواڵنامەی کتێب

دەڕۆیشت. وڵات جێ بێڵم؟ نەدەبووایە بۆ ساتێکیش بوەستم.

ئەری چۆن بتوانم باوکم، دایکم، خوشکەکانم لەدوای خۆم جێ بێڵم؟ ئاخر خۆ خواحافیزیم لە ژنەکەم و کیژۆڵەکەشم نەکردبوو. نەخێر، خۆ هەر بەلای کەمییەوە دەبوو زەنگم بۆ سافا لێ بدابایە، پێم ڕاگەیاندبا کە بۆ یەک-دوو مانگێک لەوانەیە کەمتر یان زیاتر ڕۆیشتبام.

بۆ گەڕان بەدوای ئامێرێکی تەلەفۆن، گەڕامەوە لای مەڵبەندی گەڕەکەمان. ژمارەی تەلەفۆنی داپیرەی ژنەکەمم لێدا، دەبووایە سافا بیزانیبا من لەسەر هێڵم. ئاخر بەدەر لە من کێ لە نیوەی شەودا زەنگیان بۆ لێدەدا؟ زەنگلێدانەکە زۆری نەخایاند، تا لەودیوی هێڵەکە، دەسکی تەلەفۆنەکەیان هەڵگرت.

"هەلۆ، ئەوە منم،" دەستبەجێ وا کەوتمە قسە. "ئەری تۆ چۆنی؟ هەموو شتێک لەگەڵ نیلۆفەر باشە؟ گوێ بگرە، من ئەوەندە پارەی خوردەی تەلەفۆنکردنم پێ نییە. دەمەوێ ئەوە بزانی، دەبێ بۆ ماوەیەک ئێرە جێ بێڵم."

"بڕۆی؟" ژنەکەم بەخەواڵووییەوە گوتی، "چۆن بڕۆی؟ بەرەو کوێ دەچی؟"

" جارێ بەخۆیشم نازانم، بەڵام دەبێ سەری خۆم هەڵگرم. هەرکاتێک گەیشتمە شوێنێکی سەلامەت، ئاگادارت دەکەمەوە. سڵاوم بگەیەنە داپیرە، ماچت دەکەم."

"کەواتە باشە. سەرکەوتوو بی."

ڕاستییەکە زۆر قورس بوو. نەدەبووایە زۆر بەیەکەوە قسە بکەین، ئەویش ئەمەی دەزانی. تۆ دەبووایە هەست و سۆزەکانت ڕکێف بکەی. وەک چالاکوانێک نەدەبوو تەلەفۆنی


هەواڵنامەی کتێب

درێژدارڕت کردبایە. دەبوو پەیامەکەت بەکورتی بگەیاندبایە و ڕاستەوخۆش لەبنی هەمبانێ بدەی.

من هەمیشە پێم وا بوو ژنەکەم دەڵێ، "کار بەم شێوەیە ناڕوا. تۆ نابێ ئێمە جێ بێڵی، بەڵام باشە، خۆ تۆ خۆت ڕێگایەکەت هەڵبژارد. ئەوەش هەر سووچی خۆم بوو. من دەبووایە بمزانییا کە دەبمە قوربانیی خەونەکانت."

بەڵام ئەو هیچ لەو وشانەی بەکار نەهێنان. منیش بەسەرسامییەوە تێبینیم کرد، ئەویش بە ڕۆیشتنی من دڵخۆش بوو. خۆزاییانە[1] هەستی کردبوو، تەنیا یەک ڕێگا بۆ ئازادی ئەو هەیە، ڕێگا بەرەو شاخی زافەران.

کاتێ تەلەفۆنەکەم جێ هێشت، بینیم خەڵک لەو ناوە پەیدا بوون. ئینجا تێگەیشتم کە ڕۆژەکە هەینییە.

باوکم هەر لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن وەک هەموو دیندارەکانی دیکە دەچووە گەرماو، پاشانیش بەرەو مزگەوت بۆ نوێژی هەینی دەچوو. ئەم ڕیتوێلە زۆر لەمێژە لە ژیانیدا بەڕێی دەکا. جاران کە هێشتا بچکۆلانە بووم، بەردەوام لەگەڵی دەچوومە مزگەوتێ. ئەو هەموو بەیانییانی ڕۆژانی هەینی لە خەو بێداری دەکردمەوە و جانتای گەرماوی پێ دەدام. ئەو لەپێشەوە دەڕۆیشت و منیش بەخەواڵوویی بەدوایدا ڕێم دەکرد.

سەیری کاتژمێرەکەی مەچەکم کرد. دوای نیوسەعاتی دیکە خۆر هەڵدێ. خۆ ئەگەر پەلە بکەم، دەکرێ لە شوێنێک لەنێوان گەرماوەکە و مزگەوتەکە تووشی بێم. من بەرەو

---

[1] خۆزاییانە: خۆڕسکانە، غەریزەییانە.



هەواڵنامەی کتێب

مزگەوتـیّ ڕۆیشـتم. هێشـتاش ئەوەنـدە سـەرچڵی نەبـوو کـە بەتاریکـی بەنێـو شـارەکەدا بـڕۆی، تەنانـەت ئەگـەر غاریشـت دابایە، چونکە هەمـووان وا تێدەگەیشـتن پەلەتـە تا بە نوێژەکە ڕابگـەی.

منیـش لەگـەڵ ئەوانـی دیکـە سـەرم بـە مزگەوتێدا کـرد. لـە پەنجەرەکـەوە سـەیری نوێژگەکـەم کـرد، ئاخـۆ باوکـم لـەویّ دیـارە یـان نـا، ئـەو لـەویّ نەبـوو، ئینجـا بـەرەو ئاراسـتەی گەرماوەکـە گەڕامـەوە.

تۆ بڵێی ئـەم بەیانییـە باوکـم نەیەتـە مزگەوتـیّ؟ تـۆ بڵێـی لـە ماڵـیّ شـتێک لەئـارادا هەبـیّ، وای لـیّ کردبـیّ نەیەتـە مزگەوتـیّ. کاتـیّ ڕیـزە خانوویەکـم بـڕی، دەمودەسـت بیچمەکەیـم لـە دوورەوە بینـی. جێپێیەکانـم ناسینەوە. ئەو پێیەکانـی بەتـەواوی بڵنـد نەدەکـردن، یـەک لـەدوای یـەک دایـان بنێتـەوە، بەڵکـو هەندێکـی لـە زەوی دەخشـاند. بەدڵنیاییشـەوە ئێسـتا پیـر بـووە، زیاتـر وا دەکا.

مـن چوومـە قوژبنێـک وەسـتام، ئـەو کـە کەوتبـووە دەریـای خەیاڵەکانیـەوە، ڕێـی دەکـرد و بـەلای منـدا ڕەت بـوو. منیـش بەدوایـدا ڕۆیشـتم و بەهێواشـی پەنجەیەکـم لەپشـت شـانی دا، ئاوڕێکـی دایـەوە. بەئاماژەیـەک گوتـم، "سـەلام."

بەحەپەساوییەوە سـەیری کردم.

"ئـەوە لێـرە چـی دەکـەی؟" وای ئامـاژە بـۆ کـردم. "ئـەریّ چوویـە دوکانەکـە؟"

"مـن دەبـیّ قسـەت لەگەڵـدا بکـەم، لەگەڵـم دێـی؟" بەئامـاژە وام پـیّ گوتـەوە، "هاتـووم خواحافیـزی بکـەم."

"چی؟"



هەواڵنامەی کتێب

”من دەڕۆم.“

”بۆ کوێ؟“

”دەڕۆمە کێوی زافەران. ئینجا بەرەو ئەودیو.“

”بەرەو ئەودیو؟“

ئەو کشومات بوو، زانی مەبەستی من کوێیە، لە تافی گەنجێتیدا بەردەوام ژن و پیاوی دەبینین، کە بەتاریکی و بەدزییەوە بەنێو داربادەمەکانیدا بۆ ئەودیو دەڕۆیشتن. خەڵکانێک دەهاتنە لای، داوای شتێکیان بۆ خواردن لێ دەکرد. پیاو و ژنانێک لەو ناوە کە دەستگیر دەکران و کەلەپچەیان دەخرایە بازندەکانیانەوە، بە سواری جیپێک لەوێ لا دەبردران.

”کەی دەڕۆی“ بەئاماژە وای لێ پرسیم.

”کەمێکی دیکە، بەر لەوەی ڕۆژ هەڵبێ.“

”بەڵام خۆ هیچت پێ نییە. کەمێ ڕاوەستە، دەڕۆم نانی تازەت بۆ دێنم، “ئاماژەیەکی وای کرد و بەرەو نانەواخانەکە ڕۆیشت، کە ڕۆژانی هەینی هەمیشە کراوە بوو.

تۆ بڵێی باوکم لەوە تێگەیشتبێ، هەڵاتن چییە؟ من ڕەچاوی ئەوەم نەدەکرد کە وا حەوسەڵەدارانە کاردانەوەی هەبێ. لەوانەیە بۆ ئەوە چووبێتە لای نانەواکە، بەڵکو لە ڕێگە بیری لێ بکاتەوە.

زۆری پێنەچوو، بە دەستەیەک نانی گەرمەوە گەڕایەوە. نانەکەی وەک ئەوەی ڕۆژنامەیەک قەد بکەی وا لێ کردبوو، یەکسەر خستیە کیسەکەم و دایە دەستم، “ئەمەتا، لە ڕێگەدا پێویستت پێی دەبێ.“



هەواڵنامەی کتێب

بەیەکەوە لە شارەکە دەر چووین، بەرەو ئاراستەی شاخەکە ڕۆیشتین.

لەژێر ڕووناکیی یەکێ لە گڵۆپەکانی سەر ڕێگا، ئەوەی ڕووی دابوو بەکورتی بۆم باس کرد. پێم گوت، "هاوڕێکانم گیراون، ئەگەر منیش هەڵنەیەم، پۆلیس منیش دەگرێ." پێم ڕاگەیاند ترومبێلەکەم لەپشتی دوکانەکەی ڕاگرتووە و سویچ و کاغەزەکانیشم فڕێ داونەتە ژووری عەمبارەکە. سەیری چاوەکانیم کرد، ئاخۆ دەزانێ کەس لە پەناگەی دوکانەکەی هەیە یان نا. هیچم لە چاوەکانی بەدی نەکرد.

ویستم لەو بارەیەوە لێی بپرسم، بەڵام واشم نەکرد. خۆ ئەگەر ئەو بیزانیبایە، ئەگەر پێویست بایە پێی دەگوتم. لەوانەشە ئیشەکە هیی زەنگۆڵە بێ و پێوست نەکا باوکمی لێ ئاگادار بکرێتەوە. هەر بۆیە بێدەنگ بووم.

کەمێکی دیکە خۆری ڕۆژی هەینی هەڵدێ و باوکیشم بۆ یەکەمین جار لە مزگەوت دیار نابێ.

لێم پرسی، "ئەرێ ناچیتە مزگەوتێ؟"

بەئاماژە وتی، "نەخێر."

ئیدی بۆم ڕوون بووەوە، کە دەیزانی ڕۆیشتن چ واتایەک دەگەیەنێ.

ئێمە گەیشتینە لای گۆڕستانەکە، کە دایکان بە ڕایەخی بنهەنگڵیان و بەو بەیانییە زووە دەهاتنە سەردانی گۆڕی ڕۆڵە کوژراوەکانیان.

لەو سەردەمەدا زۆر لە پیاوان و ژنان، ئەوانەی دژی مەلاکان بوون، لەسێدارە دەدران. لە سەرەتادا بۆ دایبابیشیان نەبوو تەرمی ڕۆڵەکانیان لە گۆڕستانەکەدا بەخاک بسپێرن،



هەواڵنامەی کتێب

بەڵام دواتر ڕێگەیان پێ درا، بەڵام بۆیان نەبوو سەدانی گۆڕی کوژراوەکانیان بکەن، هەر بۆیە دایکەکان بەو کازیوەی ڕۆژانی هەینی و بەتاریکی سەردانی گۆڕستانیان دەکرد.

بەدوودڵیەوە لەگەڵ باوکم بەرەو گۆڕی جەوادی خوشکەزا و هاوڕێم ڕۆیشتم. لە بەردەم گۆڕەکەیدا چۆکم دادا، بەردۆکەیەکم هەڵگرت و لە گێڵی گۆڕەکەم دا. ئیدی هەڵم ستاند و گوتم، "جەواد، خواحاخیز، من وا دەڕۆم، سەری خۆم هەڵدەگرم."

ڕۆژ لەسەر کێوی زافەران هەڵات. باوکم قاپووتە شۆڕەکەی داکەند.

"بیگرە! لەپشت کێوی زافەران ساردە." ئاماژەی وای بۆ کردم.

"نەخێر، با هەر لەبەر تۆدا بێ، ئاخر سەرمات دەبێ." بەئاماژە وام پێ گوتەوە.

ئەو گوێی لە من نەگرت.

قاپووتەکەی ئەو، قاپووتە ڕەشە کۆنینەکەی ئەو هەمیشە بە دۆڵابی جلەکانمەوە هەڵواسراوە.

ئەو ئاماژەی بە شاخەکان دا، "خۆت ڕێگاکە پێ دەزانی، تا دەگەیتە سەر لووتکەی شاخی زافەران هیچ کێشەت نابێ، کاتێک بەرەو ئەودیو ڕۆیشتی، دەبێ بەردەوام ڕێ بکەی، چونکە دوای نیوەڕۆ ڕۆژ لەوێ نامێنێ و ئێوارانیش بایەکی سارد هەڵدەکا.

"ئەگەر ماندووش بووی، نابێ بوەستی بۆ ئەوەی پشوو



هەواڵنامەی کتێب

بدەی، تەنها ڕۆیشتن، فەرامۆشی نەکەی تۆ دەبێ خۆت لە هێڵی ئاسنینیش بپارێزی، دەنا ژەندرمە دوات دەکەون.

"لە سەرەوە ڕێگایەکی دیکە بگرە، ڕێگای بزنە کێوییان، بەم جۆرە کەس ناتبینی، تەنانەت بە دووربینیش ناتدۆزنەوە."

حەزم لێ بوو پێی بڵێم ڕۆیشتنەکەم کاتییە و بەزوویی دەگەڕێمەوە، بەڵام واشم پێ نەگوت. ویستم سەیری نێو چاوەکانی بکەم، بەڵام ئەو دەرفەتەشم بۆ نەڕەخسا. ئەو سەیرێکی پێڵاوەکانمی کرد و ئاماژەی کرد، "پێڵاوەکانت باش نین، بەڵام پێشی دەگەی."

ویستم باوەشی پێدا بکەم، بۆ ئەمەش هەر دەرفەتم نەبوو، ئینجا ئاماژەی بە لووتکەی کێوی زافەران دا، "دەی بڕۆ!"

منیش ڕۆیشتم، لە کاتێکدا بەسەر شاخەکە کەوتم، هەر سەیری خوارەوەشم دەکرد، سەیری دەروازەی گۆڕستانەکەم دەکرد، ئەو شوێنەی باوکمی لێ وەستابوو.



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# کتێبی ٣
# ئەنوا

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ڕێگایەکی نوێ

لەدەستدان ئەزموونێکە بەرەو ڕێگایەکی نوێ.
دەرفەتێکی نوێ بۆ ئەوەی بە شێوازێکی دیکە بیر بکەیتەوە.
لەدەستدان کۆتاییی هەموو شتەکان نییە، بەڵام کۆتاییی شێوازێکی دیارکراوی بیرکردنەوەیە.
ئەوەی لە شوێنێک دەکەوێ، لە شوێنێکی دیکە هەڵدەستێتەوە.
ئەمەش قانونی ژیانە.

ئەمانە وشەگەلێکی شاعیری فارسی محمد موتەقی بوون. ئەو هاوڕێیەکی ئیسماعیل بوو، نەیدەویست وڵات جێ بێڵێ. پاشان تەرمەکەی لە تاران لەپشت وێرانەیەکی خوردە و بۆدییە تێکشکاوەکانی ترومبێلان فڕێ درابوو. بەگوێرەی ڕۆژنامەی *فۆلکسکرانت* هەیتەکانی دەزگای نهێنی ملیان شکاندبوو.

ئیسماعیل ڕۆیشت، ڕێچکەی کێوی زافەرانی گرتە بەر و ئاغا ئەکبەری باوکیشی تا ماوەیەکی زۆر لە سەر پاردەی پەرژینی گۆڕستانەکە وەستا، تا ئەو کاتەی ئیسماعیلی لە


هەواڵنامەی کتێب

بەرچاوان ون بوو، لەگەڵ گاشەبەردەکانی شاخەکە بۆی لەیەک جیا نەدەکرایەوە.

ئاغا ئەکبەری بەئەزموون لەوە گەیشتبوو، ئەو کەسەی لە کێوی زافەرانەوە ئاودیو ببێ، هەرگیز جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە. بەڵام ئاخۆ ئەو هەموو ژن و پیاوانە بە ئیسماعیلیشەوە بۆ کوێ دەڕۆیشتن؟

هەر وەک ئیسماعیل باسی کرد، هیچ دەرەتانی دیکە نەمابۆوە، هەر دەبووایە بڕۆیشتبا، بەڵام ئەدی ئەکبەر چیی بە تینا گوتبا؟

ڕۆژ هەڵاتبوو، دایکەکانیش لەسەر گۆڕی ڕۆڵەکانیان دوور کەوتبوونەوە، لە گۆڕستانەکە نەمابوون. پیرەژنێک بە خۆی و داردەستەکەیەوە بەرەو ڕووی ئەکبەر ڕۆیشت و سڵاوی لێ کرد، "ئاغا بەیانیت باش! ئەرێ ئەوە ماوەیەکی درێژە سەیری چی دەکەی؟"

"سڵاو،" ئەکبەریش بەئاماژە وەڵامی دایەوە، "من سەیری ئەوێ دەکەم، سەیری ڕۆژ دەکەم، کە لەسەر کێوی زافەرانەوە هەڵدێ. لە دوورەوە، لەودیو شاخەکەوە هەوری ڕەش هەن. لەوێ بەفر دەبارێ؟"

ئەو دەبووایە هەر زوو بگەڕێتەوە ماڵێ، هەرگیز ئەوەندە درەنگ لە مزگەوتێ بەرەو ماڵ نەگەڕاوەتەوە، زۆر ناخایەنێ تینا نارەحەت دەبێ.

لە ماڵەوە تینا دەمێک بوو لە بەرقاپییەوە چاوەڕێی دەکرد.

"ئەرێ پیاوەکە، ئەوە لەکوێ بووی؟" تینا بەتووڕەیییەوە بانگی کرد، "ئەدی پاڵتۆیەکەت لەکوێیە؟ باشە بۆچی تا



هەواڵنامەی کتێب

ئێستا نانت نەکڕیوە؟ ئەدی جانتای گەرماوەکەت لەکوێ جێ هێشتووە؟"

ئەرێ بەڕاست، جانتای گەرماوەکەی لەکوێ دانابوو؟

"لە ژوورەوە پێت دەڵێم،" بەئاماژە وای وەڵام دایەوە، "دەی وەرە، قاپییەکەش دابخە، دەی بڕۆ قفڵی بدە! ئەدی زەنگۆڵە لەکوێیە؟ بانگی ئەویش بکە، دەمەوێ شتێکی گرنگتان پێ ڕابگەیەنم، ئەو خۆی هەڵدا، ئەو چوو، ئەو لێی دا ڕۆیشت."

"ئەوە باسی چی دەکەی؟ کێ خۆی هەڵدا؟ کێ تێی تەقاند و ڕۆیشت؟"

"ئەو ون بوو، بەنێو شاخەکاندا ڕۆیشت، بەرەو تیشکە سوورەکە ڕۆیشت، ئەوە زەنگۆڵە لەکوێیە؟ دەی هەر ئێستا بانگی بکە! من پێم گوت دەبێ خۆی لە هێڵە ئاسنینەکە بپارێزێ، دەنا ژەندرمە بە دووربین دەیبینین."

تینا بانگی کرد، "هۆ زەنگۆڵە! دەی وەرە، من تێناگەم ئاخۆ باوکت باسی چی دەکا. ئەو نە پاڵتۆکەی پێ ماوە نە جانتای گەرماو، نانیشی لەگەڵ خۆی نەهێناوەتەوە ماڵ و هەر باسی توولەڕێی بزنەکێوییانیش دەکا، باسی کەسێک دەکا ڕۆیشتبێ. ئای خوایە، باشە من دەبێ چی لە پیاوێکی وا بکەم، هەر ڕۆژێ بە سەربردەیەکی نوێوە دێتەوە ماڵێ. ئەرێ پاڵتۆیەکەت لەکوێیە؟"

دەمودەست تینا زانیی ئەکبەر باسی چی دەکا، ئەوەندە هەبوو، نەیدەویست بڕوا بکا. زەنگۆڵەی بۆ ئەوە بوو تا بۆی بسەلمێنێ، زەنگۆڵەش هات.

"ئەو سەری خۆی هەڵگرت!" ئەکبەر بە هاتنی زەنگۆڵە یەکسەر وای ئاماژە دا.


هەواڵنامەی کتێب

"بەڵێ؟ کەی؟"

"لە ڕێگایە بەرەو کێوی زافەران."

زەنگۆڵە گوتی، "دایکە، ئیسماعیل ڕۆیشت."

تینا لەسەر ناوکەوەکە دانیشت و بەهێواشی کەوتە گریان.

"تۆ دەبێ بە ڕۆیشتنی ئەو دڵخۆش بی، وا دابنێ ئەو کەوتبایە دەستی مەلاکان، هەر بەڕاستیمە، نابێ بۆی بگری، خۆ ئەو ئەگەر بە ڕێگایەکدا بڕوا و دەستی ژەندرمەش نەیگاتێ، ئەوا ئازاد دەبێ. ئەویش دەتوانێ وا بکا، ئەو بە ڕێچکەکە بەڵەدە، دەزانێ چۆن لەودیو خۆی ببینێتەوە. تینا، تکایە مەگری، ئێستا دەبێ لە ناخی دڵتەوە هیوای ئەوەی بۆ بخوازی ڕابکا و ڕزگاری ببێ. باوکە، دەی وەرە دانیشە. ئەوەتا، پیاڵەچایەکە بخۆرەوە، با هەناوت گەرم ببێتەوە. دەی پێمان بڵێ شتەکە چۆن بوو."

ئاغا ئەکبەریش پیاڵەچایەکەی وەر گرت، لەوێ لەسەر زەوی دانیشت و بەئاماژە ڕوونی کردەوە: "کاتێک من بەرەو مزگەوتێ دەڕۆیشتم، یەکێک لە پشتەوە دەستێکی لە شانم دا، کە ئاوڕم دایەوە، خۆی بوو، دەیەویست بەسەر شاخەکە ئاودیو ببێ، بەڵام هیچ جلی ئەستوور و گەرمی لەبەردا نەبوو، نانیشی پێ نەبوو. ئۆو، پێم وایە جانتای گەرماوەکەم لەلای نانەواخانەکە جێ هێشتبێ... بەڵام خۆ پێڵاوەکانیشی شیاو نەبوون."

زەنگۆڵەش چوو لەتەنیشت ئەو دانیشت و بەئاماژە پێی گوت، "خەم مەخۆ، هەموو شتێک باش دێتەوە، ئەو دەتوانێ خۆی دەرباز بکا."

هەنووکە زەنگۆڵە لەتەنیشت ئەکبەر دانیشتووە، تینا



هەواڵنامەی کتێب

ئاماژەکانی ئەوانی نەدەبینی. بەتووڕەییەوە بانگی کرد، ”ئەرێ ئێوە باسی چی دەکەن؟ باشە بۆچی نابێ من بیزانم؟ باشە نهێنییەک لەنێوانی باوک و کیژدا هەیە؟“

”دایکە، ببوورە، مەبەست ئەوە نەبوو...“

”بەڵێ ڕێک ئەوە مەبەست بوو،“ تینا لەسەر قسەکەی ڕۆیشت، ”من لەو هەموو نهێنییانەی نێوماڵێ پڕم. لەو نهێنییانەی نێوان باوک و کوڕ ماندووم، هەروەها لە ڕازەکانی تۆش هیلاکم، ئەوە ئێوە دەتانەوێ بە چی بگەن؟ کەوتنەدەستی ژەندرمە؟ ئۆ، خوایە، ئیسماعیل.“

”دایکە، تکایە هێور بەرەوە. هاوار مەکە، دەنا زۆر نابا هەموو دراوسێکانمان بەسەر وەر دەگەڕێن.“

”هۆ زەنگۆڵە، ئاگادارت دەکەمەوە. وشیار بەوە، چاوەکانت بکەرەوە. براکەت کە پێشەنگت بوو ڕۆیشت، ئێستا تۆ لە نۆرەی، من...“ لە پڕمەی گریانێکی بەکوڵی دا.

”دایکە، ئێمە کاتی ترس و تۆقینمان بەدەستەوە نییە،“ زەنگۆڵە لێی پاڕایەوە. ”ئێستا ئیسماعیل لە ڕێگەدایە. ئەو دەبێ ماوەیەکی زۆر بە پێ بڕوا، تا دەگاتە سەرسنوور. فەرموو، ئەوە چارۆگەکەتە، دەی نوێژی بۆ بکە. ئەمە تاکە شتە کە بۆ ئەوت پێ بکرێ. باوکە، تۆش ئاسایییانە بڕۆ دوکانێ، منیش کەمێکی دیکە دێمە لات.“

”هەرکاتێ گەیشتە ئەودیو، زەنگ لێدەدا.“ لە کۆتاییدا ئەکبەر بەئاماژە وای گوت، ”خۆت دەزانی لەوێ... لەوێ جۆرە خەڵکێکی دیکە هەن، ئەرێ نەخشەکە لەکوێیە؟“

”دەی واز لە نەخشەکە بێنە،“ تینا وای بانگ کرد. دەستی دایە چارۆگەکەی و بەتووڕەیی چووە ژوورێکی دیکە.



هەواڵنامەی کتێب

ئیسماعیل زەنگی لێنەدا و هیچ نامەشی نەهاتن. ئاخر نەیدەتوانی نە زەنگ لێبدا و نە نامەش بنێرێ. خۆ ئەگەر بۆ یەکێتیی سۆڤیەت ڕابکەی، نابێ هیچ پەیوەندییەک بە خانەوادەکەت بکەیەوە. نامەیەک لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ ماڵی ئەکبەر؟ بەرگی نامەیەک کە بە ئاڵای سوور، چەکوچ و داسێکەوە مۆر کرابێ؟ نامەیەک کە پوولی سەر زەرفەکە وێنەی لینینی لەسەر بێ؟ هیی ئەوە نەبوو هەر بیریشی لێ بکرێتەوە.

هەرجارێکیش کە زەنگی تەلەفۆن لێدەدرا، تینا بەرەو ئامێری تەلەفۆنەکە غاری دەدا، ئەکبەریش سەیری دەکرد.

"نەخێر؟"

"نەخێر."

کاتێکیش پۆستەچی بەلای دوکانەکەیدا دەهات، ئەکبەر بەئاماژە لێی دەپرسی، "هیچ نامەیەک نییە؟"

"نەخێر، هیچ نامەیەک نییە."

بەڵام ئەوان دڵنیا بوون، ئیسماعیل نەگیراوە. سەفای ژنی ئیسماعیل، لە برادەرەکانیەوە دەیزانی کە نابێ چاوەڕوانی هیچ زەنگلێدان و نامەیەک لە ئیسماعیلەوە بکا.

سێ ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی ئیسماعیل، ئەکبەر بەرەو شاخی زافەران ڕۆیشت، سواری ئێستریک بوو. گوند بە گوندی ئەو دەڤەرە گەڕا و لە پیاوە ڕیشسپییەکانی دەپرسی، ئاخۆ ژەندرمە لەو چەند ڕۆژانەی دواییدا هیچ کەسێکیان گرتووە. نەخێر، کەس نەگیرابوو، خۆ ئەگەر کەسێک گیرابا، بەدڵنیاییەوە خەڵکەکەی ئەوێ دەیانزانی.

هەواڵنامەی کتێب

چەند مانگێک دوای ئەوە، ڕۆژێکیان ئێوارە درەنگ بوو، ئەو کاتەی هیچ کەسێ چاوەڕێی زەنگی تەلەفۆنی نەدەکرد، زەنگی تەلەفۆنەکە لێدرا. تینا بە زەحمەتێکەوە لەنێو پێخەفەکەی هەڵسا و دەسکی تەلەفۆکەی بەبن گوێی خۆیەوە نا، "سەلام"

"سەلام،" پیاوێک لەودیو هێڵەکەوە وا هاتە دەنگ، "ئەرێ من قسە لەگەڵ دایکی ئیسماعیل دەکەم؟"

"بەڵێ. قسە لەگەڵ دایکی ئەو دەکەی." تینا بەمرۆمۆنییەکەوە وەڵامی دایەوە، وای زانی کەسێکی سەر بە دامودەزگای پۆلیسە وا دەپرسێ.

"خانم، من برادەرێکی ئیسماعیلم و لە بەرلینەوە تەلەفۆن دەکەم. ویستم پێت ڕابگەیەنم، ئیسماعیل باشە. ئەو ئێستا لە تاجیکستانە. لەوانەیە بێتە بەرلین، بەڵام هێشتا هەندێکی دیکەی پێدەچێ. ئەو بەخۆی پەیوەندیتان پێوە دەکاتەوە. دەکرێ لەلای خۆتەوە هەواڵەکە بە ژنەکەشی ڕابگەیەنی؟ خانم خواحافیز."

بەر لەوەی تینا بتوانێ دەمی خۆی لێک بکاتەوە و شتێک بڵێ، کابرای ئەودیوی هێڵەکە، دەسکی تەلەفۆنەکەی دانایەوە.

"ئەرێ ئەوە کێ بوو؟" ئەکبەر بەئاماژە لە تینای پرسی.

"ئیسماعیل. ئۆو... خوایە. نا، نەخێر ئیسماعیل خۆی نەبوو، بەڵێ... ئەو باشە. دەی با تەلەفۆن بۆ سافا بکەین."

ئەوێ دەمێ یەکێتیی سۆڤیەت لە هەموو لایەکەوە تووشی کێشە و ئاریشە هاتبوو، گۆرباتشۆفیش هەوڵی دەدا بە هۆی گلاسنۆستەوە ئەوەی مایەی ڕزگارکردن بوو ڕزگار بکا.



هەواڵنامەی کتێب

ڕوسیا ئەو وڵاتە نەمابوو، کە هاوڕێیان لە وڵاتە دراوسێکان پەنای بۆ ببەن. پشتگیرییە نێودەوڵەتییەکە لەبەیندا نەمابوو. پێشتر دەسەڵاتدارە خۆجێیییەکان بەرپرسیارێتیی حەواندنەوەی ئاوارە و هاوڕێ هەڵاتووەکانی وەک ئیسماعیلیان لەخۆ دەگرت. زۆر مشووریان دەخواردن. بۆ نموونە، دەکرا ئاوارەکان بچنە زانستگاکانیش. هەروەها ئەو دەرفەتەیان پێ دەدرا لە کارخانە و کۆلخۆزەکاندا کار بکەن و بیانناسن پەرەشیان پێ بدەن، بەڵام ئەمڕۆ ئەو دەرفەتانە هیچیان نەمابوون. هەموو شتێک ئاوەژوو بۆتەوە. لە هەموو ڕژێمەکەدا خەڵک هەر فریای ئەوە دەکەوێ مشووری خۆیان بخۆن و زگی خۆیان تێر بکەن. ئیسماعیلیش کەوتبووە ئەپارتمانێکی بچکۆلە، کە شوێنەکەی لەگەڵ حەفت ئاوارەی هاووڵاتی خۆی بەش کردبوو. هیچ دوارۆژێکیان لەوێ نەبوو. هیچ دەرچەیەکیشیان بەدی نەدەکرد. ئەو لە سەربانی خەونەکانی کەوتبووە سەرزەویەکە. چەند مانگێکی خایاند و کاتەکەشی لەدەست ڕۆیشت، تا لەوە تێبگا ئاخۆ ئەو بە کوێ گەیشتووە و چی چاوەڕێی دەکا.

تا دەهاتیش ڕەوشی ڕوسیا خراپتر دەبوو، دەبووایە لەوێ بار بکا و بڕوا.

لە ڕێی هاووڵاتێکی خۆیەوە بەو ئاکامە گەیشت، کە لەو پاشاگەردانییەی ئەوێدا بتوانێ بەرەو ئەڵمانیا ڕابکا. هاوڕێیەکی دێرین کە قەدەرێکی زۆر بوو لەوێ دەژیا، کۆمەکی ئەوەی کرد بەڵگەنامەیەکی کاتی سەفەرکردنیان بۆ دابین بکا، بە هۆیەوە بتوانێ بچێتە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات.

کاتێکیش پێی نایە سەر خاکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات،



هەواڵنامەی کتێب

یەکسەر چووە پۆستخانەیەک و زەنگی بۆ ژنەکەی لێدا. داپیرەی ژنەکەی دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

"هەلۆ، ئیسماعیل لەگەڵت دایە."

"کێم لەگەڵدایە؟"

"ئیسماعیل، مێردی سافا."

"ئۆو، هەلۆ، ئەرێ چۆنی؟ سافا لەگەڵمان زۆر دڵخۆشە، بەڵام ئێستا لە ماڵ نییە. ئەو کار دەکا. نیلۆفەریش باشە. من چاوم لێی دەبێ. بەڵی، ئەو زۆر باشە، ئەدی تۆ؟ خۆ تۆ باشی؟"

"من ئێستا لە بەرلینم. ئێوارە جارێکی دیکە زەنگ لێدەدەمەوە."

کاتێکیش ژمارەی ماڵی باوانی لێدا، تینا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

"سەلام، تینا. ئەوە منم ئیسماعیل."

وای لە تینای بەستەزمان، خەریک بوو لەتاوا لەهۆش خۆی بچێ.

"تینا، ئەرێ گوێت لێمە؟ چۆنی؟ ببوورە، کە نەمتوانی، نەمتوانی زەنگت بۆ لێبدەم، نەدەکرا تەلەفۆن بکەم. هەنووکەش لە بەرلینم. من دەبێ لە کورتی ببڕمەوە. باوکم لەکوێیە؟ ئەدی زەنگۆڵە؟"

تینا گریا.

"ئەرێ بۆچی هیچ ناڵێی؟ ناتوانم زۆر قسە بکەم. باوکم لە ماڵە؟"

"نەخێر کوڕەکەم. ئەو لە دوکانە."

"ئەدی زەنگۆڵە؟"



هەواڵنامەی کتێب

"ئەویش لە ماڵ نییە."

"بە داخەوە، بەڵام خۆ قەیناکا. من بەزوویی تەلەفۆن دەکەمەوە. هەنووکەش دەبێ... کەواتە هەموو شتێک باشە زۆر چاکە، تەلەفۆن دەکەمەوە."

تینا پێی ڕانەگەیاند، کە دەمێکە زەنگۆڵە لە ماڵ نەماوە، دەمێکە گیراوە. هەروەها ئەوەشی پێ نەگوت ئاغا ئەکبەریش باش نییە و ئێستا نەخۆشە. ئاخر تەلەفۆنەکە ئەوەندە چاوەڕواننەکراو بوو، گفتوگۆکەش ئەوەندە بەخێرا تێپەڕی و تیناش نەیدەزانی چی بە ئیسماعیل بڵێ و بە هیچ ڕانەگەیشت. خۆ ئەگەر کاتی هەبووایە، ڕاستییەکەی هەر پێ نەدەگوت. ئاخر خۆ هیچیشی نەدەگۆڕی و هەر خەم و خەفەتی دەدایێ. خۆ پەلە نەبوو تا ئەو هەواڵی ناخۆش بە کەسێک بگەیەنێ. نەدەبووایە جارێ ئیسماعیل بە هەواڵەکەی زانیبایە.

کاتێکیش دەسکی تەلەفۆنەکەی دانایەوە، دەمودەست چارشێوەکەی لە خۆی ئالاند و بەرەو دوکانەکە کەوتە ڕێ تا هەواڵە خۆشەکە بە ئەکبەر ڕابگەیەنێ.

"ئەو تەلەفۆنی کرد." کاتێک ئەوی لەپشت جامەکە بینی وای ئاماژە بۆ کرد.

"بەڵێ؟"

"بەڵێ،" وای گوت و وەژوور دوکانەکە کەوت

"باشە، ئەو چی گوت؟ خۆ ئەو باشە؟"

"بەڵێ، زۆر باشە. لە تۆی پرسی. لە زەنگۆڵەشی پرسی."

"خۆ پێت نەگوت کە زەنگۆڵە...؟"

"نەخێر."

"بۆچی نا؟ خۆ ئەو برایەتی، دەبێ هەواڵەکە بزانێ."



هەواڵنامەی کتێب

"نەمتوانی پێی بڵێم. من گریام، ئەوەی ویستم پێی بڵێم، لەبیرم چوو. دەستەکانم لەرزین. نەمتوانی هەواڵەکەی پێ بڵێم."

"تەلەفۆن دەکاتەوە؟"

"بەڵێ، دەتوانێ تەلەفۆنمان بۆ بکاتەوە. زەنگۆڵەش دڵخۆش دەبێ کە هەواڵەکەی ببیستێ. ڕۆژی هەینی پێی دەڵێم. نەخێر، پێی ناڵێم، تۆ دەبێ پێی بڵێی. بە زمانی ئاماژە باشترە پێی بڵێی، ئاخر کەس لێی تێناگا، دەکرێ پێی بڵێی ئەو تەلەفۆنی کردووە، هەر ئەوەندە و بەس، لەوەندە زیاتر نا."

"ئێستاش دەچمە لای مەرزی و ئەنسی، دەچم بە کچەکان ڕادەگەیەنم کە ئەو زەنگی لێداوە. تۆش پێویست ناکا لە دوکانەکە بمێنیتەوە، ڕوخسارت دیسان بزرکاوە، هەست ناکەی کە باش نیت؟ من ناچمە لای مەرزی، دەی وەرە! لەگەڵم بچینەوە ماڵێ. "

مانگ و نیوێک دوای هەڵاتنی ئیسماعیل، زەنگۆڵە گیرا. کەسیش نەیدەزانی ئاخۆ چی کردووە.

ئێوارەیەکیان نەهاتەوە ماڵ. تینا یەکسەر گومانی بۆ ئەوە چوو شتێک لەئارادابێ. هەمیشە ئەو، ئەوەی لە بەرچاو بوو کە زەنگۆڵە هەر وەک ئەوانی دیکە بگیرێ، هەرچۆنێک بێ وای چاوەڕوان دەکرد ترومبێلی پۆلیس بێتە بەردەرکەی ماڵیان و کیژەکەی لەگەڵ خۆیان بەرن.

بەڵام ئێستا ڕەوشەکە بە شێوەیەکی دیکە هاتە پێش و زەنگۆڵە نەگەڕایەوە ماڵێ، ئەمەش زیاتر تینای ترساند. باشە دەبێ ئێستا چی بکا؟ ئایا خانەوادەکە ئاگادار بکاتەوە؟


هەواڵنامەی کتێب

هەندێکی دیکەی لەسەر بوەستێ؟ پێی وا بوو جارێ نەتۆقێ، با هەندێکی دیکە چاوەڕێ بێ.

تینا و ئەکبەر تا درەنگانێکی شەو هەر بەئاگا بوون. زەنگۆڵە نە هاتەوە ماڵ و نە هیچ زەنگێکیشی لێدا.

تینا لەو خانەوادانەی کە منداڵەکانیان گیرابوون، دەیزانی یەک-دوو لە هەیتەکانی دەزگای هەواڵگری نهێنی بۆ پشکنین دێتە ماڵیان. دەی با خۆی کۆ بکاتەوە و شتەکانی هەڵگرێ، ئیدی ئەم بیرۆکەی بۆ هات و بەپەلە بەرەو ژووری زەنگۆڵە ڕۆیشت.

"دەی ئەم کارتۆنە هەڵگرە،" وای ئاماژە بۆ ئەکبەر کرد، "ئێمە دەبێ کتێبەکانی زەنگۆڵە ڕامالین، دەنا زۆر نابا هەیتەکان دێن، دەی خێراکە بڕۆ کارتۆنێکی بەتاڵ بێنە!"

تینا دەیزانی کەمێک بخوێنێتەوە، بەڵام هەرگیز لەو هەموو کتێبانەی لە ژووری زەنگۆڵەدا بوون، نەدەگەیشت. ئەرێ ئەوانە کتێبی باشن؟ کتێبی دژوارن؟

"دەی هەموویان بخەرە نێو کارتۆنەکە!" بەئاماژە وای بە مێردەکەی گوت.

"هەر هەمووی؟"

"بەڵێ، هەمووی."

تینا خۆی نوشتاندەوە بارستەکاغەزێکی لەبن پێخەفی زەنگۆڵە دەر هێنان، کاغەزەکانی هەڵدانەوە بەڵکو شتێکیان لێ تێبگا، بەڵام پەی پێ نەبرد. هەر هەموو کاغەزەکانی خزاندنە نێو کارتۆنەکە، ئینجا چوو دۆڵابی جلەکانیشی پشکنی.

"دەی لەوێ مەوەستە. بەرکی جلەکانی بگەڕێ، هەموو



هەواڵنامەی کتێب

شـتێکیان لـێ دەر بهێنـە."

لـەو کاتـەی ئەکبـەر جلەکانـی زەنگۆڵـەی دەپشـکنی، تینـا مافوورەکـەی لـوول دا، تـا بزانـێ ئاخـۆ هیچـی لەبندایـە. نەخێـر، هیچـی لەبنـدا نەبـوو.

"دەی خێرا بە! دەبێ کارتۆنەکە ببەین."

"ببیەینە کوێ؟"

"چوزانـم. دەبـێ هەمـووی فـڕێ بدەیـن. دەی لایەکـی کارتۆنەکـە بگـرە، بەتەنیـا بـۆم هەڵناگیـرێ. کەمـێ بوەسـتە، خـۆ ناکرێ ئـەو کتێبانـە هـەر وا لەخـۆڕا فڕێ بدەین، بەڵکو زەنگۆڵـە بگەڕێتـەوە، خـۆ ئەگـەر هەمـوو شـتێکی لـێ فـڕێ بـدەم، مـن چـی بکـەم.

"گـوێ بگـرە، ئێمـە ئـەم کارتۆنـە دەگەیەنینە باخـی بادەمەکان، لـەوێ لەپشـت کۆگاکـە دای دەنێـن. کاتێکیـش گەڕایـەوە، هەمـوو کات دەتوانیـن شـتەکان بهێنینـەوە، وا نییـە...؟ دەی کارتۆنەکـە هەڵگـرە، ئاگادار بـە."

ئـەوان کارتۆنـە قورسـەکەیان تـا لای دەرگاکـە هەڵگـرت. تینـا بەئەسـپایی دەرگاکـەی کـردەوە و سـەیرێکی دەرەوەی کـرد.

بەئاماژە گوتی، "دەی بۆ پێشەوە، باشە کەس دیار نییە."

ئەوان بۆ ناو باخەکە ڕۆیشـتن، کە سـەد مەترێک لەوسـەری شـەقامەکەوە بـوو. بەتاریکـی چوونـە لای عەمبارێکـی کۆنـی ڕووخـاو، کـە قاپییەکـەی کـراوە بـوو، لـەوێ تینـا کارتۆنەکـەی خسـتە بـن کەلوپەلـی باخەکـە، دەرگای عەمبارەکەشـی پێـوە دا، "دەی بـا بڕۆینـەوە ماڵـێ!"

"سـوپاس بـۆ خـوا، کـە شـتەکەمان لا دا." کاتـێ گەیشـتنەوە مـاڵ، تینـا بـوو وای گـوت.



هەواڵنامەی کتێب

"باشە ئەدی ئێستا؟ ئەکبەر بەئاماژە وای لێ پرسی.
"هیچ، چاوەڕێکردن، چاوەڕوانی بەیانی دەبین."
"ئەرێ دەزانی،" ئەکبەر وای ئاماژە بۆ کرد.
"چییە دیسان؟"
"نەخێر، هیچ."

ماوەیەکی زۆر وا بەکپی دانیشتن. چوونە سەر پێخەف و ڕازان، نەیانتوانی. ئاخر دەکرا زەنگۆڵە لە هەرساتێکدا سەر بەماڵدا بکاتەوە.

تینا گوێی لە تەپەی پێ بوو. لەوانەیە پۆلیس بێ. لە کۆتاییدا هەڵسا، لە پەردەی پەنجەرەکەوە سەیری دەرێی کرد، ئەوان پیاوانی دراوسێ بوون، بۆ نوێژی بەیانی دەڕۆیشتنە مزگەوتێ.

"خوایە بەهانام وەرە، زۆری دی نابا ڕۆژ هەڵدێ و زەنگۆڵەش تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە ماڵێ. باشە لەکوێ بۆی بگەڕێم؟"

ئەو بیری کردەوە، دەبووایە هەمیشە بیزانیبایە، هەرگیز زەنگۆڵە ژیانێکی ئاسایی نەدەژیا. بۆ ئەو نە ماڵ، نە مێرد، نە منداڵ، نە پشیلە، نە ناندین و نە...

"ئەرێ دەزانی..." ئەکبەر ئاماژەی بۆ کرد.
"دەتەوێ چی بڵێی؟"

"زەنگۆڵە... خۆ ئەگەر هەیتەکان بێن، ئەوا دێنە دوکانەکەشم...؟ مەبەستم ئەوەیە، لەوێش لە پەناگەی دوکانەکە کەلوپەلی زەنگۆڵەی لێیە."

تینا بە هەردوو دەستەکانی لە سەری خۆی دا.
"باشە چی لە دوکانێ داناوە؟"

هەواڵنامەی کتێب

"کاغەز." ئەکبەر وای ئاماژە بۆ کرد.

"چ جۆرە کاغەزێک؟"

"کاغەزی چاپکراو."

"با بچینە دوکانێ. نەخێر، ئێستا نابێ، ئاخر خەڵک بە دەرەوەیە."

تینا لەپشت پەردەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد، "بەڵێ خۆ دەکرێ بڕۆین. دەی وەرە، لەگەڵ خەڵکەکە دەڕۆین. ساتێکی گونجاوە."

ئیدی ژنەکە دەستی دایە چارۆگەکەی.

تینا و ئەکبەر بەهێواشی لەماڵ هاتنە دەر و لەگەڵ هاموشۆکەرانی مزگەوتێ ڕۆیشتن.

"تۆ بە دەستەچەپدا بڕۆ دوکانێ." وای ئاماژە بۆ کرد، "گڵۆپ هەڵمەکە، منیش لەگەڵ ژنان تا لای مزگەوتێ دەڕۆم و بەخێراییش دەگەڕێمەوە."

ئەکبەر بەرەو دوکانەکەی ڕۆیشت. بە گەیشتنە ئەوێ، کلیلەکەی لە بەرکی دەر هێنا و قاپییەکەی کردەوە، چووە ژوورەوە. لەوێ لە تاریکی چاوەڕێی تینا بوو.

زۆری نەبرد تیناش گەیشتێ. ئینجا تینا دەنکەشخارتەیەکی داگیرساند و بەئاماژە، "دەی بڕۆ ئەو چرا نەوتییە بێنە... نا نەخێر، باشترە مۆم هەڵکەی."

ئەکبەر مۆمێکی نیوەسووتاوی هێنا، تیناش هەڵی کرد و وەژوور عەمبارەکە کەوت.

"شتەکان لەکوێن؟"

"کتومت نازانم لەکوێن. هەرگیز بایەخم پێ نەداون."

تینا بە مۆمەکەی دەستی شتەکان گەڕا. لە ڕێی



هەواڵنامەی کتێب

دەستلێدانەوە بارستەکاغەزێکی لەنێو کارتۆنەکاندا دۆزییەوە. کاغەزێکی هێنایە بەر ڕووناکیی مۆمەکە. چەند دێڕێکی لێ خوێندنەوە، بەڵام لێی تێنەگەیشت ئاخۆ باسی چی دەکا. پێی وا بوو بڵاوکراوەیەکە، بۆیە دایە دەستی ئەکبەر و بەتوڕەیییەوە ئاماژەی بۆ کرد، "گەمژە، ئەکبەر تۆ گەمژە دەر چووی."

تینا دانەویەوە بەدوای شتی زیاتردا گەڕا. ئامێرێکی تایپی لەبن مێزۆکەیەک دەر هێنا. "باشە ئێستا من چی لەوە بکەم... ئەکبەر، ئەکبەر، ئەکبەر، تۆ ژیانی منت وێران کرد."

هەر لەسەر ئەژنۆ و لە تاریکییەکەدا زیاتر گەڕا. ئینجا چەند قتوویەکی بۆیەی کاغەزی وردیلەی لەپشت سندوقێکی داردا دۆزینەوە. هەرگیز ئەو شتانەی نەبینیبوون. بەورياییيەوە یەکێکی لە پێشچاوی خۆی ڕاگرت و لەبەر تیشکی مۆمەکەدا لێی ڕام: "ئەمە چییە؟ دەی پیاو، بیخەرە لایەک! وریا بە! بەسەریان نەکەوی! لەوانەیە بتەقنەوە. دەی کیسەیەکم بدەرێ. بیانخەرە ناو... نا نەخێر، تۆ لێیان نزیک نەبیتەوە، من بەخۆم دەیانخەمە نێو کیسەکە."

ئیدی یەکبەیەکی قتووەکانی هەڵگرتن و خستنیە نێو کیسە پلاستیکەکە و ئینجا ئاهێکی هەڵکێشا، "زەنگۆڵە، خۆت ژیانی خۆت و هیی منیشت وێران کرد."

ئینجا ئاماژەی بۆ ئەکبەر کرد، "دەی خێرا کە! چارشێوەکەم لەکوێیە! ئەو کاغەزانەم بدەرێ. تۆش ئامێرەکە هەڵبگرە. لەبن ساقۆکەتدا بیشارەوە. لوولی بدە، نا نەخێر، تەختەبەڕێک بێنە. دەی زوو! من شتە نەفرەتییەکانی دیکە ڕادەکێشم بۆ دەرەوە! بەدوامدا وەرە! بەرەو ڕووبارەکە!"



هەواڵنامەی کتێب

دەرەوە ڕووناک بوو، بەڵام هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو.

ئەو پیاوانەی لە نانەواخانەکەوە دیار بوون، بە خۆیان و نانی گەرمەوە بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتنەوە.

"سەلامون عەلەیکوم!"

"سەلامون عەلەیکوم"

تینا بە لاڕێیەک بەرەو ڕەزی ترێ ڕۆیشت و ئەکبەریش بەدوایدا چوو. دوای چارەکەسەعاتێک، گەیشتنە لای ڕووبارەکە.

تینا بەدوای بەردێکدا گەڕا، بەردەکەی خستە نێو کارتۆنی بڵاوکراوەکان، هەورییەکەی سەری لەبن چارشێوەکەی دەر هێنا و کارتۆنەکەی قاییم پێ گرێ دا، پاشان کارتۆنەکەی خستە نێو ئاوەکە، تا نوقم بوو. دواتر بەئەسپاییەوە دەستی دایە کیسەکە کە قوتووەکانی تێدابوو، چووە نێو ڕووبارەکە. سەری کیسەکەی کردەوە، تا ئاو بچێتە ناوی، ئینجا سەرەکەی داخستەوە، ئەوسا بەئەسپایی کیسەکەی ڕاوەشاند و فڕێی دایە نێوەڕاستی ڕووبارەکە. کیسەکە لەگەڵ شەپۆلی ڕووبارەکە ڕۆیشت و نغرۆ بوو.

"بۆ وا وەستاوی سەیری چی دەکەی؟" بەتووڕەییەوە ئاماژەی بۆ ئەکبەر کرد. "دەی ئامێرەکەش فڕێ بدە نێو ڕووبارەکە."

کەچی ئەکبەر وای نەکرد، نەیدەتوانی وا بکا، دوودڵ بوو.

ئەوسا تینا دەستی دایە ئامێرەکە، بەرەو ڕووبارەکە ڕۆیشت و بە هەموو هێزی خۆی فڕێی دایە نێو ڕووبارەکە، کاتێ ئامێرەکە بە ئاوەکە کەوت دەنگێکی زۆری لێوە هات



هەواڵنامەی کتێب

و تیناش لەسەر زەوی چۆکی دادا، "ئای پشتم. دەی ئەکبەر وەرە! دەستم توند بگرە! ئۆو... ئۆو، خۆ ناتوانم چیدی هەناسە بدەم. نزیک نەبیەوە، لێم دوور بکەوە. هۆ زەنگۆڵە، دەبینی چیت لێ کردم."

تینا دەستی بە گریان کرد. ماوەیەکی خایاند، تا لەدواییدا بە یارمەتیی ئەکبەر هاتەوە سەرخۆی، ئینجا توند قۆڵی مێردەکی گرت. بەیەکەوە بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

بۆ سەعات یازدە، دوو پۆلیسی دەزگای هەواڵگریی نهێنی لە دوکانەکەی ئاغا ئەکبەر وەژوور کەوتن. لە ڕاستیدا ئەو ڕۆژە ئەکبەر هەر زەوقی دوکانکردنەوەی نەمابوو، بەڵام تینا پێی کردبووەوە، "هەر وەک جاران بڕۆ دوکانەکە و ئیش بکە. نابێ لێبگەڕێین کەس هەست بکا، کە زەنگۆڵە شەوێدی نەهاتۆتە ماڵەوە."

ئەکبەر لەسەر کورسیی کارەکەی دانیشتبوو، خەریکی پینەکردنی مافوورێک بوو، سێبەری پۆلیسەکانی لەسەر مافوورەکەدا بەدی کرد. بەحەپەساوییەوە سەری خۆی بەرز کردەوە، ویستی بە کۆتاییی شتەکە بگا.

"لە شوێنی خۆت دانیشەوە." یەکێ لە پۆلیسەکان بەئاماژە وای پێ گوت.

ئەکبەر هەستی کرد، پیاوەکان ئەو کەسانەن کە تینا باسی کردن. پۆلیسەکەی دیکە بەنێو دوکانەکەیدا سووڕا و سەیری کەلوپەلەکانی کردن. یەک-دوو مافووری لوولدراوی لە شوێنی خۆی لا بردن کە لەسەر مێزەکە دانرابوون و سەیری سندوقی سەر ڕەفەکەشی کرد.


هەواڵنامەی کتێب

”ئـەرێ ئـەو کیـژەت کـە لـە دوکانەکـە یارمەتیـی دەدای، لەکوێیـە؟“ یەکـێ لـە پۆلیسـەکان وای گـوت، هەوڵیشـی دا بـە ئامـاژەکان شـتەکەی تێبگەیەنـێ.

ئاماژەکانـی پۆلیسـەکە ڕوون نەبـوون، بـەڵام ئەکبـەر تێگەیشـت ئاخـۆ باسـی چـی دەکا.

”باشـە ئـەو لـە دوکانەکـە چـی دەکـرد؟“ پۆلیسـەکە وا دریـژەی بـە قسـەکانی خـۆی دا.

”تێناگـەم ئاخـۆ تـۆ باسـی چی دەکـەی.“ ئەکبەریش بەئامـاژە وای پـێ گوتـەوە.

”کچەکـەت،“ پۆلیسـەکە بەجەختکردنـەوە گوتـی، ”کیـژ، گـوارە. گـوارەی کەسـک، پرچـی دریـژ، سـینگ، مەمـک، تێدەگـەی؟ لێـرە چـی دەکـرد؟ کێـی دیکـەش زۆر دەهاتـە دوکانەکـەت؟“

ئەکبـەر دەیزانـی نابـێ هیـچ بڵـێ، بـەڵام ئـەو ئامـاژە ڕووهەڵماڵراوانـەی پۆلیسـەکە لەبـارەی گوارەکان، پرچـی دریـژ، سـینگ و مەمـک تەزانـدی. پۆلیسـەکە باسـی پرچـی دریـژ و گـوارەی کەسـکی زەنگۆڵـەی بـوو. هـەر دەبـێ ئـەو زەنگۆڵـەی بەبـێ سـەرپۆش دیبـێ. ئاخـر ئـەوە چـۆن دەبـێ؟

ئەکبـەر لـە ناخـەوە دەکوڵا، بـەڵام لـە شـوێنی خۆیشـی کـپ دانیشـتبوو.

”ئـەو تێنـاگا ئاخـۆ باسـی چی بـۆ دەکـەم،“ پۆلیسـەکە وای بـە هاوکارەکـەی خـۆی گـوت.

”نەخێـر، ئـەو باشـی لـێ تێـدەگا. دەی بـا وێنەکانـی نیشـان بدەیـن.“ پۆلیسـەکەی دیکـە چـووە پەناگەکـە.

پۆلیسـەکەی یەکەمیـش یـەک-دوو وێنـەی ڕەش و سـپی لەنێو بەرکی قەمسـەڵەکەی دەر هێنـان و وێنـەی دەوموچاوی



هەواڵنامەی کتێب

کەسێکی نیشانی ئەکبەر دا، "ئەم پیاوە دەناسی؟"
"تێناگەم. لێمگەڕێ بچم بانگی ژنەکەم بکەم."
"دانیشە، سەیری ئەم وێنەیە بکە، هەرگیز ئەم کەسەت لەم دوکانەدا بینیوە؟ ئایا ئەو پەیوەندی بە کیژەکەتەوە هەبوو؟ ئەو شتێکی..."
"من تێناگەم ئاخۆ تۆ باسی چی دەکەی. دەبێ تۆ لێبگەڕێی ژنەکەم بێتە ئێرە." ئەکبەر بەئاماژە جەختی لێ کردەوە.
"ئێستا بەباشی تێدەگەی. ئەمە، وێنەیەکی دیکەیە. هەڵبەتە باش ئەم کچە دەناسی." ئەو ئەمەی بە پێکەنینێکی قێزەونەوە پێ گوت، ئینجا وێنەیەکی نیشان دا، زەنگۆڵە بە پرچی ئاڵۆزکاو و دەموچاوی زامدارەوە دیار بوو.
لەپڕ هەموو شتێک گۆڕا. وەک ئەوە وا بوو پیاوەکە دەستی لە شتێکی بڤە دابێ. ئەکبەر وێنەکەی لە دەست دەر هێنا و لە کۆتاییدا پاڵێکی بە پۆلیسەکە نا.
پۆلیسەکەش هەنگاوێک بۆ دواوە گەڕایەوە، دەمانچەکەی هەڵکێشا و بانگی کرد، "دانیشە!" بەڵام خۆ ئەم ڕەفتارە قوڕەکەی خەستر کرد. ئەکبەریش دەستی دایە دارێک و کەوتە سەر پۆلیسەکە لێدان ئەمما لێدان. لە هەمان کاتیشدا هاواری دەکرد، "لێرررررەەەەەە بببرڕڕڕۆۆۆ دددەەەرررری."
پۆلیسەکەی دیکەش لە پەناگەکە هاتە دەر، تا ئەکبەر لە پشتەوە بگرێ، بەڵام ئەکبەر هیچ دەرفەتی پێ نەدا، خۆی سووڕاندەوە و تا هێزی تێدا بوو دارێکیشی بە شانی چەپی ئەودا کێشا. پۆلیسەکە لەبن ئازاردا خۆی گرمۆڵە کرد.
ئەکبەر خێرا چووە دەر و هاواری کرد، "ددددددەەەی



هەواڵنامەی کتێب

بـڕڕڕڕڕۆ ددددددەەەەڕڕڕڕێێێێێێێێێێێی ێێێێێێێی.“

دوکاندارەکانـی دیکـەش خێـرا دەرپەڕینـە دەرێ و لەگـەڵ پیادەڕۆکانـی سـەر شـەقام بەهانایـەوە هاتـن، ”ئـەوە چـی قەومـاوە؟“

ئەکبـەر بەئاماژە، ”لـەوێ، لـە ژوورەوە، ئـەو پیاوانـە. وێنەیـەک، زەنگۆڵـە، پرچەکـەی. گـوارەکان.“

کەس تێنەگەیشت ئاخۆ ئەکبەر باسی چی دەکا.

ڕەوشـەکە لەدەسـت دەر چـوو، پۆلیسـە قێزەونەکانی دەزگای نهێنی هاتنـە دەر و یەکسـەر بـەرەو ترومبێلەکەیـان کشـان و و لـە بەرچـاوان ون بـوون.

دوکاندارەکانیش ئەکبەریان بردەوە نێو دوکانەکەی.

”ئەوان چییان لێ دەویستی؟“

”لـە بەرکی پیاوەکە وێنـە هەبوون، گوارەی کەسـک، پرچـی درێـژی زەنگۆڵـە، پرچێـک... ئاخـر چـۆن دەبـێ ئـەو پیـاوە گـوارە کەسـکەکانی ئەویـان پـێ بـێ. تێدەگـەی مەبەسـتم چییـە؟“

بەهاراتفرۆشەکەش گوتی، ”نەخێر.“

”ئەمشـەو زەنگۆڵـە، مەبەسـتم ئەوەیـە بڵێـم، ئـەو ئەمشـەو لـە ماڵـەوە نووسـتبوو، بـەڵام ژنەکـەم باشـتری لێدەزانـێ. ئـەو پیـاوەش دەمانچەکـەی لـێ ڕاکێشـام. ئـەو وێنەیەکـی لـە بەرکدا بـوو. منیـش دەمودەسـت دەهـری بـووم، دەسـتم دایـە ئـەو مەترەقـە و لێـم دا. پۆلیسـەکەی دیکـە ویسـتی لـە پشـتەوەڕا بمگـرێ. ئەویشـم بەتونـدی کوتـا... وێنەکـە، وێنەکـە لەکوێیـە؟“

”پێم باشـە بچین ژنەکـەی ببینین.“ نانەواکـە بـوو بـە ئەوانـی دیکـەی گـوت، ”پێـم وا بـێ ڕەوشـەکەی بـاش نییـە.“



هەواڵنامەی کتێب

ئیسماعیل یەک-دوو جاری دیکەش تەلەفۆنی کرد، بەڵام تینا نەیتوانی پێی بڵێ، کە زەنگۆڵە زیندانی کراوە. هەر دەیگوت، بەرێکەوت زەنگۆڵە ئێستا لە ماڵ نییە.

"تینا، تەلەفۆنکردن بۆ من سەختە. من ناتوانم دەمنادەم زەنگ لێ بدەم. سبەی سەروبەندی حەفتی ئێوارە تەلەفۆن دەکەمەوە." ئەمانە قسەی دواهەمین جاری بوو، "بە زەنگۆڵە رابگەیەنە، دەمەوێ قسەی لەگەڵدا بکەم، دەکرێ بە باوکم بڵێی سبەی ئێوارە زووتر بگەڕێنەوە ماڵێ، دەمەوێ گوێم لە دەنگیان بێ. ئەرێ هەر بەڕاست خۆ ئەوان باشن؟"

"ئێمە پیر بووین. هەندێ جار باشە و هەندێ جاریش باش نییە. بەڵام ئەوان باشن، ئەو هێشتا هەر کار دەکا."

تینا درۆی لەگەڵ کرد، چونکە لەو کاتەی تینا لەگەڵ ئیسماعیل قسەی دەکرد، ئەکبەر بە نەخۆشی لەناو جێگەدا کەوتبوو. ئەو بەئەنقەست پشتی لە ئەکبەر کردبوو، تا نەزانێ تەلەفۆن لەگەڵ ئیسماعیلدا دەکا، بەڵام خۆ ئەکبەر تێبینی کرد، هەستی کرد ژنەکەی شتێکی لێ دەشارێتەوە. لە کۆتاییدا بەزۆرلەخۆکردنەوە هەڵسا و تا لای تینا هات و بەئاماژە گوتی، "ئەوە کێیە لەسەر هێڵی تەلەفۆن؟"

"ژنی دراوسێکەمانە." ئەویش وا وەڵامی دایەوە.

ئەکبەر درۆی لە چاوەکانی ژنەکەیدا خوێندەوە.

"دیارە، ئیسماعیلە؟" ئاماژەیەکی وای کرد و هەوڵی دا بە دەنگی بەرز بڵێ، "ئیس سسسسسسسسمااااا، ئاغااااااااااا ئەکبببببەرراااااااا."

"تینا، باوکم لەوێیە؟"



هەواڵنامەی کتێب

ئەکبەر دەستی دایە دەسکی تەلەفۆن، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەستی بە گێڕانەوەی سەربردەی زەنگۆڵە کرد، "چچچچچۆۆۆن دددووکککاننن، مافووووووررررر، زززەنگۆۆۆۆڵڵڵەەە لللللیییییدددااااننن، بررررددددن، نننناااااا." ئینجا دەسکی تەلەفۆنەکەی دایەوە دەستی تینا. فرمێسکەکانی چاوی سڕینەوە و گەڕایەوە نێو پێخەفەکەی خۆی.

تیناش بەهەنسکەوە ڕاستییەکەی پێ گوت، بە ئیسماعیلی گوت، زەنگۆڵە زیندانی کراوە، دوای شەش مانگ، دەتوانێ مانگێ یەک جار سەردانی بکا، پێی ڕاگەیاند، ئەکبەریش لەسەر شەقامەکە لەبن دارکاژەکان بەر بۆتەوە و دراوسێکان بەکۆڵ هێناویانەتە ماڵەوە.

دیسان ئەکبەر چووەوە دوکانەکەی، بەڵام ئیشی پێ نەدەکرا.

"کێشەی سەرم پەیدا بۆتەوە،" وای بە تینا ڕاگەیاند، "لە کاتی پینەکردنی مافووردا گرێی گوڵ و گوڵۆکەکانی سەر مافوورەکە بەهەڵە دەدرومەوە."

"بەڵام خۆ دەبێ مێشکت لەسەر کارەکە بێ. ئەگەر باش نەیدروییەوە، دواتر پارەمان نامینێ. دەی برۆ دوکانەکە و بەهێواشی دەست پێ بکەوە، خۆی باش دەبێ."

مانگێک دواتر، ئێوارەیەکیان هێشتا نەگەڕابووە ماڵێ، تینا چوو بزانێ ئاخۆ لەکوێ ماوەتەوە، ئەو لەسەر مافوورەکە لەهۆش خۆی چووبوو، دەفتەری نووسینە بزمارییەکەشی لەتەنیشت بوو. تیناش غاری دایە لای نانەواخانەکە. نانەواکە دەستبەجێ زەنگی بۆ ترومبێلی فریاگوازاری لێدا، ئەویش لە



هەواڵنامەی کتێب

کاتی خۆیدا گەیشتی، پزیشکەکەش بە تینای گوت، ”پیاوەکەت دەبێ پشوو بدا، کارکردن دەیکوژێ.“

دوای هەفتەیەک، ئەکبەر بە داردەستێکەوە نەخۆشخانەی جێ هێشت.

لە ماڵەوەش نەیدەتوانی بێئیش دابنیشێ. بە داردەستەکەی بەرەو دوکانی بەڕێ دەکەوت، دەرگای دەکردەوە، کورسییەکی دادەنا، لەپشت پەنجەرە دادەنیشت و هەوڵی دەدا کار بکا. لەدوای نیوەڕۆشدا بە پیاسە دەچووە لای گۆڕستان و دەچووە سەر گۆڕی جەوادی خوشکەزای دادەنیشت. لەوێوە سەیری کێوی زافەرانی دەکرد، کە ئێوارەش دادەهات دەگەڕایەوە ماڵێ، تیناش بانگی دەکرد، ”ئەوە لەکوێ بووی؟ باشە چی بکەم ئەگەر جارێکی دیکە بەر بوویەوە؟“

ئەویش دەهاتەوە ژوورێ، دەستی دەدایە قەڵەمێک و دیسان دەکەوتە سەر ڕۆژژمێرەکەی و قەڵەمەکەی لەسەر دەخشاند. پاشان ڕۆژەکانی دەژماردن تا نۆرەی سەردانکردنی زەنگۆڵە لە زینداندا دەهات.

لە ڕۆژانی دیداری زیندانیشدا، هەر لە بەرەبەیانەوە دەستی دەدایە گۆپاڵەکەی و بە پێ و بەتەنیا بەرەو زیندانەکە دەکەوتە ڕێ، کە دە کیلۆمەتر لە دەرەوەی شارەکەدا هەڵکەوتبوو.

زۆر جاریش تینا لێی دووپات دەکردەوە، ”وا مەکە. ئەم کارە بۆخۆت باش نییە. باشە بۆچی لەگەڵ من بە پاس نایەی بۆ سەردانەکە؟“

ئەکبەر گوێی پێ نەدەدا، ”بەم جۆرە هەست دەکەم باشترم. هێدی دەڕۆم، پێویست ناکا خەمم لێ بخۆی. لە


هەواڵنامەی کتێب

ڕێگاشدا پشوو دەدەم."

لەلای زیندانەکەش، ئەو دەچێتە چایخانەکەی لای مەیدانەکە، تا ئەو کاتەی پاسی سەردانکەران دێت و خەڵک لێی دادەبەزن. ئەوسا کە چاوی بە تینا دەکەوێ، لە کۆتاییدا لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ و بەرەو لای دەڕوا.

هەموو جارێک کە ئەکبەر سەردانی زەنگۆڵە دەکا، تۆپەبەنێکی بۆ دەبا کە خۆی ڕەنگی کردووە. ئەویش بلوز، دەستەوانە و گۆرەویی گەرمی لە زیندانەکەدا لێ دروست دەکا. تیناش لەگەڵ خۆی میوەی تازە و چاویلکەی بۆ دەبا، چونکە چاوەکانی لەو تاریکییەی زینداندا باش نەبوون. لە دوایین جاریشدا داوای کاکڵەگوێز و لەتکەهەنجیری وشککراوی کرد.

"باشە ئەو شتانەت بۆچی دەوێن؟" تینا وای لێ پرسی، "خۆ ئەگەر زۆر نەجووڵێی نابێ زۆر کاکڵەگوێز بخۆی."

"دایکە، خەم مەخۆ. من نایانخۆم."

بەم جۆرە مانگەکان هاتن و تێپەڕین، ساڵیشی بەدوای خۆیدا هێنا. دیواری بەرلین ڕووخا، ئیسماعیل گەیشتە هۆڵەندا. ئەوماڵێکی لە پۆلدەر دەست کەوت. ئەو شوێنەی کە دەیتوانی لەپشت جامی پەنجەرەکەی بڕوانێتە ڕابردووی.

ئەوانە ساڵانێکی سەخت بوون، بەڵام لە هەڵاتن پەشیمان نەبووەوە، هەروەها لەوەش پەشیمان نەبووەوە، کە ئەو ڕێگا سیاسییەی هەڵی بژاردبوو دواتر بەو سەرەنجامەی گەیاند، ئەو زۆر شت فێر ببوو، زۆر ئەزموونی پەیدا کردبوو، تەنانەت زۆریش ژیا، لێ لەبەر ئەوەی زەنگۆڵە لە کونجی زیندان


هەواڵنامەی کتێب

ئاخنرابوو، زۆری ئازار دەچێشت و نائاسوودەی کردبوو، وێڕای ئەمەش لە ناخەوە هەستی بە خۆبەخەتابارزانین دەکرد.

وەرزەکە زستان بوو. لەگەڵ گەردەی بەیانیدا ئەکبەر دەستی دەدایە گۆپاڵەکەی و لە ماڵ دەچووە دەر، بەرەو زیندان کەوتە ڕێ.

لە بەهار و هاوینانیشدا لە ڕێگادا تووشی ژن و پیاوە جووتیارەکان دەبووەوە، کە بەرەو سەرزەوییەکانیان دەڕۆیشتن.

"ئاغا ئەکبەر. ئەرێ چۆنی باشی؟" بەئاماژە وایان پێ دەگوت.

"باشترم."

"ئەدی کیژەکەت؟"

"باشە، ئەو جووتە دەستەوانەیەک و کڵاوێکی بۆ زستان بۆ چنیووم. تەنانەت لەوێ مافووریش دەچنێ. ئەو دەڵێ لەسەر مافوورەکە دادەنیشم، بەڵکو پێی بفڕم و لە زیندان دەر بچم." ئەم ئاماژانەی بەپێکەنینەوە دەر دەبڕی، "دوورفڕین" دووبارە ئەم ئاماژەیەی دووبارە کردەوە و کۆمی گۆپاڵەکەشی لە هەوادا با دەدا. ئیدی لای ئەوان دانیشت، پیاڵەچایەکی خواردەوە، هەندێک پشووی دەدا، ئینجا هەڵدەستا و دیسان کەوتەوە ڕێ.

بەڵام لە زستاندا بارودۆخەکە سەختر بوو. ئەو دەبووایە بەردەوام بە پێ بڕوا، نەوەستێ، دەنا سەرمای دەبوو، بەڵام خۆ ئەوەش هەر کێشە نەبوو، ئەو لەنێو هزرەکانی خۆیدا


هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ زەنگۆڵەدا دەدوا، بەم جۆرە هەستی بە ساردیی پێیەکانی نەدەکرد.

لەم دواییانەدا هەستی کرد زەنگۆڵە لە زینداندا گەورەتر بووە. بینی کوریشک[1] پەڕیونەتە سەر دەموچاوی، هەروەها ڕەفتارەکەشی گۆڕاوە. ئەو بەخۆی بینی، لە کاتی ڕۆیشتنیدا هەندێ کووڕ بۆتەوە.

لەوانەیە لەمەدا بەهەڵەدا چووبێ، ئەو کووڕ نەڕوا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە تینای گوت، "بینیم زەنگۆڵە لە کاتی ڕۆیشتندا هەندێ کووڕە، ئەرێ تۆش سەرنجت دا؟"

"نەخێر، من سەرنجم نەدا، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆرە لە زینداندایە. ئەوان ناتوانن لەچاوە زیندانەکانیاندا زۆر بجووڵێن. چوار-پێنج کیژ لە یەک ژوور ئاخنراون... ئەگەر ئازاد بکرێن، دەبێ زۆر بە پێ بڕۆن. ئەوسا قیت دەبنەوە."

"ئەرێ کەی ئازاد دەکرێ؟"

"ئەکبەر، نازانم ئەوە کەی دەبێ، ئەوان پێمان ناڵێن، لەوانەیە بەو زووانە، لەوانەشە درێژە بکێشێ."

"مەبەستت چییە جارێ بەر نەبن؟"

"دەی ئەکبەر، تۆ و خودات وازم لێ بێنە، من چۆن بزانم؟ لەوانەیە ئەوەندە درێژە بکێشێ، ئیدی نەتوانم بە پێیانیش بڕۆم."

ئەم وەڵامە خەمباری کرد.

بەدەم ڕۆیشتنەوە ئەکبەر بیری لە وەڵامەکەی تینا کردەوە، تینا گوتی، ماوەیەکی درێژ، ئەوەندە درێژ ئیدی

---

١ کوریشک: چرچولۆچی.



هەواڵنامەی کتێب

لەوانەیە تینا نەتوانێ بە پێ بڕوا. لەوانەیە ئەوکات من مردبم. پرچی زەنگۆڵەش لە زینداندا سپی دەبێ. بەڵام خۆ زەنگۆڵە زیرەک و بەهێزە، دەکرێ بەرگەی ئەو هەموو ساڵانە بگرێ. ئەگەر ئازادیش کرا، دەکرێ ماوەیەکی زۆر بژیێ، کار بکا و لەوانەشە شوو بکا و منداڵی ببن. ئاخر ئەو کتێبی زۆری خوێندوونەتەوە، دەتوانێ خۆی دەرباز بکا.

تینا دەڵێ نابێ من ئەوەندە خەم بخۆم، گوایە هەموو شتێک باش دەبێ. دەڵێ، ئەگەر من زۆر خەم بخۆم، ئەوا جارێکی دیکە دەکەوم و لەوانەیە هەڵیش نەستمەوە و بمرم. خۆ ئەگەر مردیشم، ئەوا ناتوانم سەردانی زەنگۆڵە بکەم، ئیدی ئەویش بەتەنیا لە زیندانەکەیدا بۆم دەگریێ.

تینا دەڵێ، ئەگەر من مردم، هەڵبەتە ئیسماعیلیش نابینمەوە.

خۆ ئەگەر دواتر زەنگۆڵە ئازاد بکرێ، لەوانەیە بەیەکەوە بتوانین سەرێکی ئیسماعیل بدەین. "ئێمە دەفڕین." تینا وا دەڵێ. کێ دەزانێ، بەڵکو هەرسێکمان بەیەکەوە سەردانی ئیسماعیل بکەین. ئەرێ بەڕاست ئیسماعیل لەکوێ دەژی؟ تینا دەڵێ، ئەو لە وڵاتێکدا دەژی کە هیچ شاخوداخی لێ نییە و ئاسمانەکەشی هەمیشە هەر سەربەهەورە. لەوێ با بەبەردەوامی هەڵدەکا. ئیسماعیلیش لە بندینی[1] دەریادا دەژی.

"لە بندینی دەریادا دەژی؟ لە دەریا؟"

"بەڵێ،" تینا وای پێ گوت. "خەڵک دەریاکەیان بەرەو پشتەوە پاڵ ناوە. لەوێ لە بندینی دەریاکەدا داریان چاندووە و مانگاش بەخێو دەکەن. ئیسماعیلیش لەوێ دەژی، بەڵام من هیچی لێ تێناگەم."

---

١ بندین: بنی بنەوەی زەریا.



هەواڵنامەی کتێب

زەنگۆڵە لەچاو ئیسماعیل شتێکی دیکەیە، ئەو لە براکەی ئارامگرترە، بەحەوسەڵەوە شتەکانی بۆ ڕوون دەکردمەوە.

ئیسماعیل بەردەوام دەربارەی شتە مەزنەکان دەدوا، دەربارەی هەوا، ئەستێرەکان، دەربارەی زەوی و مانگ، هەرچی زەنگۆڵە بوو، هەمیشە هەر باسی شتە بچووکەکانی بۆ دەکردم.

جارێکیان زەنگۆڵە بەردێکی بچووکی لەسەر زەوی هەڵگرتەوە. ئینجا گوتی، "شتگەلێک لەنێو ئەو بەردۆکەدا هەن، دەجووڵێن."

"جووڵە لەنێو بەردۆکە؟"

ئەو پێی ڕاگەیاندم، کە شتگەلێک لەنێو بەردۆکەدا هەن، دەخولێنەوە، هەر وەک چۆن زەوی بەدەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە.

"هیچی لێ تێناگەم،" منیش گوتم، "شتی وا نابێ. بەرد هەر بەردە. ئەگەر من بە چەکوچێکەوە لێم دا، هیچی لەنێودا نابینی. نە زەوی و نە ڕۆژ و نە هیچ."

زەنگۆڵە چەکوچێکی دامە دەست، منیش بەردەکەم پێ شکاند، "دەیبینی، هیچ ڕۆژی لەنێودا نییە."

ئەویش گوتی، "دەی وردتری بشکێنە."

منیش وام کرد. هێشتا وردترم کرد، وردتر و وردتر، هێشتاش وردتر. بەردەکەم ئەوەندە کوتا، تا هاڕیم و وەک دەنکە لمی لێ هات.

زەنگۆڵەش گوتی، "ڕۆژۆکە لەنێو ئەو دەنکە لمەدایە."

منیش بەدەنگ پێکەنیم.

کیژەکەم زیرەکە. ئەو شتەکان لەنێو کتێبان دەر دەهێنێ.



هەواڵنامەی کتێب

جارێکیان گوێی خستە سەر لای چەپەی سینگم و گوتی، "بوم، بوم، بوم."

"مەبەستت لە بوم، بوم، بوم چییە؟" وام لێ پرسی.

"لیرە، لەژێر پەراسووەکانتدا ماتۆڕێک هەیە." وای ئاماژە بۆ کردم.

"ماتۆڕ؟"

من دەبووایە پێبکەنم، بەڵام ئەو کتێبێکی لێک کردەوە ماتۆڕەکەی ژێر پەراسووەکانی نیشان دام، هەر بوم بوم، بومە بوومی بوو.

ئەکبەر بەرەو زیندانەکە ڕۆیشت، کە لەسەر گردێک ڕۆ نرابوو. کاتێک گەیشتە لای گۆڕەپانی بەردەم زیندانەکە، ڕۆژ هەڵهات. ئەو هێشتا کاتی بە دەستەوە مابوو، ئیدی چووە چایخانەکەی ئەوێ چاوەڕێی تینا بوو. چایچییەکەش پیاڵەچایەکی لە بەردەم دانا و لێشی پرسی ئاخۆ شتێکی لەگەڵدا دەخوا؟

ئەویش بەئاماژە، "نان و پەنیر."

ئەو لە جامی پەنجەرەکەوە سەیری شاخە بەبەفەرداپۆشراوەکان و زیندانی کرد، سەیری پەنجەرە بچکۆلانەکانی زیندانی کرد. بیری کردەوە، خۆ زەنگۆڵە لە یەکێ لەو ژوورانە بەند کراوە. ئەویش دەزانێ، من لێرە لە چایخانەکەدا چاوەڕێ دەکەم. کاتێکیش وادەی دیدەنییەکە هات لێم دەپرسێ، "ئەرێ باوکە، چۆنی، باشی؟ دیسان بە پێ هاتی؟ جارێکی دیکە وا مەکە. ئاخر ئەژنۆکانت ئازاریان پێ دەگا. خۆ دەکرێ بە پاس بێیت."



هەواڵنامەی کتێب

”ئاخر حەز بە پاس ناکەم. بە هۆی بۆنی بەنزینەکەیان ناتوانم باش بیر بکەمەوە، بەڵام کاتێ بە پێ بێم، دەکرێ زۆر باش بیر بکەمەوە.“

ئەکبەر زۆر بەوە سەخڵەت دەبێ، لە کاتی دیدەنییەکدا هەیتەیەک دێت و لە پاڵ زەنگۆڵە دەوەستێ، تا چاودێریی هەموو شتێک بکا، بەڵام تینا پێی دەڵێ، نابێ خۆی بە هەیتەکەوە خەریک بکا. ئەو دەبێ وا ڕەفتار بکا وەک ئەوەی هەیتەکە هەر لەوێ نەبێ، ئەکبەریش ئەوەی پێ نەدەکرا.

جارێکیان ئاماژەی بۆ هەیتەکە کرد، ”ئەرێ دەکرێ هەندێ بچیتە ئەولا؟“

تیناش دەستبەجێ سەردەستەی ئەکبەری ڕاکێشا، ”بێدەنگ بە! دەنا لێمان ناگەڕێن چاومان بە زەنگۆڵەش بکەوێتەوە.“ کاتی سەردانیکردنەکە زۆر کورت بوو، هەر وات دەکرد دەبڕایەوە. تینا دەیگوت، ”دادەداد مەکە، بەم شێوەش بێ، هەر باشە.“

پاسەکە بە بەردەم چایخانەکەدا دەهات و لای گەراجەکە دەوەستا. سەردانکەرانیشی یەک لەدوای یەک لێی دادەبەزین.

ئەو تینای بینی، کە میوەی تەڕوتازەی بۆ زەنگۆڵە کڕیبوو. تینا بەزەحمەت ڕێی دەکرد، ئەو بۆ یەکەمین جار بوو تێبینیی کرد. بەڕای ئەکبەر، تینا پیر ببوو.

سەردانکردنی زیندانییانی سیاسی تەنیا بۆ دایک و باوکەکان ڕێگەپێدراو بوو. ئەوان بەیەکەوە بە دەروازەکەدا دەچوونە نێو هۆڵەکە، لەوێوە لەپشت سووچەکەوە لەپشت شیشەبەندییەکەوە دەیانتوانی لەگەڵ ڕۆڵە زیندانکراوەکانیان بدوێن. لە دووری مەترێک و نیوەوە لەپشت شیشەبەندەکە



هەواڵنامەی کتێب

دەبوو بوەستابان. لەبەر ئەوەی هەمووان لە یەک کاتدا قسەیان دەکرد، دەبووایە دەنگت بەرز کردبایەوە، تا تێگەیشتبای.

دەبووا خێرا بای، چونکە وادەی چاوپێکەوتنەوکە خێرا تێدەپەڕی و بەشی هەموو قسەکانتی نەدەکرد، ئیدی دەبووایە باقیی قسەکانت لە قوڕگتدا گیر دابایە و بۆ مانگێکی دیکەت هەڵبگرتبایە.

هەندێک جار، دایکێکی کۆڵەوار لەو کەشە پڕ لە دەنگەدەنگەدا لەپڕ هاواری دەکرد، ئیدی دەستبەجێ بێدەنگی باڵی بەسەردا دەکێشان. هەمووان دەیانزانی ئەگەر زیندانییەک لە کاتی خۆی نەهێندرابایە دیدەنییەکە، لەسێدارە درابوو. ئەوسا ساتی دیدارەکە دەبووە ژان و ناسۆر بۆ دایبابەکان، ئاخر ئەوان سەدان جار خۆیان بە قوربانی کچ و کوڕەکانیان دەکرد، بەر لەوەی ڕۆڵەکانیان لەپشت شیشەبەندییەکەدا دەر بکەن. تۆ بڵێی ئەو ئەمڕۆ بێتە بەر شیشەبەندەکە؟ تۆ بڵێی ئەمڕۆ کچەکەمان نیشان بدەن؟

ئەکبەر هیچی لەبارەی هەرا و ترسی دایبابەکان نەدەزانی، تینا لەبریی ئەو ترسەکەی هەڵدەگرت، بەڵام هەر خودی تیناش تا زەنگۆڵە بەدەر دەکەوت، وەک مۆم دەتوایەوە.

دەرگەی ناوەوەی زیندانەکە کرایەوە. پاسەوانەکان تا لای شیشەبەندەکە ڕێنوێنیی زیندانییەکانیان کرد، بەڵام خۆ زەنگۆڵە دیار نەبوو، شوێنەکەی لەودیو شیشەبەندەکەدا بەتاڵ بوو. تینا ویستی بقیژێنێ، بەڵام نەیوێرا وا بکا. ئەکبەریش ئەو سەبەتەمیوەی دەستی تینای بینی لەرزی. تینا بەلادا



هەواڵنامەی کتێب

کـەوت، ئەکبەریـش چـووە لای.

دوو لـە هەیتەژنـەکان هاتـن و خۆیـان لـە بنهەنگڵـی تینـا ڕاکـرد، لـەدوای خۆیـان تـا دەرگای دەرەوەیـان خشـاند. یەکـەم جـار ئەکبـەر لەگەڵـی چـوو، پاشـان بەخێرایـی گەڕایـەوە.

"ئـەرێ کیژەکـەم لەکوێیـە؟" بەئامـاژە وای لـە هەیتەکـەی پشـت شیشـەبەندەکە گەیاند، ئەویش هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

"زەنگۆڵـە، کیژەکـەی مـن،" بەخێراییـیـەوە ئاماژەی کـردەوە، لـەو کاتـەی ئـەو بەپەشـێوی سـەیری هەیتەکانی دەکرد، تینایان تـا دەروازەی دەرەوە بردبوو.

هەیتەکـەش وا ڕەفتـاری نوانـد وەک ئـەوەی نـە بـای دیبـێ نـە بـاران.

کاتـی دیدەنییەکـە تـەواو بـوو، پاسـەوانەکان دایبابەکانیـان لـەوێ دەر کـردن.

"دەی تـۆش! لـەوێ بـڕۆ!" هەیتەکـە وای ئامـاژە بـۆ ئەکبـەر کـرد.

"ئاخر من هێشتا کچەکەم نەبینیووە."

"دەی لێرە بـڕۆ دەرێ!" هەیتەکـە وای هـاوار بەسـەردا کـرد و ئامـاژەی بـۆ دەرگای دەرێـش کـرد.

ئەکبـەر ویسـتی نـەڕوا. هەیتەکـە هـات و باسـکی گـرت، "پێـت دەڵێـم، لێـرە بـڕۆ!"

ئەکبـەر تونـد دەسـتی بـە شیشـەبەندەکەوە گرتبـوو و بـە دەنگـەوە هـاواری کـرد، "زززززەن گگگگگگـۆۆۆۆۆ ڵڵڵڵڵڵڵڵەەەککەەەەمممممممـم!"

سـێ لـە پاسـەوانەکان هاتـن و بـەزۆری پاڵیـان پێـوە نـا و تـا دەرەوە ڕایـان کێشـا. لـە مـاوەی چاونووقانێکدا دەسـتی دایـە


هەواڵنامەی کتێب

گۆپاڵەکەی، ویستی تا هێزی تێدایە لە سەری پاسەوانەکان بدا، بەڵام لە هیکەوە بەبیری هاتەوە، تینا چیی پێ گوتبوو، "تووڕە مەبە. هەڵمەچوو. هیچ بە هەیتەکان مەڵێ. هیچ مەکە! هەرگیز لە هەیتەیەک نەدەی. دەنا ئەوان زەنگۆڵە دەکوژن."
ئەکبەر گۆپاڵەکەی دانایەوە، بەخەندەوە ئاماژەی بۆ کردن، "باشە، بەگوێتان دەکەم، وا دەڕۆم."

لە دەرەوە دایبابەکانی دیکە چاوەڕێی بوون ئیدی بەپەلەپڕوزێ دەوریان دا.
"ئینجا؟ کیژەکەی خۆت بینی؟"
"نەخێر! ئەوان تا دەرێ پاڵیان پێوە نام." وا ئاماژەی بۆ کردن.
"قەباحەت، ئەوانە مرۆڤ نین، ئەوانە دڕندەن." یەکێ لە دایکەکان بەمنگەمنگەوە وای گوت.
"ژنەکەم لەکوێیە؟"
"ئەویان گەیاندەوە ماڵ." پیاوێک بەئاماژە وەڵامی دایەوە.
"پێویست ناکا خەمی لێ بخۆی. ژنان ئەویان بردەوە ماڵ."
ئەکبەر نەیدەزانی ئێستا چی بکا. هەمووان سرتەی ئەوەیان بوو، لەوانەیە زەنگۆڵە لەسێدارە درابێ.
"خۆ ئەگەر ئەو لەسێدارە درابێ، بە خانەوادەکەی دەڵێن." یەکێ لە دایکەکان بەنەرمییەکەوە وای گوت.
"ئەوان لەوە ڕووقاییمترن کە بۆی چووی،" دایکێکی دیکە بوو هەڵی دایێ، "ئەوان دەیانەوێ بەباشی بتخەنە سەر ئەژنۆ، ئەوسا پێت دەڵێن کە ڕۆڵەکەتیان کوشتووە."



هەواڵنامەی کتێب

"ئەرێ دەزانی،" دایکێکی دیکە بەسرتەوە گوتی، "لەنێو پاسدا گوێم لێ بوو، گوایە پاسەوانەکان هەموو شەوەکەی لەگەڵ سەگی پۆلیس و لایتی دەستی لەنێو شاخەکاندا بەدوای زیندانییە هەڵاتووەکان دەگەڕان."

"زیندانیی هەڵاتوو؟"

"سێ لەوان ڕایان کردووە."

"لە زیندانی مەلاکان؟ ئەرێ چییە شێت بووی؟"

"منیش وام گوێ لێ بوو،" یەکێ لە پیاوەکان بەئەسپاییەوە وای گوت. "لە چایخانەکە خەڵک هەر ئەو باسەیان بوو."

دایکەکان دەموچاویان بە چارشێوەکەیان داپۆشی و پۆل پۆل لەگەڵ یەک سەرگەرمی قسان بوون.

ئەکبەر بەتەنیا مابووەوە.

دوو لە جێبەکان بە پاسەوانی چەکدار و سەگەکانیان بەسەر گردەوە هاتنە گۆڕەپانەکە.

"دەی بڕۆن!" یەکێ لە پاسەوانەکان هاواری کرد. "دەی بۆ ماڵێ!"

دایکەکانیش خێرا خۆیان گەیاندە شوێنی پاسەکە، ئەو شوێنەی باوکەکان لێی چاوەڕوان بوون.

پاسەکە کەوتە گەڕ و دیسان مەیدانەکە چۆڵ بووەوە. بایەکی بڕندە لە چیاکانەوە هەڵی کرد و گەیشتە مەیدانەکە. ئەکبەر هەر لە وێستگەی پاسەکەدا وەستا بوو، چاوەڕێی مەلای زیندانەکەی دەکرد. خواخوای بوو بەڵکو بێتە دەر.

ئەکبەر ویستی بەرەو لای مەلایەکە بڕوا، دەستەکانی توند بگوشێ و ماچیان بکا و لێی بپاڕێتەوە، "ئاخر زەنگۆڵەکەم



هەواڵنامەی کتێب

دیار نەکەوت. ژنەکەشم لەتاوان کەوتۆتە خوار، بەڵکو تۆ بزانی...؟"

دەرگەی زیندانەکە کرایەوە. ژنێکی پاسەوان، کە چارشێوی لە خۆی دابوو، هاتە دەر. ژنەکە دەیویست بچێتەوە ماڵێ، بۆیە هاتە وێستگەی پاسەکە، کە ئاغا ئەکبەری لێ وەستابوو.

ئەکبەریش تەماشایەکی کرد و ناسییەوە. ژنەکە کیژی یەکێ لە مەعمیلەکانی خۆی بوو، ئیدی سەری بۆ نەوی کرد و سڵاوێکی لێ کرد. ژنەکەش وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە.

بەدوودڵیی بەئاماژە گوتی، "کیژەکەم، ئەمڕۆ بەدەر نەکەوت."

ژنەکەش مەودایەک لێی دوور کەوتەوە و سەیری زیندانەکەی کرد.

ئەکبەر بەئاماژە، "ژنەکەم کەوت. منیش لە هەیتەکەم پرسی ئاخۆ زەنگۆڵە لەکوێیە، بەڵام..."

ژنەکە بەپەرێشانییەوە سەیری دەروازەی زیندانەکەی کرد، ئینجا ئاوڕی لە چایخانەکە دایەوە.

"کیژەکەت هەڵاتووە!" ژنەکە لەبن چارشێوەکەیەوە ئاماژەی بۆ کرد.

"ڕۆیشت؟" ئەکبەر بەحەپەساوییەوە ئاماژەی بۆ کردەوە.

"بەرەو شاخەکان." ژنەکە بەئاماژە وای پێ گوتەوە و بەپەلەش بەرەو ئەو پاسە ڕۆیشت کە نزیک دەبووەوە.



هەواڵنامەی کتێب

# شوێنپێ

سەختە سۆراغی ئەوە بزانی ئاخۆ ئەوانە
شوێنپێین یان جێسمی ئاژەڵانن.

دنیا تاریک داهاتبوو، ماڵی ئەکبەریش جەنجاڵ بوو. دراوسێکان ڕژابوونە ماڵیان. هەموو هاتبوونە سەر ئەو بڕوایە، کە زەنگۆڵە یەکێ لە زیندانییە ڕاکردووەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سەلماندێک لەئارادا نەبوو.

خەڵک باسی ئەوەی دەکرد، گوایە زەنگۆڵە چەند مانگێک بەر لە ئێستا ئامادەکاریی بۆ هەڵاتن کردووە، هەر لە تۆپە بەنەکانی ئەکبەرەوە جلی گەرمی بۆخۆی ڕستوون و گوێزەکانیشی هەڵگرتوون. بەڵام ئەمەش هەر مایەی بڕواپێکردن نەبوو.

تینا هەدادانی نەمابوو، دروسێ و پیاوانی خانەوادەکە لە دەوروخولی وەستابوون. هەردوو کیژەکانی، ئەنسی و مەرزی هەوڵیان دەدا دڵی بدەنەوە.

"تینا، خۆ نابێ کارێکی وا بکەی، وەک ئەوەی زەنگۆڵە مردبێ." ئەمە قسەی ئەنسی بوو کە پێی گوت، "هەستەکانم


هەواڵنامەی کتێب

پێم دەڵێن ئەو ماوە، لەوانەیە هەنووکە گەیشتبێتە لووتکەی کێوی زافەران."

"ڕاکردن؟ سەرکەوتنە سەر دوندی کێوی زافەران؟" تینا شینی دەگێڕا. "ئەمە نابێ. من کیژی خۆم دەناسم. ئەرێ کەسێک هەیە سەیر بکا، کەسێک هەیە بپرسێ ئاخۆ چیی بەسەر هاتووە؟"

"تینا، دەکرێ ڕابکا" ئەم جارە مەرزی بوو پێی گوت، "هەمووان ئەوە دەزانن، کە پاسەوانەکان هەموو ڕۆژەکەی هەر لەو شاخانەدا گەڕاون. دەی خۆت ئەوەندە سەخڵەت و پەرێشان مەکە، تەنانەت خۆ ئەگەر ئەو..."

"دەمت داخە." لە کاتێکدا تینا گوێیەکانی گرتن، وای هاوار بەسەردا کرد.

ئیدی بێدەنگییەک باڵی بەسەردا کێشان. تینا پەی بەوە برد ئەکبەر نەهاتۆتەوە ماڵ.

"ئەرێ هێشتا ئەکبەر لە زیندانەکە نەگەڕاوەتەوە؟"

"ئەو دێتەوە. لەوانەیە چووبێتە دوکانەکەی."

دراوسێکان لەگەڵ یەک قسەیان دەکرد.

"ئەرێ لەوە تێدەگەی هەڵاتن لە زیندان واتای چی دەگەیەنێ؟"

"خواخوامە پاسەوانەکان هیچیان بۆ گرتنەوە دەست نەکەوێ."

"من ئەوە لە خۆم دەپرسم، تۆ بڵێی ئەوان لەسەر شاخەکە، بەو سەرمایە بەرگە بگرن، ئاخر زەنگۆڵە هیچ ئەزموونێکی شاخەوانی نییە."

"کێ وا دەڵێ؟ ئەو ژنێکی بەهێزە! پێم وا بێ دەستێک


هەواڵنامەی کتێب

لەپشتیانە، خۆ ئەوان شێت نین سەربەخۆ ملی شاخ بگرن، لەوانەیە لە دەرەوەی زیندانەکە، ترومبێلێک چاوەڕوانیان بێ.“

”خەڵک دەڵێ، زەنگۆڵە چارشێویکی ڕەشی لە خۆ داوە، ئاساییانە بەرەو دەروازەی زیندانەکە ڕۆیشتووە و لەوێشەوە بزر بووە.“

”ئاخر ئەمە نابێ.“

”بۆ نابێ؟ خۆ لەخۆڕا نییە، دەگوترێ ئەو مافوورێکی چنیوە کە ویستوویەتی پێی بفڕێ.“

”هەر کاتێ بیری لێ دەکەمەوە دڵم دەلەرزێ.“

”مەرزی! ئەنسی... ئەرێ بولفەزڵ و ئاتری[١] لەکوێن؟“ تینا وای بانگ کرد. ”کێ دەچی بزانێ ئاخۆ باوکت گەڕاوتەوە؟“

چایەکە دێم بوو، ژنێکی دراوسێ مەنجەڵێک سووپی لێنابوو، ژنە دراوسێکەی دیکە چای بۆ هەموو ئامادەبووان تێ کرد و لەسەر خوانچەیەک[٢] چایەکەی گێڕا، مەرزیش چارشێوەکەی لەخۆی دا، چووە دەرەوە بزانێ باوکی لە دوکانە یان نا.

پاشان بولفەزڵ و ئاتری، مێردەکانی مەرزی و ئەنسی گەڕانەوە. ئەوان چووبوونە لای مەلای شارەکە، تا زیاتر لە باسوخواسەکە بزانن.

دوای ئەوەی تینا هاتەوە سەرخۆی، پرسی، ”ئینجا؟“

”هیچ شتێک،“ بولفەزل هاتە وەڵام، ”وەک ئەوە وایە هەموو دەرگاکانی دنیا داخرابن. دەستمان بە هیچ کەسێک ڕاناگا.“

”فەرموو، پیاڵەیەک چا،“ ئەنسی وای پێ گوت، ”ئێمە

---

1 Bolfazl ،Atri

٢ خوانچە: سینی، مەجمە.



هەواڵنامەی کتێب

دەبێ چاوەڕێ بین. بژاردەی دیکەمان لە بەردەستدا نییە."

لەوێ دەمێ دەرگاکە کرایەوە. مەرزی هاتەوە ژوور و پێی ڕاگەیاندن هێشتا ئەکبەر نەگەڕاوەتەوە.

تینا هاواری کرد، "ئای خوایە، هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟"

تینا دەستی دایە چارشێوەکەی، "دەڕۆم بەدوایدا دەگەڕێم و سۆراخی دەکەم، دەترسم جارێکی دیکە کەوتبێ. بولفەزل، ئاتری لەگەڵم دێن؟"

"تینا تۆ دانیشە!" ئەنسی وای پێ گوت، "وا لە خۆت مەکە. پیاوەکان بۆ سەروسۆراخکردن بەدوایدا دەڕۆن."

"دەیبینی؟" تینا هاواری کردەوە، "سەدان جار پێم گوتووە دەبێ بە سواری پاس بێ و بڕوا. خۆ ئەو هەر گوێ ناگرێ."

"کێ ناڵێ لای نەداوەتە لای کەسێک، تا دەردەدڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ." ئەنسی وای بە دایکی گوتەوە، "دەی با جارێ زەنگ بۆ چەند خزمێک لێ بدەین. خۆ ئەگەر لەوێ نەبوو، ئینجا با پیاوەکان بەدوایدا بگەڕێن. دەی دانیشەوە، هەموو شتێک باش دەبێ."

سێ پیاو، هەردوو زاواکەی تینا و دراوسێکەیان، قەمسەڵە ئەستوورەکانیان بە شانەکانیان هەڵکێشا و دەستیان دایە لایتی دەستی و بەو تاریکییە چوونە دەر لە ئەکبەر بگەڕێن.

ئەوان بە ئاراستەی زیندانەکە ڕۆیشتن و سەیری دەوروبەری ڕێگاکەشیان دەکرد، ئاخۆ لەسەر بەستەڵەکەکە نەکەوتووە. هەرکەسێکیشیان ڕووبەڕوو دەهات، پرسیاری ئەکبەریان لێ دەکرد.

"ئەرێ زەحمەت نەبێ، هەر بەڕێکەوت ئاغا ئەکبەرت



هەواڵنامەی کتێب

نەبینیـوە؟“

”ئاغا ئەکبەر؟“

”بەڵێ، مافوورچنە کەڕەکە.“

”ئەکبەر کە بەردەوام بەرەو زیندانەکە بە پێ دەڕۆیشت؟“

”کتومت.“

”من زۆر جار بینیومە، بەڵام ئەمڕۆ نەمبینیوە.“

ئەوانیش دوای ئەم وەڵامە، لەسەر گەڕان و سووڕانەکەیان بەردەوام دەبوون، تا گەیشتنە پیرەجووتیارێک، کە عەرەبانەیەکی پڕ داری وشکی لەسەر بەفرەکە پاڵ دەدا.

”سەلامون عەلەیکوم.“

”شەوباش، ئەرێ ئێوە بەو سەرمایە لێرە چی دەکەن؟“

”ئێمە بەدوای ئەکبەر، بەدوای مافوورچنەکەدا دەگەڕێین.“

”ئۆو، ئەو پیاوەی بە خۆی و گۆپاڵەکەی بەرەو...“

”بەڵێ. ئەرێ ئەمڕۆ ئەوت بینیوە؟“

”نەخێر. ئەمڕۆ هەموو ڕۆژەکەی من هەر لە ماڵ دانیشتبووم.“

لە دوورەوە پاسی گوندیان بینی لە شاخەکان دەهاتەوە، ئەوان لایتەکانیان بەرز کردەوە، پاسەکەش بەوریایی لای دا و وەستا.

شوفێرەکە لە جامی پەنجەرەکە بانگی کردن، ”ئەرێ دەتانەوێ سوار بن؟“

”نەخێر. ئێمە بەدوای ئاغا ئەکبەردا دەگەڕێین.“

”کامە ئاغا ئەکبەر؟“

”خۆ تۆ باش دەیناسی، مافوورچنەکە.“



هەواڵنامەی کتێب

”مەبەستت پیاوە کەڕەکەیە. ئەوەی کیژەکەی لە زینداندایە.“

”بەڵێ. ئەوت بینیوە؟“

”بەڵێ پێم وا بێ بینیوومە.“

”کەی؟ لەکوێ؟“

”نازانم. ئەم بەیانییە؟ ئەم دوای نیوەڕۆیە؟ دەوروبەری سەعات یازدە؟ یاخود سەعات دوازدە؟ نەخێر، زات ناکەم بەدروستی کاتەکەت پێ بڵێم. لەو بڕوایە دام کاتێ بەرەو سەروو لێم دەخوڕی، ئەوم بینی، بەڵام بەڵێ... لەکوێ؟“

شوفێرەکە ڕووی لە سەرنشینەکانی پاسەکەی کرد، ”ئەرێ کەس لە ئێوە، ئەمڕۆ پیاوە کەڕولاڵە مافوورچنەکەی بینیووە؟ نەخێر؟ کەس؟“

پاسەکە بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت و ئەوانیش لەسەر لێگەڕانەکەی خۆیان بەردەوام بوون.

”هەر دەبێ شتێکی گرنگ ڕووی دابێ،“ پیاوە دراوسێکە بوو وای گوت، ”لەوانەیە پێویست بکا پۆلیس ئاگادار بکەینەوە.“

”کامە پۆلیس؟ پێت وایە پۆلیس بەهانامانەوە بێ؟“

”دەی با چەند کیلۆمەترێکی دیکەش بڕۆین.“ ئاتری بوو وای پێ گوتن، ”لەنزیک گوندەکە گەراجێک هەیە، لەوێ بەنزینخانەیەکیش هەیە. دەکرێ لەوێ سۆراخ بکەین. هەر دەبێ یەکێک بینیبێتی.“

بایەکی سارد لە شاخەکانەوە دەهات و بەفریشی لەگەڵ خۆی دەهێنا.

دراوسێکەیان بەدەم ڕێگەوە گوتی، ”من لەوە تێناگەم چۆن کەسێکی نەساغی وەک ئەکبەر، ئەو ڕێیە درێژەی بە



هەواڵنامەی کتێب

پێ بڕیوە.“
”ئەو پیاوێکی خورتە.“
”بەڵام خۆ ناساغە.“
”ئەو کاتێکی زۆری بەدەستەوە بوو، لەسەرخۆ دەڕۆیشت.“ بولفەزلیش وای پێ گوتنەوە. ”ئەو هەرگیز سواری تاکسی و پاس نەبووە. ڕاستە نەخۆشە، بەڵام هێشتا لە من بەهێزترە.“
”پێم وا بێ بەنزینخانەکە داخراوە.“ ئاتری گوتی، ”کەس لەسەر ئەم ڕێگا خلیسکاوییەدا ناڕوا.
وێڕای ئەوەش ئەوان هەر بەرەو بەنزینخانەکە ڕۆیشتن.
”لەوێ دەزگای تەلەفۆنێک هەیە.“ بولفەزڵ پێی گوتن، ”من زەنگ بۆ ماڵەوە لێدەدەم، بەڵکو گەڕابێتەوە.“
مەرزی دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.
”بولفەزڵت لەگەڵدایە، ئەرێ هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟ هەر بەڕاستی نەگەڕاوەتەوە؟ ئێمە هەموو شوێنێکی لێگەڕاین، بەڵام هێشتاش هەر لێی دەگەڕێین. هەر کاتێ دۆزیمانەوە، زەنگت بۆ لێدەدەمەوە.“

”خاوەنی بەنزینخانەکە لە گوندەکە دەژی،“ ئاتری بوو وای بە دوو کەسەکەی دیکە گوت، ”هەر دەبێ ئەو بینیبێتی. با بچینە لای و بپرسین.“
ئەوان بەرەو گوندەکە ڕۆیشتن. لەلای سەوزەفرۆشەکە پرسییان، بەڵکو ماڵی بەنزینفرۆشەکەیان نیشان بدا. سەوزەفرۆشەکەش پێی گوتن، ماڵی خاوەنی بەنزینخانەکە هەر دوو کۆڵان لەولاوەیە.  ماڵێکە کە دەرگایەکی ئاسنینی کەتەی هەیە، کە گەیشتنە ئەوێ زەنگەکە ئیشی نەدەکرد.


هەواڵنامەی کتێب

ئاتری  بە بەدرێک لە دەرگەکەی دا. سەگێک وەڕی.

ژنێک لەودیوە بانگی کرد، ”ئەوە کێیە؟“

”ببورە، کە ئێمە... ئەری....؟

دەرگاکە کرایەوە و بەنزینفرۆشەکە بە خۆی هاتە دەر.

”داوای لێبوردنت لێ دەکەین، بەو درەنگوەختە هەراسانت دەکەین.“ ئاتری بوو کەوتە قسەکردن، ”ئێمە بەدوای مافوورچنێکدا دەگەڕێین، هەمیشە بە خۆی و گۆچانەکەی بەرەو زیندانەکە دەڕۆیشت. ئەری دەیناسی؟“

”بەڵێ، ئینجا، ئاغا ئەکبەر. باشی دەناسم. ئەو جارێکیان مافوورێکی بۆ پینە کردم. هەرکاتێک بە بەردەرکەی گەراجەکەمدا بەرەو زیندانەکە ڕەت بێ، دەستێک هەڵدەبڕێ. چی بەسەر هاتووە؟“

”ئەمڕۆ چووبووە زیندانەکە، بەڵام تا ئێستا نەگەراوەتەوە. ئێمەش تەنگاو بووین، هەموو ڕێگاکەی بەدوایدا گەڕاین. گوتمان بەڵکو بینیبێتت؟“

”ئەم بەیانییە کاتێک لە گەراجەکە سەرقاڵ بووم، بینیم دەڕۆیشت، بەڵام ئاخۆ ئەو گەڕاوەتەوە... برۆ لای زیندانەکە و لە چایخانەی گۆڕەپانەکەی ئەوێ بپرسە، بەڵکو یەکێک بینیبێتی. ئەری ئێوە ترومبێلتان پێیە؟ نەخێر؟ ئاخر ئەوێ هەندێک دوورە. دەی کەمێک لەسەرم ڕاوەستن، دەچم ساقۆکەم دێنم.“

بەنزینفرۆشەکە جێبەکەی خۆی دەر هێنا و پیاوەکانیش سوار بوون.

”ئەکبەر پیاوێکی باشە.“ کابرا بەدەم لێخوڕینەوە درێژەی بە قسەکەی دا، ”هەمووان دەڵێن کە ئەو مایەی بەختە. ئەو



هەواڵنامەی کتێب

مافوورەکەمی بە شێوەیەک پینە کرد، هیچی پێوە دیار نەبوو، ئەو تووشی سەخڵەتی بووە. جیهان لەسەر سەر وەستاوە، ئاخر خۆ تۆ نابێ کیژۆڵەیەک بخزێنیتە کونجی زیندان. لەبەر ئەوە خوا سزای توندمان دەدا، تەنانەت شا بەخۆیشی زاتی نەدەکرد ئەو کارانە بکا. ئەو مەلایانە هەر ئەو شتانە دەکەن، کە دەیانەوێ."

چایخانەکە ڕووناک نەبوو، بەڵام بەنزینفرۆشەکە دەیزانی چایچییەکە لەکوێ دەژی، ئیدی بە ئاراستەی شاخەکان لێی خوڕی. دوای یەک-دوو کیلۆمەتر چرای کزی گوندەکە بینرا. لە مەیدانی دێیەکەدا ، لە بەردەم ماڵێک ترومبێلەکەی ڕاگرت.

"ئەرێ مەشهەدی... هۆ مەشهەدی، لە ماڵەوەی؟" لێخوڕەکە ڕووی دەمی لە ژووری نهۆمی یەکەم کرد، کە ڕووناکی لێوە دەهات.

چایچییەکە لەپشت پەنجەرەکە بەدیار کەوت و سەیری دەرەوەی کرد. ئەو جێبەکەی ناسییەوە و هاتە خوار.

"بەخێر بێن، فەرموون وەرنە ژوور، چیم بۆ ئێوە پێ دەکرێ؟"

"دەکرێ یارمەتیی ئەو پیاوانە بدەی؟" بەنزینفرۆشەکە وای لێ پرسی، "ئەوان بەدوای ئاغا ئەکبەردا دەگەڕێن، مافوورچنەکە، خۆشت دەزانی ئەو پیاوە کەڕەی بە گۆپاڵ دەڕۆیشت، کیژەکەی لە زیندانە."

"بەڵێ دەزانم مەبەستتان کێیە."

"ئەو هێشتا نەهاتۆتەوە ماڵێ. ئەو دڵی تەواو نییە، ئەوانیش دەترسن نەبادا لە ڕێگەدا کەوتبێ. هەموو شوێنێکیان پشکنیوە، بەڵکو بینیبێتت."



هەواڵنامەی کتێب

"بەدڵنیاییەوە، ئەو هەمیشە دێتە چایخانەکەم و چاوەڕێی ژنەکەی دەکا. ئەم سپێدەیەش لەلای من بەرچایی کرد. ئەو لەگەڵ ژنەکەی بەیەکەوە چوونە زیندانەکە، بەڵام دواتر؟ هیچی لێ نازانم. دەی با بیری لێ بکەمەوە... بەڵێ، من جارێکی دیکەش دوای بەسەرچوونی وادەی دیداری زیندانییەکان بینیمەوە، ئەو لەلای وێستگەی پاس لەگەڵ ژنێک وەستابوو، قسەی دەکرد."

بولفەزل گوتی، "پاشان؟"

"پاسەکە ڕۆیشت، بەڵام ئەکبەر هێشتا هەر لەوێ مابوو. ئەو سەیری شاخەکانی دەکرد. لەوە زیاتر نازانم."

بولفەزل پرسی، "تۆ بڵێی ئەو بۆ کوێ چووبێ؟"

ئاتریش گوتی، "بەڵکو سەردانی کەسێکی کردبێ؟"

"نەخێر، ئەو دەیزانی، کە تینا کەوتۆتە خوار."

"کەواتە هەر دەبێ گەڕابێتەوە ماڵێ." ئاتری بوو وای پێ گوتەوە.

"بە بڕوای من وای نەکردووە."

"ئەدی چی؟" دراوسێکەیان کەوتە پرسیار.

"هەنووکە، پێم وا بێ ئەو بۆ خوارەوە شۆڕ نەبۆتەوە، بەڵکو بۆ سەرەوە تێهەڵکشاوە."

"بۆ سەرەوە؟"

"بەڵێ، بەرەو شاخەکان!" بولفەزل بەئەرخاینبوونێکەوە وای پێ گوت.

دراوسێکەش گوتی، "بۆ ناو شاخەکان؟"

ئاتریش گوتی، "لەوانەیە وا بێ، دەکرێ وا بێ."

"دەکرێ شتێکت لێ بپرسم؟" بولفەزل ڕووی لە



هەواڵنامەی کتێب

یارۆی چایخانەکە کرد، ”دەنگۆیەک هەیە، گوایە هەندێ لە زیندانییەکان ڕایان کردووە. هەر بەڕێکەوت، شتی زیاتری لەبارەوە دەزانی؟“

چایچییەکە سەرەتا تەماشای بەنزینفرۆشەکەی کرد، ئینجا ڕووی لە بوفەزڵ کردەوە، ”تکایە لێم مەگرن. من تخوونی ئەو جۆرە ئیشانە ناکەوم. من پێنج منداڵم هەن، نەخێر هیچی لەبارەوە نازانم. ئەو مافوورچنەم لە وێستگەی پاس بینیوە، لەوە زیاتر هیچی دیکەی لێ نازانم، هەر بەڕاستیش وایە، تکایە لێم مەگرن.“

”ئەوەندە بەسە“ بەنزینفرۆشەکە هاتە دەنگ، ”ئەوان ئێستا بایی خۆیان دەزانن. منیش زیاتر خۆمی لێ هەڵناقورتێنم، بەڵام ئەو مافوورچنە پیاوێک بوو، دڵێکی باشی هەبوو. هەر بۆیە ئەو پیاوانەم هێنانە ئێرە. ئێمە دەڕۆین.“

چایچییەکە گەڕایەوە ماڵی خۆی و دەرگاکەی قفڵ دا.

بەنزینفرۆشەکەش جێبەکەی بەگەڕ خستەوە و پێی گوتن، ”نازانم ئێوە بەنیازی چین، بەڵام من دەگەڕێمەوە ماڵێ. هیوادارم گلەییم لێ نەکەن.“

”تۆ ئەوەی لە تواناتدا بوو، کردت.“ بولفەزڵیش وای پێ گوت، ”سوپاست دەکەم. خۆ ئەگەر بمانگەیەنیتەوە لای مەیدانەکە، زۆر باش دەبێ.“

بەنزینفرۆشەکە هەرسێ پیاوەکەی گەیاندەوە لای گۆڕەپانەکە.

ئێستا پیاوەکان لەلای وێستگەی پاس وەستاون و لەگەڵ یەک پرس و ڕای ئەوەیانە ئاخۆ پێویستە چیی دی بکەن.



هەواڵنامەی کتێب

بولفەزل سەرەتا هاتە قسە و گوتی، ”دەکرێ ڕێی شاخەکان بگرینە بەر، هەندێکی دیکە بڕۆین و بگەڕێین.“

دراوسێکەش گوتی، ”کارێکی هیوابڕاو.“

”من دەیناسم.“ ئەبولفەزڵ هاتە وەڵام، ”خۆ ئەگەر گومانی کردبێ کە زەنگۆڵە لە شاخەکانە، هەرچۆنێک بێ بەدوایدا چووە.“

”بەڕای منیش ئەو بەو بەفرە خۆی لەو شاخانە نادا...“ ئەمە ڕای دراوسێکە بوو.

بولفەزلیش گوتی، ”خۆ ئەگەر من لە جێی ئەو بام، هەمان کارم دەکرد.“

”دەی با مشتومڕی لەسەر نەکەین.“ ئاتری وا هاتە وەڵام، ”ئێمە دەتوانین تا کۆتایی هەڵبکشێین، ئەو بە خۆی و گۆچانەکەی ناکرێ زۆر دوور کەوتبێتەوە.“

ئەوان ڕێگای شاخەکەیان گرتە بەر، بە تیشکی لایتی دەستیان سۆراخی شوێنپێکانی سەر بەفرە بەستوەکەیان هەڵگرت.

بولفەزل هەر بە ڕێوە گوتی، ”ئەمەیان، ئەوە، ئەوەی دیکە شوێنپێی پۆستاڵی سەربازیین.“

ئاتریش گوتی، ”ئەدی ئەمەیان؟“

”بەڵێ، ئەمەیان جێپێی کەسێکی ئاساییە. دەکرێ شوێنپێیەکە هەڵبگرین.“

ئاتری گوتی، ”دەکرێ پاسەوانەکانیش شوێنپێیان هەڵگرتبێ.“

”بە ڕای من ئەوان وایان نەکردووە.“ دراوسێکە ئەم جارە گوتی، ”ئەوەی لە زیندان ڕای کردبێ، بەو ڕێگایەدا ناڕوا.“

هەواڵنامەی کتێب

بولفەزلیش لێی پرسی، "بۆچی نا؟"

دراوسێکە ڕوونی کردەوە، "چونکە جێپێیەکەیان لەسەر بەفر دەمێنێتەوە."

"خۆ ئەگەر مەترسیت لەسەر بوو، هیچ بژاری دیکەشت نەمابوو، تا بکرێ بەرەو سەروو هەڵدەکشێی."

"بڕوا ناکەم." دراوسێکە بوو وەڵامی قسەکەی دایەوە، "پێم وایە بە ڕێیە سەختەکە ڕایان کردۆتە یەکەمین گوند، لەوێشەوە بۆ گوندێکی دیکە، ئینجا بەم شێوەیە دوور کەوتوونەتەوە.

خۆ ئەگەر ئەوان زیرەک بن، بۆ یەک-دوو ڕۆژ خۆیان دەشارنەوە، ئەوسا ڕوو لە شاخەکان دەکەن."

بۆ ساتێک جێپێی سەربازی نەمان و ئیدی یەک-دوو جێپێی کەسێکی ئاسایی لەنێو بزنەڕێکەدا بەدی دەکرا، پاشان وردەوردە شوێنەوارەکەی نەما.

پیاوەکان هێشتا هەندێکی دیکە هەڵکشان، تا گەیشتەنە ڕێچکەیەکی لاچەپ کە هەموو بزنەڕێکانی لێ دەبوونەوە، هەر ئەوێش ئەو ڕێچکەیە بوو کە شاخەوانەکان بە خۆیان و کندەرەکانیان پێیدا دەڕۆیشتن تا بگەنە ئەو ئەشکەوتەی نووسینی خەتی بزماری لەسەر هەڵکەندراوە.

ئەبولفەزڵ گوتی، "ئەو بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتووە."

ئاتریش گوتی، "بە خۆی و گۆپاڵەکەی؟"

بولفەزل لەسەر بەفرەکە دانەوییەوە، تیشکی لایتەکەی خستە سەر شوێنپێیەکان و لێی ورد بووەوە.

"بزنەکێوییەکان بە مێگەل تا ئێرە هاتوونەتە خوار، بەدوای خۆراکدا گەڕاون،" ئینجا لەسەر قسەکەی بەردەوام



هەواڵنامەی کتێب

بـوو، "زۆریـان ناوێـرن لـەوە زیاتـر بـڕۆن، لێـرەوە سـەختە جێپێی مـرۆڤ لـە هیی ئاژەڵـەکان جیا بکرێتـەوە. پێم باشـترە بگەڕێینـەوە."

لـە نیـوەی شـەو بـە لایتـی کـوژاوەوە گەیشـتنەوە ماڵـێ، ژنـەکان بەبێدەنگی بەپیریانـەوە چوون. کـەس نەیدەوێرا بگری، کەسـیش زاتـی نەدەکـرد هیـچ بڵـێ، شـەوەکە ئاغـا ئاکبـەری لـە خـۆی گل دابـوو.

ڕووناکـی لـە جامـی پەنجەرەکانـەوە پەیـدا بـوو. ڕۆژ بەهێواشـی هەڵهـات، بـەڵام ڕۆژەکـە هیـچ هەواڵێکـی نوێـی لەگـەڵ خۆیـدا نەهێنـا. ڕۆژەکان هاتـن و تێپەڕیـن، هەروەهـا شەوەکانیشـی بـەدوادا هاتـن و ڕۆیشـتن، هیـچ هـەواڵ پەیـدا نەبـوو.

پاشـان لـە ڕۆژەکانـی سـەرەتای بەهـار، کاتێـک شـوان بـۆ لەوەڕاندنـی مێگەلەگـەی بـەدوای گیـای تازەشـیندا دەگـەڕا، کسـۆکەکەی بەپەلەپڕوزێ ڕای کـردە لای گاشـەبەردێک و هـەر دەوەڕی. شـوانەکەش خێـرا ڕۆیشـتە ئـەوێ، لەوێـدا تەرمـی پیرەمێردێـک کەوتبـوو.

پرچەبۆزەکـەی وەک زیوێکـی شـۆراوە لەسـەر بەفـرە تازەباریوەکـە دەبریسـکایەوە .



هەواڵنامەی کتێب

# نووسینی بزماری
# ڕۆژژمێری ئاغا ئەکبەر

چیرۆکەکەی ئاغا ئەکبەر لێرەدا تەواو بوو هێشتا لاپەڕەی زیاتری نووسینی بزماری ماون، بەڵام ناخوێنرێنەوە.

ئاخۆ لەکوێ ئەو دوالاپەڕەکانی نووسیون، ڕوون نییە.

لە ماڵ؟

نەخێر، بەدڵنیاییەوە نا.

لاپەڕەکان بە ڕادەیەکی بێئەندازە ناڕوونن. لەوانەیە لە شاخەکاندا نووسیبێتی. لەلای دیوارە عاسییەکەی شاخەکەدا، لەو شوێنەی ویستوویەتی یارمەتیی زەنگۆڵە بدا زیاتر بۆ سەرەوە هەڵبکشێ.

یارمەتیدانی زەنگۆڵە؟

نەخێر، ئەوە کارێکی نەکردەیە.

تێبینیی ئەوە دەکرێ ئەو دوالاپەڕەکانی ڕۆژژمێرەکەی بە زەحمەتییەکی زۆرەوە نووسیبن.

ئەو لە سەرمادا نووسیویەتی. لەنێو بەفر شەختە.

لەبارەی زیندانییە هەڵهاتووەکان، کەس هیچی لەبارەیانەوە نەزانی. هێشتاش ڕوون نییە، ئاخۆ چییان لێ بەسەر هاتووە،


هەواڵنامەی کتێب

لەوانەیە ئەکبەر لە چیاکەدا تووشیان هاتبێ، لەوانەشە پێی گوتبن نابێ بەسەر هێڵی ئاسنینەکەدا بڕۆن، لەوانەیە پێی گوتبن کامە ڕێچکە دەبێ بگرنە بەر، تا دەگەنە کێوی زافەران.

لەوانەشە بە زەنگۆڵەی گوتبێ، "دەی تا پێت دەکرێ بڕۆرە نێو قووڵاییی ئەشکەوتەکە، ئەوەندە قووڵ بڕۆ، تا دەگەیتە شوێنێک ئیدی پتر ناتوانی بڕۆی. ئەوسا لەوێ لەلای دەستەڕاست بەرەوژوور، لەوێ لەسەروو هەنجیری وشککراو، مێوژ و قەسپ هەن و لەنێو کیسە دانراون، هەروەها جلوبەرگ و لایتی دەستی شاخەوانەکانیشی لێن. دەی یەکێ لە کیسەکان هەڵگرە، پاشان دەبێ ئێوە زیاتر بۆ بنەبانێی ئەشکەوتێ هەڵبکشێن، تا دەگەنە شوێنێک ئیدی دوورتری نییە. لەوێ ئێوە سەلامەت دەبن. دەکرێ لەوێ یەک-دوو شەو بمێننەوە و بڕازێن[1]، تا پاسەوانەکان دێن و بڵاوەی لێ دەکەن."

ڕەنگ بێ ئەمانە دواڕستەی ڕۆژژمێری ئەکبەر بن.

هەر دەبێ زەنگۆڵەی ماچ کردبێ، "دەی ئێستا بڕۆ، تۆ پێویست ناکا خەم لە من بخۆی، من کونێک لە بەفرەکە دەکەم لێی دادەنیشم، بەیانیش دەگەڕێمەوە ماڵێ. زۆر باش دەبێ ئەگەر لێرە بمێنمەوە، چونکە ئەگەر پاسەوانەکان هاتن بەتوندی هاوار دەکەم، ئەوسا ئێوە دەزانن کە چی لەئارادایە. دەی ڕۆڵەکەم، سەفەرێکی خۆش!"

تۆ بڵێی زەنگۆڵە و هەڵهاتووەکانی دیکە گەیشتبنە ئەشکەوتەکە؟

دەکرێ وا بێ. دەکرێ لەوێش چووبنە قووڵاییی

١ بڕازێن: بخەون.



هەواڵنامەی کتێب

ئەشکەوتەکە و لێی نووستبن. ئیدی چیدی هەڵنەستابنەوە.
دوای سەد ساڵی دیکە بەئاگا دێنەوە. بەڵکو دوای سێ سەد ساڵی دیکە. هەر وەک یارانی ئەشکەوت، ئەو چیرۆکەی لە کتێبە پیرۆزەکەدا هاتووە:

***ئیدی کاروبار بەم جۆرە ڕۆیشت، پیاوەکانی ئەشکەوت لە کۆتاییدا پەنایان بۆ بن ئەنواکە برد. ئەوان گوتیان، "خوایە ڕەحممان پێ بکە."***

***لەو ئەشکەوتەدا ئێمە چاو و گوێی ئەوانمان بۆ چەندین ساڵ داپۆشین.***

***کاتێکیش ڕۆژ هەڵدەهات، پیاوەکان ڕۆژیان وا دەبینی کە لەلای دەستەڕاستی ئەشکەوتەکەوە هەڵدێ.***

***هەرکاتێکیش ڕۆژ ئاوا دەبوو، پیاوەکان ڕۆژەکەیان دەبینی، کە لەلای دەستەچەپی ئەشکەوتەکەوە ئاوا دەبێ.***

***لەوێ لەو نێوانەدا ئەوان خۆیان بینیەوە.***

***ئەوان پێیان وا بوو بێدارن، کەچی نووستبوون.***

***ئێمەش ئەوانمان بەسەر لای چەپە و ڕاستەوە وەر دەگێڕا (...)***

***هەندێک دەڵێن، "ئەوان سێ کەس بوون و چوارەمیشیان ئێشکی لێدەگرتن."***

***ئەوانی دیکە دەڵێن، "ئەوان پێنج کەس بوون، شەشەمەکەیان ئێشکگریان بوو." خەملاندنێک لە کوێرەڕێدا.***

***هەشن دەڵێن، "ئەوان حەفت کەس بوون." کەس نەیدەناسین.***

***ئێمە ئەوانمان بەئاگا هێنایەوە، بۆ ئەوەی لەنێو خۆیاندا***



هەواڵنامەی کتێب

***لە یەک بپرسن.***

***یەکێک لەوان پرسی، ”ئێمە لێرە ڕۆژێک یان نیوەڕۆژێک ماوینەتەوە.“***

***ئەوانی دیکەش گوتیان، ”هەر خوا دەزانێ ئاخۆ چەند لێرە ماوینەتەوە. {وا باشترە} یەکێک لە ئێمە بە دراوی زیوینەوە بچێتە شار.“***

***دەبێ وریا بین، خۆ ئەگەر ئەوان بۆیان دەر بکەوێ، کە ئێمە کێین، بەردبارانمان دەکەن.***

***دوای گفتوگۆکردن، یەملیخا[1] بە خۆی و مستەدراوێکی زیوین لە ئەشکەوتێ هاتە دەر.***

***کاتێکیش گەیشتە شارەکە، تێبینی ئەوەی کرد، هەموو شتێک گۆڕاوە و زمانەکەشیان نازانێ.***

***ئاخر ئەوان سێ سەد ساڵ لە ئەشکەوتەکە خەوتبوون و بەخۆشیان نەیاندەزانی، پاشان نۆ ساڵی دیکەشیان هاتە سەر.***

ڕۆژێکیان زەنگۆڵەش بێدار دەبێتەوە.

بە خۆی و درواى زیوینەوە لە ئەشکەوتێ دێتە دەر.

کاتێکیش دەگاتە شارەکە، سەرنج دەدا، هەموو شتێک گۆڕاوە.

---

1 Jemiliga



هەواڵنامەی کتێب

# تەواو

چەند سەردێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ

- لـە ١٩٦٨ لـە گونـدی گرتـک لـە دۆڵـی ڕوسـتێی دەڤـەری باڵەکایەتـی لەدایـک بـووە.
- لـە ١٩٨٨دا بەکالۆریۆسـی لـە قانـون لـە زانکـۆی بەغـدا وەر گرتـووە.
- لـە ١٩٩٧ەوە تـا ٢٠١٢ ئـاوارەی ئەورووپـا (هۆڵەنـدا و بەریتانیـا) بـووە.
- لەپـاڵ زمانـی زگماکیـدا؛ زمانەکانـی عەرەبـی، هۆڵەنـدی و ئینگلیـزی دەزانـێ.
- لە ١٩٨٦ەوە هەوڵـی نووسـینی داوە. تـا ئێسـتا ١٢ کتێبـی لـە زمانەکانـی هۆڵەندی و ئینگلیزییـەوە وەر گێڕاون. دەیـان وتـار و لێکۆڵینـەوەی قانونـی و سیاسیشـی بـڵاو کردونەتـەوە.



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# چاپکراوەکانی وەرگێڕ

١. *نهێنییەکانی مۆساد*، نوسینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە زمانی هۆڵەندییەوە، سێ جار چاپ کراوەتەوە؛ چاپی یەکەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چاپی دووهەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤. چاپی سێهەم ڕۆژهەڵات ٢٠١٦.

٢. مادلین ئۆلبرایت، *سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ٢٠٠٩، هەولێر.

٣. داود بنگۆریۆن، *دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل*، نوسینی ڕۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر.

٤. *کوردستان لەنێوان سێڤەر و سنورە دەستکردەکاندا*، نوسینی: هیسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر ٢٠١٥.

٥. *وەرزێکی سپیی وشکوبرینگ*، ئەندریێ برینک. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و



هەواڵنامەی کتێب

بڵاوکردنـەوە، هـەولێـر ٢٠١٣.

٦. *ژیانـی مـن، چـۆن ئیسـرائیل دامەزرێنـرا؟* گۆلـدا مایـەر، یادداشـت، وەرگێـڕان لـە ئینگلیزییـەوە، ناوەنـدی ئاوێـر، هـەولێر. ٢٠١٤.

٧. ئینفێرنـۆ، *دۆزەخ*، دان بـراون، ڕۆمـان، وەرگێـڕان لـە ئینگلیزییـەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٨. *شـەرەف*، ئەلیف شـەفەق، ڕۆمـان، وەرگێڕان لـە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٩. *یاخیبـوون*، مناحیـم بێگـن ، یـادەوەری، وەرگێـڕان لـە ئینگلیزییـەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١٠. *خانووەکـەی مزگـەوتـێ*، قـادر عەبدولـڵا، ڕۆمـان، وەرگێـڕان لـە هۆڵەندییـەوە، ناوەنـدی ئاوێـر بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێـر ٢٠١٦.

١١. داود بنگۆریـۆن، *دامەزرێنـەری دەوڵـەتـی ئیسـرائیل*، نوسـینی ڕۆبـەرت سـەنت یۆهـن، وەرگێـڕان لـە هۆڵەندییـەوە، چاپـی دووەم، بژارکـراو، ناوەنـدی ئاوێـر بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێـر ٢٠١٦.

١٢. *کۆدەکـەی داڤینشـی*، دان بـراون، ڕۆمـان، وەرگێـڕان لـە ئینگلیزییـەوە، ناوەنـدی ئاوێـر، هـەولێر ٢٠١٦.

١٣. *خـەتـی بزمـاری*، ڕۆمـان، قـادر عەبدولـڵا، وەرگێـڕان لـە هۆڵەندییـەوە، ناوەنـدی ئەندێشـە، سـلێمانی ٢٠١٧.


هەواڵنامەی کتێب

# کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە-حەمید عەزیز
٢. کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە (چ٢)-فەرهاد پیرباڵ
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان (چ٢)-فەرهاد پیربال
٤. مۆزەخانەی پاکیزەیی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٥. نەتەوەی زێرابەکان-جەبار جەمال غەریب
٦. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کورد(چ٢)-جەعفەر عەلی
٧. سۆفیزم و کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی..-جەعفەر عەلی
٨. مەحوی لەنێوان زاهیریەت و باتینیەت و..-ئەحمەدی مەلا
٩. نهێنییەکانی ژیان (چ٢)-ئۆشۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٠. کورتیلەیەک لە مێژووی کات-ستیڤن هۆوکینگ و لیۆنارد ملۆدیتۆ-و. حوسێن حوسێنی و هیوا عومەر
١١. کۆشک-فرانتس کافکا-و. عەتا نەهایی
١٢. فەصلول مەقال-ئیبن ڕوشد-و. مەریوان عەبدول
١٣. شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا-وریا ڕەحمانی
١٤. دەسەڵات و جیاوازی-مەریوان وریا قانع
١٥. لە چ ئێستایەکدا دەژین-مەریوان وریا قانع
١٦. شووناس و ئاڵۆزی-مەریوان وریا قانع
١٧. سیاسەت و دونیا-مەریوان وریا قانع
١٨. جەمشید خانی مامم-بەختیار عەلی
١٩. کەشتیی فریشتەکان (کتێبی ١)-بەختیار عەلی
٢٠. کەشتیی فریشتەکان (کتێبی ٢)-بەختیار عەلی
٢١. لە دیارەوە بۆ نادیار (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٢. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان-بەختیار عەلی
٢٣. چێژی مەرگدۆستی (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٤. مەعریفە و ئیمان-بەختیار عەلی و هێمن قەرەداغی
٢٥. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و,,,-گۆران ئیبراهیم ساڵح
٢٦. سەمەرقەند (چ٢)-ئەمین مەعلوف-و. ئەحمەدی مەلا
٢٧. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی-فاروق ڕەفیق
٢٨. ئەخلاقناسی-تەحسین حەمەغەریب
٢٩.گەشەسەندنی ڕامیاری..-د. ک. پێسچانی-و. د. ئارام عەلی
٣٠. مێژووی کۆنی کورد (چ٣)-جەمال ڕەشید و فەوزیە ڕەشید-و. ملکۆ کەلاری
٣١. منداڵانی گەڕەک-هیوا قادر
٣٢. مرۆڤی یاخی (چ٢)-ئەلبێر کامۆ-و. ئازاد بەرزنجی
٣٣. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی..-هێرش جەوهەر مەجید
٣٤. مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی... (چ٢)-فریشتە نورائی-و. هەورامان فەریق کەریم
٣٥. سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)-توانا ڕەشید کەریم
٣٦. کتێبی پەراوێزنووسان-عەتا محەمەد

هەواڵنامەی کتێب

٣٧. شاری سلێمانی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨-١٧ی تەمموزی ١٩٦٨)-هەورامان جەوهەر مەجید
٣٨. فیک و دونیا (بەرگی ١)-مەریوان وریا قانع
٣٩. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٠. دین و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤١. کتێب و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٢. کۆمەڵگەی ڕەش-د. عادل باخەوان
٤٣. زستانێکی درێژ-کولم تویبێن-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٤. فرانسیسکۆس قەدیسی من (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٥. ئاهەنگی تەگەکە-ماریۆ بارگاس یۆسا-و. جەلیل کاکەوەیس
٤٦. شەوی لیشبۆنە-ئێریش ماریا ڕیمارک-و. کەریم پەرەنگ
٤٧. من و ئەو-ئەلبێرتۆ مۆرافیا-و. کارزان عەلی
٤٨. میرنامە (چ٢)-جان دۆست-و. سەباح ئیسماعیل
٤٩. ڕوخسارە بەندکراوەکەم-لەتیفە-و. ڕوناک شوانی
٥٠. قەپێلک-مستەفا خەلیفە-و. هەورامان وریا قانع
٥١. خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرە قەڵا (چ٢)-ماردین ئیبراهیم
٥٢. گرگن-پێیر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٣. ١٩٨٤ (چ٢)-جۆرج ئۆروێڵ-و. حەکیم کاکەوەیس
٥٤. سوور و ڕەش-ستاندال-و. سیامەند شاسواری
٥٥. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا (چ٢)-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٥٦. جادەی مێخەک (١)-دلاوەر قەرەداغی
٥٧. جادەی مێخەک (٢)-دلاوەر قەرەداغی
٥٨. ئێوارستان-پێیر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٩. دارستانی نەرویجی-هاروکی مۆراکامی-و. تارا شێخ عوسمان
٦٠. ئێوارەی پەروانە (چ٧)-بەختیار عەلی
٦١. شاری مۆسیقارە سپییەکان(چ٤)-بەختیار عەلی
٦٢. مەرگی تاقانەی دووەم (چ٥)-بەختیار عەلی
٦٣. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چ٤)-بەختیار عەلی
٦٤. تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٥. سێوی سێهەم (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٦. ئاوڕەکەی ئۆرفیۆس-بەختیار عەلی
٦٧. غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٨. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتیی دوژمن (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٩. دواهەمین هەناری دونیا (چ٨)-بەختیار عەلی
٧٠. ئێمەی پەنابەر-کۆمەڵێک نووسەر
٧١, گرەوی بەختە هەڵاڵە (چ٢)-عەتا نەهایی
٧٢. عێراقییەک لە پاریس-ساموئێل شەمعون-و. سەباح ئیسماعیل
٧٣. جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا (چ٦)-یۆستاین گاردەر و ئۆتە بیوهمە-و. بەهرۆز حەسەن
٧٤. کچەی پرتەقاڵ (چ٧)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٥. لە ئاوێنەیەکدا، لە نهێنییەکدا (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٦. کچی بەڕێوەبەری سێرک (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن

هەواڵنامەی کتێب

٧٧. نهێنیی یاریی کاغەز (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٨. مایا (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٩. ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار-کۆمەڵێ نووسەر-و. هەورامان وریا قانع
٨٠. فەلسەفەی بوون-د. محەمەد کەمال
٨١. وەک رووبارە بەخورەکە-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٢. دیارییە مەزنەکە-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٨٣. سێشەممان لەگەڵ مۆری (چ٤)-میچ ئەلبوم-و. جوتیار ژاژڵەیی
٨٤. دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای رۆمی و...-لهۆن قادر عەبدولرەحمان
٨٥. رووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن-مەمەد ئوزون-و. وریا غەفووری
٨٦. کاندید-ڤۆلتێر-و. بەیان سەلمان
٨٧. باوکە گۆریۆ-بەلزاک-و. ئەحمەدی مەلا
٨٨. زێبرا-جەبار جەمال غەریب
٨٩. منداڵی سووتاو-ستیگ داگەرمان-و. دلاوەر قەرەداغی
٩٠. ورێنە-ئەنتۆنیۆ تابوکی-و. عەتا محەمەد
٩١. مردن لە روانگەی ئایینەکانەوە (چ٢)-بوساحە ئەحمەد-و. دانا مەلا حەسەن
٩٢. گوێ بگرە، پیاوی بچووک (چ٤)-ویلهێلم رایش-و. خەبات عارف
٩٣. رێبەری کتێبسازە کوژراوەکان-عەتا محەمەد
٩٤. کچە فیلم گێرەرەوەکە-هێرنان ریڤێرا لیتێلیێر-و. عەتا محەمەد
٩٥. باوکی ئەو (چ٢) پەرینووش سەنیعی-و. رووناک شوانی
٩٦. داوێنپیسی-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٩٧. کیمیاگەر (چ٤)-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٩٨. رۆژهەلاتی عەدەن، رۆژئاوای خودا-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
٩٩. خۆشی پیشەی من نییە (چ٢)-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠٠. خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠١. رۆژژمێری کیژۆڵەیەک-ئان فرانک-و. عەلی عوسمان یاقووب
١٠٢. جیهانی رۆمان-د. هاشم ئەحمەدزادە
١٠٣. نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی (چ٢)-عەتیق رەحیمی-و. ئازاد بەرزنجی
١٠٤. فایدۆن (چ٢)-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٥. گۆرگیاس (چ٢)-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٦. سیاتیتۆس-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٧. مەسیح لەخاچ دەدەنەوە (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
١٠٨. تۆ مەچۆ بۆ شەڕ (چ٢)-ماردین ئیبراهیم
١٠٩. سەگوەڕ (چ٧)-محەمەد موکری
١١٠. چاوەکانی (چ١٢)-بوزورگ عەلەوی-و. ئازاد بەرزنجی
١١١. A-6171 من لە ئاوشفیتز دەرباز بووم-فێرێنک گوێندوێر-و. عەتا محەمەد
١١٢. باراباس-پییێر لاگەرگڤیست-و. خەبات عارف
١١٣. تۆڵە (چ٥)-محەمەد موکری
١١٤. سڵاو؟ کەس لەوێیە؟ (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمەد
١١٥. هیچ (چ٢)-کۆچەر ئەبوبەکر
١١٦. هەورەکانی دانیال (چ٢)-بەختیار عەلی
١١٧. ئێمە زەریامان بەزاند-جولی ئوتوسکا-و. دلاوەر قەرەداغی

هەواڵنامەی کتێب

١١٨. بە ناوی ژیانەوە (چ٥)-ئەریک فرۆم-و. ئازاد بەرزنجی
١١٩. لەودیو هەستەکانەوە-ڤینسێنت رایان رۆگیرۆ-و. هەرێم هادی
١٢٠. کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا-د. بورهان أ. یاسین
١٢١. دڵڕەقی و بێماڵی-مەریوان وریا قانع
١٢٢. دزێکی ڕاستگۆ-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
١٢٣. تیمساح-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
١٢٤. سۆفیست-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٥. نهێنیی کریسمس (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمەد
١٢٦. چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی-د. کەساس جەباری
١٢٧. دوایین ڕۆژەکانی سۆکرات-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٨. یەکەمین مەکتووب-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٢٩. ئاگرەکەم مەسڕنەوە-ئازاد سوبحی
١٣٠. تامیتامی-ئەنتوان چیخۆف-و. دلاوەر قەرەداغی
١٣١. کۆلۆنێل-مەحموود دەوڵەت ئابادی-و. ئازاد بەرزنجی
١٣٢. کێشەی بوونی مرۆڤ-ئومێد حەمەعەلی
١٣٣. شەوانی ئادەم-بەیان سەلمان
١٣٤. قەموورەکەی نۆتر دام-ڤیکتۆر هیگۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
١٣٥. بەدوای عەشقا (چ٢)-بەهجەت یەحیا
١٣٦. دەربارەی باوکە گۆریۆ-و. حەمەکەریم عارف
١٣٧. دەربارەی برایانی کارامازۆف-و. حەمەکەریم عارف
١٣٨. دەربارەی بێنەوایان-و. حەمەکەریم عارف
١٣٩. دەربارەی داستانی ئیلیادە-و. حەمەکەریم عارف
١٤٠. دەربارەی دۆن کیشۆت-و. حەمەکەریم عارف
١٤١. دەربارەی شەڕ و ئاشتی-و. حەمەکەریم عارف
١٤٢. دەربارەی دیکامیرۆن-و. حەمەکەریم عارف
١٤٣. دەربارەی فاوست-و. حەمەکەریم عارف
١٤٤. دەربارەی کاندید-و. حەمەکەریم عارف
١٤٥. دەربارەی کۆمیدیای یەزدانی-و. حەمەکەریم عارف
١٤٦. دەربارەی هاملێت-و. حەمەکەریم عارف
١٤٧. هەتا چاو بڕ بکات... تاریکی-فەرهاد مستەفا
١٤٨. جوانییەکانی نارێکی-بەختیار عەلی
١٤٩. ڕەخنە لە ئەقڵی فاشیستی-بەختیار عەلی
١٥٠. نەرسیسی کوژراو-بەختیار عەلی
١٥١. یادەوەری و زەمەن-بەختیار عەلی
١٥٢. ئیمان و جەنگاوەرانی (چ٢)-بەختیار عەلی
١٥٣. قەلەندەر و قەلا-یەحیا یەسریبی-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٤. ئاوریشم (چ٣)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٥. ئەفسانەی ١٩٠٠ یان نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن (چ٢)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٦. کوشتنی باڵندەی لاساییکەرەوە-هارپەر لی-و. لۆنا دڵشاد مەریوانی
١٥٧. شەوگەڕەکان-میران ئەبراهام
١٥٨. دەبێت شتێک بگێڕمەوە-باران

هەواڵنامەی کتێب

١٥٩. نامەکانی فێرناندۆ-ئەژین عەبدولخالق
١٦٠. پرۆتاگۆراس-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٦١. ڕۆژانێک من ئۆکۆردیۆنم دەژەند-دلاوەر قەرەداغی
١٦٢. لەبارەی ئیسلام و جیهانگیری و خۆرئاواوە-د. شاکر نابلوسی-و. شوان ئەحمەد
١٦٣. مارتن لوتەر-د. هاشم ساڵح-و. شوان ئەحمەد
١٦٤. هەزار و یەک شەوە (چ٣)-و. جەوهەر مەحمود داراغا
١٦٥. کاتێک ماسییەکان تینوو دەبن-حەلیم یوسف-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٦٦. هانیێ ساڵح، ئەوە چاوم و پێی بڕوانە-یاشار کەمال-و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
١٦٧. ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٦٨. دەربەندی پەپوولە (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٦٩. خێراکە... مردن خەریکە بگات! (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٧٠. خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٧١. یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکوکی-شێرکۆ بێکەس
١٧٢. ژیان و ئەزموونی شیعریم-ئەدۆنیس-و. شوان ئەحمەد
١٧٣. پارادۆکسی نووسین (چ٢)-ڕەبیع جابر-و. شوان ئەحمەد
١٧٤. پیاوێکی تێکشکاو (چ٢)-تاهیر بن جەللون-و. ئازاد بەرزنجی
١٧٥. نامۆ-ئەلبێر کامۆ-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٦. لەبارەی ئازادییەوە-جۆن ستیوارت میڵ-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٧٧. گوزەرێک بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو-نیکۆلاس سپارکس-و. بەرزان عوسمان
١٧٨. دابڕانی ئیپستمۆلۆژی لە فیکر و ژیاندا (چ٢)-د. هاشم ساڵح-و. شوان ئەحمەد
١٧٩. لە قووڵاییی سیاسەتدا-د. بورهان أ. یاسین
١٨٠. شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە!-نیلس هاو-و. ئالان پەری
١٨١. حەللاج-عەباس ئەرنائوت-و. ئازاد بەرزنجی
١٨٢. پاسە شینەکە-هیوا قادر
١٨٣. وەهمێک-ڕیچارد داوکینز-و. نوری کەریم
١٨٤. ڕێگە-نەجیب مەحفوز-و. کارزان عەلی
١٨٥. نوختەی نوونەکەی ژیان-فەرهاد شاکەلی
١٨٦. کۆشکی بۆق (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١٨٧. زۆر تایبەت-عەباس مەعروفی-و. ڤیدا قادری
١٨٨. ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک (چ٢)-عەتا محەمەد
١٨٩. گێلاسی خوێن (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٠. گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩١. فەهرەست (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٢. خواجە نەسرەدین، کە لەپێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٣. تیۆریی ئەدەبی-تێری ئیگڵتن-و. عەتا قەرەداغی
١٩٤. ماڵی بێدەنگ-ئۆرهان پاموک-و. سامان کەریم
١٩٥. چیرۆکەکانی کریسمس-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٩٦. بەکولتوورکردنی خوێندنەوە-محەمەد فەریق حەسەن
١٩٧. کەوتنی ئاسمانەکان-جەبار جەمال غەریب
١٩٨. پەیمانی کۆمەڵایەتی-جان جاک ڕۆسۆ-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٩٩. سەد ساڵ تەنیایی (چ٢)-گابریێل گارسییا مارکێز-و. ئەحمەدی مەلا

هەواڵنامەی کتێب

٢٠٠. شەقامی دوکانە تاریکەکان-پاتریک مۆدیانۆ-و. بەیان سەلمان
٢٠١. مرۆڤ و کەرامەت-مەریوان وریا قانع
٢٠٢. ژیان و بەرهەمەکانی سادق هیدایەت-حەسەن قائمیان-و. فەرشید شەریفی
٢٠٣. ئایین و مەعنەوییەت-موستەفا مەلەکیان-و. موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٠٤. کەشتیی فیکر و دەریای مەعنەوییەت-تەحسین حەمەغەریب (ئەندێشەی ئایین)
٢٠٥. پێپ گواردیۆلا (چ٢)-گایلۆم بالاگێ-و. ئەحمەد سەنگاوی (ئەندێشەی وەرزش)
٢٠٦. پەرەسەندنی فیزیا-ئالبێرت ئاینیشتایین و لیۆپۆڵد ئینفلد-و. حوسێن حوسێنی (ئەندێشەی زانست)
٢٠٧. تیۆریی ڕێژەیی چییە؟-لانداو، ڕومەر-و. حوسێن حوسێنی (ئەندێشەی زانست)
٢٠٨. ئالبێرت ئاینیشتایین-جینیفێر جولیەن ئاندرسن-و. حوسێن حوسێنی (ئەندێشەی زانست)
٢٠٩. عەلائەدین-کارین کرێیدەر-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندێشە)
٢١٠. دەمبۆ-واڵت دیزنی ستودیۆ-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندێشە)
٢١١. سێ ورچەکە-ڕۆب هێفێران-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندێشە)
٢١٢. سیمبا-جەستین کۆرمان-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندێشە)
٢١٣. سێ بەرازە بچکۆلەکە-واڵت دیزنی ستودیۆ-و. شەن شیروان (منداڵانی ئەندێشە)
٢١٤. تەنز-سلاڤۆمێر مرۆژیک-و. خەبات عارف
٢١٥. پاپالانگی: پیاوە سپییەکە-ئێریش شێورمان-و. خەبات عارف
٢١٦. ئەو پێنج کەسەی لە بەهەشت دەیانبینیت (چ٢)-میچ ئەلبوم-و. جوتیار ژاژڵەیی
٢١٧. تەنیا یەک ڕۆژی تر (چ٢)-میچ ئەلبوم-و. لۆنا دڵشاد مەریوانی
٢١٨. نایادەوەری-ئەندرێ مالرۆ-و. دلاوەر قەرەداغی
٢١٩. گەشتێک بە ڕۆحی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا-هەورامان ئەنوەر
٢٢٠. کلیلەکەی سارا-تاتیانا دی ڕۆزنێ-و. هەوار جەوهەر و جەوهەر مەحمود داراغا
٢٢١. لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای ئیسلام-د. عەلی شەریعەتی-و. دانا مەلا حەسەن
٢٢٢. هێزی ئەدەب-ڕەبیع جابر-و. شوان ئەحمەد
٢٢٣. عیرفان، باغێک لە حەقیقەت-موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٢٤. عیشق گەورەتر لە عیشق-موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٢٥. مرۆڤی خودا ڕەنگ-سەلمان نادر (ئەندێشەی ئایین)
٢٢٦. ستیڤن هۆوکینگ-کارین لاتچانا کینی-و. حوسێن حوسێنی (ئەندێشەی زانست)
٢٢٧. دەروازەیەک بۆ زانستی نانۆ و تەکنەلۆجیای نانۆ-د. خالید محەمەدعومەر (ئەندێشەی زانست)
٢٢٨. تیۆرییەک بۆ هەموو شت-ستیڤن هۆوکینگ-و. حوسێن حوسێنی (ئەندێشەی زانست)
٢٢٩. زەویناسی و کۆمەڵ-د. ئیبراهیم محەمەد جەزا محێدین (ئەندێشەی زانست)
٢٣٠. گەشتەکات بە زمانی سادە-ماری و جۆن گریبین-و. زەردەشت نورەدین (ئەندێشەی زانست)
٢٣١. من زلاتانم-دەیڤد لاگیر کرانتز-و. مەسعوود حەسەن (ئەندێشەی وەرزش)
٢٣٢. هەرەمی هەڵگەڕاوە-جۆناسان ویڵسن-و. کامەران پاڵانی (ئەندێشەی وەرزش)
٢٣٣. خۆرخێ مێندێس-میگێل کۆستا و جۆناسان سانچێز-و. ئەحمەد سەنگاوی (ئەندێشەی وەرزش)
٢٣٤. من ترس ڕۆحی سمیوم-محەمەد ماغوت-و. شوان ئەحمەد
٢٣٥. ئەفسوونی ئەدەب-نزار ئاگری-و. شوان ئەحمەد
٢٣٦. میرۆکە-ئەنتوان دو سانت ئێگزیوپێری-و. لیۆن کارین

هەواڵنامەی کتێب

٢٣٧. ژنێ لە بەردەم وەرزێکی سارددا (چ٤)-فروغ فەرخزاد-و. ئازاد بەرزنجی
٢٣٨. عاشق هەمیشە تەنیایە (چ٤)-سوهراب سپهری-و. ئازاد بەرزنجی
٢٣٩. مێردی هەمیشەیی-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
٢٤٠. قومارچی (چ٢)-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٤١. مەرگی مەیموون-ماردین ئیبراهیم
٢٤٢. تاڤگەی وشە و هەڵوێست (نامەکانی شێرکۆ بێکەس)-ئا. کامەران سوبحان
٢٤٣. دیوانی موفتی پێنجوێنی-مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی-ئا. ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم
٢٤٤. دەروازەیەک بۆ ناساندنی فەلسەفەی دین-تەحسین حەمەغەریب (ئەندێشەی ئایین)
٢٤٥. ڕۆژ و شەوی یوسف-مەحموود دەوڵەت ئابادی-و. بەرزان محەمەد
٢٤٦. بومەلەرزەکان-جانیس ڤانکلیڤ-و. هێمن حوسێن (ئەندێشەی زانست)
٢٤٧. لاپەڕەکانی ژیانم-د. نەوال سەعداوی-و. جیڤارا کەمال
٢٤٨. نامەی منالان بۆ خوا-ئا. ستوارت هامپڵ و ئێریک مارشاڵ-و. ئازاد بەرزنجی
٢٤٩. فریو و خۆحەشاردان (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٠. تارژەنی ڕەنگ (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥١. زارەکانی خەون (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٢. پاشماوەی خێڵەکان (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٣. ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٥٤. قەڵای سپی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٥٥. ژیانی من-سێر ئالێکس فێرگسۆن-و. ڕێبوار محەمەد (ئەندێشەی وەرزش)
٢٥٦. ئاییناسیی مەولانا-د. عەبدولکەریم سرووش-و. موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٥٧. ئەژدیهاکانی عەدەن-کارڵ ساگان-و. ڕۆژگار حەمید (ئەندێشەی زانست)
٢٥٨. نامە بۆ کچەکەم-تیۆدۆر کالیفاتیدێس-و. دلاوەر قەرەداغی
٢٥٩. خەونی مشکەکان و پیاوەکان-جۆن شتاینبێک-و. شێنێ بۆسکانی
٢٦٠. لۆلیتا (چ٢)-فلادیمێر نابۆکوڤ-و. توانا حەمەنووری
٢٦١. من ناوم سوورە (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٢. ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتی-د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن-و. دانا مەلا حەسەن
٢٦٣. جۆناسانی نەورەس (چ٣)-ڕیچارد باخ-و. ئازاد بەرزنجی
٢٦٤. پیاوێکی بێچارەنووس-ئیمرە کێرتێز-و. ڕووناک شوانی
٢٦٥. بەفر (چ٣)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٦. ژنە قژسوورەکە (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. سامان کەریم
٢٦٧. ژنێک بۆ خۆشویستن (چ٢)-تیۆدۆر کالیفاتیدێس-و. دلاوەر قەرەداغی
٢٦٨. مۆزەخانەی پاکیزەیی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٩. گەڕانەوەی زەردەشت-ئەحمەدی مەلا
٢٧٠. پاسەوانانی خودا (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٧١. تاکسی (چ٢)-خالد ئەلخەمیسی-و. سەباح ئیسماعیل
٢٧٢. هەرەسی ژێرخانێک-نەوزەت شەمدین-و. سەباح ئیسماعیل
٢٧٣. لە دێرسیم مردم-مەحمود نەجمەدین
٢٧٤. سوبارتۆ-حەلیم یوسف-و. وریا غەفوری
٢٧٥. پادشای ئەنگوستیلەکان (هۆبیت)-جۆن ڕۆناڵد ڕویڵ تۆلکین-و. بەرزان عوسمان
٢٧٦. دوو شاباڵی نووریی شار-تەحسین حەمەغەریب

هەواڵنامەی کتێب

٢٧٧. جیهانی میشێل فوکۆ (چ٢)-کۆمەڵێک نووسەر-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
٢٧٨. داروین و ڕەچەڵەکی مرۆڤ (چ٢)-گۆران ئیبراهیم
٢٧٩. وشەکان و شتەکان-میشێل فوکۆ-و. ئارام ئەمین شوانی
٢٨٠. زیندەبەگۆڕ-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی
٢٨١. حاجی ئاغا-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی
٢٨٢. سواڵکەرەکە-نەجیب مەحفووز-و. توانا حەمەنووری
٢٨٣. سەوزێکی کاڵ بوو دەباری-خەبات عارف
٢٨٤. کۆتەڵی ڕۆژ-کازۆ ئیشیجۆرۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٨٥. نرکەی چیاکە-یاسۆناری کاواباتا-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٨٦. ئەخلاق و بەرگری-مەریوان وریا قانع
٢٨٧. مێژووی سێکسوالیتە (١): ویستی دانایی-میشێل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٨٨. مێژووی سێکسوالیتە (٢): بەکارهێنانی چێژەکان-میشێل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٨٩. مێژووی سێکسوالیتە (٣): خەمی خود-میشێل فوکۆ-و. کاوە دەستوورە
٢٩٠. تریزا باتێستا-جۆرج ئەمادۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٩١. دواهەمین شەوی سەرۆک-یاسمینە خەزرا-و. ئازاد بەرزنجی
٢٩٢. تاریک و ڕوون-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی
٢٩٣. **بووکی جوولەکە-یودیت نیورینک-و. میران ئەبراهام**
٢٩٤. **ژنانی نهۆمە بەرزەکان-حەلیم یوسف-و. فەرهاد چۆمانی**
٢٩٥. **حیکایەتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ (چ٢)-پاولۆ کۆیلۆ-و. ئازاد بەرزنجی**
٢٩٦. **بەختەوەری و بێدەنگی (چ٣)-مەریوان وریا قانع**
٢٩٧. **بە بەرچاوی خواوە-پیتەر گالوس-و. ئەنوەر ئەڵمان**
٢٩٨. **سیخوڕ-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود**
٢٩٩. **ئەلف (چ٢)-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود**
٣٠٠. **پەنجە جادووییەکە-ڕۆڵد داڵ-و. سیروان مەحمود**
٣٠١. **٧ کورتەبابەتی فیزیایی-کارلۆ ڕۆڤێللی-و. سوبحانی زەنگڵ (ئەندێشەی زانست)**
٣٠٢. **دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری (چ٣)-مەریوان وریا قانع**
٣٠٣. **خۆشەویستی و سێبەرەکان-ئیزابیل ئەلیندی-و. جەوهەر مەحمود داراغا**
٣٠٤. **کەتنەکانی کچۆڵەیەکی لاسار-ماریۆ بارگاس یۆسا-و. جەوهەر مەحموود داراغا**
٣٠٥. **سەرۆکی هێژا-یانگ ژین-سونگ-و. دلاوەر قەرەداغی**
٣٠٦. **لە ٩٠ خولەکدا کانفیوشیەس-پۆڵ ستراتێرن-و. سامان کەریم**
٣٠٧. **فادیمە ساهینداڵ-ئۆلف بروبێری و لەیف ئیریکسۆن-و. نوری کەریم**
٣٠٨. **ڕەنگی ئەرخەوانی-ئالیس واکر-و. عەلی عوسمان یاقووب**
٣٠٩. **سێ دڵۆپ خوێن-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی**
٣١٠. **ئێرانییەکان چۆن بیر دەکەنەوە؟-میشێل فوکۆ-و. هەژار مەجید**
٣١١. **زمان و شیعریەت-ئارام سدیق**
٣١٢. **سەگی بەرەڵڵا-سادق هیدایەت-و. فەرشید شەریفی**
٣١٣. **فەلسەفەی ئومێد-ئومێد حەمەعەلی**
٣١٤. **خەتی بزماری-قادر عەبدوڵڵا-و. شەفیقی حاجی خدر**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب